# چەپکێك ڕۆشنبیری
## ڕەنگاوڕەنگ

چیرۆك ـ بیرەوەری ـ مێژوو ـ هونەر
ـ بایوگرافی ـ لێکۆڵینەوە ـ سیاسەت ـ وەرگێڕان
ـ کۆمەڵایەتی ـ بەشی منداڵان ـ شیعر ـ زمانزانی
ـ دەرمانسازی ـ شانۆگەری ـ بیری ڕاگوزاری ..

**لە نوسین و وەرگێڕانی**
**تەها بابان**

بەرگی یەکەم ٢٠١٤

ناوی کتێب: چەپکێك ڕۆشنبیری ڕەنگاوڕەنگ

ناوی نوسەر: تەها بابان

بەرگ و نەخشەسازی: قادر میرخان

تایپ: ڕۆژنیا

چاپ: ئۆفسێتی بینایی

تیراژ: ٣٠٠

نرخ: ١٠٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتی یەکان
ژمارە سپاردنی (١٣١٤) ساڵی ٢٠١٥ پێدراوە.

## "پێشکەشی"

خوێنــەری بــەرێز، کەســم لــە تــۆ بــە رەواترنــەدیی کــە ئــەم چــەپکە رۆشــنبیری یــەی پێشــکەش بکــەم. چــونکە ئــەزانم ئەگــەر تــۆ کتێــب دۆســت نــەبیو بایــەخ بــە رۆشــنبیری نــەدەی، پــارە لــەدەمی خــۆتو مــاڵو منــداڵت ناگریتــەوە کــە ئــەم کتێبــەی پــێ بکــڕی، چــونکە ئــەزانی کــە ئــەوە چــەپکە گــوڵ نــی یــە، تــا دوای هەفتەیــەك ســیسو وشــك بــبیّو بخرێتــە ناوتەنەکــەی خۆڵــەوە. کتێــب چــەند مــاوەی بەســەردا تــێ پــەڕێت بــەوپێ یــە بایــەخی زیــاد دەکــات، خــۆ ئەگــەر هــەزاران ســاڵ بەســەر ئــەم کتێبــەدا تێپــەڕێ ئــەوا ئــەو زانیــــاریو بەســــەرهاتانەی کەتیایــــەتی وەك بــــەجێماوە باســــتانیەکان بابەدەســتیش یــان لەســەر پێســتی ئاســك نوســرابێتەوە هــەر نرخیــان تــەواو نابێ.

مــن دڵنیــام دوای خوێندنــەوەی ئــەم کتێبــە ئەیخەیتــە شــوێنێکی شــیاوی کتێبخانەکەتــەوە تــا وەچــەکانت بــزانن باپیرەکانیــان، چــۆنیان بیرکردۆتــەوە. بەســەرهاتەکانی ئــەو زەمانەیــە چــی بــون چــونیان دەربڕیــوە، لــە چ پلــەو پایەیــەکی ئەدەبیــدا بــون. جــا ئــیتر یــان ستایشــمان ئەکــەن یــان ئــەڵێن چــی بکــەن ئــەو زەمانەیــە هــەر ئەوەنــدە یــان زانیــوە. ســەیر ئەوەیــە بۆچــونیان بــە هــەرچ شــێوەیەك بێــت لــە نرخــی ئــەم کتێبانــە کــەم ناکەنــەوە کــە ئــەمڕۆ ئەیاننوسین ئەگەر زیادی نەکەن!.

نوسەر

## ڕونكردنەوەیەك

ئـەم كتێبـە –ئەگـەر تەمـەن مـاوە بـدات – یەكـەم كتێبـی زنجیرەیـەك ئـەبێ لــە ژێــر نــاوی (چــەپكێك ڕۆشــنبیری)، كــە بریتــی ئــەبێت لــە كــۆی ئــەو نوســینانەی كــە لــە ســاڵی (١٩٧٠) وە لــە گۆڤــارو ڕۆژنامەكانــدا بــڵاوم كردونەتـەوە. ئەگـەر وابـێ ئـەبێ بەلاتانـەوە ئاسـایی بێـت كـە هـەر یەكـەیان دنیایـەكی تایبـەتی خـۆی هـەبێت، وەك: چـیرۆك (كـورتو رۆمـانو تەمسـیلی) لێكۆڵینــەوە، بەســەرهات، بــیرەوەری، وەرگێــڕان، بــیری ڕاگــوزاری و هــەتا دوایی.

تیاشـیاندا هەیـە كـە لەبـەر هـەر هۆیـەك بـوبێ بـڵاو نەكراوەتـەوە بـەڵام ئـەم جۆرەیـان بـە بـەراوردكردن لەگـەڵ بڵاوكراوەكانـدا زۆر كـەمن.وە وەك ئـەبینین لـە پـەراوێزدا نوسـیومە كـە ئـەم باسـە بـڵاو نەكراوەتـەوە وە یـان ئەگـەر بـڵاو كرابێتەوە ئاماژەم بۆ ئەو سەرچاوەیە كردوە كە تیایدا بڵاو كراوەتەوە.

بــۆ دەقــەكانیش بڕیــارم داوە بــە هــیچ جۆرێــك دەســتكاری نەكــەم، وە ئەگەر هەر زۆر پێویست بو ئەوا لە پەراوێزەكاندا ئەیان نوسم.

زۆربــەی نوســەران هــەر نوســینێكیان كــە بــڵاو ئەكەنــەوە ژمارەیــەك لــەو بڵاوكراوەیـە لای خۆیـان هەڵئـەگرن بۆیـە كـە دێنـە سـەر كۆكردنـەوەیان، بـۆ ئـەوەی وەك ئێسـتای مـن، بیكـەن بـە كتێـب هـیچ ئـەركێك ناكێشـن، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی مـن ئـەوەم نـەكردوە لـە كـاتی خۆیـدا بۆیـە بەسـەر كردنـەوەی ئـە هـەمو نوسـینانە لـە مـاوەی زیـاتر لـە چـل سـاڵدا لـەو هـەمو گۆڤـارو ڕۆژنامانـەدا نـەك هـەر كـارێكی ئاسـان نـەبێت بـەڵكو چـەندەها باسـیش هـەبێ كـە ون بـن و

بــۆم نەدۆزرێنـــەوە. بـــەڵام هیــوام بـــە هێنـــدێك نوســـەری هـــاوڕێم زۆرە کـــە یارمــەتیم بـدەن لـەم هەوڵەمـدا بـە تایبـەتی ئـەو هاوڕێیانـەم کـە لـە کتێبخانـەی گشـتی سـلێمانی کارمەنـدن و لـە دواییـدا ئامـاژە بـە ناوەکانیـان ئـەدەم لەگـەڵ سوپاسێکی بێ پایاندا.

نوسەر

## بەشی یەکەم

## جەنگاوەرانی گومناوی کورد[1]

١– کەریم بەگی خانزادە جوانێ

٢– ئەحمەد ئاغا

٣– ئیبن عەبدەکە

[1] ئەم باسانە بۆ یەکەمجارە کە بڵاو بکرێتەوە.

## ١-کەریم بەگی خانزادە جوانیٚ

بەسـەرهاتی ژیـانی ئـەم پیـاوە، لـە روداوی فیلمـی (هنـد)ی ئەچـیٚ کـە بـە ئەقلّـدا ناچـیٚ. بـەلاّم ئـەوەی ئـەم (کـەریم بـەگ)ە راسـتی یـەو هیچـی پیٚـوە نـەنراوە. ئـەو بەسـەر هاتـە دەگمەنـە ئەگەرپیٚتـەوە بـۆ بـەر لـە جـەنگی یەکـەمی جیهـانی واتـا پـیٚش (١٩١٤) و ئـەم بەسـەرهاتە ئەمەنـدە بـاو بـوە هەمونـەوەی ئەو سەردەمە بیستویانەو لەوانەش باوکم.

بـاوکم نـەك هـەر بـە بیسـتن بـەلّکو روبـەروش کـەریم بـەگی دیـوە وەك لـە دواییـدا بۆتان دەردەکەویٚ.

نـە بـاوکم وە نـە ئـابلاّخی یـەکان، وەك لـە نامەیەکـدا کـە بـەریٚز حـاجی عەبـدوللاّ ئـەمینی ئـابلاّخی بـۆی نـاردوم دەربـارەی نـاوبراو، کەسـیان نـاوی بـاوکی کـەریم بـەگ نـازانن چـونکە هەمیشـە بـە (خـانزادە جـوانیٚ)ی دایکـی یەوە ناوبانگی دەرکردوە.

بـۆ نمونـە بیرەوەریـەکانی میٚـژونوس (ئەحمـەد خواجـا) کـە دەربـارەی شۆرشـەکەی شـیٚخ مـەحمود ئـەدویٚ (١٩١٩-١٩٣١) و بـە چـەند بـەرگیٚك لـە ژیٚـر نـاوی (چـیم دی)دا بلاّوکراوەتـەوە ئـەویش هـەر بـە نـاوی دایکـی یـەوە ناوی ئەبات چۆن؟.

لــە لاپــەرە (١٤٧ و ١٤٨)ی بــەرگی یەکــەمی کتیٚبــی (چــیم دی) دا مامۆسـتا ئەحمـەد خواجـا باسـی بومبـا بـارانی شـاری سـلیمانی ئـەکات لـە لایـەن فرۆکـــەکانی ئینگلیـــزەوە بـــەم شـــیٚوەیەی خـــوارەوە: رۆژی ٢٤/شـوبات/١٩٢٢ بـەیانیٚکیان بـە فرۆکـە بەسـەر سـلیمانیدا فریٚدایـە خـوارەوە،

تیایدا وتبویان ئەگەر شێخ مەحمود سلیمانی بەجێ نەهێڵێ ئەوا بۆمبا بارانی ئەکەین وە لە کۆتاییەکەیدا ئەم ئاگادارییەی تیادا بو. بە ئەنقەست هەندێ بۆمبا بە دەوری سلیمانیدا فرێ ئەدەین بۆ بیرخستنەوەی هێندێك کەس بە هێندێك شت کە لە بیریان چوبوەوە [1]. ئەگەر ئەو بۆمبایانە نەتەقینەوە با کەس لێی نزیك نەبیتەوە چونکە خەتەرە.

ئەو هێندە بۆمبایەش بریتی بون لە دو بۆمبا یەکێکیان لە دەشتی شێخ جافر [2] کەوتە خوارەوە بێ ئەوەی هیچ زیانێکی لێ بکەوێتەوە، بەلاّم

١- کە مەلیك مەحمود لە شەری دەربەندی بازیاندا لە رۆژی ١٩١٩/٦/٢٢دا بە بریندارى دەکەوێتەدەست سوپای بەریتانی بەدیلی ئەبرێت بۆ بەغداد، دوای ئەوەی چاك ئەکرێتەوە ئەدرێت بەدادگایەکی سوپایی بەریتانی و لە مانگی تەمموزی ساڵی ١٩١٩ دا بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەردەچێ!. بەلاّم ئەم بڕیارەی دادگا لە لەندەن هەڵئەوەشێتەوە ئەگۆڕدرێ بۆ (١٠) ساڵ دورخستنەوە بۆ دورگەی (هەنگام) لە هندستان، دوای نزیکەی سێ ساڵ لەوێ چونکە وەزعی کوردستان زۆر ئاڵۆز ئەبێ ناچار ئەی هێننەوە. هەر لەوماوەیەدا هێزێکی تورکی دزەئەکاتە رەواندزەوە بە مەلیك مەحمود ئەڵێن تۆمان بۆیە هێناوەتەوە کە وەزع باش بێت و ئەو بنکەیەمان بۆ لەناوبەریت ئەویش بۆ ئەوەی نەیخەنەوە دورگەی (هەنگام) هەرچی ئەڵێن ئەڵێ باشە، بەلاّم کە ئەگاتەوە سلێمانی لە بریتی تورکەکان دەرکات حوکومەت دا ئەمەزرێنێ‌و سوپا دروست ئەکاو ئالاّ هەڵ ئەکات و بانگی سەربەخۆیی کوردستان ئەدات بۆیە سەر لەنوێ شەر دەست پێ ئەکاتەوە لەبەینی ئەو بەرتانیانەدا وابزانم ئێستا ئەو بیرخستنەوەیە تێگەشتبن کە بۆ مەلیك مەحمود بوە کەتۆ بەڵێنی چیتداوە ئێستاش چی دەکەیت.!

٢- ئەو کاتە دەشتێك هەبوە بەناوی قسنیکەوە کە پێیان وتوە شیخ جافر (جەعفەر) ئەم قسنە هەر ماوە ئەگەر لە مزگەوتی گەورەوە سەرکەوی بەجادەکەدا بەر لەوەی بگەیتە جادەی

دوهـــەميان دای لـــە مـــاڵی کـــەریم بـــەگ خـــانزادە جـــوانێ نزیکـــی ســـەرا. دو ئـــافرەتی کوشـــت و ســـێ منداڵیشـــیان لـــە ژێـــر داروپـــەردوی خانوەکـــەوە بـــە مردویی هێنایە دەرەوە.

وەك وتم: لـــەم سەرچاوەیەشـــدا نـــاوی بـــاوکی نابـــات. بـــۆ خانوەکەشـــی هـــەر ئەوەنـــدە ئـــەڵێ: لـــە نزیکـــی ســـەراوە بـــو. بـــەڵام نامەکـــەی حـــاجی عەبـــدوڵلا کـــە لـــە بـــەرواری ٢١/١٠/٢٠٠٠ دا بـــۆی نـــاردوم زانیـــاری زیاترمـــان ئـــەداتێ کەماڵەکـــە کەوتوتـــە کوێـــوە: خانوەکـــەی کـــەریم بـــەگ لەســـەر جـــادەی ســـابون کـــەران بـــوە لـــەم لای ماڵی مستەفا پاشاوە.."

مـن ئـەزانم مـاڵی مسـتەفا پاشـا لـە کوێدایـە. ئەگـەر لـە سـەراوە بـە شـەقامی سـابونکەراندا بچـیت بـۆ سـەرەوە، بەرلـەوەی بگەیتـە چـوخمەکە، بـە دەسـتە راسـتدا کـۆلانێکی لـێ ئەبێتـەوە، لـە سـەرەتای ئـەو کۆڵانـەدا حـەمامێك هەیـە پێـی ئـەڵێن حـەمامی (مـوفتی) و بـەم بەریشـەوە ماڵەکـەی مسـتەفا پاشـایە کـە لـە خێزانـی یـامولکی بـوە، لـە سـەردەمی دەوڵـەتی عوسمانیـدا فەرمانـدەی گشـتی هێـزی زەمینـی بـوە. دوای تەسـلیم بـونی سـوڵتانی عوسمـانی بـە سـوێند خۆرەکـان لـە جـەنگی جیهـانی یەکەمـدا سـوڵتان کـردی بـە سـەرۆکی دادگایـەکی سـوپایی و بـە (نـەمرود) ناوبـانگی دەرکردبـو ئەمەنـدەی لـە ئەفسـەرو سـەربازەکانی ئـەتاتورك، کـە لـە سـوڵتان یـاخی بـو بـون، لـە سـێدارە دابـون، لـە ئەنجامـدا کـە ئـەتاتورك سـەرکەوت خـۆی گەیانـدەوە سلێمانی و بـو

---

(قەنات) بە (١٠–٢٠)م بەدەستە راستیدا ئەوە قسنەکەیە دیوارێکیان بەینە لەگەڵ دادگای کۆنی سلێمانیدا.

بـه هاوكـاری سـوپای شـێخ مـهحمود لـه شۆرشـهكهیدا ئـهو خـانوه لـه چـل و پهنجاكانـدا (عیـادهی خـاریجی) خهسـتهخانهی پـهروهرده بـو كـه ئـهو كاتـه پێیان ئهوت (مهعاریف) و خوێندكاری تیادا تیمار ئهكرا.

مسـتهفا پاشـا لـه گـردی سـهیوان نێـژراوه و لهسـهر كێلهكـهی ئـهم دو دێـره شیعره نوسراوه:

**ئهترسم بمرم ئهی وهتهن، نهبینم بهختیاری تۆ**

**بنوسن با لهسهر قهبرم وهتهن مهحزون و من مهحزون**

لـه ئهنجامـدا ئـهو حوزنـهی لهگـهڵ خۆیـدا بـرده گڵـهوه. لـه سـهرێكی كهشـهوه نـازانرێ ئایـا ئـهو ژن و منداڵانـه كـه بـه بۆمباكـان مردبـون كهسـوكاری كهریم بهگ بون یان نه؟

مـاڵی ئهصـڵی كـهریم بـهگ واتـا مـاڵی بـاوكی و خـانزاده جوانـهی دایكـی لـه دێ ی (ئـابلاخ) بـوه. ئـهم خـانوهی كـه بۆمبـا روخـانوێتی ئهوهئـهبێ كاتێـك دروسـتی كردبـێ كـه بـوه بـه پیـاوێكی گـهورهو دهسـت رۆیشـتو واتـا دوای ئهوهی ئابلاخی بهجێ هێشتوهو هاتۆته ناو شاری سلێمانی یهوه.

وهك حـاجی عهبـدوڵلا لـه نامهكهیـدا ئـهڵێ: كـهریم بـهگ هـهر یـهك خوشـكی بـوه كـه نـاوی خـهجێ ی خـانزاده جـوانی بـوه و بـه دورو درێـژی باسـی ئهوانـه ئـهكات لـه كـورو كـچ كـه لـه خـهجێ كهوتونهتـهوه و بـهلام بـۆ هیچـی نـهزانیوه لهوانـهی كـه لـه كـهریم كهوتونهتـهوه ئـهڵێم تـۆ بڵێیـت ئـهو ژن و منداڵانـهی كـه مردون به بۆمباكه ژن و منداڵی ئهو نهبوبن.

لـه بـارەی وەچـەی کـەریم بەگـەوە حـاجی عەبـدوڵلاّ ئەفـەرموێ: کـە کـەریم بـەگ لـە نـاو شـاردا ژیـاوە منداڵـەکانی هاتوچـۆیان لەگـەڵ ئابلاّخـدا نـەبوە هـەتا زیاتر لێیان تێ بگەین.

ئـەم قسـەیەی حـاجی ئەوەنـدەی کـە ئـەم بۆچـونەم پشـت راسـت ئەکاتـەوە کـە هـەبێت و نـەبێ ئـەو منداڵانـە خێزانەکـەی کـەریم بـەگ بـوە ئـەگینا چـۆن وەچـەی خوشـکەکەی ئـەزانێ بـەڵام ئـەوەی پیـاوێکی وا نـاودار کەسـیان لـێ ناناسـێ لـە کاتێکـدا ئـابلاّخ جگـەرە کێشـێك لـە سـلێمانیەوە دورە! ئەمـە جـێ ی رامانە وانی یە!؟.

حـاجی عەبـدوڵلاّ شـتێکی ترمـان بـۆ دەگێرێتـەوە لـە نامەکەیـدا کـە گوایـە ئەمـەی لـە دایکـی یـەوە بیسـتوە واتـا دایکـی حـاجی عەبـدوڵلاّ کـە وتویـەتی: خانزادە جـوانێ ژنێکـی لیهـاتو نـاودار بـوە، ئـەو کاتـە وا بـاو بـوە کـە سـاڵی بـێ بـارانی ئـەبو لـە بەهارانـدا[1] دانیشـتوانی دێکـان شـەرە گایـان کـردوە (واتـا گایـەلی یـەکتریان داگـیر کـردوە) بـۆ ئـەوەی لـە گۆلکـەکان دابـبڕێن و بـۆڕو هـوڕ دەسـت پـێ بکـات هـەتا خـوای گـەورە رەحمیـان پـێ بکـات و بـاران ببارێـت. زۆر جـاریش لەسـەر ئـەوە بـوە بـە شـەڕ لـە نێـوان دو دێ یـان زیـاتردا، ئـەو کاتـە (بۆگەنـە)[2] دێ بـوە و ئـابلاّخ دێ بـوە کـە شـەڕ لـە نێـوان ئـەو دو دێ

---

[1] وابزانم لە پایزدایە بۆ پەڵە نەك لە بەهاردا.

[2]– شـوێنەواری دێـی بۆگەنـە کەوتۆتـە خـوار مەلعەبەکـەوە مـن منـداڵی گـەڕەکی چـوارباخ بـوم بـەبیری منـیش دێ نـەبوە لـە نەخشـەی شـارەوانیش ئەوشـوێنە هـەر نـاوی بۆگەنەیـە، خوار ئەویش قەبرستانی جولەکەکان بو نازانم ماوە یان کراوە بە خانو.

یـەدا روی داوە، خـانزادە جـوانیٚ شـویٚن دەسـتی دیـار بـوە سـەری ۱۰ – ۱۲ پیاوی شکاندوە.

ئەمـەویٚ – ئەمـەیان قسـەی منـە نـەختیٚك لەسـەر ئـەو شـەڕە گایەلـە بـدویٚم بـۆ دەولەمەنـد کردنـی وەك مـن لـە دایـك و بـاوکم بیسـتومە و هـەروەها بـۆ کەریم بەگ بە ناوی دایکی یەوە ناوبانگی دەرکردوە.

ئـەم شـەڕە گایەلـە وەك حـاجی عەبـدوللا ئـەڵیٚ لـە سـالی بـیٚ بـارانی و وشـکە سـالیدا کـراوە بـۆ ئـەوەی خـوا رەحمیـان پـیٚ بکـاو بـاران ببـاریٚ و دانەویٚلەیان بۆ بیٚتە بەرهەم و گژو گیاش بۆ ئاژەلٚ.

ئەم شەڕە گایەلەش بەم شیٚوەیە بوە:

ژنـانی دیٚ یـەك، هـەر ژنـەکانیان نـەك پیـاوان و کـوران، چـون بـۆ گایـەلی نـزیکترین دیٚ لیٚیانـەوە لـە کاتیٚکـدا کـە گایەلەکـەیان لـە دەرەوە بـوە بـۆ لـەوەڕ ئـیتر بـە خۆشـی بـوبیٚ یـان بـە زۆر لـە گاوانەکـەیان سـەندوەو هیٚناویانـە بـۆ دیٚ یەکـەی خۆیـان. کـە دیٚکـەی تـر بـە فرانـدنی گایەلەکـەیان زانیـوە ژنـەکانیان – هـەر ژنـەکانیان – خۆیـان ئامـادە ئەکـەن و ئەچـنە سـەر ئـەو دیٚ یـەی کـە گاگەلـەی فرانـدون ئـیتر ئـەبیٚ بـە شـەڕە ژن تـا گایەلەکـە ئەهیٚننـەوە. ئەمـەش تەمسـیل نـەبوە، شـەڕی راسـتەقینە بـوە. سـەری تیـادا ئەشـکا ئیسـقانی تیایـدا ئەشـکا، کتـو کـویٚر ئـەبون بـەلام دوژمنایـەتی لـیٚ نەئەکەوتەوە.

ژنـان لـەم شـەڕانەدا تـاس کلاویـان لەسـەر ئـەکردو ئـیتر جـام بوایـە کەمۆلـە بوایـە مەنجـەلی بچـوك بوایـە بـۆ ئـەوەی سـەریان بپـاریٚزیٚ. وە هـەروەها

بۆیان نەبو لە تێلاو دەست زیاتر بەکار بهێنن هەریەکەش باشیلێکی خۆڵەمێشی ئەکردە کۆڵی کە نزیك ئەبوەوە لەویتر مشتێکی لێ ئەکرد بە دەموچاویدا ئیتر لە کاتێکدا کە ئەو خەریك ئەبو بە چاو وڵینەوە وە ئەم بە تێلاَ دای ئەپلۆست. بەلاَم نەم بیستوە کەسی تیادا کوژرابێ کە دوریش نەبو ئەوە ڕوبدات.

زۆر جار پیاوە ماقولاَنی دێ یەکە نەیان ئەهێشت ئەوە ڕوبدات سا یا خۆیان گایەلەکەیان ئەهێنایەوە یان ئەمان ئەچون بۆ گایەلەکەیان و بە خۆشی ئەیاندانەوە.

باشە ئەم فراندنی گاگەلە چ پەیوەندی یەکیان هەیە بە بارانبارینەوە؟!
یان بۆ هەر ئافرەت ئەبێ بەو شەرە هەڵسێ کە لەوانەیە زەرەرو زیانی گیانی یان دوژمنایەتی خراپی لێ بکەوێتەوە؟

من ئەم نەریتە زۆر بە کۆن ئەزانم دور نییە بە جێماوی ئاینە کۆنەکان بێ و پەیوەندی هەبوبێ بە بارانبارینەوە بەلاَم لەبەر دوری زەمان گوم بوبێ.

ئێستاش بۆ بارانبارین لە وشکە ساڵیدا هەر نەریت ماوە بەلاَم لە قالبی تردا وەك بوکە بە بارانێ. بەلاَم ئەمەیان منداڵاَن ئەیکەن دور لە توندو تیژی. ئەهێنن جلوبەرگی ژنان ئەکەن بە بەری دارێکی وەکو خاچدا دو منداڵ ئەمسەرو ئەوسەری ئەگرن و منداڵاَنی گەرەکیش شوێنیان ئەکەون و ئەچنە بەر دەرگای ماڵەکان و بە یەکەوە وەك کۆرس ئەڵێن: بوکە بە بارانێ ئاوی بن دەغلاَنێ سەعاتی جارانێ. ئیتر ئەویترم لەبەر نەماوە خاوەن ماڵەکەش یەتە دەرەوە و جامێك ئاوی بە دەستەوەیەو ئەیکات بە بوکەکەیاندا جاران خەڵکی فەقیر بو هیچ نەبو بەلاَم ئێستا ئەوەتەی

خـەڵکی دەرامـەتیان باشـتر بـوە شـتی یـەك شـیرینی یـان پـارە ئـەدەن بـە منداڵەکان بەڵام لەوەتەی کورد بوە بە ئیسلام نوێژە بە بارانێش ئەکرێ.

نوێـژە بـە بـارانێ نوێـژێکی تایبـەتی یـە ئەوەنـدە ئـەزانم ئـەبێ لـە دەشـتدا بکـرێ نەك لە شوێنی داخراودا.

ئێسـتا پسـپۆرانی کـەش و هـەوا ئـەتوانن بـۆ داهـاتوی نزیـك بـە دڵنیاییـەوە بـزانن بـاران ئـەبارێ وە بـۆ چـەند رۆژیـش کەچـی لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەم نەریتانە هەر بەردەوامە ! !

بـەڵام بـۆ کـەریم بـەگ بـە نـاوی دایکـی یـەوە ناوبـانگی دەرکـردوە ؟ بـۆ وەڵامدانـەوەی ئـەم پرسـیارە دو ئەگـەر هەیـە: ئەگـەری یەکـەمیان کـە ئەگـەرێکی زۆر بـەجێ و بـڵاوە ئەوەیـە کـە ئـەبێ کـەریم بـەگ هـەتیو بـوبێ واتـا بـاوکی مردبـێ بۆیـە بـەناوی دایکـی یـەوە ناسـراوە وە ئـەتوانم بڵـێم لـە سـەدا نـەوەدو نـۆی ئەوانـەی بـە نـاوی دایکیانـەوە ئەناسـرێن دایکیـان بێـوەژن بـوە لەوانـە بـاپیری بـاوکم کـە نـاوی محەمـەد بـەگ بـوە چـونکە بـاوکی ئەحمـەد بـەگ کـوڕی عوسمـان پاشـا بـە لاوی مـردوە بۆیـە بـە نـاوی دایکـی یـەوە کـە مریـەم خـانی کچـی ئـەورەحمان پاشـابوە ناسـراوە واتـا پێیـان وتـوە محەمـەد بـەگی مریـەم خـان. ئێسـتا ئـەو دیاردەیـە نـەماوە یـان زۆر کـەم بـوە چـونکە منـداڵ هـەمویان ئەچـنە قوتابخانـە و لـەوێ هـەمویان بـە نـاوی باوکیانـەوە ئەناسـرێن بـەڵام لەبـەر ئـەوەی ئەوکاتـە – بـە تایبـەتی بـاوك مردوەکـان – نەچـونەتە مەکتـەب بۆیـە لـە کـۆڵان و بـازاڕدا بـە نـاوی دایکیانـەوە ناسـراون. بـەڵام نامەکـەی حـاجی عەبـدوڵڵا ئەمانخاتـە گومانـەوە ئەمەنـدە باسـی کەسـایەتی بـە هێـزی خـانزادە ئـەکات و وەك خوێندتانـەوە ئـەڵێ: ژنێکـی لێهـاتو و نـاودار بـوە و ئەگـەر بـوبێ بـە شـەرە

گایەل یان لەسەر هەر هۆیەکی تر ئەگەر ئابلآخی یەکان لەگەڵ دێ یەکی تردا بە تایبەتی لەگەڵ دێ ی بۆگەنەدا کە هاو سنور بون بوبێ بەشەڕیان خانزادە شوێن دەستی دیار بوە و سەری (١٠ – ١٢) پیاوی شکاندوە.

ئەڵێم تۆ بڵێیت باوکی کەریم بەگ لە ژیاندا بوبێ، بەلآم کەسایەتی بەهێزی خانزادە داینەپۆشیبێ و لە ئەنجامی ئەوەوە کەریم بەگ بە ناوی دایکی یەوە ناسرابێ؟ بە دوری نازانم. بەلآم ئەوەی کە دڵنیام لێی ئەو ئازایەتی و چاوقایمییەی کەریم بەگ کە ئێستا بۆتانی ئەگێرمەوە ئەبێ لە خانزادەی دایکی یەوە بە میراتی بۆی هاتبێتە خوارەوە.

ئێستاش دوای ئەم پێشەکی یە ئەچینە سەر مێژوی ژیانی کەریم بەگ خۆی: جێ ی داخە بۆ ئەم کارە سەرچاوەیەکی زۆرمان لەبەر دەستدا نی یە جگە لە بۆمبا بارانی ماڵەکەیان کە مێژونوسی کۆچ کردو (ئەحمەد خواجا) باسی کردوە وە هەروەها نامەکەی حاجی عەبدوڵلآ کە لە پیرانی دێ ی ئابلآخە و بێ گومان ئەویش لە پیرانی پێش خۆی بیستوە. دوا سەرچاوەش قسەکانی باوکم کە لە هەموان گرنگترە چونکە روبەڕو کەریم بەگی دیوە وەك لە دواییدا بۆتان دەردەکەوێت.

ئەگەر بهاتایە و ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ساڵەکانی بیستدا بکرایە بێ گومان دەیان کەست دەست ئەکەوت کە کەریم بەگی دیبێت و زانیاری تەواویان هەبوبێت دەربارەی ئەو بەسەرهاتە.

ئەوانەی کە منیش لە باوکم بیستوە کە منداڵ بوم بۆی ئەگێراینەوە ئەگینا نەك وەکو کەسێك – مەبەستم خۆمە – دابنیشێ لە گەڵیدا و بیەوێ بچێتە بنج و بناوانی مێژوی ژیانی و ئەو بەسەرهاتە سەیرە کە لە

کـەریم بـەگی ئەگێڕنـەوە ئـەو کاتـە مـن خوێنـدکاری ناوەنـدی و دواناوەنـدی بـوم ئەوسـا ئـەم خولیـای نوسـینەم نـەبو ئـەگینا چـەندەها پرسـیاری گـرنگ هـەبو کـە لـێم بکردایـە هەرچـۆنێك بێـت خوێنـدەوار دڵنیـا ئەکـەم کـە ئـەوەی بـۆی گێراومەتـەوە لـەو سوارچـاکی یـەی کـەریم بـەگ هـەموی وەك نەخشـی سەر بەرد لە بیرم ماوە کەوا ئێستا بۆتانی ئەگێڕمەوە:

کـەریم بـەگ لـە دایـك بـوی دێ ی (ئابلاخـە) کـە بـە دوری یـەك دو کیلۆمـەتر کەوتۆتـە رۆژئـاوای سـلێمانی یـەوە و ئێسـتا –کـە سـلێمانی پـەرەی سـەندوە – بوە بە گەرەکێك لێ ی.

کەریم بـەگ لـە بـاوکم گـەورەتر بـوە، جـا ئەگـەر بـاوکم لـە دایـك بـوی سـاڵی (١٨٨٠) بـێ ئـەوا لەوانەیـە ئـەو لـە دایـك بـوی سـاڵی (١٨٦٠) بـوبێ بـەوەدا کـە کـەریم بـەگی دیـوە بـاوکم ئـەیوت مـن لـە هـەرەتی لاویـدا بـوم بـەڵام کـەریم بـەگ ریـش و سمێڵـی مـاش و بـرنج بـو. کـەریم بـەگ وەك بـاوکم ئـەیوت هـەتیو بوە و دایکی خانزادە جوانێ پەروەردەی کردوە.

لـە منداڵیـدا توشـی نەخۆشـی کەچـەڵی ئـەبێ. ئـەم نەخۆشـییە ئێسـتا نـەماوە بـەڵام هـەتا سـاڵەکانی پێشـتر زۆر کـەس دوچـاری بـو بـو. نەخۆشیەکی زۆر غـەددار بـو توشـی پێسـتی سـەر ئـەبو. سـەر ئـەو بەشـەی کـە تـوکی پێـوە بوایـە هـەموی ئـەبو بـە کـرێش و بـرین تـەنیا دەرمـانێکیش– کـە ئـەتوانین بڵـێن– دەرمـانیش نـەبو چـونکە چـاکی نەئـەکردەوە (قـیرو زفـت) بـو ئەیانگرتـە سـەری نەخۆشـەکە ئـیتر ئـەوە چـەند ئـەخوراو ئـازاری هـەبو بـاس نەئـەکرا سـەرەرای ئـەوەش کـە خـەڵکی لـێ ی دور ئەکەوتنـەوەو چـونکە نەخۆشـیەکە ئەپـەری یـەوە بـۆ کەسـی تـر. ئـەم ناسـورە تـا چـەند سـاڵێك

دەوامـی ئـەکرد کـە چـاك ئـەبوەوەتوك بەسـەريەوە نەئـەما. ئەمـەش بـە هـۆی جۆرێ لە فطرياتەوە بو. تا لە چلەکاندا دەرمانيان بۆ دۆزيەوە.

کـە کـەريم بـەگ ئـەبێ بـە مێـرد منـداڵ ئەيکـەن بـە بەرغەلـەوانی دێ يەکـەو لـە دوايـدا کـە گـەورە ئـەبێ ئـەيگرن بـە عەسـکەر، لـە عەسـکەريدا لـەوە ئەچـێ وريـاو بـە توانـاو لێهـاتو بـوبێ بۆيـە ئەگاتـە پلـەی چـاوەش واتـا (عـەريف) ی سوپای عێراقی کە سێ خەتەو پێی ئەڵێن (کەريم چاوەش).

کــەريم چــاوەش لــە ســوپادا ئەيکــەن بــە بۆريــە زەن و ئــەم کــارەش بــە شێوەيەکی باوەر نەکراو چارەنوسی ئەگۆرێ.

ئـەو زەمانەيـە نـە تەلـەفۆن هـەبو نـە بـێ تـەل لـە سـوپادا بـۆ گواسـتنەوەی فـەرمان لـە سـەرکردايەتی يـەوە بـۆ هێزەکـە بۆيـە تـەنيا رێگـە هـەر بۆريەلێـدان بـو، هــەر فــەرمانێکيش ئــاوازی خــۆی هــەبوە بـۆ نمونـە: ئـاوازی ئيسـراحەت، نوسـتن، ئامــادە باشــی، کۆبونــەوە، هێــرش، کشــانەوە.هتــد. بۆيــە بۆريــەزەن ئــەبو بــە دايمـــی خێوەتەکـــەی بـــە تەنيشـــت فەرمانـــدەی ســـوپاکەوە بـــێ. کـــاتی ئـــەم روداوانــەش، تورکــەکان لەگــەڵ روســەکاندا لــە شــەردا ئــەبن بەرانبــەر بــە يــەك سەنگەريان لێدابو.

رۆژێکـی چـەند کەسـێك دێـن بـە جلوبـەرگی سـويلەوە بـۆ بينينـی فەرمانـداری سـوپاکە کـە ئـەو زەمانەيـە پێيـان وتـوە (قۆمانـدار)، دياريەکـەی دەستيشـيان بارێك شوتی ئەبێ و دای ئەگرن و ئەيکەن بە خێوەتی قۆماندار دا.

وا ديـارە هـيچ حسـابێکيان بـۆ بۆريەزەنەکـە نـەکردوە. ناهەقيشـيان نـەبوە بۆريــەزەن وەك خزمــەتکارێك وايــە چــی لــە دەســت دێــت بۆيــە بــە ئــازادی قسـەيان کـردوە. کـەريم چاوەشـيش بـەوەی کـە بـوە بـە چـاوەش ماوەيـەکی

زۆر سەربازی کردوه و لەو ماوەیەشدا تورکی یەکی باش فێر بوه بۆیە بە چاکی لە گفتوگۆیەکانی نێوان قۆماندار و ئەم کەسە نەناسراوانە گەیشتوه.

تێ گەیشتوه کە ئەمانە روسن هاتون کە قۆماندار رازی بکەن کە خیانەت لە ولاتەکەی و سوپاکەی بکات بەوەی کە سوپاکەیان تەسلیم بکات بەرامبەر بە لیرەیەکی ئالتونی زۆر، لیرەکانیش لە کوێدایە لە ناو شوتیەکاندایە کە هەلیانکۆلیوەو ناوەکەیان پڕ کردوە لە لیرە. قۆمانداریش تەماع ئەیگرێ و ئەو خیانەتە ئەکات! . پلانەکەشیان وا ئەبێ کە قۆماندار بریاری حەسانەوە بۆ سەربازەکان دەربکات بەوەی کە هیچ مەترسی یەك نی یە کە روسەکان هێرش بکەن ئیتر سەربازی ماندو چلکن و بێ خەو برسی هەریەکە بلاوەی لێبکات جگە لە ژمارەیەکی کەم پاسەوان نەبێ ئەم ئیسراحەتەش پێیان ئەوت (چەماشۆر) سەعاتەکەشیان بۆ دەست نیشان کردبو. کە کەی ئەو چەماشۆرە ئەکات، وە کاتێك کە عەسکەرە تورکەکە لە خەو یان خەریکی خۆشتن و جل شتنن روسەکان بدەن بە سەریانداو ئیتر تا تورکەکان خۆیان رێك ئەخەن و دەستیان ئەگاتە چەکەکانیان هەمویان قڕ ئەکەن.

کەریم چاوەشیش زۆر بە لایەوە ستەم ئەبێ چۆن ئەم قومانداره بۆ مالی دنیا خیانەت لە میللەتەکەی و دینەکەی و خەلیفەی ئیسلام ئەکات و خۆی رورەشی دنیاو قیامەت ئەکات بۆ بێگانەیەکی غەیرە دین و لە خوا ئەپارێتەوە کە ئەو هەلە بێت و شتێك لەو بارەیەوە نەبێت و ئەوە خەو بێت.

لــه دوایــدا روســـەکان دوای ئـــەوەی رێکئەکـــەون لەگـــەڵ قومانـــداردا دێنـــە دەرەوەو ئەڕۆن.

لــە کــاتی دیــاری کــراودا بــۆ چەماشــۆرە کــە، قومانــدار بــانگی کــەریم چــاوەش ئـــەکات. کــەریم بــەگ وەك بــۆ بــاوکمی گێرابــوەوە، وتبــوی دڵــم راچــەنی. کــە چــومە ژورەوە پێــی وتم: بۆریــەی چەماشــۆر لێبــدە!! کــەریم بــەگ هــەر لــەو قســانەی بــۆ بــاوکمی گێرابــوەوە وتبــوی کــەوابو ئەمــە خــەو نــەبو. ئەمــە یەکــەم هــەنگاوی پیلانەکەیــە کــە ئــەنجامی ئــەدات ئــەو قومانــدارە خائینــە، کــەریم بــەگ وتبــوی: وا پەشــۆکام بــیرم بــۆ نەئەکرایــەوە لەبــەر ئــەوە لەوە زیاتر کە بۆریەکە لێبدەم هیچی ترم بۆ نەکرا.

کـە هاتمـەوە هـۆش خـۆم شـایەتمانێکی بەهـەقم هێنـا یەکـەم جـار بـە بیرمـداهات کـە خـۆم بکـوژم. چـونکە بـەم بۆریـە لێدانـەم منـیش بەشـداری ئـەم تاوانـە بـوم. لـە دواییـدا بـیرم کـردەوە ئـەوا خۆشـم کوشـت چـی لـەم کارەسـاتە ئـەگۆرێ؟! لـە دڵـی خۆمـدا وتم: خـۆ مـن هـەر مـردوم بـۆ شـتێك نەکـەم کـە ژیـانی ئـەم سـەربازانە رزگارکـەم بـە تایبـەتی ژمارەیـەکی زۆریـان خـەڵکی ناوچـەی سـلێمانی بـون؟ بـۆ ئـەم ژێرکەوتنـە نەکـەم بـە سـەرکەوتن؟ بـەوەی بهێـنم بـۆری ئامـادە باشـی لێبـدەم بـە پێچــەوانەی خواســتی قومانــدارە وە . بــەڵام بــیرم کــردەوە کــە تــا قومانــدار لــە حەیاتـدا بـێ ئـەوە ناچـێتە سـەرو بـە تۆمـەتی سەرپێچـی کـردن لـە فـەرمانی سـوپایی لە سێدارەم ئەدەن. کەوابو ئەبێ لە پێشدا قوماندار لەناو بەرم.

هـەر لـەو قسـانەی بـۆ بـاوکمی گێرابـوەوە کـەریم بـەگ وتبـویی: بـە خـۆمم وت: کـەریم تـۆ شـێتی؟ کوشـتنی قومانـدارێك هـەروا گاڵتەیـە؟!. بـەڵام ئەمـە خائینــە، خیانــەتی کــردوە لــە خــوا لــە پێغەمبــەر، لــە ئیســلام لــە ســوپا بــۆ کــێ؟ بــۆ

دوژمنێكـی غـەیرە دیـن. هـەر لـەو قسـانەی بـە خـۆمم وت: كـەریم هەڵێكـە بـۆت هاتۆتـە پێشـەوە لـە دەسـتی مـەدە بـەم كـارەت عـەرزو عاسمـان لـە خـۆت رازی ئەكـەیت ئـەوا گریمـان كوشـتیتیان رۆژی سـەدان سـەرباز لـەم شـەڕەدا ئـەكوژرێ بـا تۆشـی بچـێتە پاڵیـان. ئەگـەر ئەمـە نەكـەیت هـەتا مـاوی، ئەگـەر بمێنیـت ئـەبێ بـە داخ و حەسرەتەوە ژیان بەریتە سەر كە بۆ ئەوەم نەكرد.

وردە وردە قەناعـەتم بـە خـۆم كـرد و نـاوی خـوام لێ هێنـا و سـونگی یـەكم كـرد بـە لولـەی تفەنگەكەمـەوە. شـەو بـو، خـۆم كـرد بـە خێـوەتی قومانـداردا چـرایەكی كـز لـە خەیمەكەیـدا ئەسـوتا لـە خشـپەی پـێم لـە جێگەكـەی راسـتبوەوە، حەپەسـا كـە منـی دی نـوتقی لێ بـڕا هـەتا هێـزم تیـابو سـونگی یـەكم كـرد بـە سـەری دڵیـدا لـە پشـتی یـەوە هاتـە دەرەوە. بەسـەر پشـتدا كـەوت پـێم خسـتە سـەر سـنگی و سـونی یەكـەم دەرهێنایـەوە. نـەختێكی ناڵاند و ئیتر رۆحی دەرچو.

زۆر شـڵەژام چـونكە یەكـەم جـارم بـو كەسـێك بكـوژم بـە رادەیـەك قاچـم لـە دوام نـــەدەهات، زانم نایـــە بـــەرخۆم بـــەوەی كـــە مـــن كـــارێكی گـــەورەی شـــەرەفمەندم كـــردوە تـــازە لـــەوە دەرچـــو كـــە بگەڕێمـــەوە بـــۆ دواوە ئـــەبێ هەرچـۆنێك بـێ تـەواوی بكـەم. تـا روسـەكان نەگەیشـتونەتە سـەرمان بۆریەكـەم نـا بـە دەممـەوە، دەمـم وشـك بـو بـو، لێـوم ئەلـەرزی بـەڵام هـەتا تیـنم تیـادابو فـوم كـــرد بـــە بۆریەكـــەدا وەكـــو ئیســـرافیل بم و فـــو بكـــەم بـــە نـــەفخی ســـوردا. (جەمبوریەیســـی حـــازرول و ســـلاح یاشـــندە) واتـــا كۆبونـــەوە، ئامـــادەیی، هـەڵگرتنی چـەك ئـیتر هەرچـی عەسـكەرو ئەفسـەر هـەبو هـەمو لـە جـێ ی خـۆی راسـتبوەوەو دەسـتی دایـە چـەك و رایـانكرد بـۆ سـەنگەرەكانیان و بـە بـۆری

یەکی تر تێم گەیاندن کە سوپای روسی لە هەرچ ئان وساتێکدا هێرش بکەن ئەیکەن بۆیە ئەبێ ئەوپەری وریاو ئاگادار بن.

کە ئەوەم کرد گەرامەوە ناو چادرەکەو جلەکانی قوماندارم لەبەرکرد، لەبەر ئەوەی شەو بو زەحمەت بو بناسریمەوە و چومە ناو عەسکەرەکانەوە بۆ ئەوەی ئاگاداری روداوەکان بم لە نزیکەوە. ئەوندەی نەخایاند عەسکەری روسی هاتن (لە نامەکەی حاجی عەبدوڵڵا دا ئەڵێ: سوارەی روسی هاتن).

هەرچۆنێك بێ (ئێمە دەستمان لە کاردا بو. هەر قسەی کەریم بەگە کە بۆ باوکمی گێڕاوەتەوە — دوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆرمان لێکوشتن ناچارمان کردن کە پاشەکشێ بکەن. لەوێدا بۆریەی هێرش بردنم لێدا بەوە توانیمان دوریان بخەینەوەو چەك و جبەخانەو ئازوقەیەکی زۆریشیان پێ بەجێ بهێڵین.

لە دوایدا بۆریەی کۆبونەوەی ئەفسەرەکانم لێدا، کە ئامادە بون، بردمنە چادرەکەوە. لاشەی قوماندارم پیشاندان. وتیان ئایا لە شەرەکەدا کوژراوە؟ وتم نەخێر، من کوشتم!

هەمو سەیری یەکیان کرد بە حەپەساویەوە. وتم فەرمو دانیشن ئێستا بەسەرهاتەکەتان بۆ ئەگێڕمەوە. کە بۆم گێرانەوە زۆریان گومانیان هەبو. یەکێکیان وتی: من خۆم قوماندار دی لە شەرەکەدا هانی سەربازەکانی ئەدا وتم: ئەوە من بوم جلەکانیم لەبەر کردبو. وتیان: چۆن ئەفسەرێکی وا پایە بەرز، ئیسلام، تورك، ئەم خیانەتە گەورەیە ئەکات، ئاخر بەرامبەر بە چی؟

وتم: بەرامبەر بەو شوتیانە !

وتیان تۆ شێتی؟ شوتی ئەوە ئەهێنیٚ؟

وتم نەخێر. ئەوەی کە ئەیهێنیٚ لەناو شوتی یە کاندایە.

کە شوتیەکانیان شکاند لیرە زررەی کردە خوارەوە.

کە هەمو شتێکیان بۆ رونبوەوە ئەملاو ئەولایان ماچ کردم و وتیان تۆ سەرمانت بەرز کردۆتەوە، تۆ ژیانی ئێمەت پاراست. ئازایەتی تۆ نەبوایە هەمومان تیا ئەچوین و لەم قسانەو فەرمانیشیاندا کە چالێك هەڵکەنن بۆ قوماندار و بە بیٚ هیچ رێز لێنانێك ناشتیان.

دوای ئەوە قوماندارى تازەیان دانــاو ئەم بەسەرهاتو سەرکەوتنەیان نوسی بۆ سەرو خۆیان.

دوای نزیکی مانگێك وتیان ئەبیٚ بچیت بۆ ئەستەنبولٚ. کە گەیشتمە ئەویٚ وتیان سولْتان ئەیەوێت بتبینیٚ، کە لە گەڵیاندا چوم سولْتان وەکو باوکێك پێشوازی لێکردم. بە سکرتێرەکەی وت: ئوچەکە بکە بە مەرەکەبەکەدا لە دوای چاوەشی یەکەی خۆیەوە روتبەی سەروتری بۆ بنوسە تا مەرەکەبەکە وشك ئەبێتەوە ! واتا باشچاوەش(رئیس عرفاو) ئینجا ئەوەی ئەمرۆ پێی ئەڵێن (نائب زابت) زابتی یەك ئەستێرە، دو ئەستێرە، سیٚ ئەستێرە واتا نەقیبی ئێستا، تاج (رەئیس ئەوەل) تاج و یەك ئەستێرە (موقەدەم) تاج و دو ئەستێرە(عەقید) بەلاّم لە سوپای عوسمانی دا پیٚ یان وتوە (قایمقام) ئەمە وای کردوە کە پیرانی ئابلاّخ و لەوانە جەنابی حاجی عەبدوڵلاّ لەو نامەیەدا کە بۆی ناردوم وا بزانن کە

قایمقـام، قایمقـامی ئـەم سـەردەمەیە بۆیـە ئـەڵێ: سـوڵتان لـێ ی ئەپرسـێ — واتا لە کەریم بەگ — کە چیت ئەوێ بۆت بکەم.

لـە وەڵامـدا ئـەڵێ: بمکـە بـە قایمقـامی سـلێمانی سـوڵتانیش ئـەیکات. لـە کاتێکدا بـە قسـەی بـاوکم کـە لـە سـوپادا لەگـەڵ کـەریم بەگدا بـوە تـا عـەمری خـوا ئەکات هەر بەو پلەیەوە لە سوپادا ئەمێنێتەوە.

بـا بگەڕێینـەوە سـەر کـەریم بـەگ، لـە پلـەی قایمقامیەتـدا دەسـتی سـکرتێرەکە ئـەگرێ و پـێ ی ئـەڵێ ئـیتر بەسـە سـکرتێرەکە پـێ ی ئـەڵێ: هێشـتان مەرەکـەبی تیـادا مـاوە. کـەریم بـەگ ئـەڵێ مـن شـوان بـوم ئێسـتا بـوم بـە قایمقـام لـەوە زیـاترم نـاوێ، سـوڵتان لیرەیـەکی زۆری ئـەداتێ لەگـەڵ لەقـەبی بەگداو روتبەی قایمقامیش وەك وتمان.

بـا ئێسـتاش بپرسـین کـە چـۆن بـاوکم لەگـەڵ کـەریم بەگـدا ناسـیاویان پەیـدا کردوە:

بـاوکم تـا لـە سـلێمانی بـوە نەکـەریم بـەگی ناسـی بـو نـە ناویشـی بیسـتبو. بـاوکم لـە (پەسـوێ) کـەریم بـەگی ناسـیبو. پەسـوییە شارۆچـکەیەکە کـاتی خـۆی بەشـێك بـوە لـە دەوڵـەتی عوسمـانی بـەڵام کـە سـنور دەستنیشـان کـراوە دوای جـەنگی یەکـەمی جیهـانی بـەر ئێـران کـەوتوە بـە وردی نـازانم کەوتۆتە کوێوە ئەشێ ئێستا سەر بە (سنە) بێت.

لـە پەسـوییە مەعەسـکەرێك بـوە کـە فەیلـەقێك سـوپای عوسمـانی تیـادا بـوە و سـەربازەکانی بریتـی بـون لـە کـورد و تـورك. ئەمـە پـێش جـەنگی جیهـانی یەکـەم بـە چـەند سـاڵێك و دوای ئـەوەی کـە کـەریم بـەگ لـە عەسکەریدا ئەو ئازایەتی یەی نواندوەو پلەو پایەی بەرزکراوەتەوە.

فەرمانـدەی فەیلەقەکـە محەمـەد پاشـای چەچـان بـوە ئێسـتا لـە ئیعلامـی عەرەبیـدا لەبـەر ئـەوەی پیتـی (چـیم) لـە زمانەکەیانـدا نـی یـە پێـی ئـەڵێن (شیشـان) وەکـو بـاوکم وەصـفی ئـەکرد پیـاوێکی بـالاَ بـەرزی چـوار شـانە بـو هـەروەها وەك زوربـەی چەچـانی یـەکان سـورەو مـو زەرد بـوە لـەم دواییـەدا کـە وێنەیـەکی فۆتـۆگرافی نـاوبراوم دی بـیّ کـەم و زیـاد بـەو شـێوەیە بـو کـە باوکم باسی ئەکرد.

شـتێکی تـریش کـە بـاوکم لـە محەمـەد پاشـاوە ئەیگێرایـەوە کـە نـاوبراو خولیـای راگرتنـی ئـاژەڵی هـەبو وەك ئاسـك و ورچ و گـورگ و رێـوی و سـەگی رەسـەن و جـۆری تـر. بـۆ سـەگەکانی کارەسـاتێکیان خسـتەوە بـاوکم وتـی: ئەگـەر کـەریم بـەگ نەبوایـە ژمارەیـەکمان سـەری تیـادا دەچـو بـەلاَم ئەمـەیان هەڵئەگرین بۆ دوایی.

بـا ئێسـتا بێینـەوە سـەر کـەریم بـەگ. نـاوبراو وەك وتمـان پلـەی قایمقـام (عەقیـد) ی ئـەمرۆی هـەبو واتـا تـاج و دو ئەسـتێرە بـاوکم وتـی کـەریم بـەگ یەکسـەر لـە دوای فەرمانـدەی فەیلـەق محەمـەد پاشـاوە ئـەهات واتـا یاریـدە دەری بـو منـیش هـەر لـەو فەیلەقـەدا بـوم. سـەیرەکە لەمـەدا بـو — ئەمـە قسـەی خۆمـە نـە بـاوکم وەصـفی کـەریم بـەگی کـرد بۆمـان و نـە ئێمـەش لێمـان پرسـی ئەی ئەو چۆن بو؟ بـالاَ بـەرز بـو یـا کورتـە بـالاَ بـو، سـپی بـو ئەسمـەر بـو، هـەر لـەو قسـانەی کـە بـاوکم ئەیگێرایـەوە ئـەیوت: ئێمـەی کوردەکانیـان تێکـەڵ نەئـەکرد لەگـەڵ تورکەکانـدا. تورکـەکان زۆر بـون ئێمـە نزیکـی (٣٠٠) کەسـێك ئـەبوین شوێنی نوستنمان و چێشتخانەمان جیا بو لەوان.

کـەریم بـەگ ئـەوەی نەئەشـاردەوە کـە شـوان بـوە. هـەمو جارێـك کـە ئەیویسـت هانمـان بـدات و زاتمـان بنێتـە بـەر پـێ ی ئـەوتین: مـن لـە شـوانی یـەوە بـوم بـەم پیـاوە. کـەریم بـەگ هەرچـەندە پلـەو پایـەی بـەرز بـو، بـەلاَم هـیچ لـە خـۆی نـەگۆرابو. لەگـەڵ تورکەکانـدا زۆر تونـد بـو بـەلاَم بـۆ ئێمـە وەکـو خــزم و دۆسـت رەفتـاری لــە گەڵــدا ئـەکردین. دوای دەوام ئەهاتــە ناومانــەوە قسـەی خۆشـی بـۆ ئـەکردین بەشـداری یاریـەکانی ئـەکردین ئـەوەی دەنگـی خـۆش بوایـە گـۆرانی پـێ ئـەوت. کـە ئەکەوتینـە تـەنگ و چـەڵەمەوە فریامـان ئەکەوت وەك ئەمەی خوارەوە:

لــەو ئاژەلاَنــەی کــە هــەیبون محەمــەد پاشــا ســەگ بــو – ئەمــە قســەی باوکمـە– بلوکەکـەی ئێمـەش (بلـوك فـەوجی ئێسـتایە) سـەگێکی ئـاوارەی بـێ خاوەنمـان هـەبو چێشـتکەرەکەمان ئێسـقان و بـەرماوەی ئەدایـە کۆلێـك قەڵـەو بوبـو. نـازانم محەمـەد پاشـا لـە کـێ ی بیسـتبو باسـی ئـەم سـەگە نـاردی کـە بیهێـنن بـۆ ئـەوەی شـەرە سـەگێك لەگـەڵ سـەگێکی ئـەودا بکـەن خـۆی لـە تـەلاری سـەربازگەکەوە لەگـەڵ چـەند ئەفسـەرێکی تـردا لەوانـە کـەریم بـەگ سـەیریان ئـەکردو ئێمـەی سـەربازو ئەفسـەریش لـە گۆرەپانەکـەدا ئەڵقـەمان بەسـتبو بـە تـورك و کـوردەوە. سـەگەکەی پاشـایان هێنـاو سـەگەکەی ئێمـەش بە چێشتکەرەکە بو بەریان دایە یەکتری.

ســەگەکەی محەمــەد پاشــا زۆر قەبــەو بــە توانــاو درِ بــو بۆیــە هــەر زو سـەگەکەی ئێمـەی دا بـە عـەرزداو دەمـی نایـە بینـی. سـەگەکەی ئێمـەش قەبـە بـو بـەلاَم فشـەڵ بـو بـێ خزمـەتی زۆری بەخۆیـەوە دیبـو بۆیـە دەرەقـەتی ئـەوەی پاشـا نـەدەهات چێشـتکەرەکەمان ئـەیزانی وا سـەگەکەی پاشـا

ئـەوەی ئـەو ئـەخنکێنیٚ رای کـرد بـۆ لای سـەگەکان و قاچـی ئـەوەی پاشـای گرت و خستیە ژێرەوە و ئەوەی خۆی خستە سەرەوە.

سـەربازێکی تـورك (ئێسـتا پـیٚ ی ئـەڵێن ئینزیبـات) یـەك دو زللـەی دا لـە چێشـتکەرەکەمان. یەکـدوانێکیش لـە کوردەکـانی خۆمـان بـۆ تورکەکـە چـون و دایانـە بـەر شـەق و شـەقازلە، نـەخێر ئـەمجارە چـوار پێـنج تـورك هـاتن بـۆ کوردەکـان. ئێمـەش هەشـت نـۆ دەیـەکمان دابەزینـە گۆرەپانەکـەوە بۆیـان و بـەم شـێوەیە شـەرکەر هـەتا ئـەهات لـە زیـادکردن بـو بـە رادەیـەك لـە شـەرە سەگەوە بو بە شەری تورك و کورد!

کـە زانیـان شـەڕەکە گـەرم بـو، ناچـار بوریـەی ئـەوەیان لێـدا کـە عەسـکەرەکان بـڵاوەی لێبکـەن و بچـنەوە جێگـەی خۆیـان و گۆرەپانەکـە چـۆڵ بکـەن سـەربازە تورکـەکان لـە ئێمـە رێـك و پـێکتر بـون یەکسـەر دەسـتیان لـە شـەڕ هـەڵگرت و گۆرەپانەکـەیان بـەجیٚ هێشـت وە هـەروەها لـە شەرەکەشـدا هـەر دەسـتیان بـەکار ئـەهێنا بـەڵام ئەوانـەی ئێمـە هەرچـی شـتێکیان بـەر دەسـت بکەوتایـە بـەکاریان ئـەهێنا تەنانـەت هەنـدێکیان چەقۆشـیان وەشاندبو، بەڵام خوا بەوە رەحمی کرد کەسی تیادا نەکوژرا.

دوای لێکۆڵینـەوە دوانـزە کـەسمانیان بـە بەشـدار و هانـدەری شـەرەکە دانـابو کـە یـەکێکیان لەوانـە مـن بـوم (واتـا بـاوکم) بـو. پێیـان راگەیانـدین کـە کـەریم بـەگ داوامـان ئـەکات کـە چـوینە ژورەکەیـەوە وتـی ئـەو دەرگایـە داخـەن کـە دامانخسـت وتـی: ئـەزانن ئـەبو ئـەمڕۆ ئێـوە ئیعـدام بکرانایـە. هـەمو لـە جـیٚ ی خۆمان وشکبوین!

وتمان بۆ؟

– چـونکە پاشـا، واتـا محەمـەد پاشـا وایـان تێگەیانـدبو کـە ئـەم کوردانـە چـارەی توکیـان نـاوێ بۆیـە کردویانـە بـە شـەڕ لـە گەڵیانـدا، خۆشـتان ئـەیزانن کوشـتن‌و ئـاو خواردنـەوە لـە سـوپای تورکـدا وەك یـەك وایـە. مـن وتم – هـەر قسـەی کـەریم بەگـە – پاشـا غەڵـەتیان تێگەیانـدویت. ئەگـەر سـوپاکە هەموشـی کـورد بوایـە هـەر ئـەبو بـە شـەڕلەوێدا چـونکە هەریەکـە لەسـەر تاقمەکـەی خـۆی کـردەوە و بـە هـەزار حـاڵ تـا قەناعـەتم پـێ کـردوە. کـە هاتینـەوە سـەر خۆمـان مـن وتم: خـوا بتـان هێڵێـت بۆمـان. بـەخوا هـەتا مـاوین لە چاکەت دەرناچین.

– بـەم قسـەیەی تـۆدا شـتێکی تـرم بـیر کەوتـەوە – کـەریم بـەگ وتـی – پاشـا بـە قسـەی کـردم وتـی: هـەمویان ئیعـدام ناکـەم بـەڵام ئـەبێ ئەحمـەد بـەگ – واتـا بـاوکم – هـەر بکـەم[1] ! چـونکە ئـەو دەسـتی ئەرۆیشـت لـە نـاو کوردەکانـدا ئـەیتوانی نەیـەڵێ ئەمـە روبـدات کەچـی مـن بـە چـاوی خـۆم بینـیم شـەڕی ئەکرد.

– وتم پاشـا ئـەم کـوردە زۆر ئازایـە. لـە شـەڕدا لـە پـێش هەمویانەوەیـە. هـیچ سـەربازێکی کـورد لـەروی نایـەت بگەڕێتـەوە. ئەگـەر ئیعـدامی بکـەین زوربـەی سـەربازە کوردەکـان رائەکـەن. لـەم شەرەشـدا کەسـی تیـا نـەکوژراوە؟ ئـیتر بۆ ئیعدامی بکەین

– ئەی چیان لێ بکەین؟ نابێ بە بێ سزا دەرچن.

---

[1] بەگەکەی باوکم لە روتبەی عەسکەری یەوە نەبوە هەمو بابانێك بەگ بوە.

– ئـەیان نێـرم بـۆ سـەر ئـەو شـاخانە. بـۆ رەبایـە بـۆ ئـەوەی هـەمویان رەقببنـەوە. ئـاوا قەناعـەتم بـە محەمـەد پاشـا کـردوە. ئێسـتەش بـۆ ماوەیـەك ئـەتانێرم بـۆ رەبایـە، تـا پاشـا سـارد ئەبێتـەوە. ئەوسـا ئەتانهێنمـەوە ئێمـەش کۆڵێك دوعای خێرمـان بـۆ کـرد بـە تایبـەتی مـن کـە لـە قـورگی شـێردا بـوم و بـە خۆم نەزانیبو ئەو نەبوایە رزگارم نەئەبو.

دو سـێ هەفتـە لـە رەبایـا بـوین کـەریم بـەگ هـات بـۆ پشـکنین، زسـتان بـو هـەمو لوتکـەکان بـەفر گرتبـوی پێمـان وت: بـەگم ئەگـەر فریامـان نەکـەویت هەمو رەق ئەبینەوە.

– ئێستا ئاقڵ بون، خۆ ئیتر ئاژاوە نانێنەوە؟

– وتمان بارە گوێزمان لێ بنێن خرەی نایەت.

– دەباشـە کـە گەرامـەوە، ئەتانهێنمـەوە بـۆ ئوردوگـا و بەڵێنەکەشـی بـردە سەر.

بەیانیـەکی لـە غەڵبـە غـەڵب و گریـان خەبـەرم بـوەوە وتم چـی قـەوماوە وتیـان کـەریم بـەگ مـردوە. ئـیتر منـیش دەسـتم کـرد بـە شـینو شـەپۆر، محەمـەد پاشـا هەمو سەربازەکانی لە گۆرەپانەکەدا کۆکردەوەو وتارێکی دا وتی:

– ئەمشـەو کـەریم بـەگ عـەمری خـوای کـرد. ئـیتر بـە وەصـفی دا هاتـەخوارەوە کـە چـەند ئـازا بـوە و چـەند موخلیصـی ئیسـلام و خەلیفـەی ئیسـلام بـوە و لـەم قسـانە. لـە دواییـدا وتـی: بـەر لـەوەی بمـرێ وەسـیەتی کـردوە کـە لـە نزرگـەی. بـاوکم ناوەکـەی بـرد بـەلاَم مـن لـە بـیرم نـەماوە – بنێـژرێ هـەروەها پاشـا وتـی: هـەر لـەو شـتانەی کـە وەسـیەتی کـردوە ئـەبێ

بـه شـانی بیسـت سـەربازی کـورد بـبرێ بـۆ ئـەوێ و لـە کۆتایـدا وتـی: بـۆ هـەر سەربازەش لیرەیەکی ئالتونی داناوە کە بۆ ئەو ئەرکە بیاندرێتێ.

– محەمـەد پاشـا دوای ئـەو قسـانە بـە بـەردەم سـەربازە کوردەکانـدا ئەڕۆیشـت کـە ریـز بوبـوین و ئـەوی کـە بـە خـۆوە بـو هـەڵی ئەبـژاردن تـا بیسـتەکە تـەواو بـو کـە یەکێکیان من بوم.

دارە مـەیت ئامـادە بـو ئیمـام تابوریکیشـمان لەگەڵـدا هـات بـۆ تـەڵقین بـە سـەر شـان وەك خـۆی وەسـیەتی کردبـو بـەیانی بـو تـازە رۆژ هـەڵهاتبو کەوتینـە رێ. چـی کـەش پێویسـت بـو لـە ئـاو و خـواردن و پـاچ و خاکـەناز بۆ هەڵکەندن باریان کردبو بە وڵاخ لە دوامانەوە ئەڕۆیشت.

بـۆ پـاش نیـوەڕۆ درەنـگ گەیشـتینە نزرگاکـە و لـەوێ قـەبرمان بـۆ هەڵکەنـد و ئیمـامیش تـەڵقینی داداو شـەو لـەوێ ماینـەوە تـا نیـوە شـەو قورئانمـان لەسـەر خوێنـد زکرمـان لەسـەر کـرد و نوێـژی جەماعـەتمان کـرد ئـیتر هەرکـە دنیـا رونـاك بوەوە گەراینەوە بۆ ئوردوگا.

دوا زانیـاری لـە بـارەی کـەریم بەگـەوە ئـەوە بـو کـە خوێنـدەواری نـەبو سـەیرەکەش لـەوەدابو – هـەر قسـەی باوکمـە – محەمـەد پاشـاش هـەر نەخوێنـدەوار بـو. ئەوانـەی کـە وەکـو ئـەمان لـە سـەربازی یـەوە پـێ ئەگەیشـتن پـێ یـان ئـەوتن (ئـالآیلی) (ئـالآی) یەکەیـەکی سـوپایی بـو وە پلەیـەکی ئەفسـەریش هـەبو پـێ یـان ئـەوت (مـیر ئـالای) واتـا قائـد و فەرمانـدەی ئالآیەك.

هـەمو جـارێکیش بـاوکم ئـەیوت: ئەگـەر هـەر چ کەسـێك بیـەوێت تەرمەکـەی بهێنێتەوە ئەیبەمە نزرگەکەو ئەڵێم: ئەمە گۆرەکەی کەریم بەگە.

قســەكانی بــاوكم لــە بــارەی كــەریم بەگــەوە چــونكە لــێم بیســتوە نــەك نوســرابێتەوە یــان خرابێتــە ســەر شــریتی موســەجیل بۆیــە شــتێكی ئاســاییە كــە دارشــتنەكەی هــی منــە بــەلاَم دلنیاتــان ئەكــەم كــە چــۆنم بیســتوە وا ئەیگێڕمــەوە بــێ ئــەوەی هیچــی بخەمــە ســەر بــەلاَم بــۆ لەبیرچــون لەوانەیــە هێنــدێكیم لــە بــیر نــەمابێ بــەلاَم زانیاریــە ســەرەكیەكانی لــە مێشــكدا هەڵكــەنراوە وەك نەخشــی بــەرد وە هــەروەها خوێنــەر دڵنیــا ئەكــەم كــە چــی بــۆ گێراومەتــەوە بــاوكم هــەموی راســتە دوا قســەم ئەگــەر هــیچ شــتێك لــە گــەرەكی ئــابلاَخ بــە نــاوی كــەریم بەگــەوە نــی یــە دوای ئــەم زیندوكردنەوەیــە بــۆ ئــەوەی ئــەم كەڵــە پیــاوە نــەمر بكــەین ئــەبێ شــەقامێ یــان قوتابخانەیــەك یــان خەســتەخانەیەك نــاو بنــرێ بــە ناویــەوە وەك رێــز لێنانێــك بــۆ ئــەو ئازایەتیــەی و ئــەو دڵســۆزیەی كــە هــەیبوە بۆ سوپاكەی و بۆ بیرو باوەرەكەی بۆ كوردیش.

بــا هێنــدێك زانیــاری زیــاتر بــدەین دەربــارەی محەمــەد پاشــای چەچــان. ئــەم زانیاریانــە لــە زنجــیرە بــە نرخەكــەی (د. عــەلی ئــەلوەردی)دیــدا هــاتوە كــە بــە نــاوی (لمحــات اجتماعیــە مــن تــأریخ العــراق الحــدیــث) دوەیــە لــە بــەرگی چــوارەمیدا كــە دەربــارەی جــەنگی جیهــانی یەكــەم و عێــراق ئــەدوێت لــەو زانیاریانــە: ماڵەكــەی لــە بەغــدا لــەو گەرەكــەدا بــوە كــە بەرامبــەر بــە وەزارەتــی دیفاعــە. دیســان ئەشــلێت كــە لــە ماڵەكەیــدا ئــاژەڵی كێــوی بــەخێو ئــەكرد و بــۆ خــەڵكیش هــەبو كــە بچــن بــۆ ســەیر كردنیــان وە ئــەڵێ: كــە ئەمــە یەكــەم باخچــەی ئــاژەلاَن بــوە لــە عێراقــدا. وا دیــارە ئــەو خولیایــەی كــە بــاوكم وتــی دەربــارەی ئــاژەڵی كێــوی كــە هــەیبوە هــەر بــەردەوام بــوە لــە كتێبەكــەی د.

عـەلی ئـەلوەردی بـە نـاوی محمـەد فازیـل ئەلداغسـتانی یـەوە نـاوی هـاتوە نـەك چەچان.

وە هــەر لــەو زانیاریانــەی کــە لــەو بەرگــەدا هــاتوە کــە جــەنگی یەکــەمی جیهــانی ئەقــەومیّ و بــەریتانیا بــەرەی عێــراق ئەکاتــەوە. تــورك جیهــاد رائەگەیــەنیّ ئــەکریّ بــە فەرمانــدەی هێــزی عەشــایر و خۆشــتان ئــەزانن عەشـایری بـیّ سـەروبەرن زو ئەشـکیّ. هەرچـەند محمـەد پاشـا هـاوار ئـەکات بگەرێنـەوە بگەرێنـەوە (قـەلّباغ) ەکـەی ئـەدا بـە عـەرزدا هـیچ سـودی نـابیّ و ناگەرێنــەوە (قــەلّباغ کلاّوێکــە لــە پێســت دروســت ئــەکریّ بــە خوریەکەیــەوە) ئـەوەی جێـی ناسـۆریش ئـەبیّ نـورەدین بـەگ کـە فەرمانـدەی تـورکی بـەرەی جــەنگی عێــراق ئــەبێت هــەمو خەتاکــە ئەخاتــە ئەســتۆی ئــەم و زۆر قســەی ناشــرینی پــیّ ئــەلّیّ بــیّ ئــەوەی هــیچ ڕێــزیّ بــۆ تەمــەنیو رابــوردوی دابــنیّ ئــەویش بــە دلّشــکاویەوە ســواری ئەســپەکەی ئــەبێت کــە بــڕوا پــیّ ئەخاتــە ئاوزەنگی یەکەوە و بە لادا دێت و عەمری خوا ئەکات.

حــەزم ئــەکرد نــەختێکیش باســی باوکمتــان بــۆ بکــەم. بــەلاّم لەبــەر ئــەوەی باســی ســەرەکی دەربــارەی (کــەریم بــەگ)ە بەچــاکم نــەزانی کــە پــەلو پــۆی زۆری لیّ بکەمەوە، بۆیە باسی باوکم هەلّئەگرم بۆ دەرفەتێکی گونجاو.

**٢- ئەحمەد ئاغا**

(مـیرزا سـەعیدی مـەلا ئـەمین) بـاوکی مامۆسـتا کـەریم و تـاهیر بـو لەگـەڵ بـەختیار کـە مەشـهورە بـە بـەختیارە سـور، فرۆشـیاری ئـەدەواتی ئیحتیـاتی ئوتومبیـل. مـامی مامۆسـتا محمـد عـەزیز مێـردی سـت مەعسـومەی ئەحمـەدی تـەها. ماڵیـان لـە دامێنـی مزگـەوتی دودەرگـاوە بـو نزیـك مـاڵی عـزەت بـەگی جـاف، مـیرزا سـەعید لــە ژن و ژنخوازییــەوە بــە خزمایــەتی ئەمانگەیشــتیّ، چـونکە خوشـکەزایەکی بـاوکمی هێنـابو کـە نـاوی مریـەم خـان بـو لەبـەر ئـەوە هات و چۆمان هەبو.

مـیرزا سـەعید خوێنـدەواری هـەبو پیـاوێکی نـورانی و پـاك و تـەمیزو ئاقـڵ بـو هەرچـەندە ئـەو کاتـەی ئـەم قسـەیەی بـۆ مـن گێڕایـەوە تەمـەنی لەسـەرو هەشتاوە بو بەڵام بیری هەر بەتیژی مابوەوە.

لــە یــەکێك لــە ســەردانەکانمدا ئــەم ڕوداوەی بــۆ گێڕامــەوە: لــە جــەنگی یەکـــەمی جیهانیـــدا ســـاڵی (١٩١٤-١٩١٨) عەســـکەربوم لـــەو هێـــزەی تورکـدا کـە لـە سـوریا بـو، ئـەو هێـزە جـەمال پاشـای خوێنرێـژ سـەرکردەیبو، ئــەم خوێنرێــژەش عەرەبــەکان پێیانــەوە نــابو چــونکە چــەند ئەفســەرێکی عـــەرەبی ئیعـــدام کردبـــو لەوانـــەی کـــە پەیوەنـــدییان هـــەبو بـــە شۆڕشـــی عەرەبییــەوە کــە ئەیانویســت جیاببنــەوە لــە دەوڵــەتی عوسمــانیو دەســتیان لەگەڵ ئینگلیزدا تێکەڵ کردبو.

ئــەم سـوپایە بڕیــار بــو بــە بیابــانی ســینادا بــڕوات بــۆ قــەناتی (ســوێش)[1] لەوێوە بپەڕێتەوەو بچێتەناو میسرو ئازادی بکات لە ئینگلیزەکان.

هەر لەو قسانەی کە میرزا سەعید بۆی کردم فەرموی: هەر من کورد نەبوم لەو سوپایەدا بەڵکو ژمارەیەکی زۆر کوردبوین بەتایبەتی خەڵکی سلێمانی.

ڕۆژێکی ئەحمەد ئاغا هات بۆ سەردانم کە کەسایەتی یەکی ناسراوی سلێمانی بو ئەویش هەر لەو سوپایەدا بو، قورعانێکی لە باخەڵی دەرهێناو پێی وتم: میرزا سەعید بڵێ: بەم قورعانە هەرچی ئێستا ئەیڵێم لای کەس نایگێڕمەوە: منیش لە وەڵامدا وتم: بە حەقی ئەم قورعانە چیم لاباس ئەکەیت هەموی ئەگێڕمەوە!

وتی بۆ؟

وتم: چونکە ئەزانم چی لەژێر سەرتایە، بیکە بەخاتری خوا ئەم کارەی تۆ ڕێگەی هاتونەهاتە، وەرە بیکە لەڕێی خوا دەستبەرداری ئەم کارە ببە کورە ئەگینا سەرتی تیا ئەچێ.

فکرەکەی ئەحمەد ئاغا و عەسکەرە کوردەکان چی بو؟ وەك من لێم بیستبون: ئەیانوت بۆ ئێمە لە سوریا و بیابانی (سینا) و میسردا بکوژرێین. بۆ نەچینەوە بۆ کوردستان کە روسەکان پێشڕەویان کردوەو گەیشتونەتە ڕەواندز و خانەقین هەرچی کاولکاری و کوشتن و دەستدرێژی کردنە سەر ناموس هەیە ئەیکەن ئێمە لەوێ ئەگەر بشکوژرێین قەیناکا بەس نی یە بەرگری لە وڵات و ناموسی میللەتەکەی خۆمان ئەکەین بەڵام لێرە لە پێناوی هیچدا ئەمرین، ئینجا ئەحمەد ئاغا هاتبو قەناعەت بە منیش بکات کە بەشداری ئەو هەوڵە بکەم.

لە وەڵامدا وتم: من لەم کارەدا بەشداری ناکەم.

– بۆچی فکرەکەت بەدڵ نی یە؟

– بـا، زۆریشــم بەدڵــە، منــیش ئاواتــەخواز بــوم کــە بــەرگریمان لــە وڵاتــی خۆمان و خەڵکەکەی بکردایە لە دەست درێژی روسەکان.

– ئەی بۆ هاریکاریمان ناکەیت؟!

– چونکە تروسکەیەك هیوا شك نابەم بۆ سەرکەوتن لەم کارەدا.

درێــژەم دا بــە قســەکانم و پــێم وت: ئــەم کــارەی ئێــوە یــاخی بونــە، تــورکیش کوشــتنی عەســکەری یــاخیبو ئاوخواردنــەوەی لا یەکــە. بــا دڵنیــات بکــەم ئەگــەر لــەم هێــزەش ڕزگارتــان ببــێ دەیــان هێــزی کــە لــەرێگا بــەرەنگارتان ئەبێتــەوە تــا ئەگەنــە ســلێمانی تەنانــەت لــە سلێمانیشــدا ناحەسێنەوە لەبـەر عەسـکەری تـورك، ئێـوە زۆر بـە سـاکاری لـەو مەسـەلەیە گەیشـتون وا کۆتـاییم بـە قسـەکانم هێنـا: بـەڵێ ئەگـەر بـە بڕیـارێکی جـەمال پاشـابێ کـە بڵێـت چـی عەسـکەری کـورد هەیـە بابگەڕێتـەوە بـۆ کوردسـتان و لـەوێ بجـەنگن دژی روسـەکان ئـەوە بـاش بـو و بـەڵام ئەحمـەد ئاغـا وتـی: ئینجا کێ ئەوێرێ بە جەمال پاشا ئەوە بڵێ؟

– دەسـا بـەخوا ئەمـەی ئێـوەش ئەیکـەن لـە خۆکـوژی بـەولاوە هیچـی تـر نییە.

زۆر بەسـەر ئەحمـەد ئاغـادا هـاتم وتکـام لێ کـرد کـە ئـەم کـارە نـەکات بـەڵام بـێ سـود بـو پـاش چـەند ڕۆژێـك ئـەو عەسـکەرە کوردانـەی کـە بەقسـەیان کـردن بـەرەو عێراق کەوتنە ڕێ.

کـە سـوپا هەسـتی کـرد بـە ڕۆیشـتنیان، فەرمانـدرا بـەهێزێك کـە شـوێنیان کـەون و بـەریان لێبگـرن. کـە هێزەکـە گەیشـتە لایـان و ئـەمانیش نەگەڕانـەوە بـو

بــه شــەڕ لەبەینیانــدا، ئــیتر ئــەوی کــوژرا، کــوژرا ئەوانیتریشــیان بــەدیل گــرت. یەکێك لەوانەی کە بەدیل گیرا ئەحمەد ئاغا بو کەسێ گوللەی بەرکەوتبو.

دوای تــەحقیق و لێکۆڵینــەوە ئــەو کەســانەیان بــۆ دەرکــەوت کــە ســەران و هاندەرانی سەرەکی ئەو یاخیبونە بون کە یەکێکیان ئەحمەد ئاغا بو.

بــە بەرچــاوی عەســکەرەکانەوە ســێدارەیان بــۆ هەڵخســتن. ئەحمــەدئاغا لەبــەر برینــەکانی خــۆی بــە پێــوە نەئــەگرت ناچــار بــەباوەش هــەڵیانگرت تــا پەتەکــە بکــەن بــەملیا لەوێــدا مــیرزا ســەعید لێــوی دەســتی کــرد بــە لــەرزین و فرمێســك بــە چــاویدا هاتــە خــوارەوە، کــە هاتــەوە ســەرخۆی وا کۆتــایی بــە قســەکانی هێنــا: ئێســتاش هەرچــەندە شەســت ســاڵ بەســەر مردنیــدا تێپــەڕیوە هەرچــەند ئــەو بەپــەتا کردنــەم دێتــەوە یــاد قرچــە لــەناو سکمەوە دێت، چــونکە پیاوێکی هەتا بلێی ئازاو بەجەرگ بو حەیف ئاوا بە تەرن ڕۆیشت!

بــۆ ئــەوەی ســەنگی ئــەو خەفەتــەی لەســەر دڵ لابــەرم، بەچــاکم زانــی باســەکەمان بگــۆڕم. وتم: قوربــان تــۆ پێــت نــەوتم ئایــا توانیتــان (میســر) لــە دەست ئینگلیزەکان رزگار بکەن؟

فــەرموی: زســتان بــو، ســەرەتای ســاڵی ١٩١٥ بــو لــە فەلەســتینەوە کەوتینــە ڕێ بــە بیابــانی (ســینا)دا بــەروە قــەناتی (ســوێس). بەشــەو ئەرۆیشــتینو بــە ڕۆژ خۆمــان حەشــار ئــەدا بــۆ ئــەوەی ئینگلیزەکــان پێمــان نــەزانن. خواردنیشــمان ســێ صــەمون بــو لــە ڕۆژێکــداو لەگــەڵ چــەند دەنکێــك خورمــاو درۆی نــەبێ جاروبــاریش هێنــدێك زەیتــونی لەگەڵــدا بــو، هــەر یەکێکیشــمان مەتارەیــەك ئــاوی پــێ بــو کــە ئــەبو بەشــی ســێ ڕۆژی بکردایــە. ژمــارەی زۆریشــمان حوشــتر لەگەڵــدا بــو بــۆ هەڵگرتنی ئاو ئازوقەو تەقەمەنی.

بـەم جـۆرە بیسـت ڕۆژ بـە بیابـانی سـینادا ڕۆیشـتین. تـا گەیشـتینە سـەر قـەناتی سـوێش بـێ ئـەوەی ئینگلیزەکـان پێمـان بـزانن ئـیتر نـەختێك دور لـە قەناتەکـە ڕۆژێـك ئیسـراحەتمان کـرد. ئیسـراحەتی چـی؟ هـەمو پێمـان لـە پۆسـتاڵەکانماندا گەنیبو. شەکەت، برسی، تینو ئیتر وەسفی ڕسوایمان نەئەکرا.

جـەمال پاشـا بـەیانێکی بـڵاو کـردەوە بـەناو عەسـکەرەکاندا تیـا نوسـیبو ئەگـەر بگەڕێنـەوە بـۆ دواوە هـەمو لـە بیابانەکـەدا لـە برسـیو تینوێتیـدا ئـەمرن بـەڵام ئەگـەر بپەڕنـەوە و دوژمنـی کـافر بشـکێنن ئـەوا خێروبێـری میسـر لـە پێشـتانەوەیە. ئەوەشـم لـەبیر چـو– هـەر قسـەی مـیرزا سـەعیدە –پێیـان وتبـوین هـەر ئێـوە کـە پەڕینـەوە ئـیتر میسـری یـەکانیش لـە دواوە پـەلاماری ئینگلیزەکان ئەدەن. ئەو قسەیەش ڕاست دەرنەچو.

شـەوی (٣)ی مـانگی شـوبات سـەعات دوی بـەیانی هـەوڵێکمان دا بـۆ پەڕینەوە بە واسیطـەی بەلەمی تەختەوە بەڵام سەگ لێ ی تێکداین! !.

ئینگلیزەکـان بـەو بـەرەوە خەنـدەقیان لێـدابو. کـە ئێمـە خـەریك بـوین بگەینـە ئـەو بـەر سـەگەل دەسـتی کـرد بـە وەڕیـن ئـیتر ڕوی گلۆپیـان تێکـردینو بەلەمـەکانیان دایـە بـەر (مـەترەلیوز) [1] و زۆربـەیان نوقـوم کـردن. بـەڵام ٥٠٠–٦٠٠ سـەرباز توانیـان بگەنـە ئەوبـەرو بـە (ئـەڵاهو ئەکبـەر)و صـلاوات لێـدان هێرشـیان کـردە سـەر ئینگلیزەکـان ئـیتر ئێسـتاش کـەس نـەیزانی ئـەو تاقمـە بـە چ دەردێ چـو؟! کـوژران؟ گـیران؟ نـەمانزانی هـەمان ڕۆژ بـۆ چێشـتنگاو ژمـارەی یـەکی کـە بەلـەم هـەوڵی دا کەبپەڕێتـەوە بـەڵام

---

[1] مەترەلیوز: واتا رەشاش.

گوللـەی مـەترە لیـوزی ئەوبـەر وەکـو بـاران بەسـەریاندا ئـەباری و هـەمویان غـەرق بـون. دوای ئـەم دو هەوڵـە بـێ ئەنجامـە جـەمال پاشـا لەگـەڵ گـەورە ئەفسـەرەکاندا کۆبونەوەیـەکی کـرد لەوانـە دو ئەفسـەری پایەبـەرزی ئـەڵمانی بـون، جـەمال پاشـا لـە ئـەڵمانی یـەکیانی پرسـی: ئایـا ئـەتوانین لـە قەناتەکـە بپەڕینـەوە و بەسـەر ئینگلیزەکانـدا سـەر کـەوین؟ لـە وەڵامـدا وتـی: هـەرگیز ناتوانن.

– ئەی چار؟

– هەتا خواردنو ئاوماوە فەرمانی کشانەوە بدە.

– ئـەوی تـر وتـی: شـورەییو سـەر شـۆڕییە بـۆ سـوپای تـورکی ئەگـەر پاشـە کشێ بکات ئەبێ بجەنگن تا دوا سەرباز.

ئـەو مەلعونـە غـەیرە دینـە– ئەمـەیان قسـەی مـیرزا سـەعیدە – ویسـتی هـەمومان بـە قـڕ بچـین. بـەڵام جـەمال پاشـا بەقسـەی ئـەویتری کـردو وتبـوی: ئەگـەر هـەر مەسـەلە حـەیا چـون بـێ. مـن لـە پێنـاوی حەیایەکدا ئـەم هـەزاران هـەزار سـەربازە لـەناو نابـەم،ئیتر فـەرمانی کشـانەوەی دا. ئینجـا وەرە ئـەم هەمو بیابانە بەپێ ببڕەوە؟!؟!.

دوای چـوار پێـنج ڕۆژ ڕۆیشـتن تەیارەیـەك بـە بەرزیـەوە بەسـەرماندا تێپـەڕی ئێمـە وامـان زانـی بۆمبارانمـان ئـەکات بـەڵام شـتی یـەکی بەسـەرماندا فڕێدایـە خـوارەوە! کـە سـەیرمان کـرد نامایـەك بـو کـە بردمـان بـۆ سـەرکردایەتی سـوپاو خوێندیانـەوە تیایـدا نوسـرابو: کـە ئێـوە هـەمو لـە تونیـدا ئـەمرن لـە (فـلان) شـوێندا بـە دوری چـەند کیلـۆ مـەترێك لێتانـەوە

بەلای چەپدا گۆلاوێك ئاو هەیە بڕۆن ئاوی لێبخۆنەوە و چیشتان پێ یە لێ ی پڕبکەن بۆ ڕێگە، تا لە تونیدا نەمرن.

وتیان ئەوە زەهریان تێ کردوە. عەسکەرەکە ئەوەندە تونیبو وتیان بابە ژەهرەکە بمرین باشترە وەك لە تونیا.نەیسا گۆلاوەکەیان دۆزییەوە و زەهریشیان تێ نەکردبو..

نەك هەر ئەوە بەپۆل تەیارە ئەهات لە پێشمانەوە بە پەڕەشوت صندوقیان فڕێئەدایە خوارەوە پڕبو لە صەمون خواردەمەنی تر لەگەڵ بەیاندا کەتیادا بە عەسکەرەکەیان ئەوت: ئێمە دوژمنی ئێوە نین، ئەڵمان دوژمنتانە ئەوەتا ئێمە لە مردن رزگارتان ئەکەین، یان کوردەکان عەرەبەکان میللەتەکانی غەیری تورك ئێوە بۆ بۆ تورك ئەجەنگن تورك چی بۆ ئێوە کردوە؟ ئیتر لەم جۆرە قسانە کە کاریگەرییەکی زۆری هەبو لەسەر عەسکەرەکان.

لە ئەنجامدا گەیشتینەوە (شام). بۆ عەسکەر زۆرمان لێنەمرد بەڵام بۆ حوشتر کە بارمان لێ نابون من ئەڵێم هەزار تۆ بڵێ (٣) هەزاریان لێ مردار بوەوە لە هیلاکیو برسێتیو تونێتیدا..ئەم پیاوە بەڕێزە –واتە میرزا سەعید– لە ساڵی ١٩٧٦ دا دوا ماڵئاوایی لێ کردین.

بێینەوە سەر ئەحمەد ئاغای ڕەحمەتی: یەکێك لە نەوەکانی ئەم پیاوە کوڕێك بو بەناوی شەفیق ئاغا لە بەجێماوەکانی سەردەمی شێخ محمودی مەلیك بوە، پیاوێکی ناودارو بەڕێزی شاری سلێمانی بو تا دوای ڕاپەڕینی (١٩٩١) یش مابو تەمەنی لەسەرو حەفتا ساڵەوە بو لەپڕ وتیان شەفیق ئاغایان کوشت! هەر لەو سەردەمەدا بەڕێوەبەری کارگەی توتن (عەزیز

خۆشـــــناو) و دەوڵەمەنـــــدو خێرخـــــوا (علـــــی بۆســـــکانی) فەرمانبـــــەر و کشـــتوکاڵناس (تـــۆفیقی نـــوری بـــەگ) بەڕێوەبـــەری دارســـتانی ســـلێمانی (ئەحمـــەد غـــولام) ســـەرۆکی شـــارەوانی عەبـــدولی ســـوران هـــیتریش کـــە (کـــەمتر نـــاوداربون) کـــوژران هـــەروەها ژمارەیـــەکی زۆر لـــە نیشـــتمانپەروەرەکانی ئێـــران کەپەنایان بۆ ئێمە هێنابوتا ئێستاش کەس نەیزانی کێ ئەیانکوژێ.

بـــە کـــورتی مێگـــەلێك بـــوین چـــییان لێ بکردینایـــە بۆیـــان ئەچـــوە ســـەر بـــەڵام لـــە ســـاڵی (٢٠٠٩) وە کـــە ئۆپۆزســـیۆن هاتـــە کایـــەوە ویســـتیان لەســـەر هـــەمان ڕێـــڕەو بـــڕۆن وە ئـــەوەبو چـــەند ڕۆژنامەنوســـێکیان کوشـــت لەوانـــە طـــاهـــر شـــەریف، ســـۆرانی مامـــە حەمـــە، سەردەشـــت عوسمـــان پـــێش مـــانگێکیش کـــاوە گـــەرمیانی بـــەڵام ئـــەمجارەیان ڕوبـــەڕوی بەگژاچـــونەوەیەکی زۆر توندوتیژبونـــەوە جـــا ئەگـــەر سیاسی بن جارێکی کە ئەو تاوانانە دوبارە ناکەنەوە.

## ٣- ئیبن عەبدەکە[1]

(ئیــبراهیم ئــیبن عەبدەکــە) بــەناوبانگترین چــەتەو ڕێگــری عێــراق بــوە لــە مــاوەی کۆتــایی حــوکمی تــورك و دامەزرانــدنی حکومــەتی عێراقــدا. نــاوبراو بــە بنەچــە کــوردەو خــەڵکی دێــی (ذیابــە)ی نزیــك شــارەبانە[2]. یاخیبونەکەشــی بــە هــۆی ئــەوەوە بــوە کــە لــە خــوێنی برایەکیــدا پیاوێــك لــە گــەڕەکی (بــابو ئەلشــێخ) ی بەغــداد دەکوژێتــەوە. ئــیتر دوای ئــەوە پــەنا ئەباتــە بــەر باخــەکانی (دیالــە) و لــە حکومــەت یــاخی دەبــێ و ژمارەیــەکیش لــە یاخیبوەکــانی وەکــو خــۆی لــە دەوری خــۆی خــڕ دەکاتــەوە. ئەوســا دەکەوێتــە ڕێگریــی و شــەڕ کــردن لەگــەڵ جەندرمــەی تورکــدا. بــەوە ناوبــانگێکی وا پەیــدا دەکــات لــە نــاو خەڵکــدا کــە بــە نمونە ئەیانهێنایەوە لە ئازایەتی و جەنگاوەریدا.

چــەند هــەوڵ ئــەدات حوکومــەتی تــورك بــۆ دەردەســت کردنــی بــێ ســود ئــەبێت تەنانــەت بــەڵێنی پارەیــەکی زۆریــش ئــەدات بــۆ هــەر کەســێك کــە بتوانێت بە زیندویی بێت یان مردویی بۆیان بەرێت[3].

---

[1] لە کتێبی ((لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث- چەند تێڕوانینێکی کۆمەڵایەتی لە مێژوی عێراقی نوێ)) وە وەرگێردراوە، جزمی پێنجەم، بەشی دوهەم کە تایبەتییە بە شۆڕشی بیستەوە لە لاپەڕەکانی (٥١) تا (٥٣) وە لە (١٦٩)وە بۆ (١٧٢)دا نوسراوە چاپخانەی ئەدیب-بەغداد ١٩٧٨ ژمارەی لە کتێبخانەی نشتمانیدا (٤٢٥)ی ساڵی (١٩٧٨)ە لە نوسینی (د.عەلی ئەلوەردی)ە مامۆستای کۆمەڵناسی لە دانشگای بەغداد.

[2] وتارێکی مامۆستا مصطفی نەریمان ئەیباتەوە سەر هۆزی (سورە مێری) کورد

٣ عەبدولکەریم ئەلعللاف (بەغداد القديمە-بەغدادی کۆن) بەغداد ١٩٦٠ لە لاپەڕەی (١٤١)وە بۆ (١٤٢)

بـەڵام ئەمەشـیان کـەڵکی نابێـت چـونکە کـەس بـۆ ئـەو مەبەسـتە هاریکـاری لەگـەڵ حوکومەتـدا نەئـەکرد چـونکە وەك لێیـان دەگێڕایـەوە پیـاوێکی هـەتا بڵێـت جوانمــەردو بــە ویــژدان بــوەو هــەرگیز دەســتدرێژی نەکردۆتــە ســەر مرۆڤــی زەبــون و دەســتکورت و ئــافرەت. ئــەوە وای کردبــو کــە خــەڵکی خۆشـیان بوێـت و ڕێـزی لێ بگـرن وە نـەك هـەر بـە دەسـتیەوە نـەدەن بـەڵکو یارمەتیشی بدەن بۆ دەرباز بون لە دەست جەندرمە لە کاتی تەنگانەدا.

ئـیبن عەبدەکـە لـە سـەردەمی داگـیر کردنـی ئینگلیزەکانیشـدا هـەر خـۆی نـەدا بـە دەسـتەوە. ئـەمانیش وەك تورکـەکان دەسـتەو سـتان بـون لـە دابـین کردنـی و ئەوەندەی کە لەمانی کوشتبو زۆر زۆرتر بون لەوانەی زەمانی تورك.

وە کــە شــۆڕش (مەبەســت لــە شۆڕشــی بیســتە—وەرگێــڕ) لــە (دیالــە)دا بـەرپا بـو ئـیبن عەبدەکـە بـە هـەمو توانایـەوە بەشـداری تێـدا کـرد (سـامی خەوەنـدە) بـۆی گێڕامـەوەو گـوتی: ئـیبن عەبدەکـە یەکـەم کـەس ئـەبێت کـە هەڵمــەت دەباتــە ســەر (باقوبــە) و دەچــێتە ناویــەوە بــەر لــەوەی عەشــرەتی کــەرخی بچــنە نــاوی، ئــیتر کــە ئینگلیزەکــان گوێیــان لــە تەقــەی ئــیبن عەبدەکــەو تاقمەکــەی دەبێــت، کــە لــە ســەروی شــارەوە دێنــە نــاوەوە، ڕادەکەنـە سـەر بازگـەی (جسـر—پـرد)ەوە ئەوسـا عەشـرەتی کـەرخی دەگەنـە باقوبە کە هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی میری تیا نەمابو.

ئـیبن عەبدەکـە زۆر لـە باقوبـەدا نامێنێتـەوە بـەڵکو بـە پەلـە بـەجێی دێڵێـت بـەرەو شـارەبان و لـە ڕۆژی (١٤)ی ئابـدا کاتێـك کـە شۆڕشـگێڕەکان گـەمارۆی قشـڵەیان دابـو دەگاتـە ئـەوێ و لەگـەڵ ئەوانیشـدا بەشـداری شـەڕی داگـیر کردنـی

قشـڵەکە دەکـات و هـەر لـەو کاتـەدا دەبێـت کـە لـە بـاخێکی نزیـك قشـڵەکە خـاتو (زتون)[١] دەدۆزێتەوەو بە سەلامەتی دەیگەیەنێتە ماڵی (شێخ مەجید).

وە ئــەڵێن کــە گوایــە هێنــدێك لــە تاقمەکــەی ئــیبن عەبدەکــە دەیانــەوێت دەســـت بـــۆ ناموســـی درێـــژ بکـــەن بـــەڵام ئـــەو نایـــەڵێت و بـــە ســـەلامەتی دەیگەیەنێتە ماڵی شێخ مەجید.

ئـیبن عەبدەکـە دێـی خـەرنابات دەکـات بـە بنکـە. دانیشـتوانی دێـی نـاوبراو هاریکـاری تـــەواویان لەگەڵــدا دەکــردو چــەکیان کردبــوە شــان بــۆ پاراســتنی دێیەکـــەیان لـــە هێرشـــی میریـــی. دێیەکـــە هەشـــت دەرگـــای کـــۆنی ئـــەبێت و دەســـت ئەکـــەن بـــە هەڵچـــنینەوەی ئـــەو شـــوێنانەی کـــە داڕوخـــابون و پاسەوانیان بە شەو بە دیارەوە دا ئەنێن[٢].

کـە (سـەیید موحەممـەد ئەلصـەدر) دەچـێتە ئـەو ناوچـەیە ئـیبن عەبدەکـە یەکســەر بــە خــۆی و تاقمەکەیــەوە ئەچــێتە نــاو هێزەکەیــەوە و بــۆ هێنــدێك لــە

---

[١] خاتو زتون خێزانی کاپتان بۆکانان ئەبێت کە ئەندازیارێکی ئاودێری بوەو هەردوکیان لە قشلەکەدا ئەبن لەکاتی ئابڵوقەکەدا کە مێردەکەی ئەکوژرێت شەو خۆی دەدزێتەوە ماوەیەك لە باخێکی ئەو دیو قشلەکە لە جۆگەیەکی وشکدا خۆی دەشارێتەوە تا ئیبن عەبدەکە ئەچێت بە سەریداو ئەیبات بۆ ماڵی شێخ مەجید لە شارەبان. زتون (٢٦) ڕۆژ بە دیلی ئەمێنێتەوەو بەر نابێت هەتا هێزی ئینگلیزەکان لە (٩)ی مانگی ئەیلولدا شارەبان ئەگرنەوە کە زتون ئەگەڕێتەوە بۆ ئنگلتەرە کتێبێك دادەنێت لە ژێر ناونیشانی ((کەوتنە دەست عەرەب)) تیایدا بەسەرهاتی ئەو ماوە دیلییەی ئەگێڕێتەوە (لاپەڕە(٤٠) لە بەشی دوهەمی جزمی پێنجەمی هەمان کتێب چەند تێڕوانینێکی کۆمەلاتی لە مێژوی عێراقی نوێ))

[٢] ڕەزا موحسینی ئەلقورەیش (خەرنابات) لە گۆڤاری □ئەلتوراث ئەلشەعبی– کەلەپوری نەتەوەیی ژمارە (١) ساڵی حەوتەم لاپەڕە (٧٠)

گەڕانەکانیشــی لەگەڵیــدا دەچــو. وە ئــەتوانرێ بــوترێ کــە یــەکگرتنی ئــەو دو پیــاوە تینێکــی زۆر ئــەدات بــە شــۆڕش لــە دیالــەداو هــەروەها ورەی خەڵقیشــی تەواو پێ بەرز ئەبێتەوە.

ئینگلیزەکــان باقوبــەو شــارەبان و دێڵتاواشــیان گرتبــوەوە بــەڵام ئــیبن عەبدەکەو تاقمەکەی لە خەرناباتدا هەر بەرگریان دەکرد.

بــۆ ئینگلیزەکــان دەرکــەوت کــە ئاســایش بــەر کــەماڵ نابێــت لــەو ناوچــەیەدا ئەگــەر ئــیبن عەبدەکــە دەردەســت نــەکرێت و خــەرنابات نەگرێتەوە. بۆیە بە هێزێکی زۆرو تۆپێکەوە دەچنە سەری.

لــە ڕۆژی (٢٨)ی ئــەیلولی ســاڵی ١٩٢٠دا ئــەو هێــزە دەســت دەکــات بــە تــۆپ بــارانی دێیەکــە و (٣٦) ژن و پیاویــان لێ دەکــوژێ و دێیەکــە داگــیر دەکــەن و (٣٥٠) کەسیشــیان لێ دەگــرن و پــێش خۆیانیــان دەدەن بــۆ لای یەکێك لــە دەرگاکــان کــە لــە دوایــدا ئــەو دەرگایــە نــاو ئــەنرێ دەرگــای (حصــار-ئابلۆقە) و لە دوایدا بەرەڵلایان دەکەن[1].

وا دیــار بــوە ئینگلیزەکــان بــۆ ئــیبن عەبدەکــە و تاقمەکــەی گــەڕابون و توانیبویــان هێنــدێکیان تیــا بدۆزنــەوە بــەڵام خــۆی توانیبــوی دەربــاز بێــت، دوای ئــەوە ئــەم بەیاننامەیــە لــە بەغــداد بــڵاو دەکەنــەوە ((ڕۆژی (٢٨) ی ئــەیلول خــەرناباتمان ئابلۆقــەدا کــە کەوتۆتــە ســێ میــل ڕۆژهــەڵاتی ژوروی باقوبــەوە بــۆ دەســتگیر کردنــی چــەتەی بــەناوبانگ ئــیبن عەبدەکــە بــەڵام ئــەو تــوانی دەربــاز ببێــت و (٣١) کــەسمان لــە تاقمەکــەی کوشــت و (١١٩)شمــان

---

[1] سەرچاوەی پێشو لاپەڕە (٧٠)

لێ بە دیل گرتن))[1] ئیبن عەبدەکە لە خەرنابات هەڵدێت بە دزییەوە لەم شوێنەوە ئەچێت بۆ ئەو شوێن و لە ئەنجامدا پەنا دەباتە بەر سەرۆك خێڵێکی (مەحاویل) کە لەوەوبەر یەکتریان دەناسی ئەویش چەند مانگێك داڵدەی دەدا تا لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢١دا دەیگرن وەك لە داهاتودا باسی دەکەین.

***

ئیبن عەبدەکە دوای ئەوەی لە خەرنابات هەڵدێت پەنا ئەباتە بەر یەکێك لە سەرەك خێڵەکانی مەحاویل هەر وەك لەمەو بەر باسمان کرد.

چەند مانگێك لە پەنا ئەو سەرۆك خێڵەدا ئەحەوێتەوە. کەس نەیئەناسی سەرۆك خێڵەکە نەبێت و خۆی ناو نابو (عەبد). لەو سەرگوزشتە خۆشانەی لەو ماوەیەدا لێیان دەگێڕایەوە ئەوە ئەبێت کە دەمەو ئێوارەیەك گوێی لە تەقەی تفەنگی گەنجەکانی دێیەکە دەبێت کە ئەیانگرتە نیشانەیەك کە بە شوێنێکی بەرزەوە نابویانەوە. ئیبن عەبدەکەش ئەچێتە لایان و تفەنگی یەکێکیان وەردەگرێت و یەکسەر ئەو نیشانەیەی کە ئەوان بۆیان نەدەشکا ئەم بە یەك گوللە هەڵیدەگرێ. کە ئەوە دەبینن هەمو لەو دەستڕاستی و چاپوکیە سەریان سوڕ دەمێنێ ئیتر دوای ئەوە هەر باس باسی تفەنگچێتی ئەو ئەبێت و ئەڵێن مەگەر هەر

---

١ ڕۆژنامەی (ئەلشەرق–ڕۆژهەلات) ژمارە ٤ .·. تشرینی یەکەم .·. ساڵی ١٩٢٠

ئیبنـی عەبدەکـە ئـاوا وەسـتایانە نیشـان بشـکێنیٚ و نـەیان دەزانـی کـە ئـیبن عەبدەکە خۆیەتی[1].

ئـەوەی کـە شـایەنی باسـە لـە کاتێکـدا کـە مـیری بـە شـوێن ئـیبن عەبدەکـەدا دەگـەڕا بـۆ ئـەوەی بیگرێـت کەسـانی تـریش هـەبون کـە بـە شـوێنییەوە بـون بـۆ کوشـتنی ئەوانـەش کەسـوکاری ئەوانـە بـون کـە ئـەو کوشـتبونی تـا تۆڵـەی خۆیـانی لیٚ بکەنـەوە. وە هـەر وەك خـۆی وتبـوی (٤٢) کەسـی کوشـتبو وە هـەمو، یـان هێنـدێك لـە کەسـوکاری ئـەو کوژراوانـە هـەر ئـەبیٚ کـە بیانـەوێت تۆڵـەی خۆیانی لیٚ بسێننەوە بە پێی بەندو باو نەریتی ئەو سەردەمە.

لەوانـەی کـە ئـیبن عەبدەکـە کوشـتبونی کابرایـەك ئـەبێت کـە نـاوی (نـەجم زەهـو ئەلعـەززاوی) ئـەبێت کـە ئـەویش چـەتەو ڕێگرێکـی بـە ناوبـانگ ئـەبێت و شـان بـە شـانی ئـیبن عەبدەکـە ئـازاو نەبـەرد ئـەبیٚ. بـەڵام ئـەو چـوبوە هێـزی (شـەبانە)وە. وە کـە ئـیبن عەبدەکـە ئـەیکوژێت نـازانیٚ کـە ئـەوی کوشـتوە وە کـە بـەوە دەزانـیٚ پەنجـەی پەشـیمانی ئەگـەزێت و ئـەڵێت: پیـاوێکم کوشـت کـە خێڵێکـی دەهێنـا. ئـیتر دوای ئـەوە کەسـوکاری نـەجم بـە دوای ئـیبن عەبدەکـەوە ئـەبن کـە خـۆی یـان یـەکێك لـە خزمـەکانی بکوژنـەوە لەبـەر ئـەوە هەمیشـە ئاگـاداری خـۆی دەبێـت. لـە ئەنجامـدا یـەکێك لـە ئامۆزاکـانی کـە نـاوی (محمـد دارا) ئـەبێت ئەکەوێتـە بـەر دەسـتیان و ئـەو ئـەکوژن. کـە ئـیبن

[1] ئەم ڕوداوە (عەبدولرەزاق شبیب)ی پارێزەر بۆی گێڕامەوە کەلە ئیبن عەبدەکە خۆی بیستبو سەردەمێك کە بەیەکەوە بەند بون ئەم (عەبدوئەلرەزاق شبیب)ە لە ناوەڕاستی ساڵانی ١٩٦٠دا نەقیبی پارێزەرانی عێراقی بو پار بو یا پێرار کۆچی دوایی کرد–وەرگێڕ)

عەبدەکــە خەبــەری کوشــتنی ئامۆزاکــەی پــێ ئــەگات خەفــەتێکی زۆر دەخوات. خەفەتێکی وا کە لێی ئەکات بە تایەکی توند[1].

لـە مـانگی حـوزەیرانی سـاڵی ١٩٢١دا پـۆلیس پـەی بـەو شـوێنە ئـەبات کـە ئـیبن عەبدەکـە خـۆی تیـا شـاردۆتەوە. لـە (١٤)ی ئـەو مانگـەدا لـە کاتێکدا کـە ئـیبن عەبدەکە هـەر لـە جێگـەدا ئـەبێت لـە ئـەنجامی ئـەو تایـەوەی کـە لێـی هـاتبو ئەوەنـدە ئـەزانێت کـە هەشـت پۆلیسـی دەمانچـەی روت بـە دەسـت ئابلۆقـەی دەدەن ئـەویش ناچـار خـۆی دەدات بـە دەسـتەوەو بـە بـاڵی بەستە ئەیبەن بۆ بەغداد.

ئـیبن عەبدەکـەو چـەند کەسـێك لـە تاقمەکـەی ئـەدەن بـە دادگـا لـە بەغـداد یەکـەم ڕۆژی محاکەمـە کردنـی لـە ٢٣\تـەموزی\١٩٢١دا دەبـێ دادگاکـەش بە سەرۆکایەتی میستەر

(ودمـان) دەبێـت کـە حـاکمێکی بـەریتانی بـوەو ئەنـدامێتی عەبـدول مەجیـد ئەفەنـدی ئەلیاسـین و یـەعقوب سـویدە ئەفەنـدی ئـەبێ کـە عیراقـی بـون ئـەو پـارێزەرەی کـە دەسـتەبەری بـەرگری لـە ئـیبن عەبدەکـە بوبـو مـەعروف عـەلی ئەصغەر ئەبێ کە لەم دواییەدا بە مەعروف جیاوك ناوی دەرکردبو[2].

---

[1] عەبدولکەریم ئەلعللاف (سەرچاوەی پێشو) لاپەڕە ١٤٢و١٤٣

[2] مەعروف جیاوك کورد پەروەرێکی دڵ گەرمی پاك بو لەسەر شۆڕشەکانی بەرزان کتێبێکی داناوە بە ناوی (بەرزان المظلومە) بەرزانی زوڵم لێکراو بە خوێندنەوەی ئەو کتێبەو ئەو هەولانەی کە داویەتی بۆ بەرزانییەکان دەردەکەوێت کە چەند جگەر سوتاو بوە بۆیان ناوبراو لە دەستپێکردنی ساڵەکانی چلدا موتەسەریف– پارێزگاری سلێمانی بو لە ڕۆژی ٢٣ کانونی دوهەمی ١٩٥٨دا کۆچی دوایی کردوە. لەو سەردەمەدا کە موتەصەریفی سلێمانی بو من

**محاکەمەکــەی چــوار مــانگ ئەخایــەنێت و ڕای گشــتی زۆر بــە تەنگیــەوە ئــەبێ. لــە هــەمو دانیشــتنێکی دادگـادا نـاوەوەو دەرەوەی دادگاکـە پـڕ ئـەبو لـە خــەڵق، ڕۆژنامــەی (ئــەلعیراق) سوپاســی (ســیر جنــت دیــن)ی کردبــو کــە مــەئمور مەرکــەزی خــان دەللــە ئــەبێ بــۆ دابــین کردنــی خەلقەکــە لــە کــاتی محاکەمە کردنەکاندا[1].**

**لــە ۲۱\تشــرینی دوهــەمی ســاڵی ۱۹۲۱دا دادگــا بڕیــاری خنکانــدنی ئــیبن عەبدەکــە دەدات لەســەر کوشــتنی نــەجم بــن زەهــو ئەلعــەزاوی و ســەرکردەکردنی تاقمێکی چەتەی چەکدار.**

**و هــەروەها بڕیــاری حــەپس کردنــی دو هاوڕێکــەی (محمــد ئەلعــەبباس) و (حســینی شــەمام) هەریەکــە بــە دە ســاڵ لەگــەڵ کــاری گرانــدا دەدات، لەبــەر ئەوەی لە کاتی کوشتنی نەجم دا لەگەڵ ئیبن عەبدەکەدا بون.**

---

قوتابی سەرەتایی بوم لە قوتابخانەی ئەیوبییە. دو کوڕی لەگەڵ مندا ئەیانخوێند لە پۆلی سێهەم ناویان زاگرۆس و بەختیار بو. ڕۆژێك بەسەردان هات بۆ قوتابخانەکەمان و پۆلەکەی ئێمەشی بەسەرکردەوە لە مودیر (بەڕێوەبەر) کەمانی پرسی: ئایا لە قوتابیەکان ئەدەن؟ مودیرەکەمان لە وەڵامدا وتی: لێ یان نادەین تا ئەگاتە تینمان. بەڵام کە گەیشتە تینمان وایان لێ ئەدەین کە دەستیان بگەزن!. بە پێکەنینەوە وتی: واش نا بەجارێ خوا بناسن.
ساڵی ۱۹۵۸ من کەلە پۆلی کۆتایی کۆلیجی یاسا بوم لەیانەی سەرکەوتن لە بەغدا چلەی ماتەمینیان بۆ گێڕا. یەکێك لەوتارەکان مێژونوسی بەناو بانگ جەمیل ڕۆژبەیانی بۆی نوسیبو کە نەهاتبو. من لەبریتی ئەو بۆم خوێندەوە لە ژێر ناونیشانی (مەعروف جیاوکی جاویدان) بو، جاویدانیش بەمانای نەمردێت.

[1] ڕۆژنامەی ئەلعێراق ژمارە ۲۲ی تشرینی دوهەمی ۱۹۲۱

ڕۆژنامـــەی (ئـــەلعیراق) نوســـیبوی کـــە ئیبنـــی عەبدەکـــە زۆر بـــە ئـــارامی و چاو قایمییەوە ئەو بڕیارەی بیست[1].

پـــارێزەری ئـــیبن عەبدەکـــە تـــەمیزی بڕیـــاری دادگاکـــە دەکـــات و لـــە (٢٠)ی کـــانونی یەکـــەمی ســـاڵی ١٩٢١ دادگـــای تـــەمیز بڕیـــاری خنکاندنەکـــەی ئـــیبن عەبدەکـــە ئەســـەلمێنیّ و بـــەڵام بەنـــدی محمـــد ئەلعـــەباس و حســـینی شـــەمام هەریەکـــەیان دەکاتـــە پێـــنج ســـاڵ ئـــەو ســـەلماندنەش بـــە زۆری دەنـــگ ئـــەبێت نەك بە ڕای گشت ئەندامەکانی دادگای تەمیز.

پارێزەرەکـــەی ئـــیبن عەبدەکـــە لـــە ڕۆژنامـــەی ئەلعیراقـــدا ڕونکردنەوەیـــەك بـــڵاو دەکاتـــەوە کـــە تیایـــدا ئەنوســـیّ: ســـەلماندنی بڕیارەکـــە بـــە زۆرێتـــی (موتلّـــەق) بـــوە واتـــا بـــە زیـــادی یـــەك دەنـــگ لـــە نیـــوەی دەنگـــەکان نـــەك بـــە زۆری (موقەییـــەد) واتـــا دو بـــەش دەنـــگ لـــە ســـیّ بـــەش وە ڕونکردنەوەکـــەی وا کۆتـــایی پـــیّ هێنـــابو ((دڵنیـــام خـــاوەن شـــکۆ شـــای دادپـــەروەر ((واتـــا شافەیصـــەڵی یەکـــەم-وەرگێـــڕ)) بە چاوێکی دڵ نەرمی و بەزەییەوە دەڕوانێتە ئەم کارە.))[2].

(ســـلێمان فـــەیزی) یـــەکێك ئـــەبێت لـــە ئەنـــدامانی دادگـــای تـــەمیز ئـــەو کاتـــەی کـــە ســـەیری بڕیـــاری خنکاندنەکـــەی ئـــیبن عەبدەکـــە دەکـــات نـــاوبراو لـــەو بارەیـــەوە لـــە یاداشـــتەکانیدا نوســـیویەتی: ئـــیبن عەبدەکـــە شۆڕشـــگێڕێك بـــو بـــە ئـــازایی و چاونەترســـیی ناوبـــانگی دەرکردبـــو کـــوردیکی ڕەشـــوکی بـــو لـــە کـــاتی شۆڕشـــی عیراقـــدا دژی ئینگلیزەکـــان هەڵوێســـتی شـــەرەفمەندانەی هـــەبو لـــە لیـــوای دیالـــەدا کاتێـــك کـــە شـــۆڕش هەڵگیرســـا و ئینگلیزەکـــان باقوبـــەیان چـــۆڵکرد ئـــیبن عەبدەکـــە

[1] ڕۆژنامەی ئەلعێراق ژمارە ٢٢ تشرینی دوهەمی ١٩٢١

[2] ڕۆژنامەی ئەلعێراق ژمارە ٢٦ کانونی یەکەمی ١٩٢١

چـوە نـاوی و خـۆی کـرد بـە بەڕێوەبـەری ئاسـایش تیـاداو ئـەوەی جاسـوس بـو تـەفرو تونـای کـردن. هێنـدێکیانی کوشـت و ماڵەکانیشـی سـوتاندن. ئـەوە بـو بـو هـۆی ئـەوەی کـە ئینگلیزەکـان قینیـان لێـی بێـت، لـە سـەردەمی حکومـەتی نشـتمانیدا ئـیبن عەبدەکـە دەسـتگیر دەکرێـت و دەدرێـت بـە دادگـای گـەورە لـە بەغـداد بـە تۆمـەتی کوشـتنی فەرمانبـەرێکی ڕەسمـی لـە کـاتی هەڵسـانیدا بـە پێویستییەکانی سەر شانی. دادگاش بڕیاری خنکاندنی دەدات.

بۆمـان دەرکـەوت کـە کوژراوەکـە فەرمانبـەرێکی ڕەسمـی نـەبوە بـەڵکو نـاو بازاڕییـەك بـوە و دەزگـای ئیسـتیخباراتی ئینگلیزیـی بـە کرێـی گرتبـو تـا جاسـوس بێـت بەسـەر خەڵقـەوە یاسـاش بـۆ تـاوانێکی وا لـە پـانزە سـاڵ بەنـد کـردن زیـاتر نـادات. لەبـەر ئـەوە ئەندامـەکانی دادگـای تـەمیز یـەك نـەبون لەسـەر دەرکردنـی بڕیارێـك بـۆ ئـەو تاوانـە. لـە ئەنجامـدا سـەرۆکی دادگـاو دو ئەنـدام یـەك کـەوتن لەسەر سەلماندنی بڕیارەکە من و رەشید (عالی)ش نەیار بوین.

کۆبونـەوەکان چـەند جارێـك دوا دەخـران وە چـەندەها جـار (مەنـدوبی سـامی) پێـی ڕادەگەیانـدین کـە ئـەبێ بڕیارەکـە بسـەلمێنرێ بـەڵام ئێمـە گوێمـان نـە ئەدایـە. ئـەم مەسـەلەیە ڕای گشـتی هەژانـدبو بۆیـە ئـەتبینی هـەمو ڕۆژێـك لـە دەرەوەو نـاوەوەی دادگـا بـە هـەزاران کـەس ڕاوەسـتابون و هەرچـەند مـن و رەشـید عـالی دەرکەوتینایـە هـاوار لـە خەڵکەکـەوە بـەرز ئـەبووەوە بۆمـان و ستایشـی ئـەو هەوڵانـەیان ئـەکردین کـە ئەمانـدا بـۆ ڕزگـار کردنـی ئـیبن عەبدەکـە لـە پـەتی سـێدارە. بڕیـاری خنکاندنەکـە پەسـەند کـرا من و رەشید ناڕەزایی توندی خۆمان لەسەر بڕیارەکە تۆمار کرد.

کە بڕیارەکە خرایە بەردەم خاوەن شکۆ مەلیك ئەو پەسەندی نەکردو فەرمانیدا بە هێنانە خوارەوەی سزاکە بۆ بەندی بۆ ماوەی پانزە ساڵ وە وەك ئاگادار بوم ئیبن عەبدەکە دوای ئەوەی ئەو ماوەیە لە بەندینخانەدا بەسەر ئەبات بەر ئەدرێت[1].

ڕۆژنامەی (ئەلعیراق) لە (٣١)ی مانگی کانونی دوهەمی ساڵی ١٩٢٢دا بڵاوی ئەکاتەوە کە گوایە فەرمانی شاهانە دەرچوە بە گۆڕینی بڕیاری خنکاندنەکەی ئیبن عەبدەکە کە تەمیزیش پەسەندی کردبو بۆ پانزە ساڵ بەندیی. بەڵام هەرچەند ڕۆژێکی پێ نەچو کە هەمان ڕۆژنامە ئەو هەواڵەی خۆی بە درۆ خستەوە. لە دواییدا دەرکەوت کە گۆڕینی خنکاندنەکە بۆ بەندی لە لایەن مەلیکەوە دوای دو ساڵ بوە لە دەرچونی بڕیاری دادگاکە. هۆی ئەو دواخستنەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مەلیك نەیویستبو کە (نمانیدەی پایە بەرز–ئەلمەندوب ئەلسامی) ئینگلیز سێر پیرسی کۆکس توڕە بکات لەو کاتەدا. وە کە کۆکس لە بەغداد دەگوێزرێتەوە لە ساڵی ١٩٢٣داو سێر هەنری دوبس ئەخرێتە شوێنی مەلیك ئەوەی بە هەل زانیبو کە بڕیاری دادگاکە بگۆڕێ.

هەرچۆنێك بێت زۆر بۆچون هەبو بۆ ئەو هۆیەی کە وای کردبو لە مەلیك کە هەڵسێت بەو گۆڕینە.

لەو سەردەمەدا لە ناو خەڵقیدا قاو بو کە گوایە (میس بێڵ) بوە کە هانی مەلیکی داوە بۆ ئەو کارە هۆی ئەوەش ئەوە بو کە بە هەڵە خەلقی

---

[1] سلێمان فەیضی (في غمرة النضال= لە گەرمەی خەبات)دا بەغداد ١٩٥٢ لە لاپەڕە (٢٨٥)وە بۆ (٢٨٦).

وایـان دەزانـی کـە ئـەو ئافرەتـە ئینگلیـزەی کـە ئـیبن عەبدەکـە لـە شـارەبان ڕزگـاری کردبـو گوایــە (مــیس بێــڵ) بــوە وە ئــەویش بــەوە ویســتویەتی پاداشــتی ئــەو کــارە (مەردانــە)یــەی بداتــەوە ئــەو لێکۆڵینەوەیــەی کــە لــەو ڕووەوە پێـی هەڵسـام دڵنیـای کـردم کـە (مـیس بێـڵ) هـیچ دەسـتێکی نـەبوە لـە گـۆڕینی بڕیارەکـەی ئـیبن عەبدەکـەدا وە لەوانەیـە لەبـەر حـەزی سـێر پـیرس کۆکسـی سـەرۆکی، ئـەویش پێـی خـۆش بـوبێ کـە خنکاندنەکـە ئـەنجام بدرایـە[1] وە بـۆ خـاتو (زتـون)یـش ئـەو ئافرەتـە ئینگلیـزەی کـە ئـیبن عەبدەکـە لـە شـارەبان ڕزگـاری کردبـو کـاتی دەرچـونی بڕیـاری دادگـا هـەر لـە بەغـداش نـەبوە ئەمـە جگـە لـەوەی کـە نەشـیزانیبو ئـەو کەسـە کێیـە کـە ڕزگـاری کردبـو وە لـە کتێبەکەیـدا کـە لـە دواییـدا ئـەو ئافرەتـە داینـابو نـە نـاوی ئـەو کەسـە ئـەبات تیایـدا کـە ڕزگـاری کـردوە و نـە مـەمنونیش بـوە وە لەوانەیـە ئـەو ڕزگـار کردنەی بە کارێکی ئاسایی زانیبێ بۆ ئەو سەردەم و ڕۆژە.

لــە ڕاســتیدا دو کــەس هــەوڵی کاریگــەریان هــەبوە لــەو بارەیــەوە: ئــەو دوانــەش شــێخ مەهــدی ئەلخاڵصــی و ســەید موحەمــەد ئەلصــەدر بــون. یەکــەمیان نامەیــەکی بــە بــەرواری (٢٠)ی ذی ئەلحیجــەی ســاڵی ١٣٣٩ کۆچــی کــە ڕێکــەوتی (٢٥)ی ئــابی ١٩٢١ ئــەکات دەنێرێــت بــۆ مــەلیك و تیایـدا باسـی ئـەو (خزمەتـە مەزنانـە) دەکـات کـە ئـیبن عەبدەکـەو هاوڕێکـانی کردویانــە بــە عێراقیــەکان تــا دەڵێــت ((ئێمــەی عێراقییــەکان چــاوەڕوانی دەســتگیربونی خێـرین کـە بـە بۆنـەی چـونە سـەر تـەختی پیرۆزتانـەوە بـەر بــدرێن))،بــەڵام دوهــەمیان خــۆی بــە تایبــەتی ئەچــێتە لای مــەلیك –وەك

[1] عەبدولکەریم ئەلعللاف (سەرچاوەی پێشو) لاپەڕە (١٤٤).

ئاگادارێك بۆی گێڕاومەوە-و پێی دەڵێت: كە ئیبن عەبدەكە دەستەی ئەو بوە لە شۆڕشی دیالەداو پێویستی سەر شانە كە یارمەتی بدرێت.

ئیبن عەبدەكە تا ساڵی ١٩٣٦ لە بەندینخانەدا ئەمێنێتەوە كە دێتە دەرەوە میری لای لێ ئەكاتەوەو ئەیكات بە چاودێری شوێنەوارەكان لە بابل وە ئیتر تادوا كاتی ژیانی لەوێ جێنشین دەبێت.

ئێوارەی ڕۆژی (٢٥)ی ئەیلولی ١٩٥٤ كاتێك بە كۆڵانەكانی شاری حیلەدا خۆی كێش ئەكات چونكە ئیفلیجی لایەكی وشك كردبو یەكێك ئەیداتە بەر گوللەو ئەیكوژێ.

دەركەوت كە ئەو كەسە سوهەیلی كوڕی ئەو نەجم ئەلعەززاوییە بوە كە كاتی خۆی ئیبن عەبدەكە كوشتبوی بەر لە شانزە ساڵ وە بەر لەوەی ئیبن عەبدەكە بمرێت كە پێیان وتبو ئەوەی پێكاویەتی كێ بوە ئەڵێ: ((ئەی بۆ ئێمە پاك لە پاك نەبوین؟ من باوكی ئەوم كوشت و مامەكانی ئەویش لە خوێنی ئەودا ئامۆزایەكی منیان كوشتەوە))

لە ساڵەكانی ١٩١٨-١٩٧٠ -ئەمە قسەی خۆمە- فەرمانبەری یاسایی بوم لە بەڕێوەبەرایەتی چاككردنی كشتوكاڵ لە شاری بەعقوبە، كە زانیان من كوردم وتیان كەسایەتییەكی ناوداری كورد هەیە لەم ناوچەیە ناوی (ماوزەره)[١] لە لادێ دائەنیشێ ناوی دێیەكەم لە بیر نەماوە. كە نەقڵ بوم لە بەقوبە بە چەند ساڵێك دوای ئەوە زانیم كە بەڕێز ماوزەر برای ئیبن عەبدەكە بوە ئەگەر ئەوسا بمزانیایە سەردانێكیم ئەكردو

---

[١] ماوزەر: ناوی تفەنگێكی كۆنە وەك (برنەو)و (حسكە)و (ژێر ساف)و (پێنج تیرو یانزە تیر) هتد.

شـــارەزاییەکی زۆرتـــرم بەدەســـت ئـــەهێنا دەربـــارەی ئـــەم کەســـایەتییە دەگمەنە بە ڕاستی هەلێکی بە نرخم لەکیس چو.

## بەشی دوهەم

# بیرەوەری[1]

١-بیرەوەریەکانتان مەبەنە گڵەوە
٢-منو وەرزش
٣-کۆمەڵی هونەرە جوانەکان
٤-منداڵینە، لە تاقیکردنەوەکانم سود وەرگرن
٥-خەبات
٦-"تەکساسی" بێ ڕەوشت!
٧-چۆن دارلێۆپراکەی سلێمانی سەری تیاچو
٨-کورد بە بەعسیکردن

[1] جگە لە یەکەم باس کە(بیرەوەریەکانتان مەبەنە گڵەوە) یە و لە گۆڤاری (بەیان) ی ژمارە(٢٠) ی ساڵی ١٩٧٤ دا بڵاوم کردۆتەوە، ئەگینا ئەمانەی کە هەموویان بۆ یەکەمجارە بڵاو ئەبێتەوە.

## ١ – بیرەوەریەکانتان مەبەنە گڵەوە

بـەر لـەوەی هێنـدێك بیرەوەریمتـان بـۆ بگێڕمـەوە بـە چـاکم زانـی نـەختێك دەربارەی گرنگی نوسینەوەی بیرەوەریتان بۆ باس بکەم.

ئـەم گرنگـی یـەم پـێش چـل سـاڵ لـە گۆڤـاری بـەیانی ژمـارە (٢٠)ی سـاڵی ١٩٧٤دا بڵاوکردۆتـەوە بـەو ناونیشـانەی سـەرەوە بۆیـە باچـاکی ئـەزانم لـە پێشدا ئەو نوسینەم بخوێننەوە.

لەسـاڵی(١٨٢٠)دا کاتێـك کـە (محمـود پاشـای بابـان) لـە پایتـەختی ئـەمارەت، شـاری سـلێمانیدا فـەرمان رەوا ئـەبێت (کلۆدیـوس جـێمس ریـچ) نوێنـەری شـەریکەی هینـدی رۆژهـەڵات لـە بەغـدا بەسـەردان دێـت بـۆ سـلێمانی. جـا ئەگـەر بیرەوەریـەکانی رۆژانـەی نـاوبراو بخوێنینـەوە سـەیر ئەکـەین بـەوردی هەرچـی بەرچـاو یـان گـوێ کـەوتبێت، لەگـەڵ کێـدا دوابـێ، گفـتو گۆکـەیان چـی بوبێـت لەگـەڵ هەڵسـەنگاندنی خۆیـدا رۆژانـە نوسیوەتەوە. تەنانەت پلەی گەرماشی پێواوە !

ئێمـەی نـەوەی ئـەمڕۆ هەرچـەندە ماوەیـەکی زۆریـش تـێ پـەڕیوە بەسـەر ئـەو بیرەوەریانـەدا کـە ئەیخوێنینـەوە وا هەسـت ئەکـەین کـە گەڕاوینەتـەوە بـۆ بـەر لەسـەدەو نیوێـك و وەك فلیمێکمـان نیشـان بـدەن ئـاوا ئـەو سـەردەمەمان دەهێنێتـەوە بـەر دیـدەی خـەیاڵ. وە وابـزانم تـەنیا ماوەیـەك کـە بەچـاکی رۆشن بێـت لـە مێـژوی ئـەو میرنشـینەدا هـەر ئـەو ماوەیـە بـوە کـە نـاوبراو لـەوێ بـوە کـە نزیکـەی پێـنج مـانگێکی خایانـدوە. چـونکە لـە حـەوتی مـانگی ئایـاری

ئـەو سـاڵەدا ئەگاتـە سەرچـنارو لەبیسـتو یـەکی مـانگی تشـرینی یەکەمـدا مـاڵ ئاوایی دەکات [1].

سـەیر ئەوەیـە (خـانم ریـچ)یـش کەلـە گەشـتەکەدا لەگەڵیـدا ئـەبێت ئـەویش بیرەوەریـەکانی خـۆی نوسـیوەتەوە. وە هـەروەها پاوماقوڵەکەشـی واتـا هـی ریـچ کـە لەبیرەوەریەکانیـدا بـە (ئاغـا سـەید) نـاوی دەبـات و ئێرانـی بـووە ئـەویش بیرەوەریـــەکانی خـــۆی بـــە فارســـی نوســـیوەتەوە لەگـــەڵ رێگەوبیانـــدا کـــە هەریەکەیان چەند فرسەقە [2]!.

جـــا ئەگـــەر ئێمـــە ســـەیری مێـــژوی روداوەکـــانی کوردەواریمـــان بکـــەین ئـــەبینین کـــە دەرخســـتنیان تاڕادەیـــەکی زۆر قـــەرزاری پیـــاوانی وەك (ریـــچ)و (فریـــزەر)و (ســـون)و (برایـــانو ینگـــرام)و (هـــیٚ)و (ئەدمونـــدن)و (هـــاملتون)و هـــی تـــری وەك ئەمانـــەن کـــە رۆژێ لـــە رۆژان رێ یـــان کەوتۆتـــە کوردســـتانو

---

[1] لە رۆژی پێنجی تشرینی یەکەمی ساڵی(١٨٢١ن) دا واتا نزیکەی دوای ساڵێك لەسەردانەکەی سلێمانی، (ریچ) لە (شیراز) لە ئێران توشی نەخۆشی تاعون ئەبێت وئەمرێت. دوای نزیکەی پانزە ساڵ لە مردنی واتا لەساڵی(١٨٣٦ن) دا ژنەکەی لە لەندەن بیرەوەریەکانی ئەدات لە چاپ. میر لیوا خوا لێخۆشبو (بهاالدین نوری)یش لەساڵی (١٩٥١ن)دا گۆڕیویەتیە سەر عەرەبیو لە بەغداد لە چاپی داوە کە هەندێك لە بیرەوەریەکانی خاتو (ریچ)یشی تێدایە.

[2] لەژێر ناوی(رحله المنشئ البغدادی) دا واتا (گەشتی ئەلمونشیٔ ئەلبەغدادی) ( مونشیٔ) یش بە مانای سکرتێری ئەو سەردەمە دێ. (عەباس ئەلعەززاوی) یش ئەم بیرەوەریانەی بە پەراوێزێکی زۆرەوە وەرگێڕاوەتە سەر عەرەبی و مە ساڵی(١٩٤٨) دا بڵاوی کردۆتەوە.

بیرەوەریـــەکانیان دەربـــارەی نوســـیوەتەوە [1] . بـــەڵام بـــۆ خوێنـــدەوارە کوردەکـانی خۆشمـان کـە هاوچـەرخی ئەوانـە بـون، یـان پیـاوانی ئـاین بـون و هەمیشـە هـەر خـەریکی پـەراوێز نوسـینەوە بـون لەسـەر کتـێبی کـۆنو هـیچ بایـەخێکیان نـەداوە بـە روداوەکـانی دنیـای فـانی، یـان شـاعیر بـونو بـەزولفی خـاو و ئـەبرۆی کـەوانیو چـاوی بەخوماریانـدا هەڵـداوە. تـەنیا (سـالم) نـەبێت– وەك مـن بـزانم– چـەند شـیعرێکی هەیـە کەتێیـدا باسـی لەناوچـونی ئـەمارەتی بابـان ئـەکاتو نەهامـەتی کاربەدەسـتەکانی. جیاکردنـەوەی ئـەم شـاعیرەش لـەوانی تـر وردنوسـی سـەپاندویەتی ئـەگینا نـاتوانرێ ئـەو شـیعرانە بـەم بیرەوەریـە بدرێتـە قەڵـەم کەلـەم نوسـینەدا مەبەسـتمانەو نـە شـیعریش خۆی ئەو توانایەی هەیە کە بیرەوەری پێ بنوسرێتەوە.

هـەروەها خوێنـدەوارەکانی سـەردەمی شۆڕشـەکانی (مـەلیك محمـود)یـش کـە رۆشـنبیری ئەوسـا لەپێشـوتر بڵاوتـر بوبـوەوە، هەرچـەندە زۆربـەیان نـەك هـەر شـارەزایی، بـەڵکو بەشـداری تەواویشـیان بوبـو لـەو شۆڕشـانەدا کەچـی ئـەوانیش وەك پێشـینایان ئـەوەی بۆیـان بـەجێ هێشـتوین هـەر دەربـڕینی

---

[1] ناوبراوان بەم کتێبانە بیرەوەریەکانیان بڵاو کردۆتەوە دوای ئەوەی کە وەرگێڕاونەتە سەر عەرەبی: (جیمس بیل فریزەر)بە (رحلە فریزەر–گەشتی فریزەر)بغداد (١٩٦٤) (میجرسۆن) رحلە متنکر الی بلاد مابین النهرین وکردستان –گەشتی خۆدەرنەخەرێك لە وڵاتی بەینی دو روبارو کوردستاندا) بغداد (١٩٧٠). برایان (ونگرام) بە (مهد البشریە–کانگای مرۆڤ) بغداد (١٩٧١).(هێ) بە (سنتان فی کردستان –دوساڵ لە کوردستاندا) بغداد ١٩٧٣ (ئەدمۆندز) بە(کورد وتورك وعەرەب) بەغداد١٩٧١ (هاملتۆن) بە (طریق فی کردستان–ڕیگایەك بە کوردستاندا) بغداد١٩٧٣).

هەستی روتـی نیشـتمان پەروەریـە ئـەویش زۆربـەی زۆریـان بەشـیعر. تـەنیا شـاعیرێك كـە وەك (سـالم) شـیعرەكانی بـۆنی روداوەكـانی ئەوسـەردەمەی لـێ بێـت هـەر (ئەحمـەد بـەگی صـاحێقڕان)ە وە وەك مـن بـزانم ئـەو شـیعرانەش لـە دۆسـێ یـەك تـێ ناپـەڕن، لەوانـەی كـە شـاعیریش نـەبونو بیرەوەریـان نوسـیبێتەوە وەك مـن ئاگـاداربم تـەنیا خوالێخۆشـبو مامۆسـتا (رەفیـق حلمـی)و مامۆسـتا (احمـد خواجـا)و مامۆسـتا ئەحمـەد تـەقی ومامۆسـتا (رشـید كـریم)ە [1] كـە یەكـەمو سـێهەمیان پەیوەنـدی بـەڕوداوەكانی سـەردەمی شۆڕشـەكانی (شـێخ محمـود)ەوە هەیـەو سـێ یـەمیان بیرەوەرییـەكی تایبەتیـە. ئـیتر هـەروەك ئـەڵێن ئـاو بێنـەو دەسـت بشـۆ. بۆیـە مایـەی سـەر سـوڕمان نیـە كەهـەرچ سـەرپەتێكی مێـژومان بگریـت هەمیشـە هـەر رامـان ئەكێشیت بۆ ناو تاریكیو تەم و مژو ئەنجامەكەشی هەرونبونە.

بـیرەوەری نوسـینەوە وە نـەبێت شـتێكی تـازە بێـت. كـۆنترین بـیرەوەری كـە پەیوەنـدی بەكوردەواریمانـەوە هـەبێت بیرەوەریـەكانی سـەركردەو مێژونوسـی

---

[1] مامۆستا رفیق حلمی بیرەوەریەكانی لە ژێر ناوی (یاداشت)دا بەشەش بەرگ لەساڵانی (١٩٥٦) وە تا ساڵی ١٩٥٨ بڵاوكردۆتەوە. مامۆستا ئەحمەد خواجە لە ژێرناوی (چیم دی) بەسێ بەرگ لە ساڵانی (١٩٦٨) وە بۆ (١٩٧٠) بڵاوكردۆتەوە مامۆستا رەشید كریم لەژێر ناوی (بیرەوەری)دا لەساڵی (١٩٦٠)دا بڵاوكردۆتەوە. بەم بۆنەیەوە نوسەر بەپێویستی ئەزانێ كە سوپاسی كارگێڕانی كتێبخانەی گشتی سلێمانی بكات چونكە ئەگەر ئەوان نەبونایە نەمان ئەوتوانی ئەم زانینانە دەربارەی ئەم كتێبانەو هەمو ئەوانی تریش كە ناومان هێناون بخەینە رو.

یونـــانی بـــەناوبانگ (گـــەنزەفون)ە[1] کەلـــە ســـاڵی (٤٠١)ی بەرلـــەدایك بـــون واتـــا پـــێش (٢٤١٥) ســـاڵ لەمەوبـــەر بەکوردســـتانی عێراقـــدا تـــیّ پـــەڕیوەو بـــە (کـــوردۆ)ی ئـــازاو جـــەنگاوەر نـــاوی باوبـــاپیرە هـــەرە کونـــەکانمانی بـــردوە. ئـــیتر لەوکاتـــەوە هـــەتا ئـــەمڕۆ هـــەرهاتوەو بـــیرەوەری پـــەرەی ســـەندوە. پەڕادەیـــەك کـــە ئـــەتوانین ئـــەم ســـەردەمە بەرچـــەرخی زێـــڕینی بـــیرەوەری نوســـینەوە ناوبـــەرین چـــونکە هـــەر لەگـــەورە پیـــاوێکی وەك (غانـــدی) پێشـــەوای هینـــدو سیاســـەتمەدارێکی وەك ســـەرۆکی وەزیرانـــی ئینگلیـــزی بـــەناوبانگ (چەرچـــل)و ســـەرکردەیەکی ســـوپایی گـــەورەی وەك (جوکـــوف)ی روســـی لەجـــەنگی جیهـــانی دوهەمـــداو نوســـەرێکی هەڵکـــەوتوی وەك (ســـتیڤان زفـــایج)ی (نەمســـاوی) یـــەوە هـــەتا بـــۆرە پیاوێـــك بـــابڵێین وەك شـــەمەندەفەر لێخوڕێـــك کـــە کارەســـاتێك دێتـــەڕێ ی شـــەمەندەفەرەکەی وەیـــان تەنانـــەت تاوانکـــارێکی وەك (کاریـــل چیســـمان)یـــش هـــەمو بیرەوەریـــان ئەنوسنەوە سائیتر هی روداوێکی تایبەتی بێت یان هی هەمو ژیانیان.

بـــەم جـــۆرە مێژوئەنوســـرێتەوە لـــە کاتێکـــدا کەڕوئـــەدات نـــەك وەك جـــاران مێـــژونوس دانیشـــیّ بەمەزنـــدەی ئـــەقڵو بۆچـــونی خـــۆی وەك مەتـــەڵ روداوەکـــان بنێـــت بەیەکـــەوەو لێکـــی بداتـــەوە و لـــەزۆر جاریشـــدا باشـــی نـــەپێکێت، ئەمـــە جگـــە لـــەوەی زۆر جـــار ســـەدان روداو وپـــیّ هەڵســـەرەکانی لەبەرئەوەی تۆمارناکرێت بەتەواوی لەبیر ئەچنەوەو لەناوئەچن.

---

[1] ئەم بیرەوەریانە لەژێر ناوی کوردستان – شوێنی گەڕانەوەی دەهەزار یۆنانی لە (٤٠١)ی پێش میلاد دا گۆڕینی لە فارسیەوە بۆ کوردی (حسن فهمی جاف) هەروەها (ئەسعد سعدولله)ش لە ئینگلیزیەوە کردویەتی بەعەرەبیو لەساڵی ١٩٧٣ دا بلاوی کردۆتەوە.

میژونوسی ئەم سەردەمەی غەیری کورد هیچ ئەرکێکی ئەوتۆ ناکێشێت لە نوسینەوەیی مێژودا چونکە دەست بۆ هەرچ روداوێك رائەکێشیت جۆرەها (بەلگەنامە)و سەرچاوەی هەیە لەوانە دەیان بیرەوەری ئەوانەی بەشداریان کردوە. بۆ نمونە گەورەترین سەرچاوەی (ولیم شیرر) نوسەری کتێبی (پەیدابون و لەناوچونی رایخی سێهەم) [1] کەباسی جولانەوەی نازیخواکان ئەکات لە ئەلمانیادا، ئەو بیرەوەریانەیە کەبەشدارەکانی ئەو روداوانە نوسیویانەتەوەبۆ نمونە ئەگەر کۆبونەوەیەك بۆ بێت لەبەینی چوار سیاسیدا دوای کۆبونەوەکە وەك ئەو دەری ئەخات هەر چواریان بیرەوەریان دەربارەی ئەو کۆبونەوەیە و گفتو گۆو بڕیارەکان چی بوبێت نوسیویانەتەوە، بۆیە ناوبراو توانیویەتی سەعات بە سەعات رۆژ بە رۆژ مێژوی روداوەکانی ئەوسەردەمە بنوسێتەوە. بەلام وابزانم من لێرەدا زۆر سەرکەوتو نەبوبم لە هێنانەوەی ئەم نمونەیەدا چونکە تارادەیەك روداوەکانی شەڕی جیهانی دوهەم ئەتوانرێت بەمێژویەکی نزیك بدرێتە قەلەم وە ئەمان توانی روداوێکی دورتر لەوە بهێنمەوە بە نمونە بۆ ئەوەی بیسەلمێنم کە بەهەمان وردی ئەوان ئەتوانن مێژوی دورو نزیکیان بنوسنەوە.ئەویش هەروەك وتم زۆرتر بەهۆی نوسینەوەی بیرەوەریەوەیە بەلام لای خۆمان هەر ئەوەندە روداوە کە روی دا ئیتر وردە وردە دەست ئەکات بەکاڵ بونەوە تالە دواجاردا بەمردنی بێ هەڵسەرو بینەرەکانی بەتەواوی لەبیر ئەچنەوە هەروەك روی نەدابێ زۆرجار هەرناویشی

---

[1] ئەم پەڕاوە لەژێرناوی (تاريخ المانيا الهتلريه) بە عەرەبی دەست ئەکەویتو خیری حماد گۆڕیویەتی بۆ عەرەبی.

نـامێنیٚ، بۆیـه مـن وا ئـەزانم، وەلاٚم وابێـت بۆچونەکەشـم هەڵەنـەبێت، کـە مێـژوی ئـەمرۆو دوێنێمـان رونـاکتر نـەبیت لـەهی کونـەکانمان.لەوانەیـە هـەبێت بلیـت کـە نوسـینەوەی بـیرەوەری وەیـان کـەمی لەناوئێمـەدا بگەڕێتـەوە بـۆ کـەمی خوێنـدەواران‌و رۆشـنبیران. ئەمـە ئەگـەر تـا رادەیـەك راسـت بێـت هـەمو راسـتی نیـە چـونکە بـیرەوەری نوسـینەوە جـاریٚ کـارێکی ئـەدەبی ئـەوتۆ نیـە کـە هەرئیشـی نوسـەران بێـت‌و لەسـەدا نـەوەت‌و نـویٚ ئەوانـەی کـە بیرەوەریـان نوسـیوەتەوە دەرنەکەوتوە کە رۆژێك لە رۆژان بەرهەمێکی ئەدەبیان بوبێت.

بـیرەوەری، نوسـینەوەی روداوی راسـتەقینەیە بـەبیٚ وەزن‌و قافیـە یـان هـەرچ شـێوەیەکی تـری نوسـین ئەگـەر ئەوکەسـە لەتوانایـدا نـەبوبیٚ یـان خوێنـدەوار نـەبوبیٚ ئـەتوانی بـە خوێنـدەوارێکی کـەی بنوسـیتەوە بۆیـە لـە توانـای هـەمو کەسـێکدا هەیـە کـە هەڵسـیٚ بـە نوسـینەوەی ئـیتر بـا ئـەو نوسـینەوەیە شـەل‌و شکسـتیش بێـت لەوانەیـە نوسـینەوەیەکی وا رونـاکی بخاتـە سـەر یەشـێکی زۆر تـاریکی روداوێـك یـان سـەردەمێك. لـەم روەوە نمونەیـەکم دێتـە یـاد ئـەویش بیرەوەریـەکانی (یوسـف دیمـتری المقدسـی)یـە کـە مسـیحیەکی بازرگـان بـوە. ئـەم پیـاوە لـە بەغـداد لـە زەمـانی فـەرمانڕەوایی والـی (سـلێمان پاشـای گـەورە)دا ژیـاوە واتـا لـەدەورو بـەری سـالٚی (١٨٠٢)ز دا ئـەم پیـاوە هێناویـەتی روداوی رۆژانـەی نوسـیوەتەوە دەربـارەی ئـەو ئاشـوبانەی کـە روی داوە لـەو سـەردەمەدا بـە شـێوەی ناوبـازاڕ واتـا بەعـەرەبی جلفـەو وا دیـارە باشـیش ئـەو عەرەبییـەی نـەزانییوە چـونکە نوسـنەوەکەی پڕیـەتی لەهەڵـەی رێزمـان‌و تەنانـەت زۆر وشەشـی لـە روی ئـیملاوە بەهەڵـە نوسـیوە. دەسـا لەگـەڵ ئەوانەشـدا (د. علـی الـوردی) بەباشـترین سەرچـاوەی دائـەنیٚ بـۆ رونـاك

کردنـــەوەی روداوەکـــانی ئـــەو ســـەردەمەو لـــەزۆر شـــوێنی باســـی ئـــەو ســـەردەمەدا پشتی تەواو بەو بیرەوەریانە ئەبەستێ[1].

هـــۆی نەنوســـینەوەی بـــیرەوەری لـــەناو کـــوردە واریـــدا لـــە رابـــوردودا بـــەلای منـــەوە ئەگەڕێتـــەوە زۆرتـــر بـــۆ ئاشـــنا نـــەبونیان بـــەم جـــۆرە نوســـیینە ئـــەگینا لـــەروی نوســـینەوە بـــیرەوەری زۆر نوســـینەوەی ئاســـانترە لـــە شـــیعر نوســـین وە ئەگـــەر وانەبوایـــە ئـــەبو هـــیچ نەبوایـــە لـــە پـــاڵ ئـــەو هـــەمو دیوانـــە شـــیعرەدا کـــە بۆمـــان بـــەجێ مـــاوە دو بیرەوەریشـــی لەگەڵدا بوایـــە. باشـــە ئـــەوا وتمـــان لـــە رابـــوردودا ئاشـــنانەبون بەنوســـینەوەی بـــیرەوەری ئـــەی ئێســـتا کەنوســـەرو شـــاعیرو خوێنـــدەوارمان نیـــە جۆرەهـــا بـــیرەوەری بێگانـــەکان نەخوێنینـــەوە کەچـــی کـــە دەســـت ئەداتـــە قەڵـــەم یـــان شـــیعر ئەنوســـێ یـــان چـــیرۆك یـــان باســـێکی ئـــەکادیمی روت! لەکاتێکـدا زۆریـــان ئەگـــەر دروســـتکەری هەنـــدێك روداو نـــەبن بێگومـــان لەدیـــدارە نزیکـــەکانیانن وە ئەگـــەر هـــەر باســـی ئـــەو روداوانـــە بکـــەن زۆرتـــر لـــە دانیشـــتنی ســـەر مێزدایـــە وەك باقی مەزەکانی تر!.

بەڕاســـتی ئێـــوەش لەگەڵمـــدا نـــین کـــە ئەمـــە شـــتێکی ســـەیرە لەکاتێکـــدا کـــە رۆژبـــــە رۆژ نوســـــینەوەی بـــــیرەوەری پەرەئەســـــێنێت کەچـــــی لای ئێمـــــە بەرەونـــەمان بچـــێتو ئەگـــەر نـــەوەی پێشـــومان تـــاکو تەرایـــەك بیرەوەریـــان

---

[1] کتێبی (لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث) نوسینی د.علی الوردی بەشی یەکەم بغداد ١٩٦٩ لە لاپەڕەی (١٨٩و ١٩٧)ەوە بۆ (١٠٢) بەشی دوهەم ١٩٧١ لاپەڕەی (٢٠).

نوســیبێتەوە ئێســتا ئــەوەش وشــکایی هاتبێــت لەکاتێکــدا کــە ئــەوڕداوە گرنگانەی لەم دواییەدا رویان دا ئەوان بەخەویش نەیان دیوە.

بــۆ نوســینەوەی بــیرەوەری گرنگــە؟ واتــا بــۆ خــەڵکی دەرەوە بیرەوەریــە کانیــان ئەنوســنەوەو منــیش بــەم نوســراوە هــانی هەڵســان بــەو کــارە ئــەدەم؟. هــەروەك وتمــان بــیرەوەری بریتیــە لــە نوســینەوەی مێــژو لــەکاتێك دا کەڕوئــەدات. وەوابــزانم کەســیش نــەبێت کەســودی مێــژوی بــەلاوە ئاشــکرا نــەبێت. چــونکە هــەروەك مــرۆڤ لــە رابــوردو و بەســەرهاتو تــاقی کردنــەوەکانی خــۆیو خــەڵکی ســود وەرئــەگرێت بــۆ دوا رۆژیــش ئــاوا نەتــەوە لەمێــژوی دورو نزیکــەکانی پەندوەرئــەگرێت وە ئەگــەر هــاتو میللــەتێك شــارەزایی تــەواوی لــەرابوردوی نــەبێت واتــا ئەگــەر تــاقی کردنــەوەکانی نەنوســرێنەوە ئــەوا زۆر نزیکــە کــە هــەمو نەوەیــەکی بکەوێتــە هــەمان ئەوهەڵانــەوە کــە نــەوەکانی پێشــو تــیٚ ی کــەوتون، بــەلاّم مــن لــەم نوســینەوەیەمدا مەبەســتم لــەم ســودە بــابلّێین (کلاســیکی)یــەی مێــژو نیــە ئــەی کــام ســودی تریــان؟ بــیرەوەری لەبــەر ئــەوەی لــەو کاتــەدا ئەنوســرێتەوە کــە روداوەکــان گەرماوگــەرنو لەوانەیــە زۆرجــار ئــەو بیرەوەریانــە بکەونــە رو لەکاتێکــدا کەهێشــتان میللــەت لــەژێر تأســیری ئــەو روداوانەدایــەو ئەنجامــەکانی. بۆیــە دورنیــە کــە ئەوبیرەوەریانــە ئەمەنــدە کاربکەنــە ســەر بــیرو بــاوەڕو فــامی خــەڵکی کــە هەڵوێســتیان بەرامبــەر کەســێك یــان روداوێــك بگــۆڕن و بــەوە هەڵەیــەکی گــەورە راســت بکەنــەوە. بــەکورتی بــیرەوەری هۆیــەکی گەورەیــە بــۆ رۆشــن کردنــەوەی بەرچــاوی خــەڵکی و گەیانــدنی رای گشــتی لەکاتێکــدا کــە هێشــتان کــار لــەکار نــەترازاوە وەك مێــژو یــەك دێــڕ بنوســرێتەوەو هــەمو شــتێك تــەواو بوبێــت، وە ئەگــەر میللــەت لــەم سەرچــاوە گرنگــە بــیٚ بــەش بــو

ئــەوا هەریەکــە لەخۆیــەوە بــەبێ بنچــینە رایــەك بــۆ خــۆی دروســت ئــەکات دەربــارەی روداو دروســت گــەرەکانی. جــا لەبــەر ئــەوەی ئەورایــەش کوێرانــە دروســت بــوە زۆرجــار هەڵەدەرئەچــێتو بەمــە رایــەکی گشــتی نــەفامی نــەزان دروســت ئــەبێتو زۆرجــار زیــان لــەخۆی ئــەدات لەکاتێکــدا وا ئــەزانێ ســودی پــێ ئەگەیــەنێت مــن دڵنیــام کــە ئەگــەر خــەڵکی وەك ئەوکەســانەی کــە ئاگــای تــەواویان هەیــە لــەروداو شــارەزابن ناچــار ئــەبن کەچــاوێکی تــەواو بــەبیرو بــاوەڕو هەڵوێســتەکانیان دا بگێڕنــەوە چــونکە زۆرجــار بۆیــان دەرئەکــەوێت کەلــەو شوێنەی کەرەکە کەوتوە کوندەکە نەدراوە.

ئەمــە لەلایەکــەوە لەلایــەکی تــرەوە لەبــەر ئــەوەی لــە بیرەوەریــدا زۆرجــار باســی خــەڵکیو کــردارو هەڵوێســتو تەنانــەت رەوشــتی تایبەتیشــیان ئــەکرێت ئــیتر بەچــاك بێــت یــان خــراپ ئــەوا ئــەکات کــە هــەمو یــەکێکمان فــایلێکی بــەو بیرەوەریانــە بــۆ پەیــدا ببێــت و پشــتاو پشــت خــەڵکی بیخوێننــەوە جــا ئەگــەر چــاك بــو ئــەوا رەحمــەتو ئــەگینا نەعلــەتی بــۆ ئــەنێردرێ و کەئەمــەش زانــرا ئەوا زۆرکــەس ئــەو نەعلەتــە بــەخۆیو ئــەو شــان کــورتی یــە بــۆ ئەوانــەی لــەدوای بــەجێ ئــەمێنن رەوا نابینێــت و ئــەوەش ئــەبێت بــە جڵــەوێکی تــر بــۆ زۆر کــەس کــە خراپــەکاری بەبیریــدا گوزەنــەکات خــۆ ئەگــەر خــەڵکی چــوە ئــەوباوەڕەوە کــە هــیچ نیــە چــاکەو خراپــە تۆماربکــاتو هــەموی لــە گــۆمی زەمەنــەدا ون ئــەبێت، وەك لای خۆمــان، ئــەوا مەگــەر هــەر خــوا دەســتی بــەباڵی ئــەو کۆمەڵەوە بێت.

## ٢ – من و وەرزش

پـێش هــەمو شــتێ یــەك بــۆ ئــەوەی ببیتــە وەرزشــكارێكی ســەركەوتو و نــاودار، وەك هــەمو بزافێكــی تــری مــرۆڤ، تــەنیا خولیــاو حــەز پێكــردن بــەس نییــە. بــەڵكو ئــەبێ بــۆ وەرزش تەندروســتیت تــەواو بــێ. واتــا نــەخۆش و دەغەزار نەبی. چونكە وەرزش كاری مرۆڤی بە هێزو توانایە.

بـۆ وەرزش نـەك هـەر لەشسـاغی پێویسـتە بـەڵكو ئـەبێ ئـەو لەشـە گونجـاو و لەبارەشـت هـەبێ كـە جـۆری ئـەو وەرزشـەی حـەزی پـێ ئەكـەیت پێویسـتی پێیـەتی. بـۆ نمونـە ئەگـەر ناوقـەد باریـك و هەڵچـو بیـت ئەشـێ لـەبار بیـت بـۆ یارییـەكانی گۆڕپـان بـەڵام بـۆ یـاری ئاسـن ناشـێیت چـونكە ئـەو پێویسـتی بـە مرۆڤــی دامــەزراو چوارشــانە هەیــە. وەرزش وەك هــەمو بزافێكــی تــری مــرۆڤ هەمیشــە پیــاوی بــەهرەوەر ئەیباتــەوە واتــا تــەنیا لــەباری لــەش بــۆ وەرزش بـەس نییـە بـەڵكو ئـەبێ بەهرەیـەكی چاكیشـت لـەو وەرزشـەدا هـەبێ كـە حـەز ئەكەیت بیكەیت.

مـن نـەك هـەر لەشـی گونجـاوی وەرزشـم نـەبو بـەڵكو ئـەو چـەند یاریانـەش كــە بەشــداریم تیــادا كــردن دەری خســت ئــەوەی كــە پێــی بڵــێن بــەهرەو لێهاتوییـە لـە وەرزشـدا مـن نیمـە بۆیـە جێگـەی شـیاوی ئەوانـەی وەك مـنن هـەر ریــزی تەماشــاكەرانن. بۆیــە ئــەم بیرەوەریانــەی مــن هــی وەرزشــكارێك نییــە بەڵكو هی سەیركەرێكە.

***

ئــەوەی کــە زیــاتر بایــەخ ئــەدات بــەم بیرەوەریانــە کۆنیەکەیــەتی کــە ئەگەڕێتــەوە بـۆ زیـاتر لـە حـەفتا سـاڵ لەمەوبـەر واتـا بـۆ سـەرەتای ساڵەکانی چـل. ئــەو کاتــە مــن تەمــەنم (٥–٦) ســاڵ ئــەبو. بــۆ ســلێمانی ئەوســای دواکــەوتو کــە وەرزشــی کــەم و هــەوادارانی کــەمتر بــو باشــە چــۆن منــاڵێکی وەك ئەوســای مــن تێکــەڵ بــەو بزافــە بــوە؟ هــۆی ئــەوە ئەگەڕێتــەوە بــۆ بــرا گەورەکــەم کــە قوتــابی ســەرەتایی بــو لــە قوتابخانــەی (خالیــد)یــە لــە شــوێنی سـینەمای (دڵشـاد)ی ئێسـتاو لـە تیپـی تـۆپ و بالـەو باسـکەی قوتابخانەکـەدا بـو هــەرچ جارێــك یــاری بــەینی قوتابخانــەکان ئــەبو منیشــی بــۆ ســەیرکردن ئــەبرد لەگــەڵ خۆیــدا. بۆیــە مــن لەســەر تیپــی قوتابخانــەی خالیدیــە بــوم واتــا موشەجیعی ئەوان بوم لەبەر ئەوەی کاکمی تیادا بو.

ئـەو تیپـە زۆر خـەمی کـردە دڵـی منـەوە چـونکە لـە زۆربـەی یارییەکانـدا ئـەدۆڕا ئینجـا تـا مـرۆڤ منـداڵ و نـەفام بێـت ئەوەنـدە بـەو شـتانە خەفـەت ئەخوات یان کە بیبەنەوە دڵی خۆش ئەبێ.

جارێــك لــە یــاری تــۆپی پێــدا لــە قوتابخانەیــەکی بــردەوە ئــیتر کــەس نەچـوەوە بـۆ ماڵـەوە بـەڵکو چـون بـۆ قوتابخانـەو لـەوێ ئاهـەنگێکی بچـوکیان گێـڕا ئاهـەقیان نـەبو سـەرکەوتنیان کـەم بـە خۆیانـەوە دیبـو ئـیتر بـۆ خۆشـی ئەوە هەر باس ناکرێت[1].

---

[1] مامۆستای وەرزشی قوتابخانەی (خالید)یەی ئەو سەردەمە خوا لێخۆشبو نوری حمە امین ئاغا بو برای هونەرمەندی کۆچکردو فوئادی حمە امین ئاغا.

هەر لە دەستەی فێرکاری ئەو قوتابخانەیە لەو سەردەمەدا یونس تۆفیق بو کە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بو پیاوێکی زۆر دڵسۆز بو بۆ کارەکەی هەروەها خالید شەفیق بەگ برای سەعید بەگی

بۆچـی قوتابخانـەی خالیدیـە لـە بێبـەختی منـدا هەمیشـە دۆڕاو بـو؟ ئـەو کاتـە بایـەخی وەرزش و ڕۆڵـی گرنگـی لـە نـاو لاوان و کۆمـەڵگادا وەك ئێسـتا نـەزانراو بـو بۆیـە بەڕێوبەرایـەتی قوتابخانـەکان و لـە سـەرو هەموویانـەوە خالیدیە وەرزشیان بـە بەڵایـەك ئـەزانی کـە دانـراوە بـۆ ئـەوەی کـە قوتـابی لـە کۆشـش و خوێنـدن دور بخاتـەوەو بخلافـیٚ پێـوەی لـە دواییـدا لـە تاقیکردنـەوەدا دەرنەچـیٚ. چـونکە بـەلای ئەوانـەوە قوتـابی هـەر بـۆ خوێنـدن هاتۆتـە قوتابخانـە. لەبـەر ئـەوە قوتابخانـەی خالیدیـە چـی ئـەکرد؟ ئـەیهێنا زوربـەی وانـەی وەرزش و وێنـەی ئـەکرد بـە خوێنـدنی وانـەکانی تـر یـان لـە بـاتی پاشـنیوەڕۆیان بچـن لـە گۆڕەپانەکـەدا مەشـقی وەرزش بکـەن ئەیهێنانـەوە بـۆ خوێنـدنی دەرسـی زیـادە واتـا پتـەو کـردن چـونکە ئەبوایـە یەکـەمی ((لیـوا))، ئـەو کاتـە بـە پارێزگایـان ئـەوت لیـوا، لـە تاقیکردنـەوەی پـۆلی شەشـی (بەکەلۆریـدا) لـە خالیدیـە بوایـە. چـونکە بوبـو بـە بـاو هەمیشـە یـان بـە زۆری ئـەبو یەکـەمی بەکـەلۆری لیـوا هـەر قوتـابی خالیدیـە بوایـە. ئەگەر وا نەبوایە ئەوا ئەوسا هەستیان ئەکرد کە دۆڕاوی تەواون.

کـاکم لـە بـەکالۆری سـاڵی خوێنـدنی ١٩٤١-١٩٤٢ یەکـەمی لیـوای بـۆ قوتابخانـەی خالیدیـە بەدەسـت هێنـا. ئـەو برایـەم نـاوی (سـابیر بابـان) بـو هەمیشـە لـە قوتابخانـەدا بـە یەکـەم دەردەچـو. لـە سـاڵی ١٩٥١-١٩٥٢ کـۆلێجی ئەنـدازیاری لـە بەغـداد بـە سـەرکەوتویی تـەواو کـرد لـە سـاڵی ١٩٩٦دا کۆچـی دوایـی کـرد دوای ئـەوەی بـو بـە سـەر ئەنـدازیاراتی ڕێگاوبـان

---

تاپۆ هەر لەو دەستەیە مەجید سەعید مەشهور بە سەعە دزکوژو عبدالله افندی برای ئەحمەد فەخری واتا باوکی حاکم نەجات، دیسان عبد الله صدیق ئیتر ئەوانیکەم لە بیر نەماوە.

لەسـەرجەمی عێراقـدا بەڕاسـتی نمونەیـەکی بەرجەسـتەی خێزانەکـەمان بـو لـە کۆشش و کۆڵنەدان و دەستپاکی و لێهاتوییدا.

کـــە لـــە ســـاڵی ١٩٤٢–١٩٤٣دا چـــومە قوتابخانـــە خســـتمیانە قوتابخانـەی ((ئەیوبییـە)) کـە کـاکم چـوە ناوەنـدی و منـیش چـومە ئەیوبییـە ئـیتر بـوم بـە هانـدەری قوتابخانەکـەی خۆمـان لێـرە زیـاتر بایـەخیان ئـەدا بـە وەرزش بۆیـــە زۆربـــەی یاریـــەکانمان ئـــەبردەوە تەنانـــەت کاسیشـــمان وەر ئـەگرت. ئـیتر کـەمتر بـە دۆڕانـدن خەفـەتم ئـەخوارد منـداڵ و کـەم فـام زۆر دڵ گەرمـە بـۆ ئـەو شـتانەو سـنوری نییـە بـۆ خۆشـی و ناخۆشـی بـەڵام گـەورەی ڕۆشنبیر وای لێ دێت کە بۆ هیچ شتێك ئەو دڵگەرمە نەبێ.

***

ئـــەو ســـەردەمە تـــەنیا لانـــەی وەرزش قەتابخانـــەکان بـــون. ئەوســـا قوتابخانـە وەك ئێسـتا زۆر نـەبون لـە هـەمو سـلێمانیدا یـەك ناوەنـدی و یـەك دوا ناوەنـــدی هـــەبو قوتابخانـــە ســـەرەتاییەکانیش بریتـــی بـــون لـــە: غـــازی، فەیصەلییە، گۆیژە، کانێسکان، ئەیوبییە،عبدولئیلاه.

وەك ئێسـتا بـیری لێ ئەکەمـەوە مـیری لـەو سـەردەمە زوەدا کـە چـاوەڕوان نەئـەکرا زۆر بایـەخی بـە وەرزش ئـەدا بەتایبـەتی لـە جلوبـەرگ و کەرەسـەی یاریـدا. بـۆ نمونـە پـانتۆڵی کـورت فانیلـە پـیلاوی تـۆپی پـێ گـۆرەوی کراسـی یاری هـی هـەر یارییـەك جیـا بـو واتـا کراسـی تیپـی بالـە لـە هـی باسکە نەئەچو وە نە لە کراسی تیپی تۆپی پێ.

لـه کەرەسـەدا هـەمو قوتابخانەیـەك داری باسـکەو بالـەو مێـزی یـاری تـۆپی مێـز (تێبـل تێـنس) ئەوسـا وامـان پـێ ئـەوت. تانانـەت هێنـدێك کەرەسـە هـەبو لەبـەر نـەبونی کـادری ئـەو جـۆرە وەرزشـە هـەروا کـەوتبو بـەکار نەئـەهات وەك کەرەسـەی بۆکسـێن و جوملاسـتیك یـان هێنـدێکی بـەکار ئـەهات وەك بازنـەی ئـاگراوی کـە بـە سـەردا بـە ناویـدا بازیـان ئـەدا یـان کـەر، کـە بریتـی بـو لـە کیسـەیەکی لاکێشـی چـەرم ئـاخنرابو بـە لۆکـەو لەسـەر چـوار قـاچ دامـەزرابو و وەك دایماسۆن بازیان بەسەردا ئەدا[2].

***

ئـەو سـەردەمەش وەك ئێسـتا خـەڵکی هـەر کوشـتەی یـاری تـۆپی پـێ بـو. ئێسـتا کـە لـە هـیچ قوتابخانەیـەکی سـەرەتاییدا تیپـی تـۆپی پـێ نییـە ئـەو سـەردەمە لـە هـەمو قوتابخانەیەکـدا نـەك هـەر تیپێـك بـەڵکو دو تیـپ هـەبو! توخـوا ئەمـە سـەیر نییـە؟ عـەرەب وتـەنی (ئەگـەر هـۆ زانـرا ئـیتر سەرسـوڕمان نامێنێ).

لەوانەیـە وا بزانـرێ نـەبونی تیپـی تـۆپی پـێ لـە قوتابخانـە سـەرەتاییەکاندا لـەم سـەردەمەدا کەمتەرخەمییـە بـەڵام وا نییـە بـۆ؟ یـاری تـۆپی پـێ یارییـەکی گرانـە پێویسـتی بـە توانایـەکی زۆر هەیـە بـۆ ئـەوەی بەشـداری ئـەکات. قاچـی ماسـولکاوی بـەهێزی ئـەوێ بـۆ تێهەڵـدانی تۆپەکـە ئـەو کاتـە پێمـان ئـەوت (شـوت)

---

[2] دایماسۆن: یەکێك ئەنوشتایەوە ئەوانیتریش ڕیزیان ئەبەست یەك لە دوای یەك بەسەریدا بازیان ئەدا چۆن؟ کوڕیان ئەبەستەوە کە ئەگەیشتنە لای نوشتاوەکە هەردو دەستیان ئەخستە سەر پشتی و خۆیان هەڵئەدا هەردو قاچیان بڵاو ئەکردەوە بە سەریدا ئیتر دەپەڕینەوە.

هــەروەها كێشــێكی زۆر بــۆ ڕاكــردن باشــەكەی ئــەو توانایــە ئــەمڕۆ لــە قوتــابی ســەرەتاییدا هەیــە كــە زۆربــەی زۆریــان ســەردەمی ســەرەتایی تــەواو ئەكــەن لــە تەمــەنی ١٢-١٣ ســاڵیدان كــە هێشــتان ماســولكەكانیان بــە چــاكی نەشــونمای نەكردوە بەڵام ئەوسا وا نەبو.

وتم لــە هــەر قوتابخانەیــەكی ســەرەتاییدا دو تیپــی تــۆپی پــێ هــەبو تیپــی یەكــەم پێیــان ئــەوت (أولی) بــە عــەرەبی یــەعنی ســەرەتایی ئــەو تیپــە لــە قوتابییــەكانی پــۆلی یەكــەم تــا چــوارەم پێكــدەهات تیپــی دوەــەم لــە قوتابییــەكانی پــۆلی پێــنج و شــەش پێكــدەهات ئــەم دو تیپــە ســاڵانە لەگــەڵ تیپــی قوتابخانــەكانی تــردا لەســەر كــاس یاریــان ئــەكرد هــەر تیپــە لەگــەڵ ئــەو تیپانەی كە وەك خۆی بون.

بــۆ ئــەو كاتــە ئــەتوانرا دو تیپــی تــۆپی پــێ هــەبێ لــە قوتابخانەیــەكی ســەرەتاییدا؟ لــە كاتێكــدا كــە ژمــارەی قوتــابی زۆر كــەم بــو چــونكە كــەم خێــزان هــەبو كــە منــداڵ بنێرێتــە قوتابخانــە ئــەو كاتــەش منــداڵ ئەخرایــە حــوجرەوە لــەوێ قورئــانی پــیرۆزی رەوان ئــەكرد لەگــەڵ هێنــدێك شــیعری فارســی گوڵســتانی شــێخی ســەعدی ئــیتر دوای ئــەوە ئــەكرا بــە شــاگردی ســنعاتكارێ. جــا ئەگــەر هــەر بنێردرایەتــە قوتابخانــە ئــەوە دوای ئــەوە ئــەبو كــە حــوجرەی تــەواو ئــەكرد لــە هــەمو حاڵێكــدا منــداڵ پــێش تەمــەنی دە ســاڵی نــە ئەچــوە قوتابخانــە. مــن خــۆم پــێم نــابوە نــۆ ســاڵ كــە ســاڵی ١٩٤٢-١٩٤٣ چــومە قوتابخانــە وا بــزانم لــەو بڕوایــەوە بــو كــە منــداڵ تــا ڕادەیــەك گــەورە نــەبێ خوێنــدن ناچــێتە مێشــكییەوە بۆیــە كــە قوتــابی ئەگەیشــتە پــۆلی چــوار سمێڵــی بــۆر ئــەكرد خــۆ كــە ئەگەیشــتە پۆلی شەش پیاوێك بو!.

ئـەو كاتــە قوتــابی زۆر ئەمایــەوە چــونکە دەوروبــەر هــەروەها قوتابخانــەش لــەبار نــەبو بــۆ دەرچــون لەوانــە خێــزان هیچــی نەئــەزانی لــە کــەین و بــەینی قوتابخانــە و نــە یــەکێکی خوێنــدەواری تیــادا بــو تــا یارمــەتی قوتــابی بــدا لــە وانەکانیــدا یــان ڕێنمــایی بکــات بۆیــە قوتابییــەکانی پــۆلی کۆتــایی ســەرەتایی زۆربــەیان پیــاوی تــەواو بــون وە ئــەتوانم بــە دڵنیاییــەوە بڵــێم کــە قوتــابی کۆتــایی ســەرەتایی لــە تەمــەنی قوتــابی کۆتــایی دواناوەنــدی ئێســتادا بــون ئەگەر گەورەتریش نەبوبن.

مــن ئێســتا کــە یاریکــەرەکانی تــۆپی پێــی ئــەو ســەردەمەی قوتابخانــە ســەرەتاییەکان ئەهێنمــەوە بــەر دیــدەی خــەیاڵ وەك غــەفورەو عــەلی اسماعیــل و عمــر محــی الــدین قــازی و صــابر بابــان و عــەلی فــەقێ و حمــە صــاڵحی فــەقێ رشــیدو تۆمامیشــۆ و ســورێن لەوانــە بــون کــە شــان بنــێن بــە دیــوارەوە بیڕوخێــنن! ئــەوە بــوە هــۆی ئــەوەی کــە بتــوانرێ لــە هــەمو قوتابخانەیــەکی ســەرەتاییدا دو تیپــی تــۆپی پــێ هــەبێ جگــە لــە تیپــی تــۆپی پێــی قوتابخانــە ناوەنــدی و دوا ناوەنــدیی چــەند تیپێکــی تــۆپی پێــی تــر هــەبو وەکــو: تیپــی ســوپا چــونکە شــاری سلێمانی لــە مێــژەوە سەربازنشــین (معســکر)ێکــی لێبــوە کــە فــەوجێك عەســکەری تیــادا بــو لــەم دواییــەدا نــەبێ هەمیشــە عەســکەرەکانی کــورد بــون خــەڵکیش تیپێکیــان هــەبو نــاوی تیپــی (ئــەهالی) بــو لــە دوایشــدا قەســابەکانیش تیپێکیــان دامەزرانــد. ئــیتر لەمــەو دوا باســی یــاری تــۆپی ئــەو ســەردەمە ئەکــەم کــە زۆری لەگــەڵ یــاری ئــەم ســەردەمەدا جیــاواز بــو ئەگــەر تــا ڕادەیەکیش پێکەنین ئاوەر نەبێ.

***

هـەمو مەشـقێکی تیپـی تـۆپی پێـی ئـەو کاتـە لـە وانـەی وەرزشـدا یـان بـەر لــەوەی وەرزی یــاری قوتابخانــەکان دەســت پــێ بکــات ئەبرانــە یــەکێك لــە گۆڕەپانـەکان و لـەوێ یـاری یـەکگۆڵیان ئـەکرد یـان شـوتیان بـۆ گۆڵچییەکە لێ ئەدا ئیتر ئەوە هەمو مەشق و شارەزاییان بو.

لـە مامۆسـتا بەناوبانگـەکانی وەرزشـی ئـەو سـەردەمە: مامۆسـتایان صـالح علـی، نـوری حمـە أمـین أغـا، فـرج علـی لـەم دواییەشـدا مامۆسـتا عزیـز محمـد ئـەو کاتـە هێشـتان مامۆسـتای کـورد زۆر پێنەگەیشـتبون لەبـەر ئـەوە زۆربـەی مامۆسـتاکان عـەرەب بـون و هـەمویان مەگـەر بـە دەگمـەن تیانـا بـوبێ ئـەگینا خەڵکی شاری موصل بون.

لەوانـەیان کـە مامۆسـتای وەرزش بـون داود أفنـدی زۆر قەڵـەو بـو بـۆ هـەمو شـتێك بشـایە بـۆ وەرزش نەئەشـا غـانم أفنـدی کـوڕێکی زۆر قـۆزو جـوان بـو بـەڵام زۆر دڵـڕەق بـو شـەقازلەی لـە هـەر قوتابییـەك بدایـە کاسـی ئـەکرد. عبـد الحمیـد زۆر دڵنـەرم بـو بـە پێچـەوانەی زۆربـەی مامۆسـتای ئـەو سـەردەمەوە شـیك پـۆش بـو لـە هـەمو جۆرەکـانی وەرزشـدا لێهـاتو بـو هـەر زۆر زو فێـری زمـانی کـوردی بـو تێکـەڵی زۆر بـو لەگـەڵ دەوروپشـتیدا تـا بڵێـی خۆشەویسـت بـو لای قوتـابی بـە ڕاسـتی هـەر وەك ئـەڵێن "جـەنتڵ" بـو کـە لـە سـلێمانی گوێزرایـەوە دوای ٨–٩ سـاڵ بـۆ دەورەیـەك هـاتبو بـۆ سـلێمانی هـەر کـە بیسـتمان چـوین بـۆ لای. پێیـان وت کــە تــاقمێ قوتــابی هــاتون ئەیانــەوێت بتبیــنن! کــە هاتــە دەرەوە هــەمو دەسـتمان و شـی وتـی: ئـەبێ ببـورن– بـە عـەرەبی وتـی چـونکە کوردییەکـەی بـاش لـەبیر نـەمابو– مـن نـازانم ئێـوە کـێن؟ ئێمـەش خۆمـان پێشـکەش کـرد. هـەر کـە ناسـینییەوە یەکـە یەکـە ئەینوسـانینی بـە سـنگییەوەو ئـەیوت: توخـوا تـۆ

ئـەوی وا گـەورە بـوی لـە دواییـدا سـەری سـوڕما کـە ئێمـە بـە عـەرەبی قسـە ئەکـەین ئێمـەش وتمـان بـۆ نـە ئێمـە ئێسـتا قوتـابی چـواری دواناوەنـدین. وتمـان ئەمانـــەوێت بـــۆ نانخواردنێـــك بانگـــت بکـــەین وتـــی: زۆر حـــەز ئەکـــەم بـــەڵام بەرنامەکـەمان ئەوەنـدە چـڕو پـڕە نـاتوانین بـە هـیچ لایەکـدا بچـین. هـەر چـەندە ئەمـە لادانێـك بـو بـەڵام ویسـتم ئـەوە ڕابگەیـەنم کـە مامۆسـتای چـاك چـەند شـوێن لـە دڵـی قوتابیـدا بـەجێ دێڵـێ. دوای سـەرەتایی چـەندە جـار غانمـە أفنـدیمان ئـەدی لـە قـین زیاترمـان بـۆی نـەبو ئـەو سـەردەمە بـە هـۆی ئـەو مامۆسـتا عەرەبـە موصـڵاویانەوە چـەندەها سـرودی عـەرەبیمان لەبـەر بـو بـەڵام هـەر وەکـو تـوتی ئەمانوتـەوەو نـەمان ئـەزانی ماناکـەی چـییە! لەهـەمان کاتیشـدا مامۆسـتا دڵسـۆزە کوردەکانیشمان دەیان سرودی کوردی نشتمانی یان فێرکردبوین.

ئـەو سـەردەمە دو گۆڕەپـان هـەبو: گۆڕەپـانی قوتابخانـەی ناوەنـدی و دواناوەنـدی و لـە دواییـدا بـو بـە قوتابخانـەی (غـازی) سـەرەتایی کـە کەوتۆتـە پشـت خەسـتەخانەی منـداڵ بـونی ئێسـتاوە وا هەسـت ئەکـەم کـە بۆتـە بینـای ئیمێرجنسـی و کۆمـەڵی هونـەرە جوانـەکان و قوتابخانـەی شـێخ مـەحمود لەگـەڵ تـەیارە خانەکـە واتـا گـەڕەکی عـەقاری-شـۆڕش دوای ئـەوە بینـای ناوەنـدی و دواناوەنـدی سـلێمانی کـە لـە سـاڵی ١٩٤٩دا تـەواو بـو لـە گۆڕەپانەکەی ئەوێشدا یاری تۆپی پێ ئەکرا.

ئەو کاتـە لـە یـاری تـۆپی پێدا ئـەم پلانانـەی ئێسـتا نـەبو بـەڵکو هـەر بریتـی بـو لـە دورخسـتنەوەی تۆپەکـە لـە گـۆڵی خۆیـان و کردنـی بـە گـۆڵی ئەوبـەردا بـەبێ هـیچ هێڵکارییـەکی دەستنیشـانکراو بۆیـە ئـەم دیاردانـە هـەبون، شـوتی دور بـەرەو گـۆڵی ئـەولا ئـیتر چـونکە ئێمـەش نەشـارەزا بـوین کـێ شـوتی دوری

تێهەڵدایـە چـەپڵەمان بـۆ ئـەو لـە هـەموان زیـاتر لێ ئـەدا وە لەوانـەی کـە بـە شـوتی دور هاوێـژ ناوبـانگی دەرکردبـو عبـدالله ی عارەبانچـی بـو لـە تیپـی ئـەهالی عبـد الله هـەر ئیشـی عەرەبانـە لێخـوڕین بـو و ماڵیـان ئـەیروانی بەسـەر حەوشـی گـەورەی سەرشـەقامدا ئـەوێش گۆڕەپـانی یـاری تـۆپی پێـی خـەڵکی گەڕەکەکە بو ئیستا شوێنەکەی قوتابخانەیە.

ئـەو سـەردەمە وەك تیپێـك یـاری نەئـەکرا بـەڵکو هـەر کەسـە بـۆ خـۆی و بـۆ ناوبـانگی خـۆی یـاری ئـەکرد! سـەرکەوتن بـە لای یاریکـەرەوە ئـەوە نـەبو کـە تیپەکـەی بیباتـەوە بـەڵکو ئـەوە بـو کـە خـۆی گـۆڵ بکـات. لەبـەر ئـەوە دانـی تۆپەکـە بـە یـەکێکی کـە، کـە وەزعـی لـەبارتر بێـت بـۆ گـۆڵکردن ئـەمڕۆ کـارێکی ئاساییە کە یاریکەر نییـە نـەیکات بـەڵام ئـەو کاتـە ئـەوەی تۆپەکـەی پێبـو لـە دڵـی خۆیـدا ئـەیوت: مـن تـا ئێـرەم هێنـاوە ئێسـتا هـیچ ناکـەم تۆپەکـە ئـەدەم بـە یـەکێکی تـر کـە گۆڵەکـە بکـات؟! بۆیـە زۆرتـرین هەڵمـەتیان بـۆ سـەر گـۆڵ بـێ ئەنجام ئەبو.

ئـەو خۆپەرسـتییە لـە بـاتی تیپپەرسـتی دیـاردەی خـراپتری لێ کـەوتبوەوە وەکـو: هـەمومان ئـەزانین کـە بـەرگرەکان (مـدافع) ئەوپـەڕی ئەگـەر بگاتـە هێڵـی ناوەڕاست بـەڵام ئـەو کاتـە هـەر بـۆ ئـەوەی بڵـێن گـۆڵی کـردوە تۆپەکـەی ئـەفران بـەرەو گـۆڵی ئەوبـەر لـەمی دەر ئـەکرد لـەوی دەر ئـەکرد. ئـاخری بـەر لـەوەی بگاتـە گۆڵەکـە یـەکێك لێـی ئەسـەندو ناچـار لـۆژ لـۆژ ئەهاتـەوە بـەر گـۆڵی خۆیـان لـەم لاشـەوە گۆڵەکـە چـۆڵ ئـەبو دور نـەبو گۆڵێکیشـیان لێ نەکرێ.

ئـەو خۆپەرسـتییە زۆر هـەلی تـری لەدەسـت دابـو بـۆ نمونـە ئـەمڕۆ لێـدانی سـوچ (زاویـە) کـە ئـەو کاتـە پێمـان دەوت (کۆرنـاڵ) لـە بریتـی کۆرنـەر کـە وشـەیەکی ئینگلیزییـەو هـەر سـوچ ئەگەیـەنێ. بەقـەدەر لێـدانی سـزا ئـەو کاتـە پێمـان ئـەوت (پـەنارتی) مەترسـی بـۆ سـەر گـۆڵی ئەوبـەر هەیـە چـونکە ئێسـتا یاریکەرەکـە یەکسـەر بـۆ بـەردەم گـۆڵی لێ ئـەدا بۆیـە هـەر ئەوەنـدە بـەر سـەر یـان قاچـی یـەکێك لـە تیپەکـەی خـۆی بکـەوێ دور نییـە بچـێ بـە گۆڵـدا بـەڵام هـەر ئـەو خۆپەرسـتیە وای کردبـو کـە زۆربـەی هـەرە زۆری لێـدانی سـوچ بکەوێتـە پشـت گۆڵـەوەو بـە فـیڕۆ بـڕوات! بـۆ چـونکە ئەیویسـت قـەوس لێ بـدات و بیکـات بـە گۆڵـدا! وە لەبـەر ئـەوەی ئەوەنـدە لێهـاتو نـەبو بۆیـە ئـەو هەلە چاکە لە دەست تیپەکە دەچو.

هـەمومان ئـەزانین کـە گوێزانـەوە کـە ئـەو کاتـە پێمـان ئـەوت (پـاص) چـەند گرنگـە لـە یـاری تـۆپی پێـدا. یـەك-ئـەرك دابـەش ئـەبێ بەسـەر هەموانـدا دو-تۆپەکــە ئەچــێتە لای ئــەو یاریکــەرەی کــە بــارودۆخی لــەبارە ســێ-زوتــر تۆپەکـە ئەگاتــە لای گــۆڵی ئــەولا چــوار- ســەر لــە یاریکــەرانی ئــەولا تێـك ئــەدەیت و هــی تــریش بــەڵام ئــەو کاتــە پاصــدان هــەر زۆر عــەیب بــو یــان خودپەرسـتیەکە وای کردبـو کـە تۆپەکـە هـەر بـە یاریکـەرێك بـێ بۆیـە پـلان پیـادە نـە ئـەکراو هـەمو هـەر بـە دوی تۆپەکـەوە بـون. ئەگـەر ئـەو ڕۆژە تیپێـك بوایـە بـەم شـێوەیەی ئێسـتا یـاری بکردایـە واتـا بـە پێـی پـلان و خۆنەویسـت و پاصدان ئەوا هیچ تیپێك لێی نەئەبردەوە.

هــەمومان ئــەیزانین کــە گۆڵچــی چ دەورێکــی بــاڵای هەیــە لــە یــاری تــۆپی پێــدا و هــەمو کەســێك دارای ئــەو توانایانــەی نییــە کــە ئــەبێ لــە گۆڵچــی

هەڵکـــەوتودا هـــەبێ و چـــەند بەختـــەوەرە ئەگـــەر یـــەکێك ببێـــت بـــە گۆڵچـــی تیپێکـــی بـــەناوبانگ وەکـــو بارتایســـی فەڕەنســـی یـــان شـــومێخەری ئـــەڵمانی، سەڵتەچـی سـوری، یاشـین روسـی لێـرەدا ڕوداوێکـی ناسـۆرم دێتـەوە یـاد کـە شـەوێکی لـە یـەکێك لـە کەناڵـەکانی خۆمانـەوە نیشـانی دا لاوێکـم دی خـەڵکی سلێمانی گۆڵچـێتی ئـەکرد هـەر بـۆ نیشـاندان نـەك لـە یاریـدا ئـەو لاوە قاچـێکی بـەردرابۆوە لەگـەڵ ئەوەشـدا زوربـەی شـوتەکانی ئەگرتـەوە. لـە دواییـدا کـە قســـەیان لەگەڵـــدا کـــرد وتـــی مـــن هەڵبـــژێردرابوم بـــۆ گۆڵچـــی تیپـــی (زەورا)ی بەغـداو چـەند بـەو ئەنجامـە دڵخـۆش و سـەربەرز بوبـو کەچـی ناردبویـان بـۆ شـەڕی ئێـران—عێـراق و لـەوێ برینـدار ئـەبێ و قاچـی ئەبڕنـەوەو ئـەو دواڕۆژە ڕوناکەی لێ تاریك ئەکەن.

بـەڵام ئەوسـا کـەس بـە گۆڵچـێتی ڕازی نـە ئـەبو و بەلایانـەوە سـوکایەتی بـو و وایـان ئـەزانی یاریکـەری گـرنگ هـەر هەڵمەتبـەرو بەرگرەکانـە یـان ئەوانـەی کـە گـۆڵ ئەکـەن نـەك گـۆڵی لێ بکـرێ! لـە گۆڵچـییە بەناوبانگـەکانی ئـەو سـەردەمە: علـی اسماعیـل، عبـدالله سەرشـەقامی بـو زەرعاتیـان لـە جولـەکان ئـەکرد زۆر بـە توانـا بـو زۆرتـر بـە دەسـت لـە تۆپەکـەی ئەدایـەوە وەك یـاری بالـە وەك لـەوەی بیگـرێ کـە لـە تۆپەکەشـی ئـەدا بەقـەدەر نیمچـە شـوتێك تۆپەکـەی دور ئەخسـتەوە لـەم چـەند سـاڵەی دواییـەدا کـە لـە کـاتی خـۆی ئەتوت پایەیە نەخۆش، لاواز بە گۆچان ئەڕۆیشت. ئای دنیا!.

زۆر جـاری وا هـەبو گۆڵچـیەکە کـە تیپەکـەیان گـۆڵی نەئـەکرد یـان گـۆڵی لێکرابـو تـوڕە ئـەبو و کراسـەکەی دائەکەنـدو ئـەیکرد بـە بـەری یـەکێك لـە بەرگرەکانداو خۆی ئەچو بۆ هەڵمەت و هێرش بردن!.

جـارێکی هــەر ئــەو کـاك عبـدالله یــە شـوتێکی گـۆڵی لێـدا (زەربــەت مــەرما) دای بـە پشـتی بەرگرەکـەی خۆیانـدا کـە نـاوی (ارکـان) بـو بـرای مامۆسـتا عزیـز محمد بو سەیرەکە لەوەدا بو تۆپەکە گەڕایەوەو بو بە گۆڵ! !.

* * *

ئــەو ســەردەمە خــەڵکی وەك ئــەمڕۆ شارســتانی و نــەرم و نیــان نــەبو زۆر توندو تیژ بـون لـە سـەیراندا لـە جەژنـدا لـە شـاییدا زۆر شـەڕ ئەقـەوما لـە بـەینی پـۆلیس و عەسـکەردا لـە بـەینی ئـەوان و ئەهالیـدا لـە بـەینی ئـەهالی خۆیانـدا بـۆ نمونــە دو گــەنج لــە شــاییەکدا بچــونایەتە تەنیشــت یەکــەوە ئــیتر ئــەبو بکرایـە بـە شـەڕە شـان! ئـەو تونـدو تیژییـە گۆڕەپـانی یاریشـی گرتبـوەوە. بـە تایبەتی لە یاری تۆپی پێدا کە ئەو کاتە پێمان ئەوت فتبۆڵێن.

کـەم یـاری هــەبو قـاچ و قـۆڵی تیـا نەشـکێ سـا یـا بـە ئەنقەسـت یـان لـە ناشـێتییەوە جـا ئەگـەر یـەکێك بـە چـوار دەسـتە بهاتایەتـە دەرەوە ئـەوا ئـەبو یـەکێکی تـریش لـە تیپـی ئـەولا بـەو دەردە ببرێـت. جـاری وا هــەبو تـۆپ دور کەوتبوەوە بەڵام دو یاریکەر هێشتان هەر شەڕە شانیان بو!.

وابـزانم ئــەو کاتــە ئــەو کردارانــە سـزایان نـەبو چـونکە لـە یـادم نییــە کـە کـارتی زەردو سـور هــەبوبێ. تــەنیا دو سـزا هــەبو: ئــەویش ئـەو کاتـە بـو کـە تۆپەکـە بیدایـە لـە دەسـتی یاریکـەرو پێیـان ئـەوت: هــەمبۆل واتـا Hand ballیـەعنی تۆپەکـە داویـە لـە دەسـت وە ئەگـەر لـەناو هێڵــی جـەزادا بوایـە ئەوا ئەبو بە پەنارتی و واتا زەربەت جەزا.

ئــەو دو تیپــەی کــە زۆر زبــرو شــەڕەنگێز بــون لــە هــەموان زیــاتر تیپــی جــەیش و ئــەهالی بــو. ئــیتر کــە ئەکەوتنــە یــەك نــەعوزوبیلا شــەیتانیش نــەوەك شەقی بەرکەوێت توخنی ساحەکە نەئەبووەوە.

جــارێکی هــەر ئــەو دو تیپــە بەرامبــەر بــوەوە و ئەشــبو لایــەك بیباتــەوەو خــەڵکیش دەســتی بەســەر دڵیــەوە بــو کــە نەقــەومێ، چــونکەئەگەر بقەومایــە شـــەڕەکە هـــەر بـــە دو تیپەکـــەوە نەدەوەســـتا ئەچـــو بـــۆ ســـەیرکەرانی هــەردولاش عەســکەر لەســەر عەســکەرو ئــەهالی لەســەر ئــەهالی ئــەکردەوە لــە دوا دەقیقــەی یاریەکــەدا تۆپێــك بەســەر گۆڵەکــەدا ڕۆیشــت حەکــەم فیکــەی لێــداو وتــی: گــۆڵ! هەرچــەندە هاواریــان کــرد ســودی نــەبو هەرکەلەســەر خــەتی ناوەڕاستدا لە تۆپەکە درا فیکەی لێدا وتی تەواو کات بڕایەوە!.

مامۆســـتاکانی وەرزش دوای تـــەواو بـــونی یاریەکـــە بـــە حەکەمەکـــەیان وت: ئــەزانی ئێمــە لــە نزیــك گۆڵەکــەوە بــوین تۆپەکــە بەســـەر گۆڵەکــەدا ڕۆیشــت. حەکەمەکــە وتــی: بــۆ مــن نــەم ئــەزانی. کاکــە گیــان کــات لــە تەواوبونــدا بــو هــەر وەك یەکبونایــەو ئــەبوایا جــارێکیتر یــاری بکرایاتــەوە. دڵنیــام کــە ئــەم جــارە ئەقــەوما، بــرام مــن خــوێنێکم کوژاندۆتــەوە!! بــۆ نەئــەزانرا زۆر جــار گــۆڵ بــوە یــان نــەبوە؟ لەبــەر دو هــۆ: یــەکێکیان گۆڵــەکان تــۆڕی پێــوە نــەبو دوهــەمیان حەکەمــەکان وەك ئێســتا ناوقــەد باریــك و لــەش ســوك نــەبون کــە ئــەوانیش لەگــەڵ تۆپەکــەدا ڕاکــەن جــاری وا هــەبو حەکــەم لــە گــۆڵی ئەمبــەر بــو تــۆپ لــە گــۆڵی ئەوبــەر. ئــەو زەمانەیــە نە کاتی زیادە هەبو وە نە لێدانی تۆپی تەرجیحی یان من بیرم نەماوە.

* * *

زۆر ڕوداوی ســەیرو پێکــەنیناوی لــە کــاتی تــۆپی پێــدا ئــەبینرا کــە ئــەمڕۆ بــاوی نــەماوەو مایــەی ســەر ســوڕمانە بــۆ نمونــە هــەر کــە تۆپەکــە لــە گــۆڵ دور ئەکەوتــەوە ئــیتر مودافیــع و گۆڵچــی چوارمشــقی لێــی دائەنیشــتن وە ئەگــەر لــە پشــت گۆڵەکــەوە یــان لــەملاو لایــەوە هــاوڕێ و دۆســتیان بوایــە ئــەوا نــەختێك دەمــە تەقێشــیان ئــەکرد جــارو بــاریش قومیــان لــە جگــەرەکانیان ئــەدا واتــا جگـــەرەی ئـــەو ناســـیاوانە ئەگـــەر مودافیـــع و گۆڵچـــییەکان جگـــەرەکێش بونایــە ! مــن ئەمــەم لــە (مامــە ڕەشــە) دیــوە کــە مــودافیعیکی بــاش بــو بــۆ ئەوسەردەمە.

هێنــدێك جــار یاریکــەر لــە تۆپێنــدا بوایــە یــان باســکەو بالــە مــانی ئــەگرت ئەمــە چییە مامۆســتای وەرزش شــتێکی وتــوە کــە ئــەوی دڵگیر کــردوە ئــیتر لــە جێــی خـــۆی ئەچـــەقی و هەرچـــەندە تۆپەکـــەش بەلایـــدا بڕۆشـــتایە خـــۆی تێنەئەگەیانــد ! مامۆســتای وەرزشــیش لــە دەرەوەی ســاحەکە. چــونکە بــۆی نــەبو بچــێتە ژورەوە لێــوی ئەکرۆشــت و بــە دەنگــی نــزم بــۆ ئــەوەی هــەمو کــەس گــوێی لێ نــەبێ جنێــوی پــێ ئــەداو هەڕەشــەی لێ ئــەکرد بــەڵام ئــەو هــەر وەك مێشــیش میــوانی نــەبێ وابــو ! . بــەوەدا ئــەڵێم وابــزانم ئــەو کاتــە یــاریزان گــۆڕین نــەبوبێت ئــەگینا ئــەیتوانی مامۆســتای وەرزش بیگــۆڕێ یــان یاریکــەری زیادەی نەبو.

* * *

لــە هــەموان ســەیرتر ئێمــەی ســەیرکەر بــوین. ئــەو کاتــە شــوێنی ســەیرکردن وەك ئێســتا نــەبو لــە (مەدرەجــەوە) بڕوانینــە گۆڕەپانەکــە. ڕیــزی پێشــەوە لــە

دوای خــەتی گۆڕەپانەکــەوە دائەنیشــتن بــۆ ئــەوەی کــە زو بهاتایــەو جێگــەی بگرتایە ئەوەی دوای ئەوان بهاتایە ئەبو لە دواوە بە پێوە ڕابوەستایە.

ئەمــە لــە ئــەوەڵی یاریەکــەوە ئــیتر هــەر ئــەهات و مــل درێــژ ئــەکراو ئەهاتنــە پێشــەوە تــا وای لێ ئــەهات ســێیەکی گۆڕەپانەکــە نەئەمایــەوە ئــیتر ئــەوە هــەر ئەبرانە دواوەو ئەهاتنەوە پێشەوە.

لــەوە ســەیرتر ئــەو ســەیرکەرانەی کــە تیپەکــەیان بــە گــۆڵ لــە پێشــەوە بــو بــە تایبــەتی ئەگــەر یارییەکــە بــەرەو کۆتــایی بڕۆشــتایە هــەر ئەوەنــدە تۆپەکــە بکەوتایەتــە ئاوتــەوە واتــا دەرەوەی ســاحەکە ئــیتر هەڵنەئەدرایــەوە نــاوەوە بــەڵکو هانــدەری تیپەکــەی کــە گــۆڵی زۆرتــر بــو بــۆ ئــەوەی کــات بەســەر بچــێ تۆپەکــەیان ئــەفڕان و هانــدەری تیپــی دۆڕاویــش شــوێنیان ئەکــەوتن تــا تۆپەکــە بگێڕنەوە ئیتر ئــەبو بــە شــتێکی وا کــە لــە تــۆپێنی ئــەمریکی بچــێ! وابــزانم ئــەو کاتــە هێشــتان مــۆدەی کــاتی لەناوچــو و وەســتانی ســەعات لــە لایــەن حەکەمــەوە نــەزانرابو. ئــەقڵیش بــەوە نەئەشــکا کــە تــۆپێکیتر دابەزێننــە ساحەوە ئەگەر ئەوە بکرایە ئەوا ئەو فڕان فڕانە نەئەبو.

بــۆ مێــژوی وەرزش لــە ســلێمانیدا ئــەڵێم کــە لــەو زەمانەیــەدا ڕێکــەوتم نــەکردبو شــەڕو پێکــدان لــە بــەینی هاندەرانــدا ڕو بــدات و وەك بــزانم ئێســتاش نییە یان زۆر کەمە ئەمە دیاردەیەکی شارستانی بەرزە ئەبێ بیپارێزین.

وتم ئــەو کاتــە ئــەم شــارەزاییو تەکنیکــەی ئێســتا نــەبو ئــەوەی هــەبو هــەر لـــە تۆپەکـــە هەڵـــدەن و دوری بخەنـــەوە لـــە گـــۆڵی خۆیـــان تەنانـــەت یاریکــەرەکانیش ئــەو شــارەزاییەیان نــەبو لــە یاســاکانی یاریــدا بــۆ نمونــە مــن

نـەم ئـەزانی دزە (تەسـەللول) چـییە ئـەو کاتـە پێیـان ئـەوت (ئاوسـاید بـەگ) ئـەو پرسـیارەم لـە یاریکـەرێکی ئـەو سـەردەمە کـرد کـە هەڵبـژاردە بـو لـە وەڵامدا پێکەنی و وتی: بەخوا منیش هەر ئەوەندەی تۆی ئەزانم!.

* * *


باسـکەو بالـەو فوتبـۆڵێن تـەنیا جموجـۆڵی وەرزشـیی نـەبو. جـۆرە ڕاکردنێکیش هەبو پێیان ئەوت ڕاکردنی (زاحی یە).

(زاحـی یـە) وشـەیەکی عـەرەبی بـو بـە مانـای دەرەوەی شـار چـونکە ڕاکردنەکـە لـە دەرەوەی شـار دەسـتی پـێ ئـەکردو لـە نـاو شـاردا کۆتـایی ئـەهات. دەرەوەکـەش دوڕییـانی سـلێمانی بـەکرەجۆ بـو کـە ٢٠-٣٠ مەترێك ئەکەوتە سەرو باخی بەختیارییەوە.

لەدەرسـی دوهەمـدا ئەوەنـدەمان زانـی مامۆسـتای زمـانی ئینگلیـزی (ئیسـتیفان)ە ئەفەنـدی بـە شـپرزەیی هاتـە ژورەوەکـەی ئێمـەو بـە هەناسـەبڕکێوە بـۆ مامۆسـتا (غـانم) افنـدی گێڕایـەوە کـە چـۆن لـە شـوێنی چـاوەڕوانی گەیشـتنی ڕاکـەرەکان بـوە لـە نـاو شـاردا لەگـەڵ مامۆسـتای قوتابخانـەکانی تـردا دیمـان وا ڕاکـەرێك هـەر زۆر پـێش ڕاکـەرەکان کـەوتوە کراسـێکی شـینی لەبەردایـە وەك بـا بـەرەو ئـەوان دێـت. بـە (غـانم)ە ئەفەنـدی وت. بڵێ کێ بو؟ وتی کێ بو؟ وتی محەمەد کاکە بو!

ئـيتر هـەر ئەوەنـدە بـڵاو بـوەوە کـە یەکـەمی زاحـی یـە لـە مەکتـەبی ئێمـە دەرچـــوە بـــو بـــە هـــاوارو شـــایی هەڵپەڕکێیـــەك ســـەگ ســـاحیبی خـــۆی نەئەناسییەوە.

دەرکـەوتنی ئـەو بەهرەیـە لـە محمـد کاکـــەدا بـــو بـــە خێـــرو بەســـەر قوتابخانەکەمانـــدا ڕژا. چـــونکە لـــە ئیســـتیعرازی ســـاڵانەدا کـــە هـــەمو قوتابخانـــەکان بەشـــداریان ئـــەکرد بـــۆ هـــەمو ڕاکردنـــەکان کـــورت و درێـــژ هـــەر ئـــەویان دائەبـــەزان و لـــە هەموشـــیدا هـــەر یەکـەم ئـەبو هێشـتان لـە ڕاکردنـی سـەد مـەتری نەحەسـابوەوە بـۆ پێـنج سـەد مـەتری بـانگ ئـەکراو بـەو شـێوەیە. لـە ئەنجامـدا محمـد کاکـە لـە وەرزشـەوە بـــەرەو هونـــەری شـــێوەکاری ڕۆیشـــت ئێســـتا مامۆســـتای ئـــەو هونەرەیـــە لـــە قوتابخانـــەدا ماوەیـــەکی کـــەم لەمـــەو بـــەر پێشانگایەکی کردەوە.



محەمەد کاکە لە سەردەمی بیرەوەریەکاندا

محمـد کاکـە، خزمێکـی دورم بـو، لـە گەڕەکێکیشـدا بـوین و هەردوکیشـمان لـە قوتابخانـەی سـەرەتایی ئەیوبییـە لـە یـەك پۆلـدا بـوین. محمـد وەکـو بـە گـەورەیی لـە دایـك بوبـێ وابـو! ئـارام، کەمـدو پاکوتـەمیز دەنگـی هەڵنـەبڕی ئـەو هـەمو سـەرکەوتنەی بەدەسـت ئـەهێنا کەچـی ڕۆژێـك خـۆ هەڵکێشـانێك

یـان لوتبەرزییـەکم لێ نـەدی بـە ڕاسـتی لـە منداڵیـدا و بـە گـەورەییش نمونـەیی بو.

پـێش ماوەیـەك لـە دورەوە دیـم ئەڕۆیشـت. لـە ئـەنجامی نەخۆشـی فەقەراتـەوە ئەوەنـدە نوشـتابۆوە خـەریك بـو لـوتی بـدات لـە زەوی. ئـەو کورەی کەرای ئەکرد وەکو تەیر ئەفری!

مـادام باسـی ئیسـتیعراز هاتـە پێشـەوە بـا نـەختێکیش باسـی ئـەو بکـەین چونکە ئەویش دەورێکی باڵای هەبو لە پرۆسەی وەرزشدا.

* * *

هـەمو سـاڵێك لـە بارانبڕانـدا (ئیسـتیعراز) ئـەکرا بـە کـوردی یـەعنی پیشـاندان بـە بەشـداربونی هـەمو قوتابخانـەکان بـە سـەرەتایی و ناوەنـدیی و دواناوەندییەوە بەشداریان ئەکرد.

لـە دو شـوێن ئـەکرا لـە تـەیارە خانەکـە کـە ئێسـتا پێـی ئـەڵێن گـەڕەکی شـۆڕش (عـەقاری) کـەمتریش لـەو تەختاییـەی کـە ئێسـتا پێـی ئـەڵێن سـانەوی سلێمانی پێش دروستکردنی لە کۆتایی چلەکانو سەرەتای پەنجاکان.

یارییـە هـەرە گرنگـەکان: ڕاکـردن بـە هـەمو دوریەکانیـەوە، بـازی پـان (یـەك بازو و سێ بـاز) بـازی بـەرزو بـاز بـە زانـا ئـەم نـاوە لـەو دارەوە هـاتوە کـە پێـی هەڵئەچـن کـە لـە درەختێکەوەیـە پێـی ئـەڵێن درەختـی زان. هـەروەها گوریسکێشـەکێ. کورسـی کورسـی ڕۆیشـتن بەسـەر دەسـت یـان دوپشـکی واتـا ڕۆیشـتن بەسـەر قـاچ و دەسـتدا بـە هەڵگـەڕاوەیی. بەریـد هێنـدێك یـاری جوملاسـیك وەك بـازدان بەسـەر کـەرداو بازنـەی گـڕاوی. هەڵـدانی ڕم و سـوقل

(تۆپێکی ئاسنین بو) هەڵدانی قورس کە پانێکی خڕ بو لە تەختەیەکی پتەو دروست کرابو دەورەکەی بە ئاسنێکی زەرد پێچرابو.ساڵێکی کاکم ((صابر بابان)) لە فڕێدانی قورسدا بە یەکەم دەرچو ئەو وەك من لاواز نەبو دارو باری ئەستورو کەڵەگەت بو کە بەیانی ڕۆیشت دایکم پێی وت: سابیر ئەوەی بچێ بۆ ئەم وەرزش و پێشبڕکێیانە ئەبێ گورچکی پڕ بێ واتا تێر خواردنی چەورو باشی خواردبێ. ئەو زەمانەیە باوی قاورمە بو. قاورمەی گۆشت نەك قاورمەی نۆك پایزان دو بەرانیان سەر ئەبڕی و گۆشتەکەیان سور ئەکردەوەو لە کوپەدا هەڵیان ئەگرت و زستان ئەخورا. دایکم هەر بە قاورمەکەوە نەوەستا هێنای دو هێلکەشی بۆ تێجڵقان کە خواردی بە سوعبەتەوە پێی وت: دە خوام لەو خوایە ئەگەر بێ مەدالیا بێیتەوە!

ئەو سەردەمەش وەك ئێستا مەدالیا بە موجەسەمی جۆری یارییەکەی تیادا بو بۆ نمونە مەدالیاکەی کاکم شێوەی وەرزشکارێکی تیادا بو لە کاتی قورس فڕێداندا. هەمو جارێك کە کاکم ئەیوت: مەدالیام بردۆتەوە دایکم ئەیوت: هێلکەو قاورمەکەی من بردویتیەوە کاکم زۆر مەدالیای هەبو دایکم ئەیوت کە مندالی بو هەموی ئەکەم بە بێشکەی منداڵەکەیەوە شۆڕ بێتەوەو کە ڕاژەنرا زرینگو هوری بێ. بەڵام هەموی فەوتا ئەو کاتە بایەخی ئەو جۆرە شتانە وەك ئێستا نە ئەزانرا ئەگینا ئەو مەدالیایانە ئێستا نرخێکی مێژویی گەورەی ئەبو.

دو یاریشـــیان ئـــەکرد بـــۆ جـــوانی یـــەکێکیان: یـــاری ســـویدی کـــە هـــەر بەشدارێك دو ئـالآی پـێ بـو سـەوزو سـور ئـەوی تریـان هـەرەمیان پـی ئـەوت کـە چونە سەر پشتی یەکتری و جۆرەها شێوەی جوانیان پێك ئەهێنا.

یارییـــەکی تـــریش هـــەبو بـــۆ پێکـــەنین پێیـــان ئـــەوت: شـــەڕە تورەکـــە کـــە بریتـی بـو لـە دیرەگێـك بەسـەر چـالێکدا بـە بـەرزی مـەترێك ڕاکێشـرابو چـالەکە کـە قـوڵی دو پـێ ئـەبو پـڕی بـو لـە ئـاو دیرەگەکـەش چـەور کرابـو بـۆ ئـەوەی لـوس و خـز بـێ دو یاریکـەر هـەمو جـارێ ئەچـونە سـەری و لەسـەر دیرەگەکـە دائەنیشـــتن و قاچـــیان بـــەملاو لایـــدا شـــۆڕ ئـــەکردەوەو هەریەکەشـــیان تورەکەیـەکیان پـێ بـو کـە بـە کائـاخنرابو و ئـیتر هـەر ئەوەنـدە فیکـە لێ ئـەدرا بـە تورەکـە ئەکەوتنـە گیـانی یـەکتری و ئـەوی بکەوتایەتـە خـوارەوە بـۆ نـاو ئاوەکـە دۆڕابـو. ئینجـا خۆشـییەکەی لـە چیدا بـو؟ هـی وا هـەبو کـە سـواری دیرەگەکـە ئـەبو لەبـەر ئـەوەی لـوس بـو هێشـتا فیکـە لێ نـەدرابو تـا شـەڕە تورەکـە دەسـت پـێ بکـا ئەکەوتـە نـاو ئاوەکـەوە یـان تورەکـەی ڕاسـت ئـەکردەوە کـە بیسـرەوێنێتە ئـەویتر خـۆی لاسـەنگ ئـەبو ئەکەوتـە چـالە ئاوەکـەی ژێـریو خەلکەکـە پـێ ی پێئەکـەنیو جۆرەهـا پێشـبڕکێی تـر وەك هێلکـەو کەوچـك ئـەمیان هێلکەیـەکیان ئـەکوڵانو ئەیانخسـتە نـاو کەوچـکێکی چێشـتەوە بـەدەم ئـەیانگرتو ئـیتر رایـان ئـەکرد ئەگـەر هێلکەکـە بکەوتایـە دۆرابویـت و ئەگـەر پـێش هـەموان بگەیشـتیتایە و نەتهێشـتایە هێلکەکـەش بکـەوێ ئـەوە یەکـەم بویـت. هـەروەها ڕاکردنـی نـاو گونیـە: گونیەکـە تـا پشـتێنە هەڵئـەکراو ئـیتر ڕایانئـەکرد هـەبو بـەبازدان هـەبو بـەڕاکردن بـەلآم زۆربەیان ئەکەوتن.

هـەر لـەو يارييـە دڵخۆشـكەرانە: جـل لەبـەر كـردن بـو. جلـەكان هـەموى لـە يـەك بـون ئـازا ئـەوە بـو كـە لـە پـێش هەموانـدا جلـەكانى بدۆزێتـەوەو لەبـەرى بكـات. ئـەوەى كـە ئيشـەكەى دژوار ئـەكرد ئـەوە بـو كـە ياريكەرەكـە ئـەيزانى پارچە جلەكەهى ئەو نييە هەتا دەست ئەيتوانى تورى ئەدا!

يارييـەكى تـريش هـەبو هـەر بـۆ پێكـەنين ئـەوە بـو كـە بـەدەم لـە نـاو تەشـتێك ئـارددا پـارە بدۆزێتـەو! ئـەوە واى ئـەكرد كـە هـەمو دەموچـاوى ببـێ بە ئاردو هەر كونى چاوى بەدەرەوە بێ و خەڵكەكە پێبكەنێ.

ئـــەوەى شـــايەنى باســـە دەربـــارەى ئيســـتيعراز لەبـــەر ئـــەوەى (مەعەسـكەر)ێكـى هەميشـەيى هـەبو لـە سـلێملنيدا ئـەوانيش هێنـدێك جـار ئيسـتيعرازيان ئـەكرد ئـەوان جگـە لـەو ياريانـەى باسمـان كـرد هێنـدێك جموجـۆڵى (مـەغاويرى) واتـا (كۆمانـدوس)يشـيان نمـايش دەكـرد. بـەڵام جارێكيـان يەكەيـەكى سـوپايى لـە بەغـدادەوە هـاتبون بـۆ مەشـقى شـاخ پێيـان ئـەوت (فرزيـات) يـەك نمايشـى ئەسپسـواريانكرد لـە ئيسـتيعرازەكەدا هـەرگيز لەوەو پێش نەمديبو لەوانە يارى (هۆكى) بە سوارى ئەسپەوە.

* * *

بـا ئێسـتاش باسـى خـۆم و ئيسـتيعرازتان بـۆ بكـەم: ئـەو زەمانەيـە هـۆى ڕابـواردن زۆر كـەم بـو. ئەوانـەى هـەبو شـايى و مـەولود خوێندنـەوەو خەتەنـە سـوران و جـەژنى نـەورۆز و كوڵـە چوارشـەمو سـەيرانى بـەهارانى قوتابخانـەو گـوزەرو كاسـبكاران بـو لەگـەڵ جـەژنى قوربـان و ڕەمـەزان شـەوى بـەراتيش

بــۆ منـــداڵ بـــۆ ژنـــی نەگبـــەتیش تەعزیـــە و میوانـــداری قوبـــول و لـــە هەفتەیەکیشـــدا دو ڕۆژ ســـەردانی بـــاخی گشـــتیش بـــۆ ئـــەوان قـــۆرغ ئـــەکرا. چوارشـــەموانیش ئەچـــون بـــۆ ســـەر شـــەخص و جومعـــانیش بـــۆ ســـەرقەبران. ئـــیتر ئـــەو کاتـــە ئـــەم ســـەربەدەرەوەیی و ســـینەماو شـــانۆ و تەلـــەفیزیۆن و ســـەتەلایت و ســـەیرانی هەفتانـــە بـــە ئوتـــومبێلی خۆیـــان نـــەبو. بۆیـــە ڕۆژانـــی ئیسـتیعراز بۆنەیـەکی زۆر دەگمـەن بـو بـۆ پیـاو و ژن و منـداڵ کـە کـاتێکی نـا ئاسـایی لـەو ڕۆژەدا ببـە نـە سـەر بۆیـە ئەگـەر بڵـێم زۆربـەی شـار ئەچـون درۆ نییە وە لەوانە منی منداڵ.

لــە ڕۆژی ئیســتیعرازدا دیاردەیــەکی زۆر ســەیری لێ ڕو ئــەدام ئــەتوانم بڵــێم هـــەمو ســـاڵەکانی پـــێش چـــونە قوتابخانـــە ئـــەویش ســـك ئێشـــەیەکی وا کـــە هێنـــدێك جـــار نـــەتوانم هـــەمو ئیســـتیعرازەکە ببیـــنم و ناچـــار بم بێمـــەوە بـــۆ ماڵــەوە ! . لەوانەیــە بــوترێ ئــەوە دەرونــی بــوە بــەڵام نــە مــن ئەیگێڕمــەوە بــۆ زۆر وەســـتانم بـــە پێـــوە و ســـەرما بـــونم چـــونکە جـــاری وا هـــەبو بارانیشـــمان بەسەردا ئەباری چونکە وەرز بەهار بو.

ئـەو کاتـە هـیچ کـەس ڕێـزی منـداڵی نەئـەگرت وە نـە بەتەنگیشـیەوە بـون بۆیـە سـەیرکەرە گـەورەکان لـە پێشـەوە بـون ئێمـەی منـداڵیش جـاری وا هـەبو لـە نـاو لنگـی ئەوانـەوە ئەمانڕوانییـە یارییـەکان ئـیتر زۆر جـاریش دەرئـەکران و قسەی ناشرینیان پێ ئەوتن.

کـە چـومە قوتابخانـە لـە ئیسـتیعرازدا بـە تـەواوی وەزعـم گـۆڕا، فانیلـەی ســـپی و پـــانتۆڵی کـــورتی ڕەشـــم وەرئـــەگرت وە کـــە چـــومە ئـــەلعابی سویدیشـــەوە دو ئـــاڵای ســـەوزو ســـورم وەرگـــرت ئـــەو شـــەوە هـــەر خـــەوم لێ

نەکـەوت لـە خۆشـیاندا دەیـان جـار لـە ئالاکـان ورد ئەبومـەوەو ڕامەوەشـاندن و شـەویش لەگـەڵ خۆمـدا نـوانمن وام ئـەزانی ڕائەکـەن ئەگـەر وا نەکـەم. بـۆ ڕۆژی ئیسـتیعرازیش ئێمـەیان لـە پێشـەوە دانیشـاند لـە دڵـی خۆمـدا وتم: ئۆخـەی ئەمـە مـنم بەرچـاوم نـاگیرێ و پـاڵم پێـوە نـانێن ئـای کـە بـەختیار بـوم و خۆم بە شت ئەهاتە بەر چاو!.

* * *

بـە سـەیر کردنـەوە نەوەسـتام. لـەو تەمەنـەدا کـە مێـرد منـداڵ لـە پێسـتەکەی خۆیـدا جێگـەی نابێتـەوەو حـەز بـە خۆدەرخسـتن ئـەکات ویسـتم بـبم بـە وەرزشـکارێکی بـەناوبانگ بـە تایبـەتی لـەو سـەردەمەدا (ناوەڕاسـتی سـاڵەکانی چـل) لـە وەرزش بـەولاوە هـیچ مـەجالێکی تـر نـەبو بـۆ دەرکـەوتن نە نوسین نە هونەر هیچ شتێك هەر وەرزش بو.

یەکـەم تاقیکردنـەوەم لـە ڕاکردنـدا بـو. ڕاکردنـی (زاحـی یـە) ئـەوەی کـە وتم لـە دورییانەکـەی بـەکرەجۆوە دەسـتی پـێ ئـەکرد بـۆ نـاو شـار: بـالام بـەرز بـو لـۆقم درێـژ بـو ناوقـەد باریـك بـوم قەڵـەو نـەبوم بـەو پێیـە بـێ ئـەبو هـیچ نەبوایـە ئـەنجامێکی باشـم بێنایـە بـەلام ئـەو تاقبکردنەوەیـە پێـی سـەلماندم کـە ئەگـەر بـۆ هـەمو وەرزشـێك بشـێم بـۆ ڕاکـردن ناشـێم! بـۆ؟ ڕاکردنەکـە بـۆی دەرخسـتم کـە مـن عـەیبێکی زۆر گـەورەم تیادایـە کـە وا بکـات نـەتوانم ڕابکـەم! هەسـتم پـێ نـەکرد هـەتا ماوەیـەکی بـاش ڕام کـرد ئـیتر دوای ئـەوە لە پێ کەوتم.

وەختــی خــۆی کــە منــداڵ بــوم وابــزانم لــە پــۆلی دوی ســەرەتایی بــوم ئێســقانی ڕانــی چــەپم توشــی ســوتانەوە (ئیلتیهــاب) بــو ماوەیــەك لــە پێــی خســتم و دوای ئــەوەش هــەمو ســاڵێك لێــی هەڵئەدامــەوەو تــا نەیکردایــە بــە دومــەڵ و نەتەقیایــە چــاك نەئەبومــەوە. هــەر وا مایــەوە هــەتا لــە ســاڵەکانی پەنجاکانــدا دەرمــانی (پەنســلین و ستروبتومایســین) دۆزرایــەوە ئەوســا ئــیتر بــە تــەواوی چــاك بــوم بابێینــەوە ســەر ڕاکردنەکــە: بــەو قاچــە ناتــەواوەوە تــوانیم بگەمــە بــەینی شــیوی (مســکێنان و شــیوی قۆریــە شــکاو) واتــا بــەردەم یانــەی ئەنــدازیاران ئــیتر لــەوێ ســەیرم کــرد قاچــی چــەپم ئەوەنــدە ئەیەشــێ کــە نــەتوانم زیــاتر لەســەری ڕاکــەم بۆیــە ڕاوەســتام هــەتا ئوتــومبیلی هــەڵگرتنی پەککــەوتوەکان گەیشــتن و ســواری بــوم بــەڵێ ئوتــومبێلێکی لــۆری ســەر بــەتاڵ بــو بــۆ ئــەو مەبەســتە لــە دواوە ئەڕۆیشــت لەگــەڵ دکتۆرێــك و موزەمیدێکــدا بــۆ ئــەو مەبەســتە. کــە ســەیرم کــرد پەککــەوتوی تیــادا نییــە کــە وا بــو مــن لــەو ڕاکردنــەدا یەکــەم بــوم و ئێســتا بــە خــۆم ئــەزانم چــونکە مــن یەکــەمی پەککــەوتوەکان بــوم. ئــەنجامێکی باشــە پیــاو هــەر یەکــەم بێــت ئــیتر هەرچۆنێك بێ!.

لە تــۆپی پێشــدا هــیچ بەهرەیــەکم لــە خۆمــدا شــك نــەبرد تــەنیا لــە گۆڵچــێتیدا نــەبێ زۆر لێهــاتو بــوم لــە گرتنــی تۆپەکــەدا بــەڵام وەکــو وتم ئــەو زەمانەیــە گۆڵچــێتی عــەیب بــو! لــە دڵــی خۆمــدا وتم شــەرتبێ مــادام هــەر لــە گۆڵچــێتیدا ســەرکەوتو بم ئــەوەش نەکــەم! باشــە؟ ئــەوە ئــەقڵی ئــەو زەمانەیــەم بــو تەنانــەت لــە ماڵیشــەوە لەبــەر ئــەوەی گۆڵچــێتیم ئــەکرد بەســوك ســەیریان ئەکردم!.

* * *

ئـەو کاتـەی کـە نەچـوبومە قوتابخانـە یـان کـە چـوبوم هـەمو کاتێـك ئەچـوم بـۆ ئـەو یارییانـەی کـە کـاکم بەشـداری تیـادا ئـەکرد ئـەو کاتـە قوتـابی ناوەنـدی و دواناوەنــدی بــو. یــەکێك لــەو وەرزشــکارانەی کــە زۆر ســەرنجی ڕاکێشــابوم هاوڕێیــەکی کـاکم بـو کـە ئـەویش هـەر لـە ناوەنـدی و دواناوەنـدی بەیەکـەوە قوتــابی بــون پێیــان ئــەوت شــێخ ڕەزای گــولانی: لاوێکــی بــالا بــەرز ناوقــەد باریـك لێهـاتو لـە یـاری باسـکەو بالـەدا بـەلام ئـەوەی کـە ئـەو تیایـدا تـاك بـو یــاری بــازدانی زانــا بــو واتــا ئــەوەی کــە بــە دارەکــە بــازی ئــەدا کــە کــەس نەیئـەتوانی شـان بـدات لـە شـانی ئێسـتەش بـە بـیرم دێ وێنەیـەکی هـەبو لـەو کاتــەدا گیرابــو کــە بەســەر تەختــە ڕایــەڵ کراوەکــەی ســەرەوەدا تــێ ئەپــەڕی بڕواتــان بــێ ئەوەنــدە بــەرز بــو ئــەتوت باڵندەیــە بــە ئاسمانــەوە مــن لــەو بڕوایـەدا بـوم ئـەو شـێخ ڕەزایـە ئەگـەر بچوایەتە ئولومپیاتـەوە بـە یەکـەم دەر ئەچـو لـە ئەنجامـدا کـاك شـێخ ڕەزا بـو بـە معـاون ماوەیـەکی زۆریـش یـەکێك بـو لــە ســەرکردەکانی پێشــمەرگە.ڕۆژ هــاتو چــو هــەردوکمان یــەکمان گــرت ئــەو ئـامیر هێـزی پێشـمەرگە بـو لـە بەرزنجـە منـیش حـاکم بـوم لـەوێ بـۆ مـاوەی یەك ساڵ.

ئــەو یارییــە زۆر ســەرنجی منــی ڕاکێشــابو ماوەیــەك مەشــقم لەســەر کــرد بــەلام ئەوەنـدە نـەبو ئـەو کاتـە مەشـق زۆر نـەبو مامۆسـتای وەرزش ئـەو خـۆ هـیلاك کردنـەی ئێسـتای نـەبو بـۆ پێگەیانـدنی وەرزشـکاران. لەگـەڵ ئەوەشـدا

چـومە ئیسـتیعرازەوە ئـەنجامێکی باشـم بەدەسـت هێنـا کـە ئـەویش پلـەی دوهـەم بـو بـەڵام دڵـی خـۆش نـەکردم چـونکە هـەر دو کـەس بـوین! !. ئـەویتر لە بیرمە کـاك سـەردار مـیراز قـادر لـەم دواییـەدا بـو بـە دکتـۆر لـە زانسـتدا بـەڵام لە چیدا نازانم چونکە دەمێکە لە سلێمانی دور کەوتۆتەوە.

* * *

هـەر کۆڵم نـەدا تـا لـە ئەنجامـدا یەکـەمیم بەدەسـت هێنـا!. ئـەو یەکەمیـەش حەکایـەتێکی خۆشـی هەیـە! چـۆن؟ هـەمو ئیسـتیعرازێك ئـەبو پێشـبڕکێی (سوارچـاکی) تیـادا بوایـە بـەڵام نـەك ئەسپسـواری بـەڵکو کەرسـواری! ئـیتر نـازانم مەبەسـت لـەو پێشـبڕکێیە چـی بـو وابـزانم بـەخوا ئـەویش هـەر بـۆ پێکەنین و گاڵتەجاڕی بو.

مـن لـە سـواری کـەردا دەسـتێکی بـاڵام هـەبو خـوا لێخۆشـبو کـاك سـابیری قەسابیش دراوسێمان بو کە بەناوبانگ بو بە سابیرە سوری قەساب.

مـاڵی کـاك سـابیر کـەرێکیان هـەبو لـە قەسـابخانەوە گۆشـتیان پـێ ئەهێنایـەوە کەرچـی بەقـەدەر هێسـترێك ئـەبو کـورپم ئەویسـت خـۆی بەسـەرەوە بگرتایـە ئەوەنـدە لـە ڕۆیشـتندا گـورج و گـۆڵ و غـاردەر بـو. بـیرم کـردەوە مـن ئـەم سوارچـاکەو ئـەیش ئـەو کـەرە گورجـو گۆڵـە چـالاکە بـێ، ئـیتر بێگومـان یەکـەمی بەدەسـت ئـەهێنم. دوای ئـەوەی گەیشـتمە ئـەو ئەنجامـە چوم بـۆ مـاڵی کـاك سـابیر و مەسـەلەکەم تێگەیانـد ئـەویش وتـی: هـەر تـۆو کـەر ئـەوە هـەر هـەمێتی نییـە، بەسـەر چـاو کـەی ویسـتت وەرە بیبـە. ئـیتر هـەر ئەوە بو لە خۆشیدا باڵ نەگرم.

ڕۆژی ئیستیعرازەکە شاگردێکی کاك سابیرم لەگەڵ کەرەکەدا برد کە لە تەیارە خانەکە بو (واتا گەڕەکی عەقاری ئێستا) لە دەرەوە لە پشت قوتابی قوتابخانەکەی خۆمانەوە ڕامگرت.

ئەو کاتە لە ناوەندیی بوم کە سەرەمان هاتە سەرو میکرۆفۆنەکە بڵاوی کردەوە با کەرسوارەکان بێنە ناو ساحە (گۆڕەپان)ەکەوە خێرا درم دا بە قوتابییەکان بۆ ئەوەی بچم کەرەکە بێنمە ناوەوە سەیرم کرد نە شاگرد ماوە نە کەر! نازانم کێ بو پێی وتم: کەرەکەیان بردەوە بۆ قەسابخانە بۆ ئەوەی گۆشتی لێ بارکەن بۆ دوکان کە ئەو خەبەرە جگەر بڕەم بیست هەر وەکو کوتەکێك بدەی بە سەرما ئەوەندە کاس بوم.

لە نزیکەوە کوڕێکی (١٠-١٢) ساڵ بەدیار کەرێکی لاوازەوە ڕاوەستابو هەردوکیان زۆر خەمبار ئەهاتنە بەر چاو. کەرەکە لە بریتی ڕەشمە بۆیمباخێکی کۆنیان کردبوە ملی بۆ ئەوەی پێی ڕاکێشن. لە کوڕەکەم پرسی: ئەو کەرە چییە؟ وتی: هێناومە بۆ موسابەقە بەڵام پێی ڕازی نەبون! وتم ئەگەر من پێی ڕازی ببم ئەمدەیتێ؟ وتی: ئا.

بە هاوڕێکانم وت: بەقوربانتان بم ئەم کەرەم بۆ بکەنە ساحەکەوە وتیان فریا ناکەوین ئەوان وا لەسەر هێڵی ڕاکردنن.

—ئێوە بمکەنە ساحەکەوە کە دیمیان لەسەرم ڕائەوەستن.

بە هەزار جرە جر کەرەیان کردە ساحەکەوە چونکە مانی گرتبو. وەك بۆی چوم کە منیان دی وتیان ڕاوەستن وا دیارە (کەرێك) ماوە!

قوتابییەکان تا ڕادەیەك توانیان بێنە ساحەکەوە ئیتر ئەبو خۆم بەو ئەرکە گرانە هەڵسم بە تایبەتی جوتەشی ئەهاویشت. بۆیە ئەبو لە کاتێکدا

کــە لێــی ئــەخورم خۆشــم لــە جوتــەکانی بپــارێزم هەرچــۆنێك بــو گەیاندمــە ناوەڕاســتی ســاحەکە بەرامبــەر بــە موتەســەریف واتــا پارێزگــارو کاربەدەســتان کــە لەســەر کورســی دانیشــتبون و لەبــەر دەمیشــیاندا چــەند مێزێکیــان دابــوە دەم یەك و کاس و مەدالیاکانی لەسەر دانرابو.

مــانگرتنی کەرەکــەو جوتــە هاویشــتنی و چــاو قــایمی مــن و ســور بــونم لەســەر گەیانــدنی کەرەکــە بــۆ ســەر هێڵــی دەســتپێکردن لــە ســەرەتادا مایــەی پێکــەنینی دانیشــتوان بــو بــەڵام ئەوەنــدەی نەخایانــد کــە بــو بــە ئیعجــاب و چــەپڵە لێــدان بۆیــە مــن لــەو کاتــەدا وازم لــە کەرەکــە هێنــاو ڕوم کــردە دانیشــتوان و دەســتم خســتە ســەر ســنگم و بۆیــان نوشــتامەوە وەك پێــزانین. لەو سەردەمەدا هەمو مێرد منداڵێك ئەوەی لێ چاوەڕوان نەئەکرا.

ئــەو چــەپڵەیە وای لــە سەرپەرشــتیارانی ئیســتیعرازەکە کــرد کــە بــێن بــۆ یارمەتیم و بتوانم بە هەمومان کەرێکی مانگرتو بخەینە سەر هێڵی غاردان.

هەمو سواری کەرەکانمان بوین ئامادە بۆ دەرچون.

حەکەمەکــە دەمانچــەی تەقانــد، هــەمو کــەرەکان دەســتیان کــرد بــە جــوڵان هــەبو بــە ڕۆیشــتن یــان لۆقــە تیایانــدا بــو بــە غــار تــەنیا ئــەوەی مــن نــەبێ لــە جێــی خــۆی چــەقیبو جوڵــەی نەئــەکرد. هەرچــەندە لەقــەم ئــەدا بــە قەبرغەیــدا بێ سود بو.

گــوێم لێ بــو ســەیرکەران ئەیاندایــە هــاڕەی پێکــەنین! لــە دواییــدا زانــیم ئــەوە لــە ئــەنجامی ئــەوەوە بــو کــە هێنــدێك لــە کەرســوارەکان ئەکەوتنــە خــوارەوە لــە کــەرەکانیان لــە کاتێکدا کــە هێنــدێك کــەر نزیــك بونــەوە لــە هێڵــی کۆتــایی و دانیشــتوان دەســتیان کــرد بــە چــەپڵە لێــدان. نــازانم ئــەم هــاڕەی

چــەپڵەیە چ کاریگەرییــەکی هــەبو لەســەر کەرەکــەی مــن؟ ئەوەنــدە ئــەزانم بــە بیســتنی چــەپڵەکە هــەڵیتیزان چــۆن هــەڵتیزانێك وەکــو ئەســپی رایــزس بــە ڕادەیــەك زۆر بــە زەحمــەت ئــەمتوانی خــۆمی بەســەرەوە بگــرم. لەبــەر ئــەوەی ســەیرکەرانی ئــەملای دانیشــتوانەکان هاتبونــە پێشــەوە کەرەکــە وایزانــی ئــەوە کۆڵانــەو ئــەتوانێ لێــوەی بڕواتــە دەرەوە بــەڵام ڕو بــە ڕوی دانیشــتوانەکان و مێزەکــان بــوەوە و ڕیــزی پێشــەوە هــەمو هەڵســانە ســەر پێــی و هاواریــان ئــەکرد هــۆش، هــۆش، هــۆش بــاش بــو کەرەکــە خــۆی گرتــەوە هەرچــی مێــزو مودالیاو کاسەکانە هەبون نەیبردن بە ئاسماندا.

کەرەکــەم ئەوەنــدەی تــر هــەژا. بــاش بــو کــە وەچــەرخایەوە لەگــەڵ کــەرەکانی تــردا بــەرەو هێڵــی کۆتــایی غــاری دا. غاردانەکــەی ئەوەنــدە تیــژ بــو وامئــــەزانی کـــــەرەکانی تــــر بـــۆ دواوە ڕائەکــــەن یـــان هــــەر دار عەلــــەمی گۆڕەپانەکــە بــو بەلامــدا فرتــەی ئــەکرد، مــن هەمیشــە لــە پاشــو پێشــدا بــوم بەســەر پشــتی کەرەکــەوە جــاری وا هــەبو ئەگەیشــتمە ســەر ملــی وردە وردە خــۆم ئەهێنایــەوە بــۆ دواوە. چــونکە کەرەکــە لاواز بــو ئێســقانی بربراگــەی پشــتی زۆر تیــژ بــو بــە زەحمــەت خــۆمم بەســەرەوە ئــەگرت بۆیــە ئــەبو خــۆم بخــەوە ســەر کلــۆتی چــونکە تــەخت بــو مەترســی لار بونــەوەو کــەوتن کــەمتر بو.

لــە کۆتایــدا ڕوبــە ڕوی چــەند سەرپەرشــتیارێك بومــەوە ئەوەنــدەم زانــی یــەکێکیان باوەشــی کــرد بــە ملــی کەرەکەمــدا وتــی: ئــەوە مــن یەکەمەکــەم گرت!!.

مـن ئێسـتا بـیر ئەکەمـەوە لـە خـۆم ئەپرسـم ئایـا کەرەکـە یەکـەم بـو یـان مــن؟ بێگومــان کەرەکــە کەچــی مــەدالیا کرایــە ملــی مــن و ئــەویش هــەر بۆیمباخـە کۆنەکـەی لـە ملـدا مایـەوە بـەڵێ هەمیشـە کـەر لـە وڵاتـی ئێمـەدا ئـاوا بــەش خــوراوە پێشــینان ڕاســتیان وتــوە کــە ئــەڵێن ((کــەر ئــەیکات و گــا ئـەیخوات)) هیـوادارم کـە حیزبـی کـەران بتوانـێ وا بکـات کـە کـەر بیکـات و هەر کەریش بیخوات.

### ٣-کۆمەڵی هونەرە جوانەکان

بۆ پشوی نیوەی ساڵی (١٩٥٦) هاتبومەوە بۆ سلێمانی ئەو کاتە دوا ساڵی خوێندنم بو لە کۆلێجی یاسای بەغداد.

کاکم ئەندازیار (صابر بابان) پێی وتم: شانۆگەرییەك هەیە لەسەر شانۆی هۆڵی دوا ناوەندی سلێمانی با بچین بیبینین.

شانۆگەرییەکە لە نوسینی نوسەری فەڕەنسی بە ناوبانگ (مۆلێر) بو، مامۆستای بلیمەت (ڕەفیق چالاك) وەریگێڕابوە سەر کوردی و بەرگێکی کوردی وای بەبەردا کردبو وات ئەزانی دەقێکی خۆماڵییە.



ڕەفیق چالاك

ئەو ئەکتەرانەی کە لە بیرم ماون مامۆستا ڕەفیق بو لە دەوری (میرزا محمود)دا، نوری وەشتی لە دەوری کوڕەکەیدا، تەها خەلیل لە دەوری باجی ئایشێدا ئیتر ئەوانیکەم بیر نەماوە.

لە دەقی فەڕەنسیەکەیدا هەر پیسکەیە بەڵام مامۆستا ڕەفیق تەرپیرێکیشی خستبوە سەر واتا کردبوی بە پیسکەی

تەرپیر.

هەرچـەندە مامۆسـتا دەسـتێکی بـاڵای هـەبو لـە کـوردی ڕەسـەندا بـەڵام لەم تەرپیرەدا هەڵە بوە.

(تـەرپیر) بـەو ئافرەتانـە ئـەڵێن کـە چـونەتە سـاڵەوە بـەڵام تـا ڕادەیـەك جـوانی و تـەروبریان تیـادا مـاوە ڕاسـت ئـەوە بـو کـە بـوتری پیسـکەی دڵتـەڕ چـونکە هەرچـەندە مـیرزا محمـود چـوبوە تەمەنـەوە بـەڵام لـە چـیرۆکەکەدا هەر بیری لای ژنهێنان بو.

مـاوەی پیشـاندانی شـانۆگەرییەکە تـەواو بوبـو، ئـەوەی ئـەو ئێوارەیـە ئێمـە بـۆی چـوین بـە تایبـەتی بـۆ خوالێخۆشـبو وەزیـری داخیلیـە سـەعید قـەزاز نمـایش ئـەکرا، بۆیـە کـە ئێمـە چـوینە ژورەوە داوای بیتاقـەیان لێ نـەکردین و هـەمو ئـەو کەسـانەی کـە لـە هۆڵەکـەدا بـون لـە بیسـت کـەس تێنەئەپەڕین.


سەعید قەزاز

سـەعید قـەزاز لـە ڕیـزی پێشـەوە دانیشـتبو و عومـەر عـەلیش لـە تەنیشـتییەوە بـو کـە پارێزگـاری سـلێمانی بـو ئـەو کاتـە بـە پارێزگاریـان ئـەوت موتەصـەریف بـە عەرەبی.

بـۆ یەکـەم جـار بـو کـە دەقـی بێگانـە بـەرگی کـوردی بەبـەردا بکـرێ، بـە گفتوگـۆی کوردییـەکی رەسـەنی سـەر زمـانی خـەڵکی نـەوەی پـێش ئێمـە واتـا زەمانی سەعید قەزاز.

وە لەبـەر ئـەوە چـیرۆکەکەش کۆمیـدی بـو بۆیـە نـە سـەعید قـەزاز نـە ئێمـە لە پێکەنیندا دەممان لێك نە ئەنا.

خوالێخۆشـبو شـانۆکار نـوری وەشـتی کـە وەکـو قوتـابی مامۆسـتا چـالاك بـو، بـۆی گێڕامـەوە وتـی: دوای تـەواو بـونی شـانۆگەرییەکە سـەعید قـەزاز نەڕۆیشـت تـا ئێمـەش هاتینـە هۆڵەکـەوەو زۆر پیرۆزبـایی لێکـردین و پێـی وتـین: چـی بـە مـن ئـەکرێت تـا بۆتـانی بکـەم مامۆسـتا رەفیـق وتـی: ئەمانـەوێ کۆمەڵەیەکی هونەریی باوەڕ پێکراومان هەبێ.

وتـی: زۆر باشـە، بـەڵام ئـەبێ زو ئـەوە بکـەن چـونکە وەزارەت ئـەگۆڕێ و لەوانەیـە مـن تیایـدا نـەبم لەبـەر ئـەوە پـەیڕەو پڕۆگرامەکـە بـە زوتـرین کـات ئامادە بکەن تا من لە وەزارەتدام بۆ ئەوەی موافەقەتتان بۆ بکەم.

مامۆسـتا وەشـتی لەسـەری ڕۆیشـتو وتـی: هـەر ئـەو شـەوە مـن و چـالاك نەنوسـتین تـا بـەیانی، کـە ڕۆژ بـۆوە پـەیڕەو و پڕۆگرامەکـەمان ئامـادە کـردو گەیاندمانـە کـاك سـەعید خـۆی بـەر لـەوەی بگەڕێتـەوە بـۆ بەغـدا و ئـەویش پیاوانـە بەڵێنەکـەی خـۆی بـردە سـەرو دوای هەفتەیـەك ئیجازەکـەی دەرکـرد و بەم جۆرە کۆمەڵی هونەرە جوانەکانی کورد لە سلێمانی لە دایك بو.

لـە هـاوینی هـەر ئـەو سـاڵەدا (١٩٥٦) لـە بـاخی میللـی ئێوارەیـەك ئاهـەنگێك گێـردرا تیایـدا مامۆسـتا رەفیـق چـالاك وتـارێکی خوێنـدەوە بـەو بۆنەیـەوە کـە چـۆن دنیـا شـانۆیەکی گەورەیـە و خـالقی ئـەعزەمیش دەرهێنـەر

ئیتر ئەو وتارو پەخشانانە هەر لە خۆی ئەهات و وابزانم د.نسرین فەخریش وتارێکی هەبو و هەر لەوێدا هەڵبژاردن کراو مامۆستا چالاك هەڵبژێردرا بە سەرۆك و کۆمەڵ چالاکییە هونەرییەکانی دەست پێکرد.

ئامانجی کۆمەڵ تەنیا هەر بۆ گەشەکردنی شانۆ نەبو، بەڵکو بۆ هونەری مۆسیقاو شێوەکاریش بو، بەڵام لەبەر ئەوەی لاوەکانمان زۆرتر رنوی تەمسیل بون و زۆربەی کادیرەکانیشمان هەر لەو هونەرەدا بو، بۆیە مورکی شانۆی گرتبوە خۆی.

وەك ئاماژەم پێکرد دو هونەرمەندمان دەستێکی باڵایان هەبو لە بەدیهێنانی ئەو کۆمەڵەداو ئەگەر ئەو دوانە نەبونایە ئەو کۆمەڵە ئەگەر هەر داشبمەزرایە ئەوا زو دانەئەمەزرا، ئەو دوانەش خوالێخۆشبوان رەفیق چالاك و نوری وەشتی بون.

ئێمە قەرزارباری ئەو دو هونەرمەندەین کە توانیان جوڵاندنەوەی هونەری شانۆیمان لە پەراگەندەییەوە بگوێزنەوە بۆ شێوەی دامەزراوێکی هونەری رەسمی ناسراوی هەمیشەیی کە ئەوانەش گۆڕانێکی زۆر گرنگ بو لە کاروانی هونەریماندا هەرچەندە کۆمەڵ دوای شۆڕشی ((١١))ی ئەیلول لە چالاکی کەوت بەڵام لە دوای بەیانی (١١)ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ زیندو کرایەوەو هەمو ئەو تیپ و کۆمەڵە هونەریانەی کە لەم دواییەدا دامەزران زادەی ئەو رێچکەیە بو کە ئەو کۆمەڵە شکاندی.

زۆر بە سەرۆکایەتی مامۆستا چالاکدا تێنەپەڕی کە کۆمەڵ کەوتە گێژاوەوە ئەویش بەهۆی شۆڕشی (١٤)ی گەلاوێژەوە بو کە لە ساڵی ١٩٥٨دا ڕویدا ئەو گێژاوەش بەم شێوەیەی خوارەوە بو:

لــه ســەردەمی فــەرمانڕەوایی پاشــەیەتیدا حیزبــی پــارتی دیمــوکراتی کوردســتانو حیزبــی شــیوعی بــە نهێنــی کاریــان ئــەکرد بۆیــە هەمیشــە دەسـتدرێژیان ئەکرایـە سـەر، بـەڵام بـە هـاتنی شۆڕشـی (١٤)ی گەلاوێـژ ئـیتر توانیان بە ئاشکرا کار بکەن.

ئــەم دو حیزبــە لــە کوردســتاندا هەمیشــە لــە بەربەرەکانیــدا بــون بــۆ ڕاکێشـانی جـەماوەر و دەسـت بەسـەرا گرتنـی ڕێکخـراوە میللیـەکان و لەوانـە کۆمــەڵی هونــەرە جوانــەکان جـا ئەگــەر لەســەر ڕێکخـراوە میللیــەکان ئــەو بەربەرەکانیـە تونـد وتیـژە نـەبوبێ چـونکە هـەر حیزبـە ڕێکخـراوی تایبـەتی خـۆی هـەبو وەك قوتابیـان و لاوان و ئافرەتـان و مامۆسـتایان و.هتـد، بـەڵام چـونکە کۆمـەڵ نـە ئـەکرا بـە دو کەرتـەوە و نـە یـەکێکی تـری وەکـو ئـەو دائەمــەزرا بۆیــە ئــەبو حیزبێکیــان دەســتی بەســەردا بگرتایــە بۆیــە بەربەرەکانی لەسەر کۆمەڵ گەیشتبوە پوپە.

ئـەوەی کـە لـەو ماوەیـەدا سـەری کۆمـەڵی بدایـە ئەیـدی ئـەو کەسـانەی کـە خـەریکی ڕێکـەوتن بـون بـۆ هەڵبـژاردنی دەسـتەی بەڕێوەبـەرێك کـە هـەردو حیزبەکـە لێـی ڕازی بـن زۆربـەیان ئەگـەر نـەڵێم هـەمویان سیاسـی بـون نـەك هونەرمەنـــد وە ئەگـــەر هێنـــدێکیان نوسینیشـــیان بوبێـــت هـــەرگیز لـــە بەرهەمێکی شانۆییدا بەشدارییان نەکردبو.

چـــەند جارێـــك هەڵبـــژاردن کـــراو هەڵوەشـــایەوە و هێنـــدێك جـــاریش لێـــك هەڵئەبەزینـــەوە مـــن و زۆربـــەی هونەرمەنـــدە پیشـــەییەکان بەشـــداری ئـــەو زورانبازیـەمان نـەکرد، ئێمـە سـەیرکەر بـوین چـونکە ئـەمانزانی هـەرچ لایـەکیان سـەرکەوون هونـەرو کۆمـەڵ هـەر دۆڕاو ئـەبێت.چـونکە دڵنیـا بـوین کـە ئەوانـەی

کـارگێڕی کۆمـەڵ ئەگرنـە دەسـت لـە بـاتی هونەرمەنـدەکان ئەوانـە ئـەبن کـە خـەریکی سیاسـەتن نـەك هونـەر وە ئەمانـە بـە واتـا سیاسـیەکان –توانـاو خولیـــاو کێشـــی هونەرمەنـــدەکانیان نییـــە بـــۆ هێنانـــە دی ئامانجـــە هونەرییـــەکانی کۆمـــەڵ ئەمـــە جگـــە لـــەوەی کـــە بەســـەرکەوتنی لایـــەکیان هەرچـــی هونەرمەنـــدانی ســـەر بـــەو حیزبـــەی تریانـــە خۆیـــان لـــە کۆمـــەڵ ئەکێشنەوە.

ئـیتر هـەر ئەوەنـدە دەسـتەو تـاقم کەوتـە نـاو ئـەم جـۆرە دەزگایانـەوە ئـەبێت لـەباتی ئـەوەی دەورو کـارو فرمـان لەسـەر بنچـینەی شـارەزایی و لێهاتویی دابەش بکرێت ئەبێت ئەوسا لەسەر حسابی دەستەوبەرە بێت.

خـۆ ڕەنـگ نییـە بـێ دڵـی یـەکێك بکرێـت ئـیتر ناڵێـت لەبـەر ناتوانـاییم بـوە ئـەڵێت ئـەوە مـن سـەر بـە فـلان بـەرەم بۆیـە خراومەتـە پشـت گـوێ و دەیـان تـەنگ و چـەڵەمەی تـر کـە لـە ئەنجامـدا ئەبنـە هـۆی داڕزانـدنی ئـەو دامەزراوەیـە نەیسـا لـە ئەنجامـدا کۆمـەڵ کەوتـە ژێـر دەسـتی شـیوعییەکان و سەرۆکایەتی سپێردرا بە مامۆستا گۆران.

ئـەو –واتـا گـۆران– شـاعیرێکی هـەتا بڵێیـت هەڵکـەوتو بـو، بـەڵام هونەرمەنـد نـەبو ئەمـە جگـە لـەوەی ئەوەنـدە ئـەو کاتـە چـوبوە تەمەنـەوە کـە لـە توانایـدا نـەبو بـە ئـەرکی کۆمـەڵێکی وا هەڵسـێت وە لەبـەر ئـەوەی دەسـتەی بەڕێوەبـەریش لەسـەر بنچـینەیەکی هونـەری هەڵنەبـژێردراو بـون بۆیە کۆمەڵ بە تەواوی لە جموجۆڵی هونەری کەوت.

ئـەوە بـو بـە هـۆی ئـەوەی کـە هونەرمەنـدەکانی سـەر بـە پـارتی تیپێـك لـە دەرەوەی کۆمـەڵ پێـك بهێـنن بـۆ تەمسـیل کـردن و ئـەوەی شـایانی باسـە

هونەرمەنـــدەکانی ســـەر بـــە شـــیوعیەکانیش دیســـان لـــە دەرەوەی کۆمـــەڵ شـانۆگەریان پێشـکەش ئـەکرد واتـا کۆمـەڵ دەستەوسـتان بـو لـە پێـك هێنـانی تەنانەت تیپێکی تەمسیلیدا با سەر بە شیوعیەکانیش بوایە.

لـە ئەنجامـدا بارەگـای کۆمـەڵیش کـرا بـە نیشـتـەجێی ئاشـتیخوازان چـونکە گـۆران سـەرۆکی ئـەو ڕێکخـراوە بـو لـە سـلێمانی و تەنانـەت ئـەو قەتعەیـەش داگـیرا کـە بـە پـێش بارەگاکـەوە بـو نـاوی کۆمـەڵی لێ نوسـرابو و ئاشـتیخوازن لە جێگەی هەڵواسرا.

هـەر وەك بـاوە وەزارەتـی نـاوخۆ هـەمو سـاڵێك لـە جموجـۆڵی کۆمەڵـەکانی ئەکۆڵێتـەوە تـا بزانـێ بـەو جموجولانـە هەڵئەسـتن کـە بـۆی دامـەزراون یـان نـا؟ وە ئەگەر هەر کۆمەڵێك وەستابو ئەوا دایئەخات.

بـۆ ئـەو مەبەسـتە وەزارەتـی نـاوبراو نامەیـەك ئـەنێرێت بـۆ کۆمـەڵ و داوای لێ ئـەکات کـە بـۆی بنوسـێت چـی گـورج و گـۆڵی بـوە لـەو ماوەیـەدا، کۆمـەڵ ئەگـەر بـە ڕاسـتی وەڵامـی وەزارەتـی بدایەتـەوە و بـۆی بنوسـیایە کـە لـەو ماوەیەدا هیچ بەرهەمێکی نەبوە ئەوا دائەخرا.

وا دیـار بـو مامۆسـتا گـۆران بـە خـۆی ڕەوا نـەدیبو کـە تاقانـە دامـەزراوێکی هونـەری کـورد لەسـەر دەسـتی ئـەودا کفـن و دفـن بکرێـت بۆیـە بانگـەوازێکی بـۆ هـەمو هونەرمەنـدان بـڵاو کـردەوە کـە هـەمو کـۆ ببنـەوەو کۆمـەڵ لـەو تـەنگ و چەڵەمەیە ڕزگار بکەین کە تێی کەوتوە.

بـێ گومـان ئەوانـەی کـە بـە دەنـگ ئـەو بانگـەوازەوە هـاتن ئەوانـەی تیـا نـەبو کـە سـاڵێك لـەوەو پـێش ئەیانویسـت دەسـت بەسـەر کۆمەڵـدا بگـرن و

بوبـون بـه دەسـتەی بەڕێوبـەر بـەڵكو ئەوانـە بـون كـە هەمیشـە هـەر خـەریكی هونەر بون و لەوانەش من.

مامۆسـتا گـۆران لـەو كۆبونەوەیـەدا باسـی ئـەوەی كـرد كـە چـۆن كۆمـەڵ لـە مــاوەی ســەرۆكایەتی ئــەودا هــیچ بەرهــەمێكی نــەبوە وە ئەگــەر وەزارەتــی نـاوخۆ ئـەوە بزانێـت دایئـەخات بۆیـە ئـەبێت بـە هـەر نرخێـك بێـت كۆمەڵەكـە بپـارێزین لـە نـەمان وە هـەر ئـەو بـو كـە رێـی نیشـانداین بـۆ چـۆنێتی چارەسـەر كردنـی ئـەو بـارە ناهـەموارە بـەوەی كـە بهێـنین بەرهـەمی ئـەو دو تیپـەی كـە باسـم كـردن و لـە دەرەوەی كۆمـەڵ دامـەزرابون بكـەین بـە بەرهـەمی كۆمـەڵ وە پێـی ڕاگەیانـدین كـە نـە ئـەو وە نـە دەسـتەی بەڕێوەبـەر نیازیـان نییـە خۆیــان هەڵبژێرنــەوە وە داوای لێ كــردین كــە دەنــگ بــۆ ئەوانــە بــدەین كــە لێیــان ڕائــەبینین بــێ ئــەوەی حســاب بــۆ حــەزی سیاســیان بكــەین و بارەگاكەشتان بۆ چۆڵ ئەكەین.

ئێمــەش دوای ئــەوەی بــەو پێیــەی مامۆســتا گــۆران بــۆی دانــاین وەڵامــی وەزارەتــی ناوبراومــان دایــەوە و ئینجـا دەسـتمان كـرد بـە هەڵبـژاردنی دەسـتەی بەڕێوەبـەر و لـە ئەنجامـدا مـن كـرام بـە سـەرۆك چـونكە هـەمو ئـەیانزانی كـە مـن بێلایـەنم وە یـان بـە لای كەمـەوە دڵنیـا بـون لـەوەی كـە بـڕوای مـن لەگـەڵ ئـەوەدا نییـە كـە ئـەم جـۆرە كۆمەڵانـە بگلێنـرێن لـە گێـژاوی سیاسـیەوە ئـەگینا لـە نـاو ئەچـن یـان بـە لای كەمـەوە نـاتوانن بـە چـاكی ئامانجـەكانی بهێنینـە دی هـەر وەك بە تاقیكردنەوەی ئەو ماوەیەدا بۆ هەموان ڕون بوەوە.

**لە سەرۆكایەتی مندا چیمان كرد؟**

نوخشـەی بەرهەمـەکانمان چـیرۆکێکی شـانۆیی بـو کـە مـن لـە چـیرۆکێکی عـــەرەبی کورتـــەوە گۆڕییـــوم و ئامـــادەم کردبـــو بـــۆ شـــانۆ لـــە نوســـینی چیرۆکنوســـی میســـری ((توفیـــق الحکـــیم)) و لـــە دوایشـــدا خرایـــە ســـەر تەلەفیزیۆن بە ناوی ((تاوانێك لە ئاسماندا[1] )).


ئامـادەکردن بـۆ شـانۆ بریتییـە لـە گـۆڕینی ئـەو بـیرەی کـە لـە چـیرۆکەکەدا هەیـە ئـیتر چـیرۆکی کـورت بێـت یـان ڕۆمـان بـۆ شـێوەی شـانۆیی واتـا دەربڕینی بیری چیرۆکەکە بە گفتوگۆو ڕوداو.

جـارێکی لـەم دواییـەدا چـیرۆکێکی تەلـەفزیۆنیم دی کـە لـە ڕۆمانیکـەوە ئامـادە کرابـو سـەیرم کـرد ئامادەکـەر زۆر خـۆی بەسـتوەتەوە بـە دەقەکـەوە کـە لـێم پرسـی بـۆ وای کـردوە وتـی: چـی بکـەم لـەو ڕوداوانـە زیـاتر لـە چیرۆکەکەدا نەبو.

---

[1] ناوی ئەو چیرۆکە بە عەرەبی ((و اخیراً اعترف القاتل)) بو و بە هەمان ناوەوە ئەو کاتە واتا ((لە ئەنجامدا تاوانکار دان بە تاوانەکەیدا ئەنێت)) پێشکەش کرا. دەورە سەرەکییەکانی ئەم هونەرمەندانە ئەیانبینی: سەرۆکی دادگا: دەریاویش میشو توما. داواکاری گشتی: کاوە احمد میرزا، پارێزەر: نوری وەشتی گومانلێکراو: شێخ اسماعیل بەرزنجی، فرۆکەوان: کمال قادر.
ئەم چیرۆکە لە ساڵی ١٩٧٠دا خرایە سەر تەلەفزیون وەك وتم لە ژێر ناوی (تاوانێك لە ئاسماندا) ئەمجارەیان مومەسیلەکان گۆڕابون: لە دەوری سەرۆکی دادگادا (محمد صدیق محمود) ئەندامێکی دادگا (ئەحمەد سالار) فرۆکەوان (رەئوف یەحیا) داواکاری گشتی (نوری وەشتی) شایەت (مصطفی ئەحمەد) پارێزەر (طـەها بابان) گومانلێکراو (نەوزاد مەجید).

وا دیـار بـو بـەلای ئـەوەوە نەئـەبو لـە چـیرۆکەکە لا بـدەیت بـەڵام لـە ڕاسـتیدا وا نییـە وە ئامادەکـەر تـا ڕادەیـەکی زۆر سەربەسـتە لـە دەسـتکاری چـیرۆکەکەدا کـە وا بکـات بـیری چـیرۆکەکە بـە چـاکی بچەسـپێنێت و ئاشـکرای بکـات لای بینــەران وە بــۆ ئــەو مەبەســتە ئــەتوانێت ڕوداو دروســت بکــات، گفتوگـۆ تەنانـەت کەسـانێکیش دا بنێـت کـە لـە چـیرۆکەکەدا نـەبوبن هـەروەها ڕوداوی چـیرۆکەکە پـاش و پـێش بخـات یـان هێنـدێکی لێ فـڕێ بـدات بـە کـورتی ئامادەکـــەر ئـــەبێت بـــە نوســـەرێکی دوهـــەمی چـــیرۆکەکە ئـــەگینا چـــون چـیرۆکێکی کـورت کـە خوێندنـەوەی لـە چــەند دەقیقەیــەك زیــاتر ناخایــەنێت ئــەتوانرێت بکرێـت بـە شـانۆگەری چـەند ســـــەعاتێ؟دەرهێنەری چـــــیرۆکەکەش دیسان هەر من بوم.



نوری وەشتی

مـن وەکـو لەمـەو بـەر چـەند جارێـك وتومــە شــارەزایی زانیــاریم نییــە لــە هونــەرەکانی شــانۆدا وە ئــەوەی کــە بــە دەســتم هێنــاوە لــە ئــەنجامی سەرنجکارییەوە بوە بێگومان شارەزاییەکی وا بەس نەبو.

بـەڵام بـۆ ئـەو کاتـە کـە هێشـتان دەرچـوی دەزگـا هونەرییـەکانمان پـێ نەگەیشـــتبون وە ئـــەبو لـــە هـــەر شـــێوەیەکدا بوایـــە تاقیکردنـــەوەی هونەریشـمان نەوەسـتایە تـا بتـوانین سـەرنجی نـەوەی دوای خۆمـان بـۆ ئـەو

هونــەرە ڕاکێشــین بۆیــە بــونی ئێمــە مانــان بــەو شــارەزاییە کەمەشــەوە لــە نەبونمان هەرچۆنێك بێت هەر باشتر بو.

**هێندێک تەنگ و چەڵەمەی ئەو سەردەمەمان**

گـــــەورەترین تــــەنگ و چــــەڵەمەی دەرهێنــــەری ئــــەو ســــەردەمەو هەڵسوڕێنەرانی شانۆ لە دامرکاندنی نوێنەرەکاندا بو.

لەبــەر ئــەوەی ئێمــە ڕابردویــەکی ئــەوتۆمان نــەبو لــەو هونــەرەدا زۆربــەی هونەرمەنــدەکانمان ئــەو ڕێــزو ڕەوشــتەی هونەرمەنــدی میللــەتانی تریــان نــەبو بــۆ پیشــەکەیان جــاری گفتوگــۆ وەك پێویســت بــۆ لەبــەر نەئــەکرا.لــە ئامــادەبونی پرۆڤــەدا دوا ئەکــەوتن یــان نەئــەهاتن کــەمتر گوێڕایــەڵی دەرهێنــەر بــون لــە جوڵاندنــەوەو چــۆنێتی دەربڕینــی گفتوگــۆو ئەداوەئەگــەر لــە پرۆڤەشــدا بیکردایەهێنــدێك جــار لــە شــانۆکە لــە شــەوانی پیشــاندانا بــەو شێوەیەی ئــەکرد کــە بــە لای خۆیــەوە پەســەند بــو یــان قســەی تــری ئەخســتە ســەر مــن بــە دوری نــازانم کــە ئــەو دیاردەیــە لــە بــڕوای نوێنەرەکــەوە هاتبێ کــە بــۆ بــە قســەی دەرهێنــەرێکی بــێ بڕوانامــە بکــات کــە دور نییــە لــەو زیــاتری لێ بزانێت.

ئــیتر ئــەوە لــە شــەوانی پیشــاندانا بزیــوی پشــت پــەردەو زرمــەلیو و قروهــور و زۆر جــار لێکــدان و خــۆ نەتێــەتوانی بــە نوێنــەرێك بڵێیــت بــەری چــاوت کلــی پێوەیــە ئــیتر خــۆی ئەتۆرانــد چــونکە ئــەیزانی وا پــەردە ئەکرێتەوەو ناچارین مەرایی بکەین و لێی بپاڕێینەوە.

هێنــدێك جــاریش هــەوڵیان ئــەدا کــە نوێنــەرەکان لــە کــاتی دەور بینینــدا بهێننە پێکەنین و زۆر ڕەوشتی بێ جێی تری وا.

هیــوادارم ئــەم دیاردانــە بــە لای کەســەوە نوێنــەرەکانی تەمســیلی ((لــە ئەنجامـدا تاوانکـار دان بـە تاوانەکەیـدا ئـەنێت)) نەگرێتـەوەو ئەمـەی کـە مـن باسـی ئەکـەم سـەردەمێك ئەگرێتـەوە کـە بـە لای کەمـەوەدە سـاڵ دائەپۆشـێ و هەلیەنجاوی چەندەها شانۆگەری ئەو سەردەمەیە نەك یەکێك.

نمونەیەکی کە:

بێگومـان ئـەوە ڕەوشـتی هـەمو هونەرمەنـدەکانی ئـەو سـەردەمانەن نـەبوە بـەڵکو تیاشـیاندا هـەبو کـە هـەر حـەزت ئـەکرد لەگەڵیانـدا ئـیش بکـەیت وە بـا بـۆ نمونــە باسـی یـەکێك لەوانـەتان بـۆ بکـەم و لـە هـەمان کاتیشـدا داوای لێبـوردن ئەکـەم کـە نـەتوانم لەبـەر کـەمی ماوەباسـی لـەم زیـاتر بکـەم.ئـەو هونەرمەندەش (مامۆستا نوری وەشتی)یە.

ئـەو ڕابـردوی هونـەری لـە مـن پترتـر بـو بـەڵام چـونکە مـن دەرهێنـەر بـوم هەرچـیەکم بوتایـە بـێ چـەندو چـون ئـەنجامی ئـەدا.هەمیشـە بێـدەنگ و ئـارام بـو ڕۆژێکـی کـارێکی زشـتم لێ نـەدی یـان قسـەیەکی بـێ جـێ بکـات، دەنـگ هەڵبڕێت، زۆر قسە بکات بە بی پێویست.

هەرچـی گیـانی یـاخیبون هـەبو تیـا نـەبو لەگـەڵ هەموانـدا تـەبا بـو ئەگـەر بتویستایە کارێك باش ئەنجام بدرێت بەوت بسپیاردایە.

پێشــت نەســپاردایە ئــەو لــە خۆیــەوە ئــەیکرد ئەمەنــدە گیــانی لێپرسـینەوەی تیـا بـو بـە هـەمو هەسـت و توانایـەوە لەگـەڵ ئـەو شـانۆگەریەدا ئـەژیا ڕۆژ هـەتا ئێـوارە لەسـەر شـانۆ بـو خـەریکی شـت گواسـتنەوە بـو،

داکوتـان، چەکوشـکاری پـەردە چـاککردن.هتـد پلـەی هەرچـەندە بـەرز بوایـە لەو دامەزراوەیەدا ئەو هەمیشە هەر خۆی بە بچوك ئەزانی.

گرنگـی ئـەم هونەرمەنـدە زۆرتـر ئەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو هـەوڵ و داوەی کـە بـە درێـژایی تەمـەنی داویـەتی لـە پێنـاوی پێشخسـتنی شـانۆدا مرۆڤێـك بـو بـەزین و کوڵنەدانەنی نەدەزانی.

جگــە لــەو ڕۆڵــە گەورەیــەی کــە بــوی لــە دامەزرانــدن و بــەڕێوەبردنی کۆمـەڵی هونـەرە جوانەکانـدا هـەر ئـەویش بـو کۆڵەکـەی دامەزرانـدنی کۆمـەڵی هونـەر و وێـژەی کـوردی کـە لـە دەسـتپێکردنی سـاڵانی حـەفتاوە دامـەزراو ئـەو هەمو ئەرکەی کـە ئـەو داویـەتی بـۆ ئـەو دامەزراوانـە بـڕوا ناکـەم بـۆ خـۆی بوایـە ئەوەی بکردایە.

نــەك مــن هــەر کەســێکی تــری بێلایــەن ئەگــەر مێــژوی شــانۆمان بنوسنەوەناچــارە کــە شــوێنی شــیاوی خــۆی بــدا بــەم هونەرمەنــدە کــە نمونەیەکە شایستەی ئەوەیە کە هەمیشە لاسایی بکرێتەوە.

**مامۆستا رەفیق چۆن لێمان نزیك بوەوە؟**

کــەس نــەبو تیامانــدا مامۆســتا رەفیــق چــالاك نەناســێ و ئــەو ڕابــردوە سەرکەوتوەی کە هەیبو لە هونەری شانۆ و گۆرانی و چیرۆك و پەخشاندا.

چـیرۆکی لـە ڕێـی نیشـتمانداو ئـەو دەنگـە گەورەیـەی کـە دایەوەلـە سـاڵی ۱۹٤٦دا لــە ئــەتوانین بــە بــەردی بناغــەی کۆشــکی شــانۆگەری ئــەم سەردەمەمانی دا بنێین.

چـیرۆکە سـەرکەوتوە خۆماڵییـەکانی کـە لـە سـاڵانی پـەنجادا لـە ئێسـتگەی ڕادیـۆی بەغـدا بەشـی کوردییـەوە بـڵاوی ئەکردنـەوە ئینجـا چـیرۆکی پیسـکەی

تـەرپیرو هەڵسـانی بـە دامەزرانـدنی کۆمـەڵی هونـەرە جوانـەکان و ئـەو ژمـارە زۆرە ئاوازو سرودانەی کە داینابون و بە دەنگە خۆشەکەی ئەیوت.

دوای ئـەو شـانۆگەرییەمان ڕۆژێکـی لـە نـاو بـازاڕدا چـالاکم دی دوای چـۆنی و چـاکی پـێم وت: ئـەبینم مامۆسـتا تـۆ نـەهاتیت بـۆ بینینـی شانۆگەرییەکەمان؟

لە وەڵامدا وتی: کە کەس بانگم نەکات لە خۆمەوە بۆ کوێ بێم؟

وتم: مامۆسـتا خـۆت بـاش ئـەیزانی کـە هونەرمەنـد پێویسـتی بـە بـانگکردن نییە.

بۆیـە ئەوەنـدەی نەخایانـد کـە ئێوارەیـەکی سـەری لێ دایـن لـە کۆمـەڵ وە ئەوە یەکەم جار بو کە لە نزیکەوە ئەو پیاوە هەڵکەوتوە ببینم.

لـەو دانیشـتنەدا هێنـدێك تاقیکردنـەوەی خـۆی بـۆ گێڕاینـەوە لـە دنیـای شـانۆدا بـە تایبـەتی شـانۆگەری لـە ڕێـی نیشـتماندا مـرۆڤ تێـری لـە قسـەکانی نـە ئـەخوارد شـێوەیەکی زۆر تایبـەتی سـەیری خـۆی هـەبو لـە بـەکارهێنانی وشـەو جـۆری دەربـڕین بـە تایبـەتی لـە ڕوی دەنگـەوە مـن لەوێـدا پرسـێکم پێکـرد کـە ئایـا چـۆن چارەسـەری ئـەو ورکانـە بکـەین کـە هێنـدێك نوێنـەری منـداڵ کارمـان ئـەیگرن لـە دەور بیـنین دا لـە کـاتی پیشـاندانداا؟ لـە وەڵامـدا وتـی: ئـەوە زۆر ئاسـانە مـن بـەوە چارەسـەرم ئـەکرد کـە بـۆ هـەر دەورێـك وەك هـەوێ دوانم دائـەنا ئـەوە وای ئـەکرد کـە نوێنـەری یەکـەم بـۆ ئـەوەی دەورەکەی لە دەست نەچێت ئەو خوە تەرك بکات!

ئـەو دانیشـتنە دەسـتپێکردنی هاوکـاری هـەردولامان بـو تـا کۆتـایی سەرۆکایەتی من کە دو ساڵی خایاند.

**چالاك ئەیهێنێت زیاتر باسی بکەین:**

ئەمــەوێت نــەختێك لــە بیرەوەرییــەکانم لابــدەم و بــە کــورتی باسـێکی ئــەم هونەرمەنــدەتان بــۆ بکــەم و ئــەو ڕۆڵــە گرنگــەی کــە هــەیبو لــە پێشخســتنی شــانۆگەری کوردیـدا کـە وام لێ ئـەکات بـێ سـێ و دو نازنـاوی (بـاوکی شـانۆ)ی ئەم سەردەمەمانی پێ ببەخشم.

کــارتێکردنی ئــەو تــەنیا لــە یــەك لای شــانۆدا نــەبوە بــەڵکو زۆربــەی لایەنەکانی گرتبوەوە.

جــاری وەك چــەند جارێــك لەمەوبــەر باســم کــرد شــانۆگەری (لــە ڕێــی نیشـتمان)دا بـو کـە ئـەو هونـەرەی بـە زۆرتـرین ژمـارەی نـەوەی ئـەو سـەردەمە ناســی دیســان هــەر ئــەو بــو کــە بــۆ یەکــەم جــار چــیرۆکی تەمســیلی خۆمــاڵی نوسـیبو لــە ئیسـتگەوە لــە سـاڵانی پەنجاکانـدا بـڵاوی ئەکردنـەوە بوبـون بــە ویــردی ســەر زمــانی گــەورەو بچــوك هــەروەها یەکــەم کــاری خۆمــاڵی کردنــی چـیرۆکی بێگانــە هــەر لەســەر دەسـتی ئـەودا بـو کـە پیسـکەی تـەرپیر بـو لـە نوسـینی مـۆلێری فەڕەنسـی وە ئەگــەر نەتزانیایــە ئەمــە بێگانــە نوسـیویەتی ئەمەنــدە بــەرگێکی کــوردی ڕەســەنی ئــەکرد بــە بــەردا وات ئــەزانی کــە لای خۆمان ڕوی داوە.

بـەر لـەو، چـیرۆکی تەمسـیلی پاشـکۆی ئاهـەنگ بـو زۆرتـر بـۆ پێکـەنین بـو، ئـەو بـو کـە کـردی بـە بەشـی سـەرەکی ئاهـەنگ ئەگـەر هـەموی هـەر تەمسـیل نەبوایە.

تەنانـەت دیکـۆری (موجەسـەم)یـش یەکـەم جـار لـە شـانۆکانی ئـەودا هاتـە کایـەوە پـێش ئـەو دیکـۆر بریتـی بـو لـە تـەنیا پەردەیـەك کـە وێنـەی لەسـەر کێشرابو لە دوای شانۆکەوە هەڵئەواسرا.

ئـیتر ئەمـە جگـە لـە تەمسـیلکردەکەی کـە ئـەویش وێنـەی لەوەوبـەر نـەبو مـن زۆر جـار بـیر ئەکەمـەوە کـە چـۆن مرۆڤێـك ئـەتوانێت ئـاوا لـە پـڕ ئـەم هـەمو شـتە دابهێنێـت ئـەڵێم تـۆ بڵێیـت ئـەوە هـەمو هـی خـۆی بوبێـت یـان لـە شـوێنی تـر دیبـوی؟ بێگومـان ئێمـە پـێش ئـەو خۆمـان شـتێکی ئوتۆمـان نـەبو کـە بوبێت بە بنچینە بۆ ئەو.

باشـە گریمـان لـە دەرەوەی وڵات شـتێکی دیبێـت مەبەسـتم لـەو ماوەیەیـە کـە لـە (یافـا) بـوە، خـۆ ئـەبو لـە بەرهەمەکانیـدا مـۆرکێکی بێگانـەی پێـوە بوایـە بـەڵام هـەمو شـتێکی ئـەو خۆمـاڵی و کـوردەواری لێ ئـەباری بۆیـە ئـەڵێم هـەمو تازەگەرییـەك کـە ئـەو هێنایـە کایـە بێگومـان هـەر زادەی بلیمـەتی خـۆی بوە.

بـۆ نـا ئـەو لـە هـەمو شـتێکدا داهێنـەر بـو بـۆ نمونـە لـە نوسـینی پەخشـاندا کـە نـە لەوەوبـەر ئـەو بیرانـە خرابونـە ڕو وە نـە لـە شـێوەو داڕشتنیشـدا وە تـا ئێسـتاش کـەس نـەیتوانی شـوێن پێـی هـەڵگرێت دیسـان ئـاواز دانـان ئـەو بچـوکترین شـارەزایی لـە مۆسـیقادا نـەبو کەچـی نزیکـەی چـل سـرود و گـۆرانی هـەبو کـە مۆسـیقاژەنە پیشـەییەکانمان دەسـتەو سـتان بـون لـە دانـانی شێوەی ئەو ژمارەیە.

بـەر لـە کۆچـی دوایـی بـە ساڵێك چـەندەها جـار تکـام لـێ ئـەکرد کـە چـەند چـیرۆکێکی تەمسـیلیمان بـۆ بخاتـە سـەر تەلـەفیزیۆن تـا نـەوەی داهـاتوش لـە

بینـــی جـــۆری تەمســـیلەکانی بێبـــەش نـــەبن جـــا لەگـــەڵ ئەوەشـــدا کـــە زۆر دەســتی ئەڕۆیشــت لــە تەلەفیزیۆنــدا بــەڵام ئــەوەی نــەکرد، ئــەوەی کــە کــردی چـیرۆکێکی شـانۆیی بـو بـە نـاوی (دوکتـوری تـیلا)وە کـە دیسـان لـە مـولیرەوە خۆماڵی کردبو ئەیش فەرتەنەیەکی نایەوە ئەوسەری دیار نەبێت.

سروشـــت زۆر بـــە دەســـت و دڵ بـــو لەگـــەڵ چـــالاکدا و ئەگـــەر خـــەڵق لـــە شــتێکدا بەهرەیــەکی بوبێــت ئــەو لــە چــەندەها شــتدا هــەیبو بــەڵام سروشــت یەك شتی نەدابویـە کـە ئـەویش چۆن ئـەو بەهرانـە بـە بەرهـەم بهێنێت بۆیـە لـە بێبەختی خۆیو میللەتەکەیدا وەك زۆر کەمی درابێتێ وابو.

**بەرهەمەکانی ترمان**

بەرهـــەمی دوهـــەممان چـــیرۆکێك بـــو بـــە نـــاوی (لـــە نـــاخی دەرونـــەوە) لـــە نوســینی (ئــەمینی مــیرزا کــەریم) بــو وەك زۆربــەی چــیرۆکەکانی دوای شۆڕشــی (١٤)ی تـــــەموز دەربـــــارەی زوڵـــــم و زۆری ســـــەردەمی پاشـــــایەتی ئـــــەو دوا دەوری ســـەرەکی رەوف ماســـتاو و نـــوری وەشـــتی ئـــەیانبینی مـــن دەورێکـــی زۆر کـورتم تیـا دی کـە ئـەویش یـەکێك بـوم لـە چـەند کەسێك کـە لەسـەر مێزێك قومـاریــان ئــەکرد ئــەو دەورە هەرچــەندە زۆر بچــوك بــو بــەڵام لــە ســەرێکی تــرەوە گرنگــی گــەورەی هــەبو چــونکە یەکــەم جــار بــو لــە مێــژوی شــانۆی کوردیــدا پارێزەرێــك دەور ببینێــت چــونکە تــا ماوەیــەکی زۆر خــەڵکی وایــان دەزانــی شــانۆکاری هــەر ئیشــی قوتــابی و ئەوانــەن کــە نــەیانتوانیوە وەزیفــەی باش بەدەست بهێنن یان دانشگا تەواو بکەن!.

لەگـەڵ ئـەو تەمسـیلەدا چـیرۆکێکی هەزەلیشـی لەگەڵـدا بـو لـە نوسـینی کـاك علـی کـریم علـی (لـەم دواییـەدا دکتـۆر لـە جوگرافیـادا) کـە دەوری سەرەکی دڵشاد مەسرەف ئەیبینی.

چـیرۆکەکە دەربـارەی کـوڕێکی سـاکاری شـێتۆکە ئـەدوا کـە ئـافرەتێکی بێـوەژنی جادوکـاری حـەوت شـوکەرە ئەیچەوسـاندەوە بـەوەی کـە گوایـە شوی پێ ئەکات.

ئـەویش بـە هـەمو شـێوەیەك خـۆی لێ ئـەبردە پێشـەوە و سـەری پێـوە نـەبو بـۆ هـەمو خزمـەتێك تەنانـەت وەك زۆربـەی عاشـقەکانیش کـەوتبوە شـیعر دانـان وە بـۆ ئـەوەی سـوکە بیرێکتـان هـەبێت لـە جـۆری گفتوگوکـەی بـا چەند بەیتێکتان لەو شعرانە بۆ بنوسمەوە کە بە دڵداریدا هەڵدابو ئەیوت:

دڵداری چییە؟ دڵداری چییە؟ هەتا لێی نەخۆیت نازانی چییە
لە گیپەو کەشکەك گەلێك خۆشترە ترشە لە هەنار زۆر مێخۆشترە
ئەوی نەیزانێ دیارە حوشترە لە کەر کەرترە لە جاش جاشترە
لێتان ئەترسم
بۆیە ئەپرسم
دڵداری چییە؟ دڵداری چییە هەتا لێی نەخۆیت نازانی چییە
ڕاستە شیلمە نا مزرە سێوە کالیارە ئەخورێت بە ترش و خوێوە
ئەزانی عاشق بو شاخە کێوە؟ شێرە پڵنگە گامێشە دێوە
لە خۆشی یارە
بە مندا دیارە
دڵداری چییە؟ دڵداری چییە؟ هەتا لێی نەخۆیت نازانی چییە

تەمسیلەکە پڕ بو لە گفتوگۆی پێکەنیناوی بە ڕادەیەك کە ئاو لە چاو دەرئەپەڕی و کەلەکەی ئەهێنایە ئازار.

چالاك کە لێپرسراوی یەکەمی دوای پەردە بو لە وەڵامی پرسیارێکی مندا لێی کە ڕای چییە بەرامبەر بەو چیرۆکە وتی: هەرچەندە خەڵکەکە زۆر پێکەنین بەڵام کەموکوڕی ئەم چیرۆکە لەوەدا بو کە هەر بۆ پێکەنین نوسرابو لە کاتێکدا چیرۆکی هەزەلی سەرکەوتو ئەوەیە لە پەنا پێکەنینەکەشدا بیرێکی وا بدەیت بە دەستەوە کە نەوێری بە ئاشکرا دەری ببڕی[1] !

جارێکی تریش چیرۆکی پیسکەی تەرپیرمان پێشکەش کردەوە دوای ئەوە ئاهەنگێکی گۆرانی و مۆسیقا بو لەگەڵ چیرۆکێکدا بۆ پێکەنین لە نوسینی چالاك بو لە ژێر ناوی (خەسو نەبو ئەژدیها بو) باسی خەسویەکی ئەکرد کە چۆن هێندێك جار هەراس بە زاواکەی هەڵئەگرێ و ئەبێتە مایەی شەڕو شۆڕ و تۆرانی کچەکەی چالاك دەوری زاواکەی ئەبینی خەسوەکەش کوڕێك بو ڕیش و سمێڵی تاشیبو جێی داخە ناوەکەیم لە یاد نەماوە بەم جۆرە چالاك دوای دور کەوتنەوەی هاتەوە سەر شانۆ لەوانەی لەو چیرۆکەدا دەوریان لەگەڵدا ئەبینی کاك نوری وەشتی (خەزور)و خوشکە نەجات محوی (بوك) بو.

---

[1] ئەو چیرۆکە ناوی ((وشکە مێ باز بو))

مـن لـەو چیرۆکەشـدا دیسـان دەورێکـی زۆر بچـوکم هـەبو ئـەویش لەگـەڵ یـەکێکی تـردا چـوین حـاجی ژن (خەسـو) ببەینـەوە بـۆ ماڵـەوە کـە بـەو ئـاخری عـومرەوە تۆرابـو چـوبوە مـاڵی زاواکـەی (چـالاك) و هەراسـی بـەوانیش هەڵگرتبو.

مـن ئـەو کاتـە سـەرۆکی کۆمـەڵ بـوم ئـەمتوانی هـەر دەورێـك بمویسـتایە وەرم بگرتایـە بـەڵام بـۆ هـەر ئـەو دەورە وردانـەم وەرئـەگرت گومـانم لـەوەدا نییـە کـە هۆکـەی هـەر ئـەو بـیرە ژەنگاویـە بـو کـە هێشـتان مێشـك لێـی پـاك نـەبوەوە ئـەوەی کـە گوایـە تەمسـیل کـردن بـۆ یـەکێکی وەکـو مـن ناشـێت بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا هەرچـەندم ئـەکرد نەمئـەتوانی لـە سـەرێکی تریشـەوە بـەرگری لـەو حـەزە بکـەم کـە هـەمبو بـۆ تەمسـیل بۆیـە دەورێکـم ئـەدی کـە حەزەکـەم دابمرێنێتـەوە و لـە سـەرێکی تریشـەوە ئەوەنـدە سـەرنج ڕانەکێشـێ کە دەنـگ باتـەوەو نـاوم بزڕێـت! بـەڵێ زۆر لـە خـەڵکی ئـاوا شـر بـون لـە بـەینی حەزو نەریتی دواکەوتوی کۆمەڵدا لە زۆر باری ژیاندا نەك هەر تەمسیل.

**دوا بەرهەممان**

دوا بەرهـەمی مـاوەی سـەرۆکایەتی مـن کـە ئـەتوانم بڵـێم شـاکارمان بـو چیرۆکی (بوکی ژێر دەواری ڕەش) بو.

بیرۆکەکـەی لـە ڕوداوێکـی ڕاسـتەقینەوە هەلیـەنجرابو. ئـەویش ئـەوەبو کـە گوایـە تـیرەی روخزایـی جـاف –لەوانەیـە سـەد سـاڵێك لەمـەو بـەر بوبێـت– ئەکەوێتـە شـەڕێکی عەشـایەرییەوە ئـەو کاتـە سـەرۆکی تیرەکـە (لالـە

سـەرحەد) ئـەبێت ئـەو لەبـەر پـیری توانـای بەشـداری شـەڕەکەی نابێـت و لـە ماڵـەوە ئەمێنێتـەوە جـا هـەر جارێـك کوژراوێـك یـان برینـدارێك ئەهێننـەوە لالـە ئەچـێتە سـەری و دوای ئـەوەی کـە ئـەزانێت کێیـە سـەر بائـەدات و ئەوپـەڕی پەستی و نا ئارامی پێوە دیار ئەبێ.

لـە ئەنجامـدا خـۆی بـۆ ناگیرێـت و بـە ژنەکـەی ئـەڵێت: ئـافرەت حـەیامان چو، حەیا! کە ژنەکەی لێی ئەپرسێت بۆچی پیاوەکە؟.

لالـە لـە وەڵامـدا ئـەڵێت: ئـەوەتا هـەر کـوژراو و برینـدارە ئەیهێننـەوە کەچـی لـە حـەوت کـوڕی ئێمـە نـە بـە کـوژراوی نـە بـە برینـداری نەهاتنـەوە! هەبێت و نەبێت ئەبێ لە کەندە لانەدا خۆیان شاردبێتەوە!!.

دوای نـەختێك هـاوار بـەرز ئەبێتـەوە کـە یـەکێك لـە کوڕەکـانی لالـە سەرحەدیان هێنایەوە بە کوژراوی.

لالـە ئـەڵێت قەسـەم بـەوەی گیـانی لالـە سـەرحەدی هـاوە دەسـت لـە پشـتەوە پێکرابـێ حاشـا کـوڕی مـن نییـە.یـەکێك ئـەڵێ: نـا لالـە گوللەکـە داوێتـی لـە ناوچـەوانی لالـە ئـەڵێ: ئـەوە یـەعنی لـە هەڵمەتـدا کـوژراوە.سـەری باوکتت بەرز کردەوە لە ناو عەشرەتدا.

ئەمـە نـەریتی بـاو و باپیرانمـان بـو تـا مـەلیك مـەحمودی یەکـەم بـەڵام کـە ڕۆشـنبیر سـەرکردەی خـەباتی نەتـەوەیی گرتـە دەسـت کوڕەکانیـان لـە هەنـدەران و خۆشـیان لەتـەڕیان ئـەخواردو لـە وشـکانی ئەنوسـتن و کـوڕە هەژارەکانیشـیان ئەخسـتە قـوڕگی دەبابـەوە! کـە شۆڕشـیش سـەرکەوت و نیشـتمان ڕزگـار کـرا خۆیـان هـەمو منـداڵکانیان بـۆ پلـەو پایـەو پیاکێشـان

هاتنـەوەو پێشـمەرگە هەژارەکـەش بـە سـکی تێـرو بـە دوبرسـی مایـەوە ئەمـە بو ڕەوشتی (بەرز!)ی ڕۆشنبیرانی سەرکردە!!

**با بێینەوە سەر شانۆگەرییەکەمان و مەسەلەی ئامادەکردن.**

ئەتوانم بڵێم کە ئامادەکردنی ئەم شانۆگەرییە نمونەیی بو، بۆچی؟.

ئەگـەر بـیری ڕوداوەکـەو چـەند گفتوگۆیـەکی لالـە سـەرحەدی لێ دەرچـێ هـەمو کەسـایەتی و گفتوگۆکـەی لـە خستنەسـەری مامۆسـتا چـالاك بـو بـۆ نمونـە پـەردەی یەکـەم چـۆن بـو: کچـێکی جـوان بـە جلـی ئـالو والآوە لەسـەر جـەوالێك دانیشـتبو دوای نـەختێك کـوڕێکی قـۆز بـە ڕانـك و چـۆغەو پوزەوانـەی سـپی لـەپێ بەسـەر کچـەکەدا دێـت و قەفـەزێکی پێیـە و تفـەنگێکی ساچـمەزەنی لـە شـاندایە.لـە گفتوگۆکانـدا ئـەم ڕاسـتیانە دەرئەکەوێت.

کوڕەکـە کـوڕی لالـە سـەرحەدە کچـەکەش هـەر خـەڵکی دێـی دزکەرەیـە واتـا دێیەکـەی لالـە سـەرحەد هەردوکیشـیان دڵیـان بەیەکەوەیـە کـوڕە لـە ڕاوە کـەو بـوە کچـەکەش لـە ئـاش بـەڵام ئـەو گایـەی لێـی بـار کردبـو بەلەسـە بوبـو باراشەکەی فڕێ دابو.

ئـیتر گفتوگۆیـەکی ڕۆمانسـی نیمچـە شـیعر لـە بەینیانـدا کـرا مەگـەر هـەر لـە قەڵەمـە ئەفسـوناویەکەی چـالاك وەشـابێتەوە لـە کاتێکـدا ئـەو پەردەیـە هـەر وجودی نەبو لە چیرۆکەکەدا.

وتمـان لـه بنەڕەتـدا ئـەوە روداوێکـی راسـتەقینه بـوه، مامۆسـتای شـاعیر (أ.ب. هــەوری) کردبـوی بـەڕۆمان لـه ژێـر نـاوی (بـوکی ژێـر دەواری رەش)دا بــەڵام بچــوکترین شــێوازی شــانۆگەری تیــا دانــەبو. کــه مامۆســتا چــالاك ئامــادەیی کردبــو شــانۆ کفتوگــۆی تــری خستەســەر کەســایەتی کــەی خستەسـەر روداوەکـانی رۆمانەکـەی پاشـوپێش خسـت روداوی کـەی بـۆ زیـاد کـرد بەرادەیـەك هیچـی نـه ئەچـوەوە سـەر رومانەکـه مەگـەر لـه بیرۆکـه کەیـدا نەبێت.

کـه شـانۆگەریەکەمان خوێنـدەوە بـۆ مامۆسـتا هـەوری وتـی: ئینجـا کـەی ئەمــه چــیرۆکەکەی منــه؟! هــەموی تێکــەڵو پێکــەڵ کــراوەو هیچــی بەســەر هیچـەوە نـەماوە! وتمـان ئـاخر چـیرۆکەکەی جـەنابت بـۆ شـانۆ نەئەشـا ئەگـەر وامان لێنەکردایه.

وتـی: مـن هـەرگیز موافەقـەت ناکـەم لەسـەر ئەمـه چـیرۆکەکەم ئەبەمـەوە و نایەڵم نمایش بکەن.

مــن قســەیەکم بــەبیرداهات تەنگوچــەڵەمەکەی حــەل کــرد وتم: مامۆســتا بیرۆکــەی ئــەم چــیرۆکه هــی خۆتــه. فــەرموی نــەخیر دەمــاودەم بیســتومه. منــیش وتم دەســا ئێمــەش بیســتومانه. تــۆ بــەورمان دەرت بریــوەو ئێمــەش بــەم شــانۆگەرییه ئــیتر بــەچ حــەقێك مــەنعمان ئەکــەیت؟!بــەڵام ئەگــەر موافەقــەت بکــەیت کــه نمایشــمان کــرد ئــەڵێن: لــه چــیرۆکەکەی مامۆســتا هەوریـەوە مامۆسـتا رەفیـق چـالاك ئامـادەی کـردوە بـۆ شـانۆ، ئـیتر ئـاوکرا بـه ئاگرەکەدا..

لــە مومەســیلەکانی ئــەو شــانۆگەرییە ئــەوەی لــە بــیرم مــاون: چــالاك لــە دەوری لالــــە ســــەرحەددا کــــە ئــــەتوت شــــارەزورییەکە بــــە حــــەیاتی شــــاری نەدیوە.

**نوری وەشتی یەکێك لە کوڕەکانی لالە**

وەیســــە: رؤوف ماســــتاو، دەوری منــــیش ئــــەوە بــــو چــــەند شــــەو شــــانۆگەرییەکە نمــــایش کــــرا مــــن لــــە دوای پــــەردەوە گفتوگۆکــــەم بــــیر مومەسیلەکان ئەخستەوە!!

بــۆ ئــەم شــانۆگەرییە زۆر گــرنگ بــو لــەو ســەردەمەدا؟ چــونکە شۆڕشــی (١١)ی ئــــەیلولی ســــاڵی ١٩٦١ عەلامەتــــەکانی دەرکــــەوتبو چــــیرۆکەکەش بــەرگری کــردن و خۆبــەخت کــردن بــو لــە پێنــاوی خاکــدا بۆیــە گونجــاو بــو بــۆ ئەو ڕۆژە.

لــە ســاڵی ١٩٦١دا بــە تــەواوی عەســکەرتاریەت بــاری ســلێمانی ئــاڵۆز کردبــو کــە هەڵبــژاردنی ســاڵانە هاتــە پێشــەوە باشــترین کــەس کــە بتــوانێ ئــەرکی کۆمــەڵ هــەڵگرێ مامۆســتا چــالاك بــو لــە ئەنجامــدا دەرکــەوت کــە ئــەویش نــەیتوانی دەربــەرێ لەگــەڵ وەزعەکــەدا و هــەر وەك لەســەر دەســتی ئەودا کۆمەڵ هاتە کایەوە هەر لەسەر دەستی ئەویشدا گیانی سپارد.

تێبینــی: بــە پێویســتی ئــەزانم ئامــاژە بــۆ دو سەرچــاوەی کــە بکــەم کــە دەربارەی کۆمەڵی هونەرە جوانەکان و ئەم شانۆگەرییە ئەدوێن.

دەربــارەی بــوکی ژێــر دەواری ڕەش سەرچــاوەیەکی کــەش هەیــە کــە هــەر دەربــارەی ئــەم شــانۆگەرییە ئــەدوێ ئــەویش کتێبــی: لــە ئەرشــیفی شــانۆی کوردییەوەیە لە نوسینی هێژا یاسین قادر بەرزنجییە ل ٨٩-٩٣.

٢-ئەو سەرچاوەیەش کە دەربارەی کۆمەڵی هونەرە جوانەکان ئەدوێ لە نوسینی کاك (فائق عومەر توفیق)ە لە ژێر ناوی (کۆمەڵی هونەرە جوانەکانی سلێمانی) یە.

**٤-منداڵینە، لەتاقیکردنەوەکانم سود وەرگرن**

خۆشەویستەکانم کە ئەم بەسەرهاتەی لێ رودام لەو تەمەنەدا بوم کە قوتابی تا رادەیك فێری خوێندنەوەو نوسین ئەبێت. بەڵێ لە پۆلی پێنجی سەرەتاییدا بوم. تاقیکردنەوەکەشم بەوە دەستی پێ کرد کە مامۆستای زمان داوای لێ کردین کە دەربارەی ((پشت بەخۆ بەستن)) دارشتنێك بنوسین. ئەو سەردەمە ئێمە بەدارشتنمان ئەوت ئینشا.کە بەعەرەبی هەر مانای دارشتن ئەگەیەنێ.

من کەمترین بیرم نەبو دەربارەی ئەو باسە واتا نەم ئەزانی مەبەست لە پشت بەخۆ بەستن چیە؟ بەلاّم هیچ بەتەنگەوە نەهاتم چونکە ئەوساش وەك ئێستا- کە زۆر جێگەی داخە- قوتابی خۆی ئینشای نەئەنوسیەوە بەڵکو ئەیبرد بۆ یەکێك لەخۆی لێزانتر، ئیتر ئەو بۆی ئەنوسیەوەو ئەمیش لەبەری ئەکرد. منیش لەسەر هەمان نەریت بۆ ئەو مەبەستە چومە لای برا گەورەکەم کە ئەو کاتە ئەو لەپۆلی پێنجەمی دواناوەندی دابو. کە چومە لایو مەبەستەکەم تێ گەیاند پێ ی وتم:

- باشە تۆ ئەزانیت پشت بەخۆ بەستن یەعنی چی؟

وتم: نەخێر،هەرگیز.

—دەسا با پێت بڵێم پشت بەخۆ بەستن یەعنی لەباتی ئەوەی من ئەم ئینشایەت بۆ بنوسم ئەبو خۆت بتنوسیایە، کەزانی باش لەمەبەستەکەی نەگەیشتوم درێژەی بەقسەکانی دا:

—ئەگەر تۆ خۆت ئەم ئینشایە نەنوسیت ئەوا جگە لەوەی فێری هونەری نوسین نابیت ئەبێ هەر بەشوێن خەڵکیدا بگەڕێیت کە ئینشات بۆ بنوسێت. جا ئەوە دور نیە کە وات لێ بکات لە شتی تریشدا هەر چاوت لە دەستی خەڵکیەوە بێت واتا لێت ببێت بەخو. ئەو کاتە بە تۆ ئەڵێن لەکارو فرماندا پشت بەخۆی نابەستێت.

—باشە ئەوە زۆر خراپە؟

—بێ گومان ئەوە وا ئەکات کە وردە وردە توانا و بڕوات بەخۆت بەرەو لاوازیو نەمان بچن بە رادەیەك کە نەتوانیت کارێکی سەربەخۆ بکەیت یان بڕیارێك بدەیت. بەوەش لە ژیاندا ئەدەیتە دواوەو بەشت هەر ژێرکەوتن ئەبێت.

لەو قسانەیەوە زۆر شت فێربوم کە مەبەست چیە لەم شتەی پێ ی ئەڵێن پشت بەخۆبەستن بۆیە بەپەرۆشەوە پێم وت:

—من هەرگیز ئەو ئەنجامە بەخۆم ڕەوا نابینم

—نەك تۆ، هیچ کەسێك نابێت ئەوە بەخۆی ڕەوا ببینێت. چونکە مرۆڤ لەم ژیانە ئاڵۆزەدا ڕۆژی دوچاری دەیان کاروفرمانو تەنگو چەڵەمە ئەبێت کەهەریەکەیان پێویستی بە بڕیاردانو بەرەنگاربونەوەو هەڵوێستە.باشە ئەکرێت تۆ بۆ هەر یەکێك لەوانە بچێت پرس بکەیت!؟!

—بێ گومان نا!

—زۆر جـــاری واهەیـــە ئەگـــەر خێـــرا بڕیارێـــك نـــەدەیت دور نیـــە کـــە دەسـتکەوتو هـەلێکی گـەورەت لـەکیس بچـێت یـان زیانـت لـێ بکـەوێت یـان هەر سەرتی تێدا بچێت.

—نا،نا من هەرگیز نامەوێت بەوجۆرە بم.

—دەکەوا بو ئەبێت هەر لە ئێستاوە فێری پشت بەخۆ بەستن ببیت.

—چۆن؟ پێم بڵێ.

—لەم ئینشایەوە

—چۆن؟

—ئێسـتا بیرۆکەیـەکی باشـت هەیـە دەربـارەی پشـت بـەخۆ بەسـتن، ئـیتر بـۆ نایخەیتـە قـاڵبی ئینشـایەکەوە. نـەمن نەمامۆسـتاکەت چـاوەڕوان ناکـەین کەشـتێ یـەکی زۆر ڕێکـو پێکـو بـێ کـەمو کـوڕی بنوسـیت. بـەڵام وردە وردە بـەرەو باشـی ئـەڕۆیتو ئەگـەر کتێبـیش بخوێنێتـەوە ئـەوا دورنـی یـە کـە نوسەرێکی باشیشت لێ دەربچێ.

— باشـە هەوڵئـەدەم کـە ویسـتم بـڕۆم وتـی ڕاوەسـتە قسـەیەکی تریشـم مـاوە پێـت بڵـێم، ئـەویش ئەوەیـە کـە نوسـیت نەیهێنیتـەوە بـۆ مـن بـۆت دەسـتکاری یـان هەڵـەکانیت بـۆ ڕاسـتبکەمەوە، بـۆ ئـەوەی سـەدلە سـەد پشـت بـەخۆت ببەسـتیت!. لـە دەرسـی ئینشـادا هەریەکـە ئـەوەی خـۆی خوێنـدەوە، ئەوانـەی ئـەوان هـیچ تایبەتمەندیـەکی ئـەوتۆیان تیادانـەبو. کـە سـەرە هاتـە سـەر مـن، ئینشـاکەمم خوێنـدەوە کـە بـریتی بـو لـەو گفتوگۆیـەی کەلەبـەینی مـنو کاکمـدا روی دابـو بـەڵام بـەتوانای خـۆم دامڕشـتبو. لـە ئەنجامـدا مامۆسـتا لـەناو هەموویانـدا ئـەوەی مـنی پەسـەند کـرد. چـوە دەرەوەی پۆلەکـە ئەوکاتـە

پێمـان ئـەوت (صـنف) فەراشـێکی بـانگکرد دوای ئـەوەی چرپەچـرپێکیان کـرد فەڕاشەکە ڕۆیشت و مامۆستاکەش هاتەوە بۆ ناو صنف.

دوای نـەختێك کـە گەڕایـەوە قەڵـەمێك‌و دەفتـەرێکی دابـە مامۆسـتا ئـەویش وتـی: ئـەم قەڵـەم‌و دەفتـەرە ئـەدەین بـە تـەها لەبـەر ئـەوەی ئینشـاکەی ئـەو لـە هـەموان جـوانتر بـو دەی ئێـوەش چـەپڵەیەکی بـۆ لێبـدەن. قوتابیـەکانیش کەپێیان ئەوتین (تەلەبە) هەمو چەپڵەیان بۆ لێ دام.

ئـەو کاتـە جـەنگی جیهـانی دوەم بـو زۆر قاتـەوقڕی بـو، بۆیـە بەختـەوەر بـو ئـەوەی قەڵـەم و دەفتـەرێکی بدرایـەتێ. لـەبیرم دێ هـەر لەوسـەردەمەدا جـۆرە کاغـەزێکیان بەسـەر تەلەبـەدا دابـەش ئـەکرد مـەترێك بەمـەتر چوارگۆشـە بـو. ئـەیان نوشـتانەوەو دەفتـەریان لـێ دروسـت ئـەکرد. بـۆر بـو بەچـاکی پوشـی پێـوە بـو چـونکە همـو کارگـەکان تـەرخانکرابون بـۆ کەرەسـەی جـەنگی‌و دەوڵەتـە زلهێزەکـانیش بـەهۆی شـەڕەوە زۆر دەستکورت بوبون لە روی پول‌و پارەوە.

هـەر دەربـارەی پاداشـت‌و قەڵـەم‌و دەفتـەر بـۆ سـاڵی دوایـیش واتـا لـە پـۆلی شەشدا ئەو رێزلێنانەم لێ نرا کە بەم شێوەیەی خوارەوە بو:

مامۆسـتای عـەرەبی کـە لـە عـەرەبی لیـوا واتـا پارێزگـای (موصـل) بـو وە لەبـەر ئـەوەی چـەند سـاڵێك بـو لـە سـلێمانی بـو کوردیـەکی بـاش فێـر بـو بـو. ئەوکاتـە دێتـە ڕۆشـنبیری‌و خوێنـدن لـە موصـلدا زیـاتر پـەرەی سـەندبو وەك لـە سـلێمانی بۆیـە مامۆسـتایان لـێ زیـاد بـو لەبـەر ئـەوە ئـەیاننارد بـۆ ناوچـە کوردی یەکان.

رۆژێکــی ئــەو مامۆســتایە پــێ ی وتــین: هەریەکــەتان بەرهــەمێکی عــەرەبی ئامــادە بکــەن ئــیتر هــی خۆتــان بــێ، یــان بۆتانبنوســن هەرچــیەك بــێ وەرن لــە صــنفدا بیخوێننــەوە زۆربــەیان هیچــیان بــۆ بەرهــەم نــەهاتبو مــن ئــەم جــارەش هانــام بــۆ کــاکم بــردەوە کەمەســەلەکەم تــێ گەیانــد وتــی کتێبــێکم هەیــە پــێ ئــەڵێن (کلیلــە ودمنــە) دوکەســایەتین قســە بــۆ یــەکتری ئەگێڕنــەوە هــەموی بەســەرهاتە هــەر بەســەرهاتەش پەنــدێکی تیادایــە لــە نوســینی نوســەرێکی (هنــد)یــە کــە نــاوی (بەیــدەبا)یــە نوســەرێکی بەبنەچــە فارســی کــردوێتی بــە عــەرەبی پــێش نزیکــی هــەزار ســاڵ لــە زەمــانی عەبباســیەکاندا نــاوی (ئــیبن ئەلموقەفــەع) بــوە، بەهــەردوکمان هــاتین کــورترین روداومــان لــێ هەڵبــژارد لــەژێر نــاوی (یەراعــە) دا کــە بــەکوردی گوڵــە ئەســتێرەیە جانــەوەرێکی بچــوکە ئــەفڕێ بەشــەو روناکیــەکی ســەوزی هەیــە ئەکوژێتــەوەو هەڵئەبێتــەوە وەك گڵـۆپێکی زۆر بچـوك. بەشــەو دەســتەیەك مــەیمون لــە دارســتانێکدا ئەیانــەوێت ئاگرێـك بکەنــەوە، گوڵــە ئەســتێرەیەك ئــەگرن لــەوان وایــە ئەمــە ئــاگرە بــەڵام هەرچــەند ئەکــەن ئاگرەکــەی پــێ ناکرێتــەوە باڵندەیــەك بەســەر دارێکــەوە ئــەبێ لەهــەمان دارســتاندا و ســەیری ئــەم کــەینو بــەینی مەیمونانــە ئــەکات. باڵندەکــە ئــەزانێ گوڵــە ئەســتێرە هــەر روناکی یــە نــەك ئــاگر وە بــۆ ئــەوەی لــەوە زیــاتر خۆیــان هــیلاك نەکــەن ئەچــێتە ناویانــەوە کــە ئــەم راســتی یــەیان پــێ بڵــێ فریــای ئــەوە ناکــەوێ کــە مەیمونــەکان پــەلاماری ئــەدەنو ئــەیخۆن پەندەکــە چــی یــە: پەندەکــە ئەوەیــە کــە بەچــاکو خــراپ نزیکــی دڕنــدە نەکەویتــەوە شــاو ســوڵتانو خەلیفــەکانی ئەوســەردەمەش راســتە مــرۆڤ بــون بــەڵام لــە رەفتاریانــدا لەگــەڵ دەوروپشــت و خەڵکیــدا وەك ئــەو مەیمونانــە

دڕەنـدە بـون بـەڵام ئـەو نوسـەرانەی ئـەو سـەردەمە نـەیان توانیـوە بەئاشـکرا ئـەوە بڵـێن کـە خەڵکینـە بەچاکو خـراپ لـەو زاڵمانـە نزیـك مەکەونـەوە چـونکە لـە ئەنجامـدا وەك مـار بەئێوەشـەوە ئـەدەن. بۆیـە لەسـەر زمـانی گیانـداران ئـەوەیان راگەیانـدو وە ئێسـتا بـەم جـۆرە چـیرۆكو سەرگوزشـتانە ئـەڵێن (رەمـزی) واتـا خوێنـدەوار ئـەبێ خـۆی مـەعناو پەندەکـە هـەڵ بـێنێ. کـاکم وتـی: ئـەبێ ئـەم حەکایەتـە وەکـو شـیعر لەبـەر بکـەیت وە هـەمو مـەعناو وشەکانیشـی بـۆ کـردم بـەکوردی. لـە رۆژی دەستنیشـانکراودا تەلەبـەکان یەکـدوانێکیان نـەبێت هیچـیان ئامـادە نـەکردبو چـونکە ئـەو کاتـە خوێنـدەوار لـە خێزانـدا زۆر کـەم بـو منـیش ئەگـەر کـاکم نەبوایـە لـەوان باشـتر نەئـەبوم ئـەو ژمـارە کەمـەش کـە بەرهـەمیان هـەبو شـتێکی سـەرنج راکـێش نـەبو. کەسـەرە هاتـە سـەر مـن، لەکاتێکـدا ئـەوان لـە کاغـەزدا ئەیانخوێنـدەوە مـن لەبـەر خوێندمـەوە. مامۆسـتاکەمان سـەری سـوڕمابو وە ئەوەنـدەی تـر سـەری سوڕما کـە مـەعنای هـەرچ وشـەیەکی لـێ ئەپرسـیم ئـەمزانی ئەوەشـم لەبیرچـو کـە بڵـێم مامۆسـتا فـەرموی: ئـەوەی یەکـەم بـو چـوار قەڵـەمو چـوار دەفتـەری ئـەدرێتێ لـە ئەنجامـدا قەڵـەمو دەفتـەرەکان بـەمن درا. بـە مامۆسـتاکەم وت: ئـەتوانم هێنـدێك لـە قەڵـەمو دەفتـەرەکان ببەخشـم. مامۆستاکەشـم وتـی: ئـا منـیش قـەڵەمێكو دەفتـەرێکم بـۆ خـۆم گلدایـەوەو ئـەوانی کـەم دابـەهاوڕێو نەداراکان.

لـەو کتێبـەوە دنیـای ئەفسـوناوی کتێـب تێگەیشـتم، راسـتە خـەڵکی فێـری خوێنـدنو خوێنـدەواری ئـەبێ بـەڵام بـەبێ خوێندنـەوەی کتێـبو بڵاوکـراوەی تـر هـەرگیز نـاتوانێ بـبێ بـە رۆشـنبیر یـان بـبێ بـە نوسـەر. لـەو رۆژەوە کتێـب بـوە

هـاودەمم خوێندنــەوە بــو بــە خـۆراکم زۆر جـار شــەوم ڕۆژکردۆتــەوە چـونکە نــەم توانیوە دەست لە خوێندنەوەی کتێبێك هەڵگرم!!.

هـەر کـاکم وانەیـەکی تـری دامـێ، چـۆن؟ ئەوکاتـە لـە پـۆلی یـەکی ناوەنـدی یـەوە دەرچـوبوم بـۆ پـۆلی دو لـە پشـوی هاوینــەدا بـوین ئـەو کاتـە ئێمـە پێمـان ئـەوت (تـەعتیل) باشـە وانەکـە چـی بـو؟ وانەکـە ئـەوەبو پـێ ی وتم: کـە ئـەڵێن تـەعتیل ئـەوە ناگەیـەنێ کـە تـۆ نیـوەڕۆ هەڵسـی لـە خـەو و بـە ڕۆژ هـەر خـەریکی یـاری بیـت لـە کـۆڵانو شـەویش گـوێ لـە رادیـو بگـری قـەینا کـە ئـەوەش بکـە بـەلام ئـەبێ شـتی بەسودیشی تیا بکەیت وتم: وەکو چی کاکە؟.

وتی: من شتێیەکم بەبیردا هاتوە:

– ئادەی

–لـە پـۆلی دودا دەرسـێك ئـەخوێنن کەلـەوەو بـەر پێـی ئاشـنا نـەبون. ئـەو دەرسـە پـێ ی ئـەڵێن.(هەندەسـە)نـازانم – ئەمـە قسـەی خۆمـە– ئێسـتا پـێ ی ئەڵێن ئەندازە هێلکاری چی. کاکم درێژەی دا بەقسەکانی وتی:

–ئـەم دەرسـە واتـا وانەیـە بریتییـە لـە (٣٠–٤٠) تیـوری بـۆ بـێ تاقـەتی هەر ڕۆژە یەکدوانێکت بۆ شەرح ئەکەم.

کـە مەکتـەب دەسـتی پێکـردەوە لـە کاتێکـدا کـە قوتابیـەکان سـەریان لـە دەرســـی هەندەســـە دەر نەئــــەکرد مـــن لەوســـەریەوە ئەهاتمـــەوەو هـــەمو تاقیکردنەوەیـەکی مانگانـەش مـن صـەد لـە صـەدم وەرئـەگرت وە هـەروەها لـــەبریتی ئـــەوەی خـــۆم بـــە ئامـــادەکردنی هەندەســـەوە خـــەریك بکـــەم دەرســـەکانی تـــرم ئامـــادە ئـــەکرد بـــەوەش ئاســـتی نمرەکـــانی ئەوانیشـــم بەرزتربو.

لـه پـۆلی چـواری ئـەدەبی بـوم لـە تاقیکردنـەوەی ریـاضـیاتـدا کـە ئێسـتا پـێ ی ئـەڵێن ماتماتیـك باشـم جـواب نـەدابوەوە، ئەترسـام بکـەوم تیایـدا. کـە هاتمــەوە بــۆ ماڵــەوە لەســـەر گـــازی پشـــت لـــێ ی کـــەوتمو چەرچـــەفێکم دا بەخۆمدا وەك مۆمیای فیرعەونەکان.

کـاکم سـاڵێك بـو دەرچـوبو لـە کـۆلیجی ئەنـدازیاری کەهاتـەوە بـۆ ماڵـەوە لـە دائیرەوە و بەم شێوەیە دیمی. وتی بەخەبەری

- وتم: ئا
- چۆن بوی لە ئیمتیحاندا؟
- وتم: باش نەبوم
- زۆر
- نـازانم دەرئەچـم یـان دەرناچـم. کـاکم لـێم تـورە نـەبو کـە بـۆ باشـم جـواب نەداوەتـەوە چـونکە ئـەیزانی تاقیکردنـەوە دوبـەختی یـە هێنـدێك جـار ئەو پرسیارانە نایەتەوە کەتۆ ئەیزانی بۆیە وتی:
- نانت خواردوە؟
- نانی چی من ئەڵێ ی قورقوشم لە گەدەمایە ئەمەندە خەمبارم.
- دەباشـــە بابـــەم موناســـەبەتی بـــاش جـــواب نەدانەوەیـــەت بچـــین بـــۆ کەبابخانە!.

کەلـە کـەبابخواردن بوینـەوە هاتینـەوە بـۆ ماڵـەوە ئەوسـا کـاکم وتـی: پرسیارەکان بێنەو بزانم چۆنت جواب داوەتەوە.؟

کە ئەوەمان کرد وتی: دەرئەچی

- چەند ئەهێنم؟

- له شەصت کەمتر ناهێنی لەبەینی (٦٠–٦٥)
- ئەیبۆ پێش کەبابەکە ئەمەت نەکرد تا کەبابەکەم بەدڵەوە بنوسایە
- ئاخر زۆر برسیمبو!

کە نمرەمان وەرگرت وەك کاکم بۆی چوبو (٦٢)م وەرگرتبو!

وابزانم بێسودیش نابیٚ ئەگەر بتاناسێنم بەم کاکەم:

ئەم برا گەورەیەم پیٚ یان ئەوت: صابیر بابان لە ساڵی ١٩٢٧دا هاتبوە دنیاوە. لەساڵی ١٩٣٥دا چۆتە قوتابخانەی سەرەتایی خالیدیە تا بڵێیت قوتابیەکی زیرەك بو لە (بەکەلوریا)ی شەش دا بەیەکەمی (پارێزگا) دەرچو لە هەمو ناوەندیو دواناوەندی هەمیشە ئەبەخشرا لە تاقیکردنەوەی کۆتایی. کەلە پۆلی پێنجی



(صابیر بابان) ی برام

دواناوەنـدی دەرچـو– چـونکە ئەوکاتـە پـۆلی شـەش نـەبو چـوە کـۆلیجی ئەنـــدازیاری یـــەوە و لـــە ســـاڵی ١٩٥٢دا بـــو بەئەنـــدازیار. ئەنـــدازیاریش جۆریـان هەیـە، هەیانـە هـی تـەلار سـازیە، یـان بەنـداوە، یـان پـردی سـەرئاوە. جـۆرێکی تـر تایبەتـە بەتونێلـەوە، هێڵـی شـەمەندەفەرەوە دەیـان جـۆری کـە بـەڵام بۆکـاکم تایبـەت مەنـد بـو بەرێگـەی بـەینی شـارەکانەوەو ئـەو پردانـەی کـە دەچـنە رێ ی. لـەو رێگایانـەی کـە لەناوچـەی سـلێمانیدا کردویـەتی هـەر خـۆی یـان بـە بەشـداری ئەنـدازیاری کـە، رێگـای کـەرکوك سـلێمانی یـە، هـەروەها رێگـەی تاسـلوجە دوکـان، سـەید سـادق هەڵەبجـە، سـەید سـادق خورمـاڵ، نـەك هـەر لـە پارێزگـای سـلێمانی بـەڵکو لـە هـەولێرو کـەرکوکو دهـۆکیش تەنانـەت لـە زۆر شـوێنی عێراقیشـدا بـە هـەزاران کیلۆمـەتر رێگـاو بانی ئەنجامداوە.

کـە بـەیانی ١١/ئـازاری/١٩٧٠دەرچـو بـو بەسـەرۆکی ئەنـدازیارانی وەزارەتـی (شـئونی شمـال) واتـا کاروبـاری ژورو وە کاتێـك فرتوفێڵـی ئـەو بەیانـە دەرکـەوت و شـەڕ دەسـتی پـێ کـردەوە چـوبۆ شـاخ تـا هەرەسـهێنانی شـۆڕش لـە سـاڵی ١٩٧٥دا. کـە گەڕایـەوە ئـەو پلەوپایـەیان نەدایـەوە و کردیـان بـە لێپرسـراوی رێگاوبـانی پارێزگـای (دهـۆك). ئـەو لەهـەرچ پلـەو پایەیەکدا بوایـە بـەو پـەڕی توانایـەوە خزمـەتی ئـەکرد. بۆیـە پارێزگـای دهـۆك دورو درێـژترین رێگاوبـانی بەخۆیـەوە دی لـەو چـەند سـاڵەدا کـە ئـەو لـەوێ ئیشـی کـردوە وە هـەر ئەمـەش بـو کـە بوبـەهۆی ئـەوەی بیگوێزنـەوە بـۆ بەغـداد، وەك وتبویـان بـا هـەمو عێـراق بەهرەمەنـد بـبێ لـەتواناو شـارەزایی ئـەم پیـاوە بۆیـە کردیـان بەسـەرۆکی ئەنـدازیارانی رێگاوبـانی هـەمو عێراقـو

لـەو پۆسـتەدا مایـەوە تـا خانەنشـین کـرا. لـە پرسـیارێکی منـداڵی کەچـی وای کـرد ئـەو شـکۆیە بەدەسـت بهـێنی کـە هێنـای؟ لـە وەڵامـدا وتـی: زیرەکـیو شـــارەزایی، خـــۆ مانـــدوکردن لـــە ئیشـــەکەتدا، حـــەز بـــە خزمـــەتکردنی میللەتەکـەت، دەسـتپاکی. تەنانـەت ئەگـەر نەشـگەیتە پلەوپایـەی بـەرز هـەر سـەرکەوتویت وە ئەگـەر ئـەم مەرجانـەت تێـدا نـەبو بـا سـەرت بـدات لـە ئەستێرەی ئاسمان، ژێرکەوتویت.

دوای ئـــەوەی ئـــەم وانـــە پـــیرۆزەی بـــۆ بەجێهێشـــتین صـــابر بابـــان لـــە ١٩٩٦/١١/٢٥دا کۆچی دوایی کرد. پڕ گۆڕەکەی بێت لە نور.

سـاڵ هـاتو سـاڵ ڕۆیشـت گـەورە بـوم. دانشـگام تـەواو کـرد، خێـزانم پێکـەوە نـا بـوم بـەباوکی دو کـوڕو کچـێك. سـودێکی زۆرم وەرگـرت لـەو وانانـــەی کـــاکم وە هـــەروەها ئەوانـــەی خۆشـــم کـــە بەچـــاکم ئـــەزانی بـــۆ پـەروەردە کردنیـان. بـۆ نمونـە هـەوڵم ئـەدا کـە هاتـا بتـوانم وا بکـەن کـە پشـت بـەخۆیان ببەسـتن. لـە نانخواردنـدا تـا ئـەو کاتـە خـواردنم ئـەکردن بەدەمـەوە کەنەیانتوانیایـە خۆیـان خـواردن بخـۆن بـەڵام هـەر کەدەسـتیان کەوچـکی بگرتایـە ئـیتر ئەبوایـە خۆیـان بیانخواردایـە. لەپێشـدا فێرمـان ئـەکردن کەچـۆن کەوچـکەکە ئـەگرن و ئەیکـەن بـە خواردنەکـەداو ئەیبـەن بـۆ دەمیـان ئـیتر ئەبوایـە دوای ئـەوە خۆیـان هەڵسـانایە بـەو کـارە بـەڵێ یەکـەم جـار دوای ئـەوەش چـەند جـارێکی کـە دەسـتیان ئەلـەرزی خواردنەکـەیان ئەڕشـت بـەڵام وردە وردە فێـر ئـەبون و ڕائـەهاتن کـە چـۆن نـان بخـۆن ئـیتر مـنو دایکیـان ئەوەنـدە ئـەرکمان پێـوە نەئەکێشـان. ئێمـە زۆر سـەیرمان لـێ ئـەهات منـداڵێك (٦–٧) ساڵە کەچی هێشتان دایکی خوارنی بەدەمەوە ئەکات.

وەكــە چوشــنە قوتابخانــە ئــەوە هــەر خۆيــان ئــەبو جلــی خۆيــان بگــۆڕن كتێبو دەفتەرەكانيان ئامادەبكەن بۆ قوتابخانە.

ئێمــە وەك زۆربــەی دايـكو بـاوكی كـە، قوتابخانــەمان لەماڵــەوە دانــەنابو كـە چـی ئـەو رۆژە خوێندويانــە سـەر لـە نـویٚ هــەمويان بـۆ شـەرح بكەينــەوە وەك چـۆن باڵنــدە خــواردن ئــەجوێتو ئــەيكات بــەدەم زەرنەقوتەكانيانــەوە. ئێمــە هەميشــە ئــەوەمان تــیٚ ئەگەيانــدن كــە ئــەوە ئيشــی ئەوانــە نــەك هــی ئێمــە دەوری ئێمــە تــەنيا ئــەوە بــو كــە ئەگــەر شــتیٚ يــەكيان نەزانيايــە فێرمــان ئەكردن و هيچی تر.

ئێمە هــەرگيز لەســەر زيرەكــی و نــازيرەكی نەمانئەخســتە ژێــر پرســيارەوە چــونكە ئــەوە سروشــت پــیٚ ی ئەبەخشــێن. ئێمــە مەبەســتم مــنو دايكيــان، لەســەر تەمــەڵی و تــەوەزەلی لێمـان ئەپرسـينەوە بۆيـە هــەرگيز نەمانئــەوت بـۆ كــوڕی دراوســێكەمان يــان فــلان خزممــان بــۆ نمرەكــانی لــە ئێــوە زيــاترە! خۆمــان بــەخۆمانمان ئــەوت: چــی بكــەن ئــەوان زيــرەك تــرن. زۆربــەی دايـكو باوكــەكان ئــەم نابەرامبەريانــەيان رەچــاو نەئــەكرد بۆيــە بــەوە غــەدرێكی گــەورەيان لــە منداڵــەكانيان ئــەكردو توشــی جۆرەهــا گــرێو گــۆڵی دەرونيــان دەكـردن و زۆر جـار پێيـان ئـەوتن ئـەبیٚ نمـرەی تـۆ بـە يـان هەندسـە بهێنيـت بـیٚ ئـەوەی رەچـاوی توانايـان بكـەن، كەنـەيان ئـەهێنا وايـان ئـەزانی گوناهەكـە لەوانەوەيــە بۆيــە خۆيــان بــە دۆڕاو ئــەزانیو هــەيانبو خــۆی ئەكوشــت! ئێمــە هەميشــە ئــەوەمان لــیٚ دوبــارەو ســێبارە ئەكردنــەوە كــە مــەرج نــی يــە بــبن بــەدكتۆرو موهەنــديس و پــارێزەر ئەمانــە ئەوەنــدە زۆر بــون لــە هيچــەوە ديــار نـين ئێـوە ئەگـەر بتـوانن لـە هـەرچ مـەجالێكی كـەدا سـەركەوتنێكی شايسـتە بـە

دەستبهێنن ئەوە گرنگە. چەند دکتۆرو موهەندیس‌و حاکم‌و کاربەدەست هەیە لە دنیادا بە مەلایین بەڵام نیوەی دنیا مارادۆنای یاریزانی فتبۆڵ ئەپەرستن لە شەترەنجدا کاربۆف و قارەمانەکانی تر لە شێوەکاریدا بیکاسۆ و نوسیندا هەر بۆ نمونە نوسەری ئینگلیزی بەناوبانگ (بەرنارد شۆ) ئەزانن ئەڵێ چی؟ ئەڵێ ئێمەی زۆربەی نوسەران پێمان ئەوترێ نیمچە خوێندەوار چونکە خوێندنی دانشگامان تەواونەکردوە. بەڵام — ئەمە قسەی خۆمە— بەناوبانگترین دانشگای دنیا سەربەرز ئەبێ ئەگەر یەکێك لەونوسەرانە موحازەرەیەکی تیادا بدات. من دوشتم لە منداڵەکانم داوانەکردوە واتا بەسەریاندا نەسەپاندوە وەك زۆربەی باوك‌و دایکەکان ئەیکەن:

١- داوای ئەنجامێکم لێنەکردون کە لەتوانایاندا نەبێ چونکە ئەوە ئەچێتە خانەی چەوسانەوە.

٢- حەزیان بەچ خوێندنێك کردبێ رێم لێنەگرتون. رۆژێکی کورەگەورەکەو وتی: بابە من حەز ئەکەم ئوتیلێك بەڕێوەبەرم وتم خراپی چی یە بچۆرە پەیمانگای ئوتیل بردن بەڕێوەو هەوڵیش ئەدەین هێندێك ملکت بۆ بفرۆشین تا ئوتێلێکی بچوکت بۆ بکەینەوە. ئیتر وازی لەو بیرە هێنا هەمو ئەوانەی کەلە هەرچی دنیادا هەیە لە ئوتیلێکی بچوکی واوە دەستیان پێکردوە (شیراتون، کەپەتیکس، ملینیوم، ماریوت، هیلتن، ئۆرتیزن،حەیات، ئوپرویت، هتد.) هەمو خاوەنەکانیان لە رێگەی ئوتیلەوە ملیونێرن ئەگەر ملیاردیریش نەبن.

هـاوڕێ یـەکم هـەبو زۆر تەمـەڵ بـو لـە مەکتەبـدا، هەرچـەندی ئـەکرد هیچـی نەئەچـو بـە مێشـکدا ناچـار وازی لـە خوێنـدن هێنـاو دەسـتی کـرد بـە کاسـبیو لـە ئەنجامـدا سـامانێکی زۆری بەدەسـت هێنـاو خـوا پـێ ی ڕەوا ببـینێ چـونکە بـەڕەنجی شـانیو دەسـتپاکی کۆیکردبـوە. جـارێکی چـوم بـۆ سـەردانی لـەو قسـانەی کـە بـۆی کـردم وتـی: دوێـنێ شـەو تـۆ لەسـەر تەلەفزیۆنـەوە قسـەت ئـەکرد بەمنداڵـەکانم وت: ئـەو کەسـە ئـەبینن – واتـا مـن– چـەند نـاتیقو قسـەزانە ئـەوە بەیەکـەوە لـە مەکتەبێکـدا بـوین ئـەو بـوە بەمـەو منـیش هیچـم بەهیچ نەکرد!

منـیش وتم جـارێکی لەگـەڵ منداڵەکانـدا بەبـەردەمی نوسـینگەکەی تـۆدا تێپـەڕین وتم ئـەو پیـاوە ئـەبینن ئـەوە بەیەکـەوە لەمەکتەبێکـدا بـوین، ئـەو بـێ چـاوێنی بـێ ملیونـەرە بـە دۆلار و منـیش بـە مەعاشـێکی مـەمرەو مـەژی ژیـان ئەبەمـە سـەر! هـەردوکمان دەسـتمان کـرد بـە پێکـەنین لـە دواییـدا وتم: هەردوکمان سەرکەوتوین تۆ لە مەجالێك‌و منیش لەمەجالێکدا.

ئـەم نمونەیـەم بۆیـە هێنایـەوە کـە ئەگـەر لـە خوێندنـدا سـەرکەوتو نـەبون مـەرج نـی یـە ئێـوە کەسـێکی هـیچ لـەباردا نـەبونین دنیـا مـەجالاتی زۆرە بێگومـان لـە مەجالێکیکەدا ئەبێ هەر بەهرەدارین.

جـارێکی لـە دادگـاوە هاتمـەوەماڵـەوە ئەوکاتـە پـارێزەر بـوم سـەیرم کـرد خەموپەژارە منداڵەکان‌و دایکیانی داگرتوە وتم:

– خێرە ئەوە؟ دایکیان وتی:

– بەخوا باوکێکی چاکی!

– ئەی بۆ خراپم؟

– ئەی نا پرسی بزانی کوڕەکەت چۆن بوە لەماتماتیکدا؟ ئەوکاتە کوڕەکەم لە پۆلی شەشی زانیاری بو. وتم:

– ئێستا بیرم کەوتەوە بەکوڕەکەم وت:

– بەراست چۆن بویت وتی:

– پرسیارێکم بەهەڵە زانی هەستم کرد نمرەیەکی باش ناهێنم خەتی راستو چەپم بە هەمو دەفتەرەکەدا هێنا و خۆم خستەوە دەورەی دوهەم. کەچی کەهاتمە دەرەوە بۆم دەرکەوت کە وەڵامەکەم راست بوەئاوا بەو بڕیارە هەڵەیە ئەو دارەم دا بەرۆحی خۆمدا. من وتم:

– گرنگ ئەوەیە کە بڕیارت داوە. ئیتر مەرج نی یە هەمو بڕیارێك بپێکی هەر ئەمە بو. بەدایکی منداڵەکانم وت: دەی خواردنەکەمان بۆ دانێ وامزانی ئاخۆ چی خراپ روی داوە. ئیتر کوڕەکەم گەش بوەوەو هاتەوە سەرخۆی.

لە دواییدا بەدایکیم وت: کەهەر خۆمو خۆی بوین.

– ئەگەر شتەکەم ئاوا بەسوکی نەگرتایە لەخەفەتدا لە دەرسەکانی تریشدا خراپ ئەبو.

زۆر روداوی تر هەیە بەڵام ئەمەتان بۆ ئەگێڕمەوە و ئیتر کۆتایی بەم باسە ئەهێنم: کچەکەم لە پۆلی شەشی دوا ناوەندی بو واتا (بەکەلوری) چو بۆ نمرە وەرگرتن کەهاتەوە لە رارەوەکەدا نمرەکانی فڕێداو خۆی کرد بە ژورەکەیداو دەرگاکەی لە خۆی داخست، بەوەدا زانیمان کە نمرەکانی باش نی یە. کە منو دایکی سەیری نمرەکانمان کرد زۆر خراپ نەبو هاوارم لێکرد وتم: نمرەکانی تۆ زۆر زۆرترە لەوەی باوکت کە ئیمتحانی بەکەلوری دواناوەندیم دا وەرە دەرەوە با نانەکەمان بخۆین تازە نمرە وەرگیراوە ئەگەر هەتا ئێوارە سەرەشکێنەشی بکەم خۆ زیاد ناکرێ. ئەمە حەکایەتێکی فۆلکلۆرم بیر ئەخاتەوە. ئەڵێن: جارێکی کابرایەك شتێکی بەنرخی ئەبێت بە ژنەکەی ئەڵێت ئەم شتە هەڵبگرە

ئەگـــەر بفـــەوتیٚ ئـــەتكوژم تـــەلآقت ئـــەدەم. ژنـــەش زۆر ئاگـــاداری ئـــەكات دوای ماوەیـەك سـەیری شـتەكە ئـەكات لـەجیٚ ی خـۆی نـەماوە. ژنـە لـەرزی لـیٚ دیٚـت كـە مێردەكـەی دیٚتـەوە لەكاتێكـدا رۆحـی هاتۆتـە سـەر كونـە لـوتی بـە مێردەكـەی وت كـە شـتەكە ون بـوە ژنەكـە راوەسـتا بیكـوژیٚ یـان تـەلآقی بـدات كەچـی پیـاوە هیچـی نـەكرد ژنـە وتـی: پیاوەكـە ئـەبینم هـیچ قسـە ناكـەیت وتـی ئـافرەت: مـن ئـەو هـەمو هەڕەشـەیەم كـرد بـۆ ئـەوەی شـتەكە نەفـەوتیٚ، ئێسـتا كـە فـەوتا هەرچـی بكـەم خـۆ نایەتـەوە ! !. لـە ئەنجامـدا هەرسـێكیان دانشـگایان تـەواو كـرد كوڕەگەورەكـەم بـو بــە پــارێزەر، بچــوكەكەم بــە پزیشــكی ددان، كچەكەشــم مامۆســتای ماتماتیــك لــە قوتابخانەی ناوەندیو دواناوەندی.خوانەیبڕیٚ خراپی چی یە ؟

**ئەم وێنەیە چیرۆکێکی هەیە**



ئەمە وێنەی خۆم و سێ منداڵەکەمە. لە کاتێکدا گیرابو کە هەر کوڕ و کچێکم هەبو. کە کوڕی دوهەممان بو وفامی کردەوەو ئەم وێنەیەی دی ئەیوت: بۆ من لەم وێنەیەدا نیم؟.

ئەمانوت: ئاخر ئەوکاتە کە ئەم وێنەیەمان گرت تۆ نەبوبوی.

ئەی وت چۆن؟ ئەبێ بوبم! ئیتر هەرچەندمان ئەکرد سودی نەبو ناچار هاتین وێنەیەکیمان بڕی و پێمانەوە لکان و بەم جۆرە ئاوکرا بە ئاگردا.

### ٥- خەبات

خــەبات كچــێك بــو لــە دادگــای بــاری كەســێتی ســلێمانی فەرمانبــەر بــو. بــەیانی كاتێـك بـە ڕێـوە بـو بـۆ دادگـا لـە پشـتەوە بـە دەمانچـە فیشـەكێكیان نـا بەپشتی سەریەوە!.

خـەبات بـرا بـۆ خەسـتەخانە، بـەلاّم لەبـەر ئـەوەی برینەكـەی سـەخت بـو بـە ئیســعاف ناردیــان بــۆ بەغــداد بــەلاّم بــەر لــەوەی بگاتــە ئــەویٚ گیــانی لــە دەستدا.

ئـەو كاتــەی خــەبات پێكـرا شــەڕی براكـوژی لـە نێـوان ملیشـاتی پـارتی و یەكێتیدا (ساڵی ١٩٩٥) لە گەرمەیدا بو.

یــەكێك لــە كاریگــەرە نالــەبارە لاوەكییــەكانی ئــەو شــەڕە ئــەوە بــو كــە ئــەو كەسـانەی سـەر بـە یـەكێتی بـون و دانیشـتوی هـەولێر بـون بـە خێزانەكانیانـەوە لـە ترسی پارتی بێن بۆ سلێمانی.

كاربەدەســتانی یــەكێتیش لــە ســلێمانی، خــوا هــەڵناگریٚ درێغــی لــە خزمــەتكردنیان نەئــەكرد، مانگانــەی بــۆ ئەبڕینــەوە، بــۆ ئەوانــەش كــە پلــەو پایـەیان هـەبو خـانوی چـاكی بـۆ ئـەگرتن یـان دای ئەمەرزانـدن بـە فەرمانبـەر لــە دامودەزگاكانــدا، بــۆ ئەوانــەش كــە بــۆرە پیــاو بــون هێنــانی دانــی بەســەر ماڵــە پارتییەكانــدا! واتــا هەولێرییــەكانی كــرد بــە میــوانی زۆرە ملــی پارتییــەكانی ســلێمانی. مــن زۆر بــە سەرســوڕمانەوە ئــەڵێم: ئایــا چــۆن ئــەو هەولێریانــە پارویــان بــۆ قــوت ئــەدرا لــەو ماڵــە نەناســیاوانەدا یــان چــۆن لــە پێخەفەكانیانــدا خــەویان لیٚ دەكــەوت، ئاودەســت و حەمامــەكانیان بــەكار

دەهێنـا لـە کاتێکـدا ئـەیانزانی کـە خانـە خوێیـەکانیان چـارەیان نـاوێن، یـان خانــە خوێکــان چ ژیانێکیــان بەســەر بــردوە کــە لەپرێکــدا ئــەم کەســە نەناســیاوانە تێکــەڵیان بــن لــە ماڵێکــدا، چــین چــۆنن ئایــا جێــی متمانــەن؟ دەیـان پرسـیاری تـر بـە ڕاسـتی ئـەوەی ئـەم بڕیـارەی دابـو یـا یـەکێکی هەسـت مـردو بـوەو هـیچ حسـابێکی بـۆ هەسـت و ئـارامی ئـەو خێزانـە نـەکردوە یـان زۆر هەسـتی ناسـك بوەزانیویـەتی چ ئـازارو مەینەتییـەك بـۆ ئـەو خێزانـە پارتیانـەی سـلێمانی دروسـت ئـەکات، ئـیتر هــەر لاتو لــەوابو کــە ئــەیزانی ئــەو خزمــەت ئــەکرێت ئەگــەر پــارتی بوایــە لــە ســلێمانی بــۆ هــەولێرو ئــەیوت هاتونەتــە سـەرمان وتویانـە ئەگـەر نـەرۆن بـۆ هـەولێر هـەموتان ئـەکوژین یـەکێتی یـەکانی هــەولێریش بەهــەمان شــێوە لــە کاتێکــدا زۆربــەیان راســتیان نەئــەکرد! هەرچـۆنێك بێـت یـەکێك لـەو خێزانـە ئاوارانـە سـەپێنرا بەسـەر مـاڵی خەباتـدا چونکە هەمویان: باوکی، دایکی، براکانیو خۆی پارتی بون.

ئەوەشـم لـە بـیر نەچـێت ڕۆژێکـی دو ئاسـایش خۆیـان ئەکـەن بـە دادگـاداو خـەبات ناچـار ئەکـەن کـە تـەکیان بکـەوێ بـە بـێ ئاگـاداری هـیچ بەرپرسـێکی دادگـا! کـە ئەمـە لـەوەو بـەر ڕوی نـەدابو. کـە سـەرۆکی دادگـا ئـەو کاتـە بـەڕێز شـێخ لـەتیف شـێخ تـەها بـو کـە بـەوەی زانـی تەلـەفونی بـۆ ئاسـایش کـردو پێـی وتـن: کـە ئـەبێ هـەر ئێسـتا بینێرنـەوە ئـەگینا دنیاتـان لێ پـڕ ئەکـەم. ئـیتر ئاسایش ناچار بو کە بەری بدات.

کـە گەڕایـەوە بـۆ دادگـا مـن سـەردانم کـرد، لـە ژورەکـەی خۆیـدا ئـەگریاو سـێ چـوار لـە هـاوڕێ کچەکانیشـی دەورەیـان دابـو، مـن زۆر لێـی تـوڕە بـوم و پــێم وت: بۆچــی تــۆ مــەر بویــت وا بێدەســەڵات شــوێن ئــەو ئاسایشــانە

کـەوتیت؟ بۆچـی نـەتوت مـن لێپرسـراوم هەیـە، بـە بـێ ئاگـاداری ئـەو نایـەم لەگـەڵتان یـان بـۆ بـە پۆلیسـەکانی بـەردەرگات نـەوت ئـەم دو کەسـە ئەمبـەن. گریمان ئەوانە ئاسایش نەبون.

بێنـەوە سـەر ئاوارەکـان، خانـە خوێکـان سـێ ڕێگـەیان لەبـەر دەمـدا بـو، یەکـەمیان ئـەوە بـو کـە ئـازارو ئەندێشـەی ئـەو خێزانـە سـەپێنراوانە بچـێژن چـونکە هـیچ چـارەیەکی تریـان نـەبو دوهـەمیان ئەوانـەی کـە دەسترۆیشـتو بـون بـۆ نمونـە وەك خـوا لێخۆشـبو عبـدالله ی حـاجی فـەرەجی سوسـێ چـوبو خانویـەکی سـەربەخۆی بـۆ گرتبـون سـێهەم: وەك خێزانـی خـەبات کردبویـان ئـەویش ئـەوە بـو کـە ماڵەکـە بـۆ سـەپێنراوەکان چـۆڵ بکـەن بچـنە مـاڵی خزمێکـی نزیکیـان دوای ئـەوەی کـە ناخۆشـییەك لـە بەینیانـدا ڕو ئـەدات. ئێسـتاش ئـەم پرسـیارە گرنگـە دێتـە پێشـەوە ئـەویش ئەوەیـە کـە ئایـا کـێ خـەباتی کوشـت؟ ئاوارەکـان، ئاسایشـی یـەکێتی یـان لایـەنی سـێهەم؟ مـن وەك دادوەرێـك کـە بەڵگـەی تـەواوی لەبـەر دەسـتدا نـەبێ نـاتوانم هـیچ لایـەنێك تاوانبـار بکـەم بـەم شـێوەیە خـوێنی خـەبات بـە هـەدەر ڕۆیشـت! وە کـە ئێسـتاش نوسـینەکە ئەخوێنیتـەوە کـەم زۆر هـیچ لایـەنێك تاوانبـار ناکـات بـەڵکو ئـەوە ڕسـوا ئـەکات، ئـیتر هـەرچ کەسـێك بێـت، کـە ئـاوا لـە پشـتەوە بـێ چەکێك، ئافرەتێك نامەردانە ئەکوژێ.

**((بە بۆنەی تیرۆر کردنی خوشکە خەبات عیززەتەوە))**

## ٦-"تەكساسی" بێ ڕەوشت!

هــەرچ كاتێـك كـە نـاوی شـاری ((تەكسـاس))ی ئـەمریكا ببرێـت، مــەنتیقی لولـەی دەمانچـەو سـەروەری گوللـەمان دێنێتـەوە یـاد. بـۆنی خـوێن و دوكـەڵی بـارود ئەكـەین. قرمـەی دەمانچـەو تفـەنگ و حیلـەی ئەسـپمان دێتـە بـەر گـوێ كـە كۆتـایی بـە ژیـانی مـرۆڤ ئـەهێنن. بـەڵێ لـەوێ یاسـا فـەرمانڕەوا نییـە كـێ زو هاتـە دەسـت ئـەو لەسـەر هەقـە چـونكە یاسـای ئـەوێ نـاوێرێ سـەر دەربهێنێـت نەوەك ببێت بە گوللەیەكی وێڵەوە!.

* * *

ئێـرەش بـوە بـە تەكسـاس بـۆ كوشـتن و بـڕین چـونكە ڕۆژ نییـە یـەكێك نـەكوژرێ ئەگـەر زیـاتریش نـەبن. بـەڵام تەكساسـی ئێـرە حـەددی نییـە ببـێ بـە تەكساسـی ئـەوێ چـونكە ئـەوێ لـە كوشتنیشـدا دابونـەریتی پیاوانـەو مەردانـە ون ناكەن.

یــەكێكیان ئەگــەر بیویســتایە دوژمنایەتییــەك لەگــەڵ ئــەویتردا بخــات بــە لایەكـدا تێــی ئــەخوری: (فــلان) دەمانچــەكەت دەربهێنــە ئەمــەوێت بتكــوژم! ئــــەویش ئەگـــەر بـــێ چـــەك بوایـــە زۆر لەســــەرخۆ قۆپچـــەكانی ئـــەترازان و چـاكەتەكەی یـەكالا ئـەكردەوەو پێـی ئـەوت: چـەكم هەڵنـەگرتوە. ئـیتر كـابرا دەسـتی سـارد ئـەبوەوە، چـونكە ئەگـەر وای نەكردایـە و پیـاوێكی بـێ چـەكی بكوشـتایە ئـەبو لـە شـەرمەزاریدا سـەری خـۆی هەڵبگرتایـە، بۆیـە ناچـار ئـەبو كە تۆڵەكەی هەڵگرێ بۆ هەلێكی تر!.

بـەلاّم لـە تەکساسـە حەیاتەکـەی خۆمانـدا ئـەو سوارچـاکییە نییـە کـێ خـوا ئەیـداتێ کـە دوژمنەکـەی لـە خـەودا بکـوژێ بـۆ ئـەوەی هـەتا هەتایـە خەبـەری نەبێتـەوە. یـان بـەلای کەمـەوە بـێ چـەك بێـت، کوشـتنی پیـاوی بـێ چـەك زۆر خۆش و ئاسان و بێ مەترسییە! بۆ پیاوی بێغیرەت.

مانگێـــك لەمەوبـــەر لەســـەر گردەکـــەی سەرچـــنار ئێوارەیـــەك چـــەند چـەکدارێك خۆیـان ئەکـەن بـە ماڵێکـدا کـە خـەریکی نـان خـواردن ئـەبن و هـەر لەسـەر نانخواردنەکـەو بـە بەرچـاوی منداڵەکانـەوە باوکـەو دایکەکـە ئـەکوژن و دایکی پیاوەکەش بریندار ئەکەن!!.

لـە تەکساسـی ئەوانـدا لـەوە شـورەیی تـر نییـە کەسـێك لـە پشـتەوە بکـوژی بـا چـەکداریش بـێ، پیـاو کوژەکـە هـاواری لێ ئـەکات کـە ئـاور بداتـەوە چـونکە ئەیـەوێت تەقـەی لێ بکـات. جـا ئەگـەر هـاوار لێکـراو نەیـەوێت بکـوژێ یـان بکـوژرێ ئـەوا بـێ ئاوڕدانـەوە لەسـەر ڕۆیشـتنی خـۆی ئـەڕوات ئـیتر ئـەمیش حەیای خۆی بەوە نابات کە یەکێکی لە پشتەوە کوشتوە!

هـــەموی دو هەفتـــە نـــابێ لـــە تەکساســـەکەی خۆمانـــدا دو بـــرای وێنـــەگر بەســـەر جـادەدا ئەڕۆیشــتن بـێ چـەك و بـێ تـرس. لـەپڕ چـەند کەسـێك لـە پشتەوە دەستڕێژێکیان لێ ئەکەن و هەردوکیان ئەکوژن!!.

* * *

ایـەتی و سوارچـاکی ئـەولادا کـە بێزیـان نەیـەت چـەکدارێك لـە پشـتەوە یـان بـێ چـەکێك بکـوژن بێگومـان پیاوەتیشـیان ڕێیـان نـادات کـە لـە ڕێـزو خـۆ بـە بچـوك زانینیـان هـەبێ بـۆ ئـافرەت. ئـەزانن لـە سـەردەمی بـاو و بـاپیرانی ئێمەشـدا هـەمان ئـەو ڕەفتـارە بـەرزەیان هـەبو هـەرگیز ئـەوەی ڕێـزی خـۆی

بگرتایــە دەســتی لــە ئــافرەت بــەرز نەئــەکردەوە تەنانــەت چەتەکانیشــیان هــەرگیز بــە خۆیــان ڕەوا نەئــەبینی ژن بپشــکنن ئەگــەر هــەمو خشــڵی دنیایــان لــە ژێــر جلەکانیانــەوە بشــاردایەتەوە. کەچــی ئێمــە نــەوەی ئــەو بــاو باپیرانــەی کــە مەردایــەتییان لێ ئــەتکا ئــەمڕۆ بــێ شــەرم و شــکۆ ئــافرەت کوشــتنمان کــردوە بــە پیشــە. بۆنــە؟ کوشــتنی ئــافرەت هــەر زۆر ئاســان و بــێ مەترســییە. بەســزمانە، ترســنۆکە، بــێ دەســەڵاتە نــەك هــەر چــەك هــەڵناگرێ تەنانــەت ناشــوێرێ دەســتی بــداتێ چــەکی ئــەو هــەر پاڕانەوەیــە گریانــە فرمێســکە لەبــەر ئــەوە ئــەو ناپیاوانــە ئاواتــە خــوازن کــە ئەوانــەی ئــەیانکوژن هــەر ژن بــن. بۆیــە لیســتەی ئافرەتــانی کــورد لــە تەکاســی ئێمــەی ڕەوشــت نزمــدا ئەوانــەی کــە کــوژراون لــەم بەینــەدا هــەتا دێــت درێــژ ئەبێتــەوە هــەر بەســەر پێــوە: گــێلاس خــان، ئامینــە خــان، ئەختــەر خــان، صــوبحی خــان ئاخریــان کــە بــەمیش کۆتایی نایەت خەبات خان بو.

* * *

خــەبات خــان لــە دادگــاو مەڵبەنــدی عەدالەتــدا خزمــەتی ئــەکرد بــەڵام زۆر نــا عادیلانــە لەگــەڵ ئــەودا ڕەفتاریــان کــرد. خــەبات هــەتا بڵێیــت ئــافرەتێکی بێــــدەنگ و ڕوخــــۆش و ســــەلارو ســــەنگین و کــــارگوزارو گورجوگــــۆڵ و خۆشەویســت بــو لــە لایــەن دەورو پشــتییەوەو کــەس دڵــی لێــی نــە ئەیەشــا. خــەبات ئیشــێکی زۆر ڕۆمانســی ڕائەپەڕانــد کــە ئــەویش ژن هێنــان و شــو کــردن بــو کــاری ئەوانــەی ڕایــی ئــەکرد کــە ئەیانویســت بنچــینەی خێزانــی بــەختیارو بــەدیهێنانی منــداڵان دابمــەزرێنن کەچــی دەمانچــە بەدەســتەکانی تەکاســی لای خۆمــان، هــەی خەجاڵــەت بــن لــە دنیــاو قیامەتــدا، مردنیــان بــەو ڕەوا

بینـی. بەیانییـەکی کـە لـە ماڵـەوە ئـەهات بـۆ دادگـا بـۆ ئـەوەی ژمارەیـەکی تـر کـوڕو کـچ بـەختیار بکـات و بەیـەکیان بگەیـەنێت لـە پشـتەوە لـە کەسـێکەوە کە ڕێز لـە خـۆی نـاگرێ نـەك ژیـانی کەسـانی تـر لـە پیـاوەتی خـۆی نـاگرێ نـەك ژنایەتی ئافرەت فیشەکێك نرا بە سەریەوە.

ئـای لـە کوێتـان بێـنم دەمانچـە بەدەسـتەکانی تەکساسـی ئـەمریکا تـا تفێـك بکەنـــە ناوچـــەوانی دەمانچـــە بەدەســـتە ژن کوژەکـــانی تەکساســـی ئێمـــەو پێیـان بڵـێن کـە ئێـوە نـەك هـەر حـەیای خۆتـان بـەڵکو هـی ئێمـەو هـەمو چـەکدارێکی تریشـتان بـرد هـەی داڕزێـن بـۆ خۆتـان و ویـژدانی مـردو کەرامـەتی ڕژاو و نـا مـرۆڤ دۆسـتیتان بـە نەعلـەت بـن لەگـەڵ هـەمو ئەوانـەی کـە دەسـتیان ئەچـێتە خـوێنی کەسـانی بـێ گونـاهو کـەم توانـاو بـێ چـەکو بێچـارەوە. بـە نەعلەت بن ئەم جارەش.

## ٧-چۆن دارلئۆپەراکەی سلێمانی سەری تیا چو؟!

"دارلئـوپرا" شـانۆیەکی گەورەیـە، جگـە لـە خـوارەوەی کـە وەك شـانۆیی ئاسـایی سـەیرکەر دائەنیشـێ.بەبـەردەم شـانۆکەدا لـە شـێوەی نیـوە بازنەیەکـدا بـەڵام ئـەوە هـەر قاتـەو چـوە بەئاسمانـدا لەوانەیـە بگاتـە چـوار پێـنج قـات هـەموی جێگـەی دانیشـتنەو ئـەڕوانێت بەسـەر شـانۆکەداو هـەر قاتـەو صـەدان کـەس ئـەگرێ. بـە بنمیچـی شانۆکەشـەوە بـێ ئـەوەی ببینـرێ بەتـەکنیکێکی پێشـکەوتو رونـاکیو کەرەسـەی دەنـگو گـۆڕین پـەردەو پێویسـتیەکانی شـانۆ هـەمو دامـەزرێنراوە لـە پشتیشـەوە ئەمـە هـەموی ژورە بـۆ هونەرمەنـدو موسـیقا ژەنو کەرەسـەو کاربەدەسـتان و ئـەبێ لـە فلـیم دا دارلئۆپـەرایی وڵاتـانی بێگانـەتان دیـبێ. لەسـەر شـانۆ پانوبەرینەکـەش ئـەتوانرێ گـەورەترین ئۆکسـترای مۆسـیقای وڵاتـانی لەسـەر پێشـکەش بکـەن و جێگـەی هـەمو جـۆرە دیکـۆرێکی شانۆگەریشـی لەسـەر ئەبێتـەوە بـا هەرچەندە گەورەش بێ.

سـەردەم دوای بـەیانی یـانزەی ئـازارە شـوێنیش: وەزارەتـی کاروبـاری سـەرەوەیە، وەزارەتەکـەش بەگشـتی بەدەسـت سـێ ئەنـدازیارەوە بـو: خوالێخۆشـبو سـامی عبـدالرحمان (وەزیـر) خوالێخۆشـبو حمـە ئـەمین بـەگ (بەڕێوەبـەری گشـتی) و خوالێخۆشـبو (صـابر بابـان) سـەرۆکی ئەنـدازیاران کـە براگـەورەی مـن بـو وتم: کاکـە ئێسـتا وەزارەتـی کاروبـاری سـەرو بەدەست کوردەوەیـە و تـۆش دەسـتت ئـەڕوات تیایـدا، بـۆ نایـەیت پێشـنیاری دارلئوپرایـەك بـۆ سـلێمانی بکـەیت. وتـی باشـە ئەیکـەم. کـە پێشـنیارەکەی

کردبـو ئـەو دوبـەڕێزەش پەسـەندیان کردبـو بـەم شـێوەیە چـوبوە پلانـی ئـەو ساڵەوە هـەر وا بەئاسـانی!! دارلئوپرایـەك لەسـەر تـازەترین دیـزاین کـەتا ئەوکاتـە گەیشـتبویە بـە گوژمـەی سـێ سـەد هـەزار دینـار وە ئەگـەر زیاتریشـی تـێ چـو پـارەی تریشـی بـۆ تـەرخان بکـرێ!!. پرۆژەکـە هـەنگاوێکی تـریش چـوە پێشـەوە بـەوەی کـە بـۆ ئـەو مەبەسـتە ئیسـتملاکی مـاڵی حـاجی عەبـدوڵلای ریخۆڵشـیان بـۆ ئیسـتملاك کـرد، ئایـا ئـەزانن ئـەو خـانوە لـەکوێ دایـە؟ ئەگـەر لـە فولکـەی سـەرۆکایەتی زانکـۆ بـەرەو خـوار بینـەوە. لەیەکـەم چـوار ڕێیانـدا شـەقامی سـەیوان بـەرەو ڕۆژهـەڵات جیـا ئەبێتـەوە. هـەر کـە جیـا بـوەوە ئەگـەر بـە دەسـتە راسـتە سـەیر بکـەیت یەکـەم خـانوی روکـن ئـەوە خانوەکـەی حـاجی عەبـدوڵلا بـو. تەقریبـەن بەرامبـەر نەخۆشـخانەی سـلێمانی ئـەهلی. دوای ماوەیـەك کـاکم خەبـەرێکی بـۆ هێنـام کـە بەتـەواوی نیگـەرانی کـردم خەبەرەکـەش ئـەوە بـو کـە ئۆپراکـە خراوەتـە سـاڵی ئایینـدە کـە پرسـیم بـۆ؟ وتـی: شـەش قوتابخانـەمان پێویسـتە کـاك سـامی وای بەچـاك ئـەزانێ کـە ئـەو قوتابخانانـە پێشـبخرێن و ئۆپراکـە بخرێتـە سـاڵی ئایینـدە کـە چـەند مـانگێکی مـاوە. لـە وەڵامـدا وتم: ئـەبو کـاك سـامی بیزانیایـە کـە قوتابخانـە کـارێکی رۆتـینی یـە هـەمو کاربەدەسـتێك لەهـەرچ کاتێکـدابێ ئـەتوانێ قوتابخانـە دروسـت بکـا بـەڵام ئۆپرایـەك بـۆ کوردسـتان لەسـەر دەستی ئێـوەدا نـەبێ تێنایـەڕێ ئـێ هـەر خـوا ئـەزانێ سـاڵێکی تـر چـی روئـەدا لـەم وڵاتـەدا. کـاکم وتـی: چـی روئـەدات؟ هـەموی چـەند مانگێکـە، تـۆش ئەوەنـدە رەش بـین مەبـە. هـەر وەك چـاوەڕوانم کـرد، بـۆ سـاڵی ئایینـدە عێـراق نـەوتی تـەئمیم کـردو لـە ئـەنجامی ئـەوەوە لـە دەمگرتنـەوە

(تەقەشــوف) دەســتی پــێ کــرد. کــە چــاو بــە پرۆژەکانــدا گێڕدرایــەوە دارلئۆپراکــەی سـلێمانی بـەنا پێویسـت زانـرا لـەکاتی ئێسـتادا واتـا شـتی زۆر پێویســت تــر هەیــە لــە ئــۆپرا!! بــەم شــێوەیە هــەر وا مایــەوەتا ســاڵی ١٩٧٥دا شــەڕ دەســتی پــێ کــردەوە، یــەکێك لــە قوربانیــەکانی ئــەو شــەڕە دارلئۆپراکــەی سـلێمانی بـو. ئێسـتا لـە شـوێنەکەیدا سـاختمانێکی زۆر گـەورە هەیە نازانم هی حکومەتە یان خوا پیاوێکە!!.

## ٨-کورد بە بە عسیکردن

"حیزبــی بەعســی عــەرەبی ئیشــتراکی" وەك بەناوەکەیدادەردەکــەوێت حیزبێکـی عـەرەبی نەتـەوەیی بو،دوجـار لـە عێراقـدا حکومیـان گرتۆتـە دەسـت یەکــەمیان لەســاڵی ١٩٦٣ بــۆ مــاوەی کــەمتر لەســاڵێك (٨/شــوبات-١٨/تشــرینی =دوهــەم) لــە ١٧/تــەمموزی/١٩٦٨-٩/٤/٢٠٠٣، لــە هەردوســەردەمە ئــەوەی ناشــێ بــە ئێمــەی کــوردی کــرد لــە ئیعــدام کــردن، دیهــات روخانــدن، ونبــونی بــە کۆمــەڵ، ئــەنفالو بەرزانیــەکان، بــەکارهێنانی چــەکی کیمیــاوی لــە هەڵەبجــەو دیهاتــەکان کوشــتنی پێشــمەرگەو خــەڵکی بــێ گوناه لە شەڕەکاندا ملیۆنەها تاوان کە لە ژماردن نایە..

پرســیارەکە ئەمەیــە: ئایــا بــۆ کوردێــك ئەشــێ بچــێتە حیزبێکــی عــەرەبی یــەوەو جگــە لــەو هــەمو تاوانــەش کــە دەرحــەق بــە کــورد کردویــەتی؟ بــێ گومـان نـەخێر. وە لەگـەڵ ئەوەشـدا هـەزاران کـورد کـە زۆریشـیان خوێنـدەوارو شارنشـینش بـون ئـەوەیان کـرد!! باشـە بـۆ؟ بـا جـارێ باسـی سـەردەمەکانی

بـە بەعسـی کردنتـان بـۆ بکـەم: لەسـاڵی ١٩٦٨ وە تـا سـاڵی ١٩٧٥ کـەس بــە زۆر نەئــەکرا بــە بەعســی مەگــەر خــۆی بیویســتایە ئــەویش ژێــر بــە ژێــر بەتایبــەتی لــە ئــازاری ١٩٧٠–١٩٧٥ کـە شـەڕ دەسـتی پـێ کـردەوە کـورد بــاڵا دەســت بــو و لەکەســی قوبــوڵ نەئــەکرد کــە بــبێ بــە بەعســی وە لــەو ســەردەمادا هــیچ دامــو دەزگایــەکی حیزبــی بەعســی نــەبو لــە کوردســتاندا تەنانــەت کەشــەریش بــوە وە زۆریــان لەکــەس نەئــەکرد کــە بــبێ بــە بەعســی نــەوەکو لــە تــاو ئــەوە بچــێت بــۆ شــاخ و بــبێ بــە پێشــمەرگە. ئــەی کــەی ئــەم دیــاردەی بــە بەعســی بونــە هاتــە کایــەوە؟ وەڵام:لــە کۆتــایی ســاڵی ١٩٧٥و سەرەتایی ١٩٧٦ واتا کە شۆڕشەکەمان هەرەسی هێنا".

ئەوانــەی کــە بــون بــە بەعســی ئــەتوانین بــەم جۆرانــەی خــوارەوە پۆلێنیــان بکەین:

١-ئەوانــــەی (ئــــەیانخورا) کــــە بــــبن بــــە بەعســــی بەتــــەماعی مەنصــــەبو مەعاشو خانو ئەرزەو ئوتومبێلو.هتد.

لەپێشدا لەترسی شۆڕش نەیان ئەوێرا وا ئێستا ئەو مەترسیەیان نەما.

٢-هیــوا نــەمان کــە ئــیتر شــتێك نــەما پێــی بڵــێن کــوردو شــۆڕشو ئەگــەر ئــەمرۆش نــەبێ ئــەبێ ســبەینێ هــەر بــبێ هــەر وەك یــەکێکیان وتبــوی: ئەمــە (ســەفەرەو لەبــەرە) ئــەوە زیاترلــە ریــزی ئەوانــەدا بــو کــە لەشــاخ بونو بەهۆی هەرەس هێنانەوە گەڕابونەوە.

٣-تــرس، هــەمو زەبــرو زەنگــی بەعســمان دیبــو کــە چــۆن بــێ رەحمانــە خــەڵکی دا ئەپلوســت. ئەوانــە ئــەیان وت ئەگــەر بــبین بــە بەعســی ئــەوا پارێزراو ئەبین.

٤-هێندێك لەبەر ئەوەی دوربون لە ئازارو ئەشكەنجەی میللەتەكەیەوە واتا هیچ هەستێكی نیشتمانپەروەریان لا دروست نەبوبو بەڕادەیەك بۆ كەمترین دەستكەوت ئەچوە خزمەتیانەوە.

٥-ناچاری بۆنمونە قوتابی ئەگەر نەبوایە بە بەعسی لەخانەی مامۆستایان قوبولّ نەئەكرا یا ئیجازەی كارێكی یان فرۆشتنی شتێكی پیّ نەئەدرا.

دوا تاقمو دەستە نەفامو كەڕۆكەكان بو كە هەرچی یەكیان بكردایە كەس لێی نەئەگرتن.

دوای هەرەس هێنان لەهەمو شاروشارۆچكەیەكی كوردستاندا رێكخراوی حیزبی بەعسیان كردەوە لەگەلّ ریكخراوە مەدەنیەكاندا وەك یەكێتی قوتابیانو جوتیارنو لاوان و نیقابەی كرێكارانو زۆری تر. كە هەمویان بەسترا بونەوە بە حیزبی بەعسەوە چونكە هی وا هەبو نەئەچوە حیزبی بەعسەوە لە پێشدا بەم رێكخراوانە دەستە مۆیان ئەكردن. وە تا رادەیە توانیان ژمارەیەكی زۆر رابكێشنە ناو ئەم رێكخراوانەوە كە لە روالّەتدا زۆر ئاسایی بو بەلاّم لە واقیعدا دەورێكی هەوالّگری زۆر خراپیان ئەگێڕا تا وای لێهاتبو ئەگەر كەسێك زۆر دلّنیا نەبویتایە لیّ ی نەتئەتوانی گریّ ی دلّتی لا بكەیتەوە وە ئەگەر زانیاریەك بوایە دژی حكومەتو بیانزانیایە ئاگاداربویتو نەتگەیانایە ئیتر وەك ئەلّێن سەگ بەحالّی ئەبو، بۆیە پێشمەرگە ئەگەر بەدزییەوە سەری مالّەوەی بدایە هێشتان پێلاّوەكانی دانەكەندبو كە ئەمن ئەگەیشتە سەری! . جگە لەو رێكخراوانە ئەمنو ئیستخبارتو مونەزەمەكان حیزبی بەعس، چی سەرۆك دائیرەی

گـرنگ هـەبو وەك پـۆلیسو مـرورو ئیصـلاجی زراعـیو.هتـد. هـەموی عـەرەب بـون یـان جێگرەکانیـان و بـەکورتی لەوەتـەی کـورد هەیـە هەسـتی بەهیچـێتی وا نـەکردوە کـام کاربەدەسـتی کـورد هـەبو سـەنگی پۆلیسـێکی عـەرەبی نەبو.

ئەمانـە یـەکێك لەهـەرە کـارە گرنگـەکانیان ئـەوە بـو کـە زۆرتـرین ژمـارە ئـیتر بەخۆشـی یـان بەترشـی بیـان کـەن بـە بەعسـی. لـە هـەمو قوتابخانەیەکیشـدا مامۆسـتایەکی عـەرەب هـەبو کـە ئیشـی ڕێکخسـتنی قوتابیـەکان بـو لـە ڕێکخـراوە حیزبیەکانـدا. دوای ئیشـوکاری دادگـا– چـونکە ئەوکاتـە پـارێزەر بـوم – پـاش نیوەڕۆیـەکی درەنـگ گەڕامـەوە بـۆ ماڵـەوە، سـەیرم کـرد کـوڕە گەورەکـەم کـە ئەوکاتـە لـە پـۆلی دوی ناوەنـدی بـو لەبـەر دەرگـا چاوەڕوانم ئـەکا. زانـیم شـتێکی نائاسـایی هەیـە چـونکە لـەو حاڵەتانـەدا خـۆی لەماڵـەوە بـۆ نەئـەگیرا وەئەهاتـە بـەر دەرگـا کـە لـە ئوتومبیلەکـە دابـەزیم وتـی بابـە ئـەزانی کردومیـان بـە بەعسـی! منـیش توڕەبـومو بـەدەنگێکی بـەرز پـێم وت: ئینجـا ئێمـەو بەعسـیان وتـوە؟ دەسـتی کـرد بـە گریـانو وتـی: بـۆ بەخۆشـی خـۆم بـوە دوێـنێ ناردیـان بـە شـوێن ژمارەیەکمانـداو پرسـیاری ئیشـی دایـكو باوکمـانی لـێ پرسـینو چـەند خوشـكو چـەند براتـان هەیـەو ئیشـیان چـی یـەو لـەم پرسـیارانە. ئـەمڕۆ مامۆسـتا عەرەبەکـە هاتـەوەو پێـی وتـین ئێوەمـان کـردوە بـە بەعسـی ئـیتر لەمـەودوا کۆبونـەوە ئەکـەین و یـەکی سـەرو (٢٥٠) فلـس هـەمو مانگێـك بهێنن.

وتم: وەرە سەرکەوە هەتا گەرماوگەرمە با فریا کەوین. بەیەکەوە چوین بۆ قوتابخانەکەی لەوێ چوینە ژورێ بەڕێوەبەرەکە بەڕێز مەهدی مەحمود بەگ بو. کاك مەهدی خزممان باوکی خوشکەزایی باوکمە دوای سەلامو بەخێرهاتن وتم کوڕەکەم شتێ یەکی وا ئەگێڕێتەوە وتی راستە بەڵام من لەم مەسەلانەدا هیچم بەدەست نی یە ئەوە ئیشی مامۆستایەکی عەرەبە وتم: باشە ئەو مامۆستایەم بۆ بانگ ناکەیت. بەڕێکەوت ئەو مامۆستایە لە ڕاڕەوەکەی بەردەمی ژورەکەی بەڕێوەبەردا راوەستا بو لە ژورەکەیەوە ئەبینرا وتی: پاکزاد (ناوی کوڕەکەم بو) بچۆ بانگی کە بڵێ بەڕێوەبەر ئەیەوێت. ئەو مامۆستایە کورتە بنەیەك بو، رەنگ سوالّکەر، سەر روتاوە عەینەکێکی زەرەبینی لەچاودا بو. کە هات بەڕێوەبەر پێ ی وت بە عەرەبی: ئەمە باوکی پاکزادە ئەویش بەگەرمی بەخێرهاتنو تەوقەی لەگەڵدا کردم. بەڕێوەبەر وتی: ئەیەوێت قسەت لەگەڵدا بکات وتی:

- فەرمو

- راستە کوڕەکەمتان کردوە بە بەعسی؟

- بەڵێ

- باشە من ناردومە بۆ قوتابخانە عیلم بخوێنێ یان سیاسەت؟ ئەگەر بمانویستایە حیزبایەتی بکەین ئەوا دەرگای (مونەزەمە) کراوە بو هەمو ئەچوین ئەبوین بەئەندام.

— سـەرۆك صـەدام خـوا بیپـارێزێ ئـەڵێ مـادام ئێمـە ئـەڵێین نوێنـەری کوردیشـین ئـەبێ هـەقی ئـەوەیان هـەبێ بێنـە حیزبـی بەعسـەوە تـا بتـوانن بـبن بەحیزبی گەورەو کاربەدەستی ئیداری.

— ئـەی ئەگـەر ئێمـە نەمانـەوێ بـبین بەوگەورانـە بمانـەوێ بـبین بـە مامۆستاو دکتۆرو ئەندازیار ئایا هەقمان نییە ببین بەوانە.

—دیسان هەمان خەرەکی لێدایەوە.

— ئەگـەر ئـەبێ بـە بەعسـی، پێشـمەرگە ئـەیکوژێ، ئەگـەر ئـەبێ بەپێشـمەرگە ئێـوە ئـەیکوژن، باشـە مـن وەك باوکێـك هـەقی ئـەوەم نییـە کوڕەکەم بپارێزم؟

— هەمان خەڕەك.

— زۆر گەیشـتە تیـنم وتم وادیـارە مـن لەگـەڵ ئەمـەدا ناگەمـە ئـەنجام چـاك وایـە کۆتـایی بـەم کێشـەیە بێـنم پـێم وت: مامۆسـتا فایلەکـەی ئـەدڕێنی یـان لـە بەیانیەوە دەوام نەکات؟!

— یەعنی چی؟

— دوای هەشـت سـاڵ خوێنـدن ئینجـا بـە (٨٠) دینـار دایئەمـەزرێنن مـن لـە ئێسـتاوە ئەیکـەم بـە فەڕاشـی مەکتـەبی محاماتەکـەم و صـەد دینـاری ئـەدەمێ. ئیتر هەڵسام بڕۆم مامۆستاکە وتی:

— فـەرمو دانیشـەرەوە و مەسـەلەکە ئاسـانە تـۆ بۆخـۆت نارەحـەت ئەکەیت بەسەرچاو فایلەکەی ئەدڕێنم!.

ئەوەشـم لەبیرچـو کـە گفتوگـۆ کـەمان بـەزمانی عـەرەبی بـو. دیاردەیـەکی سـەرنج راکـێش هـەبو. ئـەویش ئـەوەبو چـی کارمەنـدی عـەرەبی نـا حیزبـی

هـــەبو وەك دكتـــور ئەنـــدازيار و تەنانـــەت ئـــەو عەرەوبانـــەی ئێســـتا لـــە کوردسـتان کاردەکـەن یـان کارەکـەرە نیپالّیـەکان دوای شـەش مـانگ، سـالّێك بەچـاکی لـە کـوردی تـێ ئەگـەن تـا رادەیـەکیش قسـەی پـێ ئەکـەن. بـەلّام کاربەدەسـتێکی بەعسـی هـەولّی نـەدا رسـتەیەك کـوردی فێربـێ. وابـزانم لـەو بڕوایەیانـەوە هـاتبو کـە هـەر ژێـر دەسـت ئـەبێ زمـانی بالادەسـتە کـە فێربـێ وە ئەگـەر لـە کۆبونەوەیـەکی هاوبەشـدا بویتایـە نەئـەبو دو کـورد بـەکوردی قسـە بکـات. ئـەیان وت: کـێ ئـەلّێ ئێـوە جنێومـان پـێ نـادەن!!. جـارێکی کاربەدەسـتێکی بەعسـی گـەورە هـاتبو بـۆ بەڕێوەبەرایـەتی چارەسـەر کردنـی کشـتوکالّ وتبـوی ئەمـەوێت قسـە بـۆ جوتیارەکـان بکـەم. ئـەو فەرمانبـەرەی کـە لەگەلّیـدا چـوبو شـتێ یـەکی زۆر زۆر سـەر سـوڕهێنەری بـۆ گێڕامـەوە وتـی: لـە فەرعەکـەمان لـە شـارەزور ژمارەیـەکی زۆرمـان جوتیـار بـۆ کـۆکردەوە، ئـەویش دەسـتی کـرد بەقسـەکردن بۆیـان منـیش بـۆ جوتیارەکـانم ئەگۆڕییـە سـەر کـوردی. کـە لێبوینـەوە و هاتینـە ئـەملاوە دەسـتی کـرد بەبۆلّـە بـۆلّ. وتم: لەسـەر چـی. وتـی: پـێ ی وتم تـۆ بـۆ قسـەکانی منـت گۆڕیوەتـە سـەر کوردی. وتم: چونکە ئەمانە یەك وشە عەرەبی نازانن.

– بـا نەشـی زانـن! تـۆ بـەم تەرجەمەیـە تەفرەقـە ئەنێیتـەوە و ئەتـەوێ دەری بخەیت کە ئێمە دومیللەتین!! باشە

– ئەیتۆ وتت چی؟

– نـەم ویسـت پێـی بلّـێم ئـەی کـە تێنەگـەن بـۆ خـۆتو ئێمـەش هـیلاك ئەکەی، بـەلّام نـەم وێـرا ئـەوە بلّـێم نـەوەکو شـتێکم بـۆ دروست بکـات قـوڕم بـۆ بگیرێتەوە

– چاكت كرد.

لەبــەر ئــەوەی مەبەســتی بەعســییەكان دوای هەرەســهێنان ئەوەنــەبو كــە لەكوردســتاندا چاكســازی بكــات و مافــە رەواكــانی نەتــەوەی كــورد فەراهــەم بكــات وەهــەر وەكــو پێشــو لەســەركوت كــاری و زەبــرو زەنــگ و زوڵمــەزۆری زیــاتر نــەبو بۆیــە كەســانی لێهــاتو رۆشــنبیری نەئــەنارد بــۆ كوردســتان ئــەوەی كـە ئـەیناردن مرۆڤـی شكسـت خـواردو رەوشـت نـزمو لـە كۆمـەڵ پـەركرابون بـۆ ئـــەوەی ســـوكایەتی بەكەســـی كـــورد بكـــەن و ئـــازاری بـــدەن كـــورد وەك لاشــەیەكی مــردوی لێهــاتبو دوای هەرەســهێنان بــەڵام ئەمەنــدەیان چــەقۆو شیشــی ســورەوە كــراو كــرد بەولاشــە ساردوســڕەكەیدا تــا گیانیــان كــردەوە بەبـــــەرداو هـــــەموی ســــاڵێكی تێنەپەڕانـــــد دوای هەرەســــهێنان كـــــە كوڕەئازاكانمــان چــەكیان كــردەوە شــان. مــن دڵنیــا بــوم ئەگــەر رێزیــان لــە كــورد بگرتایــە و راســتگۆیانە حــوكمی زاتیــان پیــادە بكردایــە بیاندایەتــە دەسـت پیـاوی پـاكو دڵسـۆز ئـەوا هـەرگیز كـورد چـەكی هەڵنەئەگرتـەوە بـەڵام هێشـــتان دوكـــەڵی تفەنگـــەكان نەرەویبونـــەوە كـــە شەســـت كوردیـــان لـــە حەپسـخانەی موصـل ئیعـدام كـردو تەرمـەكانیان بۆكـەسو كاریـان نـاردەوە ئیتر ئەوە یەكەم تنۆكی بارانی چەوسانەوە بوو دواتر بە خوڕ دایباران.

بـا بگەڕینـەوە بـۆ سـەر بڕبـڕە پشـتی باسـەكەمان كـورد كـردن بەبەعسـی: رۆژێكـــی ژنەكـــەم كـــە مامۆســـتایی كیمیـــا بـــو لەیـــەكێك لـــە قوتابخانـــە ناوەندیەكانــدا نیوەڕۆیــەكی لــە دەوام هاتــەوە زۆر خــەمبار بــو، كــە وتــی: ئــەمڕۆ هــەر قوتــابی بــو ئەچــوە ئیتحــادی تەلەبــەوە! لەیــەكێكیانم پرســی بــۆ ئــەوە ئەكــەن وتــی ناچــارین مامۆســتا لــە دارلمــوعلمین ئیبتــدأئی وەرنــاگیرێن

ئەگـەر پـێش سـاڵێك لـە وەرگـرتنی ئەنـدام نـەبین لـە ئیتیحـاددا! ئێمـەش خێزانـەکانمان فـەقیرن بـۆ ئـەوەی بـاری دەرامـەتمان چـاك بـبێ ناچـارین واز لـە خوێنـــدنی دانشـــکا بهێـــنین و بچـــینەدار!! داریـــش بەومەرجـــە قوبوڵمـــان ئـەکات. ئـەم بەزمـە ئـەم جـارە بـەرۆکی ئێمـەی گـرت چـۆن؟ کچـەکەمان لەشەشـــی دواناوەنـــدی دەرچـــوبو ئیســـتمارەی قوبـــوڵی دانشـــگامان بـــۆ پڕئـەکردەوە. کـە تـەواومانکرد بردمـان بـۆ بەڕێوەبەرەکـەی. سـەیری کـرد وتـی باشـە بـەڵام یـەك شـتی کـەی ئـەویٚ وتمـان چـی یـە؟ وتـی: ئـەبێ بـبرێ بـۆ مونەزەمـەی (حطـین)ی حیزبـی بـەعس ئـەوانیش مـوری بکـەن ئینجـا بۆتـانی ئـەنێرم. زۆر لەبەرشـانم گـران بـو چـۆن بـۆ دەزگایـەکی بەعسـی، چـونکە ئەگـەر یـەکێك بمبـینێ نـاڵێن ئـەوە ناچـار بـوە لەوانەیـە وابـزانن بـوم بەبەعسـی. بـۆرە خـزمێکم هـەبو ئـەو بەعسـی بـو وەخـتی خـۆی ئیشـێکم بـۆ کردبـو. تەلـەفۆنم بـۆ کـردو پـێم وت: ئیشـێکم تـێ کـەوتوە. وتـی: ئیشـبێ و بـەمن بکـرێو بۆتـۆبێ ئەیخەمـە سەرچـاو، هـەر ئێسـتا دێـم.کـە هـاتو ئیشـەکەم تـێ گەیانـد وتـی هـەر زۆر ئاسـانە هـەمویان ئەناسـم ئیسـتیمارەکەی بـردو ڕۆیشت.نیوسەعاتێکی پێ چو هاتەوە وتم:

—کردت؟

—نەء

—بۆ

—کاك تەها تۆ ئەم سێ چوارگۆشەیەت دیوە؟

—نەخێر

–چوارگۆشـــەی یەکـــەم ئەگـــەر زەڕبـــت لـــێ دا ئـــەوە یـــەعنی تـــۆ بەعســـیت.چوارگۆشـــەی دوهـــەم ئەگـــەر زەڕبـــت لـــێ دا ئـــەوە کچـــەکەت بەعسـییە وەئەگـەر بـێ لایـەنیش بـون ئـەوە زەربەکـە لـە چوارگۆشـەی سـێ هەم ئەدەن

–ئێمـە لەبـەر ئـەوەی بـێ لایـەنین زەربەکـە لـە چوارگۆشـەی سـێ هـەم ئەدەین کە خەریك بوم زەڕبی لێ بدەم.

–راوەستە تۆ پەلە مەکە

–بۆ؟

–ئەگەر بێلایەن بن ئەوا ناچیتە کۆمپیوتەری قوبوڵەوە !

دوای ئەوەی کە زەڕبمدا لە چوارگۆشەی بێلایەنەکان وتم:

–تۆ بۆم بەرەوە ڤیروسیا با نەچێتە کۆمپیوتەرەوە

–یەعنی دانشگا نەخوێنێ

–بەڵێ با نەخوێنێ خۆ لەبرسا نامرێ.

هەڵســا ئیســـتیمارەکەی بـــردەوە مۆرەکـــەیان بـــۆ لێـــدابو و پێیـــان وتبو:

– تـــۆ چـــۆن خزمـــی وات هەیـــە؟! هەرلەبـــەر ئـــەوەی نـــەبێ بەبەعســـی خوێندنی دانشگا تەرك ئەکا.

– ئەمـــە پیـــاوە، ئێمـــە کـــە خزمـــەتمان کـــردون ماشـــەڵڵا زۆر رێزمـــان لیئـەگرن لـە دواییـدا ئـەو بـۆرە خزمـە وتـی: کـاك تـەها خـوێنی خـۆت بکـەرە لەشـیانەوە ئـەو رزگـاری بێـت تـۆ بمریـت منـەتت لـێ نـازانن. ئـەڵێی خـوا تـۆی

دروست کردوه بە خزمەتکاری ئەوان. بەڵام من تازە توش بوم لەگەڵیاندا وتم:

– باشە ئەوا من هەر بۆ قوبوڵ نوسیم خۆم یان کچەکەم بەعسین.

– وتی دوای یەك دو رۆژ ئەگەنە سەرت دەی بچۆرە فلان شانەی حیزبەوە یان ئەنوسن بۆ ئەو کۆلیژەی کچەکەتی لێوەرگیراوە کە (فلان) کچ رێك بخەن لە رێکخراوە حیزبیەکاندا: تۆش خۆ ناتوانی بڵێیت درۆم کردوە

– دەی بەزیاد نەبێ ئاوا.

– کاك تەها من خۆشم ئەویستیت بەڵام ئەوەندەی تر لام خۆشەویست بوی بۆ ئەم هەڵوێستەت.

– منیش زۆر سوپاست ئەکەم بۆ ئەرکەی بۆت کێشام.

بۆ رێز لێ نەگرتنی بەعسییەکان بۆ ئەوانەی کە هاریکاریان ئەکردن لە جاشو حیزبی من لێکدانەوەیەکم هەیە: لە هەمو شەڕوبەربەرەکانی یەکدا لەگەڵ بێگانەدا مرۆڤ ئەچێتە پاڵ میللەتەکەی خۆی وەئەگەر چوە سەر دوژمن ئەوا بەخائین لەقەڵەم ئەدرێ و ئەولایەنەش بەهیچ جۆرێك رێزی لێ ناگرێ و هەمو ئەو قسەیە ئەڵێنەوە کە سەرکردەی یونانی ئەسکەندەری مەقدونی بەو فارسانەی وت کەسەری شاکەیان (داریوشی مەزنیان) بۆ هێنابو لە باتی پاداشت سەری پەڕاندنو ئەو وتە بەناوبانگەی بەو خائینانەوت کەتا ئێستا دوای سێ هەزار ساڵ بە هەموخائینێك ئەوترێنەوە ئێوە وەفاتان بۆ شاکەی خۆتان نەبو، ئێستا بۆ منی بێگانەتان ئەبێ" وە لەوەش ئەچو کاربەدەستانی بەعسی بڕواشیان نەبێ بەقسەی کوردە بەعسیەکان و ئەم بێ

بڕواییەشیان کێشەیەکی بۆ من دروست کرد چۆن؟ ڕۆژێکی — وابزانم لە ساڵی ۱۹۸۲دا بو وتیان لە پارێزگاوە داوات ئەکەن، کە چوم سکرتێری پارێزگار وتی بچۆ بۆ هۆڵی میوان کە چومە ژورەوە چەند بەڕێزێکی ناوداری سلێمانی لێ بو کە هەمویانم دەناسی بەڵام لەبەر ئەوەی کە پرسم پێ نەکردون ناتوانم ناوەکانیان بڵێم لە دواییدا جێگری پارێزگار کەناوی (حمە ئەمین عەبو)بو هاتە ژورەوە، دوای ئەوەی بەخێرهاتنی کردین وتی: کاربەدەستان بڕوایان بە حیزبیەکوردەبەعسییەکان نییە کە راستی وەزعیان پێ بڵێن بۆیە داوایان لە پارێزگارەکانی پارێزگا کوردەکان کردوە کە چەند کەسێکی ناودارو بێ لایەن هەڵبژێرین بچن بۆ هەولێر لەوێ لەگەڵ (عیززەت دوری)دا کۆببنەوەو وەزع تاوتوێ بکەن ئێمەش ئێوەمان هەڵبژاردوە بۆ ئەو مەبەستە: ئەشبێ بەیانی بڕۆن بە کۆمەڵ ئێمە ئوتومبیلمان بۆ ئامادە ئەکەین! دوای ئەوە هاتینە دەرەوە. ئەوکاتە تەمەنم خۆی دابو لە پەنجا ساڵ. بۆکەسێ لەوتەمەنەدا ئەگەر ئەقڵی تەواو بێ ئەبێ هەموشتێ یەك لای چەسپاوبێ یەکێك لەو چەسپاوانە کە هەرگیز قابیلی جێگۆرکێ نەبو بەرامبەر بەعسێتیو هاری کاری لەگەڵ حوکمەتدا بەڕادەیەك کە مردنم پێ خۆشتربو وەك لەوسەرشۆڕییە چونکە ئەگەر بەلای یەکێکی ئەهلی لادییەوە تەمومژاوی بێ ئەوا بەلای خوێندەوارەکانەوە ئەو تاوانەی حوکومەت ئەیکرد لە کوشتنو دیهات روخاندنو ئازاردانو سوکایەتی و دەیان چەوساندنەوەی کە ئەوا بەلای ئێمەوە رونوئاشکرا بو بۆیە ئەبو بە هیچ نرخێك ئەو حەیا چونە بەخۆمان رەوا نەبینین. ئەمە بو دیدی من و هیچ جۆرە سازشکیشم لەسەر نە ئەکرد. ئەڵێن قسە، قسە رائەکێشێ، دوای شەڕ دەست پێکردنەوەیساڵی (۱۹۷۵)

بەچــەند مانگێــك وتیــان جێگــری پارێزگــار ئەیــەوێت، مــن جێگــری پارێزگــارم ئەناســی کاتێــك کــە بەڕێوەبــەری ناحیــە کەچــوم وتــی پارێزگــار ئەیــەوێت کــە چــومەژورەکەی دوکەســـی لابـــو یـــەکێکیان (مـــەلا عبداللـــە)کـــە بەمـــەلاماتور بـەناوبانگ بـو لـە گـەڵ شـێخ لـەتیفی هەشـە زیـنیو یـەکێکی بادینـانیش دور بـە دور دیبـوم بـەڵام نـاوی نایەتـەوە بـیرم. لـە دڵـی خۆمـدا وتم: دروسـتکردنی حیزبـی کــارتۆنی لەناودایــە لەوانەیــە بــۆ ئــەوەیان بــانگکردبم کەچــی دوای (١٠-١٥) دەقیقەیـــەك ئـــەوان ماڵئاواییـــان کـــردو کـــە پارێزگـــار هەڵســـا بـــەڕێیان بکـــات بـەجێگری وت: تـا دەم دەرگاکـە ئەچـم بـۆ خواحـافیزی مەیەڵـە کـاك تـەها بـڕوات. کە لەگەڵ جێگردا مامەوە دوبەدو پێم وت:

-هیچ ئەزانیت کە بۆ پارێزگار داوای منی کردوە.

- بــەڵێ، پارێزگــار دوێــنێ زانیویــەتی کــە تــۆ نەچــویت بــۆ شــاخ، دیــوتی لەگـــەڵ کچەبچـــکۆلەکەتدا بەســـەر جـــادەدا پیاســـەتان کـــردوە، ئێســـتاش مەنصـەبێکی زۆر چـۆڵ بـوە لـە سـلێمانی بـەهۆی چـونەوە شـاخ، پارێزگـار ئـەڵێ: تـا پیـاوی وا پـاكو بـاش هـەبێ بـۆ بیـدەین بـە کەسـانی خـراپ. لەوێـدا پارێزگـار هاتـــەوەو هەرســـێکمان چـــوینە ژورەکەیـــەوەو ئەوەشـــم لـــەبیر چـــو کـــە بڵـــێم پارێزگاریش هاوڕێم بو.

پارێزگـــار جگـــە لـــە قســـەکانی جێگـــر ئەوەشـــی خستەســـەر کـــە مەنصـــەبەکانی بـــۆ ژمـــاردم و دەســـتی بـــۆ جیهـــازێکیش درێـــژ کـــرد کـــە لـــە تەنیشتییەوە بو وتی:

- هـــەر ئێســـتا لـــە مەجلســـی وزراوە رەزامەنـــدیت بـــۆ ئـــەو مەنصـــەبە وەر ئەگرم کە هەڵیئەبژێری.

– بـۆ ئـەم لالێکردنەوەیـە زۆر سوپاسـت ئەکـەم بـەڵام ئـەبێ لـێم ببـوری کـە قوبوڵی ناکەم

– بۆ؟

– چـونکە ئەمـەوێت چـۆن دیـوتم بـەبێ تـرس لەگـەڵ کچەبچـکۆلەکەمدا پیاسەم ئەکرد ئاواش بێ ترس ژیانبەرمەسەر.

– بـڕوات بـبێ بـۆ ئەومەنصـەبانە هەرەسـانیان کـردوم، بـەڵام مـن مەعـدەنی ئـەو کەسـانە ئەناسـم ئەوانـە بـۆ خزمـەتی خۆیانـە، بـەڵام تـۆ ئـەتوانی خزمـەتی خەڵکی بکەیت

– زۆر داوای لێبوردن ئەکەم

– باشە تۆ فەرمانبەر نیت؟

– با

– ئێ، ئێستەش هەر فەرمانبەر ئەبێ ئیتر بۆ ناتەوێت؟

– ئـەو مەنصـەبانەی جـەنابت شـەکڵێکی سیاسـیان هەیـە، ئـەوەی مـن مـەدەنی یـەکی روتـە، ئـێ لـەپڕێکیش بەرزببمـەوە لـە فەرمانگەیـەکی تـرا ئـەوا ئەمخاتە بازنەی مەترسی یەوە!

مـن نـەم ئـەتوانی بـە زەقـی بڵـێم مـن هـەمو جـۆرە نزیـك بونەوەیـەك لـەم حوکومەتـە بـە خیانـەت ئـەزانم. لـە کاتێکـدا ئـەوان لـە خزمەتیانـدا بـون ئـەوە مانـای ئـەوەی ئەگەیانـد کـە ئێـوە خـائینن لـە کاتێکـدا وەك کـەس هـەردوکیانم خـۆش دەویسـت و حـەزم نەئـەکرد دڵیـان بشـکێنم و خۆزگەشـم نەئەخواسـت کەلـەو مەنصـبانەدا بونایـە. بـەر لـەوەی کـە بـڕۆم پـێم وت: خـۆت ئـەیزانی مـن کۆنـە پێشـمەرگە بـوم، جـا ئەگـەر گرتمیـان ئـەوا هـەوڵێکم بـۆ بـدە مایـەی

سـوپاسمه. کـه گەڕامـەوه بـۆ دائـیره واتـا بەڕێوەبەرایـەتی چارەسـەرکردنی کشـتوکاڵ هێنـدێك لێپرسـیم هـۆی بانگکردنەکـەم چـی بـو منـیش پـێم وتـن کەبۆچـی بـو وتیـان جـا قوبوڵـت کـرد وتم نـەخێر لەهەموشـی سـەیرتر وەك پێشـبینیم کـرد بـۆ ڕۆژی دوای چـاوپێکەوتنەکەی پارێزگـار لـە دائـیره لەگـەڵ کوڕێکی تردا کە ناوی توفیقی نوری بەگ بو. ئەمن هاتن گرتمیان!!.

ئەوەشـم لـەبیر چـو کـە بەکەسـوکارەکەمم وتبـو بـەڵێنێکی لـەوجۆرەم لـەپارێزگار وەرگرتـوە. هـۆی ئـەم لەبیرچـونەوەیەش ئەوەیـە کـە یەکسـەر ئەنوسـم واتـا بـێ ڕەشنوسـی بۆیـە هێنـدێك جـاریش زانیـاری هەیـە کـە ئـەبو لـە پێشـەوه بم نوسـیایە یـان بەپێچـەوانەوه داوای لێبـوردن ئەکـەم. لـەکاتی گرتنەکـەدا هێنـدێك شـتم هەڵیـەنجا وەکـو ئـەو ئەفسـەری ئەمنـەی هـاتبو بـۆ گرتنمان بە بەڕێوەبەری وت:

– خۆ تۆفیقی کەش نیە

– نەخێر

مـن بـەوەدا تێگەیشـتم کـە دو تـەها بـوه. لـەدڵی خۆمـدا وتم ئـەوه بـۆ تـەها أحمـەد قـادر هـاتون. ئـەو (تـەها)یـە لێپرسـراوی پـارتی بـو بـۆ ڕێکخسـتنی پـۆلیس، بـەر لـەوەی شـەڕ دەسـت پـێ بکاتەوەلەترسـی گـرتن چـو بـۆ شـاخ، یەکدوفەرمانبـەریش هـەر لـەدائیرەی ئێمـە گیرابـون لەسـەر حیزبایـەتی زۆر بـۆ ئـەوه ئەچـوم ئـەوان ناویـان هێنـابێ واتـا مـن لـەباتی ئـەو گـیراوم بـەوه ئـاهێکم پیـادا ئەهاتـەوه چـونکە گـیران لەسـەر کوردایـەتی لـەزەمانی بەعسـدا پیـاو بـۆ دوژمـنی خۆشـی نەئەخواسـت. ئـەوەی کـە زیـاتر هیـوای پـێ بەخشـیم کـە گەیشـتینە ئـەمن پـێ ی وتم: تـۆ هـەر ئەوەنـدە بگەیتـە کـەرکوك بـەرت دەدەن

بـه تـوفيقم وت: تـۆ چـۆن ئـەم قسـەيە لێكئەدەيتـەوە وتـی: جـاری وا هەيـە ئـەڵێن: پرسـيارێكەو لێـت ئەكـەن ئـيتر ئـەو رۆيشـتنەی ئـەروا نايەتـەوە بـۆ هەتاهەتايـە. بێينـەوە سـەر جـەنابی پارێزگـار، هـەر كـە ئـەگيرێم كـەس و كارەكـەم ئەچـنە لای و دوای ئـەوەی چـەند پەيوەندييـەك ئـەكات تەلـەفۆنيان بـۆ ئەكاتـەوە و ئـەڵێ: بـۆ نيـوەڕۆ نانتـان لەگەڵـدا ئـەخوات. لەكاتێكـدا كـە پـارێزەر ئـەو هيوايـەی بەكـەس و كـارم دابـو مـن بـەڕێوەبوم بـۆ گرتوخانـەی (مەعەسـكەر خاليـد) لـە كـەركوك. وەك لەدوايشـدا بيسـتمەوە حيزبـی شـيوعيش هـەوڵی بـۆ دابـوم ئەوكاتـە حيزبـی شـيوعی لەگـەڵ بەعسـدا بـەرەيان هـەبو لەسـلێمانيش بارەگايـان هـەبو هـەوڵی ئـەوانيش بـێ سـود بـو ئـەوە ئـەو وەڵامـەی پشتڕاسـت كـردەوە كـەهاواريان ئـەبرد بـۆ موستەشـاری جاشـەكان كـە يـەكێكيان لێئـەگيرا. وايـان وەڵام ئەدانـەوە (كێتـان ئـەوێت بۆتـان بـە حوكومەت بە ئيعدام ئەگەيەنين، بەڵام كەسمان بۆ بەرنادرێ!).

گەيشـتينە كـەركوك بـانگكرام بـۆ لێكۆڵينـەوە. بۆچـونەكەم راسـت بـو. كەلەكەركوكـەوە بروسـكە لێئـەدەن ئـەڵێن (تـەها احمـد) لـە ئيصـلاحی زراعـی بگـرن بـێ ئـەوەی نـاوی بـاپيری بنوسـن وە لەبـەر ئـەوەی منـيش بـاوكم هـەر ئەحمـەد بـو ئيحتياتـەن گرتميـان خـۆ ئـەيانتوانی مـن لەسـلێمانی بهێڵنـەوە داوای زانيـاری تـر بكـەن وەك نـاوی بـاپيرو ئـيش و.هتـد. كـەوادەر نەچـو بـەرەڵايان بكردمايـە. بەسـەرهاتی ئەوگرتنـەو ئەورسـواييەی كـەديم و هـينی ئـەو گيراوەكوردانـەی تـريش بـەدورو درێـژی لـە كتـێبی(عـالم الكـرد المرعـب– دنيـای سـامناكی كـورد)دا باسـم كـردوە لـە ژێـر نـاوی (تجربـە شخصـيە – تاقيكردنەوەيـەكی خـۆم) داوای لێبـوردن ئەكـەم شـوێنی نـی يـە ئـەگينا بـۆم

وەرئەگێڕانــە ســەر كــوردی. بــا دوای ئــەم لادانــە بگەڕێمــە ســەر چــونەكەمان بــۆ هــەولێرو كۆبونــەوەمان لەگــەڵ عیــززت دوری. لــە كۆبونەوەكــەدا، مەبەســتم لــە كۆبونەوەكــە سلێمانی یــە ئەوەنــدە لــە ناكــاو بــو هیچــی وام بــەبیردا نــەهات كــە خــۆمی لــیّ بدزمــەوە. چــونكە مــن بــەم شــێوەیە بــیرم ئــەكردەوە: مــن كەســێكم هــەمو كــوردی عێــراق ئــەم ناســیّ چــونكە مومەســیلی تەلــەفزیونی بــوم واتــا چــومەتە هــــەمو مــــاڵێكی كــــوردەوە. حوكومــــەتی بەعســــیش چــــی جموجــــۆڵی كاربەدەســــتەكانیان هەیــــە ئەیخەنــــە ســــەر تەلــــەفزیون وە لەوانــــە ئــــەم كۆبونەوەیـــەی ســـبەینیّ، گومانیشـــی تیـــادا نـــی یـــە كـــە منیشـــی تیـــادا دەرئەكــەوم ئینجــا هــەمو ئــەڵێن: تومــەز تــەها بابــانیش بەعســییەو ئێمــە پێمــان نــەزانیوە، ئــیتر چــۆن روم بــیّ لــەماڵ بچمە دەرەوە! ئــیّ كــیّ ئــەڵیّ نامانكــەن بەڕاوێــژكاری دائمــی كــە گەیشــتمە ئــەو ئەنجامانــە هەســتم كــرد چــۆر چــۆر ئــارەقی ســارد بەلاجانمــدا دێتــە خــوارەوە. نــازانم چــۆن گەیشــتمەوە دائــیرە، لــە ڕاڕەوەكــەدا ڕێكــەوتی ســەرۆكی بەشــەكەمانم كــرد كــە بەعســیەكی زۆر تــۆخ بو وتی:

– وەره بــــزانم بۆچــــی لــــە پارێزگــــاوە بانگیــــان كــــردی؟ منــــیش كــــەینو بەینەكەم بۆ گێڕایەوە كە لێبومەوە وتی:

– ئــەوە ســەرەتایەكی باشــە ئەگــەر بزانــی چــۆن ئــەم فرســەتە بقۆزیتــەوە ئــەتوانی شــوێنێكی شــیاو بــۆ خــۆت بەدەســتبهێنیت! ئەمەیــە ئــەڵێن ئاشــەوان لەخەیاڵیّو باراشهار لەخەیاڵێكی تر.

بــیّ ســود نییــە باســێكی ئــەم ســەرۆك بەشــەتان بــۆ بكــەم چــونكە ئــەمیش جۆرێك بــو لــە بەعســی. ئــەم بــە زۆر نــەكرابو بــە بەعســی بــەڵكو خــۆی بوبــو مــن

لەوبڕوایــەدا بــوم، چــونكە بەقســەو كرداریــدا بــۆم دەركــەوتبو، هــیچ عــەرەبێكی بەعســی دڵگــەرم بــۆ بــەعس ســەدیەكی ئــەم كــوڕە دڵســۆزنەبو!! هەرچــی كــورد هــەبو ئــەیكرد بــەقوربانی عــەرەبێك مــن بــەگوێ ی خــۆم لــێم بیســتبو ئــەیوت: مــن ســەرۆكەكەم عــەرەب نــەبێ ئاســودە نــابم!! وەرە لــەم جــۆرە كەســانە بگــە. هــەر لەدائیرەكەمانــدا یــەكێكی كــە هــەبو هیچــی لــەم كــەمتر نــەبو. مــن ســەرۆكی ئــەم بەشــە بــوم پلــەم بەڕێوەبــەر بــو، چــواریەكە ســەدەیەك شــارەزاییم لــە یاســاكانی چارەســەركردنی كشــتوكاڵدا هــەبو منیــان لابــرد ئــەمیان خســتە جــێم كــە چــاودێری كشــتوكاڵ بــو هــەمو ئــەیانوت بــڕۆ لای بەڕێوەبــەری گشــتی كــە عــەرەبێكی بەعســی گــەورە بــۆ ئیعترازبگــرە وتم: واناكــەم بــابزانی كــورد هەیــە مەنصــەبو هیچــی بــەلاوەك یەكــە! ئــیتر وەكــو میكــرۆب هــەمویانی خســتبوە ژێــر میكروســكوبەوە بەشــداری جۆرەهــا بۆنــەی حیزبــی پــێ ئــەكردن بەنامــە بــۆی نوســیم كــە بــۆ تــۆ بەشـداری ناكـەیت بەنوسـین جـوابم بـدەرەوە. منـیش هەڵسـام چـوم بـۆلای پـێم وت: ســەیری ئــەمڕۆ مەكــە، ڕۆژان ڕۆژی لــە دوایــە تیــا بیەڵــەرەوە! ئــیتر تــەریق بــوەوەو كاغەزەكــەی دڕانــد. لەبــەر دڵســۆزی ڕۆژ بــە ڕۆژ پلــەی بــەرز ئەكرایــەوە تــا بــو بــە ئەنــدامی مەجلســی وەتــەنی بــەڵام خــۆیو هاوڕێكــەی دوارۆژێكــی زۆر ڕەشــیان هــەبو. ئــەویان پــێش ڕاپــەڕین كــوژراو ئــەمیش لــە ڕاپەڕینــدا. بــا بگەڕێینــەوە بــۆ ژورەكــەی ســەرۆكی بــەش. بــاری دەرونــیم تــا ئــەهات تێك ئەچــو. لــە پڕێكــدا هەســتم كــرد دڵــم بەیەكــدا دێــت و دەســتم كــرد بــە ڕشــانەوە. ســەرۆك بــەش بەفەرمانبەرەكانی وت: خێرا بیگەیەننە خەستەخانە.

لــە خەســتەخانە وتم د. فوئــاد بابــانم بــۆ بدۆزنــەوە. كــەهات یەكســەر پاڵەپەستۆی خوێنی گرتم وتی:

– زۆر بەرزبۆتــەوە. چــیت لێقــەوماوە.منــیش كەینوبەینەكــەم بــۆ گێڕایــەوە وتی: موشكیلەكەت حەل بو!

- چۆن؟

- ئـــەم پاڵەپەســـتۆی خوێنـــەو رشـــانەوەکەت بـــەلای کەمەوەئـــەبێ (٢٤) ســـەعات لـــەژێر چـــاودێریدا بیـــت جوابیـــان بـــۆ بنێـــرە کـــە جەڵتـــە لێیـــداویت و لـــە خەستەخانە کەوتویت. منیش بەیەکێك لە فەرمانبەرەکانم وت:

- کـــە بەســـەرۆکی بـــەش بڵـــێ منیـــان لەخەســـتەخانە نوانـــدوە و بەزەحمـــەتی نـــەزانێ تەلـــەفون بـــۆ حەمـــە ئـــەمین عـــەبو بکـــات و کـــەینو بەینەکـــەی تـــێ بگەیـــەنێ! و بڵێ (تەها بابان) لە خەستەخانە کەوتوە.

ســـوپاس بـــۆ پاڵەپەســـتۆی خـــوێن مـــن ئـــەو رشـــانەوەیەو بـــۆ ئـــەقڵی د. فوئـــاد کـــە بەبێ ئارەق لەوتەنگو چەڵەمەیە و شانکورتی یەی رزگار کردم.

هـــەوڵێکی کـــە درا بـــۆ تێـــوەگلانم وەك چـــۆن لـــە پرێکـــدا بەتەڵەیەکـــەوە ئـــەبێ وابـــو، بەڕادەیـــەك کـــە هـــیچ رێگەیـــەکیان نەهێشـــتبوەوە بـــۆ دەربـــازبون. بڕیاریـــان دابـــو خستبوشـــیانە کـــار بـــێ ئـــەوەی پرســـێ رایـــەکم پـــێ بکـــەن و بەســـەر (٢٠-٣٠) دائیرەشـــیاندا گشـــتاندبو بۆیـــە ئـــەوەم لـــە هـــەموی پـــێ ناخۆشـــتربوا ئێســـتاش بەوردی روداوەکەتان بۆ ئەگێڕمەوە:

وا بـــزانم ســـاڵی ١٩٨٢بـــو- هەرچـــەندە ســـاڵ لـــەم روداوە دا گـــرنگ نـــی یـــە- لـــە دەرەوەی دائیرەبـــوم دوای ئـــەوەی ســـەرۆکایەتی بەشـــەکەم لـــێ ســـەندرابۆوە. بەچـــیدا ئـــەزانم چـــونکە ئەوکاتـــە ژورێکـــی ســـەربەخۆم هـــەبو کـــە لێخـــرام چـــومە ژورێکـــی کـــەوە کـــە پـــێش مـــن رەحمـــەتی نـــەوزاد شـــەرعی کـــە ســـەرۆکی لیژنـــەبو لەگـــەڵ رەحمـــەتی حەســـەن ئەحمـــەد کـــە کـــاتی خـــۆی نوســـەرم بـــو تیـــابون و بەمنـــەوە بـــون بەســـێ، کەلـــەدەرەوە گەڕامـــەوە ژورەکـــەم ســـەیرم کـــرد بابۆڵەیـــەك نوســـراو لـــە زەرفێکـــی زەردەوە ســـەریان هێناوەتـــە دەرەوە کـــە ســـەیرم کـــرد باســـی (مـــەجلیس شـــەعب-ئەنجومـــەنی میللـــەت) ئـــەکات ئـــەم ئەنجومەنـــە یـــەکێك بـــو لـــە داهێنانـــەکانی حـــوکمی بـــەعس، پێـــك هـــاتبو. نـــازانم ژمارەکـــەیان چـــەند بـــو -لەکەســـانی

کۆمەڵایـەتی و رۆشـنبیر و حیزبـیو سـەربەخۆ بـە وردی نـازانم ئیشـەکانیان چـی بـو بـەڵام جـارێکی مـن معامەلەیـەکم هـەبو وتیـان ئـەبێ مجلـیس شـەعب بـۆت مۆربکـا. بـەو دو خوالێخۆشـبوەم وت: باشـە مەجلسـی شـەعب چ پەیوەنـدی یـەکی بەمنـەوە هەیە؟!

- وتیان بیخوێنەرەوە ئەوسا کە ئەزانی بۆ بۆتۆیان ناردوە.

کـە خوێندمـەوە سـەیرم کـرد نـاوی منـیش لـە مجلیسـەکەدایە!. لـەدڵی خۆمـداوتم: ئـەم جارەیـان چـۆن خـۆم دەربازبکـەم؟ ئەمـەیان بـوە بـە مـاڵ بەسەرمەوە. چاوم گێڕا بەناوەکاندا، یەکێکم لێناسین، تەلەفونم بۆ کرد وتم:

- ئەو نامەیەی مەجلیس شەعبت پێ گەیشتوە.
- بەڵێ
- ئینجا چی ئەکەی
- هیچ ناکەم!
- تۆ پێم ناڵێیت کێ لەدوای ئەم هەڵبژاردنی ئەندامانەوەیە؟
- قایمقامی مەرکز
- قایمقامی مەرکەز کێ یە؟
- کاك حسەین برایم دەروێشە.

کـاك حسـین وەکـو کـوڕی شـارەکە سـەلامم هـەبو لەگەڵیـدا بـەڵام تێکـەڵیم نەبو.ئەم جارەیان تەلەفۆنم بۆ ئەو کرد، دوای چۆنو چاکی وتم:

- ئەبینم کاك حسین ناوی من لە مجلیس شەعبدایە؟
- ئـەوە چـونکە بـە ئینسـانێکی باشمـان زانیـوی بۆیـە ناوتمـان تـێ خسـتوە تـا بتوانیت لەوێوە خزمەتی شارەکە بکەیت.

– باشـە کـاك حسـەین تـۆ دیوتـە یـەکێك بـە ئیشـێکی بـەدەر لـە وەزیفەکـەی پـێ پسـپێردرێ بـێ ئـەوەی پرسـی پـێ بکـەن، نـازانن ئـەیکا نایکـا دەسـتی ئەپـەرژێ ناپەرژێ؟

– وەڵڵاهـی خـۆ بـەوانی تریشـمان پـرس نـەکردوەو هیچیشـیان ئیعترازیـان نەگرتوە.

– بەڵام من ئەیگرم.

– روحەکەم حەزئەکەی هەر مەچۆ بەمەجلیسدا

– بـەڵام دوای چـی دوای ئـەوەی حـەیاتانبردمو تـەعمیمتانکرد بەسـەرهەمو دائیرەکانـدا بـە توڕییـەوە وتم: گـوێ بگـرە کـاك حسـین چـونت داخـڵ کـردوم، ئـەبێ ئاواش بەبێ زەرەرو زیان بمهێنێتە دەرەوە

– بەسەر چاو هەر تۆ زویر مەبە

ئـیتر نـازانم چـۆن بـۆی پەردەپۆشـکردم، گـرنگ ئەوەیـە هـیچ لێپرسـینەوەیەکیان لەگەڵـدا نـەکردمو زۆر جـێ ی ستایشـە لەگـەڵ ئـەو هـەمو توندوتیژیـەی منـدا ئـەو هـێمنو لەسـەرخۆیی خـۆی لەدەسـتنەدا. جـا ئەگـەر نـاوی منتـان دی لـە ناوئەنـدامانی مەجلیسـی شـەعبدا ئەمـە حـاڵو حەکایەتـە کەیـەتی. مـن لەیـەك شـت نەئەگەیشـتم چـۆن کوردێـك لەگـەڵ حوکومەتێکـدا ئـەیتوانی هاریکـاری بکـات کەبـە بەرچـاویەوە ئـەم دیهاتانـەی ئەسـوتان هـەزارانی ونئـەکرد. هـەزارانی تـری ئیعـدام ئـەکرد ئەمـە هـەر بـۆ دەسـتکەوتێکی دنیـای لەسـامانو مەنصـەب! مـن ئەوانـەم بەنەخۆشـی دەرونـی ئەژمارئـەکرد ئـەگینا چـۆن ئـەبێ هاوڵاتی ئەمەندە بیگانەبێ بە ئازارو مەینەتی میللەتەکەی.

## بەشی سێهەم

## ڕەخنەی ئەدەبی

### "شێخ ڕەزایی تاڵەبانی"

### شیعری کرد بە جنێو یان جنێوی کرد بەشیعر، کامیان؟

واتـا شـكۆی بـه جنێـودا یـان شـیعری سـوك كـرد؟ بـۆ وەڵام دانـەوەی ئـەم پرسـیارە سـەختە حـەز ئەكـەم بـەم پێشـەكی یـە دەسـت پـێ بكـەم: مامۆسـتای كۆچـكردو ئەحمـەد شـوكری (د.شـۆ)ی شـاعیر، زۆر شـتی مێـژویی بـە نرخـی سـەردەمی لاوی بـۆ ئەگێڕامـەوە لەبەسـەرهاتی خـۆی‌و دەوروبـەری بەتایبـەتی شۆڕشـەكانی مـەلیك مـەحمود. منـیش هـەمو جارێـك پـێم ئـەوت: مامۆسـتا ئەگـەر ئـەم روداوانـە بنوسـیتەوە زۆر لـە شـیعرەكانت گـرنگ تـرە، هەرچـەندە شـیعرەكانت جـوانن بـەڵام ئێمـە شـیعرو شـاعیرمان زۆرە ئـەوەی كـە نیمانـە مێژویـەكی رۆشـنە، ئـەوەش بـەهۆی ئـەوەوە بـوە كـە رۆشـنبیرەكانمان لـە رابـوردودا یـان مـەلا بـون كـە هـەر خـەریكی شـەرع بـون یـان شـاعیربون بـە ناوقـەدی باریـك‌و زولفـی خـاو و چـاوی مەسـتیاندا هەڵداوە. یـەكێكیان هەڵنەسـاوە بـە نوسـینەوەی ئـەو روداوە گرنگانـەی كـە لـە دەوروپشـتیاندا روی داوە وە ئەگـەر ئـەوایان بكردایـە ئـەوا مێژویـەكی رۆشـنمان ئـەبو بـەڵام بـە هـۆی كەمتەرخـەمی ئەوانـەوە ئەگـەر دەربـارەی روداوەكـانی رابـوردوی میللەتەكـەمان بنوسـین ئـەبێ وەك لـە ژورێكـی تاریكـدا پـەلپكوتین تاشـتیەك بدۆزینـەوە. هەرچـۆنێك بـو قەناعـەتم پـێ هێنـا. دوای ماوەیـەك دەفتـەرێكی گـەورەی بـۆ هێنـامو وتـی: ئەمـە بەشـێكی بـیرەوەری یەكانمـە، بزانـە چـۆنە؟ كـە خوێندمـەوە وتم: زۆر بەنرخـەو جوانیشـت داڕشتوە. ئینجا چی لێ ئەكەیت؟

–لای كەسێكی دڵسۆز دای ئەنێم

–كێ یە ئەو دڵسۆزە؟

—کەسێکە ! ئیتر بەسەریدا ئەمری خوای کرد. ئەمەم بۆیەکێك لە کوڕەکانی گێڕایەوە. وتی:

—بۆی ئەگەڕێم.بەڵام کوڕە داروبەردی هەڵگێڕایەوە، بیرەوەری نەبو ! ئێستاش لەوانەیە بپرسن کە بۆ ئەم بیرەوەریانەم هێنایەوە ناونـاوان؟ وەڵام: چونکە بەسەر هاتێکی تێدا بو کە زۆر ئەشێ بو چونە ناو ئەم باسەی شێخ رەزاوە. وە لەبەر ئەوەی ئەو بیرەوەریانەش ونبوە بێ سود نی یە ئەگەر گیان بەبەرهێندێکیاندا بکەینەوە بەقەدەر ئەوەی لەیادما مابێ.

مامۆستا ئەحمەد شوکری، جێگەی بەهەشت بێ، فەرموی: لەسەرەتای ساڵەکانی سیدا کەوتبومە بەغداوەو لە رۆژنامەی وەقائیعی عیراقیدا کە قانونو فەرمانی شاهانەو ئەم شتە فەرمیانەی تیادا بڵاو ئەکرێتەوە، لە چاپخانەکەیدا پیتم ئەچنی: مەلیك مەحمودیش لە (ناصریە) دەستبەسەر بو. دوای ئەوەی شۆڕشەکەی شکستی هێنابو. بەیانیەکی وتیان بەڕێوەبەر—کە ئینگلیز —بو داوات ئەکات. منیش کە چومە ژورەوە بۆ لای کاغەزێکی دایە دەستم. کە خوێندمەوە سەیرم کرد لە شێخ مەحمودەوەیە ئەڵێ: ئەحمەد مۆرێکم بۆ هەڵکەنە بەم شێوەیە، کە نامەکەم خوێندەوە بەڕێوەبەر لێ ی پرسیم:

—تۆ لەکوێوە شێخ مەحمود ئەناسی؟

—ئێمە خەڵکی شارێکین بۆیە تێکەڵیمان هەیە. لە دوایدا دەستی برد کاغەزێکی کەی دامێ کە خوێندمەوە فەرمانی دەرکردنم بو ! وتی:

—برۆ با ئیتر شێخ مەحمود مەعاشت بداتێ.

لەکاتێکـدا مانگانەکـەم (١٢) دینـار بـو، کـە تـاکێ کـەباب بـە (٢) فلـس بـو! لـە دواییـدا د.شـۆ لەسـەری ئـەڕواتو ئـەڵێ: ئـیتر کەوتمـە سـەر جادەکـە، خوایـە چـی بکـەم؟. لـە دواییـدا بـەخۆمم وت: بـۆ چـیبکەی؟ مـن ئـەم سنعەتی پیتڕێکخسـتنە ئـەزانم ئـەی بۆچـی چـاپخانەیەکی ئـەهلی یـان ڕۆژنامەیـەك نەدۆزمـەوەو ئێشـیان بـۆ بکـەم. لەسـەر ئـەم پلانـە لـە ڕۆژنامەکـەی (مـەلا عـەبودی کـەرخی)دا بـوم بـە پیتچـن. ڕۆژێکـی مـەلا عـەبود سـەیری کـرد مـن ئـاوا بـەخێراییو چـالاکی پیتـەکان ڕیـك ئەخـەم پـێ ی وتم: ئەحمـەد ئێـوەی کـورد میللـەتێکی زیـرەکن. تـۆ ئـەزانی منـیش بـە ڕەچـەڵەك کـوردم!. ئەمـە تـەنیا سەرچـاوەیە کـە بیسـەلمێنی کـە مـەلا عـەبود کوردبـوە لـە زمـانی خۆیـەوە. لـەو سـەردەمەدا –ئەمـە قسـەی منـە– سـێ شاعیری گـەورە بـوە لـە عێراقـدا کـە هەرسـێکیان بەڕەچـەڵەك کـورد بـون: مـەعروف ئەلرەصـافی، مـەلا عـەبود ئـەلکرخیو جـەمیل صـدقی ئـەلزەهاوی. یەکـەمو دوهـەمیان کـوردی یـان نـەزانیوە بـەڵام زەهـاوی بـە کـوردی یـەکی پـەتی قسـەی کـردوە. ئەمـەش خوالێخۆشـبو قـادر ئاغـای حـاجی مـەلا سـەعید بـۆی گێڕامـەوە. کـە بـاوکی (مـەبعوس) واتـا پەرلـەمانتار بـوە لـە دەوڵـەتی عوسمانیـدا، بۆیـە بـاوکی لـە بەغـداد دانیشـتوە لەوسـەردەمەدا، قـادر ئاغـا درێـژەی دا بەقسـەکانیو وتـی: ماڵەکـەمان لـە گـەرەکی (جەدیـد حەسـەن پاشـا)بـو مـن لەبـەر دەرگـا وەسـتا بـوم کـە کابرایـەکی بەساڵاچـو بەسـواری کـەرێکی سـپی یـەوە لەبـەر مـاڵی ئێمـەدا وەسـتا. ئەوکاتـە لـەباتی عارەبانـەو ئوتومبیـل پیاومـاقوڵان بەکـەری سـپی هاتوچـۆیان ئـەکرد کـە ئەوەنـدەی هێسـترێك ئـەبو. پیرەمێردەکـە کـە لەکەرەکـە دابـەزی پـێ ی وتم: "کەوڵـە کۆنەکـەی باوکـت لـە ماڵەوەیـە!؟"

منــیش زۆرم پـــێ نـــاخۆش بـــو ویســـتم وەڵامـــی بدەمـــەوە. بـــاوكم كـــە لەپەنجەرەكـەوە سـەیری كـۆڵانی ئـەكرد و گـوێ ی لـەم قسـەیە بـو. هـاواری لێكـردم: قـادر نەكـەیت غەڵـەت بكـەیت ئـەوە جـەمیل ئەفندیـە. ئـیتر كـەزانیم ئـەوە زۆر رێــزم لێگــرت. بابگەڕینـــەوە سەریاداشـــتەكان، مامۆســـتا ئەحمـــەد شـوكری وتـی: نیوەڕۆیـەكی خـەریكی پیتچـنین بـوم ئەوەنـدەم زانـی یـەكێك سـەلامی كـرد كـە سـەرم هـەڵبڕی كابرایـەك بـە مەزنـدە شەسـت سـاڵێك تەمـەنی ئـەبو ریشـێكی ماشـوبرنجی كـورتی هـەبو، چـاكەتو پـانتۆڵی لەبـەردا بـو و سـدارەی كردبـوە سـەری منـیش سـەلامەكەم سـەندەوەو دەسـتم كـردەوە بەئیش پیێ ی وتم: ئەوە پیتی چی ئەچنی؟

—دیــوانی شــێخ رەزای تاڵــەبانی. دوای ئــەوە هــەر بــە پێــوە نــەختێكی لێخوێنـدەوەو هەناسـەیەكی سـاردی هەڵكێشـا وتم: ئـەو هەناسـە سـاردەت بـۆ هەڵكێشا؟

—بـۆ ئـەم شـێخ رەزایـە، هـەتا بڵێیـت شـاعیرێكی بەدەسـەڵاتو بـەتوانا بـو، بەڵام ئاخ لە جنێودا هەموی بەخەساردا!

لــە دڵــی خۆمــدا وتم: هــەبێتو نــەبێت ئــەم پیــاوە زۆر شــارەزای شــیعری كوردی یە ئەگینا چۆن ئاوا شێخ رەزای هەڵسەنگاند پێم وت:

—من نەشم زانی جەنابت كێیت؟

—من ناوم حاجی تۆفیقە مەشهورم بە پیرەمێرد!

ئـیتر خێـرا هەڵسـامە سـەر پـێو ودەسـتیم مـاچ كـردوتم: داوای لێبـوردن ئەكـــەم كەنەمناســـیت مـــن زۆر شـــیعرەكانی جـــەنابتم خوێندۆتـــەوە بـــەڵام

بەخزمـەتت نەگەیشـتبوم شـاگردێکم بـانگ کـرد وتم: وەخـتی نـانخواردن پـێم وت برۆ کفتەبێنە، کەبابێنە، ماستاوبێنە

—ئینجا کورم بۆ ئەم ئیسرافە

—قوربان هەموی دوانزە فلسی تێ ئەچێ.

دوای نـانخواردن عـەرزیم کـرد کـە چـۆن بـو ئـەم بچـوکەی خـۆی بەسەرکردۆتەوە؟

—بەتـەمام رۆژنامەیـەك لـە سـلێمانی دەرکـەم، وتم کـێ هەیـە لـە پیترێکخسـتن سـەر دەرکـا پـێ یـان وتم کـە کورێـك هەیـە نـاوی ئەحمـەدە لـە رۆژنامەکـەی مـەلا عـەبود ئـیش ئـەکات و لـە دواییـدا وا کۆتـایی بـە قسـەکانی هێنا: نیازم هەیە رۆژنامەیەك دەربکەم

ئەحمـەد گیـان چـی ئەکـەیت لـەم غەریبایـەتی یـە؟ بـۆ نایەیتـەوە بـۆ سلێمانی لەگەڵ مامی خۆتدا بەیەکەوە ئیش بکەین؟

—بەسـەر چـاو بـۆ منـیش شـەرەفێکی گەورەیـە لـە خزمـەت تـۆدا ئـیش بکـەم. ئـیتر دوای ئـەو چـاوپێکەوتنە گەڕامـەوە بـۆ سـلێمانیو بـۆ مـاوەی پـانزە سـاڵ وەکـو مـامو بـرازا یـان قوتـابیو مامۆسـتا بەیەکـەوە ئیشـمانکرد لـە رۆژنامـەی (ژیـن)دا.ئـەم بەشـەی یاداشـتەکان تـەواو بـو کـە پەیوەنـدی بـە شـێخ رەزاوە هـەبو ئێسـتاش ئـەوەی کـە ئەینوسـم دەربـارەی شـێخ رەزا قسـەی خۆمـە: مـن لەگـەڵ هـەردو بۆچـونەکەی پیرەمێـرد دام کـەتا بڵێیـت شـێخ رەزا شـاعیرێکی هەڵکـەوتو بلیمـەت بـوە، هـەروەها هاوڕاشـم لەگەڵیـدا کـە زۆربـەی ئـەو توانـا بـێ سنورەی کـە هـەیبوە لـە جنیـودا بەخەسـاری داوە. بـەڵام هـەمو ئـەدەب دۆسـتان لەگـەڵ پیرەمێـردو منـدانین هەیـە، کـە ژمارەیـان کـەمیش

نـین، ئـەڵێن کـە شـێخ ڕەزا کـەلێنێکی لەشـیعری کوردیـدا بـۆ پڕکردوینەتـەوە کـە ئـەویش هـەجوە. بـەڵام کـەی جنێـو ئـەدەب بـوە؟ مـن تێناگـەم چـۆن کـە جنێـو و قسـەی سـوك چـوە شـیعرەوە جـوان ئـەبێ؟ شـتی ناشـرین بیخەیتـە هـەر شـوێنێکەوە هـەر ناشـرینە. کـە ئـەڵێن شـێخ ڕەزا جنیـوی کـردوە بەشـیعر واتـا پلەوپایـەی جنیـوی بـەوە بەرزکردۆتـەوە بـەڵام مـن ئـەڵێم بـە پێچـەوانەوە بــە جنیــو لەپلەوپایــەی شــیعری کــەم کردۆتــەوە. شــێخ ڕەزا قوربــانی کۆمــەڵگای دواکــەوتوی ئــەو ســەردەمەی کــوردەواری بــوە کــە هــەرچ پارچــە شــیعرێکی هــەجوی نوسـیبێ ئـیتر بۆتـە مایـەی شەوچـەرەی دیوەخانـەکانو حــوجرەی فــەقێیانو کــۆڕو کۆمــەڵانی ئــەو ســەردەمە. بـیرم دێ شـاعرێکی سـەردەمی شـێخ ڕەزا، شـیعرێکی هـەجوی لـە حەفتاکانـدا بـۆ ڕۆژنامـەی (ژیـن) نــاردبو. ســەر نوســەری ڕۆژنامەکــە لــە گۆشــەی ئێمەوخوێندەوارانــدا بــۆی نوســیبو کــە ئێســتاباوی ئــەم شــیعرانە نــەماوە. ئــەو سەرنوســەرە کــە خوالێخۆشـبو (کاکـەی فـەللاح)بـو باشـی بۆچـوبو فـەرمون پیشـانم بـدەن لـە دوای شـێخ ڕەزاوە چ پارچـە شـیعرێکی هـەجوتان دیـوە؟ شـاعیری بـەتوانای ڕێلێتێکنەچــوی وەك شــێخ ڕەزا ســێبەری ئەکشــێ بەســەر هەمونــەوەکانی دوای خۆیــدا تــا ڕۆژی قیامــەت بــەڵام بــۆ شــێخ ڕەزا مــن ئێســتا چــەندەها پارچـە شـیعری هـەجویم لەبەردەسـتدایە بـەڵام لـە ڕوم نایـەت بیخەمـەڕو لـەم لێکۆڵینەوەیـە دا بەتایبـەتی ئـەوە هـەر لـەڕوی ئافرەتـدا نـاوترێ. شـێخ ڕەزا ئـەبو بەرێچـکە شـکێنێکی گـەورە لـە مێـژوی ئـەدەبی کوریـدا ئەگـەر ئـەو هــەجوەی ڕوبــەڕوی دەســەڵاتی عوسمــانی بکردایەتــەوە واتــا هەجوەکــەی سیاسـی بوایـە بـەڵام لەبەدبـەختی خۆشـیو ئێمەشـدا دەرکـی بـەم ڕاسـتی یـە

نـەكردوە. هـەمو هـەجوەكانی دژ بـەخزمو كـەسو كـارو دەوروپشـت بـو تـەنیا شـیعرێكم دیـوە ئـەویش لـە دو دێـڕ پێكهـاتوە. بـەتوركی وتویـەتی دوای ئـەوەی وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمـانی عـەرەبیو لـە یـەكێك لەبەرگـەكانی (لمحـات اجتماعیـه مـن تـأریخ العـراق الحـدیـث) دا لـە نوسـینی د.علـی الـوردی دا بڵاوكراوەتـەوە ئـەویش بـەم شـێوەیەی خوارەوەیـە: لـە زەمـانی دەوڵـەتی عوسمانیـدا والـی بەغـداد دەرئـەكرێ، كـێ شـوێنی ئەگرێتـەوە والـی سـوریە كـە تەمـەنی هەشـتا سـاڵ ئـەبێ. لـەو كتێبـەدا هـاتوە ئـەڵێ: شـێخ رەزا بـە دو دێـڕ هەجویـەكی كـردوەو ئـەڵێ: بەمردویـەك ئەیانـەوێت وڵاتێـك زینـدو بكەنـەوە ئافـەرم بابولعـالی بـۆ خـۆتو عـەقڵو كـەمالت. ئەگـەر هـەمو هـەجوەكانی ئـاوا سیاسـی بونایـە ئـەوا سـەری شـێخ رەزا ئەیـدا لـە ئەسـتێرەی ئاسمـان بـەڵام ئـەوەی خـەڵاتو بـەراتی بدایـەتێ پیـا هەڵئـەداو ئەوەشـی نەیدایـەتێ هـەجوی ئەكرد ئەم راستیەش لەم پێنج دێڕە شیعرەدا چڕكردۆتەوە:

**قەومەكان بەو زاتەوە حوكمی لەسەر بەحروبەڕە**

**بەرخە نێرێ گەنە نێرێ هەركەسێ ساحێب مەڕە**

**دێم بەگژیا، دەی درم گەر فیلمە سەل شێری نەرە**

**بانەقەومێت و نەزانن ئەم هەمو شۆروشەرە**

**گشت لەسەر بزنی شەلو كاوری كەرو بەرخی لەڕە**

ئەمـە ئێـوە نـاوی ئـەنێن چـی؟! خـۆ پارچـە شـیعرەكەی (فـائق بێكـەس)یـش كـە لـە جـەژنی نـەورۆزدا روبـەڕوی (ئەدمونـدز) حـاكمی سیاسـی ئینگلیز خوێندیەوە هەر هەجو بو ئەو پارچە شیعرەی كە ئەیوت:

**بیستو حەوت ساڵە من رەنجبەری تۆم**

**بەنانو ئاوو جلو بەرگی خۆم**

تەنانــەت لــە شــوێنێکیدا ئــەڵێ: هەرچــی بــەڵێنێکم بــەیتێ لــەلای مــن تــرە بــەڵام ئــەم هــەجوە فــەرقی هەیــە لەگــەڵ ئەوانــەی شــێخ رەزا. هەجوەکــەی بێکــەس لــە خزمــەتی خــەباتی میللەتەکەیایــەتی بــۆ رزگــاربون بۆیــە هــەتا هەتایــە ئــەم پارچــە شــیعرە بــە زینــدوی ئەمێنێتــەوە لــە مێــژوی ئــەدەبی کوردیــدا بــەڵام هـــــەجوەکانی شـــــێخ رەزا رەنگدانـــــەوەی هەســـــتی شەخصـــــیو بەرژەوەنـــــدی تایبــەتی دا یــە بۆیــە بــەخۆی دەســتیپێکردو هــەر بەخۆشــی کۆتــایی هــات واتــا شاعیری کە شوێنپێ ی هەڵنەگرت.

مێجــەر (ســۆن) کاتێــك وەك تــاجیرێکی ئێرانــی بــەناوی (مــیرزا غــولام حســەینی) شــیرازی یــەوە لەناوچــەی ســلێمانیدا نیشــتەجێ بــو لــە ســالانی ١٩٠٧–١٩٠٩دا لــە کــەرکوك چــاوی بــە شــێخ رەزا ئەکــەوێت و هێنــدێك لــە هــەجوەکانی بــۆ ئەخوێنێتــەوە وابــزانم هــەجوی ئەرمەنیــەکانی کردبــو وەك لــە کتێبەکەیــدا (گەشــتی خۆگۆڕێــك لەبــەینی دو روبــارو کوردوســتاندا) باســی ئــەکات هــیچ شــیعرە کــانی بــەدڵ نــەبوە. لــە کاتێکــدا (ئەرمونــدز) لــە کتێبەکەیدا (کـوردو تـورکو عـەرەب) کـە دێتـە سەرباسـی هـەورامان ئـەڵێ: مـن هەرچـەندێك توانـای نوسـینم هـەبێ ناگەمـە ئـەو شـاعیرە گەنجـەی کـە وەصـفی هـەورامانی کـردوە کەمەبەسـتی گـۆران بـوە ئـیتر دەقـی شـیعرەکە بـە کـوردی (پـــیتی لاتـــینی) نوســـیوەتەوەو بەرامبەریشـــی وەرگێڕانـــی ئینگلیزیەکـــەی نوسیوە.

بۆ ئەوانەی کە بەتەنگ شیعری شێخ ڕەزاوەن من پێشنیارێك ئەکەم کە ئەگەر جارێکی کە شیعرەکانی یان چاپکردەوە بابەدو دیوان بێ یەکێکیان هەجوەکانی بێ‌و وەك چۆن لە دەرمانخانەکاندا زەهرەکان ئەخەنە چەکمەجەوەو قوفڵی ئەدەن ئاواش شیعرە هەجوەکانی بشارنەوەو تەنیا بۆ لێکۆڵەرەوەکان بیخەنەڕو ئەوی تریان تایبەت بێ بە غەزەل‌و عیرفانی‌و وەصف‌و پیاهەڵدان‌و.و.هتد. چونکە نەوەی ئەم سەردەمە بەراستی هیچ چێژێك نابات لە شیعرە هەجوەکانی و لەوانەشە لە نرخی شیعرە ناهەجوەکانیش کەم بکاتەوە. لە دواییدا لە خوا ئەپاڕێمەوە، هەرچەندە دوعای من زۆر قوبوڵ نابێ، کەلە گوناهی شێخ ڕەزا خۆش بێ. بۆ ئەو هەمو کەسانەی کە دڵی شکاندون سوکی کردون لەناو کۆمەڵدا ئێوەش بڵێن ئامین یارب لعالمین[1].

[1] لەمەوبەر بڵاونەکراوەتەوە.

## بەشی چوارهەم

# چیرۆك

١-چیرۆكنوس لەكوێوە باسەكانی ئەهێنێ

٢-بەختیاری تاڵ!

٣-ناوبژی كردنەكەی دایكم

٤-قارەمانی رزگاركەر

٥-فریشتەیەكی قژ ئاڵۆزاو

٦-لە ئەنجامدا شەیتان سەركەوت

٧-كوتێك گۆشت

## ١–چیرۆك نوس لە كوێ وە باسەكانی ئەهێنێ

هەربەم ناونیشانە لەیەكێك لە ژمارەكانی گۆڤاری (بەیان)ی ساڵی ١٩٧٤دا ئەم وتارەم بلاوكردەوە، وە لەبەر ئەوەی پەیوەندی بە چیرۆكەوە هەیە بە پێویستم زانی بەر لەوەی چیرۆكەكان بخوێنیتەوە شارەزاتان بكەم بەم لایەنەی چیرۆك:

«لەوە دورتر نیە لە راستی یەوە كەوا بزانرێ بیری چیرۆك نوس بریتی یە لەكانی یەكی پڕی وا لە باسو روداو كە هەرچەند لێ ی هەڵێنجرێ وشكایی نەیەت، ئەم بۆچونە هەڵەیە، بەپێچەوانەوە بەسەرهاتەكە كە بەشوێن نوسەردا ئەگەڕێت بۆ ئەوەی بیكات بە چیرۆك.» ئاوا چیرۆك نوسی نەمساوی بەناوبانگ (ستیڤان زفایج)[١] پێشەكی چیرۆكی (خۆت دور بگرە لە بەزەیی)[٢] دەست پێ ئەكا. لە هەمان پێشەكیداو هەروەها لە زۆربەی چیرۆكەكانی تریشیا وەك (دڵداری لە ژێر ئاسمانی رۆژهەلاتدا)و (بیستو چوار سەعات لە ژیانی ئافرەتێك)[٣] و (یاری كەری شەترەنج) ئەڵێت: گوایە قارەمانەكانی ئەم

---

[١] نوسەری ناوبراو دانراوە بەیەكێك لە بەدەسەڵاترین حەوت نوسەری جیهانو لەشەڕی جیهانی دوهەمدا خۆی كوشت.

[٢] ئەم چیرۆكە لە زنجیرەی ـ روایات الهلال ـ دا لە ژێر ناوی (قلوب تحترق) واتە ـ دڵان ئەسوتێن دا بڵاوكراوەتەوە.

[٣] ئەمیش لە چاپكراوە مانگی یەكانی گۆڤاری (كتابی دا) لەژێر ناوی (الارملە العاشقە) واتە بێوەژنی دڵدار دا بڵاوكراوەتەوەو مەكسیم گورگی نوسەری روسی لەبارەیەوە ئەڵێت (لەوبڕوایەدا نیم لەم چیرۆكە قوڵترم خوێندبێتەوە).

چـــيرۆكانەيان بـــۆ گێڕاوەتـــەوە. زۆرجـــاريش بـــە ئاشـــكرا ئـــەوترێ كـــە چـــيرۆكەكە بەســـەر هـــاتی فـــلان كەســـە، بـــۆ نمونـــە وەك چـــيرۆكی "لەبـــەينی دۆزەخو بەهەشـــت دا"[٤] كـــە بـــريتی يـــە لەبەســـەرهاتی هونەرمەنـــدی ســـينەمايی ــ ئـــۆدری مـــورڤ ــ كاتێـك كەلـە جـەنگی جيهـانی دوهەمـدا سـەرباز بـوە. هەنـدێك جـاريش نوسـەرەكان لـە پێشـەكی چـيرۆكەكانياندا ئـەڵێن كـە قارەمانـەكانيان راسـتەقينەنو هێشـتا هـەر لـە ژيانـدان لەبـەر ئـەوە ناچـار بـون كـە نـەختێك دەسـتكاری روداوەكـانی بكـەن بـۆ ئـــەوەی نەناســـرێنەوە. ئەمـــە لەلايەكـــەوە، لەلايـــەكی تـــرەوە ئـــەبينين هەنـــدێك چـــيرۆك هـــەن ســـەرتاپا بـــريتين لـــە ژيـــانی مرۆڤێكـــی راســـتەقينە. وەك ژيـــانی بۆكســـەری ئـــەمريكايی ــ روكـــی مارچـــيانو ــ يـــان ــ فـــون بـــراون ــ كـــە بـــەباوكی ســـاروخی ئـــەم ســـەردەمەی ئـــەمريكا ئەناســـرێت. هتـــد[٥]. كـــەوابو (خـــەڵكی)، جـــا ئـــيتر بەســـەرهاتێكيان بێـــت وەك ئەوانـــەی ســـەرەوە يـــان ســـەرتاپا مێـــژوی ژيانيـــان بێـــت وەك ئـــەم دوانـــەی دوايـــی يەكێكـــە لـــەو سەرچـــاوانەی كـــە چـــيرۆك نـــوس باسەكانی لێوە ئەخوازێت.

ئەگـــەر چـــيرۆكەكانی ـــ دستويفســـكی ـــ نوســـەری مـــەزنی روســـی يـــش بخوێنينەوەئـــەبينين زۆربـــەی قارەمانـــەكانی دەماريـــان تـــەواو نـــی يـــە، بەتايبـــەتی دوچـــاری نەخۆشـــی پەركـــەم (ڤێ)بـــون وەك قارەمـــانی چـــيرۆكی (حـــول)و يـــەكێكی چـــيرۆكی (برايـــان كارامـــازۆف)و (ريســـواكان) وە نـــاو بـــراو دەســـەڵاتێكی بـــیّ وزەی ســـەير نيشـــان ئـــەدات لـــە باســـكردنی ئـــەو هەســـتانەی كـــە ڤێ دارەكـــان دا ئـــەگرێت

[٤] ئەم چيرۆكە كرا بە فليمو هەمان هونەرمەند خۆی دەورەكەی خۆی ئەبينی يەوە.

[٥] روكی مارچيانو چەند مانگێك لەمەوبەر ئوتومبيلەكەی وەرگەڕاو مرد بەڵام فۆن براون هەر ماوەو ئەم دو چيرۆكەشی ديسان كراون بەفليم.

لەبـەرو دوای ڤێ یەکـە. بـۆ؟ چـونکە نوسـەر خـۆی ڤێ دار بـوە ! . جـا ئەگـەر سـەیری ئـەم چـیرۆکەی دوایـی، واتـە ــ ریسـواکان ــ بکـەین ئـەبینین کەگێڕەڕەوەکـەی چـیرۆك نوسـێکی تـازە دەسـت پـێ کـردوە کەبەیەکـەم چـیرۆکی ناوبـانگێکی زۆری دەرکــردوەو چیرۆکەکەشــی بــریتی یــە لــە بەســەرهاتی فەرمانبــەرێکی بچــوکی بەسـتەزمان. جـا ئەگـەر ئێمـە شـارەزای ژیـانی ــ دستوفیسـکی ــ خـۆی بـین، ئـەبینین ئـەویش وەك قارەمـانی ئـەو چـیرۆکە کـە لـەژێر نـاوی ــ بەسـزمانان ــ دا بـڵاوی کـردەوە ناوبـانگی پـێ دەرکردبـو، ئـەویش باسـی ژیـانی فەرمانبـەرێکی بچـوك ئـەکات. لەمـەش سـەیرتر کـە گێـڕەڕەوەی چـیرۆکی ــ ڕسـواکان ــ هەنـدێك لـە چـیرۆکەکەی ئەگێڕێتـەوە بـێ کـەمو زیـاد باسـی (مـەکاردیو فشـکین)ی قارەمـانی چـیرۆکی ــ بەسـزمانان ــ ی خۆیـەتی، واتـە گێـڕەڕەوەی چـیرۆکی ــ ریسـواکان ــ کـەس نـی یـە دەستوفسـکی خـۆی نـەبێت. دیسـان ئەگـەر بێـتو سـەرنجی چـیرۆکی ــ قومارچـی ــ هـەمان نوسـەر بـدەین ئـەبینین ئـەمیش باسـی سـەردەمێکی ژیـانی یـەتی کەبەدەسـتێك بـە قومـار پـارەی ئـەبردەوەو بـە دەسـتەکەی تـری لـە ئافرەتێکـدا خـەرجی ئـەکرد. خـۆ چـیرۆکی (بـیرەوەری یـەکانی خـانوی مـردوان) بـە وردی بەسـەرهاتی ئـەو تـاوان کارانەیـە کەلـە سیبریاــ لەگەڵیانـدا بەنـد بـوە واتـا بیرەوەریەکی روتی خۆیەتی.

ئـەم راسـتی یـە ــ واتـە کردنـی بەسـەرهاتی خـۆ بـە چـیرۆك ــ وای لـە (سـتیفان زفـایغ)کـرد کـە هەسـتو رابـوردوی ئـەو نوسـەرە بنوسـێتەوە بـەگوێرەی ئـەو روداوو هەسـتانەی کـە بەسـەر قارەمـانی چـیرۆکەکانیدا هـاتونو [٦]. نوسـەری

[٦] پەراوی (دستوفیسکی) رەخنەو لێکۆڵینەوە، نوسینی (ستیڤان زفایع) گۆڕینی (فرید انطونیوس) بڵاوکراوەکانی (ابن المقفع) دمشق سوریا.

فەرەنسـایش ــ جـی دی موپاسـان ــ بـەر لـە مردنـی بەچـەند سـاڵێك لـە ئـەنجامی مـاكی فـەرەنگی یـەوە كـە لـە مێشـكی هـاتبو توشـی سـەر یەشـەیەكی سـەختو جـۆرە شـێتی یـەك بـو بـو، لـە نامەیـەكی تایبـەتی دا كـە بـۆ پزیشـكەكەی نوسـیوە لـەبارەی نەخۆشـیەكەیەوە ئـەڵێت ((.شـەو كـە ئەچـمە نـاو جێگـاوە بنـوم هەرچـەندە دەرگـاو پەنجەرەكانیشـم بـاش كوڵـۆم داوە وا هەسـت ئەكـەم كـە خـەڵك هاتونەتـە ژورەوەو بەچـاكی گـوێم لـە قسـەكردنو تـەقو هـوڕی پـێ یانـە كـە دێـنو ئەچـن. كەچـی كـە چـراكە هەڵئەگیرسـێنمو ژێـر قەرەوێڵـەو كـونو قـوژبنی ژورەكـە ئەپشـكنم كـەس نادۆزمـەوەو دەرگـاو پەنجـەرەكانیش هـەروەك دام خسـتون نەكراونەتـەوە. نـەك هـەر ئەمـە تەنانـەت زۆر جـار كەسـەیری ئاوێنـە ئەكـەم خـۆمی تێدا نابینم،هەرچـەندە بەرامبەریشـی وەسـتاوم، ئەمـە جگـە لـەوەی هەنـدێك جـار ــ كـە ئەمـە زۆر سـامناكە ــ حەزئەكـەم خـۆم سـەرببڕم.))[٧]. جـا ئەگـەر چـیرۆكی (یاداشـتی شـێتێك) بخوێنینـەوە كـە هـی ئـەم نوسـەرەیە، ئـەبینین قارەمانەكـەی توشی هەمان ئەو جۆرە شێتی یە بوە.

چـیرۆكە بەناوبانگەكـەی نوسـەری ئینگلیـزی ــ چـارلس دیكنـز ــ یـش كـە نـاوی (ئۆلیڤـەر تویسـت)ە باسـی ژیـانی منـداڵێك ئـەكات بـەو نـاوەوە، شـارەزاكانی ژیـانی ئـەو نوسـەرە، ئـەڵێن كـە ئۆلیڤـەر، دیكنـز خۆیـەتی كاتێـك كـە بەمنـداڵی لـە هەتیوخانـەدا بـوە. ئـەو نمونانـەو سـەدەها نمونـەی تـریش هـەن كەبـە رونـی دەری ئـەخات كـە ژیـانی نوسـەریش خـۆی سەرچـاوەیەكی ترە بۆ باسی چیرۆكەكانی.

---

[٧] لە ئەنجامیشدا هەر بەوە مرد كە بە گوێزان قورگی خۆی هەڵهێنایەوە.

رۆژێکـی نوسـەری (ئـەمریکا)یـی (ئۆهـانری) لەگـەڵ چـەند هـاوڕێ یەکیـدا لەلوقنتەیـەك نـان ئـەخۆن. لەسـەر نـان خواردنەکـە یـەکێکیان لـێ ی ئەپرسـی کـە باسـی چـیرۆکەکانی لـەکوێوە ئـەهێنی؟ ئەوکاتـەش قـاتو قـڕی ئـەبێتو ئازوقـە بـە بلێـت دابـەش ئـەکرێتو بەڕێکـەوت بلیتیـك لەوانـە لەسـەر مێزەکـە ئـەبێت. لەوەڵامـدا بلیتەکـە هەڵئـەگریتو ئـەڵێت، ئـەم بلیتـی ئازوقەیـە بـۆ نمونـە بـیری چـیرۆکێکی دامـێ، ئـیتر دەسـت ئـەکات بەگێڕانـەوەی بەسـەرهاتی کیژۆڵەیـەكو ناسـۆری (تـەموین). دیسـان ئەگـەر چـیرۆکی ((هـەمو شـتێك ئارامـە لەشـەرگای رۆژئـاوادا))بخوێنینـەوە، ئـەبینین باسـی ژیـانی چـەند سـەربازێك ئـەکات لەشـەڕی جیهـانی یەکەمـدا. مـن لـەو بـاوەڕەدام ئـەو سـەربازانە راسـتەقینە نـین بـەڵام بەسـەرهاتو چارەنوسـی ئـەو سـەربازانە و ملیونـەها سـەربازی تـرن لـەو شـەڕەو لـە هـەمو شـەڕێکدا. بـەم دو نمونەیەشـدا دەرئەکـەوێت کـە ئـەو بەسـەرهاتانەی بەسـەر کۆمەڵـدا دێـن دیسـان سەرچـاوەیەکە کـە چـیرۆك نـوس باسـی چـیرۆکەکانی لێـوە هەڵئەیـەنجێ. لـە راسـتی دا وەنـەبێت کۆمـەڵ تـەنیا لـەڕێی ئـەو بەسـەرهاتانەوەی کەبەسـەریدا دێـت بـیری چـیرۆك ببخشـێت بـەڵکو نـەریتی کۆمـەڵ ئـەو بیروباوەڕانـەی کـە خەڵکەکـەی هەیانـە، کرداریـانو جـۆری ژیانیـان، بـاری ئـابوری یـان.هتـد، هـەمو هـەوێنن بـۆ باسـی چـیرۆك، بـۆ نمونـە تـاوان لـە کۆمەڵـداو راونـانی تـاوان کـاران هـەوێنی ئـەو هـەزارەها چـیرۆکە پۆلیسـی یانـەن کـە هـەمو سـاڵێك دەرئەچن.

مێـژوش سەرچـاوەیەکی تـرە، واتـە نوسـەران تـەنیا لـەو سەرچـاوانەوە بـیر وەرنـاگرێ کەلەبـەر دەسـتیانایە بـەڵکو سـود لـە رابـوردوش وەرئـەگرن،

ئـــەوەش بـــەهۆی خوێندنـــەوەی سەرچـــاوە مێژووییەكانـــەوە ئـــەبێتو دوای ئـەوەی بـاش شـارەزایی پەیـدا ئـەكا لـەو كۆمەڵـە لەناوچـوانەدا ئینجـا دەسـت ئـەكات بەچـنینی رووداوی چـیرۆكەكە سـا ئـیتر لـەبارەی رووداوێكـی تایبـەتی یـەوە بێـت وەك چـیرۆكی (خواكـان تینـون)ی ــ ئـەمیل زولا ــ و (بەسـەرهاتی دو شـار)ی ــ دیكنـز ــ كەباسـی شۆڕشـی فەرەنسـا ئەكـەن یـان بەسـەرهاتی مرۆڤێكـی راسـتەقینە وەك چـیرۆكی (سـپارتاكۆس)ی ــ ئـارثـر میلـر ــ كەباسـی شۆڕشـی كۆیلـەكان ئـەكات لـە رۆمـای كۆنـدا، دیسـان چـیرۆكی (قـوڕ بەسـەر ژێـر كـەوتو)ی ماتانیـا كەباسـی كەساسـی سـوڵتان (بایەزیـد)ی ــ تـورك ــ ئـەكات كـە بـەدیلی كەوتۆتـە دەسـت تـەیموری لـەنگ، هـەروەها چـیرۆكی (منـــدالانی گەرەكەكـــەمان)ی ـــ نجیـــب محفـــوز كـــە بەســـەرهاتی پێغەمبەرەكانئەگێڕێتـــەوە. هەندێكیشـــیان ســـەرتاپا ژیـــانی مرۆڤێكـــە وەك چـیرۆكی (خۆشەویسـتی ژیـان) كـە باسـی ژیـانی وێنەكێشـی پۆلنـدی (فـان كـوخ) ئـەكات. وە یـاخود نوسـەر خـۆی چـەند قارەمانێـك دروسـت ئـەكات كـە گوایـە لەوسـەردەمەدا ژیـاون وەك چـیرۆكە مێـژوویی یـەكانی ــ جـورجی زەیـدان ـــ و (ســـێ ســـوارە) كـــەی (ئەســـكەندەر دوماســـی بـــاوك) كـــە باســـی سوارچاكەكانی سەردەمێكی كۆنی فەرەنسا ئەكات.

دوا سەرچـاوە كـە چـیرۆكی لێـوە بەدەسـت بهێنرێـت خەیاڵـە، لـە راسـتی دا بەدەگمـەن چـیرۆك هەیـە كـە خـەیاڵی چـیرۆك نوسـی كـەم یـان زۆر تێكـەڵ نـەبێت وە ئـەوە بـو وتمـان لـەو چـیرۆكانەی كـە لـە كۆمەڵـەوە هەڵئەیـەنجرێ یـــان لـــە مێـــژووەوە. هەنـــدێكیان چـــیرۆك نوســـەكە رووداو پاڵەوانـــەكانی دائەتاشـێت كەئـەوەش خـەیاڵ پـێ ی هەڵئەسـتێ. بـەلام لێـرەدا مـن مەبەسـتم

لـەم جۆرەیـان نیـە بـەڵکو لـەو چـیرۆکانەیە کـە سـەرتاپا هـەر خەیاڵـەو زۆر دورە لـــە واقیعـــەوە، وەك چـــیرۆکەکانی (جـــول ڤـــیرن)و هەنـــدێك لـــە چـیرۆکەکانی (ئیـدگار ئـالان پـو)و هـەروەها وەك چـیرۆکی (شـاری کـوێران)و (چـەرخو فەلـەکی زەمـان)ی ــ هـ.ج. ویلـز ــ ئـەتوانین ئـەم چـیرۆکانە نـاوبنێن (خـەیاڵی،عیلمی،واتا خـەیاڵی زانیـاری روت) وە ئـەتوانین بڵـێین کـە چـیرۆکی رەمـزیو چـیرۆکی منـداڵانیش لـەم جـۆرەن. ئەمـەوێت خوێنـدەواری بـەڕێز ئـەوە بزانیـت کـە کـەم جـار هەیـە چـیرۆکێك لـە سەرچـاوەیەکەوە، وەربگرێـت بـۆ نمونـە رێ ئەکـەوێت چـیرۆکێك بـریتی بێـت لـە بەسـەر هـاتی نوسـەرەکەو هـی خـەڵکیو هەنـدێکیش خـەیاڵی تێـدا بێـت، دیسـان بەپێویسـتی ئـەزانم بەرلـەوەی کۆتـایی بـەم باسـە بهێـنم خوێنـدەواری خۆشەویسـت ئاگـادار بێـت کـە بـۆ ئـەم باسـە سـود لـەهیچ سەرچـاوەیەك وەرنـەگیراوەو هەرچـی بۆچـونێك کـەتیایا هەیـە هـەموی بـریتی یـە لـەو راسـتی یانـەی کەلـە ئـەنجامی چـیرۆك خوێندنەوەیـەکی زۆرەوە بۆمـان دەرکـەوتوە. ئەمـەش بۆیـە ئـەڵێم چـونکە لەوانەیـە سەرچـاوەی تـر هـەبێت مـن هەسـتم پـێ نـەکردبێ یـان لـەبیرم چـوبێت وە یـان هـەبێت ئـەو سەرچـاوانەی لەسـەر بنچـینەیەکی تـر دابـەش کردبـێ لەبـەر ئـەوە هـەمو رەخنەیـەکی بـەجێ یـان پـەرە پێـدانی ئـەم باسـە جێگـەی رێزمانە [١].

---

[١] هەر ئەم باسە، بەڵام فراوانتر، لەلایەن نوسەرەوە پێشکەش کرا لە وەرزی رۆشنبیری دانشگای سلێمانیدا کە لە ساڵی ١٩٧٩ دا گێڕدرا...

## ٢-بەختیاری تاڵ!

ئــەم ڕوداوانــە هــەموی لــە دەمــەو عەســرێکی ڕۆژی ١٩٤٦\٦\٢دا ڕوی دا، لـەو مێـژوەدا مـن لـە تەمـەنی یـانزە سـاڵیدا بـوم و قوتـابی پـۆلی چـوارەمی ســـەرەتایی بـــوم وە ئێســـتا کـــە ئـــەو بەســـەرهاتانە ئەنوسمـــەوە ٢٠١١\٦\٢یـە، واتــا بـێ کـەم و زیـاد شەسـت و پێـنج سـاڵ بەسـەر ئـەو ڕوداوانەدا تێپەڕیوە.

باشـــە مـــن چـــۆن لـــەو تەمەنـــە کەمـــەدا، کـــە تـــازە فێـــری خوێنـــدن و خوێنـدەواری بوبـوم ئـەو مێـژوەم لـەیاددا مـاوە دوای ئـەو هـەمو مـاوە دورو درێـژەی کـە بەسـەریدا تێپـەڕیوە! بـێ ئـەوەی لەسـەر هـیچ لاپـەڕەی کتێبێـك یـــان دەفتـــەرێك نوســـیبێتمەوە، باشـــە ئەمـــە بەلاتانـــەوە سەرســـوڕهێنەر نییە؟!

بـەڵام بـەلای منـەوە، چـونکە ئـەو ڕوداوانـەم دیـوە وە تـا سـەر مـۆخ کاریـان تـێ کـردوم، بەلامـەوە سـەیرە ئەگـەر ئـەو ڕۆژەم لـەبیر بچـێتەوە وە دڵنیاشـم تـــا دوا هەناســـەم، وەك دوێنـــێ ڕوی دابـــێ، لـــە یادمـــەو بـــە زینـــدویی هـــەر ئەمێنێتەوە.

کـــات، وەك وتم، عەســـر بـــو، عەســـری وەرزی بـــەهارێکی زەردەی ڕۆژی بـــەرەو ئـــاوابون هێشـــتان یـــە ســـەربان و گویســـەبانەکانەوە مـــابو، مـــن لـــە حەوشـــەکەدا لەســـەر پارچـــە حەســـیرێك لەســـەر پشـــت ڕاکشـــابوم ئەمڕوانیـــە دارتوی حەوشەکەمان کە تەنیا سەوزایی ماڵەکەمان بو.

ئـــەوەی ســـەرنجی ڕاکێشـــابوم توەکـــە خـــۆی نـــەبو، بـــەڵکو دایکـــە چـۆلەکەیەك بـو کـە خـواردنی ئـەکرد بـەدەم بەچـکەکەیەوە. بەچـکەکە باڵـە بچـکۆلەکانی ئەلـەرزان، وەك بڵـێ: دەی خێـرا، خێـرا بیکـە بـە دەممـەوە مـن برسـیمە. کـوت ومـت چـۆن کـە دایکـم ماسـت یـان تریتـی ئـەکرد بـە دەمـی نـەریمانی برامـەوە کـە تـازە کنەشـینەبو بـو، ئـەویش ئـاوا باڵـە بچـوکەکانی هەڵئەوەشـان. مـن لـەو تەمەنـە کەمەشـدا هەسـتم بـەوە کردبـو کـە فـەرقی مـرۆڤ و ئـــەو گیانلەبەرانـــە نییـــە: ئـــەوانیش هەســـتیان هەیـــە، خێـــزانن، ئازاریـــان ئـــەگات، مـــن کوشـــتنی ئـــەو دایکـــە چـــۆلەکەیەو بەچـــکەکەی بەلامـــەوە وەك دایکـم و نـەریمانی بـرام بکـوژن وابـو بۆیـە هـیچ کاتێـك دارلاسـیقم نـەبو، بـەردم نـــە ئەگرتـــە گیانلەبـــەران تـــا بشـــمتوانیایە یارمـــەتیم ئـــەدان لـــە لێقەومانـــداو لەسەر ئەوەش چەندەها جار بەشەر هاتبوم لەگەڵ منالانی نەفامدا.

جـارێکی پشـیلەیەك لـە ماڵەکەمانـدا سـێ چـوار بەچـکەی ڕەنگـاوڕەنگی جـوانی بوبـو، خوشـکە گـەورە دڵڕەقەکـەم چـوبو فرێیدابونـە کـۆڵان ئـیتر نـەمانزانی چارەنوسـیان بـە کـوێ گەیشـتبو. دایکـە هەناسـە ساردەکەی بـە دەنگێکـــی خـــەمبارەوە ئـــەیمیاوان و بـــە ماڵەکـــەدا ئەگـــەڕا بـــە شـــوێن بەچـکەکانیدا منـیش منـداڵ بـوم هـەر ئەوەنـدەم لەدەسـت ئـەهات کـە لەگـەڵ پشـیلە جگـەر سـوتاوەکەدا بگـەڕێم ئەگـەر ئێسـتا بوایـە نـەم ئەهێشـت خوشـکە گەورەکەم وابێ ئارەق لە ڕاست ئەو تاوانەدا دەرچێ!.

لـەپر لـە دەرگـا درا، ئێمـە هـەمو دڵمـان ڕاچـەنی، چـۆلەکەو بەچکەکەشـی هـــەڵفڕین ئەمەنـــدە لـــە دەرگادانەکـــە تونـــد بـــو وەك یـــەکێك بەشـــوێن ئـــەو کەسەوە بێ و قەسدی کوشتنی بکات تا زو دەرگای لێبکرێتەوە.

ئـەو کاتــە جەڕەســی کارەبــایی نــەبو بــۆ لــە دەرگــادان، شــتێکیتر هــەبو پێیــان ئــەوت (تــەقولباب) کــە بریتــی بــو لــە چەکوشــێك و مێخیــك هــەردوکیان لـە دەرگاکـە چەسـپ کرابـون یـان لـە ئاسـن بـو یـان لـە زەرد ئەگـەر بتویسـتایە لـە دەرگـا بـدەیت چەکوشـەکەت ئەکێشـا بـە مێخەکـەدا کـە لـە ژێریـدا بـو وە لەبـەر ئـەوەی هـەر یەکـە بـە شـێوەیەك لـە دەرگاکـەی ئـەدا بۆیـە ئـەمانزانی کـە کێی خێزانەکەیە، بۆیە زانیم کە ئەوە باوکمە ! .

بــاوکم کــاتی خــۆی ســنعەتکار بــو، بــەڵام لەبــەر ئــەوەی مــۆدەی سـنعاتەکەی بەسـەر چـوبو کڕیـاری کـەم بـو. بۆیـە ناچـار دەسـتبەرداری بـو و لــە شــەقامێکی چــەپەکدا دوکــانێکی وردەو والاّ فرۆشــی کردبــۆوە، جــا لەبــەر ئـەوەی خـەڵکی ئـەو زەمانەیـە زۆربـەی زۆری هـەژار بـون کـەم شـتیان ئـەکڕی بـۆ خۆیـان و مـاڵ و منـداڵیان لەبـەر ئـەوە باوکیشـم دەسـتکەوتی زۆر کـەم بـو بۆیـە ژیـانێکی کولەمـەرگی ئـەژیاین و بـە حاڵـە حـاڵیش پـارەی ئـەو خـانوەی دەر ئەهێنا کە بە کرێ تیایدا بوین.

بـاوکم لـە خێزانێکـی خانـەدان بـو، بـەڵام فـەقیر کـەوتبون. کەچـی لەگـەڵ ئەوەشـدا هــەرگیز خــۆی بــە کــەمتر نەئــەزانی لــە هــەرە دەوڵەمەنــد و دەســت ڕۆیشـتوی شـارەکە. هـەمو جارێـك ئـەیوت: ئـەو کەسـە کەمـە کـە دەسـتیان لێ پــان ئەکاتــەوە کــە مــن ئــەوە نەکــەم ئــیتر بــۆ خــۆم لــەوان بــە کــەمتر بــزانم، منــیش ئەگــەر وەك ئــەوان پــاك و پــیس و حــەڵاڵ و حــەرامم لێــك جیــا نەکردایەتەوە ئێستا لەوان دەوڵەمەندتر ئەبوم.

جــارێکی بــرا گەورەکــەم – کــە هێشــتا قوتــابی بــو، دەرســی بــە کــوڕی خزمێکـی دەوڵەمەنـدمان وتـەوە کـە لـە مەکتەبـدا لـە خـوار خۆیـەوە بـو چـونکە

ئیکمال بو، لە یاداشتی ئەمەدا کە دەرچو چەند پارچە جلێکی جوانی بۆ هێنابو بە دیاری بەڵام باوکم لێی وەرنەگرت وتی: کورم ئێمە بە خزمایەتی یارمەتیمان داویت. لە کاتێکدا براکەم بۆ پارچەیەك —ئەوەندە جلەکانی کۆن بو— ڕۆحی دەرئەچو. بەڵام بۆی نەبو لە بڕیاری باوکمدا هەڵبداتێ.

باوکم زۆر کەم ئەچو بۆ ماڵی دراوسێ و خزمان بە تایبەتی دەوڵەمەندەکانیان لە ترسی ئەوەی نەوەك ئەوانیش بێنەوەو بۆیان دەربکەوێت کە چەند ماڵەکەمان ڕوت و قوتە.

ئەو خانەدانییەی خێزانەکەمان قوڕی بۆ هەمومان گرتبوەوە زۆر ئیش هەبو کە دایکم، خوشکە گەورەکەم یان برا گەورەکەم بیکەن و نەختێك دەرامەتمانی پێ باش بکەین بەڵام هەمو جارێك باوکم وا وەڵامی ئەدایەنەوە: کە ئەوانە بۆ خانەدانی وەك ئێمە ناشێن.

تەنیا چارەسەرێکی باوکم بۆ ئەو بێ دەرامەتییە لەدەم گرتنەوەی ئێمە بو لە خواردن و جل و بەرگدا. بە ڕادەیەك کە زۆر بە دەگمەن خواردنێکی باشمان هەبو ئەگینا باقیەکەی تری شۆرباو نان و چا بو.

بۆ نمونە هێندێك جار بۆ شێو، چونکە ئەو سەردەمە ژەمی سەرەکی ئێواران بو، بڵێن بۆ ژەمی سەرەکی چیمان هەبو؟ بێوەژنێکی فەقیر هەبو بەوە خۆی ئەژیان کە ترشیاتی ئەگرتەوە مریشکی بەخێو ئەکردو شتی تری وا.

لەو ژنە بایی بیست فلسمان ترشیات ئەکڕی و کە ئەیانهێنایەوە دایکم جامێك ئاوی تێ ئەکرد بۆ ئەوەی بەشمان بکات ئیتر ئەوەمان بە نانەوە ئەخوارد. بەختەوەریش ئەوە بو کە پارچەیەك تڕۆزی ناو ترشیاتەکە یان

سـێوی بـن عـەرزی بەربکەوتایـە ئـیتر ئـەوە شـێوەکەمان بـو. شـێوێکی کـەش مـان هـەبو کـە بـە زسـتانان ئـەمانخوارد ئـەو شـێوە نـاوی (پەڵوڵـە) بـو و لێنانەکـەی بـەم شـێوەیە بـو: ئاردیـان لـە نـاو ڕۆنـدا ئەقرچـاند و ئینجـا شـەربەتی دۆشـاوی ڕەشـیان تـێ ئـەکرد لەگـەڵ ئـاردا ئەوسـا بەیەکـەوە ئـەیان کوڵانـد تـا وەك هـەویرێکی شـلی لێ دەهـات و ئـیتر بـە نانـەوە بـە قەپوچـك ئەمانخوارد ئەوە باش بو نەختێك بەری دڵی ئەگرت.

بۆیـە هـەمو کـەم خـوێن و ڕەنـگ زەردو لاواز بـوین، جگـە لـە مـن کـە لـەوان باشـتر بـوم ئـەوەش ئەگەڕایـەوە بـۆ پیرەمێـردو پیرێـژنێکی دراوسـێی وەجـاخ کوێرمـان کـە چۆلای دەرونیـان بـۆ منـداڵ بـە مـن پـڕ کردبـوەوە ئەمەنـدەیان خـۆش ئەویسـتم بۆیـە ڕۆژ نـەبو سـەردانیان نەکـەم یـان ئـەوان سـەرم لێ نـەدەن. ئـەم ژن و مێـردە کـە ناویـان حـاجی عـەلی و حەپسـە خـان بـو دەوڵەمەنـد بـون و هەمیشـە خـواردنی بـاش و میـوەی سـەردەمیان هـەبو، جـا هەرچـەندە بـاوکم و دایکـم هەڕەشـەیان لێ ئـەکردم کـە نابـێ خـواردن لـەوێ بخـۆم بـەڵام بـە زۆر بوایـە یـان بـە خوایشـت خواردنیـان دەرخوارد ئەدام بۆیە تا ڕادەیەك پێی بوژابومەوە.

بـۆ جـل و بـەرگیش هـەر باسـی ئەوانـەی خـۆم ئەکـەم ئـیتر بـەوەی منـدا ئـەتوانن جلـی باقیەکـەی تـریش بهێننـە بـەر چـاوتان: بـە هاوینـان کراسـێك و دەرپێیـەکی کـورت و پـێ پـەتی. زسـتانان چـاکەتێك و جـوتێ جاشکەوشـی زیـاد ئـەکرد لەگـەڵ ئەوەشـدا بـیرم نایـەت لـە سـەرمادا نـەخۆش کـەتبوم هـەر وەك پێشینان ئەڵێن: خوا سەرما بە قەدەر حاڵ ئەدات!.

ئـەم نەبونیـە کەڵبـەدارە سـاڵ دوانـزەی مـانگ بـێ ڕەحمانـە ئەیگەسـتین ئەشـبو بـێ دەنـگ بەوپـەڕی سـەبرەوە تەحـەمولمان بکردایـە چـونکە لـە

خێزانی خانەدانا بۆ ژن و منداڵ نی یە کە لە ڕوی گەورەدا، کە باوکم بو، ناڕەزایی دەربڕین.

لە ساڵەکانی ناوەڕاستی چلەکاندا، بەهۆی جەنگی دوەمی جیهانەوە نەداریمان گەیشتبوە پوپە بە ڕادەیەك کە کرێ خانوەکەمان بۆ نەئەدرا. لەو چەند ڕۆژەی سەری مانگدا باوکم لەگەڵ دایکمدا ئەو تەنگ و چەڵەمەیەیان باس ئەکرد کە چۆن خاوەن ماڵەکە هاتوتە سەری داوای کرێکەی لێ کردوە و باوکیشم داوای مۆڵەتی چەند ڕۆژێکی لێ کردوە سا بەڵکە ئەمە خوایە هەرچۆنێك بێت پێی هەڵسوڕێ. وە دور نیە ئەم زیاد تونـد لە دەرگا دانەی باوکم پەیوەندی هەبێ بە مەسەلەی کرێی خانوەکەمانەوە.

.

باوکم بە پەشۆکاویەکی زۆرەوە خۆی کرد بە ماڵدا و یەکسەر لەسەر قەراغی هەیوانەکە دانیشت کە نیو مەتر لە حەوشەکە بەرزتر بو داوای لە دایکم کرد کە جامێ ئاوی بۆ بێنێ دیار بو دەمی زۆر وشك بو. دوای ئەوەی ئاوەکەی خواردەوە دایکم لەسەرخۆ لێی پرسی: پیاوەکە هیچی خراپ ڕوی داوە وا تێك چوی؟. لە وەڵامدا باوکم وتی: هەر خراپ! ئیتر دڵی پڕ بو لەوە زیاتری پێ نەوترا.

کە هاتەوە سەر خۆی وتی: ئەمڕۆ خاوەن خانوەکە هاتە سەرم بۆ کرێکە و کردی بە قرەقر و هەرچی گوزەرەکە بو هاتە سەیرمان، هەرچەندە لێی ئەپاڕامەوە بێدەنگ بێت تا نەبین بە سینەمای خەڵکی زیاتر ئەیقیڕاند دوکاندارەکانی دراوسێم ویستیان پیتاکم بۆ بکەن بەڵام من

قبـولّم نـەکرد وتم لـە ماڵـەوە پارەمـان هەیـە ئەیـدەمێ. دایکـم کـە ئـەویش لـە گوێبیستی ئەم قسانە بو لە جێگەی خۆی تاس بردبویەوە وتی:

—ئینجا کوا پارەمان هەیە لە ماڵەوە؟!.

—بـۆ مـن نـازانم نیمانـە، بـەڵام ئـەبو بـەوە حەیاچـونی پیتاکەکـە لـە کـۆڵ خۆم بکەمەوەو کابراش بێدەنگ بکەم.

—ئەی دوایی؟

—ئـەم ئێوارەیـەش دێ بـۆ کرێکـە و وتیشـی هـەمو کوڕەکانیشـم ئـەهێنم لەگـەڵ خۆمـدا بـۆ ئـەوەی شـڕو شـیتاڵتان فـڕێ بدەمـە دەرەوەو قسـەش بکـەیت هـەزار شـەقت تـێ هەڵئـەدەم!!. مـن هـەمو عـومرم حـەیام کـۆ کردۆتـەوە ئـەوا ئێسـتا بـە سـاتێك ئەیـدۆڕێنم. ڕۆح لـە شـوێنێکی سـەختە و نایەتـە دەرەوە ئـەگینا هـەزار جـار ئـاواتم بـە مـردن ئەخواسـت. ئـەوەی وتـو دایە پرمەی گریان.

بـاوکم بـە گـەنجی زۆر ئـازاو چـاو نـەترس بـو بـە ناوبـانگ بـو لـە تفەنگچـێتی و نیشانشـکاندن و شـەڕدا وەك بـاوکێکیش بـە سـام و قـورس بـو لـە نـاو خێزانـدا، هەرچـەندە لـە ژن و منـداڵی نەئـەدا بـەڵام کـە دا ئەنیشـت لـە ناومانـدا هـەمو بـە چـرپە قسـەمان ئـەکرد مـن هرچـەندە باسـی زەبـرو زەنـگ و دەسـەڵاتی خوایـان ئـەکرد لـە شـێوەی باوکمـدا ئەمـدی بـەڵام ئێسـتا وا بـە چـۆکدا چـوە لـە ترسـی حەیاچـون وەك منـداڵێك ئـەگریی بـەڵێ ئەمەیـە دەردی خانەدانی.

ئـەم ڕوداوانـە بـە تایبـەتی ئـەوەش کـە چـاوەڕوانی ئەکـەین بـە هـاتنی خاوەن خانوەکە ئەم ئێوارەیە هەموانی تۆقاندبو.

دایکـم لـە بـاوکم نزیـك بـوەوە و دوای ئـەوەی چـەند جارێـك بـە هێواشـی دەستی بـە شـانیدا هێنـا، بـە تکـاوە پێـی وت: پیاوەکـە خـۆت سـەغڵەت مەکـە کـار نییـە خـوا چـاکی نـەکات، لـە بـیرت چـوەوە کـە دکتـۆر وتـی نابـێ خەفـەت بخۆی چونکە خەفەت بۆ نەخۆشیەکەی دڵت باش نییە.

باوکم وتی: بۆ هەیە بتوانێت خەفەت نەخوات؟!.

بـاوکم چـەند سـاڵێك بـو دوچـاری نەخۆشـی دڵـە کوتـێ بوبـو واتـا لێـدانی دڵـی ڕێکوپێکیەکـەی تێـك چـوبوو. بۆیـە ئـەبو سـاڵ دوانـزەی مـانگ حـەبی بخواردایــە. بــەڵام لــەم دواییــەدا کــە بــە تــەواوی نــەدارا بوبــو نەیئــەتوانی حەبـەکان بکـڕێ بـە تایبـەتی نـەختێکیش گـران بـو دایکـم جـارێکی پێـی وت: ئێســتا نــابینم حــەبی دڵەکــە بخــۆی لــە وەڵامیــدا وتــی: بــۆ پــارەی نانــە وشکەکەم دەست ئەکەوێ تا حەب بکڕم.

بـۆ یەکـەم جـار بـو کـە گرنگـی پـارەم بـۆ دەربکـەوێ لـە ژیـانی مرۆڤـدا و چـۆن چـەند پارچـە کاغـەزێکی ڕەنگـاو ڕەنـگ ئـەتوانێت خـۆی بگـۆڕێ بـۆ هــەمو شــتێکی جــوان و هــەمو پێویســتییەکت بــۆ فەراهــەم بکــات وەك دێوەکـەی حەکایەتـە ئەفسـانەکان ببـێ بـە خـواردنی خـۆش خـۆش و بـەتام بـە جـــل و بـــەرگی جـــوان، کۆشـــك و تـــەلار، باســـکیل، دەرمـــان، ئـــەم تەنگوچـەلەمەیەی ئێمـە کـە خەریکـە ببـێ بـە کارەسـات و لـە ڕەگ دەرمـان بهێنێ.

بـاوکم لـە مـەلای بیسـتبو کـە هـەمو سـامان و زێـری دنیـا لـە گەنجینـەکانی خودادایـە ئـەو رزقـی خـەڵکی ئـەدات، ئـیتر هەیـە کـەمی ئـەداتێ، هەیـە زۆری ئـەداتێ ئەوە بە دەست ئێمە نییە.

لـه خـۆمم پرسـی باشـه بـۆ بەشـی ئێمـەی کـەم دانـاوە؟ بـاوکم تـا بڵێیـت پیـاوی چـاك بـو لەگـەڵ فەقیریەکەیـدا زۆر سـەر ڕاسـت بـو مـن هـەرگیز لـە ڕوداوێکـی ناشـریندا بـاوکم نـەدیبو. بـۆ دایکیشـم سـەری بچـوایە نوێـژی نـە ئەچـو ئێمـەی منداڵـەکانیش وەك بـەفر سـپی بـوین ئەوەنـدە دنیامـان نـەدیبو تـا خراپـە بکـەین. باشـە خـوا کێـی لـە ئێمـە باشـتر دەسـت ئەکـەوێت تـا نـەختێك لـەو سـەرو سـامانەمان هـیچ نـەبێ ئەوەنـدەمان بـداتێ کـە موحتـاج نەبین و بتوانین کرێی خانوەکە بدەین.

.

زۆر بـیرم لـە دنیـاری شـین کـردەوە ئـەم جادوکـەرە کـە هـەمو برینێـك دەرمـان ئـەکات، ئـەو نـەخش ونیگارانـە چـین کـە لەسـەری کێشـراون، ئـەم بـیر کردنەوەیـە وردە وردە ڕایکێشـام بـۆ ئـەوەی کـە دواجـار لـە کـوێ دیومـە؟ ئـا بـیرم کەوتـەوە لـە تاقێکـدا، دینارێـك نـەبو سـەفتەیەك بـو! بـەڵام تـاقی مـاڵی کـێ بـو؟ کـێ بـو، کـێ. کـێ ئـەو کاتـە چـونکە ئیحتیاجمـان پێـی نـەبو هـەر گوێشـم نەدایـە. بـەڵام ئێسـتا چـەند دینـارێکی لـەم مەینەتییـە خێزانەکـەمان ڕزگـار ئـەکات. بـەڵام لـە کـوێ لـە چ ماڵێکـدا بـو، چـەند ماڵێـك گـەڕابوین لـەو چەند ڕۆژەی دواییدا. بۆیە نەمئەزانی چ ماڵێکیان بو.

ئـا دۆزیمـەوە مـاڵی حـاجی عـەلی و حەپسـە خـانی دراوسـێمان بـو. ئـەوان ئـــەو ســـەفتە دینارەیـــان زۆر بـــێ بایەخانـــە لـــەو تاقـــەدا دانـــابو چـــونکە پێویسـتیان پێـی نـەبو بـەڵام ئێمـە بـۆ چـەند دینـارێکی ئـەو سـەفتەیە ئەچـوین بە عاسماندا.

لەوێـدا بیرێکـی وەك هــەورە تریشـقە چـەخماخەیدا لـە مێشـکمدا بڕیارمـدا کە ئەنجامی بدەم بێ سێ و دو چونکە کات بە بەرییەوە نییە.

مــن منــداڵێکی شــەرمن و کەســایەتییەکی لاوازم هــەبو بــەڵام ئــەو ڕۆژە ڕەشــەی خێزانەکــەمانی تێکــەوتبو لــە بریتــی ئــەوەی لاوازتــرم بکـات توانـاو چــاوقایمییەکی شــێتانەی پــێ بەخشــیم!! بــێ پــرس دەرپەڕیمــە دەرەوە بەرەو ماڵی حاجی عەلی و حەپسە خان.

* * *

دەرگـای ماڵەکـەیان کـراوە بـو، چـومە ژورەوە. کەسـم نـەدی وا دیـار بـو حـاجی عـەلی کـە دوکـانی کوتـاڵ فرۆشـی هـەبو هێشـتا لـە بـازاڕ نـەهاتبوەوە. بـەڵام کـە ئـەبو حەپسـە خـان لـە ماڵـەوە بـێ ئـەویش دیـار نـەبو. لەبـەر ئـەوە دەسـتم کـرد بـە گـەڕان بـە ماڵەکـەدا تـا حەپسـە خـان بدۆزمـەوە، چـونکە تـا ئەو کاتە پلانەکـەم وابـو کـە مەسـەلەکە لـە حەپسـە خـان یـان حـاجی عـەلی یـان هـەردوکیان بگەیـەنم تـا بـە هانامانـەوە بـێن. ئەگـەر بـە هیمـەت بـێ یـان بـە قـەرز ئـەو کرێیـەمان بـۆ بـدەن و لـەم تـەنگ و چـەڵەمەیە ڕزگارمـان بکـەن کـە بەرۆکی گرتوین.

هـیچ شـوێنێك لـە ماڵەکـەدا نـەما نەگـەڕێم بـە شـوێن حەپسـە خانـدا، بـەڵام حەپسـە خـان نـەبو! چـەند جـارێکیش هـاوارم لێ کـرد، هـیچ وەڵامـی نـەبو. لـە دڵـی خۆمـدا وتم: دور نییـە چـوبێت بـۆ یـەکێك لـە ماڵـە دراوسـێکان، باشـە کـەی دێتــەوە؟ مـن هــەر وەك لەســەر سـاجی سـورەوەکراو بم وابـو چـونکە کـات لـە

بەرژەوەنـدی ئێمـەدا نـەبو، مەبەسـتم ئەوەیـە کـە لـە هـەرچ سـاتێکدا خـاوەن ماڵەکە لە دەرگای داین قورمان بۆ ئەگێرێتەوە.

باشـە –لـە دڵـی خۆمـدا وتم– کـەی ئـەم حەپسـە خانـە ئەگەڕێتـەوە خوایـە گیـان؟. باشـە مـن تـا کـەی چـاوەڕوانی بکـەم؟ ئـەوە ناچـاری کـردم کـە هـەنگاوێکی خەتـەرناك بنـێم! ئـەویش ئـەوە بـو: کـە بـۆ مـن بـە بـێ پرسـی حەپسـە خـان لـە سـەفتە دینارەکـە ئـەو چـەند دینـارەی کـە پێویسـتمانە نەیبـەم!؟ لـە دواییـدا پێـی ئـەڵێم کـە لـە ناچـاریدا شـتێکی ئـاوام کـردوە! ئـەوە تـەنیا چارەسـەر بـو، بۆیـە نەئـەبو بـە بـێ پارەکـە بگەڕێمـەوە هـەمو کرێـی دو مـانگی خانوەکـەش سـێ دینـار بـو، ئـەو پارەیـە لـەو زەمانەیـەدا زۆر زۆر بـو دوکانـدارێك ئەگـەر لـە ڕۆژێکـدا سـەد فلسـی قـازانج بکردایـە شـوکری خـوای ئەکرد.

کـە گەیشـتمە ئـەو بڕیـارە، یەکسـەر چـوم بـۆ ژوری نوسـتنەکە، لـە بەختەوەریمانـدا سـەفتە دینارەکـە هـەر لـە جێگـەی خـۆی مـابو. لەوێـدا سامێکی بێ ئەنـدازە دایگـرتم. ئـەویش لـەوەوە بـو، ئەگـەر ئێسـتا حـاجی عـەلی یـان حەپسـە خـان بـێن بەسـەرمدا چـی ئـەڵێن؟! زۆر زەحمـەت بـو بـڕوا بهێـنن بـەو تـەنگ و چـەڵەمەیەی کـە خێزانەکـەمانی تێکـەوتوە و مـن لـە ناچـاریدا بـەم کـارە هەڵسـاوم و بـەونیازەی کـە بۆتانبگێرمـەوە لـە داهـاتودا لەبـەر ئـەوە ئەبێ هەتا زوە ئێرە بەجێ بێڵم.

بـە دەسـتێکی لەرزۆکـەوە زۆر بـە زەحمـەت تـوانیم سـێ دینارەکـە لـە سـەفتەکە دەربهێـنم، کـە ئـەوەم کـرد هەسـتم کـرد دەمـم وشـك بـوە، دڵـم لەسـەر سـەد لێ ئـەدات، قاچـەکانم هـەڵمناگرێ. بـەڵام وەك وتم ئـەبێ بـە

زوتـرین کـات ئێـره بـەجێ بهـێڵم هەرچـۆنێك بـو بـە لارەو لارەوە خـۆم گەیانـدە کۆڵانەکـە لەوێـدا هەناسـەیەکی قـوڵم هەڵکێشـا هــەر وەکـو قورسـاییەکی زۆر لەسـەر شـانم لاچـوبێ تـا ڕادەیـەکیش هەسـتم بـە خۆشـیی کـرد، بـۆ نـا؟ چـونکە لـە کـاتی پـارە دەرهێنانەکـەدا نـەگیرام، لەوانەیـە هـەر هەستیشـی پـێ نەکـەن وە ئەگــەر کردیشــیان، ئــەوا هــەرگیز گومانیــان بــۆ مــن ناچــێ. ئــێ هـــەر کـاتێکیش پارەمـان بـو ئەچـم لـە عـەینی شـوێندا بۆیـان دائەنێمـەوە. لـە هـەر هەموشــی گــرنگتر تــەنگ و چــەڵەمەکەمان نــەما. کــە وابــو تــا زوە خــۆم بگەیەنمـە ماڵـەوەو ئـەم مژدەیـەیان بـدەمێ! . لەوێـدا هەسـتم بـە سـەرکەوتن و لـەخۆباییبونێك کـرد کـە چـۆن ئـەم گەورانـەی خێزانەکـەمان ئـاوا دامـابون بـەڵام لەسەر دەستی منداڵێکی وەکو مندا کێشەکەمان چارەسەر بو.

لـە کۆڵانەکـە پەڕیمـەوە بـۆ مـاڵی خۆمـان سـەیرم کـرد دەرگاکـەمان چـۆن پێـوەم نـەدابو ئـاوا مـابوەوە. کـە چـومە ژورەوە بـە ئەسـپایی دامخسـت، وا بـزانم هــەر هەسـتیان بــە ڕۆیشـتنەکەم نـەکردبێ چـونکە هــەمو هۆشــیان لای خۆیــان نەمابولــە ترســی ئــەوەی کــە چــاوەڕوانیان ئــەکرد دوای نــەختێك روبدات.

یەکسـەر چـومە بـەردەمی بـاوکم، بـاوکم لـە جێـی خـۆی نـەجولابو هـەر وەك چـۆن بـەجێم هێشـتبو لەسـەر پێپلیکـەکان دانیشـتبو سـەری خسـتبوە سـەر ئـەژنۆی وا مـابوەوە پـێم وت: بابـە، بابـە بـاوکم سـەری هـەڵبڕی و چـاوی بـە دینارەکان کەوت

–پـارەم بـۆ هێنـاوی. بـە حەپەسـاوییەوە سـەیرێکی دەموچـاوی کـردم، دایکـم و خوشـکە گەورەکـەم و براکـەم دەوریـان لێـداین. بـاوکم وتـی: ئـەم پارانەت لە کویێ بو؟!.

–هی ماڵی حەپسە خانە

–حەپسە خان دایتیێ؟

–نا، لە تاقەکەدا دانرابو هێنام

–یەعنی بەبێ ئاگاداری ئەوان؟

–زۆر گـەڕام بـە ماڵەکـەدا حەپسـە خـان لـەویێ نـەبو تـا پێـی بڵـێم، بابـە گیـان ئـەو پارەیـە چـەند ڕۆژێکـە لـەو تاقەدایـە، ئـەوان پێویسـتیان پێـی نییـە. کە بومان بۆیان ئەبەینەوە.

–تۆ نازانی ئەمەی کە تۆ کردوتە چییە؟! ئەمە دزییە دزی.

–بابـە ناچـار بـوم، حەپسـە خـان هـەر نەهاتـەوە، ترسـام خـاوەن ماڵەکـە بێتـە سـەرمان و بمانکاتـە کۆڵانەکـە یـان بمـانکوژیێ، بابـە ئەگـەر مـن دز بومایـە هـەمو پارەکـەم ئـەهێنا نـەك چـەند دینـارێکی، ئـیێ بابـە گیـان کـە بومـان بۆیـان ئەگێڕینـەوە، بـەڵام بـاوکم ئـەو پاسـاوانە نەچـو بـە ئەقڵیـدا، بـەڵام دەربـارەی خـۆم، مـن لـە کاتێکـدا خـۆم بـە قارەمانێـك ئـەزانی کـە خێزانەکـەی لـە کارەسـاتێك ڕزگـار کـردوە کەچـی بـەلای بـاوکم و خێزانەکەمانـەوەمن لـە دزێـك بـەولاوە هیچیتر نـەبوم، کـە ئـاوا سـەیریان ئـەکردم هـەزار جـار ئـاواتم بـە مـردن ئەخواست.

باوکم کە هاتەوە سەر خۆی وتی:

–ئـەم نەبونییـە –ڕوی کـردە ئـەوانیتر– وا ئـەکات هـەمو منداڵـەکان بـبن بـە دز. بـاوکم ئـەوەی وت و بـە دەسـتێکی ئاسـنین مەچـەکی دەسـتی پارەکـەی گرتمـو بەوپـەڕی هەڵچـونەوە پەلکێشـی کـردم بـۆ مـاڵی حەپسـە خـان، ئەوەنـدە پەشـۆکابوم نـەمزانی چـۆن ئـەو ڕێگایـەم بـڕی، ئەوەنـدە ئـەزانم خـۆم لەبـەردەمی حەپسـە خانـدا دییـەو. بـاوکم وتـی: ئـەم بـێ ئەقڵـە – واتـا مـن– چـوە هێنـدێك پـارەی لـە مـاڵی ئێـوە بـردوە، خۆتـان ئـەیزانن منـاڵ نـازانن چـاك و خـراپ چـییە ئـەوەش پارەکەتانـە، پارەکـەی دایـەوە بـە حەپسە خان.

حەپسـە خـان سـەیری کـرد مـن ڕەنگـم زەرد بـوەو هـەڵبزرکاوم و باوکیشـم دەسـتی گوشـیوم بـە بـاوکمی وت: دە تـۆ دەسـتی منداڵەکـە بـەردە، خـۆ دەسـتی وشـك بـوە ئینجـا حەپسـە خـان بـە چیچـکانەوە دانیشـت تـا دەموچـاوی بهێنێتـە ئاسـتی دەموچـاوم و پێـی وتم: تـۆ زۆر کـوڕێکی ئـاقڵی چـۆن شـتی وات کـردوە؟! لەوێـدا دامـە پرمـەی گریـان وتم: ئـاخر پارەمـان نـەبو، بـاوکم ئـەوەی بیسـت دەسـتی خسـتە سـەر دەمـم و پەلکێشـی کـردم بـۆ ماڵـەوە بـەڵام هەرچـۆنێك بـو بـەر لـەوەی لـە مـاڵی حەپسـە خـان بمباتـە دەرەوە دەسـتیم لابـردو بـە گریانـەوە وتم: پـارەی کـرێ خانوەکـەمان نییـە، دێنـە سـەرمان ئـەمانکوژن. بـاوکم هەرچـەندە دوری ئەخسـتمەوە مـن زیـاتر دەنگم هەڵئەبڕی.

گەیشـتینەوە ماڵـەوە: شـەرمەزار، شـەکەت مـن چـۆن بـۆ مەسـەلەکە چـوبوم ئـەوان چـۆن چـوبون. سـەیر ئـەوە بـو هـیچ یـەکێك لـە خێزانەکـەمان لـە

سەری هەڵنەدامێ یان بەزەییان پیامدا بێتەوە، بەڵێ یەکێك ورتەی لێوە نەهات تەنانەت دایکیشم لەوانە بو لە ترسی باوکم بوبێت.

لە حەوشەکەدا لەسەر حەسیرەکە لەپەورو لێ کەوتم چونکە لە شەرمدا نەمئەتوانی سەیری کەسیان بکەم لە تەریقیدا، ئەوەندەم ئارەق کردبوەوە حەسیرەکەی ژێرم تەر بوبو. باوکیشم وەك پێشو چوەوە سەر پێپلیکەکان و دانیشتەوە سەری خستە سەر ئەژنۆکانی.

نازانم زۆری پێچو کەمی پێچو چونکە بەلای منەوە کات وەستابو. لە دەرگاکە درا!. بەڵێ ساتەکەی کە هەمومان لێی تۆقیبوین وا گەیشت!

باوکم سەری لەسەر کۆشی بەرز کردەوە وەك دڵنیا نەبوبێ کە تەقەی دەرگا بو چۆن لە ئێوارانی ڕەمەزاندا گوێی هەڵئەخست تا بزانێ ئەوە بانگ بو یان نە تا رۆژوەکەی بشکێنێ بەڵام بۆ جاری دوهەم کە توندتر لە دەرگایان دا دڵنیا بو کە دەرگایە باوکم هیچی نەکرد هیچی نەوت لەوە زیاتر سەری خستەوە سەر ئەژنۆی! من ڕاست بومەوە دانیشتم خوشکە گەورەکەم پەلاماری نەریمانی دا بردی بۆ ژورەوە بۆ ئەوەی پارێزراو بێ لەم کارەساتەی کە ڕو ئەدات، برا گەورەکەم پەنجەکانی ئەنوقاند و ئەیکردەوە وەك یەکێك پێویستی بە بەکارهێنانیان بێ. دایکم کە ئەگەر دنیا کاول ببوایە هێمنی خۆی لەدەست نەئەدا لەسەرخۆ چو دەرگاکە بکاتەوە. لە کاتێکدا کە ئێمە هەمو چاوەڕوانی خاوەن ماڵەکەمان ئەکرد کەچی حاجی عەلی دراوسێمان بو دوا بە دوای ئەویش حەپسە خان هاتە ژورەوە.

سـەلاميان لـە دايكـم كـردو و دايكيشـم فـەرموى لىَ كـردن. كـە گەيشـتنە حەوشـەكە بـاوكم سـەرى لەسـەر ئـەژنۆى هەڵنـەبڕى حـاجى عـەلى بـە بـاوكمى وت: گلـەيى بـىَ، يـەعنى چـى تـۆ پێويسـتت بـە پـارە هـەبوەو قسـەت نـەكردوە؟ وا مەزانـە كـە ئـەمڕۆ پارويـەك نانمـان هەيـە منـيش نـەبونيم بـە خۆمـەوە ديـوە بـەخوا كـە نـەبوش بـوم هـەزار جـار قـەرزو دەسـتگيرۆييم لـە خـزم و هـاوڕێ وەرگرتـوە. بـەڵام بـاوكم نـە سـەرى هـەڵبڕى و نـە وەڵامـى حاجى عەلى دايەوە!.

دايكـم چـو بـە لاى باوكمـەوەو بـە هێواشـى ڕايوەشـان و پێـى وت: پياوەكـە حاجى عەلى لەگەڵ تۆ قسە ئەكات.

بـەڵام لـە بـاتى وەڵام بـەلادا هـات، تمـەز بـاوكم هـەر لـە تەقـەى دەرگاكـەوە ڕۆحى دەرچوە!.

دايكـم بـۆ يەكـەم جـار بـو هێمنـى لەدەسـت بـدات و پـڕ بـە دەم قيژانـدى فريامـان كـەون. بـرا گەورەكـەم بـاوكمى ڕاسـت كـردەوەو لـە هەيوانەكـەدا درێـژى كـرد، هەرچـى دەرو دراوسـێ هـەبو بـە سـەرماندا ڕژا كـەس ئاگـاى لـە مـن و كەتنەكـەم نـەما لەوێـدا هەسـتم بـە ئيسـراحەتێكى دەرونيـى كـرد بـەڵام هەرچـەند بـيرم ئەكەوتـەوە كـە ئـەو بەختياريـيـەم بـە هـۆى مردنـى باوكمـەوە بو، ئەتوت ژەهرى مارە ئەوەندە تاڵ بو لە ناخمدا.[١]

---

[١] ئـەم چـيرۆكەم بەسـەرهاتێكى سـەيرى هەيـە چـۆن؟ بيرۆكـەى ئـەم چـيرۆكە ئەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵى ١٩٦٤ تەنانـەت لەوسـاڵەدا يەكـدو پەڕەشـم لـێ نوسـى بـەڵام پشـتگوێم خسـت لـە ئەنجامـدا لـە سـاڵى (١٩٧٢)دا كـردم بـە چـيرۆك و لـە ڕۆژنامـەى ژين ژمارە (٦٦)ى ساڵى ١٩٧٢دا بڵاوم كردۆتەوە!!

## ٣–ناویژی کردنەکەی دایکم

نوسینی چیرۆکنوسی ئەڵمانی: فریتز فنیکن
لە عەرەبی یەوە وەرگێڕدراوە

کـە لـە دەرگاکـەیان دایـن لـە شـەوی جـەژنی لـەدایك بـونی سـاڵی ١٩٤٤دا نـە مـن نـە دایکـم هـەرگیز چـاوەڕوانی ئـەو ((معجـزە))یـەمان نـە ئـەکرد کـە ((قـدر)) بـۆی هـەڵگرتبوین، ئـەو کاتـە تەمـەنم دوانـزە سـاڵ بـو، لـە کـوخێکی بچـوکدا ئـەژیاین لـە ناوچـەی ((ئـاردین)) کـە کەوتۆتـە سـەر سـنوری ئـەڵمانیاو بـەلجیکا، بـاوکم بـەر لـە هەڵگیرسـاندنی شـەڕ کـە ڕاوی ئـەکرد لـە پشـوەکانی هەفتــەدا شــەو لەوێــدا ئەنوســت، جــا کاتێــك کــە بۆمبــا هاوێــژی سـویندخوارەکان شـارەکەمان ((ئـاخن))یـان تـەخت کـرد بـاوکم ئێمـەی نـاردە ئەوێ.

باوکمیــان کردبــو بــە ئاگرکوژێنــەوە لــە شــاری ((مونشــاو)) کــە ئــەویش کـەوتبوە سـەر سـنورو شـەش کیلۆمـەتر لـە کوخەکەمانـەوە دور بـو، کـە بـە جێــی هێشــتین پێــی وتم ((ئاگــاداری دایکــت بکــە ئێســتا تۆیــت پیــاوی

---

واتـا بـەر لـە (٤٢) سـاڵ بـەلاّم لـەبیرم چـوبووەوە کـە نوسـیومەو بلاّویشـم کردۆتـەوە جا کە لەساڵی (٢٠١٤)دا نوسیمەوە وام زانی کە بۆیەکەمجارە ئەینوسم!!.

ئـەم چـیرۆکە بـۆمن، نـەك ئێـوە، تایبەتمەندییـەکی هەیـە ئـەویش ئەوەیـە ئـەو فەرقـەم بۆ دەرئەکەوێت کە بۆ یەك بەرهەم چۆن بوم بەر لە (٤٢) ساڵو ئێستا چۆنم؟

خێزانەکە!)) بەڵام هەفتەیەك بو فیلد مارشال فون رونشتید دوا هێرشی دەست لێ شۆراوی ئەلمانی بردبوە سەر سوێند خوارەکان و کاتێك ئەچوم دەرگاکە بکەمەوە شەڕی ((بالچ)) لە دەورو پشتمان لە هەرەتی گەرمیدا بو، بێ کوژاندنەوەو گوللە تۆپ بەسەرماندا ورشەو فڕۆکە ورەی ئەهات و شەوقی ئاسمان ڕوناك کەرەوەکان ناوجەرگەی تاریکی هەڵئەدڕی و نزیك لێمانەوە لە ئانێکدا دەیان سەربازی ئەڵمانی و سویند خوار وەك گەڵای دار هەڵئەوەرین.

کە یەکەم تەقەی دەرگا هاتە گوێمان دایکم یەکسەر مۆمەکانی کوژاندەوەو کاتێك بەرەو دەرگاکە ئەڕۆیشتم کە بیکەمەوە دایکم پێشم کەوت و ئەو بەر لە من دەرگاکەی کردەوە.

لەبەر دەرگاکەدا دو سەربازی کڵاو ئاسن لەسەر وەستابون و لە دوایشیانەوە ئەو دارو دەوەنانە ئەبینران کە بەفر داپۆشیبون.

—یەکێکیان لەگەڵ دایکمدا بە زمانێك قسەی کرد کە هیچمان تێی نەئەگەیشتین و دەستی بۆ یەکێکیتریان ڕاکێشا کە لەسەر بەفرەکە پاڵیان خستبو.

بەر لەوەی من هیچم بۆ ڕون بێتەوە دایکم بۆی دەرکەوت کە ئەوانە سەربازی ئەمریکایین بەڵێ دوژمنن.

دایکم دەستی خستبوە سەر شانی من و بێ جوڵاندنەوە وەستابو، دو سەربازەکە چەکدار بون و ئەیانتوانی بە زۆر بێنە ژورەوە بەڵام لە جێی خۆیان ڕاوەستابون و چاوەڕوانی بڕیاری دایکمیان ئەکرد، بریندارەکە وەك

دەرکەوت بە حاڵ گیانی تیامابو لە ئەنجامدا دایکم ئیشارەتی بۆ کردن کە بێنە ژورەوە لەسەر جێگاکەی من ڕایانکێشا.

هیچ کامێکیان ئەڵمانیان نەئەزانی، دایکم بە فەرەنسی قسەی لەکەڵدا کردن باش بو یەکێکیان کەمێك بەو زمانە ئەدوا، کاتێك دایکم خەریکی برینداەکە بو پێی وتم ((ئەم دو پەنجەی قاچەی تەزیوە پێڵاو و گۆرەوییەکانی دابکەنەو سەتڵێك سەهۆڵم بۆ بێنە)) ئیتر دوای ماوەیەکی کەم دەستم کرد بە سونەوەی قاچە شین هەڵگەڕاوەکانی سەربازە برینداەکە بە سەهۆڵ.

بۆمان دەرکەت کە پیاوە کورتەبنە قەڵەوەکەیان ناوی ((جیم))ە هاوڕێ درێژە ڕەقەڵەکەی ((روبین))و برینداەکەش ((هاری)) کە لەو کاتەدا لەسەر جێگەکەی من خەوی لێ کەتبو دەم و چاوی وەك بەفرەکەی دەرەوە سپی هەڵگەڕابو، ئەو سێ سەربازە لە هاوڕێکانیان دابڕابون و سێ ڕۆژ بو لە دارستانەکە بە شوێن تاقمەکەیاندا ئەگەڕان و لە ئەڵمانییەکان خۆیان ئەشاردەوە، هیچیان ڕیشیان نەتاشیبو بەڵام کە پاڵتۆ ئەستورەکانیان داکەند هەر لە منداڵی گەورەیان ئەکردو هەر بەو چاوەش دایکم ڕەفتاری لەگەڵدا ئەکردن.

دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر قاچی برینداەکەم سوەوە دایکم پێی وتم ((برۆ شەش سەلك پەتاتەو _هێرمان_ بهێنە)) ئەمە هەمو ئەو پرۆژانەی هەڵوەشاندەوە کە بەر لە جەژن دامانابو، چونکە هێرمان ئەو کەڵەشێرە بو کە چەند هەفتەیەك بو قەڵەومان ئەکرد بە هیوای ئەوەی باوکم بۆ جەژن بێتەوە سەری ببڕین.

بـەڵام بـەر لـە چـەند سـەعاتێك کـە بۆمـان ڕون بـوەوە بـاوکم ناتوانێـت بێتـەوە دایکـم بڕیاریـدا کـە چـەند ڕۆژێکـیتریش ژیـانی هیرمـان درێـژ بکاتـەوە بـەڵکو ئەمـە خـوا بـاوکم بتوانـێ بـۆ ئاهـەنگی سـەری سـاڵ بێتـەوە، بـەڵام وا دایکـم دیسـان بـیری گـۆڕی چـونکە وا دیـارە ئـەبێ هیرمـان ((بۆیـە بـە نـاوی هیرمـان گورنگـەوە ناومـان نـابو چـونکە دایکـم چـارەی نەئەویسـت)) سـکی ئەم میوانە درەنگ وەختانەمان تێر بکات.

کاتێـك مـن و جـیم یارمـەتی دایکمـان ئـەدا لـە چێشـتلێناندا، روبـین خـەریکی هـاری بـو، هـاری گوللەیـەك دابـوی لـە ڕانـی و ئەوەنـدەی خـوێن لەبـەر ڕۆیشـتبو بـە حاڵ گیانی تیا مابو.

دایکـم سـەر جێگاکـانی دڕیـو برینەکـەی پـێ پێچـا، ئەوەنـدەی پـێ نەچـو بـۆنی کەڵەشـێری بـرژاو ژورەکـەی پـڕ کـرد، مـن خـەریکی مێـز ڕێکخسـتن بـوم کـە دیسـان لـە دەرگـا درا، بـێ سـێ و دو دەرگاکـەم کـردەوەو چـاوەڕوانی دیتنـی ژمارەیـەکی تـر لـە سـەربازی ئـەمریکا ڕێ هەڵـەکردوم ئـەکرد، بـەڵام ئەمجارەیان چوار لە سەربازە ئەڵمانییەکانی خۆمان بون.

کـە چـاوم پێیـان کـەوت لـە ترسـا لـە جێـی خـۆم وشـك بـوم چـونکە بـەو منداڵیـەش ئـەمزانی کـە حەواندنـەوەی سـەربازی دوژمـن سـزای هیچـیتر نییـە مـردن نـەبێت، دایکیشـم تـۆقی و ڕەنگـی پـەڕی بـەڵام لەسـەرخۆ هاتـە پێشـەوەو پێـی وتـن ((جـەژنتان پـیرۆز بێـت)) ئـەوانیش داوای جـەژنێکی بەختیاریان بۆ دایکم کرد.

یـەکێکیان کـە وا دیـار بـو سەردەسـتەیان بـو وتـی ((هێزەکانمـان ون کـردوە ئەمانـەوێ تـا ڕۆژ هەڵـدێت چـاوەڕوان بکـەین، ئایـا ئـەتوانین ئەمشـەو

لێـره سـتاره بگـرین؟)) دایکـم لەسـەرخۆ پێـی وتـن:- بێگومـان، تەنانـەت ئەشـتوانن ژەمێکـی گـەرم و گـوڕ بخـۆن، ئەڵمانییـەکان زەردەخەنەیـەك گرتنـی بـە تایبـەتی کـە بـۆن و بـەرامی چێشـتەکەش لـە درزی دەرگاکـەوە دای بە لوتیاندا.

بـەڵام دایکـم بـە توندییـەوە پێـی وتـن ((بـەڵام سـێ میـوانی تریشـمان هەیـە کـە لەوانەیـە بـە دۆسـتیان دا نـەنێن)) لەوێـدا زۆرتـر کـە دەنگـی پـڕ هێرشـی بـو کـە پێـی وتـن ((ئەمشـەو شـەوی جـەژنی لـە دایـك بونـە کەسـێك لێـرەدا نابێـت گوللەیەك بتەقێنێت)).

سەردەسـتەکەیان پرسـی کـێ لـە ژورەوەیـە؟ ((ئەمریکاییـەکانن؟)) دایکـم یەکـە یەکـە سـەیری دەموچـاوە تـەزیوەکانی ئـەکردن ئینجـا بـە هێمنـی پێـی وتـن: ((گـوێ بگـرن ئەشـیا ئێـوە کـوڕی مـن بونایـەو هـەروەها ئەوانـەی ژورەوەش.

لاوێکی برینداریان پێ یە.

هاوڕێکـانی تریشـی وەك ئێـوە ڕێ هەڵـە کـردو و مانـدو و برسـین)) دایکـم ڕوی کـردە سەردەسـتەکەیان و بـە دەنگێکـی بـەرز وتـی:- ((تـەنیا ئەمشـەو کـە جـەژنی لـە دایـك بـون و ئاشـتییە بـا کوشـتن و بـڕین لـە بـیر خۆمـان بەرینەوە)) هەمو چاویان بڕیبوە دایکم.

ئـەو مـاوە کورتـە بێدەنگییـە وا ئەهاتـە پـێش چـاو کـە کۆتـایی نییـە، لـە ئەنجامـدا دایکـم سـنوری بـۆ ئـەو ڕاڕایـە دانـا بـەوەی کەبـە دەنگێکـی وەك فـەرمان پێـی وتـن ((بەسـیەتی بـیر کردنـەوە. تکایـە چـەکەکانتان لەسـەر ئـەم

لیژنـــە دارە دابنـــێن و تـــا زوە بچـــنە ژورەوە بـــەر لـــەوەی بەشـــەکەتان بخورێت)).

سـەربازەکان چـەکەکانیان لەسـەر دارەکـە دانـا کـە بریتـی بـون لـە چـوار دەمانچـەو دو رەشاشـی بچـوك و دو تـۆپی تانـك بـرر. لـە هـەمان کاتـدا دایکـم بە فەڕنسی لەگەڵ جیمیشدا قسەی کرد.

جـیم بـە ئینگلیـزی نـەختێك لەگـەڵ هاوڕێکانیـدا ورتـە ورتـی کـردو دوای ئەوە چەند سەرم سوڕما کە ئەمریکاییەکانیش چەکەکانیان دا بە دایکم.

کاتێـك کـە ئەڵمانییـەکان و ئەمریکاییـەکان لـە ژورە بچـوکەکەماندا یـەکیان گـرت تـەواو دەماریـان گـرژ بـو بـەڵام تـا بڵێیـت دایکـم لـەش سـوك بـو هـەرگیز زەردەخەنــە لەســەر لێــوی نەئەکوژایــەوە. دایکــم هــەوڵی ئــەوەی ئــەدا کــە هەریەکـە جێیـەکی هـەبێت بـۆ دانیشـتن، ئێمـە تـەنیا سـێ کورسـیمان هـەبو بــەڵام قەرەوێڵەکــەی دایکــم گــەورە بــو لەبــەر ئــەوە دو ئــەڵمانی لەســەر دانیشتن لە سەرو جیم و روبینەوە.

دایکـم بـێ وەسـتان بـەردەوام بـو لـە ئامـادەکردنی خواردنـدا بـە چـرپە پێـی وتم ((خێراکـە بـڕۆ پەتاتـەی تـرو نـەختێك کـزن بهێنـە، خێراکـە میوانـەکانمان برسـێن و برسـیش تـوڕەو تەنگـە چـیکڵدانەیە))، کاتێـك لـە ژوری زەخـیرە بـۆ ئـەو شـتانە ئەگـەڕام گـوێم لـەناڵـەی هـاری بـو کـە گەڕامـەوە دیـم یـەکێك لـە ئەڵمانییەکان عەینەکێکی کردبوە چاوی سەیری برینەکەی ئەکرد.

دایکــم لێــی پرســی ئایــا لــە بەشــی تەندروســتییە؟ لــە وەڵامــدا وتــی ((نــەخێر، بــەڵام تــا چــەند مانگێــك لەمەوبــەر لــە ((هیلــدبرت)) پزیشــکیم ئەخوێنـــد)) لـــە دواییـــدا بـــە ئینگلیـــزی بـــە ئەمریکاییـــەکانی وت ((هـــۆی

هەونــەکردنی برینەکــەی ئەگەڕێتــەوە بــۆ ســەرماکە)) لــە دایکمــی گەیانــد کــە هـــەمو دەردەکـــەی ئەوەیـــە خـــوێنی زۆر لەبـــەر ڕۆیشـــتوەو ئـــەوەی کـــە پێویستییەتی ئێستا تەنیا خواردن و حەسانەوەیە.

دڵنیــایی وردە وردە چــوە جێــی دڵکرمێــی و تــرس لــە یــەکتری‌و کاتێــك هــەمو دانیشـتبوین سـەربازەکان تەنانـەت بـەلای منیشـەوە زۆر منـداڵ ئەهاتنـە بـەر چـاو ((هـاینز)) و ((فیلـی)) کـە هـەردوکیان خـەلقی ((کولونیـا)) بـون هەریەکـە حەڤـدە ساڵ تەمـەنیان بـو بـەڵام سەردەسـتەکەیان کـە لـە هـەمویان بەتەمـەنتر بـو بیسـت وسـێ سـاڵ بـو. یـەکێکیان شوشـەیەك مـەی دەرهێنـا هـانیزیش کولێرەیـەکی جـۆ، دایکـم کولێرەکـەی کـرد بـە پارچـە پارچـەی بچـوك تـا لەگـەڵ خواردنەکـە داینـێ بەڵام نیوەی مەیەکەی خستە لاوە بۆ بریندارەکە.

کاتی نان خواردن دایکم نوێژی سەر سفرەی کرد.

دیــم کــە فرمێســك بــە چــاویا ئەهاتــە خــوارەوەو هــەروەها بــە چــاوی سەربازەکانیشـدا کـە جـەنگ شـەکەتی کردبـون. دیسـان وەك منـداڵ ئەهاتنـە بەر چاوم.

هێنـدێکیان لـە ئـەمریکاوە ئـەوانیتر لـە ئـەڵمانیاوەو هەموشـیان دور لـە وڵات و کەس و کار.

نـاو بژیەکـەی دایکـم تـا بـەیانی درێـژەی کێشـا هـاری بـەیانی زو خەبـەری بوەوە بەدەم خەوەوە منجە منجی بو.

ئـەو شـۆربایەی دایکـم بـۆی کردبـو هـەڵی قوڕانـد، بـە تـەواوی دیـار بـو کـە بـەرەو چـاکی ئـەڕوات و وردە وردە هێـزو تینـی تـێ ئەگەڕێتـەوە، ئینجـا دایکـم تــەنیا هێلکەیــەك کــە هــەمانبو بــۆی کــرد بــە دەلەمــەو ئەویشــی دەرخــوارددا

لەگـەڵ ئـەو مەیـەی کـە بـۆی هـەڵگرتبو چـەند کولویـەك شـەکر، ئـەوانیتر شـۆربای کزنەکـەیان خـوارد، لـە دو دارو چـاکترین متیلـی سـەر جێگـە کـە هەمانبو دایکم دەستەبەرەیەکی بۆ هاری هەڵبەست.

سەردەسـتەی ئەڵمانییـەکان بـە ئەمریکاییـەکانی وت کـە چـۆن ئەگەنـەوە لای هێزەکـەیان و چ ڕێگەیـەك ئـەگرن! لەسـەر نەخشـەیەك کـە بـە جـیم بـو جۆگەیـەکی نیشـاندان و پێـی وتـن ((ئەگـەر ملـی ئـەم جۆگەیـە بگـرن و بـەری نـەدەن ئەتانباتـە نـاو سـوپای یەکەمتانـەوە کـە لـە سەرچـاوەکەی خـەریکی خـۆ ڕێـك خسـتنەوەیە)) ئـەو سـەربازەی کـە ئینگلیـزی ئـەزانی ئـەو قسـەیەی بـۆ ئەمریکاییـەکان وەرگێـڕا جـیم وتـی ((ئـەی بـۆ ڕو نەکەینـە شـاری مونشـاو)) سەردەسـتەکە هـاواری کـرد نەکـەن ئـەوە بکـەن چـونکە ئێمـە دوێنـێ شـەو مونشاومان گرتۆتەوە.

لـەو کاتـەدا دایکـم هـەمو چـەکەکانی بـۆ هێنانـەوەو پێـی وتـن (کوڕەکـانم، ئاگـاداری خۆتـان بکـەن، مـن ئەمـەوێت ڕۆژێـك لـە ڕۆژان بگەڕێنـەوە ئـەو ماڵانەی کە لێوەی هاتون و خوا ئاگای لە هەموتان بێت)).

ئەڵمانییـەکان و ئەمریکاییـەکان دوای ئـەوەی دەسـتی یـەکتریان گوشـی لێك جیا بونەوە.ئێمەش سەیرمان کردن هەتا لە چاومان ون بون.[1]

---

[1] ئـەم چـیرۆکە پاداشـتی یەکـەمی گۆڤـاری (ریـدە رزدا یجەسـت)ی وەرگرتـوە ئـەم گۆڤـارە خـۆی هـیچ نانوسـێ، دەسـتەی نوسـەرانەکەی ئیشـیان ئەوەیـە گۆڤـارو ڕۆژنامـەو کتێـبو بڵاوکراوەکـان ئەخوێننـەوە، ئینجـا چـی یـان بـە دڵ بـو وەری ئـەگرن نـەك وەك خـۆی بـەڵکو سـەر لـە نـوێ دایئەڕێژنـەوە بـە شـێوەیەك کـە هـەر حـەز بکـەیت. بیخوێنیتـەوە وەتێشـی بگـەیت، لـەم گۆڤـارە لـە دەوروبـەری جـەنگی جیهـانی یەکـەوە

## ٤ –"قارەمانی رزگارکەر"

ئـەو سـەردەمەی کـە خوێنـدکاری ناوەنـدی بـوم، لـە کاتێکـدا کـە زۆربـەمان بـەپێ یـان بەتەکسـی ئـەهاتین بـۆ قوتابخانـە. خوێنـدکارێکمان هـەبو هـەمو بەیانیـەك پیاوێـك بـە ئوتـومبیلێکی گرانبـەها ئـەیهێنا بـۆ قوتابخانـە، کـەلێمان ئەپرسـی ئـەو پیـاوە چـیتە؟ ئـەیوت: باوکمـە. ئـەی کـاری چـی یە؟ئـەیوت: ئەنـدازیارە. لـە راسـتیدا لـەم دو وەڵامـە وەك لـە دواییـدا بۆمـان دەرکـەوت یـەکێکیان راسـتی نەئـەکرد! راسـتی ئـەکرد بـۆ ئەنـدازیاری یەکـە. بـەڵام پیاوەکـە مـامی بـو نـەك بـاوکی! بۆچـیش وای ئـەوت چـونکە ئـەو خوێنـدکارە ئەوەنـدە نـەفام بـو شـەرمی ئـەکرد کـە خوێنـدکارەکان بـاوکی راسـتەقینەی بـزانن چـونکە لادێ ی بـو لـە دێکـەی خۆیـان دائەنیشـتو ئـەمی نـاردبوە شـار بـۆ مـاڵی مـامی بـۆ ئـەوەی بخـوێنێ چـونکە لـە دێکـەی خۆیانـدا قوتابخانـەی ناوەندی نەبو.

---

کەوتـە رو. ئێسـتا بـە (١٥) زمـان دەر دەچـێت لەوانـە عـەرەبی بـەناوی (المختـار) لـە (میسـر) دەرچـوە سـەرجەم ئـەم گۆڤـارە هـەر ژمارەیـەکی نزیکـی دەملیـۆنی لـێ ئەفرۆشێ.

ئـەم چـیرۆکەم یەکـەمجار لـە هاوکاریـدا بڵاوکـردەوە دواجـاریش لـە سـاڵی ١٩٧٧دا لـە کتـێبی (فریشـتەکانی سـەر زەمینـدا) مامۆسـتای کۆچـکردو حیلمـی عـادل بـڵاوم کـردەوە. ئەوەنـدە وەرگێڕانەکـەی بـەدڵ بـو فـەرموی ئـەڵێ لەبنەڕەتـدا ئـەم چـیرۆکە بە کوردی نوسراوە! نەك وەریگێڕدراوەتە سەر کوردی.

بـۆ مامیشـی کردبـو بـە بـاوکی چـونکە لـەو بڕوایـەدا بـو کـە دانیشـتوانی شـار بەسـوك ئەروانـنـە خـەڵکی لادێ لەبـەر ئـەوەی زۆربـەی زۆریـان نەخوێنـدەوارن‌و بەکشـتوکاڵەوە خـەریکن. ئـەوەی کـەجێ ی ڕێـزو مایـەی شـانازیە —وای بـۆ چـوبو— کـە هـەر شارنشـینن وەك ئەنـدازیاری مـامی و دکتـۆرو ئەفسـەرو سەرمایەدارو سیاسەتمەدار و کاربەدەستە گەورەکان.

لـەم چـەند ڕۆژەی دواییـەدا تەنگوچـەڵەمەیەکی نالـەبار هاتـە ڕێ ی ئـەو خوێنـدکارەی کـە لـە باوکایەتییەکـەی شـەرمەزار بـو، بـۆ؟ چـونکە دور نـەبو کـە باوکـە راسـتەقینەکەی دەربکـەوێ‌و بـە جـارێ لـەناو خوێندکارەکانـدا سوك‌و رسوا ببێ!.

تـەنگو چـەڵەمەکەش بـەم شـێوەیە بـۆی دروسـت بـو: هـەمو بـەهارێك قوتابخانـەرۆژێك خوێنـدکارەکانی ئـەبرد بـۆ سـەیران بـۆ نـاو سروشـت لـە دەرەوەی شـار و لـە بەختـە رەشـەکەی ئـەودا شـوێنێکیان هەڵبـژاردبو کـە نزیـك ئـەو دێ یـە بـو کـە بـاوکی تیـادا دائەنیشـێت، چـونکە روبـارێکی زۆر جوانیشـی بـەلادا تێدەپـەڕێ. کـە خوێنـدکارەکانیش چـون زۆر نزیکـە کـە باوکی بێت بۆ ناویـان و ئـەم ببـینێ و گومانیشـی تیـادا نـی یـە کـە ئـەڵێ: ئەمـە کوڕیـەتی خـۆ ئـەمیش نـاتوانێ پـێ ی بڵـێ کـە نـەڵێ ئەمـە کوڕمـە، بەڕاسـتی کارەسـات ئـەبێ بـۆ ئـەو. زۆر بـیری کردەوە،لـە ئەنجامـدا گەیشـتە ئـەوەی باشـترین چارەسـەر ئەوەیـە کـە نەچـێت بـۆ ئـەو سـەیرانە، بەتایبـەتی بـاوکی ئێسـتاش نـازانێ لـە چ قوتابخانەیەکـە وە ئەگـەر هـەر سەردانیشـیان بکـات نـازانێ کـە ئـەوە قوتابخانەکـەی ئـەوە بۆیـە ئەگـەری دەرکـەوتنی بـاوکی راستەقینەی زۆر کـەم ئـەبێ یـان هـەرنابێ. بۆیـە بـە بەڕێوەبـەری راگەیانـد کـە

ئـەو نـاتوانێ بچـێت بـۆ سـەیرانەکە، ئـەویش وتـی بـۆت هەیـە نەیـەیت ئـیتر هەستی کرد وەك بارێکی قورسی لەسەر شان لا برابێ.

بـۆ رۆژی دوای سـەیرانەکە، کـە چـو بـۆ قوتابخانـە بـینی بـاس هـەر باسـی خوێنـدکارێکیان بـو کـە ئـاوی روبارەکـە بردبـوی و هـیچ کـەس لـە قوتـابی‌و مامۆسـتاکان مەلـەیان نەئـەزانی تـا دەری بێننـەوە بۆیـە ئـەوەی لەدەسـتیان ئـەهات هـەر راکـردن بـو بـە قـەراغی روبارەکـەدا کـە ئاوەکـە قوتابیەکـەی لەگـەڵ خۆیـدا رائـەماڵی و لـەخوا ئەپاڕانـەوە. کـە ئاوەکـە بیهـێنێ بـۆ قـەراغی روبارەکە ئەگینا هەرگیز لە مردن رزگاری نابێ.

لـەپڕ پیـاوێکی لادێ ی وەکـو رمێـك بیگرێتـە ئاوەکـە ئـاوا خـۆی کـرد بـە روبارەکـەدا ئـیتر منداڵـەکان بەوپـەڕی ئیعجابـەوە باسـی ئـەو لادێ یـەیان ئـەکرد کـە لەگـەڵ خـوری ئاوەکـەدا لـە پێشـبڕکێدا بـو. بـۆ ئـەوەی بگاتـەوە بـە خوێندکارەکـە بـەڵام زەحمـەت بـو بیتوانیایـە بیگرێتـەوە ئەوەنـدە ئاوەکـە خـوڕ بـو، لـە بەختـەوەری دا لـە شـوێنێکدا مـەنگ بـو بۆیـە تـوانی بیگرێتـەوە. بـەڵام تـا لـە ئـاوە خوڕەکـەدا بـو خوێندکارەکـە ئـەبینرا بـەلام لـە مەنگەکـەدا قـوم بـو، بۆیـە کـاری لادێ ییەکـە زۆر دژوار بـو چـونکە ئـەبو لـەژێر ئاوەکـەوە دەریبهـێنێ، ئـاوی بـەهاریش لێڵـە بۆیـە ئـەبو لـە ژێـر ئاوەکـەوە پـەل بکـوتێ وەکو کوێر تا خوێندکارەکە بدۆزێتەوە.

خوێنـدکارە ئاوبردوەکـە نـەختێك توانـای تیـادا مـابو. کـە ئەکەوتـە ژێـر ئاوەکـەوە هەناسـەی بـۆ نەئـەدرا بۆیـە پەلـەقاژێ ی ئـەکردو ئەهاتـەوە سـەرئاوەکە تـا هـەوا هەڵمـژێ کـەلادێ یەکـە ئەهاتـەوە سـەرئاوەکە

مامۆسـتاکانمان ئیشـارەتیان بـۆ ئـەو شـوێنە بـۆ ئـەکرد کـە خوێندکارەکـەی تیادا دەرکەوتوە ئەویش لەو شوێنەوە خۆی ئەکرد بە ئاوەکەدا.

دوسـێ جـار ئـەم هەوڵـەی دا بـەڵام بـێ سـودبو ئـەم جارەیـان هـەردوکیان قـوم بـون. هـەمو وتیـان لادێ یەکـەش خنکـا ئەوەنـدە لـە ژێـر ئاوەکـەوە مایـەوە بـەڵام لـەناکاو دەرکەوتـەوە ئـەم جـارە بەدەسـتێك خوێندکارەکـەی بەسـنگی یـەوە نوسـاندبو و بەدەسـتەکەی کـەی مەلـەی ئـەکرد بـۆ قـەراغ ئاوەکە.

لەوێـدا هـەمو هاواریـان کـرد و هێنـدێك لـە مامۆسـتاو قوتابیـەکان دەسـتیان کـرد بـەگریان خوێنـدکارەکان وایـان باسـی ئـەو لادێ ییـە ئـەکرد هـەروەکو سـوپەرمان و باتمـان بوبێـت. ئـەو خوێنـدکارەی کـە شـەرمەزار بـو لـە بـاوکی لـە دڵـی خۆیـدا وتـی: خۆزگـە منـیش لـەوێ ئـەبوم و ئـەو روداوەم ئـەبینی لەگـەڵ ئەولادێ ییە ئازاو خۆبەختکەرەدا.

دەنگـۆ بڵاوبـوەوە کـە ئـەو لادێ ییـە سـەردانمان ئـەکات لەسـەر بـانگکردنی بەڕێوەبـەری قوتابخانەکـەمان و دەسـتەی مامۆسـتایان بـۆ رێـز لێنـانی لەسـەر ئـەوەی کـە گیـانی خوێندکارەکـەی لـە مـردن رزگـار کردبـو.بـۆ سـبەینێ ژورەگەورەکـەی بەڕێوەبـەر رازێنرابـۆوە. کێکێکـی گـەورە لەسـەر مێزێـك لـە ناوەڕاسـتدا دانرابـو لەگـەڵ دەسـکێك گـوڵی رەنگـاورەنگی جوانـدا کـە بـاوکی خوێنـدکارە رزگارکراوەکـە هێنـابوی کـە کوڕەکـەی پێشکەشـی بکـات بەلادییەکەی کە رزگاری کردبو لە خنکان.

لەســـەعات دەی بـــەیانی هـــەمومانیان بـــردە گۆڕەپـــانی قوتابخانەکـــەوەو ریزیـان کـردین‌و پـێ یـان وتـین لەوانەیـە کـە بـەم نزیکانـە لادێ ییەکـە بگاتـە قوتابخانەکەمان‌و هەر کە دەرکەوت ئەبی دەستبکەن بەچەپڵەلێدان بۆی.

وەك پـــێ یـــان راگەیانـــدین دوای چـــەند دەقیقەیـــەك لادێ ییەکـــە لـــە دەرگاکـــەوە دەرکـــەوت بەڕێوەبـــەرو مامۆســـتاکان چـــون بـــە پیریـــەوە. بـــەڵام بەرلـەوەی بگەنـە لای ئـەو خوێندکارەکـەی کـە شـەرمەزار بـو لـە باوکایـەتی یەکـەی دری بـە مامۆسـتاو بەڕێوەبـەردا وەك تـیر ئـەو لـەپێش هەمویانـەوە خـۆی گەیانـدە لادێ ییەکـەو دەسـتی مـاچ کـردو باوەشـی پیـادا کـردو ئـەویش زۆر بەسـۆزەوە ئـەملاو ئـەولای مـاچ کـرد بەمـەدا بۆمـان دەرکـەوت کـە ئـەم دوانــە لەوەوبــەر ئــەبێ یــەکتریان ناســیبێ یــان خــزم بــن. ئینجــا هــەموان تەوقـەیان لەگەڵـدا کـردو خوێنـدکارە ئاوبردوەکـەش گوڵەکـەی دایـەو ئـەویش سەری ماچ کرد ئێمەش هەر بەردەوام بوین لە چەپڵە لێدان دا

لــە دواییــدا بەڕێوەبــەر وتەیــەکی کــورتی پێشــکەش کــرد وتــی: ئەگــەر ئازایـــەتی‌و دڵســـۆزی‌و لێهـــاتویی‌و فیـــداکاری ئـــەم پیـــاوە نەبوایـــە، (لەوێـــدا دەسـتی خسـتە سـەر شـانی لادێ ییەکـە) لـەباتی ئـەم شـادی‌و خۆشـی‌و ئاهەنگێڕانـە ئـەبو شـین‌و ماتـەمینیمان بگێڕایـە. بـەڵام ئێمـە ئـەوەی زۆر بەتەنگیـــەوە بـــوین ئـــەوەبو کـــە بـــزانین پەیوەنـــدی ئـــەم لادێ ییـــەو خوێندکارەکـەمان چـی یـە. کەلـەو کاتـەوە کـابرای لادێ ی دیـوە فرمێسـك وشك ناکاتەوە.

خوێندکارەکــە ئــەو دەســتەی کــە ئاڵاندبویــە ناوقــەدی لادێ یەکــەو ئەوسـەرەی نـابوی بەسـنگیەوە بـەرزی نەئـەکردەوە لـە دواییـدا ئـەمیش (واتـا

خوێندکارەکـەی کـە لـە بـاوکی شـەرمەزار بـو) داوای لەبەڕێوەبـەر کـرد کـە قسـەیەك بکـات بەڕێوەبـەریش ڕەزامەنـدی نیشـانداو بـە قـوڵپی گریانـەوە وتـی: ئـەم پیـاوەی کەبـەم کارەمەزنـە هەڵسـاوە ئـەزانن چـی منـە؟ باوکمـە! و دایـەوە پرمـەی گریـان وئـیتر غەڵبەغـەڵبێکی گـەورە کەوتـە نـاو خوێندکارەکانـەوە کـە ئـەوە زانـرا بەتایبـەتی کـە بـۆ تـا ئێسـتا مـامی بـە بـاوکی دانـا بـو بـۆ ڕۆژی دوای ئاهەنگـە مامۆسـتای زمـان داوای لـە قوتابیـەکانی پـۆلی ئـەو خوێنـدکارەی کـە شـەرمی لـە باوکایـەتی ئـەکرد داڕشـتنێك بنوسـن دەربـارەی ڕوداوی ئاوبردنەکـە، لـەو داڕشـتنەدا وەڵامـی ئـەم پرسـیارەی دابـوەو بـەم شـێوەیە:هەڵسـانی بـاوکم بـەو کـارە مەزنـە زۆر شـتی فێـر کـردم، یەکێك لەوانە ئـەو پێـوەرە چـی یـە کـە مـەزنی مرۆڤـی پـێ ئـەپێورێ؟ تـا ئـەمڕۆ وام ئـەزانی دەسترۆیشـتن و پلـەو پایـەو سـەروەتو سـامانە. بـەڵام ئـەو ڕوداوی ئاوبردنـە و ئـەو قارەمـانی تییـەی بـاوکم بـەوەی کـە ئـەو خوێنـدکارەمانی لـە مردنێکـی سـەد، دەرسـەد ڕزگـارکردو بوبـە مایـەی شـانازی بـۆمن، دەرگـای بۆچـونێکی بۆخسـتنم سـەر پشـت کـە زۆر جیـاواز بـو لـەوەی کەلـەوەوپێش هـەمبو ئـەویش ئـەوەبو کـە بەکـەم سـەیری هـیچ کەسـێك لەمـەودوا نەکـەمو ئـەوە بلێمـەوە کـە ئـەو کەسـانە هـەلیان بـۆ نەرەخسـاوە ئـەگینا دور نـەبو بـبن بـە جـێ ی شـانازیی نـەك بـۆ یـەکێك یـان بنەماڵەیـەك بەڵکو بۆ هەمو نەتەوە.

کـێ ئـەڵێ ئەگـەر ئـەو لادێ ییـە، کـە بەهـەزارانن، هـەلیان بـۆ بڕەخسـایە وەك بـۆ ئێمـە ئەڕەخسـێ هـەزاران مامۆسـتای دانشـگاو زانـاو هونەرمەنـدو وەرزشـکارو بیرمەنـدو و.و. لێهەڵنەئەکـەوت. بـۆ نمونـە مامەڕیشـە لاوێکـی

نەخوێنـدەوار لـەکوێوە دیـار ئـەبو ئەگـەر شـۆڕش ئەوجـەنگاوەرەی لێدروسـت نەکردایـە کـە ناوبـانگی عـەرزو ئاسمـانی گرتبـوەوە باباسـی بـاوکم بکـەین ئەگـەر ئـەو خوێنـدکارە ئـاو نەیبردایـە کـێ ئـەیزانی بـاوکم ئـەو مەلەوانـە بـەتواناو بەجەرگـەبو کـە خـۆی بخاتـە مەترسـی مەرگـەوە بـۆ رزگـار کردنـی منداڵێك کە نەیناسیوە لەمەوبەر.

ئێستا کە ئەمانە ئەنوسم بابە گیان ئارەقی خەجاڵەتی بەناوچەوانمدا دێتە

خوارەوە کە رۆژێ لە رۆژان حاشام لێکردی، لێم ببورە نەفامی منداڵی ئەوەی پێ کردم بابە گیان.[1]

---

[1] ئەم چیرۆکە یەکەم جاریەتی بڵاوئەکرێتەوە

**پێشەکیەکی کورت**

لەدوا ساڵەکانی حەفتادا یەکێتی نوسەرانی کورد/لقی سلێمانی داوای لە چیرۆکنوسەکان کرد-وەك جموجۆڵێکی ئەدەبی- کە چیرۆکی کورتی بڵاونەکراوەی بۆ بنێرن بۆ ئەوەی بیدات بە رەخنەگرەکانو لە کۆڕێکدا لە هۆڵی زانکۆی سلێمانی چیرۆکەکەو رەخنەکەشی بخوێندرێتەوە.

چیرۆك زۆر هاتبو بەڵام کە هەڵیانسەنگاند سیانیان لێ هەڵبژاردبو بۆ ئەو مەبەستە ئەم چیرۆکەی من کە دوای ئەم پێشەکی یە ئەیخوێنیتەوە بە ناونیشانی "فریشتەیەکی قژ ئاڵۆزاو"و چیرۆکێکی تر کە لە نوسینی مامۆستا جیهان عومەر کە نازانم ناوەکەی چی بو سێ هەمیشیان نەناوی چیرۆکە کە ئەزانم وە نە نوسەرەکەشی، بۆ رەخنەگرەکانیشمان ئەوەندەی لێ ئەزانم کە ئەوەی من مامۆستای کۆچکردو صەمەد خانەقا بو.

بۆ هەر چیرۆکنوسێکیشمان هەبو کە پێنج دەقیقە (تەنیا پێنج دەقیقە!) وەڵامی رەخنەگرەکەی بداتەوە لەگەڵ ئەوانە کە دانیشتوەکان ئەیڵێن لەبارەی چیرۆکەکەیەوە. وە ئەوەی جێی سەر سوڕمانیش بو بەر لە خوێندنەوەی رەخنەکان نەیان هێشت چاومان پێی بکەوێت تا بیرێکی لێ بکەینەوە، هەر وەك نمرەی قوتابی نازانێ چەندی وەرگرتوە تا بە دیواری قوتابخانەکەدا هەڵئەواسرێ.

لەوە ناخۆشتر خۆی نەهاتبو چونکە ئەوکاتە یان لە بەغدا یان لە کەرکوك نیشتەجیّ بو تا ئەم رونکردنەوانەی تیّ بگەیەنم وەك ئیّستا لە ئیّوەی ئەگەیەنم.

**رۆشنکردنەوە**

بۆ ئەوەی خویّندەوار بە باشی لەم چیرۆکە بگات، پیّویستمان بەم رۆشنکردنەوەیە هەیە: لە بنەرەتدا ئەم چیرۆکە راستە قینەیە بەوەی کە پیّشکەشی قارەمانەکەیم کردوە کە ئەویش (ن.ن) بە دو پیتی یەکەمی ناوەکەی و لەقەبی خیّزانەکەی.

بەلاّم ئایا سەرتاپا واقعی یە؟ نەخیّر هەمو چیرۆکیّك باواقعیش بیّ شتی یەك خەیالّی نوسەریشی تیّکەلّ ئەکریّ ئەگینا لە روی هونەری چیرۆکەکەوە سەرکەوتو نابیّت. بەلاّم چیم خستۆتە سەر ئەمەیان هەلّئەگرم بۆ دوای خویّندنەوەی چیرۆکەکە چونکە ئەگەر ئیّستا وتم لەتامو چیّژی چیرۆکەکە زۆر کەم ئەکاتەوە.

قارەمانی چیرۆکەکە– واتا دەرەبەگەکە– دوچاری نەخۆشیەکی دەرونی بوە ئەم نەخۆشی یەش ئەبیّ لە چیرۆکەکەدا خۆت هەلّی یەنجی، کەپیّ ی ئەلّیّن دەست بلاّوی واتا سامان پەرشوبلاّوکردنەوە بیّ ئەوەی بیر لەسبەینیّ بکاتەوە کە رۆژیّك دیّ ئەم سامانە وشکایی دیّت دەردە دەرونیەکەش لەم خالّەدایە (بیرنەکردنەوە لە سبەینیّ!) دەرەبەگیّکمان هەبو لە ناوچەی سلیّمانی. لە باشوری سلیّمانییەوە تا سنوری ئیّران دیهاتی ئەوبو. خۆی زۆربەی کاتی لە بەغداد ئەبردەسەر لەگەلّ گۆرانیبیّژو سەماکەرەکانداو هەرچەند پارەی لیّئەبڕا ئەینارد دیّ یەك یان دوانیان بۆ ئەفرۆشت بیّ ئەوەی بیر بکاتەوە کە ئاخری ئەم دیهاتانە کۆتایی دیّت و ئەمەئەو نەخۆشییە دەرونییە نەعلەتی یە یە کە بیر لە دوا

رۆژ ناکاتەوە. لە ئەنجامدا وەزیفەیەکی بچوکی درابویە لە ناحیەیەکدا بەوە گوزەرانی ئەکرد ئەویش بەرانبەر بە زەوی زارێکی زۆر کە بەخشیبوی بە شافەیصەلی یەکەم لەخانەقین. من بەر لەوەی ئەم کەسایەتی یە دەگمەنە بمرێ لەیەکێك لە ئوتێلەکانی بەغداد دیم. ئوتێلچیەکە ئەیناسی لەبەر نەداری پارەی لێ وەرنەگرت. نەم کرد ئەو شەوە دیدارێکی لەگەڵدا سازبکەم بەڵام دیداری چی لەسەردەمی لاویمدا من لەو رێلێتێکچوتر بوم. خاڵی دوهەم کە ئەمەوێت ئاماژەی بۆ بکەم ئەوەیە کە شوێنی روداوەکانی ئەم چیرۆکە شاری بەغدادەو بە (ب) ئاماژەم بۆ کردوە. چونکە ئەو جۆرە ئافرەتانەو رابواردنانە ئەوساو ئێستاش لە شارە کوردیەکاندا دەست ناکەوێت بۆیە رەخنەگرەکەم وتبوی ئەوە لەشاری کوردەواریدا روناداتو کاریگەری فلیمی میسریە. لەوەدا ناهەقی ناگرم ئەبو لەباتی ئەوەی بە پیتی (ب) کە پیتی یەکەمی ناوی بەغدایە هەر یەکسەر ناوی بەغدادم بنوسیایە بەڵام ئەبو ئەویش بیزانیایە کە هیچ شارێکی لای خۆمان بە پیتی (ب) دەست پێناکات (هەولێر–سلێمانی–دهۆك–کەرکوك) ئەگەر ئەوەی بزانیایە ئەوا ئەو بۆچونی فلیمی میسری یەی نەئەخستە پاڵ چیرۆکەکە.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە بۆچی بۆنوسەر هەیە چیرۆك بنوسێ کە روداوەکانی لە وڵاتانی تردا. روبدات؟ لە وەڵامدا ئەڵێم بۆنە. ئەی هەر چیرۆکنوسی ئەمەریکایی نی یە کە رۆمانی (بەفرەکانی کلینجارۆ)ی نوسیوەو شوێنەکەشی ئەفەریقایە یان (سەر لەنوێ رۆژ هەڵدێتەوە) ی هەمان نوسەر روداوەکانی لە ئیسپانیادایە. خۆ (سۆمەر سێت موم)ی ئینگلیزی ئەوەندەی روداوە چیرۆکەکانی لە دەرەوەی ئینگلترایە ئەمەندەی لە ئینگلترادا نی یە و زۆری تریش.

ئەمەوێت دیسان ئاماژە بۆ راستی یەکی تریش بکەم کە ئەویش کە قارەمانی چیرۆکەکەی کوردە (مەبەستم لە دەرەبەگەکەیە)و لە خێزانێکی زۆر خانەدان‌و ئەهلی عیلم بون بەڵام ئەو لەبەر ئەوەی لە دێر زەمانەوە لەبەغدا گیرسابونەوەو کوردی نەئەزانی.

هەروەها ئەمەوێت ئاشناتان بکەم بەوشەی (فریشتە) چونکە لای خۆمان بۆ ناوی کچ بەکار دێت. بەڵام لە زمانی کوردیدا نێرو مێ ی نی یە، چۆن. یەکێك ئەڵێ لە شاری کەرکوکدا– بۆ نمونە– ونبوبوم بەڵام (فلان) وەك فریشتە پەیدا بو و ئوتێلەکەی بۆ دۆزیمەوە. لە کاتێکدا ئەو فریشتەیە پیاو بوە لەم چیرۆکەشدا ئەو فریشتەیە کوڕە قژ ئاڵۆزەکەیە کە لاندرۆڤەرە کۆنەکە لێ ئەخوڕێ. ئەم رونکردنەوەیەشم بۆیە دا نەوەکو وابزانن ئەو ئافرەتەیە کە دەرەبەگەکە کەوتۆتە داویەوە.

هەر لە کوردیدا بەکچی جوان ئەڵێن لە فریشتەی ئاسمان ئەچی واتا بۆ جوانی هەروەها بۆ فریاکەوتنیش هەر ئەڵێن فریشتە واتا بۆ نێرومێ بەکاردێ هەریەکە لەجێ ی خۆیدا هێندێك لەگەڵ پەریدا تێکەڵی ئەکەن کەپەری هەمیشە مێ یە ئێستاش دوای ئەم رۆشنکردنەوانە بفەرمون چیرۆکەکە بخوێننەوە.

## ٥-فریشتەیەکی قژ ئاڵۆزاو

پێشکەشە بە (ن.ز) کەبەسەر هاتی ژیانی
بیرۆکەی ئەم چیرۆکەی پێ بەخشیم

لە قرچەیی نیوەڕۆیەکی هاویندا، لەگەرەکێکی شاری (ب)دا، کەنەداراو لەلادێوە هاتوەکانی لێ نیشتەجێ بون، ئوتومبیلێکی لاندرۆڤەری سەر بەتاڵی کۆن، کە پیاو سەری سوڕ ئەما لەوەی کەئەیتوانی بڕوات، بەشیروهوڕ پەیدابو. لێ خوڕی ئوتومبیلەکە لاوێك بو لەتەمەنی سی ساڵیدا بەقژە ئاڵۆزاوو کراسەقوڵ کورتو پانتۆڵە خاکێکەیدا کە خوێیاوی ئارەق لە زۆر شوێنیدا ئەبینرا بە ئاشکرا دیاربو کەلەوکەسانەیە کە ئیشیان لە دەشتدایەو بەوتۆزو خۆڵەشا کە نیشتوەتە سەرخۆیو ئوتومبیلەکەی وادیاربو کە یەکسەر لەسەر ئیشەوە هاتبێت.

لاوەکە بەیناوبەین لەبەردەمی یەکێکدا رائەوەستاو بۆ ئەوەی زاڵ بێت بەسەر گرمو هوڕی ئوتومبیلەکەیدا کە پیاوی کەڕ ئەکرد، تاناوقەدی دەر ئەهێناو بەدەنگێکی بەرز هەواڵی ماڵی پیاوێکی لێ ی ئەپرسین بەڵام ئەو کەسانە هەمو سەری نەزانینیان رائەوەشان.

ئەوکەسەی کەئەولاوە لەوگەڕەکە دواکەوتوەفەقیرەدا بۆی ئەگەڕاو کەس ماڵەکەی نەئەزانی دوانزە ساڵ لەوەوبەر دەوڵەمەندترین و ناسراوترین دانیشتوانی ئەوشارە بو وهەمو خەڵکی وەك ماڵی خۆیان شارەزایی خانوەکەی بون کەئەتوت کوتومت ئەوکۆشکانەیە کەلەچیرۆکی ئەفسانەیی منداڵاندا باسی ئەکەنو هەمیشە چەندین کارەکەرو خزمەتکارو

لەلـەتیا هەڵئەسـوڕانو ئـەو ژیانـەی کـەخۆیو خێزانەکـەی تیـا رایـان ئـەبوارد مەگــەر هــەر شــازادەکان بەخۆیانــەوە دیبێــت. جــا هەرچــەندەئەو ژیانــە پارەیــەکی زۆری تــێ ئەچــو بــەڵام هێشــتان ئــەوە شــتێك نــەبو کــە بەدەسـتکەوتی ئـەو کابرایـەوە دیاربێـت چـونکە هـەمو سـاڵێك بـەربومی چـل هـەزار دۆنم زەوی کشـتوکاڵ ئەڕژایـە گیرفانیـەوە. بـەڵێ ئـەو کابرایـە یـەکێك بــو لەدەرەبەگــە گــەورەکانی ئــەو ناوچــەیە. جــا هەرچــەندە لەیەکــەم سـەیرکردندا مـرۆڤ وای دێتـە بـەر چـاو کـە دەسـتکەوتی وا هەرچـی بەسـەرەوە بکـەییت لـەبن نایـەت بـەڵام بـۆ ئـەو نـەك هـەر بەشـی نەئـەکرد بـەڵکو هەمیشـە زۆریشــی لەســەر قــەرزار بــو؟!؟ چــۆن؟ وەڵامــی ئــەم پرســیارە لەکۆشــکێکی تریــدابو کــە لەیــەکێك لــە باخــەکانی نزیــك شــاردا لەســەر تــازەترین شــێوە دایڕشــتبو وهەرچــی دڵ بیــەوێت ئامــادەی کردبــو. ئــەم کۆشــکەیانی بــۆ رابواردنــە ناڕواکــان رازانــدبۆوە و نزیکــەی هــەمو شــەوێك خــۆیو هــەوڕێکانی کـە زۆربـەیان لەکاربەدەسـتە گـەورەکانی مـیری وسـەرمایەدارەکان بـون تیایـا یــەکیان ئــەگرتو ئــیتر ئــەوە تــا بــەیانی ئــەیان خــواردەو قوماریــان ئــەکردو بـــــەزمو رەزمیـــــان بـــــو لەگـــــەڵ ئافرەتـــــە ســـــەماکەرەکانو هونەرپیشــەکاندا.ئافرەتــە دۆستەکەشــی، کەئەویشــی لەهــەمان کۆشــکدا دانــابو، ئــەویش دیســان دەســتێکی بــاڵای هــەبو لــە تــەفروتوناکردنی دەسـکەوتی ئەوکابرایـەدا لەبـەر جـوانی ژنـەو نـەختێکیش بەساڵاچـونی ئـەمو شـەیدایی، ئافرەتـە وەك میردەزمـە سـواری شـانی بـو بـو هەرچـی داوایـەکی لــێ بکردایــە نــەی ئــەتوانی بڵــێ نــا. ئــەویش چــونکە ئــەوەی ئــەزانیو پەیوەندیەکەشـی بـە کـابراوە تـەنها هـەر بـۆ روتاندنـەوەو پـارە کێشـانەوە بـو

تـا پێـی بکرایـە ورکـی لەشـت ئـەگرتو پـەلپی سـەیر سـەیری دادەهێنـا کـابراش هـەروەك وتمـان نـەك سـامان سەریشـی دانایـە ئـەبو خواسـتەکانی بهێنایەتـەدی بـا هـەتا ئێـوارە گرانبـەهایان بـێ مـەعناش بونایـە. لـەو روەوە خـەڵکی سەرگوزشـتەی سـەیریان لـێ ئەگێرانـەوە لەوانـە جـارێکی پـەڵپی لـێ ئـەگرێو کـەتا جێگەکـەی ئـەڵقاو ئـەڵق بەلیرەنەهێنێتـەوە، نایـەڵێت تـوخنی بکـەوێت ئـیتر کـابراش، سـەرتان سـوڕنەمێنێ، چـی لـیرە بـۆ ئەوپەڵپـە سـەیرە پێویسـت ئـەبێت لـە بـازاڕدا ئەیچـنێتەوە ! . جـا لەوانەیـە ئـەم قسـەیە راسـت نـەبێ بـەڵام بێگومـان راسـتیەك ئەگەیـەنێت کـە ئـەوەش رادەی شـێت خـەرجیو دەسـت بـڵاویو بـێ پـەروایی ئـەو کابرایـە ئـەبێ لەوسـەردەمەیدا. لەوانـەبو ئـەو ژیانـە نـەرمو نیانـە ورشـەدارە تـا ئـەمرد وەك بـاوکی رایبواردایـەو بـەمیراتیش بـۆ منداڵـەکانی بـەجێ هێشـتایە بـەڵام شـتێك روی دا کـە هـەرگیز ئـەو کابرایـە چـاوەڕوانی نەئـەکرد ئـەوەش دەرچـونی یاسـایی چـاککردنی کشـتوکاڵ بـو کەبـە رادەیەکی باوەڕنەکراو چارەنوسی گۆڕی.

وەك یـەکێك لـە خـەوێکی زۆر خـۆش خەبـەری بێتـەوە و خـۆی لـە (واقـع)ێکـی زۆر تاڵـدا ببینێـت یـان ماسـیەك لـەناو ئـاودا دەربهێنرێـت ئەوکابرایـە وای لـێ بەسـەرهات. چـونکە جگـە لـەوەی کەبەشـی هـەرە زۆری زەویـەکانی مـیری دەسـتی بەسـەردا گـرتن ئەوەشـی کـەدایانێ و لەگـەڵ خانوبەرەیـەکی کـە هـەیبو ئەشـا کـەژیانێکی باشـی پـێ بـژی بـەڵام زۆربـەی ئـەوانیش خـاوەن قـەرز دەسـتی بەسـەردا گـرتن. لەبـەر ئـەوەی ئـەوجۆرە مرۆڤانـە نـاتوانن یەکسـەر لـە جـۆرە ژیانێکـەوە بچـنە سـەر جـۆرێکی تـر؟ ناچـار تـا ماوەیـەکی تـریش تـا رادەیـەك بـەتیرفی رایبواردوبـەو نەختـە سـامانەوە کـەمابوی و تـەواوی هیـوای

بەهێز بو کە بیگەیەنێتە ئەو نرخانەی کە ئەبو میری بیدایە بۆ ئەو زەویانەی کە دەستی بەسەردا گرتبو بەڵام سامان هەرهاتەکزی و نرخ هەرنەدرا و لەبەر ئەوە هەموی سێ ساڵ بەسەر یاساکەدا تێ نەپەڕیبو کە بەتەواویی چوە ریزی هەرە نەدارەکانەوە.

ناچار کابرا هەوڵی دا کەلەگەڵ چارەنوسدا خۆی بگونجێنێ بەوەی کەهەرچۆنێك بێت کارێك بدۆزێتەوە کەخۆیو ژنو سێ منداڵەکەی، کەنەدارای گەڕاندبویەوە بۆلایان، پێ ی بژێنێ. لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە کەسانە هەروەك ئەڵێن لە بێشکەی ئاڵتونیدا لەدایك بونو ئەوسامانانەیان بێ ئارەقو بەمیراتی بۆ هاتۆتە خوارەوە لە لێقەوماندا تەواو بێ کارەو دەست سپینو لەوە زیاتر کە خۆیان بدەنە دەست چارەنوس شتێکی تریان لەدەست نایەت بەپێچەوانەی ئەوانەی کە خۆیان خۆیان پێ ئەگەیەنن ئەگەر هەزار جار بکەون هەر هەڵئەسنەوە. بەڵێ ئەوکابرایە زۆر بەختیار بو بەسەرکەوتنێکی گەورەی زانی کە لەسەر کارێکی کۆنیەوە کە لەسایەی ئەوەوە بوبو بە قۆنتەراتچیەکی گەورە بەساقە سەر کردی بە نوسەر لەمەحەلەکەیدا بە رۆژانەی (٧٥٠) فلس. لەبەر ئەوەی ئەو دەستکەوتە ئەوەندە نەبو ناچار خانویەکی دو ژوری بێ حەوشەیی لەو گەرەکەدا گرت بەنرخێکی هەرزانو خۆیو خێزانەکەی تێ خزان، تا ئەودابیەش کابرا ئومێدی هەر مابو بەوەرگرتنی نرخی زەویەکانی جا کەئەوەش ئیلغابو هەر وەك چۆن نەخۆشێك لە گیانەڵادا دوا دەم ئەدات بەیەکداو ئەمرێ ئەویش کۆتایی بەهەمو هیوایەکی هات کە رۆژێك لە رۆژان هەڵسێتەوە. زانینی ئەو راستییە ئەشکەنجەیەکی بێ پایانی بو ئەوکابرایە

خولقانـد نـەك لەبـەر خـۆی، كەهـەر وەك ئـەیوت، تەمـەنی پیرەمـەرێكی مـاوە بـەڵكو لەبـەر منداڵـەكانی كەچـۆن ئـاوا بـێ نـازی خسـتن‌و دەستەوەسـتانە لـەژیانی خۆیـدا چ جـای دوایـی مردنـی كـە دواڕۆژێكـی دڵنیایـان بـۆ مسـۆگەر بكـات ئـیتر هەرچـەندە سـەیری ئـەكردن‌و بـیری لـەوە ئـەكردەوە كەچـۆن ئەوسەركێشـی‌و نەفامییـەی ئـەوبو كـە ئـاوا ئـەو منداڵانـەی سـەرگەردان كـرد وای هەسـت ئـەكرد كەلـە ئانیكـدا هـەزاران سـوژن بەدەرونیـدا ئەكـەن. لـەو رۆژانـەدا كەسـێك نـەبو لایـەك لـەو خێزانـە لێقـەوماوە بكاتەوەچـونكە هاوڕێكـانی پەیوەندیەكـەیان هـەر بـۆ لێسـەو تـەماع بـو، هـەر وەك چـۆن ئەسـپێ لاشـەی مـردو بـەجێ دێڵـێ كـە ئـەبینێ خـوێنی تیـا نـەماوە بیمـژێ ئـاواش ئـەوان‌و خزمـەتكارو كارەكـەر هـەمو بـەرەودوا بـەجێ یـان هێشـتن‌و بـەر لەهـەمویان ئافرەتـە دۆسـتەكەی هـەر كـە بـۆنی ئـەوەی كـرد گلۆڵـەیی كـابرا كەوتۆتـە لێـژی خێـرا بـێ سـێودو خـۆی فـڕێ دایـە باوەشـی دەوڵەمەنـدێكی تـرەوە.لـەناو ئەوهـەمو دەسـتو پەیوەنـدو دۆسـتانەدا تـەنیا پیرەمێردێـك كەلـەدێر زەمانەوەپشتاوپشـت لەگـەڵ باوبـاپیری كـابرادا هاتبونـە خـوارەوە وەك چـۆن عـەزیز مـردە پـێ لەسـەر قـەبران نابڕێـت ئـاوا ئـەویش بـێ وچـان سـەری لـێ ئـەدان‌و هەرچـی كارێكیـان بوایـەو بەكەفتـەكارێكی وەك ئەوبكرایـە بـۆی جـێ بـەجێ ئـەكردن. جائـەم جارەیـان كـاكی قـژ ئـاڵۆزاوی پـیرە لاندرۆڤـەر لـێ خـوڕ لەبـەردەمی ئـەو پیرەمێـردەدا راوەسـتاو ئـیتر هەركـەوتی مـن شـارەزایی ماڵەكـەیانم لەتەنیشـت خۆیـەوە سـواری كـردو پـێ ی نابـە بەنزینـدا. ئوتومبیلـە گرمەیـەكی گـەورەیی لـێ وەهـاتو رەشـكەیەك دوكـەڵی رەشـی لـەدوای خۆیـەوە بـەجێ هێشـت هـەروەكو سـاروخ بێـتو دەرچـێت. كـە

کوڕەکـە گەیشـتەبەر مـاڵی کـابرا ئوتومبیلەکـەی ڕاگـرتو هەرچـەندە پێشـی لـە بـەنزین هـەڵگرتبو بـەڵام ئوتومبیلـە هـەر بـەیناو بـەین پرتـەپرتێکی ئـەکرد هـەروەك هەناسـەبڕکێ ی بێـتو تـەواو هـیلاك بوبێـت. کەلەدوایـدا کوژایـەوە کـوڕە دابـەزیو بەهێواشـی یـەك دولەپـە دەسـتی کێشـا بـەلوتی ئوتومبیلەکـەدا هـەر وەك بیـدات بـەلاملی ولاخێکـی ڕەسـەنداو پـێ ی بڵێـت نـەجولێت لـەجێ ی خۆت هەتا دێمەوە دەرەوە.

کـە کوڕەکـە لـە دەرگـای ماڵەکـەی دا دوای نـەختێك کـابرا خـۆی هـات دەرگاکـەی کـردەوە. پیاوێـك بـو لەتەمـەنی شەسـت سـاڵیدا ڕەشـی لەسـەرو ڕیشـیو سمێڵیـدا نـەمابو، باڵامناوەنـدی کـەمێك قەڵـەوبو بیجامـەی لەبـەردا بـو و نـەختێك خـەواڵوێتی لـەدەمو چـاویدا ئـەبینرا وەك لـە نوسـتن هەڵسـابێت بـەوەی کـە کوڕەبەگەرمیـەوە تەوقـەی لەگەڵـدا کـردو هـەواڵی تەندروسـتی پرسـیوا دەرئەکـەوت کـە ئەوەیەکـەم جـاری نـەبێت کـە ئەوکابرایـە ببینێـت بـەڵام بـەوەی کـە کـابرا وتـی چـۆنە مـن ئەناسـیت؟ مـن بـیرم نایـەت تـۆم دیبێـت. ئینجـا کـوڕە وتـی ئەگـەر بیـەڵیت بێمـە ژورەوە هەموشـتێکت تـێ ئەگەیـەنم ئـەوەش کەچـۆنم ناسـیت. کـابرا وتـی: ئەگـەر قـەرزارتم، دڵنیابـە خـەڵکی خێـرم پـێ ئـەکاو بەشـی خۆشـم خەفـەت هەیـە تـۆش ئەوەنـدەی کـەم بـۆ مەخـەرە سـەر. بـەڵێن بـێ، کـوڕە وتـی: کارێـك ناکـەم کـە دڵگـیرت بکـات. ئەوکاتەکابرا فەرموی لێکرد.

دەرگایـدەرەوە یەکسـەر ئەچـوە نـاو ژورێکـەوە کـەوا دیـاربو بـۆ دانیشـتن تـەرخان کرابـو. کوڕەکـە سـەیری کەلوپـەلی ژورەکـەی کـرد کەچـەند پـەرپوت بـو، بـۆی دەرکـەوت کـەکابرا ڕاسـتی کـرد کـەوتی خێـرم پـێ ئەکـەن!

قەنەفەیەکی تەختە سێ کورسی کۆن هەریەکەی لە جۆرێ، دیوارەکان هێندێ ئایەتی قورعانی پیادا لکێنرابو لەناوەڕاستدا دۆشەکێك لەسەر حەسیرێك داخرابو وادیاربو کابرا لەسەری راکشابو پێش ئەوەی کوڕە لە دەرگابدات. منداڵێکی هەشت نۆساڵ هاتە ژورەوە، کە وادیاربو کوڕی بو، هەرچەندە هاوینیش بو بەڵام جوتێ پێڵاوی لاستیکی لەپێدابو. هیچ شتێ یەك لەو ژورەدانەبو کەبیبەستێتەوە.بەڕابردوە زێڕینەکەیەوە جگە لەوێنەیەك نەبێت کەبەدیواری ئەو ژورەدا هەڵواسابو و کابرای پیشان ئەدا بەجلی (سموگنگەوە)و پیکێکی بەدەستەوە بو پێ ئەکەنی و وەدیاربو کەلە ئاهەنگێکی کوکتیلدا گرتبوی لەشەوێکی هەرەتیدا. دیتنی ئەو وێنەیە کوڕەی بردەوە بۆ رابوردو بەقوڵایی دوانزە ساڵ بۆ ئەو ئێوارەیەیی کە رویکردە کۆشکی رابواردنەکەی ئەوکابرایە بۆ بینینی، پاسەوانو پیاوەکانی نەیان هێشت بچێتە ژورەوە چونکە ئاهەنگی هەبو بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم کاری زەرور بو ویستی بەزۆر بچێتە ژورەوە نەخێر کردی بەدەمەقاڵو ئەوەندەی نەمابو کەبیقەومێنێ دەنگێك لەدوایەوە هەموشتێکی ئاسایی کردەوە کە وتی (وازی لێ بهێنن بابێتە ژورەوە) کە کوڕە ئاوڕی دایەوە بۆلای دەنگەکە دی کابرا خۆیەتی کوتومت لە قیافەتی ئەم وێنەیەدا بو و هەمان پێکیشی بەدەستەوە بو کەوا دیارە بەدەگمەن لێ ی جیا ئەبوەوە. ئەوکاتەش هەرپێ ی وت ((ببورن لەناوەختدا هاتم، من چەند قسەیەکم لەگەڵتاندا هەیە ئایا ئەتوانم نەختێك بێمە ژورەوە؟))ئەوجارەش وەك ئێستا بۆ ژورێك فەرموی لێ کردم بەڵام نەك وەك ئەم ژورە. ژورێك تابڵێیت فراوان بەجوانترین کەرەسەو

رازێنرابــوەوە وەرتـــەی گـــەورەی تیـــا راخرابـــو دوســـێ چـــل چـــرا بـــە پویلانەکانیانەوەهاتبونـــە خـــوارەو و لەسوچـــێکەوە بـــارێکی جـــوانی ئـــاوا بـــەجۆرەها خواردنـــەوەی رۆژئـــاوایی لەسوچـــێکەوە دروســـت کرابـــو دیوارەکـــان بەچـــەند وێنەیـــەکی زەیـــتی هـــی وێنەکێشـــە جیهانیـــەکان رازێنرابـــوەوە و لەناوەڕاستیشـــدا مێزێکـــی گـــەورەی خـــڕ کـــەوادیاربو هـــی قوماربێـــت دانرابـــو. کەهەریەکـــەیان لەســـەر موبیلەیـــەك بەرامبـــەر یـــەك دانیشـــتن کـــوڕە بـــەکابرای وت ((مـــن دەرچـــویی کـــۆلیجی کشـــتوکاڵم‌و شـــارەزاییەکی تـــەواوم هەیـــە لـــە پەلـــەوەڕدا و زۆریـــش حـــەز بـــە بـــەخێوکردنیان ئەکـــەم ئێســـتەش مـــن بـــۆ یـــەکێك ئەگـــەڕێم بـــەنیواونیوی بەرهـــەم پارچـــەیەك زەوی پچـــوکم بـــداتێ‌و لەگـــەڵ نـــەختێك پـــارەدا کـــە بیکـــەم بەکولانەیـــەك‌و چـــەند مریشـــك‌و کەڵەشـــێرێکی پـــێ بکـــڕم جـــا ئـــیتر مەگـــەر هـــەرخوا رەزای پـــێ نـــەبێت ئـــەگینا شـــتێیەکی گـــەورەی لێـــوە بەدەســـت ئـــەهێنم)) کـــابرا هـــیچ قســـەی نـــەکرد تـــەنیا چـــەپڵەیەکی لـــێ دا خێـــرا دەرگاکـــە کرایـــەوە و پیـــاوێکی پۆشـــتەو پـــەرداخ هاتـــە ژورەوەو لەسوچـــێکەوە هەردودەســـتی نایـــە ســـەرناوکی‌و زۆر بـــەڕێزەوە راوەســـتا لـــە کـــوڕە وابـــو ئـــەڵێ دەی ئـــەم کـــوڕە بکـــەرە دەرەوە بـــەڵام پـــێ ی وت ((بـــەیانی پێـــنج دۆنم زەوی بـــەناوی ئـــەم کـــوڕەوە تـــاپۆ بکـــە)) پیـــاوە وتـــی(بـــەڵێ)و چـــوە دەرەوە لـــەو کاتـــەدا لەدەرگایـــەکی تـــرەوە دۆســـتەکەی کـــابرا هاتـــە ژورەوە کـــە ژنێکـــی تابڵێـــت شۆخ‌وشـــەنگ‌و جـــوان بـــو و تـــك تـــك ئوروســـتوقراتیەتی لـــێ ئـــەتکاو بەکراســـێکەوەکەزۆری ســـنگی‌و هـــەمو پشـــتی روت بـــو هەرچـــی مەچـــەك‌و ملـــی هـــەبو بەملوانکـــەو بـــازنی بـــەنرخ رازێنرابـــوەوە. بـــێ ئـــەوەی ســـەیری کوڕەکـــە بکـــات هـــەروەك لـــە ژوروکەشـــدا نـــەبێت چـــوبۆلای کـــابراو

دەستی دایە بالّی بیگێڕێتەوە بۆ ئاهەنگەکەو بەنازەوە پێ ی وت ((ئەمە چیە دارلینگ تۆ هەر خۆت ئەدزیتەوە)) کابرا کەوا دیاربو لەتوانایدا نەبو کە دلّی بشکێنێ خۆی بۆ شل کردو بەلاّم بەرلەوەی ژنە کابرا لە کوڕە داگیربکات خێرا کوڕەکە پێ ی وت ((ئەی بۆ پارەکە؟)) کەکابرا ئەوەی بیست دەستی کرد بەگیرفانیداو دەفتەری چەکەکەی دەرهێناو دوای ئەوەی ناوی کوڕەکەی پرسی چەکێکی بەپێنج سەد دینار بۆ نوسیو شوێن ژنەکە کەوت، بەلاّم بەرلەوەی لە دەرگاکە بچن بەودیوا کوڕە لەکابرای دوبارەکردەوە کەلەبیری نەچێت لەو پرۆژەیەدا نیواونیون لەوقسەیە ئافرەتە لچێکی تەوسی هەلّقورچانو کابراش پێ ی وت ((تەنیا یەخەم بەردە من شەریکی وەکو تۆم ناوێت!)) ئیتر هەردوکیان ئاوا بون.

لەوێدا زنجیرەی خەیالّی کوڕە بچڕا چونکە کابرا بەخۆیو پەرداخێك ئاوەوە هاتەوە ژورەوە کوڕە قومێکی لەئاوەکە داو ئیتر لەسەر تەپلّەکەکە داینا چونکە وادیاربو سەهۆلّی تێ نەکرابو کابرا چو لەسەر کورسیەك بەرامبەری دانیشت کوڕە هەرچەند سەیری کابرای ئەکرد بەئەقلیدانەئەچو کە مرۆڤ ئاوا لەوتەختو بەختەوە بێتە رسواییو نەبونیەکی واوەو، بۆ ساتێك وای هەست ئەکرد کە ئەوکابرایە نوێنەرێکە لەدەوری نەدارایەکداو ئەوەندەی پێ ناچێت ئەچێتە ئەو دیو کەوالیسەکانەوەو خۆی ئەگۆڕێت کابرا کوڕەی لەو خەیالاّنە خەبەرکردەوە کە پێ ی وت ((فەرمو بزانم خێرە تەشریفتان هێناوە؟))کوڕە لەوەلاّمدا وتی ((وادیارە نامناسیتەوە؟)) کابرا وتی ((من لەو بڕوایەدانیم کەلەمەوبەر تۆم دیبێت)) بەلاّم کەکوڕە سەرگوزشتەی دیداری یەکەمی بۆ گێڕایەوە ئەوسا وتی

"وەك خـەو شـتێكی وام لـەبیر دێـت" دوای نـەختێك وەسـتان وتـی "هیـوادارم كـە پرۆژەكـەت سـەركەوتو بوبێـت" كـوڕە وتـی "بـەڵێ ئـەو پـرۆژە پچـوكەم كـردوە بەشارۆچـكەیەكی بچـوكی مریشـكی وا كەبەلایـەنی كەمـەوە كـەمتر لـە دو صـەد هـەزار دینـار ناقـابلێنریۆ چـەندەها كرێكـار ئیشـی تیـا ئـەكاتو مانگانـە صـەدان هێلكـەو مریشـك ئەخەمـە بـازاڕەوە" كـابرا وتـی "پـێ خۆشـحاڵم"ئەوسـا كـوڕە سـەری لـەكابرا بـردە پێشـەوەو لەسـەرخۆ پـێ ی وت "جـا ئێسـتا هـاتوم حسـاب بكـەین تانیوەكـەی خۆتـت بـدەمێ لـەم ماوەیـەدا!" كـابرا حەپەسـابو كـوڕە سـەرلەنوێ دەسـتی كـردەوە بەقسـەو وتـی "هەرچـەندە تائێسـتا پاشـەكەوتێكی ئـەوتۆمان نـەبوە چـونكە زۆربـەی دەسـتكەوتەكانم داوە بـە كەرەسـەو ئوتومبیـلو شـتومەك بـۆ فراوانكردنـی پرۆژەكـە بـەڵام لەمـەودوا دڵنیـات ئەكـەم كەهـەمو مانگێـك ئەوەنـدەت بەربكـەوێت كـە بـە تـیرفی پـێ ی بـژیتو ئومێدەواریشـم كـە درەنـگ نـەهاتبم" كـابرا كەئـەو قسـانەی بیسـت بـڕوای نەئـەكرد كـە راسـتن و هـەروای ئـەزانی كـە خەوئـەبینێت بـەڵام خـەوێكی خـۆش زۆر زۆر خـۆش كەلـە هەموسـاتێكیدا منداڵەكانی تیا ئەبینیت بەتێریو پۆشتەو پەرداخی.

پاشكۆ

ئێستا کە چیرۆکەکەتان خوێندەوە، وەك بەڵێنم پێ دان، پێتان ئەڵێم کەچیم خستۆتە سەر:

من زۆر ئەو پیاوەم خۆش ئەوێتو لە هەمان کاتیشدا بەزەیشم پیادا ئەهاتەوە.

پیاوێك بو لەتەمەنی حەفتا ساڵ نزیك بوبوەوە. دامەزراو باڵا مامناوەندی بەسەر قەڵەویدا ئەیڕوانی چاکەتو پانتۆڵی لەبەر ئەکرد سمێڵێکی سپیو قژی هەر سپی پیاوەتی لێ ئەباری گەنم ڕەنگ هەر کە ئەتدی ئەچوە دڵەوەو ئەبو ڕێزی لێ بگری. کە ئەتدوان زۆر لەسەرخۆ قسەی ئەکرد هەمیشە زەردەخەنەیەکی بەسەر لێوەوە بو شارەزاییەکی زۆری هەبو لە مێژودا بەتایبەتی مێژوی دەوڵەتی عوسمانی چونکە گەنجێتی لەوسەردەمەدا بردبوە سەر بەکورتی نمونە خانەدانێکی لێ قەوماو بو.

بە ئاواتەوە بوم ئەگەر بە موعجیزەیەکیش بوایە ئەو پیاوە لەو نەهانەتیو نەبونی یە بێتە دەرەوە. بۆیە بەخەیاڵ ئەو کوڕە قژ ئاڵۆزاوەم بۆ دروست کرد کە گوایە لەکاتی خۆیدا ئەو پارەو پارچە عەرزێکی پێ بەخشیوە و لە ئەنجامدا وەك فریشتە فریای کەوتوە. ئەمە هەر بە خەیاڵ بەڵام لە واقعیدا هەر بەو کلۆڵیەوە سەری نایەوە.

### ٦–لەئەنجامدا شەیتان سەرکەوت

له نوسینی چیرۆك نوسی میسری توفیق حکیم

ئەگێڕنــەوە کــە لەولاتێکــدا، خــەڵکی لــەبریتی خــوا دەســت ئەکــەن بــە پەرسـتنی درەختێـك.پیاوچـاکێك کـە ئەمـە ئەبیسـتێت یەکسـەر دەسـت ئەداتـە تــەورێك و ئەچــێت بــۆ بڕینــەوەی درەختەکــە. کــە نزیــك ئەبێتــەوە لــیٚ ی شەیتان پێشی لیٚ ئەگرێتو تیٚ ی ئەخورێت:

–ئــەوە چــی ئەکــەیت کــابرا؟ بــۆ ئــەو دارە ئەبڕێتــەوە؟ هــار بویــت؟ تــۆ لــەباتی ئــەوەی درەخــت بنێــژی ئــەهێنێت ئەیانبڕێتــەوە، ئــای کەچــەند مرۆڤێکی زیان بەخشو هاولاتیەکی خراپیت.

–ئــاخر ئــەم درەختــە نەعلەتیــە ڕێگــەی لــە خــەڵکی تێکــداوە، لــە خواپەرستی خستون.

–ئینجا تۆ هەقت چی یە بەسەر خەڵکەوە، باهەر ڕیٚ لیٚ تێکچوبن.

–چـۆن هـەقم چیە، ئـەی مـن نابێـت ڕێگـەی ڕاسـت نیشـانی خـەڵکی بـدەم، ئەی بۆ پێم ئەڵێن پیاوچاك.

–نـەخێر تـۆ ئـەبێت وابکـەیت کـە خـەڵکی سەربەسـت بـن لەبیروباوەڕیانـدا، چیان پیٚ خۆشبیٚ با ئەوە بکەن خوای ئەکرد کەرێکیان ئەپەرست.

–جـا تـۆ ئەمـە نـاو ئـەنێیت سەربەسـتی؟ نـەخێر ئەمـە هـەڵگرتنی شـوێن پــیٚ ی شــەیتانەو خراپــەکاریو بــۆ کــرداری خــراپیش هــەرگیز نــابیٚ سەربەســتی هەبێت.

– کەوابو بڵێ ئەبێ خەڵکی هەر گوێ لە قسەکانی تۆ بگرنو وا رەفتار بکەن وەك تۆ ئەتەوێت.

– بڵێ وەك خوا ئەیەوێت چونکە قسەو کرداری من ئەوانەن کە خوا فەرمویەتی ئەبێ خەڵکی بیانکەن.

– هەرچۆنێك بێت من نایەڵم بیبڕێتەوە.

– پێت خۆش بێتو بێت ناخۆش بێت هەر ئەبێ بیبڕمەوە. پیاوچاك ئەوەی وتو ئامبازی شەیتان بو. ئەو یەخەی ئەمو ئەمیش هەردو شاخی ئەو ئەگرێو ساتێکی باش یەکتری ئەهێننو ئەبەنو لەئەنجامدا پیاوچاك سەرئەکەوێتو چوك دائەداتە سەر سنگی شەیتانو پێ ی ئەڵێ:

– خۆ ئێستا زەبروزەنگی منت بۆ دەرکەوت؟ شەیتان بە هەناسەبڕکێوە ئەڵێ:

– ئا. هەرگیز لەوبڕوایەدا نەبوم کەتۆ ئەمەندە بەهێزو توانا بێت.هەڵسە لەسەر سنگمو چی ئەکەیت بڕۆ بیکە.

پیاو چاك هەڵئەستێت بچێ درەختەکە ببڕێتەوە بەڵام سەیری کرد شەرەکە ئەوەندە شەکەتی کردوە توانای تەور وەشاندنی نەماوە ناچار ئەگەڕێتەوە بۆ کونجی قەناعەتەکەی تا ئەو شەوە بحەسێتەوەو ئینجا بۆ بەیانی بێتەوە وێزەی پیرە درەخت.

بۆ سبەینێ کە خەریك بو بگاتە لای درەختەکە بەهەمان دەستوری رۆژی پێشو شەیتان رێگەی پێ گرتەوە نەخێر دیسان کەوتنەوە زۆران بازیو تەپو تل. زۆری لەسەر نەرۆین ئەمجارەشیان پیاوچاك شەیتانی دایەوە بە زەوی داو

چـوکی خسـتەوە سـەر سـنگی. شـەیتان لـە کاتێکـدا کـە بـەحاڵ هەناسـەی ئـەهاتو ئەچو بە پیاوچاکەی وت.

– وا.وادیارە. تۆ لە. بڕیارەکەت نایەیتە. خوارەوە.

– هاتنـە خـوارەوە؟! هـەرگیزاو هـەرگیز یـا ئەوەتـە سـەرم دائـەنێم یـان ئەوەتە رەگو ریشەی ئەم درەختی رێ لێتێکچونە لەبن دەرئەهێنم.

– باشە تۆ لەوبڕوایەدایت کەمن بیەڵم تۆ ئەمە بکەیت؟

– ئینجـا تـۆ چـیت تـا بیـەڵێت ئەمـە بکـەم یـان نەیکـەم بـۆ تـۆ نابینیـت کەبەشـت هـەر ژێرکـەوتنو بەزینـە. شـەیتان لـە دڵـی خۆیـدا وتـی ((شـەڕو زۆران بـازی لەگـەڵ پیـاوێکی وادا ئـەنجامی نیـە، چـونکە لـەو کەسـە بـەهێز تـر نیە کە لەپێناوی بیرو باوەڕدا بجەنگێ)).

ئـەی چـار چیە؟ چـار ئەگـەر هـەبێت هـەر فرۆفێـڵو تـەماعی دنیایـە بـەڵێ بـا ئـەم جارەیـان تـەماعی بنیمـە دەم بـزانم ئـەمیان چـی ئـەکات. بۆیـە ئـەم جارەیـان کەشـەیتان دەسـت ئەکاتـەوە بەقسـە هـەر وەك بـەزەیی بـە پیاوەکـەدا بێتـەوە یـان بەسـەریدا بێـت کـەپێ ی ئـەڵێت: تـۆ وادیـارە هێشـتان لـە مەبەسـتی مـن نەگەیشـتبیت کـە بـۆ مـن حەزناکـەم ئـەم درەختـە ببڕیتـەوە؟ مـن خـوا ئاگـادارە کـە ئەمـە ئـەڵێم لەبـەر خۆتمـە. ئـەڵێم ئەترسـم بـەم بڕینەوەیە خۆت توشی بەزمو رەزم بکەیت.

چـونکە خـەڵکی بڕوایـەکی زۆریـان بـەم دارە هەیـەو دورنیـە خوانەخواسـتە زیانێکـت پـێ بگەیـەنن لەکاتێکـدا مـن تـێ ناگـەم تۆچـیتداوە لـەم کـەینو بەینـە. تـۆ بـۆ نایـەیت لـەم کەلـە بێتـە خـوارەوەو منـیش هـەمو رۆژێك دولـیرەت بـۆ ببڕمـەوە کـە ئـەمرۆ لەسـەروپێتەوە زیـادەو هـەتا ماویـت ئـەتوانیت وەك

پاشا پێی رابوێری دوای خۆشت پشتاو پشت پێی خەنی ئەبن ئیتر من نازانم تۆ چیت داوە لە خەڵکی. خەڵکی بەتۆ چاك ناکرێن

- دو لیرە!؟

- ئا.ئا.دو لیرەی ئالّتون هەمو بەیانیەکیش لەژێر سەرینەکەتدا ئەبێت!

پیاوچاکە کە نەختێك راماو ئینجا بەشەیتانی وت:

- باشە کێ ئەڵێ تۆ بەڵێنەکەت ئەهێنێتە دی؟!

- بەڵێنت ئەدەمێ، بەڵێنی پیاو دوا رۆژیش بۆت دەرئەخا کەمن چەند راستگۆم.

- زۆر چاکە دەی

- کەوابو پێك هاتین

- لێدەرەوە

شەیتان ئەوەی وت و دەستی خستە دەستی پیاوچاکەکەوەو دوای ئەوەی بەڵێنەکەیان تازەکردەوە پیاوچاکەکە گەرایەوە بۆ ئەوشوێنەی لیوەی هاتبو.مانگێك تێ پەڕی پیاوچاك هەمو بەیانیەك کە دەستی ئەکرد بە ژێر سەرینەکەیدا دو دانە لیرەی زەردی تێدا بو بەلاّم کە مانگە تێ پەڕی بەیانیەکی وەك جاران کە دەستی کرد بە ژێر سەرینەکەیدا سەیری کرد لێرەی تیادا نیە. هەرچەندە سەرینو لێفەو دۆشەکی هەڵدایەوەو ئەم دیوو ئەو دیوی کردن هیچی بەرچنگ نەکەوت. ئینجا دڵنیابو. کەشەیتان بریویەتی لە دڵی خۆیدا وتی ((من ئەگەر ئەو پارەیە نەبێ ئەهێڵم درەختەکە بمێنێ مادام کە ئەو موچەکەی بڕی منیش یەك سات لەمە زیاتر

نایـەڵم ئـەو درەختـە بـە پێـوە بێـت)) ئـەوەی وت و پـڕی دایـە تەورەکـەی تـا بچـێتەوە گیـانی درەختـە بـور لـە ڕێگـا دیسـان شـەیتان پێشـی پـێ گـرتو بـە شێوەیەکی گاڵتە ئامێزەوە پیَ ی وت:

– ئەمجارەیان بۆ کویَ؟

– بۆ درەختەکە. بۆ برینەوەی

– ئەمجارەیان بۆ؟

– بـۆ ئـەوەی مـاکی لـە ڕێلێتێکچـونو بـێ ئـاینی لـەبن دەر بهێـنمو لـە جێگەی ئەو مەشخەڵی بڕواو و خواناسی هەڵکەم.

– لەبـەر ئەمانـە، یـان لـە قـینی دو لیرەکـەی کـە ئـەم بەیانیـە لـە ژێـر سـەرتا نەبو؟!

– گاڵتەم پیَ ئەکەیت هەی مەلعون

– هـەر گاڵتـەو بـەس، وا دیـارە تـۆ نازانیـت سەروسـەکوتت چـەند پێکـەنین ئاوەرە.ها.ها.ها

– ئـاوام پـێ ئـەڵێت هـەی درۆزنـی فێڵبـازی بـێ ئـابڕو. لەوێـدا پیاوچـاکەکە هـــەڵی کوتایـــە ســـەر شـــەیتانو وەك جـــاران شـــاخەکانی گـــرتو نـــەختێك یـــەکتریان هێنـــاو بـــرد بـــەڵام زۆرانـــە کـــەیان ئـــەمجارە زۆری نەخایـــەنو ئەوەنـدەی پـێ نەچـو کـە شـەیتان پیاوچـاکەکەی دا بـە زەویـدا و چـۆکی نایـە سەرسنگیو بە تەوسێکەوە پیَ ی وت:

– ئـەبینم ئـەم جارەیـان هێـزو تواناکـەی جارانـت نیـە پیاوچـاکەکە لـەبریی ئەوەی وەڵامی بداتەوە پرسی:

– تۆ پێم ناڵێیت بزانم چۆن وا بەسەرمدا زاڵ بویت

– ئـــەزانی چـــۆن کەلـــەڕێی خـــوا دا تورەبویـــت، ســـەرکەوتی، بـــەڵام کـــە بۆخـــۆتو دەســـت کـــەوتی خـــۆت بـــو، مـــن بەســـەرتا زاڵ بـــوم. کەلـــە پێنـــاوی بیروبـــاوەڕدا جـــەنگایت دامـــت بەزەویـــدا بـــەڵام کـــە بـــۆ ســـودی خـــۆت کـــردت ژێرکـــەوتیت. ئێســـتا تـــۆ نیـــت ئـــەو پیـــاوەی کـــە ئـــەم درەختـــە ئەبڕێتـــەوە چـــونکە ئەمـــە کـــاری یـــەکێکی خـــاوەن بڕوایـــە کـــە تـــۆ ئێســـتا نیتـــە چـــونکە تـــۆ گۆڕیتـــەوە بـــە زەردی زرینگـــەدار لـــە بـــەر ئـــەوە چـــاك وایـــە تـــا رســـواتر نـــەبویت بەقســـەی مـــن بکەو بەحەیای خۆتەوە بگەڕێرەوە جێگەی خۆت.

پیاوچـــاکەش بەقســـەی شـــەیتانی کـــرد چـــونکە ئـــەیزانی ئـــەمجارەیان راست ئەڵێت[1].

---

[1] وەرگێڕانـــی ئـــەم چـــیرۆکە لـــە ژمارەیـــەکی گۆڤـــاری (بـــەیان)ی کۆتـــایی ســـاڵی ١٩٧٥ یان سەرەتای ساڵی ١٩٧٦دا بڵاوکراوەتەوە.

## ٧-كوتێك گۆشت[1]

له نوسینی چیرۆکنوسی ئەمریکی بەناوبانگ/جاك لەندەن[2]

بـەدوا پارچـە نـان "تـۆم کیـنگ" ئـەو شـۆربایەی کـە بـە قاپەکـەوە مـابوە سـڕیو لـە کاتێکـدا کـە لـە بیرکردنەوەیـەکی قوڵـدا بـو دەسـتی کـرد بـە جـوینی. وە کە لەسەر مێزەکە هەڵسا هەستی کرد کە تێری نەخواردوە.

---

[1] قطعـة البفتیـك- نـاوی عـەرەبی ئـەم چـیرۆکەیە کـە ئێمـە لێمانـەوە گۆڕیـوە. ئـەم چـیرۆکەو کۆمـەڵێك چـیرۆکی تـری هـەمان چـیرۆکنوس بـە پـەراوێك لـە ژێـر نـاوی (تحـت سمـاء الجلیـد- لـە ژێـر ئاسمـانی سـەهۆڵدا) لـە گـۆڕینی (جـوفر حـداد) کتێبخانـەی (التحریر -بغداد) بڵاوی کردۆتەوە.

بـەفتیك -خـواردنێکی باناوبانگـە لـە زۆربـەی وڵاتـەکانی دەرەوە، کـەبریتی یـە لـە پارچـە گۆشـتێکی تـوێ کـراو. وە دوای ئـەوەی ئـەکوترێ لـە هێلکـەی شـڵەقاوی هەڵئەکێشـن و لـە رۆنـی قرچـاودا سـوری ئەکەنـەوە.مـن بـە کوتێـك گۆشـت وەرم گێـڕا چونکە ئەم ناوە لە کوردەواریدا نەزانراوە.

[2] جـاك لەنـدەن چیرۆکنوسـێکی ئەمەریکاییـە لـە سـاڵی ١٨٧٦وە تـا ١٩١٦ژیـاوە. بەمنـداڵی بـێ دەرەتـانو لـە لاویێتیشـدا ژیـانێکی نەسـرەوتو ئـاڵۆزی بردۆتـە سـەر و زۆرجـاریش پـەیامنێری رۆژنامـەکان بـوە ئـەو ژیانـە جۆراوجـۆرە هـەوینێکی زۆری دایـە بـو چـیرۆكو ڕۆمانـەکانی کـە کـردی بـە بـەناوبانگ تـرین چیرۆکنوسـی سـەرەتای ئـەم چەرخە.

ئـەو تـەنیا کەسـێك بـو لـە خێزانەکەیـدا کـە ئـەو ئێوارەیـە شـێو بکـات. دو کـوڕە بچـکۆلەکەیان نـارد بـو بـۆ ژورەکـەی تـر کـە بنـون تـاوەکو بـەوە لـەبیریان بچـێتەوە کـە هیچـیان نـەخواردوە. ژنەکەشـی کـە ئـەویش هیچـی نـەخواردبو خـەمبار بـە دیاریـەوە دانیشـتبو تـێ ی دەڕوانـی. ژنەکـەی ئـافرەتێکی رەنـگ زەردی لاواز بـو. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا تـا ڕادەیـەك جـوانی مـابو. بـۆ ئـەو ئـاردەی کـە بـۆی کردبـو بـە شـۆرباکە ئەویشـی لەیـەکێك لـە دراوسـێکانیەوە خواستبو، وە نانەکەشی بەو چەند پنسەکەمە کڕیبو کە مابویەوە.

دوای نـــان خواردنەکـــە چـــوە تەنیشـــت پەنجـــەرەی ژورەکـــەوەو لەســـەر کورسـیەك دانیشـت کـە لـە کۆنیـدا ئەینالآنـد لـە ژێریـدا، دەسـتی دایـە سـەبیلەکەی و نـای بەدەمیـەوە بـەڵام لەوێـدابیری کەوتـەوە کـە تـوتنی نـەماوە، بۆیـە لـەولاوە داینـا. بـۆ ڕواڵـەتیش پیـاوێکی تێکسـمراوی دامـەزراوی بـەهێز بـو. جـلو بەرگیشـی شڕوشـۆڵو لـەو جـۆرە خـراپو هـەرزان بـەهاکان بـو. ئـەم "تـۆم"ەش کـەس نـەبو ئـەو پاڵەوانـە بەناوبانگـە نـەبێت کـە چـەندەها دوژمـنی بەزانـدبو و قارەمانیـەتێکی بـێ شـوماری بردبـوەوە. دەم زلێکـی چـەناگە بـە سـامی بـرۆ چـڕ بـو، چـاوەکانی تیـژ وەك چـاوی بـاز بـو، مـرۆڤ زەنـدەقی لـە کەللـەی ئەچـو، لوتـە پانەوەبوەکەشـی، دوجـار ئێسـقانەکانی شـکابون، روخسـاری ترسـی ئەخسـتە دڵـی ئەوانـەوەی کـە لـەتاریکی یـان چـۆڵەوانیدا چـاویان پـێ ی بکەوتایـە. ئـەو نـەتاوانکار بـو وەنەکەسیشـی ئـازار ئـەدا ئەگـەر پەیوەنـدی بـە پیشـەکەیەوە نەبوایـە وە هـەرگیز شەڕیشـی بەکـەس نەفرۆشـتبو. ئـەو پیشـەکەی بـۆکس وەشـاندن بـو. هـەمو دڕنـدەیی

یەکـەی بـۆ یاریـەکانی تـەرخان کردبـو. کەلەسـەر تەختەبەنـدی[1] بۆکسـێن[2] ئـەیکردن.ئـیتر لـەو تەختـە بەنـدە دەرچـێت، بەتایبـەتی لـەو ڕۆژانـەدا کـە سـامان بـە سـەریدا ئـەباری‌و ئـەویش دەسـت بڵاوانـە خـەرجی ئـەکرد، ئـەوەی پێـی بڵـێن دوژمنـە نـەیبو. ئـەو هـەر لـە یاریـدا دەسـتی ئەوەشـان، بەمەبەسـتی ئـازار دانـی دوژمنەکـەی، پریوانـدنی لەشـی، یـان هـەر بەتـەواوی لـەناوبردنی. جـا کـە ئـەوەی ئـەکرد لەبـەر ئـەوە نـەبو کـە حـەزی بەخراپـەکاری ئـەکرد. نـەخێر. بـەڵکو لەبـەر ئـەوە بـو کـە پیشـەکەی پێویسـتی بـەوە ئـەکرد. چـونکە کـە خـەڵکی ئـەهاتن بـۆ یـاریی یـەکانی‌و پارەیـان ئـەدا بـۆ ئـەوە ئـەهاتن کـە بیـانبینن چـۆن یـەکتری دائەپلۆسـن. وە ئـەوەی بیبردایەتـەوە پاداشـتی ماندوبونەکـەی وەرئـەگرت. کـەوابو لەسـەری بـو کـە چلێسـی جەماوەرەکـە تێر بکات.

کەبـەر لەبیسـت سـاڵ تـۆم کینـگ بـەرەنگاری قارەمـان "گۆجـەر" بـوەوە. ئـەیزانی کـە چـەناگەی پـێش چـەند مانگێـك شـکێنراوە، بۆیـە لـە یاریەکـەدا هـەوڵی ئـەوەی ئـەدا کـە جـارێکی تـریش بیشـکێنێتەوە. جـا کـە ئـەوەی ئـەکرد لەبـەر ئـەوە نـەبو کـە کینـەی هـەبو لەگـەڵ گۆجـەردا، نـەخێر بـەڵکو لەبـەر

---

[1] تەختـە بەنـد=حلبـە واتـا ئـەو شـوێنەی کـە یاریەکـەی تیـا ئـەکرێت کـە بـریتی یـە لـە مێزێکی گەورەو دەوری بە حەبل گیراوە

[2] بۆکسـێن = ملاکمـە وەکـو واغـێن، تـرنجێن، تۆپێن،خەتخـەتێن، سـێ رسـکێن، واتـا هەرچ وشەیەك (ێن)ی چوە سەر ئەبێ بەیاری.

ئەوە بو کە ئەوە باشترین رێگە بو بۆ زاڵ بون بەسەریداو بەدەست هێنانی پارەی پاداشتەکە. هەروەها گۆجەریش قینی لەو هەڵنەگرت چونکە هەردو قارەمانەکە ریَو شوێنی یاری یەکەیان ئەزانی چۆنە.

تۆم کینگ بەبێ دەنگیەوە ئەیڕوانیە دەستەکانی، دی کە دەمارەکانی پشتی دەستی پان بونو هەڵئاوساون پەنجەکانیشی گێڕوگەوێڕ بونو لە پەنجەی خەڵکی ناچن لە ئەنجامی ئەو مەبەستەوە کە بۆی بەکارهێناون. تا ئەو کاتە نەیئەزانی کە ژیانی مرۆڤ بەستراوە بە مانی دەمارەکانیەوە. دڵی خوێنێکی زۆری پاڵ پێوە نابو، بەرگەی پاڵەپەستۆیەکی زۆری گرتبو دەمارەکانیشی وەك پێشو کاریان نەئەکردو ئەو نەرمو نۆڵیەی جارانیان نەمابو. پێستیشی تەنك بو بو و توانای بەرگە گرتنیان کەم بو بوەوە. لەم دوایی یەدا زو شەکەت ئەبو، لە توانایدا نەمابو کە بیست کایە[1] بجەنگێ و وەك پێشو هەرلێ بداو لێ ی بداتەوەو دوژمنەکانی دڕندانە بەسەر حەبلەکاندا تورِ بداتە خوارەوە. بەڵێ وەك جاران نەئەیتوانی بۆکس بوەشێنێو نەبەرگەشی بگرێت.

سەرنجی دایە مستی، ئەو مستانەی کە چەندەها جار لە کاتی لاویدا دایئەهێنایەوە بۆ دوژمنەکانی و تێكو پێکی ئەشکاندن. وە هەرگیز ئەو مستە کۆڵە جگەربڕەی[2] لە بیر ناچێتەوە کەسەری "بێنی جۆنز"ی پێ

---

[1] کایە = جەولە

[2] جگەر بڕ = واتا ئەو لێدانانەی کە هەڵناسنەوە

هـارِی، کـە بـەناوبانگ بـو بـە"بـێنی تۆقێنـەر". هەسـتی کـرد کـە کەڵبـەی برسـێتی سـەر لـە نـوێ تـێ ی هەڵئەچـەقێتەوە، لەکاتێکـدا کـە مشـتی رائەوەشـان بـە داخـەوە لەبـەر خۆیـەوە ئـەیوت: باشـە، باشـە ئایـا نـاتوانم کوتێـك گۆشـت پەیـدا بکـەم؟. روم نـا لـە هاوڕێکـانم، لـە "بـیرك"و "سـاولی"و ئـەوانی تـریش کـە شـتێك پـارەم بـدەنێ بـە قـەرز، بـەڵام چـونکە ئـەیانزانی کـە دەسـتم زۆر کورتـەو دورنـی یـە کـە پـێم نەدرێتـەوە، دەسـتیان نـا بـە رومـەوە. "تـۆم کینـگ" بـیر بـردی یـەوە بـۆ رۆژانـی خۆشـی، ئـەو کاتـەی کـە بـۆ گۆشـت، گایـەکی سـەردەبڕیو ئەگـەر داوای لـەم "بـیرك"ی قەسـابە بکردایـە بـۆ هـەزار پارچـە گۆشـت یەکسـەرئەیدایە بـێ ئـەوەی نـاوی پـارە بـەرێت یـان بڵێـت کـەی ئەیـدەیت. بـەڵام ئێسـتا ئەوسـا نـی یـە. ئێسـتا "تـۆم کینـگ" پـیر بـوەو ئـەو بـۆکس وەشـێنە پیرانـەی کـە وەك ئـەم لـە یاریگـا بچـکۆلەکاندا یـاری ئەکـەن دوکاندارەکان بۆ قەرز پێ دان پشتیان پێ نابەستن.

ئـەو بـەیانی یـە کـە خەبـەری بـوەوە دڵـی بـە کوتێـك گۆشـتەوە بـو. ئـەو حەزەشـی تـا ئێسـتا هـەر مـاوە. ئـەو مەشـقەی کـە پێویسـت بـو. بیکـات بـۆ یـاری ئـەمجارە، نـەیکردبو. کاروبـاری ئەوسـاڵەی ئوسـترالیا زۆر خـراپ بـو بـە رادەیـەك کەنەیئـەتوانی ئیشـێك بدۆزێتـەوە بـا زۆر رۆژانەشـی کـەم بوایـە. لەبـەر ئـەوە ئـەو ماوەیـەی بـێ کـار بردبـوە سـەرو تێیـدا خـواردنی تـەواو بـە برشـتی نـەخواردبو، بۆیـە گـران بـو لەبـەری کـە مەشـق بکـات. سـەرەڕای ئـەوەش ئـەبو دو کـوڕی بچـکۆلەو ژنێـك بـەخێو بکـات. کـە دەنگـی یـاری کردنەکـەی لەگـەڵ "سـاندڵ"دا بڵاوبـوەوە، دوکانـدارەکان شـتێکی کـەمیان لـە پێویسـتی یـەکانی پـێ فرۆشـت بـە هیـوای ئـەوەی کـە یـاری یەکـە تـەواو بـو

پارەکـــانی بـــدات. ســـکرتێری یانـــەی "گـــایتی"ش بەچـــەند مـــەرجێك ســـێ جونـــەیهی پێشـــەکی ئەدایـــە بـــەڵام دەســـتی نـــا بەوایانـــەوە، چـــونکە مەرجـــەکانی بـــەدڵ نـــەبو. بەیناوبـــەینیش چـــەند شـــلنێکی قـــەرز ئـــەکرد لـــە هـــاوڕێ کۆنـــەکانی کـــە ئەگـــەر دەرامـــەتیان بـــاش بوایـــە زۆرتریـــان ئەدایـــە. هەرچـــۆنێك بێـــت مەشـــقی تـــەواوی نـــەکردبو و خـــواردنی پێویستیشـــی نـــەخواردبو، لـــە پـــاڵ ئەوەشـــدا ئـــارامی ئـــەوەی لـــێ هـــەڵگیرابو کـــە تەمـــەنی بوبـــوە چـــل ســـاڵو چـــل ســـاڵیش ئـــەوەی پـــێ ناکرێـــت کـــە لاوێکـــی بیســـت ســـاڵی وەك دوژمنەکـــەی، پـــێ ی ئەکرێت.

لـە ژنەکـەی پرسـی: لیـزی، سـەعات چـەندە؟. دوای ئـەوەی ژنەکـەی چـوە ژورەکەی ئەودیو هاتەوە وتی: چارەکی ئەوێت بۆ هەشت.

—دوای چـــەند دەقیقەیـــەك یـــاری دەســـت پـــێ ئـــەکات، بـــەڵام بـــۆ مـــن ســـەعاتێکی پـــێ ئەچـــێت هـــەتا ســـەرەم دێتـــە ســـەر. دوای دەدەقیقـــە بـــێ دەنگـــی وتـــی: ئـــەوەی راســـتی بێـــت لیـــزی، مـــن مەشـــقی تـــەواوم نـــەکردوە. ئـــەوەی وت و لەســـەر کورســـی یەکـــەی هەڵســـاو شـــەپقەکەی گـــرت بەدەســـتەوەو بـــەرەو دەرگاکـــە کەوتـــە رێ. ماچـــی ژنەکـــەی نـــەکرد وەك زۆربـــەی مێردەکـــان ئەیکـــەن. بـــەڵام ئـــەو شـــەوە ژنەکـــەی زاتـــی کـــرد ئـــەو مـــاچ بکـــات. خـــۆی بەشـــانەکانیدا هەڵواســـیو بـــە هێواشـــی بـــەلای خۆیـــدا نوشـــتانیەوە، چـــەند بچـــکۆلە بـــو لەچـــاوکەتەیی مێردەکەیـــدا دوای ئـــەوە ماچـــی کـــردو تونـــد بەخۆیەوە نوساند پێ ی وت:

ئاواتی ئامانجێکی باشت بۆ ئەخوازم، ئەبێ هەربە سەریدا سەرکەوێت؟

تـۆم لەسـەر شـانی ژنەکەیـەوە سـەیری ژورەکـەو ئـەو کـەل‌و پەلـە کۆنانـەی کـرد کەلـەوە بـەو لاوە هیچـی تـری شـك نەئـەبرد لـە دنیـادا سـەرەڕای کـرێ خانوەکـەش کـە چـەند مانگێـك بـو نەیـدابو. تـۆم بـیری لـەوە ئـەکردەوە کـە بـەم شـەوە تاریکـە ئـەڕوات، بـەڵام نـەك وەك ڕۆیشـتنی عەمەلەیـەك بـۆ کارگەکـەی یـان بازرگـان‌و فەرمانبـەر بـۆ شـوێنی ئیشـەکەیان. بـەڵکو ڕۆیشـتنێکی دڕندانـە، ئاژەڵانـەی پێشـینان ئاسـایی کەبجـەنگین خواردنیـان پەیـدا دەکـرد. ئـەبێ هـەر سـەرکەوم، ئـەگینا پـارەی گەڕانەوەشـم نابێـت. بـەڵام ئەگـەر بردمـەوە ئـەوا هەرسـێ جونەیهەکـە ئـەدەن بـە مـن‌و بـەوە سـەرەڕای ئـەوەی هـەمو قـەرزەکان ئەدەمـەوە پارەیـەکی باشیشـم پـێ ئەمێنێ. خوا حافیز ژنە خۆشەویستەکەم.

بـەر لـەوەی لـە ژورەکـە بچـێتە دەرەوە وەرچـەرخایەوەو وتـی: ئەگـەر بردمەوە ئەوا لانادەمە هیچ شوێنێك و یەکسەر دێمەوە بۆ ماڵەوە.

—باشە منیش چاوەڕوانت ئەکەم.

بـەینی ماڵەکـەیان‌و یانەکـە دو میـل زیـاتر بـو. لەکاتێکـدا کـە بـەپێ ئـەیبڕی یـادی ڕۆژانـی نگـین ی ئـەکردەوە ئەوکاتـەی کـە قارەمـانی (وێڵـزی تـازە) بـو لـە سـەنگی قورسـداو چۆن بەسـواری ئوتۆمبیـل ئەچـو بـۆ ئاهەنگەکـەو خـەڵکی خواخوایان بـو کـرێ کـەی بـۆ بـدەن‌و خۆیـان هەڵکێشـن بـەوەوەی کـە گوایـە لـە تەنیشـت قارەمانـەوە سـوار بـون، وەیـان چـۆن هەنـدێك ماتۆرسـکیل سـواریش بـە دەوروپشـتی ئوتومبیلەکەیـدا ئـەهاتن‌و ئەچـون هـەتا ئەیانگەیانـدە جـێ ی خـۆی، دەوا ئێسـتا ئـەبێ بـەپێ بچـێت. ڕۆیشـتنی دو میلـیش بـەر لـە یـاری یـەکی وا توانایـەکی زۆر بـەفیڕۆ ئـەبات کـە ئـەبو پاشـەکەوتی بکردایـە بـۆ یـاری

یەکە. بەڵێ پیر بوەو خەڵکیش بەتەنگ پیرەوە نین. ئێستا بۆ هیچ ناشێت مەگەر بەردەستی وەستایەکی بەنا نەبێت، بەڵام ئەوانیش لەبەر لوتە شکاو گوێچکە هەڵتاوساوەکانی لەوانەیە پێ ی قایل نەبن. خۆزگە ببوایە بەبازرگان ئەوەی کەلێك بۆ باشتر بو. بەڵام کەسێك لەوەختی خۆیدا رێگەیەکی وای نیشان نەدا. بەڵام ئەگەر نیشانیشی بدایە هەر بەگوێ ی نەئەکردن چونکە ئەو بۆکسێنی بەهیچ شتێکی تری ئەم دنیایە نەئەگۆڕیەوە.

ئەم پیشەیەی ئێستای ئاسانەو پارەیەکی زۆری لێ هەڵئەوەرێ جگە لەو ناوبانگو شکۆیەی کە ئەیدا بە خاوەنەکەی هەروەها ژمارەیەکی زۆر خۆلە پێشکەرەکان دەورەی ئەدەنو ئەوانەی کە دەست ئەدەن بەشانداو تەوقەی لەگەڵ ئەکەنو "مەی"ی پێش کەش ئەکەن هەرچ کاتێك کە رێکەوتی بکەن. هەمیشەش ناو دەنگو باسەکانی بەپیتی گەورەو لەیەکەم لاپەڕەی رۆژنامەکاندا بڵاوئەکرێتەوە.

ئای کە ئەو رۆژانە خۆش بون، بەڵام ئێستا پیر بوە یادی ئەو رۆژە خۆشانەی کردەوە، رۆژانی لاوی و توانـاو گەنجەفە. یادی ئەوەی کردەوە کە چۆن بەسەر "ستوشربێڵ"دا بە بۆکسی جگەر بڕو بەسەر "راش بای"دا لە کایەی هەژدەهەمدا سەرکەوت.

ئەو دو قارەمانەش وەك ئێستای ئەم پیر بون. هاتەوە یادی کە چۆن "بێل"ی بەسەزمان دوای دۆڕاندنەکەی وەك منداڵ دەستی کرد بەگریان. ئەشێ "بێڵ"یش وەك ئەم کرێ ی خانوەکەی نەدابێت. وەیان ژنو

منداڵـەکانی برسـی بـو بـونو حـەزیان بـە پارچـەیەك گۆشـت کردبێـت. بۆیـە گریا ئەو رۆژەی کە پیرێکی وەك ئەو بە "تۆم کینگ"ی لاوی دۆڕاند.

هـەمو بـۆکس کارێـك وزەیـەکی تایبـەتی هەیـە کـە ئـەبێت دەسـتی پێـوە بگرێـت ئـەگینا تیـا ئەچـێت. بۆیـە یـەکێك ئـەتوانێت سـەد جـار بۆکسـێن بکـاتو ئەوی تر ناتوانێت لە بیستی تێ بپەڕێنێ.

"تـۆم کیـنگ" خـۆیو ماسـولکەکانی زۆر زیـاتر لـەوەی لەتوانایـدا هـەبو رەتانـدبو. بۆیـە دڵو سـیەکانی وا هـیلاکو دەمارەکـانی ئەوەنـدە شـەکەتە. بـەڵێ. ئـەم لەهـەمو قارەمـانێکی تـر زیـاتر بۆکسـی هاویشـتوە، هـاوڕێ کۆنـەکانی هـەمو مەیـدانیان چـۆڵ کـرد، کۆتـایی یـەك بەیـەکیانی دیو دەستیشـی هـەبو لـە بـەزینو کۆتـایی پـێ هێنـانی زۆریـان دا. لـە پێشـدا پیرەکـان تاقیـان کـردەوە، هـەموویانی بەزانـد وەك ئـەو "ستوشـربێل" ەی کـە دوای یاریەکـە گریـا. دەوا ئێسـتاش ئـەمی پـیر لەگـەڵ لاوەکانـدا تـاقی ئەکەنـەوە. بـەڵێ ئـەبێ دوای نـەختێکی تـر بـەرەنگاری "سـاندل"ی زەبـر بەدەست بـێ کـە لـە "نیوزیلەنـد"ە وەهـاتوە. قارەمانـە بـەلاّم لەبـەر ئـەوەی لـە ئوسـترالیادا کـەس نـای ناسـێو ناوبـانگی دەرنـەکردوە بۆیـە "تـۆم کیـنگ"ی پیرەمێردیـان بـۆ هەڵبـژاردوە کـەیاری لەگەڵـدا بکـات. لـە "سـاندڵ"یشـیان گەیانـدبو کـە ئەگـەر بەئاسـانی تـۆمی بەزانـدو هونـەرێکی باشـی نیشـان دا ئـەوا ئـەتوانێ لەگـەڵ قارەمـانی بـەتواناتردا بجـەنگێ بـەوە پارەی زیاتر بەدەست بێنێ.

بۆیـە ئـەبێ سـاندڵ لـەم یاریـەدا کـە لەگـەڵ تـۆمی پیرەمێـرددا ئـەیکات شـارەزاییەکی زۆرو درێیـەکی بـێ هاوتـا نیشـان بـدات. جـا کـە سـەرکەوت

بەسەر دوژمنەکەیدا ئەوسا سێ جونەیهەکە ئەباتەوە لەهەمان کاتیشدا دەرگای شکۆ و ناوبانگو سامانی زۆری بۆ ئەخرێتە سەر پشت.

ئەمانەبو کە تۆم بیری لێ ئەکردنەوە. لەدوایدا لاوێتی هاتە پێش چاوی. لاوی بەهێزو دڵی گورجو گۆڵ کە هێشتا ئەرکو ماندوبون نەیرەتاندوە. بەڵێ لاوێتی پیرێتی تێک ئەشکێنێ، وەکاتێک ئەو ئەوە ئەکات بێ ئەوەی هەست بکات خۆی تێک ئەشکێنێ، دڵو سیو دەمارەکانی ئەفەوتێنێ.

گەیشتە یانەکە پیاوانو منداڵان لەدەوری دەرگاکە بون. کە چاویان پێ کەوت زۆر بەرێزەوە دڕیان بۆ دا تا بچێتە ژورەوە. ورتە ورت دەستی پێ کرد: ئەوە ئەوە! ئەوە "تۆم کینگ"ە! لەناو یانەکەشدا رێکەوتی سکرتێری کردو لەکاتێکدا کە دەستی ئەگوشی لێ ی پرسی: چۆنی تۆم؟ "زۆر باشم" بەڵام خۆی ئەیزانی کە راست ناکات. چونکە ئەگەر تەنها یەک جونەیهی لە گیرفاندا بوایە ئەوە ئەرۆیشتو کوتێک گۆشتی خۆشی ئەکڕی.

کە چوشە شوێنی ئاهەنگەکەوەو دویارمەتیدەرەکەی بەدواوە بو خەڵکەکەی کە وەك لەسەر ئاگربن چاوەڕوانیان ئەکرد، بەگەرداوێك لەچەپڵەو هاوار پێشوازیان کرد سڵاوی لە جەماوەرەکە کرد. بەڵام کە بەم لاولای خۆیدا ڕوانی، لە ژمارەیەکی کەم بەولاوە لەو دەمو چاوانەی نەدی کە ئاشنا بو پێیان. سەروسیمای سەیرکەرەکان وایان ئەگەیاند کە زۆربەیان منداڵ بون، کاتێك کە گوڵبەندی[1] سەرکەوتن بۆ یەکەم جار کرایە

---

[1] گوڵبەند = اکلیل

ملــی. ئینجــا بــازی دایــه ســهرتهخته بهنــدی بۆکســێنهکهو لهســهر کورســی سوچــێك دانیشــت. دوای نــهختێك (جــاك بــۆڵ)ی دادوەر[1] ئامــاده بــو تهوقــهی لهگهڵدا کـرد. (جـاك)یـش وهك ئـهو پـیر بـو، لـهبۆکس کـاره لـیٚ کـهوتوهکان بـو. تــۆم بــهو زۆر دڵــی خــۆش بــو چــونکه ئــهیزانی ئهگــهر ههڵهکــهی زۆر گــهوره نهبیٚ چاوی بۆ لیٚ ئهپۆشیٚ.

بــۆ خۆنیشــان دان هــهمو بــۆکس کارهکــانی ئــهو شــهوه بهرامبــهر بهخهڵکــه کــه راوهســتانو دادوهرهکــه پێشکهشــی کــردن لــه دوایــدا هــهمو کشــانهوه جگــه لــه ســاندل نــهبێت مایــهوه. دوای ئــهوهی خهڵکهکــه چــهپڵهیهکی زۆریــان بــۆ لێدا ئهویش کشایهوه بۆ سوچهکهی خۆیو لهسهر کورسیهکهی دانیشت.

تــۆم کیــنگ دهســتی کــرد بــهورد بونــهوه لــه دوژمنهکــهی کــه دوای چــهند دهقیقهیــهکی تــر ئهشیشــێنه جــهنگێکی خوێنینــهوه کــه ههریهکــهیان تێیــدا لهوی تر ئهدات تا رادهی مردن.

ســاندل ههڵســایه ســهر پــیٚو بــهدهوری تهخــه بهندهکــهدا دهســتی کــرد بهســوڕانهوهو نیشــاندانی بــازو ماســولکهکانی بهخهڵکهکــهو ســڵاوڵیٚ کردنیــان. "تــۆم"یـش لــهولاوه لــه بیرکردنهوهیــهکی قوڵــدا بــو. بــیری ئهوکاتــهی کهوتــهوه کــه ئــهویش وهك ئــهم لاو بــو یــهك بــهدوای یهکــدا پاڵــهوانانی ئهبهزانــد. دهوا ئێســــتاش پــــیر بــــوهو دوژمنهکهشــــی لاوهو ناوبــــانگی لاوانــــیش هــــهر

---

[1] دادوەر = حکم

لەسەرتێکشـکاندنی پـیرو رۆیشـتن بەسـەر شـانو بازویانـدا بـەرز بۆتـەوە. بـەڵێ ئەوە ڕێ ڕەوی هەمیشەیی سروشت و یاسای ژیان بوە.

"تـۆم" ئـاوڕێکی بـۆ لای رۆژنامـە نوسـەکان دایـەوەو بـە سـەر بـەخێرهاتنی "مـــورگن"ی سەرنوســـەری ((وەرزش کـــار)) و ((کوربیـــت))ی سەرنوســـەری رۆژنامـەی ((دادوەر))ی کـرد ئینجـا دەسـتی دا بـە هەردویارمـەتی دەرەکـەی "سـید سـولیڤان"و "شـارلی بیـتس" ئـەوانیش دەسـت کێشـەکانیان بـۆ کـردە دەسـت و بـاش بۆیـان بەسـت دوای ئـەوەی یـەکێك لـە یارمـەتی دەرەکـانی سـاندل پشـکنیبونی، هـەروەها یـەکێکیش لەلایـەن "تـۆم"ەوە دەسـت کێشـەکانی "سـاندل"ی پشـکنیبو. لەوکاتـەدا تـۆم کیـنگ هـەر سـەرنجی نەوجـەوانیو قـۆزێتی "سـاندل"ی ئـەدا کـە بەوبـەری یـەوە سـنگ پـانو چوارشـانە وەك کێـو وەسـتا بـو، خـوێنی گـەرمو گـوڕی لاوی بـە دوایـەکی دەمارەکانیدا هاتو چۆی ئەکرد.

هـەردوکیان تەوقـەیانکرد، زەنگـی دەسـپێ کردنـی لـێ دا، یارمـەتی دەرەکـان بەپەلـە کشـانەوە بـۆ ئـەو دیـو حەبلـەکان، سـاندل دەسـتی کـرد بەهەڵبەزینـەوەو سـوڕخواردنو بـۆکس سـڕەواندن لـە دەمو چـاو سـنگی تـۆم، هـەتا بلێیـت لێـزانو گـورجو گـۆڵ بـو بۆیـە خەڵکەکـە هـەمو لایـەنی ئـەویان گرتبـو. بـەڵام ئـەوە ورەی بـە تـۆم بەرنـەدا، چـونکە زۆر یـاری وای دی بـو ئـەیزانی ئـەم بۆکسـە خێـرا خێرایانـە هـیچ مەترسـیەکی ئـەوتۆی نـی یـە بۆسـەر ئـەم. سـاندل ئەیویسـت هـەر زو ئـەو لـەناو بـەرێت. لاوانـی سـەرگەرم ئـەوە پیشـەیانە خۆیـان نـاگرن هـەر لەهەوەڵـەوە توانـاو لێزانـیو چـاپوکی خۆیـان ئەنوێنن.

ساندل هەر لە هەڵمەتو کشانەوەدا بو، ساتێك لێرەو ساتێك لەولا. لەچەپەوە لە راستەوە. بازی ئەدا، سەما، رای ئەکرد بەتوندوتیژیەوە بۆکسی ئەسرەواندە تۆم کینگ کە بوبو بە کۆسپ لەبەینی ئەو و سامانو شکۆدا.

بەڵام تۆم هەر بەرگەی گرتو هەرەسی نەهێنا. پیشەکەی باش ئەزانیو هەروەها هێزی لاوانیشی بۆ تاقی بو بوەوە. جا مادام گەنج نی یە ئەبێ بە هەمو شێوەیەك دان بەخۆیدا بگرێت تا دوژمنەکەی هێندێك لەو هێزو توانایەی کە هەیەتی لە دەستی بدات. بۆیە شانو ملی خۆی کوڕ کرد، هەر وەك یەکێك ئامادە بێت کە هەمیشە بکێشن بەسەریدا. ئەوە فێڵێك بو کە کردی لەو فێڵانەی کە یاسای بۆکسێن رێگەی لێ ناگرن. دیسان ئەیویست بەوە وای لێ بکات کە هێندێك لێدانی قەدەغەی لێ بدات. ئەوەی هاتەوە یاد کە چۆن کاتی خۆی لەگەڵ "ویلش"ی سامناکدا یاری کردو دای لە سەری. ئێستەش بەهیوای ئەوە بو کە ساندل لەم گەرمەی لاویو هەڵچونەیدا بە هەڵەدا بچێت بۆکسێکی یاساغی لێ بداو بەوە بیدۆڕێنێت.

کایەی یەکەم تەواو بو، ئەستێرەی پرشنگداری ئەو کایەیە "ساندل"ی زەبر بەدەست بو کە ئەوەندەی بۆکس دابو لە تۆم لە ژماردن نەئەهات. بەڵام ئەو لە بەرگری بەولاوە هیچی تری نەئەکرد. جاروباریش خۆی لە هێندێك بۆکسەکان ئەدزیەوە و هەرچ کاتێکیش یەکێکی قورسی بەربکەوتایە، وای دەرئەخست کە ئازارێکی زۆری پێ گەیشتوە بۆیە لەسەر خۆ بەرەو حەبلەکان ئەچو بێ ئەوەی رابکات یان باز بدات، تاوەکو

تۆزقالێــك وزه چــیه بــه فــیڕۆی نــەداتو لەهــەمان کاتیشــدا وابکــات کــه "ســاندل" شـتێکی لـەو بزێـوی لاویـه لـه کـیس بچـێت کـه وەك ئـاگر لەسـنگیدا کلّــپو هوریــەتی، خۆشــی هەمیشــه هۆشــیارو ئــارام بــو. چاوەکانیشــی ئاگاداری تەواوی جوڵاندنەوەو هەستو نەستی ئەوبەڕی بو.

لــه پشــو دانەکــەدا لەســەر کورســی سوچــەکەی خــۆی دانیشــت و دەســتی گــرت بــه حەبلەکانــەوەو قاچــی لــێ درێــژ کــرد، یــەکێکیش لــه یارمــەتی دەرەکانی بەخاولیەك باوەشێنی ئەکرد.

گــوێ ی لەچــەند کەســێك بــو لــه دانیشــتوەکان کــه هانیــان ئــەدا بــۆ جەنگین: تۆم بۆ دەستەوستان راوەستاوی؟ ناشێ لێ ی بترسی؟

گـوێ ی لـه پیـاوێکیش بـو کـه ئـەیوت: تـۆم پـەکی کـەوتوه، ئـەوەی کـه گرەوی لەسەر بکات ئەیدۆڕێنێ.

زەنـگ، لـێ درایـەوە. هەریەکـەیان لـه سوچـی خۆیـەوە بـەرەو ئـەوی تـر چــوە پێشــەوە. ســاندل دو لەســێی ماوەکــەی بــەینیانی بــڕی، بــەڵام تــۆم لەچــەند هــەنگاوێك زیــاتر نەچــوە پێشــەوە. چــونکه جگــه لــەوەی مەشــقی تــەواوی نــەکردبو، پرسـکی خۆشـی نـەخواردبو ئەمـە سـەرەڕای ئـەوەی زیـاتر له دو میلیشی بەپێ بڕیبو هەتا گەیشتبوه ئاهەنگەکه.

کــەوابو ئــەبێ پاشــەکەوتی هــەمو جوڵانەوەیــەك بکــات چــونکه هــەمو هـەنگاوێك نرخـی خـۆی هەیـە. کایـەی دوهـەم کـوتو مـت وەك کایـەی یەکـەم بـو. سـاندل هـەر بۆکسـی ئەوەشـاندو هێرشـی ئـەکرد، تـۆمیش هـەر بـەرگری ئـەکرد، بـێ کۆڵـدانو هەراسـانی لـه ژێـر زەبـری ئـەو لێدانانـەدا خـۆی راگرتبـو، خەڵکەکـەش سـەریان لـەوە سـوڕمابو کـه بـۆ وا ئـەکات. لـه ئەنجامـدا هـەر وەك

ساندل بیەوێت بەیەکجاری لەناوی بەرێت بۆیە یەك بەدوای یەکدا بێ وچان دەستی کرد بە داهێنانەوەی بۆکس بۆ تۆم. ئەویش هەر ئەوەندەی پێ ئەکرا کە خۆی بپارێزێ. خەڵکەکەش هەر ئەوەبو لە داخا شەقیان نەئەبرد. ناچار هاواریان ئەکرد، نارەزایی یان دەرئەبڕی، بەڵام بێ سود بو، زۆربەی خەڵکەکە چوبونە ئەو بڕوایەوە کە تۆم وەك بۆکسکارێك کۆتایی هاتوە. بۆیە گرەو لە دژی ئەو لەسێ وە چو بۆ یەك، بەڵام ئەوانەی کەکارامە بون چاوەڕوانیان ئەکرد کە دوای نەختێك تۆم کینگ باری یاریەکە بگۆڕێت و ئەو گەنجە نەفامە لەناو بەرێت کە هەمو سەرمایەکەی هەر خوێنی گەرمی لاوی یە. کایەی سێ هەم دەستی پێ کرد. ئەویش وەك پێشوی وابو. هێرش هەر لەلایەکەوەیە، جڵەوی جەنگەکەش هەر بە دەست "ساندل"ە وەیە بە چ لایەکدا بیەوێت ئەیبات. دوای دەقیقەیەك لە کاتێکدا کە ئەو بڕوای تەواوی بەخۆی بو، چاوە تیژەکانی تۆم هەستی بەوە کرد کە هێندێك لە لەشی ساندل کەوتۆتە ڕو. ئیتر ئەو ئەوەندەی بەس بو. هەر وەك شێرێك کە خۆی نابێتەوە بۆ نێچیرێك و هەست بکات وا خەریکە لە دەستی دەرباز ئەبێت، چۆن بەهەمو توانایەکیەوە هەڵمەتی ئەداتێ ئاواش لەچاو تروکاندێکدا مەچەکە ئاسنینەکەی تۆم بەهێزو تەوژمێکی بێزەزاوە بەو چولاییەدا کشا بۆ شەویلەی ساندل. ئەوە یەکەم بۆکسی توند بو کە تۆم بیهاوێژێ. ئەو بۆکسە ئازارێکی زۆری گەیاند بە ساندل و دوای ئەوەی نەختێك بەم لاو بەولادا هات، کەوت بەعەرزدا.

هــاوارو هانــدانی خەڵکەکــە بــەرز بــوەوە. ســاندل ئەیویســت هەڵســێتەوە بــەڵام نەیئــەتوانی، دادوەرەکــە لــە پــەنا گوێچــکەیەوە دەســتی کــرد بــە ژمــاردن. کــە گەیشــتە نــۆ هەرچــۆنێك بــو بــەلارەلارەوە هەڵســایەوە ســەرپێ. لەوێــدا تــۆم بــۆی دەرکــەوت کــە بۆکســەکەی نــەختێك لــە شــەویلەی لای دا و ئەگــەر وا نەبوایــە ئــەوا هەڵنەئەســایەوەو بــەوە ســی جونەیهەکــەی ئــەبردەوە بۆ ژن‌و منداڵەکانی.

کایەکــە تــەواو بــو. بۆیەکــەم جــار ســاندل هەســتی کــرد بــەڕێز بــۆ دوژمنەکــەی‌و حســاب بــۆی. تــۆم هــەروەك جــاران ئــارام و بــەکێش بــو. هــەرچ کــاتێکیش کایەکــە نزیــك بوایەتــەوە لــە تــەواو بــون تــۆم لەســەر خــۆ ئەچــو بــەرەو سوچــەکەی بــۆ ئــەوەی کــە زەنگــی کۆتــایی کایەکــە لــێ ی دا نزیــك بێــت لــە کورســی یەکەیــەوە. لەکاتێکــدا ئــەبو ســاندل ماوەیــەکی زۆرتــری ببڕیایــە تــا ئەگەیشــتەوە سوچــەکەی‌و بــەوە توانــای زۆرتــری بــە خــەرج ئــەداو چــەند ســاتێکی بــە نرخیشــی لــە کــیس ئەچــو لــە مــاوەی حەســانەوە کەمەکــەیان، وە هــەروەها لــە دەســت پێکردنــی هــەمو کایەکیشــدا،لەبەر هــەمان هــۆ، تــۆم زۆر کەم ئەچوە پێشەوە، بۆ ئەوەی ساندل ناچار بکات کە ئەوبێت بۆ لای.

دو کایــەی تــر تــێ پــەڕی لــە مانیشــدا هــەر ســاندل بــو کــە شــاڵاوی ئــەهێناو (تــۆم)یــش هــەر هــەوڵی ئــەوەی ئــەدا کــە پاشــەکەوتی تواناکــەی بکــات بــۆ کــاتی خــۆی بۆیــە ئــەبو بــە ناچــاری خــۆی رابگرێــت لــە ژێــر بــاری ئــەو بۆکســە گرانانەدا، هەرچەندە سەیرکەرە لاوەکان هانیان ئەدا بۆ هێرش بردن.

لەکایــەی شــەش هەمیشــدا کەمتەرخــەمی یــەکی تــر لــە "ســاندل"ەوە روی داو بــۆ جــارێکی تــریش مســتەکۆڵەیەکی ئاســنینی تــۆم وەك هەورەتریشــقە

سـرەوايەوە شـەويلەی سـاندلو خسـتيەوە بەعـەرزدا. بـەڵام ئـەم جـارەش كـە ژماردنەكە گەيشتەوە نۆ هەڵسايەوە سەرپێ.

لەكايـــەی حەوتەمـــدا ســـاندل نـــەختێك ورەی بـــەردابو، چـــونكە بـــۆی دەركـەوتبو كـە ئـەوە سـەخت تـرين جەنگـە كـە لـە ژيانيـدا دوچـاری بوبێـت. راسـتە تـۆم پـيرە بـەڵام بـەهێز تـرينی ئەوپيرانەيـە كـەتا ئێسـتا بـەرەنگاريان بۆتـــەوە هـــەتا بڵێيـــت بـــەكێشو ئاگايـــە، لـــێ هـــاتوە لەبـــەرگری دا، بـــازوی بـــەهێزەو لەســـەرو هەموشـــيەوە بـــۆكس ناوەشـــێنێت ئەگـــەر لـــەجێ ی خۆيـــدا نـــەبێت. "تـــۆم"يـــش هێـــزی دوژمنەكـــەی بـــەدڵ بـــو، وە لەكاتێكـــدا كـــە لـــە سوچـــەكەيدا پشـــوی ئـــەدا بـــيری لـــەوە ئـــەكردەوە كـــە ئەگـــەر دوربـــينیو شـــارەزايی ئـــەمو توانـــای ســـاندل لەيەكێكـــدا كۆببوايەتـــەوە ئـــەوا ئـــەبو بـەقارەمانی جيهـان لـە سـەنگی قورسـدا. بـەڵام سـاندل نابێـت بـەو قارەمانـە چـونكە شـارەزايیو دوربـينی يەكـەی كەمـەو تـەنيا رێگـەش بـۆ پەيـداكردنيان كڕينيـــەتی بەلاوێتيەكـــەی وە كـــە ئەوەشـــی كـــرد ئـــەوا بـــۆ هـــەتا هەتايـــە كورينيەكەی لێ جيا ئەبێتەوە.

هــەرچ هــەلێك هەڵبكاوتايــە خێــرا تــۆم ئەيقۆزتــەوەو ســودی لــێ وەرئــەگرت بــۆ شــەكەت كردنــی دوژمنەكــەی وەكــە بۆكســێكی دا ئەهێنايــەوە قورســايی شانيشـــی ئەنايـــە ســـەر بـــۆ ئـــەوەی كاريگـــەرتر بێـــت. و هـــەروەها خـــۆی ئـــەدا بەســـەر دوژمنەكەيـــدا لانەئەچـــو هـــەتا دادوەرەكـــە ئـــەهاتو بەيارمـــەتی ســـاندل لێكـــی ئەكردنـــەوە. بـــەوە وای ئـــەكرد كـــە ســـاندل شـــتێك توانـــای لـــەناو بچـــێت ئـــەويش نـــەختێك بحەســـێتەوە. زۆر جـــار بەئەنقەســـت تـــۆم خـــۆی ئەدايـــە بـــەر هێنـــدێك لێـــدان كـــە مەترســـی نـــەبو، خەڵكەكـــە چـــەپڵەيان بـــۆ ســـاندل لـــێ ئـــەدا

بـەڵام ئـەو بـەوە توانـاو تـینی لـە کـیس ئەچـو لەکاتێکـدا تـۆم هـەروەك و خـۆی مـابوەوە. ناچـار سـاندل هـەوڵی دا کـە پیلانـەکانی بگۆڕێـت، ئـەویش ئـیتر بۆکســێکی نەئەهاویشــت ئەگــەر نەیزانیایــە شــوێنی خــۆی ئــەگرێت. لــە بۆکسـێکی وادا تــۆم یـا خـۆی لـێ لائـەدا یـان ئەگـەر زۆر کوشـندە بوایـە هێواشی ئەکردەوە بۆ ئەوەی بە لاوازی بەری کەوێتو زۆر ئازاری نەدات.

لەناوەڕاسـتی کایـەی نۆهەمـدا سـێ بۆکسـی تونـدی یـەك بـەدوای یەکـدا سـرەواندە سـاندلو دای بەزەویـدا. بـەڵام هـەمو جارێـك سـودی لـە ژماردنەکـە وەرئـەگرتو لـە نۆهەمـدا بـە لارەلارەوە هەڵئەسـایەوە. بـەڵێ هێـزی لاوی هـەر ئـەمێنیۆ لـەبن نایـە. بـەڵام تـۆم زۆری توانـا بـەوە لەدەسـت چـو. بۆیـە ئـەبو زیاتر بەتەنگ جوڵاندنەوەکانیەوە بێت.

چـونکە ئـەیزانی دوژمـنی ئـەم جـارەی "لاوێتیـە" و سـەرمایەکەی ئـەمیش تــاقی کردنــەوەو زۆرزانــیو کارامــەیی یــە کەلــەو یاریــە زۆرو زەبەندانــەوە هـەڵیهێنجابون کەلـە رابـوردودا کردبـونیو ئـەوەی فێرکردبـو کـە چـۆن دەسـت بــە بــۆکس هاویشــتنەوە بکریــتو واش لــە دوژمنەکــەی بکــات کــە زۆربــەی توانــای بــەبێ هــودە بــڕوات. بۆیــە بــەردەوام نەیئەهێشــت ســاتێك چــی یــە ســاندل بســرەوێت. بــەڵێ ئــەوە چــاکترین ســتراتیجە کــە بگیرێــت لەلایــەن کەسانێکەوە کە تاقی لاویان گوزەراندبێت.

لەســەرەتای کایــەی دەهەمــدا ســاندل هێرشـێکی بـەتاوی بـرد. تـۆم، بـەو کێشــە لــەبن نــەهاتوەی کــە هــەیبو. هــەوڵی ئــەدا کــە ئــەو تەوژمــەش وەك ئــەوانی تــر تــێ پــەڕێنێ، بــەڵام یــەکێك لــە بۆکســەکان وادیــار بــو شــوێنی کاریگـەری گرتبـو بۆیـە بـۆ ئانێـك لەهۆشـی خـۆی چـو، رەتێکـی دا، ئـەژنۆکانی

لـەرزین، بـەڵام نەکـەوتو خـۆی گرتـەوە سـەر لـەنوێ دەسـتی کـردەوە بـە بەرگری لە خۆکردن.

سـاندل ژمارەیـەك بۆکسـی هاویشـت، ئەمەنـدە تونـدو بـە ئـازاربون ئـارامی لەبـەر تـۆم بـڕی. لـە ئەنجامـدا هـەلێك بـۆ ئـەمیش هاتـە پێشـەوە. کەتێیـدا بۆکسـێکی ئاراسـتەی دەموچـاوی سـاندل کـرد. دوای ئـەوەی سـاندل لـەتاودا خـولێکی خـوارد بـەبێ هۆشـی لـە عەرزەکـەدا تـەخت بـو. کەهاتـەوە هۆشـی خـۆیو هەڵسـایەوە سـەرپێ تـۆم بۆکسـێکی تـری فریاخسـتو فرێـی دایـە سـەرحەبلەکان لـەوێوە تـۆم کەوتـە هێـرش، بەرادەیـەك کـە نەیئەهێشـت ساتێك بحەسێتەوە. ئـەوە خەڵکەکـەی هـەمو هەژانـد. چـەپڵەیان بـۆ تـۆم لـێ ئـەدا، هانیـان ئـەداو هاواریـان ئەگەیشـتە ئاسمـان. هێـزە نائاسـایی یەکـەی سـاندل وای کـرد کـە بەرگـەی ئـەو هـەمو بۆکسـە کوشـندەیە بگرێـت کـە وەك تـەرزە بەسـەریدا دائـەباری. بەڕێوەبـەری پـۆلیس، کـە ئـەویش ئامـادەی یـاری یەکـە بـو، لـە تەختـە بەندەکـە نزیـك بـوەوە بـە مەبەسـتی ئـەوەی یاریەکـە بوەسـتێنێ بـەر لـەوەی سـاندل سـەری تێـدا بچـێت. بـەڵام لەوێـدا زەنگـی کۆتـایی کایەکـە لـێ ی دا. تـۆم گەڕایـەوە بۆسـەر کورسـی یەکـەی لەسوچـەکەداو سـەری خسـت بـە پشـتدا. هەناسـەی تونـد بـو بـو. بـیری لـەوەی ئـەکردەوە کـە ئەگـەر یـاری یەکـە بوەسـتێنرایە ئـەم ئـەبو بـە بـراوەو پاداشـتەکە بـۆ ئـەم ئـەبو. ئـەم وەکـو دوژمنەکـەی بەتـەمای ناوبـانگ و شـکۆ نـەبو بـەڵکو هـەمو مەبەسـتی هەرسـی جونەیهەکـە بـو کـە بیباتـەوە بۆمنداڵەکانی.

تۆم لەوێدا ئەو قسە نەستەقەی هاتەوە یاد کە ئەڵێ "گەنجێتی پشتی خاوەنەکەی نادات لە عەرز" ئەو پەندە پیاوێك پێ ی وت کە وێری پەرداخێك مەی کرد بەبۆنەی سەرکەوتنیەوە بەسەر "ستوشربیل"ی پیرەمێرددا. ئەو پیاوە باشی بۆ چوبو، چونکە لەو شەوەدا لاوێتی لەگەڵ ئەودا بو بەڵام ئەمشەو لەبەری ئەو بەرەوەیەتی.

بەو پیرێتیە نیو سەعات بو ئەجەنگی، جا ئەگەر ئەو توانایەی کە ساندل بەخەرجی دا ئەم بیدایە لە پانزە دەقیقە زیاتر بەرگەی نەئەگرت.

بەڵام نەگبەتیەکەی ئەو لەوەدا بو کە نەیبو بیخاتەوە جێگەی. لە دەستیدا نەبو ئەو وزانە بگێڕێتەوە بۆ دڵو دەمارەکانی کە لە دەستی دابو. قاچەکانی هیلاکە. نەئەبو ئەو دو میلەی بەینیماڵەوەو یاریگاکە بەپێ ببڕێت وە هەوەها ئەبو بەهەرچ شێوەیەك بوایە کوتیك گۆشتی بخواردایە.چەند ڕقی لەو قەسابانەبو کە گۆشتیان نەدایە. زۆر دژوارە بۆ پیرێکی وەك ئەو کە بەسکی برسی بچێتە یارییەکی وا سەختەوە. کوتە گۆشتیك کە نرخی چەند سنتێکە لە کاتێکدا سی جونەیهی بۆ ئەم ڕائەکێشا.

زەنگی کایەی یانزەهەم لێیدا. ساندل هاتە ناوەڕاستی تەختە بەندەکەوە، وای نیشان ئەدا کەلەوپەڕی تینو توانایدایە. کەلەڕاستیشدا وا نەبو. بەڵام ئەو فێڵە بە سەر تۆم دا تێ نەپەڕی، چونکە ئەوە فێڵێکی کۆنو زانراو بو لە دنیای بۆکسێن دا.

تۆم دوای ئەوەی نەختێك بە دەورو خولی "ساندل" داهات توانی فرسەتێکی تری لێ بێنێو بۆکسێکی توندی تری بگەیەنێتێو جارێکی

تـــريش بيداتـــەوە بەعـــەرزدا. ئـــيتر هـــەرچ جـــارێكيش بيويســـتايە هەڵســـێتەوە تـــۆم دايئەگرتـــەوە بـــە بـــۆكس. لـــەو هێرشـــەدا "تـــۆم"يـــش چـــەند بۆكســـێكى بەركـــەوت بـــەڵام گـــوێ ى نەدايـــە چـــونكە هـــەمو مەبەســـتێكى شـــەكەت كردنـــى دوژمنەكـــەى بـــو بالەســـەر حســـابى خۆشـــى بوايـــە. بـــەيناو بـــەينيش هـــەروەك ســـاندل بوكـــە شوشـــە بـــێ هـــەڵى ئەدايـــە ســـەرحەبلەكان. هـــەژانى خەڵكەكـــە گەيشـــتە ئەوپـــەڕىو هاواريـــان ئـــەكرد: تـــۆم لـــەناوى بـــەرە، مەيەڵـــە هەڵســـێتەوە، ســـەركەوە بەســـەريدا. بـــەڵێ خەڵكەكەكـــە پـــارەى داوە بـــۆ ئەوەشـــى داوە كـــە يەكێكيان ئەوى تر وێران بكات تا كاتێكى خۆش بەرێتە سەر. !

تـۆم كـە توانيبـوى بـۆ مـاوەى نيـو سـەعات پارێزگـارى تـىو توانـاى بكـات. وا ئێســـتا دەســـتى لـــێ بـــەرداوە تـــا بتوانێـــت دوژمنەكـــەى پـــێ لەناوبـــەرێت چـونكە ئـەوە تـەنيا هيـواى بـو كـە نەئـەبو بيـەڵێت لـە دەسـتى بچـێت. بـەڵام بـــۆ تـــۆم دەركـــەوت كـــە ســـاندل دوژمنێكـــى زۆر ســـەر ســـەختەو لـــە ژێـــر پێستەكەيەوە توانايەكى بێ شومارى لاوى هەيە.

ياريەكـە بـەو شـێوەيە درێـژەى كێشـا. تـۆم بەتونـدى ئەيـدا لـە سـاندل و ئـــەويش وەك كێـــو خـــۆى لەبـــەردا گرتبـــو. وردە وردە بازوەكـــانى تـــۆم بـــەرەو بـێ هێـزى ئەڕۆيشـت، قاچـەكانى شـل بوبـون. خۆشـى ئەوەنـدە شـەكەت بـو بـو كـــە خەڵكەكـــە هەســـتيان پـــێ كردبـــو بۆيـــە ئەوانـــەى ســـەر بەســـاندل بـــونو گرەويـان لەسـەر بردنـەوەى كردبـو هانيـان ئـەداو زاتيـان ئەنايـە بـەر. بەهـەمو توانايەكـەوە كـە تـێ ى دا مـابو، تـۆم دو بۆكسـى يـەك بـەدواى يەكـدا دا لـە سـاندل كـە يـەكێكيان بـەر شـەويلەى كـەوت جـا هەرچـەندە ئەوەنـدەش بـەهێز

نــەبون بــەڵام چــۆن چــۆلەکەیەك بــاران تــەڕی کردبێــت ئــاوا لــەرزیو کەوتــە زەوی. دادوەرەکە لەپەنا گوێچکەیەوە دەستی کرد بە ژماردنی (دەیەکە).

خەڵکەکــەش هەناســەیان لــەخۆیان بڕیبــو، دەرزیــت فــڕێ بدایــە دەنگــی ئــەهات. تــۆمیش وەك حەپەســاو هەرچــاوی بــە هۆڵەکــەدا ئــەگێڕاو گوێشــی لــە دادوەرەکــە ئــەگرت کــە هــەر ئەیــژماردو ئەیــژماردەوە. تــۆم هەســتی کــرد کــە ســەرکەوتن لــێ ی نزیــك ئەبێتــەوە، چــونکە بەئەقڵــدا نــە ئەچــو کــە دوای ئــەو هەمو لێدانە کوشندانە ساندل بتوانێت هەڵسێتەوە.

بــەڵام لاوێــتی کــول نابێــت. بۆیــە ســاندل راســت بــوەوەو خــۆی دا بەســەر حەبلەکانـــداو دوای ئەوەلەســـەر ئـــەژنۆکانی بـــە چـــۆکدا چـــو. ســـەری بەسەرشــانیدا شــۆڕبوەوە کــە دادوەرەکــە گەیشــتە نــۆ هەڵســایە ســەرپێ و بەدەســتی چــەپی دەمو چــاویو ســکی پاراســتبو ئــەو دو شــوێنە گرنگــەی لەشی کە هەمیشە دوژمن ئەیەوێت بیان پێکێت.

ســاندل بــە هــەرچ حاڵێــك بــو خــۆی گەیانــدە تــۆم و باوەشــی پێــداکرد بــو ئــەوەی بحەســێتەوەو هێنــدێك کــات بەســەر بــەرێت. بــەڵام دادوەرەکــە لێکــی کردنــەوەو (تــۆم)یــش یارمــەتی دا لــەوەدا بــۆ ئــەوەی زو خــۆی لــە تێوەئــاڵانی دوژمنەکــەی دەربــاز بکــات. چــونکە ئــەیزانی لاو زۆر خێــرا هێزیــان ئەچــێتەوە بەبــەردا. ئــیتر لــەوێوە یاریەکــە کــەوتبوە ژێــر رکێفــی ئــەوەوەو بــە هەوەســی خــۆی ئــەیگێڕاو تــەنیا بۆکســێك ئــەمجارە بــەس بــو کــە هەڵسانەوەی لــە دواوە نــــەبێت. جــــارێکی تــــریش داخو خەفــــەت (تــــۆم)ی داگرتــــەوە کــــە کوتــــە گۆشــــتەکەی هاتــــەوە یــــادو چــــۆنیش دەســــتکەوتنی لەســــەر ئــــەم بۆکســــە وەســــتاوە. ئــــەوەی وتو بەهــــەمو هێزێکــــەوە کــــە تیادامــــابو بۆکســــێکی تــــێ

سـرەواند. سـاندل بـەلادا هـاتو كەوتـە سـەر حەبلـەكان. يـەكێكی تریشـی پێـدا كێشـا، بـەڵام ئەمـەیان ئـەو هێـزەی نـەبو. چـونكە توانـای تـۆم وشـكایی هـاتبو ئەوەی بۆی مابوەوە هەر زیروكیو لێزانیەكەی بو.

بۆكسـێكی تریشـی بـۆ داهێنایـەوە، بـەڵام لـەباتی ئـەوەی ئـەو بپـەڕێنێت خـۆی بـەرەو دواوە رۆیشـت و ئەگـەر خـۆی بەسـاندل نەگرتایەتـەوە ئەكـەوت بەعـەرزدا. ئـەم جارەیـان تـۆم هـەوڵی نـەدا كـە دوژمنەكـەی لـە خـۆی بكاتـەوە، چـونكە بـۆی دەركـەوتبو كـە ئـەبێ هـەر ئـەم ببـەزێت. ئـەگینا شكست خـواردن بـۆ لاوێـتی ناهـەتوە. وە لەكاتێكـدا كـە باوەشـی بـە سـاندل دا كردبـو، بـۆی دەركـەوت كـە هێشـتان ئـەو لاوە بـەهێزە. وە كـە دادوەرەكـە لێكـی كردنـەوە هەسـتی كـرد كـە هێـز ئەگەڕێتـەوە ئـەو لێدانـە لاوازەكـانی، تونـد تـر بـون و باشـتر ئـەپێكن. لێشـاوی بۆكسـی سـاندل بەسـەر (تـۆم)دا دەسـتی كـرد بـەبارین. ترسـی لـێ نیشـت. یـەكێك لـە بۆكسـەكان بەتـەواوی كاسـی كـردو رەشایی بەسەر چاویدا هێنا.

كەهاتـەوە هـۆش خـۆی دی كەلەسـەر كورسـی سوچـەكەی دانیشـتوەو خەڵكـە ئاڵۆزاوەكـەش وەك گرمـەی هـەور هاواریـان ئـەكرد یارمەتیدەرەكانیشـی ئـاوی سـاردیان ئـەپرژان لـە دەموچـاو سـنگیو دەستكێشـە كانیشـیان لـە دەسـت داكەنـدبو. سـاندل بەسـەریدا نوشـتایەوەو تەوقـەی لەگەڵـدا كـرد. تـۆم هـیچ رقـی لـێ ی نـەبو. وە ئـەوەی لەوسـاتەدا هەستی پێ ئەكرد تەنیا داخو ناسۆر بو هیچی تر.

دوای ئـەوە سـاندل چـوە ناوەراسـتی تەختـە بەندەكـەوەو بـە دەنگێكـی دلێـر داوای لـە قارەمـان (برنتـوی بچـوك) كـرد كـە ئەگـەر ئـەوێرێت بـا لـە

ئاهــەنگی داهــاتودا لەســەر صــەد (جنیــە)[1] یــاری بکــەن.(تــۆم)یــش دوای ئــەوەی یارمەتیــدەرەکانی دەمو چــاو ســنگیان وشــکردەوە تەختەبەندەکــەی بەجیٚ هیٚشت.

هەســتی بــە برســیٚتی کــردەوە، بــەلاٚم ئــەم جارەیــان لەگەلیٚــدا ســکی ئەیەشــا. وای هەســت ئــەکرد هــەر وەکــو ماســولکەکانی گــەدەی هەلبٚبەزنــەوە و لــول بخــۆن. یــادی ئــەو چــەند ســاتەی دوایــی کــردەوە کــە لەبــەینی ســاندلو بەزینــدا لــە مویــەکی باریــك زیــاتر نــەبو. ئــای ئەگــەر ببەزیایــە ئــەوا ئیٚســتا بــە کوتە گۆشتیٚك خۆی تیٚر ئەکرد.

یارمەتیــدەرەکانی دەســتیان بــەبالیٚوە گرتبــو. بــەلاٚم ئــەم خــۆی راپســکان لــە دەســتیان و بەســەر حەبلەکانــدا بــازی دایــە خــوارەوەو بــەدوای ئەوانــدا، کــە درپــان بــۆی بــە قەلەٚبالغٚیەکــە ئــەدا، ئەرۆیشــت. وەکــە ژوری بۆکســکارەکانی بــەجیٚ هیٚشــت، دوای ئــەوەی جلــەکانی لەبــەرکردەوە، زۆر لــە لاوەکــان لــیٚ یــان ئەپرســی: کــە بــۆ نەیبــەزان؟ بۆســەر نەکــەوت بەســەریدا؟ ورتــە ورتیٚکــی کــرد، بــەلاٚم لــیٚ ی حــالیٚ نــەبون. لەدوایــدا بــە پەســتیەوە بــەجیٚ ی هیٚشــتن. بــەلای چــایخانەیەك دا تــیٚ پــەڕی گــویٚ ی لــیٚ بــو دەربــارەی یاریەکــە ئــەدوانو لەســەر گرەوەکــە قســەیان ئــەکرد یــەکیٚکیان کــە چــاوی پــیٚ ی کــەوت فــەرموی

[1] بــە ئــیملای عــەرەبی وشــەی (جنیــە)م نوســی چــونکە هەرچــەندم کــرد نــەم زانــی وشــەیەك لــە کوردیــدا چــۆن ئەنوســریٚت ئەگــەر دواکــەی پــیتی هــا بیٚــت! چــونکە ئــەوەی کــە ئــەبیٚ بــەها بخویٚندریٚتــەوە لــە کوردیــدا بزویٚنــە. مەگــەر بــە هــای ســەرەتا (ﻫ) بینوسی.

خواردنــــەوەی پـــەرداخێك مـــەی لــێ کــرد. دو دڵ بــو لــە خواردنــــەوەی لـــە ئەنجامـدا دەسـتی پێـوە نـاو ملـی رێگـەی گـرت. فلسـێکی پـێ نـەبو، هەسـتی کـرد کەبـەینی یاریگاکـەو ماڵەکـەیان زۆر دورەو ئـەمیش بـەعومردا چـوە بـەلای بـاخی گشـتیدا تـێ پـەڕی. لەسـەر یـەکێك لـە کورسـیەکانی دانیشـتو دەسـتی کـرد بەبیرکردنــەوە هــەر ئــەوەبو لەخەفەتــدا گیــانی دەر نەئەچــو، بەتایبــەتی کـەبیری لـەوە ئـەکردەوە کـە چـۆن ژنەکـەی لەماڵــەوە دانیشـتوەو چـاوەڕوانی ئەوئـەکات کـە بـە سـەرکەوتویی بـۆی بچـێتەوە. بـەلام ئێسـتا دوای ئـەوەی کـە دۆڕاوە بــە چ ڕویەکەوەبڕواتـــەوە بــۆ ماڵـــەوە. هــیچ بۆکســێکی یاریەکــەی کــە بەری کەوتبو ئەوەندەی ئەو بیرکردنەوەیە ئازاری نەدابو.

هەسـتی ئـەکرد بـە لاوازیو بـێ تـینی، ئـازارو ئەشـکەنجە. لـێ ی رون بـو کـە ئەگـەر ئیشـێکیش بدۆزێتــەوە، ئــەوا بــەلای کەمــەوە هەفتەیــەکی ئــەوێت هــەتا ئـــەو توانایـــەی تـــێ ئەگەڕێتـــەوە کـــە بتوانێـــت پـــاچو بێـــڵو خاکـــەناز بوەشـێنێ. دیسـانەوە هەسـتی کـرد کـە برسـێتی کەڵبـەی تـێ گـیر ئەکاتـەوە. ئەوەنـدەی زانـی فرمێسـك لـە چـاویەوە سـەری کـرد. دەسـتی گـرت بـە دەم و چـاویەوە. وە لەوکاتـەدا کـە دایـە پرمـەی گریـان (ستوشـربیل)ی پیرەمێـردی هاتـەوە یـاد کـە وەخـتی خـۆی بەسـەریدا سـەرکەوت ئێسـتا بـۆی دەرکـەوت کـە بۆ دوای یاریەکە گریا.

ئـــەم چـــیرۆکەم لـــە گۆڤـــاری (بـــەیان)ی ژمـــارە(١٠٠) تشـــرینی دوهـــەمی ســـاڵی ١٩٨٤دا بلاوکردۆتەوە.

بەشی پێنجهەم

# زمانزانی

## وشەی داگیرکەر!

دیاردەیـەکی سـەیر هەیـە لـە زمـانی کوردیـدا، نـازانم لـە زمـانی تریشـدا هەیـە یـان نـا؟ ئـەویش ئەوەیـە وشـەیەك وشـەیەکی تـر داگـیر ئـەکا واتـا ئـەو دەرئەپـەڕێنیٚ و خـۆی ئەچـێتە جیگەکـەی! لەبـەر ئـەوەی وشـە داگیرکەرەکـە ناسـراوە بـەلآم وشـەکەی تـر گومنـاوەو کـەم کـەس بیسـتوێتی هەردوکیشـیان لەیـەك ئەچـن، بۆیـە ئەوە روئەدات وا بزانم لەم قسانەم نەگەن ئەگەر نمونەتان بۆ نەهێنمەوە:

ئەگـەر یـەکێك لـە یـەکێك تـوڕە بـو ویسـتی بفـەوتیٚو لەناوبچـێت پـیٚ ی ئەلێت: یاخوا ناوت بە (کۆڵەکە)ی ئاشدا چیٚ!

هـەمو ئـەزانین کۆڵەکـە چـی یـە؟ کۆڵەکـە دارێکـی ئەسـتورە ئەدرێتـە ژێـر داری بنمـیچ بـۆ ئـەوەی بـەهێز بـیٚو بەرگـەی قورسـی خـۆلٚو سـواخی سـەربانەکە بگـریٚو سەرەکەشـی دوفاقـە وەك ژمـارەی (٧)ی کـوردی بـۆ ئـەوەی (دیـرەگ)ی بنمیچـەکە. بچـێتە ناویـەوەو نـەخزیٚو ئاشـیش مەبەسـت لـە ئاشـی ئـاوە چـونکە ئـەو سـەردەمە هـەر ئاشـی ئـاو بـوە. شـایانی باسـە ئـاش پارچـەیەکی نـی یـە پێـی بلـێن کۆڵەکـە. بـەلآم لەبەشـی خـوارەوەی واتـا لـەو شـوێنەدا کەبەرداشـەکان ئەسـوڕێنەوە و دانەکـە ئـەکات بـە ئـارد ژورێکـی بەسـەرەوە ئـەکرێت بـۆ ئـەوەی دانو ئاردەکـە بپـارێزیٚ لـە باوبـاران ئـەو ژورەش ئەوەنـدە گـەورە نـی یـە کـە کۆڵەکـەی بوێـت لەگـەلٚ ئەوەشـدا ئـەوا وتمـان هـەیبێت. بـۆ لـە نـاو هـەمو ژورەکانـدا کۆڵەکـەی ژوری ئاشـیان هەڵبـژاردوە؟ ئـەی بـۆ نـەیانوتوە کۆڵەکـەی مزگـەوت، یـان کۆڵەکـەی دیوەخـان. باشـە ئـەی لـە خۆتـان نەپرسـیوە کۆڵەکەچـی هەیـە کەشـتی پیـا بچـێتە خـوارەوەو نەیەتـەوە دەرەوە واتـا نـەکونی تیادایـە نەکلۆیشـە ئەگـەر

وابـێ قرچـۆك ئـەبێ بـۆ كۆڵەكـە ناشـێ ئـەی باشـە ئـەم (ئیدیـەم)ە چـۆن لێكبدەینەوە؟

بـەوە لێكیبدەینـەوە كـە كۆڵەكـە نـی یـە بـەڵكو (كۆرەكـە)یـە كـە بـە دوری نـازانم یەكـەم جـاربێ ئـەم وشـەیەتان بیسـتبێت لـە ناوچـەی سـلێمانی دا پـێ ی ئـەڵێن (دۆڵیـان). كـەوا بـو كۆرەكـە چـی یـە؟ لـە دێـر زەمانـەوە ئاشـی ئـاو بـۆ هـاڕینی دانەوێڵـە هەیـە بـە تایبـەتی گـەنمو جـۆ. ئـاو وەك وزە لـە رێگـەی ئاشـەوە بـەكار هـاتوە بـەم شـێوەیەی خـوارەوە: لـە هـەرچ شـوێنێكدا جۆگەیـەك ئـاوێكی زۆری هـەبێ ئـەتوانرێ ئاشـێك بنرێتـەوە بەمـەرجێك نزماییـەكی لەبـەر دەمـدا بـێ بـۆ ئـەوەی ئاوەكـەی لـەو بەرزاییـەوە هەڵڕێژێتـە خـوارەوە. لـە خـوارەوە بـە بـەردو (قسـڵ) ئـەو كاتـە چـیمەنتۆ نـەبو بینایـەكیان بـەرز ئـەكردەوە تـا ئەگەیشـتە ئاسـتی جۆگەكـە. ئـەم بینایـە كولـور بـو لـە شـێوەی بـیردا بـو كـە تیرەكـەی نزیكـی مـەترێك ئـەبو ئـەوە بـۆ ئـەوە بـو كـە ئـاوی جۆگەكـەی پیـادا بـڕوات بـۆ نـاو ئاشـەكە نەیـەڵێ پەرشـو بـڵاو بێتـەوە.ئـەم بـیرە لـە بنـەوە واتـا كـە ئەگاتـە ئاسـتی ئاشـەكە وەك دەمەكـەی سـەرەوەی فـراوان نـابێ بـەڵكو تەسـك ئەبێتـەوە بەقەیاسـی (١٠) ئیـنج بـۆ ئـەوەی ئاوەكـە بـە تـەوژم بێتـە دەرەوە تـا بتـوانی پەڕەكـەی ئاشـەكە كـە وەك پانكـە وایـە بسـوڕێنێتەوە. كـە سـوڕایەوە ئـەوا بەرداشـی سـەرەوەی ئاشـەكە چـۆن دەسـتهاڕی دەسـت ئەخولێتـەوە ئـەویش بخولێتەوەو دانەوێڵەكە لەگەڵ بەرداشی ژێرەوە بكات بە ئارد..

بـۆ ئـەوەی بـزانن (كـۆرەك) كـوێ ی ئاشـەكەیە پێویسـتم بـەم كورتـە لێدوانـە هـەبو دەربـارەی پێكهاتـەی ئاشـی ئـاو. جـا ئێسـتا بـا بـزانین كورەكـە

کـویٚ ی ئاشـەکەیە؟ کۆرەکەکـە لـە کویٚـدا ئاوەکـە ئەچـیٚتە نـاو بیرەکـەوە تـا لــە خــوارەوە وە لــە کونــە تەســکەکەوە ئەچــیٚتە دەرەوە دریٚــژی یەکەشــی بــەلای کەمــەوە پیٚــنج مــەتر ئــەبیٚ. ئیٚســتا لەوەتــەی بــەرمیل پەیــدا بــوە ســــەروبنی بەرمیلەکــــە هەلٌئــــەگرن و بەلــــەحیم ئەیدەنــــە دەم یــــەك وەك (پایـپ)لـەباتی ئـەوەی بینـای بکـەن. هیـوادارم ئیٚسـتا تیٚگەیشـتبن کـە ئەگـەر یـەکیٚك بکەویٚتـە نـاو ئـەم کورەکـەوە چـی لـیٚ بەسـەر دیٚ؟! ئەگـەر ئاشـەکە ئـاوی لەسـەر نـەبیٚ ئـەوا وەك بکەویٚتـە بیریٚکـەوە هـەمو لەشـی تیٚـك ئەشـکیٚ خـۆ ئەگـەر ئـاوی تیـادابیٚ ئـەوا لـەخوارەوە کونەکـە ئـەگریٚتو ئـاو لەبیرەکـەدا کەلٌەکـە ئـەبیٚو ئـەخنکیٚ. هیٚنـدیٚك جـار جوگەکـە ماسـی ئـەهیٚنیٚ ئەگـەر لەچـەمەوە ئاوەکـە هـەلٌگیرابیٚ. تەنانـەت ئـەویش زۆر جـار ئەگیریٚتـە کونەکـەی خـوارەو بەرپەرەکـەکان ئەکـەویٚت ئـیتر یـان برینـدار ئـەبیٚ یـان ئـەمریٚت. وە ئەگــەر یــەکیٚکیش لــە کۆرەکەکــەدا مــرد بیٚگومــان ناویشــی نــامیٚنیٚ دوای ماوەیـەك بۆیـە ئـەلٌیٚن: نـاوت بەکۆرەکـەی ئاشـدا چـیٚت بـە واتـا بمریـت. بـەلاٌم لەبـەر ئـەوەی کۆرەکـە نـاویٚکی بـەربلاٌو نـی یـە وەك کۆلٌەکـە بۆیـە لەناوچـوەو کۆلٌەکە چۆتە جیٚگەکەی.

١- دیسـانەوە هـەر لەسـەر ئـاش ئیدیـەمیٚکی کـە هەیـە ئـەلٌیٚ: "سـەرم ئاشـەو بـنم ماشـە" یـەکیٚك ئـەوە ئـەلٌیٚ: کەلەسـەر قـالٌیو مەشـغولٌی دا میٚشـکی لەسـەردا نـەمابیٚ. باشـە خویٚنـدەوار بەتایبـەتی شـاری نـەك دانیشـتوی لادیٚ لـە خـۆی ناپرسـیٚ (مـاش) چ پەیوەنـدی بەسـەرقالٌی یـەوە هەیـە؟ چـونکە ماش دانەویٚلٌەیە.

دوجـــۆر مـــاش هەیـــە، ماشـــە ســـپیو ماشـــە رەش. ســـپی یەکـــەیان وەك فاصـــولیای وشـــکە بـــەڵام دەنکەکـــەی بچـــوکترە ئێســـتاش لـــە شـــارو لادێـــدا ئەکرێت بە چێشتی شلە لەگەڵ برنجدا ئەخورێت..

جـۆری دوهـــەمیان ماشـــە رەشـــی پـــێ ئـــەڵێن چـــونکە توێکڵەکـــەی رەشـــەو ئـــەکرا بەشـــۆربا لـــە پێشـــدا ئـــەکوڵێنرا، بـــە کوڵانەکـــە توێکڵەکـــەی لـــێ ئـــەبوە و ئەوســـا ئـــەکرا بـــە شـــۆربا جـــارێکی لای دوکـــانێکی وشـــکە فـــرۆش کیلۆیـــەکم ماشـــە رەش کـــڕی وتـــی: مامۆســـتا ئێســـتا ماشـــە رەش زۆر کـــەم ئەفرۆشـــرێ، لەبیرچـــۆتەوە مەگـــەر پیـــاوێکی بەســـاڵدا چـــوی وەك تـــۆ، بـــەیادی جارانـــەوە لێمـــان بکـــرێ: کـــە هێناشمـــەوە دایگـــی منداڵـــەکان نەیانئـــەزانی چـــۆنی لێنێـــت. خۆم فێرم کردن.

بابێینـــەوە ســـەر هـــەمان پرســـیار ئایـــا پەیوەنـــدی مـــاشو ئـــاشو ســـەرقاڵی چـــی یـــە؟ بـــا ئیدیەمەکـــە دوبـــارە بکەمـــەوە (ســـەرم ئاشـــەو بـــنم ماشـــە). ئەگـــەر بمانـــەوێ وشـــەکە مـــاش بگەیـــەنێ ئـــەبێ بـــەم جـــۆرەی بینوســـێنی بـــنم (مـــاش)ە بـــەڵام ئەوشـــتە هـــەرخۆی نـــاوی (ماشـــە)یـــە. دەبـــا بـــزانین ماشـــە چـــی یـــە؟. ئـــاوی چـــەمەکان ماســـی تیادایـــە. وەبـــۆ ئـــەوەی لـــە ماشـــە بگـــەین ئـــەبێ شـــتێکی تـــر هەیـــە بیـــزانین کـــە ئـــەویش (چـــەپەرە). چـــەپەر بـــریتی یـــە لـــە شـــولی بـــێ ئـــەم شـــولانە ئـــەهێنن ئەیچـــنن وەکـــو ســـەبەتە بـــەڵام ئـــەم تەختـــەو شاشـــە وەکـــو ســـەبەتە ســـفت نـــی یـــە.لـــەو شـــوێنەدا کـــە ئاوەکـــە لـــە دامـــێنی ئاشـــەکەوە دێتـــە دەرەوە ئـــــەم چـــــەپەرە وەکـــــو پـــــرد دایئـــــەنێن بەشـــــێوەیەك کـــــە ئاوەکـــــەی لەئاشـــــەکە دێتـــــە دەرەوە یەکســـــەر بەســـــەر چـــــەپەرەکەدا تێپـــــەڕێ. ژێـــــر چـەیەرەکەش ئـەبێ قـوڵ بکـرێ. ئەوسـا چـی روئـەدات: لـە تێپـەڕبونی ئاوەکـە

بەســـەر چـــەپەرەکەدا، ئاوەکـــە دائەداتـــە خوارەوەبۆنـــاو جۆگەکـــە و ئەگـــەر ماســـی لەگـــەڵ ئاوەکـــەدا بـــێ ئـــەوا ماســـی یەکـــە بەســـەر چـــەپەرەکەوە ئەمێنێتـەوە وە لەبـەر ئـەوەی چـەپەرەکە بـەرز تـرە لـەبنی روبارەکـەوە ئـەوا خوڕوهـــوڕێکی زۆر پەیـدا ئـــەکات کاتێـك کـــە چـــەپەرەکە ئاوەکـــە ئـــەپاڵێوێ بەمـە ئـەڵێن (ماشـە) وە یـان لەهەنـدێك شـوێن پـێ ی ئـەڵێن (مێلۆکـە) هێنـدێك جـار هـەر کـە ئاوەکـە لـە ئاشـەکە دێتـە دەرەوە ئەچـێتە سـەر ماشـەکە ئینجـا وەرە لەلایەکـــەوە گرموهـــوڕی ئاوەکـــە کـــە بەکورەکـــە دا ســـەر بـــەرەو خـــوار ئەبێتـــەوە هـــەروەها دەنگـــی ئـــەو بارداشـــە ئەســـتورو زلانـــەی کـــە ئەســـوڕێنەوە و لەولاشـەوە خـرمو هـوڕی ئـەو ئـاوەی کەلـە ماشـەکەوە دێتـە خـوارەوە.ئەگـەر زو خۆتیان لێ دور نەخەیتەوە مێشکت ئەتەقێ.

هیـوادارم ئێسـتا بۆتـان دەرکـەوتبێ کـە (ماشـە) (مـاش) نـی یـە وە ئـەوەی وای کـردوە کـە بەهەڵـە تـێ بگـەن ئەوەیـە کـەماش زۆربـەی کـەس ئـەزانن چـی یــە بــەڵام کــەم کــەس ماشــە ئــەزانێ بویــە یەکــەمیان جێگــەی دوهــەمیانی گرتۆتەوە

٢- ئـەم جـێ گـۆڕکێ یەپێویسـتی بـەم پێشـەکی یـە هەیـە:وشـەی (جێگـە) واتـا شـوێن کـورد هـاتوە کردوێتـی بـە دو کەرتـەوە (جـێ-گـە) ئـەم کەرتـەی دوایـی کـە (گـە)یـە هـەرچ وشـەیەك بـە (گـە)وە بلکێنـرێ ئـەبێ بـە شـوێن بـێ کــەمو زیــادوەك تــەواوی وشــەی (جیگــە) کــە بــۆ نمونــە:روانگــە واتــا ئــەو شـوێنەی راوچـی لێـوەی ئـەروانێت بـۆ نێچـیر، یـان شـەرگە واتـا مەیـدانی شـەرو هتد.

ئـەم گەیـە هێنـدێك جـار زۆر ناشـیانە بـەكاری ئـەهێنن هـەر بـۆ نمونـە: مەلەوانگـە ئـەوە بـەخێرێ بـۆ شـوێن مەلـە بـەكاری ئـەهێنن لەكاتێكـدا كـە واتـای شـوێنی مەلەوانـەكان ئەگەیـەنێ. راسـتی یەكـەی مەلەگەیـە واتـا شـوێنی مەلـە. ئینگلیـز ئـەڵێ (swimming pool) واتـا حـەوزی مەلـە عـەرەب ئـەڵێ: حـوض السـباحە واتـا حـەوزی مەلـە ئێمـە لـە نەشـارەزایما نـەوە ئـەڵێن: شـوێنی مەلەوانـەكان! كەرتەكـەی تـری وشـەی جێگـە(جـێ) یـە واتـا هـەر جێگـا كـە بەتـەواوی خسـتویانەتە لاوە لەكاتێكـدا ئەگـەر (گـە) كـە لەگـەڵ وشـەكەدا نـەگونجاو نـاقۆلاَ بـو ئـەتوانین (جـێ) بـەكاربهێنین پێشـینان بـەكاریان هێنـاوە بـەڵام بـە كـەمی بـۆ نمونـە قـەڵا كۆنـەكان كـە هـەر شـوێنەواریان مـاوە نـاڵێ قـەڵا-گـە ئـەڵێ: جـێ قـەڵا یـان قـەڵا جـێ ئـیتر بـۆ ئێمـەش وانەكـەین بـۆ بڵـێین (مەلەگا)بۆ نەڵێین جێ مەلە؟. وە بۆ زۆر شوێنی كەش بەكاری بهێنین.

ئینجـا ئـەم (گـە)یـە ئـەم هەڵەیـەی بـۆ دروسـت كـردوین: دێ یـەك هەیـە لەناوچـەی سەرچـنار لـەولا قوڵڵەرەسـیی یـەوە پـێ ی ئـەڵێن (سـورگا) ئەمـە بەهـەمو پێوەرێـك گـای سـور ئەگرێتـەوە. بـەڵام وانـی یـە. چـۆن؟ زەوی دێ سـورگا واتـا گڵەكـەی سـورە كـەوابو (سـورگە) یـە بـەڵام لەبـەر ئـەوەی گـا بەناوبانگـە كردویانـە بـە سـورگا واتـا بزوێنەكـەیان كـردوە بـە ئـەلف بـەوە مەعناكەی بەتەواوی گۆڕاوە

٣- هـەر لەسـەر گـڵ. شـاخێك هەیـە كەوتۆتـە باشـوری شـاری سـلێمانی یـەوە پـێ ی ئـەڵێن (گڵـە زەردە) باشـە بـۆ ئـەم نـاوەی لێنـراوە لەكاتێكـدا كـە گڵەكەشی زەرد نی یە؟!

بەبۆچـــونی مـــن (گـــڵ) نـــی یـــە بـــەڵكو (كـــەل)ە بـــەمانای شـــاخ واتـــا (كەلـــەزەردە) زەردەكەشـــی لەمـــەوە هـــاتوە ئەگـــەر هاوینـــان بەتایبـــەتی بـــەیانیان ســـەیری ئـــەو شـــاخە بكـــەین كـــە یەكـــەم تیشـــكی رۆژ ئـــەدات لـــە لوتكـــەكانی زەردپۆشـــی ئـــەكات وەك ئـــاڵتون بۆیـــە ئـــەڵێم كەلەزەردەیـــە نـــەك گڵە زەردە.

٤- شـــاخی گڵـــە زەردە وەك مـــن ئـــەڵێم كەلـــەزەردە لـــە باشـــورەوە ســـنوری بـــەینی ناوچـــەی ســـلێمانیو ناوچـــەی قەرەداغـــە بـــا هـــەر لەناوچـــەی قـــەرەداغا بـــین چـــەمێك هەیـــە لـــە قەرەداغـــەوە بـــەرەو رۆژهـــەڵات درێـــژ ئەبێتـــەوە تـــا ئەگاتـــە دەربەنـــدیخانو لەوێشـــەوە ئەرژێتـــە روبـــاری ســـیروانەوە ئـــەم چـــەمە پـــێ ی ئـــەڵێن چـــەمی (دێوانـــە)، دێوانـــەش بـــەكوردی ســـوفی و دەرویـــش ئەگرێتـــەوە ئەوانەیكـــە تەریقـــەت وەرئـــەگرن بەتایبـــەتیش ئەوانـــەی كـــە خۆیـــان تـــەرخان ئەكـــەن بـــۆ صـــوفێتیو دەروێشـــی و زەرگ لـــە خۆیـــان ئـــەدەن و لـــە تەكیەكانـــدا هەمیشـــە هـــەر خـــەریكی زیكـــرو بـــەڕێوەبردنی كـــارو بـــاری تەكیەكانن. لەفارسیشدا بەمانای شیتو پەتیارە دێت.

ئـــەم ناوەشـــی بۆیـــە پێـــوە نـــراوە، وەك ئـــەڵێن، چـــونكە چـــۆن لـــە دەروێـــش حـــاڵو جەزبـــە ئـــەی گـــرێ و بـــە دەوری خۆیـــدا هەڵئەپـــەڕێو هـــاوار ئـــەكات ئـــاواش ئـــەم چـــەمە كـــەباران ئـــەبارێ لـــە پرێكـــدا هەڵئەســـێو ئەبێتـــە مایـــەی خنكاندنی خەڵكی..

ئـــەم چـــەمە وەك ئـــەم زیانـــەی هەیـــە ســـودێكی زۆریشـــی هەیـــە لـــە روی كشتوكاڵی یەوە بۆ ئەو دێهاتانەی بەم بەرو بەو بەریەوەن.

رایەکی تر هەیە کە ئەڵێ: ئەم ناوە (دێوانە) نی یە بەڵکو (دیوان)ە یە واتا ئەم دێهاتانە ملکی (دیوان)ی میرایەتی بابانەکان بوە. باجەکەشی کە پێیان وتوە (عوشر) واتا دەیەك تەرخان کراوە بۆ (حەوزە عیلمی) قەرەداغ.

(حەوزەی عیلمی) چی بوە؟ لەو سەردەمەدا لە جێگەی دانشگایان کۆلێجی ئێستا و هەمو عیلمێکی تیادا ئەخوێنرا وەك شەریعەتی ئیسلام، زمانی عەرەبی، فارسی، ئەستێرە ناسی ریازیاتو زۆر عولومی دنیوی کە.ئەی لە خۆتان ناپرسن بۆ لە هەمو ئەم کوردستاندا حەزرەتی شێخ عومەری قەرەداغ روانگەی فەلەکی هەبوە؟ یان ئەو شارۆچکەیە تا دوێنێش دێ یەکی گەورەبو ئەم هەمو خوێندەوارە چی یە کە هەیەتی وە ئەتوانم بڵێم تا ئەم دواییە، سلێمانی لێ دەرچێ، بەقەدەر هەمو قەزاکانی سلێمانی خوێندەواری پایەبەرزی هەبو. تەنانەت سەرۆکی دادگای بەرزی تاوانەکان خوالێخۆشبو (جمال مصطفی)ش قەرەداغی بو. شێخ مصطفی موتەسەریفی سلێمانی، ئیسحاق مئیر محامی لەسی یەکاندا کە جولەکە بو قەرەداغی بو. بۆ ئێستاش ئەوە هەر مەپرسە نیوەی راستی مامۆستاو کارمەندی دانشگای سلێمانی قەرەداغی بون. ئەوە ئەو خەلفانەن کە لە حەوزەی عیلمی یەکەوە بوە کە هەڵیداوەتەوە ئێستەش گۆڕستانی بابانەکان ماوە لە قەرەداغ.

بێینەوە سەر باسی سەرەکیمان کە چۆن وشەی زانراون ئەچێتە جێ ی نەزانراو!

ئەوەتە (دیوانە) بوە بە (دێوانە).

بـه پـیێ ی ئـەو سەرچـاوانەی خوێندومەتـەوە دەربـارەی ئـەمارەتی بابـانو ئــەوەش کــە لــە پیرەکــانم بیســتوە تــەنیا پاشــاو ژمارەیــەکی کــەم لــە کەسـوکاری لـە سـلێمانی پایتـەخت دانیشـتون ئـەگینا ئـەوانی کـە پێیـان وتـون (بــەگ) هەریەکــە لەناوچــەیەك دانیشــتونو بــەڕێوەیان بــردوە بــۆ ئــەوەی ئاگــاداری هــەمو روداو گۆرانکاریــەکان بــن وەکــو: کۆیــە، قــەرەداغ، کفــری، سورداشو زۆر شوێنی کەش.

(ریــچ) لــە گەشــتەکەیدا کــە بــەرێوە ئــەبێ بــۆ (ســنە) بــۆ دیــدەنی ئــەمانوڵلاخان لــە رۆژانــە نوســی ١٩و٢٤/تممــوز١/ئــابی ١٩٢٠دا باســی خالـد بـەگ ئـەکات کـە کرابـو بـە مـیری ناوچـەی (شـلێر) و لـە دێ ی بیسـتان دانیشـتوە و چـەند شـەوێك میـوانی بـوە لـە دواییـدا لـەتاو لـەرزوتا چـوە بـۆ (پێنجـوێن)و گــەلێك مــەدحی جـوانیو خۆشــی ئــاو هــەوای ئــەکات و بــە دێ یــەکی گــەورەی ناوئــەبات و بــەدێی بیســتان ئــەڵێ: ئــاوەدانی ناوچــەکە بــوە چــونکە بــەگی لــێ دانیشــتوە بــەوپێ یــە ســەنتەری ئیــداری بــوە. لــەبارەی بیســــتانەوە ئــــەڵێ: چــــل خــــانو ئــــەبێ (١٥-٢٠) خێزانــــی جولەکــــەن. جولەکــەش ئەگــەر لەســایەی میرێکــی دەسترۆیشــتودا نەبونایــە خەڵکەکــە دەســتدرێژیان ئەکردنــە ســەر ئــیتر هەرکــە بــەگ نــەما ئــەوانیش کۆچــیان کــردووە لەوانەیــە بــۆ ســایەی دەســت رۆیشــتوەیەکی تــر. مــن لــە ســاڵی ١٩٦٥دا رێــم کەوتــە دێ ی بیســتان. هەرکــە گەیشــتمە ئــەوێ بەتایبــەتی پیرەکانیــان ئەوەنــدە دڵیــان پــێم گەشــایەوە هــەروەك چــۆن شــێخێکی تەریقـەت زیـارەتی موریـدەکانی بکـات. ئـیتر تـا شـەوانێکی درەنـگ بـیرەوەری ئەوســەر دەمایــان بــۆ ئەگێڕامــەوە کــە لــەباوباپیریان بیســتبو. لەوانــە: ئــەمان

سوارچـاك و جـەنگاوەری بـەگ بـون خۆیـانو مـاڵو منـداڵیان وەك یـەك خێـزان هەمو لە چێشتخانەی گشتی یەوە خواردنیان بەلێنراوی وەرگرتوە.

کـە ئـەمارەت روخـاو بـەگ رۆیشـت، دەستڕۆیشـتوەکانی ناوچـەکە لـەباتی ئـەوەی هـەوڵ بـدەن ئـەمارەت هەڵبسـێننەوە هـاتن بـۆ ئـەوەی دەست بەسـەر زەوی و زاری ناوچـــەکەدا بگـــرن و دەســـەڵاتیان زیـــاد بکـــەن وە بـــۆ ئـــەوەی میرایـــەتی بابـــان لـــە رەگ دەربهێـــنن چـــەکداریان کۆکردبـــۆوە هاتبونـــە ســـەر بیستان کە ماڵی بەگ بسوتێنن!!.

باوبـــاپیرانی ئێمـــەش –ئەمـــە هـــەر قســـەی پیرانـــی بیســـتانە –خـــۆ خزمـــەتکارو مســـکێن نـــەبون باوباپیرانمـــان هـــەمو جـــەنگاوەربون وتبویـــان: ئـەوەی دەسـت بـۆ مـاڵی بـەگ بـەرێت دەسـتی ئـەبڕین و ئـیتر ئـەبیت بەشـەڕو لـــەو شـــەڕەدا چـــەندەها پیـــاوی دەسترۆیشـــتویان ئـــەکوژن، بـــەڵام هـــەر واز ناهێنن..

ئـــەوان زۆر ئـــەبن ئـــەمانیش هـــەر جـــەنگاوەرەکانی بیســـتان ئـــەبن کـــەس نایـــەت کۆمـــەکیان بکـــات زۆر شـــانکورتیش ئـــەبێ بەبەرچـــاویانەوە مـــاڵی میرەکـــەیان بســـوتێنن لـــە دوای شەروشـــۆڕێکی زۆر ئەگەنـــە رێکـــەوتنێك کـــە ئێمـە خۆمـان مـاڵی مـیر بسـوتێنین!!. هـەر بـۆ ئـەوەی نـەڵێن بەسـەرماندا سـەرکەوتن. لەوێـدا پیرەمێردەکـەی ئەمانـەی بـۆ ئەگێڕامـەوە فرمێسـك بـە چـاویدا هاتـە خـوارەوە. هـەر لـەو سـەردانەمدا بردمیانـە سـەر تەپۆلکەیـەکی دەســـتکرد (تورەکـــە رێـــژ) کـــە لەبـــەردەم دێ یەکـــەوە بـــو. بـــۆ ئـــەوەی چـەکدارەکان بتـوانن پانتـایی بـەردێ یەکـە باشـتر ببیـنن. سـەیرەکە لـەوەدا

بـو هەركــە نــەختێك خۆڵەكــەم لائــەدا قەوانــە فیشــەكی رزیــو و ژەنگــاوی دەردەكەوت لەوانەیە هی سەردەمی بابانەكان بوبێ.

لـێم پرسـین ئـەی ئێسـتا؟ وتیـان: ئێمـە وەك وتمـان مسـكێن نـەبوین تـا ئاغـاو بـەگ و خانـەكان بتـوانن ملكومالمـان لـێ داگـیر بكـەن. ئێمـە سوارچـاكو جـەنگاوەری مـیری بابـان بـوین تەنانـەت ئێسـتاش نزیكـی چـل تفەنگچـیمان هەیـە و ئـەو میراتیـە پیرۆزەمـان هـەر پاراسـتوەو كـەس داری بەسـەر بامانـدا نی یە.

ئـەو سـەردەمە ئەمـە قسـەی منـە بـەگو خـانو ئاغاكـان فـامی نەتـەوەییان كـەم بـوە، نـەیانزانیوە گرنگـی میرایـەتی بابـان لـە روی نەتەوەییـەوە چـی بـوە وایـان زانیـوە روخانـدنی فرسـەتێكی گـەورە بـوە بـۆ هـەر دەسترۆیشـتویەكی دوای ئـەوان كەبەشـی خـۆی ببچڕێ لـەو میراتیـە نـی یـە بـەڵام –شـاعیرەكانی وەكـو سـالمو نـالیو ئەوانـەی دوای ئـەوان تـا ئـەمڕۆش بـۆ چـروك لــە شــیعرەكانیان دێ كــە بــۆ میراتــی بابــان ئەلاویننــەوە. تەنانــەت خێزانــە خانەدانــەكانی دەوروپشــتی مــیر لــە ســلێمانیش زۆربــەیان بــانگ كـران بـۆ ئەسـتەنبوڵو لەقـەبو پلـەو پایـەو زەوی زەریـان بـۆ بڕینـەوە بـۆ ئـەوەی وایـان لێبكـەن كەهـەرچ كەسـێك بـیری زیندوكردنـەوەی ئامـارەتی بابـان بكـات ئـەمان بۆ پاراستنی دەستكەوتی خۆیان لەباتی تورك زمانی ببڕن!..

٥– بابێینـەوە سـەر باسـە سـەرەكی یەكـەمان زۆر كـەس بەبیسـتان ئـەڵێن (بێسـتان) چـونكە بێسـتان زۆر ناسـراوە واتـا شـوێنی بەرهـەمهێنانی شـوتیو كاڵـەك و خـەیارو تـرۆزی. بـەڵام بیسـتان یـەعنی شـوێنی داری بـی چـۆن ئـەڵێین

قەبرســتان واتــا شــوێنی قــەبر تەنانــەت (ریــچ) بــە فارســیش ناوەکــەی وتــوە بیدستان (بید)یش بە فارسی یەعنی داری.

ئێســتەش زەوی وزار هەیــە بــەناوی هێنــدێك لــەو جولەکانــە وەکــو زەوی خەمانــەجو ئــەوان نەیانئــەزانی (ریــچ) ســەردانی ئــەوێی کــردووەو لەبارەیــەوە نوسیوە.

٦-وتمــان لەســەر دەمــی میرایــەتی بابــان دا هــەمو ئەنــدامی خێزانەکــە لــە ســلێمانی پایتەختــدا دانەنیشــتون. پاشــای لــێ دەرچــێو ئەوانــەی کــە پێویســتی بــون لــە پایتەختــدا دانیشــن، ئــەگینا باقیەکــەی کــەیان کــە پلــەیان بــەگ بــوە دورو نزیــك لــە شــوێنەکانی تــری ئەمارەتــدا دانیشــتون و هەریــەك ئــەو ناوچــەیەی بــردوە بــەڕێوە کــە بــۆی دەستنیشــان کــراوە. لەوەئەچــێ یــەکێك لــەو شــوێنانە دێ ی (شــیلەخان)بــو بــێ بــەو پــێ یــەی کەلــەوێش قەبرســانێکی بابانــەکانی لــێ یــە. شــیلەخان یەکێکــە لــە دێهاتــەکانی ناحیــەی (ســورداش) ئەگەرلــە ســلێمانی یــەوە بچــێ بــۆ دوکــان و بەرلــەوەی بگەیتــە چــەمی (تــابین) بــە دوســێ کیلۆمــەترو ســەیری لای چــەپی خــۆت بکــەیت بــە دوری ٤-٥ کیلۆمــەتر زنجــیرە شــاخێك ئــەبینی- کــە نــازانم نــاوی چــی یــە- دێ ی شیلەخان ئەوەتە بەناوقەدی ئەو شاخەوە.

ئــەوەی ئێســتا ئەمانــەوێ ناوەکەیــەتی وە ئایــا لەچــی یــەوە هــاتوە؟ شــیلە ئــەوە دیــارە، بــەو رینگاڵــە ئــەڵێن کــە لــە میــوەی گــەیوەوە دێتــە خــوارەوە کــە شــیرینە: وەك شــیلەی تــرێ. زمــانزانی گــەورەی کــورد پروفیســور جــەمال نەبــەز چــەند جارێــك لــێم بیســتوە کــە فەرمویــەتی: بەرسیلە بــەر شــیلەیە واتــا پــێش ئــەوەی شــیرین ببێــت. ئــەوە ئــەوەیمان هــەڵهێنا. ئــەی (خــان)ە کــەی

چـی یـە؟ خـان پەناگایـە بـۆ حەوانـەوە. جـاران لـەبریتی (ئوتیـل) ئـەهلی لادێ کـە ئـەهاتن بـۆ شـار خۆیـانو وڵاخـەکانیان لـە خـان دائەبـەزین. و مـن زۆر بـۆ ئەوە ئەچم کە (خانەقا) لە (خانگە)وە هاتبێ.

دیسـان خـان بـۆ ڕێـز لێنـان لـە ئـافرەت بەکارئـەهێنرێ وەکـو: فاتمـە خـان، ئایشە خان بۆ نمونە.

بـا(خـان) وەك: شـوێنی حەوانـەوە بخەینـە لاوە چـونکە دێ یـەکی تـەری ناوشـاخ نەسـەرە ڕێ یـە نـەهیچ هـەرگیز نـابێ بـە خـان، باشـە تـۆ بلێیـت ئافرەتێـك بـوبێ نـاوی شـیلەخان بـوبێ؟ مـن ئـەلێم بـەڵێ، بـەڵام نـەك شـیلە بـەڵکو (ژیـلا) ژیلەکـەش کورتکراوەتـەوە بـوە بـە (ژیلـە) لـە ئەنجامـدا چـونکە شیلە زانـراو بـوە بـوە بـە (شـیلە)خـان. ئێسـتاش نـاوی (ژیـلا) لـە نـاو کـوردانی ڕۆژهەڵاتـدا مـاوە. ئـەم ژیلاخانـەش خـانمێکی بابـانی بـوە و وادیـارە کەسـایەتی یـەکی پتـەوی بـوە بۆیـە دێ یەکـە بـە نـاوی ئـەوەوە ناوبـانگی دەرکـردوە. هـەروەها لـە شـیلەخانیش قەبرسـانێکی بابانـەکانی لـێ یـەو یەکێك لە قەبرەکان هی (ژیلا)خانە.

٧—هـەر لـە ناحیـەی سـورداش دا دێ یـەك هەیـە نـاوی (چـەرمەگا)یـە بەشێك لـە عەشـرەتی سمایـل عـوزیری لـێ نیشـتەجێن. ئـەم کـوردەی ئێمـە کـە وشـەی بێگانـە دێتـە زمانەکەمانـەوە وابـزانم لەبـەر ئـەوەی لەسـەر زمانیـان قورسـە پـاشو پێشـی ئەکـەن بـۆ نمونـە:(طفل) واتـا منـداڵ بـە عـەرەبی بـوە بـە (تولـف)، (مسـخرە) واتـا بـە کـوردی گاڵتـەجاڕ بـوە بـە (مەخسـەرە)بـە وڵاتـی (یونـان)مـان ئـەوت وێنـان ڕۆژی جومعـە کرابـو بـە جوعمـە ئێسـتاش بـە یـوئێن ئـەڵێن ویئـێن هتـد. چـەرمەگاش بـەو دەردەچـوە چـۆن؟ وشـەی

(چـەرمە)راسـتی یەکـەی (چـەمەر)ە چـەمەریش بـەزمانی تـورکی یـەعنی قـور واتـا ئەگـەر وشـەکە ئاواژونەکرایـە ئـەبو بـوترێ چـەمەرگە واتـا شـوێنی قورپێـوان. کـە یـەکێك لـە عەشـیرەتەکە ئـەمرد بەتایبـەتی سـەرۆکەکانیان لـە شـوێنێکی تایبەتیـدا قوڕئەگیرایـەوە ژن‌و پیـاو تـێ ی ئەنیشـتن و بـەوە خـەمی خۆیـان دەرئـەبڕی بـۆ مردوەکـە! بـەڵام لەبـەر ئـەوەی وشـەی چـەمەر نـەزانراوە بەتایبـەتی کـە ئاواژوکراوەتـەوە چـەرمەگاش زانـراوە بۆیـە هـەمو وایان زانیوە کە ئەبێ ناوی دێیەکە هەر چەرمی گابێ.

لـە دەربەنـدیخان دێ یـەك هەیـە ئـەم ئـاڵو گـۆڕەی بەسـەردانە هـاتوە ئەویش (چەمەرگەیە) واتا شوێنی قورپێوان.

جـەنابی عـەلی بـەگی حسـین بـەگی جـاف بـۆی گێڕامـەوە کـە ئـەودێ یـە بـۆ نـاوی نـراوە (چـەمەرگە) فـەرمویی کـە لـە ئێرانـەوە (خـان ئەحمـەد خـان)ی ئـەردەڵان دێ بـەم دیـودا لـەوە ئەچـێ کـە ئێرانیـەکان تـەنگیان پـێ هەڵچـنی بێـت لـەو شـوێنەدا لەگـەڵ جافەکانـدا ئـەبێ بەشـەڕیو گەورەیـەکی جـاف تیـادا ئـەکوژرێ ئـیتر نـازانم سـەرۆك ئـەبێ یـان نـا و لەوێـدا قـوڕی بـۆ ئـەپێون و لـە ئەنجامـدا کـە ئـەبێ بـەدێ بـە نـاوی قورپێوانەکـەوە نـاوی ئـەنێن (چـەمەرگە) ئـەم قسـەیە علـی بـەگ لـە حەسـەن بـەگی جـاف بیسـتبوکە ئەوکاتـە سـەرۆکی جـاف بوبـو. کـەلێ ی ئەپرسـێ باشـە هـۆی چـی بـو ئـەم شـەڕە حەسـەن بـەگ —ئەڵێ: هیچ هۆیەکی دیار نەبو بۆ ئەوپێکدادانە.

بـۆ سـەلماندنی بۆچـونەکەم قسـەیەك هەیـە ئـەڵێ: مـن چـیم لـەم چەرمەسـەرێیەدا وەیـان مـن تاقـەتی ئـەم چەرمەسـەرییەم لـەکوێ بـو. یـەعنی چی چەرم‌و سەر؟.

ئەمــەش هــەر چــەمەرەکەیە بــوە بــە چــەرمە واتــا مــن چــیم داوەلــەم قورپەسەری یە؟.

بـا واز لەناوچـەی سـورداش بهێـنین و ئـەم جـارە بچـین بـۆ ناوچـەی بازیـانو بەتایبــەتی بــۆ دێ ی (داری کــەلی) ئــەو دێ ی کــە مــەلیکی خێــر نــەدیوی کوردســتان دوا رۆژە ناسـۆرەکانی تیــادا بــردە ســەر واتــا شـێخ مــەحمودی هەرگیز لەیاد نەچو.

ئــەم جارەیــان باســی تێکۆشــانو کۆڵنــەدان و شــەڕەکانیو برینــداربونیو حــــوکمی لــــە ســــێدارەدانیو دورخســــتنەوەی ناکــــەین باســــی ئازایــــەتیو خۆبـەختکردنی ناکـەین نـە سـاڵێ نـە دو بـەڵکو یـانزە سـاڵی رەبـەق بـۆ ئـەوەی ئێمـە بـە ئـازادی بـژین جـەنگا کەچـی هەموپاداشـتێکی ئێمـە بـۆ ئـەو ئـەزانن چـی بـو؟ ئـەمانوت—ئێسـتاش هەیـە وا ئـەڵێ: ئەگـەر شـێخ مـەحمود نەبوایـە ئینگلیـز سـەربەخۆیی ئـەدا بـەکورد! ! بـەڵێ لەحـەیاتی خۆشـیدا هەمیشـە ئـەو شیشـە سـورەوەکراوەمان ئـەکرد بەجگەریـدا. ئێمـە سـەرکردەمان لـە کـارتۆن دروســـت ئـــەکرد کاتێـــك کـــە ســـەرکردەیەکی راســـتەقینەی وەك مـــەلیك مــەحمودمان بۆپەیـدا بـەردەبارانمان کـرد. چــەند رو زەردیــن شـێخ توخــوا لێمان ببورە نەفام بوین.

ئێسـتا باسـەکەمان لەسـەر نـاوی دێ ی داریکـەلی یـە وە ئایـا لەچـی یـەوە هــاتوە؟ داریکــەلی لــە چــواربرگە پێــك هــاتوە: دار—ی—کــەل—ی بــا ئێســتا بـزانین ئـەم نـاوە (داریکـەلی) چـی ئەگەیـەنێ؟ (دار) چ دارێ کـەلی ئەگـەر دار مەبەسـت درەخـت بـێ تایبەتمەنـدی ئـەکا بـە (کـەلی)ە وە واتـا شـاخەوە نـەك

دەشـــتە، بـــۆ نمونـــە. وەکـــو بڵـــێین: کەلەشـــێر—ی—کرماشـــان—ی نـــەك هـــی شوێنێکی کە. ئەمە مەعنا دەرکەوتوەکەیەتی ئەگەر بەهەڵەدا نەچوبم.

باشـــە ئـــەوە چـــی ئەگەیـــەنیٚ؟ بـــەلای منـــەوە هـــیچ مەعنایـــەکی بـــەجیٚ ناگەیـــەنیٚ.مـــن بـــۆ لێکدانـــەوەی نـــاوی ئـــەم دیٚ یەکـــە گرنگـــی یـــەکی پـــیرۆزیو مێـــژویی هەیـــە چـــونکە یەکـــەم مـــەلیکی کوردســـتان تـــا مردنـــی لـــەو دیٚ یـــە نیشتەجیٚ بوە.

مـــن بۆچـــونێکم هەیـــە کـــەوا لـــەخوارەوە هـــەوڵ ئـــەدەم کـــە پێتـــانی بســـەلمێنم: بـــەلای منـــەوە ئـــەوە (دار)نـــی یـــە، بـــەڵکو (دەر)ەو بـــەدەردی وشـــەکانی تـــر چـــوە واتـــا لـــەناو چـــوەو (دار) چـــۆتە جێگەکـــەی (دەر) چـــونکە زانراوترە، چۆن؟

وشـــەی (دەر) بەمـــەعنای دەرەوە دێـــت. بـــۆ نمونـــە دەرودەشـــت واتـــا دەشـــت لەدەرەوەیـــەخۆ لـــەناو ماڵـــدا نـــی یـــە. هـــەروەها دەر—گـــا واتـــا ئـــەو شـــوێنەی لـــیٚ ی ئەچێتە دەرەوەو.

وشـــەی دەرو: ئـــەڵێن: خـــوا هـــەزار دەروی رەحمـــەتی لایـــە. ئەمـــەش دڵخۆشـــی کەســـێکی پـــیٚ ئەدەنـــەوە کـــە هـــەمو دەرگایـــەکی لێگیرابـــیٚ لێـــرەدا بەمـــەعنای رێگەیـــەك دی بـــۆ دەرچـــون لەتەنگوچـــەڵەمەیەك. ئـــەم مەعنایـــەی نزیکترین مەعنایە بۆ ناوی داریکەلیو راستی بۆچونەکەی من.

ئەگـــەر ســـەیری توبـــوگرافی ناوچـــەی بازیـــان بکـــەین و مـــەوقعی دیٚ ی داری کـــەلی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

زنجـیرە شـاخێك لـە (تاسـلوجە) وە دێـت بـەرەو داریکـەلی، لەهـەمان کاتـدا یـەکێکی تـریش هـەر بـەرەو داریکـەلی دیٚ لـە دەربەنـدی بازیانـەوە. تاسـلوجە

لــە رۆژھەڵاتـــەوە بازیـــان لـــە رۆژئـــاواوە کـــە ئـــەبو لـــە داریکـــەلی لەیـــەك بـــدەن بـــەڵام ھـــەردوکیان لـــە داریکـــەلی ئەکوژێنەوەلـــە بـــەینی ھـــەردو زنجیرەکـــەدا (دەرە)یـەك دروسـت ئـەبێ لـە بەینیانـدا ئەچـێ بـۆ ناوچـەی قـەرەداغ بەسـەر دێـی تەنگیسـەرو قـازانو دێلێـژەدا وە دێ ی داریکـەلی ئەکەوێتـە بـەردەم ئـەو دەرەیەوەبۆیـە مـن ئـەڵێم دەری کـەڵی یـە، نـەك داری کـەلی لەسـەر زمـان (دەڕ)ەکە درێژ بۆتەوەو بووە بە (دار).

٩–بـا ئـەم جارەیـان بچـین بـۆ ناوچـەی دەربەنـدی خـان. لەسـەر ڕێگـەی سـەرەکی بـەینی دەربەنـدیخانو کـەلار چـایخانەیەك ھەیـە پـێ ی ئـەڵێن (چـایخانەی ئـاوە خـوێڕی) ئەگـەر لـە دەربەندیخانـەوە بچـیت بـۆ کـەلار کەوتۆتـە لای دەسـتی راسـتەوە. بەسـەگێك ئـەڵێن خـوێڕی کـە خـاوەنی نـەبێ بـە دایمـی ھـەر کاتـە لـە دەرگـای ماڵێـك ئـەبێ لـە ھـەرچ شـوێنێك خواردنێـك بەرماوەیـەك فـڕێ درابـو بیخـواتو ھـەرچ شـوێنێکیش بـۆی ھەڵکـەوت پاڵکـەوێت یـان بنوێـت. جنێویشـە ئەگـەر بەیـەکێك بـوترێ (خـوێڕی) واتـا وێڵگەردو بێ دەرەتانو ھیچو پوچ.

لەچـی یـەوە ئـەم نـاوە بـڕاوە بەسـەر ئـەم چـایخانەیەدا؟ لـە کـانی یەکـەوە کـە ھـەمان نـاوی ھەیـە واتـا کـانی ئـاوە خـوێڕی، ئەگـەر بـە ئـاو وتـرا خـوێڕی مـەعنای ئـەوەی ئـاوێکی کـەمو بـێ خێـرە. لـە کاتێکـدا کەلەسـایەی ئـەو کـانی یـەدا چـایخانەیەکی خـۆشو پـڕ سـەوزایی ھەیـەو سـایەقی ئوتومبیلـەکانو سـواربوەکان ئـەتوانن بـە تایبـەتی لـە ھاوینـدا خۆیـان فێنـك بکەنـەوەو ژەمێکـیش خـواردنی خۆشـی لێبخـۆن. بەڕاسـتی ئـەو غـەدرەی لـەم کـانیو ئـاوە کـراوە لـە ھـیچ شـوێنێکی تـر نـەکراوە! مـن نـەك ھـەر لـەم چـایخانەیە لام

نـەداوە بـەڵکو هەوڵیشـم داوە لـەم کـانی یـە بگـەم. ئـاوە خـوێڕی لەبنەڕەتـدا شـیوە. زۆربـەی زۆری شـیوەکانی تـر وشـکن بـەڵام ئـەم ئـاودارەو پڕیـەتی لـە جۆرەهـــا دارودەوەن بەڕادەیـــەك کـــە ئاوەکـــە نابینرێـــتو بـــەژێر جـــادە قیرتاوەکـەدا ئەڕواتــە نـاو سـیروانەوە. بۆیــە هـیچ سـودێکی لـێ وەرنـاگیرێ جگە لە جوانی سەوزاییەکەی و فێنکی یەکەی.

لەبــەر دارو دەوەن و چــەمو چــوخوردەکەی بــۆم دەرنەکــەوت چــۆن ئــەم ئـاوە سەرخراوەلەچـەمەکەوە؟ یـان ئـەبێ ئـەمیش کـانی یـەك بێـت کـە دێتـە خوارەوە واتا ئەو ئاوەی کە چایخانەی لەبەر دەمدا کراوە.

سـەیر لەوەدایـە لـە چایخانەکەشـدا هـەر ئاوەکـە نـابینی لەبـەر سـەوزایی بەچـیدا هەسـت بـەبونی ئەکـەیت بـە خوڕەکەیـدا کەلەبەرزاییـەکی کەمـەوە هەڵئەرژێتـە خـوارەوە بۆیـە مـن بـۆ ئـەوە ئەچـم کـە ئـاوە (خـوڕ)بـێ چـونکە خوڕەی دێ. نەك ئاوە خوێڕی!.

ئینجـا داوا لـە خـاوەنی چـایخانەکە ئەکـەم بـۆ ئـەوەی ئـەم زوڵمـە لەسـەر ئـەم کـانی یـە جـوانو بەسـودە هـەڵگرێ بـە خـەتێکی گـەورە وەفـا بـۆ ئـەو کانی یە بنوسێ چایخانەی ئاوە خوڕ.

١٠–هــەر لەســەر نــاوی نــاخۆش بــە دوری دوســێ کیلۆمــەتر لــە شــاری (رەوانــدز)ەوە تاڤگەیــەکی جــوانی مــەزن و دەگمــەن هەیــە لــە ناوقــەدی شــاخێکەوە دێتــە دەرەوە پێــی ئــەڵێن (بیخــاڵ).ســەیر لەوەدایــە کــە (ئارشـیباڵد هـاملتون) ئـەو ئینگلیـزەی ڕێگـای (هـەولێر–خانـە)ی دروسـت کـردوە کـە بـۆ یەکـەم جـار لەسـەرەتای سـاڵەکانی ١٩٣٠دا ئـەم تاڤگەیـە ئـەبینێ ئـەڵێ: خـەڵکی ناوچـەکە بـەم تاڤگەیـە ئـەڵێن (بـێ خێـر) هۆیەکەشـی

ئەوەیــە– هــەر وەك ئــەو ئــەڵێ–هــەر کــە ئاوەکــە لەشــاخەکە دێتــە دەرەوە ئەڕژێتــە چــەمەکەوەو بــۆ کشــتوکاڵ هــیچ ســودێکی لــێ وەرنــاگیرێ بۆیــە بــێ خێریـان ناونـاوە ئـیتر چۆن برگـەی (خێـر)ەکـەی بـوە بـە (خـاڵ) نـازانم! بـەڵام ئێســتا خێــری زۆرە چــونکە بــوە بــە دیاردەیــەکی گەشــتو گــوزاری وا کــە هــاوینی هــەمو ســاڵێك بــە دەیــان هــەزار گەشــتیار روی تێــدەکات و زۆر لــە کشتوکاڵەکە خێروبێری زیاترە..

١١–چـەمی رێزانـی نێـوان سـورداشو ئاغجەلـەر. ئـەم نـاو دۆڵو شـاخە لـە قالوبــەلاوە نــاوی چــەمی رەزان بــوە چــونکە هــەموی رەز بــوە لــە ســاڵی ١٩٦١دا کــرا بــە بنکــەی پیشــمەرگە لــە شۆڕشــی ئەیلولــدا لــەو ســاتەوە وابـزانم لەسـەر زمـانی پێشـمەرگە کـانی شـاری سلێمانی یـەوە یـان ئەوانـەی کـە خــەڵکی ئــەو ناوچــەیە نــەبون بوبــە (چــەمی رێــزان) ئــیتر بــزانن چــۆن گــۆران بەسەر ناودا دێت.

١٢–هـەر بـەم بۆنەیـەوە (ئاغجەلـەر)یـش (ئاغـا جلـەر)ە بـە تـورکی یـەعنی درەختــەکان واتــا دارســتان. هــەر وەك لەپێشــدا وتم: کــورد وشــەی بێگانــە– هێنـدێکیان نـەك هـەمو وشـەکان ئاواژۆئـەکات بـۆ ئـەوەی بـۆ وتـن لـەبار بێـت لەسەر زمانی.

١٣–هـەر بـەم بۆنەیـەوە (درەخـت)یـش بـەمانای دار نایـەت بـەڵکو یـەعنی ئاژەڵی کێوی ئەوە برۆن لە هەمەوەندەکان بپرسن بزانن وایە یان نە؟.

١٤–دێ یـەکی بچـکۆلەش هەیـە بەرامبــەر قــەڵای (سروچـك) لــە ناحیــەی بەرزنجـە پــێ ی ئــەڵێن (توتــە قــاچ) بــەڵام لــە بنەڕەتــدا (تــوت ئاغــاج) واتــا دارتو بە تورکی.

١٥- دێ یەك هەیە نزیك شارۆچكەی بەرزنجە شاخێكیان بەینە ناوی (كانی دڕكەیە). بەناو كانی یەكەوە ناونراوە كە لە ژێر بەردێكەوە دێتە دەرەوە ئەو بەردانە كەلەشاخەوە سەر ئەهێننە دەرەوە و ئەشێ لە سێبەریدا سەر خەوێك یان ئیسراحەتێك بكەیت پێی ئەڵێن (درك) بەپیتی (ر)ی سوك بەلاّم كراوە بە (ڕ)ی قورس بویە لە (درك)ەوە بوە بە (دڕك) كە لە پێ هەڵئەچەقێ.

١٦-دێ یەك هەیە لەولا سەرچنارەوە پێ ی ئەڵێن: قوڵڵەرەسی.وابزانم ئەمیش لە(قول دەرەس)ەوە هاتوە بە توركی قول یەعنی كۆیلەو دەرەش یەعنی دۆل(سی)یەكەش (ی) كوردی یەوا تا دۆڵی كۆیلە. لەمساڵەی دواییدا كە كێشەی زەوی زاری ئەم دێ یە هاتە كایەوەو قایمقامی تیادا گیراو لە ئاسایش لە روداوێكی تەمومژاویدا خۆی خنكاند ئیعلامی كوردی سلیمانی ناوی قوللەرەسی یان كرد بە قوڵەرەیسی بەڵێ ناوی ئەم دێ یەی تیا بو بەگوللەی وێڵەوە !.

١٧- دێ ی هەفت تەغار بەلاجەی گەرمیان حەوت، هەفتە و تەغاریش كێشێكی دانەوێڵەیە وەكو هۆقەو تەنو هتد. عەرەبەكان كردویانە بە ئیفتیخار وا بزام هەفت تەغار لە ناوچەی (كفری) دایە.

١٨-كووزبرە: گیانەوەرێك هەیە لای خۆمان پێ ی ئەڵێن (مڵە) ئەم گیانەوەرە لەناو باخدا لە شوێنی تەڕدا ئەژی لە ژێر زەویدا، ئەم گیانەوەرە هێزێكی هەیە كە لەگەڵ قەبارە بچوكەكەیدا بەراورد ناكرێ سەری كە بەقەدەر نۆكێك ئەبێ زۆر رەقە دوشەویلەشی هەیە هەرچەندە ئێسقانیشی نی یە بەلاّم زۆر جیڕە ئەم گیانەوەرە بەشەو ئەكەوێتە كارو

چـەندەها مـەتر لـە ژێـر زەوی یـەوە قوموشـی بازنـەیی بـەتیرەی نیـو سـانتیم شـتێ یـەك زیـاتر لیئـەدات ئـەو قوموشـانە بـەیانیان لەسـەر زەویەكـەوە ئەبینرێ بەوەی كە قوڕەكەی بەرز كردۆتەوەو درزی تێ كردوە

ئـەم قومـوش (تونیـل) انـە بـۆ لێئـەدات نـازانم لەوانەیـە خـواردن هـەبێت لـە ژێـر قـوڕە كـەوە یـان هـەر ئـەوە سروشـتی بـێ مـن مەبەسـتم ناوەكەیـە كـە لەچی یەوە هاتوە؟

باخەوانـەكان زۆر دژی ئـەم گیانـەوەرە زەحمەتكێشـەن چـونكە لـەو تونیـل لێدانەیـدا نـازانم بـە رێكەوتـە یـان بـە ئەنقەسـت ئـەو روەكانـەی كـە تـازە چەكەرەیان كردوەو سەریان دەرهێناوە لە ژێرەوە ئەیانقرتێنی.

ئـەم چـەكەرانەی كـە تـازە لـە تۆوەكـە هاتونەتـەدەرەوەو یەكدوسـانتیم لەسـەر زەویـەوە بەرزبۆتـەوە پـێ ی ئـەڵێن (كـوون) زۆر ناسـكو گـەشو ئـاودارن. لای خۆمـان نـا لـە شـوێنی تـر لـەباتی ئـەوەی پـێ ی بڵـێن (كـووزبرە) هـاتون (ك)ە كـەیان كـردوە بـە (ق)! ئینجـا وەرە ئـەم كـەرە لـەم قـوڕاوە دەربێنە!!.

باخەوانـەكان چـۆن لـەناوی ئەبـەن؟ دەرمانێـك هەیـە لەگـەڵ ئـاودا تێكـەڵی ئەكـەن و ئێـواران روەكەكـەی پـێ ئاوئـەدەن، بـۆ بـەیانی هـەمو مڵـەكان بـە گێـژی لـە كونـەكانیان دێنـە دەرەوە و ئـیتر سـەری ئەوەنـدە رەقـە بەبـەرد نەبێ پان ناكرێتەوە.

١٩–پیاوێـك هـەبو زۆر پـاكو تـەمیز بـو پـێ یـان ئـەوت حەمـە مێشـاوی رۆژێـك پـێم وت: ئـەرێ كاكـە حەمـە مـن لـەوەتی تـۆ ئەناسـم مێشـێكم پێـوە نـەبینیوی ئـەی لـە كوێـوە ئـەم مێشـاویەت پێـوە نوسـاوە؟ ئـەو پیـاوە

هەمیشـــە زەردەخەنـــە بەلێویـــەوە بـــو هـــەرگیزیش تـــورِە نەئـــەبو بۆیـــە پـــێم لێهـــەلگرتو وتم: هـــەبێتو نـــەبێت ئـــەبێ بـــە منـــدالّی مێشـــێکی زۆرت تـــێ ئالاّبێـــت کاکـــە حەمـــە راســـت بـــرِۆ دوکـــەلّ بـــێ ئـــاگر نـــابێ. لەگـــەلّ مێشـــدا پەیوەنـــدی یەکت هەر ئەبێ ببێ.

لەوەلاّمـــدا وتـــی: مـــن هـــیچ پەیوەنـــدیو خزمایـــەتیم لەگـــەلّ مێشـــدا نـــی یـــە نەبەمنـــدالّیو نەبەگـــەورەیی مـــن پەیوەنـــدیم لەگـــەلّ دێ ی (میشـــیاو)دا هەیـــە کـــە دێ یەکەلـــە ناوچـــەی شـــلێر ســـەرو شارۆچـــکەی (پێنجـــوێن) ئێمـــە لـــەو دێ یـــەوە هـــاتوین بـــۆ ســـلیمانی ئـــیتر خەلّکەکـــە میشـــیاوی یەکـــە یـــان لێکـــردوین بـــە (مێشاوی)!.

٢٠–بنەمالّـــەی (کولّەشـــین)یـــش. بـــە هـــەمان دەرد چـــون کـــە قـــادر (قالـــە) یان کەسایەتی یەکی ناسراوی سلێمانی بو.

خـــەلّکی بـــۆ (کولّەشـــین) بـــەم شـــێوەیەی خـــوارەوە بـــۆی ئەچـــون: گوایـــە نـــەنکیان ئـــافرەتێکی کـــورت کـــولّ بـــوە ئـــافرەتی زۆر ئەسمـــەریش پـــێ ی ئـــەلّێن (شـــین) بـــەلاّم ئەمـــە هـــەر زۆر دورە لـــە راســـتی یەکەیـــەوە راســـتی یەکـــەی ئەوەیـــە کـــە بـــە بنەچـــە خـــەلّکی دێ ی (گولّـــە شـــین)ن لـــە ناوچـــەی پشـــدەر وەك یـــەکێك لـــە بـــرا بچـــوکەکانی کـــاك قـــادر بـــۆی گێرِامـــەوە چـــونکە کـــاك قـــادر عـــەمری خوای کردوە.کەوا بو لە (گولّ)وە نەك لە کولّەوە هاتوە.

کەســـایەتی یـــەکی ناســـراویش هـــەبو نـــاوی (حـــەمکولّ) بـــو لەســـەرتایی ســـەلّەکانی چـــلدا کـــوژرا بـــاوکی ئەحمـــەدی حـــەمکولّ وەك ئەحمـــەد بـــۆی گێرِامـــەوە (حـــەمگولّ)ە نەك کولّ.

٢١-با ئـەم جارەیـان بچـین بـۆ هــەولێری پایتــەخت. لــەوێ گــەرەکێك هەیـە پـێ ی ئـەڵێن (تـەیراوا) تـەیرەش هــەمومان ئـەیزانین لـە کوردیـدا وشـەیەکی عـەرەبی یـە (طیـر)بـەڵام لەبـەر ئـەوەی وشـەی (ط)ی قەڵـەو نـی یـە ئێمـە کردومانـە بـە (ت) تـەیریش بـە مانـای مـەلو باڵنـدە دێـت واتـا ئـەبێت ئـەو ناوچـەیە تـەیری زۆر بـوبێ بـەڵام ئەمـە هــەر زۆر دورە لــە راسـت یەکەیـەوە چـۆن؟ ئــەوەی کـە دێ یـەك یـان ناوچـەیەك ئـاوەدان بکاتــەوە بـەناوی ئـەوەوە نـاوی ئـەنێن بـۆ نمونـە (بـرایم ئـاوا)، (ئەحمـەد ئـاوا) ئـەم ناوچـەیەش پیاوێـك ئـاوەدانی کردۆتــەوە کـەناوی (طـاهـر)یـان لەســەر زمــانی کــوردی (تــاهیر)واتــا تــاهیر ئــاواو لــە ئەنجامــدا بــوە بــە تــەیرو گەڕەکەکــەش بــە تــەیراوا مــن ئەمــەم لــە بــرا هەولێرییــەکان بیســتوە ئــەگینا شارەزاییم لە ناوی کەس و شوێنەکانی هەولێردا نی یە.

٢٢- هـەر لـە هـەولێر، لەسـەر ڕێگـەی رەوانـدز- حـاجی عـومران پردێـك هەیـە پـێ ی ئـەڵێن (پـردی حـافز) حـافزیش وەکـو هــەمو ئـەیزانین بـەو نابینایـان ئـەڵێن کـە قورئـان ئـەخوێنین. خـەڵکی بـۆ ئـەوە ئەچـێ ئـەڵێ: هـەبێتو نـەبێت ئـەبێت حافزێـك لــەم پــردە کەوتبێتــە خــوارەوە و مردبــێ بۆیــە ئــەو نــاوەی لێنــراوە. بــەڵام لــە راسـتیدا ئــەو نــاوە هــیچ پەیوەنـدی بـە حــافزەوە نــی یــە، وشــەکە لــە بنەرەتــدا (ئــــۆفیس)ە (ئــــۆفیس)یــــش بــــەزمانی ئینگلیــــزی یــــەعنی (نوســــینگە) ئــــەم نوسـینگەیەش هــی (ئارشـیباڵد هـاملتۆن)بـوە ئـەو ئەنـدازیارە ئینگلیـزی یـەی کـە هێڵـی جادەکـەی کێشـاوەو ئـەنجامی داوە وەلەبـەر ئـەوەی ئـەم پـردە نزیکـی ئـەو ئۆفیسـە بـوە بۆیـە ناویـان نـاوە پـردی (ئـۆفیس) کەلەسـەر زمـانی ئێمـە بـوە بـە حـافز. سـەیر ئەوەیـە ئـەو مەلایانـەی لـە ناوەڕاسـتو خـواروی عێراقـدا سـەر بـە ئینگلیــز بــون ئــەوانیش پــێ یــان ئــەوتن (مــەلای حــافین)! . ئــەم زانیاریانــە د. پرۆفیسۆر عزالدین مصطفى رسول دایمێ.

٢٣- مژدانـه: یـەکێ ئەگـەر خەبـەرێکی خـۆش بـدات بەیـەکێك پارەیـەك چـاورونی ئەخاتە مشتی خەبەر دەرەکەوە کە وابو ئەوە مشتانەیەو بوە بە مژدانە.

٢٤- تـاق: هەڵچـنراوێکە لەبـەرد یـان لـە خشـت وەك دەرگـا بـەڵام ئەگـەر پـێ ی بـوترێ تـاق ئـەبێ سـەرەکەی کـەوانی (نیـوە بازنـەیی) بێتـەوە یـەك. باشـە ئـەوا ئەمـەمان زانـی بـەڵام شـتێ یـەکی تـر هەیـە ئـەم نـاوی تاقـەی پێوەیـە کـە ئـەویش دێ یـە وەکـو دێ ی: سـێ تاقـان، پێـنج تاقـان. سـەری لـێ دەرناکـەین سـەر لـێ دەرنەکردنەکەشـی ئەوەیـەکوێرەدێ یـەکو تـاق کوجـا مـەرحبا؟ ئەمـە لـە ریشـەدا (تـاك)ە بـە کـوردی کـۆنو لـە فارسیشـدا بـەمانای (رەز)دێ چـوار تـاك واتـا چـوار رەز چـۆن گـەڕەکێکی سـلێمانی هەیـە پـێ ی ئـەڵێن (چـوارباخ) بـەوە چـوارتاش ئەبێ هەر چوار تاك بوبێ و کافەکەی کراوە بە ژێر لێوەوە.

٢٥- کـۆی سـنجاق: لـەدو وشـە پێـك هـاتوە ١- کـۆی نـاوی شـارەکەیە کـە ئێسـتا پـێ ی ئـەڵێن (کۆیـە)و کـە موسـڵمانە عەرەبـەکان داگیریـان کـردوە بـەکۆجار ناویـان بـردوە (کـۆ)ش لـە کوردیـدا بـە مـەعنای شـاخ دێ، ٢- سـنجاق تـا ئێسـتا وای بۆچـون کـە گوایـە لـە وشـەی (سـنجەق)ی تـورکی یەوەیـە کـە یەکەیـەکی ئیـداری بـووە لـە زەمـانی حـوکمی عوسمانیـدا وەك ناحیـەو قـەزای ئێسـتا بـووە، بـەڵام مـن بۆچونێکی کەم هەیە کەوا لە خوارەوە هەوڵ ئەدەم کە پێتانی بسەلمێنم.

وشـەی سـنجاق، وشـەی سـنجەق نـی یـە. بـەڵام لەوانەیـە بـوترێ لەسـەر زمـانی ئێمـە گۆرانکـاری بەسـەردا هـاتوەو بـوە بـە سـنجاق ئەمـەش زۆر جـار روئـەدات بەتایبـەتی بـۆ وشـەی بێگانـە کـە دێتـە زمـانی کـوردی یـەوە یـان هـەرچ زمـانێکی تـر بـەڵام سـەیر لەوەدایـە چـەندەها سـنجەق بـوە لای ئێمـە و لـە تورکیـاداو لـە موسـتەعمەرەکانی تـری دەوڵـەتی عوسمـانی دا کەچـی وەك مـن بیـزانم هـەر بـە کۆیـەوە نوسـاوە؟!

ئەمە جێ ی پرسیار نی یە؟ بێ گومان بەڵێ.

مـن ئـەڵێم چـی؟ مـن ئـەڵێم بـا کۆیـە (سـنجەق)یـش بـوبێ بـەڵام وشـەی سـنجاق لـەوەوە وەرنـەگیراوەو وشـەیە واتـا سـنجاق لەبنەرەتـدا کـوردی نـی یـە! چـۆن؟ هــــەمومان دەرزی ســــنجاقمان بیســــتوە، ئــــەو دەرزیــــەی کــــە ســــەرەتیژەکەی ئەنوشــتێتەوەو ئەچــێتە نــاو ســەرە ئەســتورەکەیەوەو بــەوە ئــەوەی بــەکاری ئـەهێنێت ناچـێ بـە لەشـیدا ئینگلیـز پـێ ی ئـەڵێ "سـێفتی نیـدل" واتـا دەرزی بـێ مەترسـی. باشـە لـە خۆتانتـان نەپرسـیوە بـۆ شـاری کۆیـەو ئـەم دەرزیـە یـەك ناویـان هەیە؟ کە ئەویش (سنجاق)ە ئەمە جێ ی سەر سوڕمان نی یە؟!

ئـەوا وتمـان کۆیـە لـە سـنجقەوە هـاتوە باشـە ئـەی نـاوی ئـەم جـۆرە دەرزی یـە لـە چـی یـەوە هـاتووە؟ باشـە چـۆن لێکـی بدەینـەوە؟ بـەوە لێـك ئەدرێتـەوە کـە مەعنای (سنجاق)مان زانی.

لـە بنەرەتـدا وشـەی (سـنجاق) مەبەسـتم لـە دەرزی یـە کەیـە لـە (سنگچـاك) ەوە هـاتوە کـە لـە دو وشـە پێـك هـاتوە: (سـنگ) وە (چـاك). سـنگ ئـەوە زانـراوە پێشـی بەشـی سـەرەوەی لەشـی مـرۆڤ بـەڵام چـاك لـە فارسـی و کـوردی کۆنـدا بـە واتـای سـنگی کـراوە یـان داچـەقاو دێ. مەبەسـت لـە گۆشـتەکەنی یـە بـەڵکو لـە کراسـەکەیە کـە یـان هـەر کراسـێکی تـر کـە سـنگ دا ئەپۆشـێ. ئەگـەر درزێکـی تیـا بـو و گۆشـتی سـنگی لێـوە دیـار بـو واتـا کـرا بـوەوە. ئـەو کەسـە پـێ ی ئـەڵێن سنگچـاك واتـا سـنگ کـراوە وە بـۆ ئـەوەی کـە سـنگەکە بـەکراوەیی یـان بەداچـەقاوی نەمێنێتـەوە بـە تایبـەتی بـۆ ئـافرەت تـا سـنگومەمکی دەرنەکـەوێت و بـۆ هێنانەوەیـەکی ئـەم دەرزیانـە بـەکار ئـەهێنرا ئـەو کاتـەی کـە قۆپچـە کـەم بـو لـەوەوە ئـەم جـۆرە دەرزی یـە ئـەو نـاوەی بەسـەردا دابـڕا واتـا (سـنجاق) و ئەسڵەکەی سنگچاکە.

باشـە هەقتانـە کـە لـێم بپرسـن کـە چـۆن وشـەی (سنگچـاك) گـۆڕدرا بـە سـنجاق؟ و وەڵامتـان ئەدەمـەوە و ئـەڵێم: ئەگـەر لـەبیرتان مابێـت وتم (تـاك) لـە کـوردی کۆنـداو

تەنانـەت فارسیشـدا بـەمانای ڕەزوبـاخ هـاتوە– بڕوانـە ژمـارە(٢٤) هـەر ئـەم باسـە – وە چـۆن بـوە بـەتاق هـەمان ئـەم گۆرانکاریـەش بەسـەر پـیتی (ك)ی (سنگچـاك) دا هاتوە بوە بە (سنگچاق).

ئەگـەر سـەرنجتان دابـێ ئـەو (گ)افانـەی لـە دوای پـیتی نونـەوە دیـن پـیتی کۆتـای وشـەن وەك: دەنـگ، جـەنگ، مـەنگ، سـەنگ، بـەنگ، تـەنگ، ڕەنـگ، زەنـگ، شـەنگ، لـەنگ، نـەگ، هـەنگ، بـێ دەنگـن واتـا دەرنـابرین لـەبریتی ئـەو نونەکـەی پێشـی بـە لـوت دەر ئـەبڕین واتـا ئەیکـەین بـە دەن، ڕەن،جـەن.هتـد. کـەوابو ئەمجارەیان (سنگچاق)بو بە سنچاقو گافەکەی لێدەرهات.

تکایـە لەگـەڵ منـدا بڵـێ (سنچـاق) مـن هـەر هەسـت ئەکـەم (چ)ی مەکـە گرانـە لەسـەر زمـانم بێگومـان تـۆش ئـەم هەسـتەت کـردوە. ئەیچـۆنە (چ)ی مەکـە بگـۆڕین بـە (ج)یـم واتـا بیکـەین بـە سـنجاق دەریـان بڕیـوەو نوسیویشـیانە جـا هیـوادارم تـوانیبێتم کـە پێتـانی بسـەلمێنم کـە سـنجاق لـە پێشـدا سنگچـاك بـوەو ئـەم گۆرانکاریانەی بەسەر هاتوە بۆیە بوە بە سنجاق.

ئێسـتا گـرنگترین پرسـیار دێتـە پێشـەوە وشـەی سـنجاق چ پەیوەنـدی یـەکی بەشـاری کۆیـەوە هەیـە؟ واتـا بـۆ ئـەم وشـەیە لکێنـراوە بـە کۆیـەوە؟ لەبـەر ئەوەیـە چـونکە کۆیـەش سنگچـاکە واتـا سـەنگ کراوەیـە. چـۆن؟ ئەگـەر سـەیری توپـوگرافی کۆیـە بکـەین ئـەبینین پشـتی داوە بـە شـاخەوەو ڕاسـتو چەپیشـی هـەر شـاخە تـەنیا پێشـی یـان بـابڵێین سـنگی کراوەیـە ئەڕوانێتـە بـەردەمی خـۆی هـەر ئـەو هۆیەشە کە نازناوی سنجاقی یان سنگچاکی پێوە نراوە.

لـەناو عەرەبـدا ئـەم نازناوانـە زۆر بـاوە بـۆ شـارەکانیان وەك: ئەلمەکـە ئەلموکەرەمـە، ئەلمەدینـە ئەلمونـەوەر، موصـل ئەلحـەدباء یـان ئـوم لـرەبیعین، بەغـداد داروسـەلام یـان مـودەوەرە– هتـد. بـەڵام لـە کوردەواریـدا وەك مـن بـزانم هەرکۆیـە ئـەم نازنـاوەی هەیـە. بـەڵام ئێسـتا وا خەریکـە نازنـاوی شـاران بـڵاو

ئەبێتــەوە بــۆ نمونــە هــەولێری قــەڵاو منــارە یــان هۆلاکــۆ بــەزێن، ڕانیــە دەروازەی ڕاپــەڕین، ســلێمانی شــاری ڕۆشــنبیری، هەڵەبجــەی شــەهید یــان شــاری ئاشــتی.. هتد.

٢٦– ئیدیـەمێك هەیـە ئـەڵێ (سـیر بخـۆ و زوڕنـا لـێ بـدە) هـەمو خـەڵکی بـۆ سـیری خـواردن ئەچـن. باشـە چ پەیوەنـدی یـەك هەیـە لـە بـەینی سـیر و زوڕنـا لێـدانا؟ نازانن کە وشەی سـیر فارسـی یـە وە بـە مانـای (تێـر) دێـت واتـا تێـر بخـۆ و زوڕنـا لـێ بدە. چـونکە ئەگـەر یـەکێك تێـر نـەخوا بـاش فـوی بـە زوڕنـادا بـۆ نـاکرێ. ئەمـە ئـەوە ئەگەیـەنێ کـە هەرچـی بڵێیـت بـەلای منــەوە گـرنگ نیـە!. وە لـە پەنـدی کوردیـدا زۆر وشـەی فارسـی هەیـە، بـۆ نمونـە (سـەر دەرکـە مـاڵ بسـیارە) وشـەی بسـیار بـە فارسی مانای زۆرە واتا هەر سەر گرنگە ئەگینا ماڵ ئەبێتەوە.

نازانم ئیتر ئەم قسانەم جێ ی گرتوە یان جۆرێکە لە وڕێنە!؟.

ئێستاش ئەمەوێت بە دوخاڵ ئەم لێکۆڵینەوەیە کۆتایی پێ بهێنم:

١- ئـەم ناوانـە چـین لەبنەڕەتـدا و بـۆ وا گـۆڕاون وەڵام دانـەوەی ئـەم پرسـیارە بـریتین لـە بۆچـون وە وەك هــەموشمان ئـەیزانین بۆچـون یـا ئـەیپێکی یـان نایپێکی بۆیە هەمو بۆچونێکی کە جێ ی ڕێزمانە.

٢- ئێـوەی بـەرێزیش کـەمو زۆر لـەم بابەتـە ئـەزانن هـەر بـۆ خۆشـی وەك مەتـەڵ هــەڵهێنان بــڵاوی بکەنــەوە چــونکە کــەمو زۆر زمانەکــەمان دەوڵەمەنــد ئەکات، سوپاس بۆ خوێندنەوەتان.

## بەشی شەشەم

# دو تابلۆی پڕ شکۆی ژنانە[1]

[1] لە کتێبی (رحلە ریچ فی العراق– گەشتی ریچ بە عیراق)دا وەرم گرتوە کە بریتی یە لە یاداشتەکانی نوێنەری شەریکەی هندی رۆژ هەڵات لە بەغدا لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا. لیوا بهاالدین نوری گۆڕیویەتیە سەر عەرەبی لە ساڵی ١٩٥٢دا ئێمەش لە عەرەبی یەکەیەوە ئەم بەشەمان لێوەرگێڕاوەتە سەر کوردی و لە گۆڤاری (کەلیخان)ی ژمارە (٢)ی ساڵی (١٩٩٦)دا بۆ یەکەمجار بڵاومان کردۆتەوە.

(کلۆدیـــۆس جـــێمس ریـــچ) نوێنــــەری شـــەریکەی هینـــدی رۆژهــــەڵاتی ئینگلیــزی لــە بەغــدا خــۆیو خــاتو ریچــی خێزانــیو پاســەوانو دەســـتو پێوەنــدێکی زۆر ســـەردانی ســـلێمانی پایتـــەختی میرنشـــینی بابـــان ئەکـــەن، کاتێــك کــە محمــود پاشــای بابــان لەســەر تــەخت ئــەبێ. لــە ٧ی ئایــاری ١٨٢٠دا ئەگەنــە سەرچــنارو لــە رۆژی ٢١/تشــرینی یەکــەمی هــەمان ســاڵدا مــاڵاوایی ئەکــەن دوای ئــەوەی هــەر لــە ســلێمانی یــەوە ســەردانێکی (ســنە)ی پایتــەختی میرنشــینی ئــەردەلانیش ئەکــەن کــە ئەوکاتــە (ئــەمانوللاخان) والــی ئــەبێ. لەوگەشــتەدا میســتەر ریـچو خـاتو ریچـی خێزانـی وێنەیـەکی فۆتـۆگراف رۆشـنی ئـەو سـەردەمانە لـە زۆر لایەنـەوە لـە رۆژانـە نوسـینەکانیاندا ئەخەنـە بەرچاو، کەوا لێرە دو تابلۆی ژنانەی پڕ شکۆیان لێ هەڵدەبژێرین.

- **تابلۆی یەکەم**

خـاتو ریـچ لـە پاداشـتەکانی رۆژی ٢٧/ نیسـانیدا کاتێـك کـە ئەگەنـە شـاری کفـری لـە چـونیاندا بـۆ سـلێمانی: ئـەڵێ ئـەمرۆ کـە زۆر نـاخۆش بـو چـونکە بـا لەباشــورەوە بــەرەو رۆژهــەڵات هــەڵیکردبو، وا چــاوەڕوان ئــەکرێ ســەبەینێ دایکـی پاشـا بگاتـە ئێـرە(واتـە دایکـی مـەحمود پاشـای بابـان بگاتـە کفـری. وەرگێــڕ) کــە بــەرەو بەغــدا دەچــێت وە ئــەڵێن کــە گوایــە بــۆ گفتوگــۆکردن دەچــێت بــۆلای داود پاشــای والــی بەغــدا بــۆ ســەقامگیرکردنی ئاســایش لەبەینیانــدا (واتــا لەبــەینی پاشــایەتی بابــانو پاشــایەتی بەغــداد.وەرگێــڕ) عوسمـان بـەگ کـوڕە بچـوکی تـا سـنوری تـورکی لەگەڵیـدا هـاتوە (واتـا سـنوری پاشـایەتی تـورکی بەغـدا نـەك وڵاتـی تورکیـا. وەرگێـڕ) وە وتیـان کـە هـەزار لادێی یـان بـەکرێ گرتـوە(بـە کـرێ نـەك بـە سـوخرەو بێگـار. وەرگێـڕ) کـە رێگـا

تـەخت بكـات چـونكە ئـەوان بەڕێگـەی سـەگرمەدا هـاتون كـە هەڵـدێر و چـاڵو چۆڵو بەرزیو نزمی زۆرە.

(ریچ)یش لە یاداشتەكانی ڕۆژی ١٥/ئایاری دا ئەڵێ:

دوێـنێ شـەو تەتـەرێك بەپەلـە لەبەغـداوە هـات بـۆ لای پاشـا(واتـا محمـود پاشـای بابـان. وەرگێـڕ) ماوەكـەی بەسـێ ڕۆژ بـڕی بـو، هـاتبو تـا بـە پاشـا رابگەیـەنێ كـە پاشـای بەغـدا پێشـوازیەكی پـڕ شـكۆی لـە دایكـی كـردوە وە زۆر چـاوەڕوان ئـەكرێ كـە پێشـنیارەكانی پەسـەندبكا (واتـا پێشـنیارەكانی محمـــود پاشـــا. وەرگێـــڕ) وە هــــەر لــــە دانیشـــتنی یەكەمـــدا ناوچـــەی (قەرەحەسـەن)ی بەخشـیوە كـە بخرێتـە سـەر پاشـایەتی سـلێمانی لەگـەڵ تەسـلیم كردنـی (حەسـەن بـەگ) بـرا پچـوكی مـەحمود پاشـا كـە سـاڵێك لەوەوبـەر داود پاشـا فریـوی دابـو، رای كردبـو بـۆ بەغـدا تـاوەكو نـاكۆكیو بەیەكـدادانو پشـێوی لـەناو میرەكـانی بابانـدا دروسـت بكـات، وە هـەروەها بـەڵێنی داوە واتـا داود پاشـا كـە (ئـەربیل)و (ئـاڵتون كـۆپری)یـش بخاتـە ژێـر فـەرمانڕەوایی ئەمانـەوە بـە مـەرجێ (باقیرخـان) لـە سـلێمانی دەركـات كـە ماوەیـــەك وەك نماینـــدەی شـــاهزادەی كرمانشـــاە لێـــرە دانیشـــتوە و داوای (سـی هـەزار) تمـەن ئـەكات لێـرەدا یاداشـتەكان تـەواو ئـەبێ. ئـەو ئافرەتـەی كـە میسـتەر ریـچو خێزانەكـەی لـە یاداشـتەكانیاندا بـە (دایكـی پاشـا) نـاوی ئەبـــەن، نـــاوی (فاتمـــەخان) بـــوە و كچـــی خالیـــد پاشـــای بابـــانو ژنـــی عەبـدولرەحمان پاشـای بابـان بـوە كـە بـاوكی مـەحمود پاشـایە كـە ریـچ سـەردانی كـردوە.لـە بـەجێماوەكانی ئـەو ئافرەتـە هەڵكـەوتوە كەبـە ناویـەوە نـــاو ئـــەبرێ (كـــارێزی دایكـــی پاشـــا) لـــە گـــەڕەكی ســـەركارێز، دیســـان

(حەمامیفاتمـــەخان) کـــە کەوتۆتـــە پشـــت (ســـەرا)وەو ئێســـتا کەلاوەیـــەو لـەکاتی خۆیـدا (ریـچ) خـۆی لـیٚ شـتوەو ئـەڵێ: تەنانـەت لـە ئەستەمبوڵیشـدا کـەم حـەمامی وا هەیـە. جـا ئێسـتا بابـەم چـەند وتەیـە کۆتـایی بـەم تابلۆیـە بهێـنم: ئـــەم روداوە بەڵگەیـــەکی مێـــژویی گرنگـــی بـــیٚ گومانەکـــە ئـــافرەت لەچـینی فەرمانـداران‌و ئوروسـتوکراتی کوردیـدا چ پلـەو پایەیـەکی بـەرزی بـوە بــە رادەیـــەك کەبـــەر لەدوســـەد ســـاڵ بتـــوانیٚ بـــە کاروبـــاری دیبلۆماســـی وا گەورەو گرنگ هەڵبسێت ! .

**تابلۆی دوەم**

بـا ئێسـتا نمونەیەکیشـتان لـە ئـافرەتی هەڵکـەوتوی چـینی چەوسـاوەو بـۆرە پیاوانـەوە بـۆ هەڵبـژێرم کەبەسـەرهاتی ئـەمیش هـەر لەیاداشـتە بەنرخـە بـیٚ پایانـــەکانی خوالێخۆشـــبو میســـتەر (ریـــچ)ەوە وەرگرتـــوە. ریـــچ ئـــەڵێ: نمونـەی ئازایـەتی لـەناو ئـافرەتی کـوردا کـەم نـی یـە. ئـەمرۆ(رۆژەکـە بـاس ناکـات. وەرگێـڕ) فـەیزوللا ئەفەنـدی کـە کاتێـك بـوە (دیوانـە ئەفەنـدی) بـوە (واتـــا وەزیـــری مـــالی یـــە. وەرگێـــڕ) لای پاشـــای بەغـــدا پیـــاوێکی زرنگـــە و خولیـای میکـانیکی هەیـە. باسـی پیانۆیـەکی بـۆ کـردم کـە خـۆی دروسـتی کـــردوەو توانیویـــەتی چـــەند ئـــاوازێکی تـــورکی‌و فارســـی پـــیٚ لـــیٚ بـــدا، کـــە ماڵئـــاوایی لـــیٚ کـــردم، پـــیٚ ی وتم: ئەمـــەوێت شـــتێکی ســـەیرت نیشـــان بـــدەم کەلـە ژیانتارێکـەوتت نـەکردبیٚ. ئـیتر هـاواری لـە نۆکـەرێکی کـرد کەبێتـە لای‌و پرسـیاری لـیٚ کـردم کـە ئایـا هـیچ شـتێکی نائاسـایی لـەم نۆکەرەیـدا بـەدی ئەکـەم؟ وتم نـەخێر، ئـەوەی هەیـە کـوڕێکی قـۆزو بەهێزیشـە.وتـی: کـوڕنی یـە بـــەڵکو کچـــێکی بلێباســـیە (عەشـــیرەتێکی ئـــازاو نەبـــەردن لـــە رۆژهـــەڵاتی

شارۆچــکەی رانیــەدا نیشــتەجێن. وەرگێــڕ) باشــترین سوارچــاكو ئــازاترین شــەڕکەرو دڵســۆزترین نۆکەریشــە کــە مــرۆڤ بیهێنێتــە بەرچــاوی. رەوشــتی بچــوکترین لەکــــەی پێــــوە نــــی یــــەو مایــــەی ســــەربەرزی ئافرەتانــــەو ئازایەتیەکەشــی وای کــردوە کەبەســەر پیاوانیشــدا بشــکێتەوە, هێشــتان کچیشــە. رۆژێــك تورکێــك دەســتی ئــەبات بــەلاوە. ئــەمیش ورگــی بەخەنجــەر یەکالآئەکاتــەوەو پــێ ی ئــەڵێ: ســێودو لــە دڕینی ورگــی ئاغاشــم ناکــەم ئەگــەر کــرداری وام لەگەڵدا بکــات. شــانازیش بــەوەوە ئــەکات کــە چــەند جارێــك هــەڵی کوتاوەتــە ســەر تــۆپ بــێ ئــەوەی رمەکــەی شــۆڕکاتەوە یــان بیهــاوێ تــا نەچــوبێتە ســەر ســەربازە تۆپچــیەکان. جلــی پیاوانــەی کــوردی لەبــەردابو و شــاڵێکی حەریریشــی بەســتبوە ســەری، بالآیــەکی بــەرزی هــەبو، تەمــەنی لــە بــەینی (٢٥–٣٠) ســاڵدا بــو، روخســارێکی کــوردی رەســەنی هــەبو کــە هــەتاو ســوتاندبوی) منــیش ئــەڵێم: ئــای کــە ئــافرەتی هەڵکــەوتومان هــەبوە وەك دایکــی پاشــا و ئــەم کچــە بلباســیە جــەنگاوەرە کەتەنانــەت شــەرەفی زانــینی ناوەکەشــیمان نــەبو، بــەلام هــەمویان یــا بڵــێین زۆربــەی زۆریــان لەبــەر تۆمارنــەکردن ناونیشانیشــیان کوێربۆتــەوەو کەوتونەتــە ژێــر خــۆڵی مێــژوەوە وەك ئاســەوارە کۆنــەکان، وە ئەگــەر ریــچو خانمەکــەی نەبونایــە ئــەوا بــێ گومان نەناوی دایکی پاشاو نەباسی ئەم کچەشمان ئەبیست[١] .

---

[١] لــە سەرچــلوەیەکدا دیومــە نــە ناوەکــەی و نــە نــاوی نوسەرەکەشــیم لــە یــاد مــاوە. ئەزانم لە نوسەرەکانی نەوەی پێش ئێمە بو. لەبارەی ئەم کچەوە ئەڵێ:

وەك لە پیرێكی صەد ساڵەی بیستوە وەختی خۆی كە ئەوكچە ناوی (ئافتاو) بوە خەڵكی پیان وتوە (ئافتاوكوڕانی) كوڕانیش بەو ئافرەتانە ئەڵێن كە سروشتیان كوڕانە هەڵكەوتوەو حەز بە پۆشینی جلی كوڕانەو كرداری ئەوان ئەكەن.

# بەشی حەوتەم

# رامیاری

## دو ئەفسانە. دەربارەی فەرماندارو دەستو پێوەند

نوسینی: د.فوئاد زەکەریا

چەند ئەفسانەیەك لەناو خەڵكیدا باوە كە نەفامی یەكی سیاسی گەورە ئەگەیەنن‌و بە ئاشكرا دەری دەخەن كە خەڵكی چۆن پەی بەساكارترین بنچینەكانی دیموكراتییەت نابەن. دو لەو ئەفسانانە ئەمانەن:

### ئەفسانەی ئەو فەرماندارەی كە بێ ئاگایە:

لە دیمەنێكی فلیمی ((نیكۆلاس‌و ئەلیكسەندرا))دا كرێكارە كوڵۆڵ‌و رەش‌و روتەكان بە رێپێوانێكی ئاشتیانە بەرەو دەرگای قەراڵی روسیا ئەچن‌و قەشەیەكی دژ بە زەبرو زەنگیش رابەریانە. ئەو كرێكارانە سكالانەمەیەكیان پێ یە بۆ فەرماندار كە گلەیی لەباری نا لەباری ژیانیان ئەكەن. رێپێوانەكە بە هێمنی دەڕواتو لە پێش هەموشیانەوە قەشەكە بێ وچان هاوار ئەكات ((ئێمە بە ئاشتی هاتوین بۆ لاتان)) بەو بەریشەوە سەرباز بەچەكەوە راوەستاون‌و لە شوێنێكی دەستنیشان كراودا دەستڕێژ لە رێپێوانە ئاشتیخوازەكە ئەكەن‌و بەوە ئەو قەسابخانەیە روئەدات كە بەناوبانگە بە ((قەسابخانەی كۆشكی زستان)) ی ساڵی ١٩٠٤. لە كۆتایی دیمەنەكەدا قەشەكە بەحەپەساوییەوە سەرنجی كوژراوەكان‌و ئەو خوێنە زۆرە بە ناهەق رژاوە ئەداتو هاوار ئەكات ((نیكۆلاس، ئەی خوێنرێژی شەڕ ئەنگێز!)).

دوای ئـەوە یەکسـەر دیمەنەکـە ئەگوێزرێتـەوە بـۆ کۆشـکی قـەراڵ. ئـەبینین کـە راوەسـتاوەو بەتورەییـەوە لـە سـەرۆك وەزیـران دەپرسـێ: بـۆ پێتـان نـەوتم کـە کـێ فـەرمانی تەقـەی دا؟ بـۆ ئـەو خەڵکـەتان کوشـت؟ کـێ بەرپرسـیارە لـەم قەسـابخانەیە؟ سـەرۆك وەزیـرانیش بـە ژێـری یـەوە وەڵامـی دەداتـەوە و ئـــەڵێ: باشـــە ئایـــا ئـــەو داواکاریانـــەیانت جـــێ بـــەجێ ئـــەکرد ئەگـــەر بگەیشـــتنایەتە لات؟ وە کـــە وەڵامەکـــەی وەك چـــاوەڕوان ئـــەکرێت بـــەنا ئەداتەوە ئەڵێ: ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا ئەپرسێ کەکێ بەرپرسیارە؟

لـــەم چـــەند دیمـــەنو گفتوگۆیـــەدا لـــە هەرســـێ سوچـــەکەیەوە تـــەنگو چەڵەمەی بنەڕەتی فەرمانڕەوایی تاکە کەسیو دیکتاتۆریمان نیشان دەدا

١- میللەت بە زاڵم سەیری فەرماندار ئەکات.

٢- بـەڵام فەرمانـدار خـۆی بـەبێ گونـاه ئـەزانێ چـونکە بـێ ئاگـا بـوەو لۆمەی ئەخاتە سەر ئەوانەی کە بەدەورییەوەن.

٣- لـــە کۆتاییـــدا دەنگـــی ئـــەقڵو ژیـــری ئـــەڵێ: کـــە فەرمانـــدار بـــەو بیروبـــاوەڕەی کـــە هەیـــەتی و ئـــەو ڕێـــڕەوەی کـــە گرتویەتیـــە بـــەر لەبـــەڕێوە بردنـــی وڵاتـــدا بـــەر پرســـیاری یەکـــەمو راســـتەقینەیە بـــێ ئـــەوەی بچـــینە نـــاو چـەندو چـونەوەو بپرسـین کـە کـێ گوناهبـارە لـە کردنـی ئـەم هەڵەیـەیان ئـەوی تـر. جـا لەبـەر ئـەوەی لـە وڵاتـانی دنیـای سـێ هەمـدا ژمارەیـەکی کـەمی لـێ دەرچـــێ فـــەرمانڕەوایی تاکـــە کـــەس بنچـــینەی گشـــتی حـــوکمڕانی یـــە ئـــەم ئەفسـانەی (فەرمانـداری بـێ ئاگـا) زۆر بـاوە کـە زۆر جـاریش هـەر رژێـم خـۆی یـان ئەوانـەی کـە بڕوایـان پـێ یـەتی بـڵاوی ئەکەنـەوە. هـەروەها فەرمانـدار خـۆی لـە کۆتاییـدا ناچـار ئـەبێ کـە پـەنا بەرێتـە بـەری، ئەوکاتـەی کەچـی تـر

لەتوانایدا نامێنێ کە ناوزڕانی پارە پیاکێشانو تاوانی نا مرۆڤانەو کرداری داپڵۆستنو تۆقاندن دابپۆشرێ. ئەوسا دەنگ بەرز ئەبێتەوە کە گوایە فەرماندار خۆی پیاوێکی بەڕەحمەو دڵی پڕە لە نیشتمان پەروەریو مرۆڤ دۆستیو دادو بیری هەر لای بەرژەوەندی میللەتەکەیەتی وە ئەگەر کەمو کوڕی هەبێ ئەوە لە دەستو پێوەندەکەیدایەو هەمیشە وا دەدرێتە قەڵەم کە بریتین لە کۆمەڵێك پیاو خراپ کە نەك هەر تاوان ئەکەن بەڵکو لێشی ئەشارنەوەو وای تێ ئەگەیەنن کە وەزع زۆر باشەو خەڵکی لێ ی رازینو هەمیشە هەر دوعای خێری بۆ ئەکەن. وە لەبەر ئەوەی ئەوانە تەنیا کەسێکن کە ئەگەنە فەرماندار بۆیە هەر بەبێ ئاگایی ئەمێنێتەوە لەو کردارە خراپانەیان کە روخساری لای خەڵکی ئەشێوێنێ بێ ئەوەی دەستی تیادا هەبێو بەو جۆرە ئەنجامی خراپەکاریەکانی دەستو پێوەند بەسەر فەرمانداری پیاو چاكو مرۆڤ دۆستدا ئەشکێتەوە.

ئەم ئەفسانەیەش واتا ((فەرمانداری بێ ئەگا)) کاتێك بڵاودەبێتەوە کە پەیڕەوانی فەرمانداری تاکە کەس ناچار دەبن کە دان بنێن بە بونی نەگونجانێکی زەقدا کە هەیە لە کردارەکانیدا و دەستەوەستانن کە چۆن ئەو نەگونجاندنە پاساو بدەن. ئەو لەلایەکەوە فەرمانڕەوایەکی نیشتمان پەروەری کۆڵنەدەرە بەڕوی دوژمنانی نیشتمانداو هەمیشەش بۆ بەرژەوەندی میللەت هەوڵ دەدا بەتایبەتی توێژە چەوساوەکانی کەچی لەلایەکی ترەوە بێ پەروا خەڵکی زیندانی ئەکاتو بێ بەڵگە ئەیانگرێو سەرکوتی هەمو نەیارێك ئەکات و ماوە نادات لە دەنگی خۆی وکلکەکانی بەولاوە دەنگی تر بەرزبێتەوە. بەکورتی چی کاربکاتە سەر بەدەستهاتوە

چـــاکەکانی لـــەناوی دەبـــات ئـــەویش بەســـەپاندنی ئـــەو بەدەســـتهاتوانە لەســـەرەوە بەســـەر خەڵکیـدا لـەبریتی ئـەوەی کـە مـاوە بـدات لـە رای ئـازادی ئەوانـــەوە هـــەڵبقوڵێو پـــەروەردەو پاراســـتنیان لەســـایەی رەزامەنـــدیو ســـەلمادنی خۆیانـــەوە بێتـــە کایـــەوە. باشـــە ئـــەم لەیـــەك نەچـــونو نەگونجانـــە چـــۆن پاســـاو بدرێت؟پـــەیرەوانی تونـــد رەوی فـــەرمانڕەوای تاکـــە کـــەس بـــۆ ئەوپاسـاودانە هـیچ نادۆزنـەوە لـەوە زیـاتر کـە پـەنا بەرنـە بـەر ((ئەفسـانەی ئـــەو فەرمانـــدارەی کـــە بـــێ ئاگایـــە)) وە ئـــەڵێن کـــە گوایـــە کـــارە چـــاکەکان لەدەسـت نێـژی ئـەوەو خراپـەکانیش هـی دەورویپشـتی کـە ئاگـای لێـی نییـە وە ئەگـەر لێـی بۆایـە مـاوەی پـێ نەئـەدان کـە ئـەوە بکـەن: بـەم جـۆرە هـەوادارانی دلگـەرمی فـەرماداری تـاك ئـەو پێشـڕەوانەیان هەمیشـە بـەپاكو بـێ خـەوش دەبیـننو ئـەوەی گونـاهو گومڕیـو ناگونجـانیش هەیـە ئەخەینـە ملـی ئـەوانی تـرو هەمیشـە وێنـەی فەرمانـداری تـاك لەبـەر چاوی ئەوانـەی کـە ئـەی پەرسـتن وەك ئـەو خوایـە وایـە کـە لـە خێـر بـەولاوە هیچـی تـری لـێ نەوەشـێتەوە وە ئەوەی خراپە کاریشە هەموی کرداری (شەیتانە).

ئەشـێت نـەختێك دەسـتکاری ئەفسـانەکە بکرێـت بـەوەی نـەك فەرمانـدار بـێ ئاگایـە بـەڵکو (ناتوانایـە). لـەم شـێوە تازەیەشـدا خواسـتی فەرمانـدار هـەر ڕو لـە چـاکەیە بـەلاّم دەورویپشـتی کـرداری زاڵمانـەی بەسـەردا ئەسـەپێنن کـە ئـەو لێـی رازی نـی یـە بـەلاّم بـۆ ئـەوەی (تـەرازوی هێزەکـان) لاسـەنگ نـەبیو دەسـەڵات دارەکـانی دەورویپشـتی رازی بکـات ناچـارە بـەو کردارانـە رازی بێـت بـۆ ئـەوەی بتوانرێـت وڵات بـە ئـارامیو بـێ کۆسـپو تەگـەرە بـڕوات بـەڕێوە. بۆیـــە فەرمانـــدار لەگـــەڵ ئـــەو هـــەمو هێـــزو توانایەشـــدا کەهەیـــەتی ناچـــارە

هەنـدێك لەدەسـەڵاتەكانی دابـەش بكـات بەسـەر دەسـتو پێوەنـدەكانی دا تـا ئـەوانیش هەنـدێك توانایـان هـەبێت و بتـوانن بـە ئـازادی هەریەكـە لـە (كـەرتی خۆیـدا بڕیـار بـدات). بۆیـە ئەگـەر یـەكێكیان خراپەیەكیشـی كـرد نـابێ فەرمانـدار لـەوكردارەی بـەر پرسـیاربێ چـونكە ناچـارە بێوچـان درێـژە بـە (گەمـەی پارسـەنگ) بـدات چـونكە پاراسـتنیو یـەكگرتوی فـەرمانڕەوایی ئـەوە ئەسەپێنێ.

**ئەفسانەی ئەو فەرماندارەی كە لەهیچ دەست هەڵناگرێ**

بەرامبـەر بـەو ئەفسـانەیە لـە وڵاتـانی دنیـای سـێهەم دا وەلەوانـە بـێ گومـان وڵاتـە عەرەبیەكانیشـمان ئەفسـانەیەكی تـر هەیـە كـە پێچـەوانەی ئـەوەی پێشـوە بـەڵام هـەمان ئـەو دەردو بەڵایانـەی تێدایـە كـە ئـەوەی تـر دەری خسـتوە. ئەمـەیان بـەرگری نـی یـە لـە فەرمانـداری تاكـە كـەس بـەوەی كـە هەڵـەكانی بخەینـە پـاڵ دەسـتو پێوەنـدەكانی بـەڵكو بەرگرییـە لـە دەسـتو پێوەنـدەكانی بـەوەی كـە گوایـە فەرمانـدار هیچـی پـێ نەسـپاردونو خـۆی جڵـەوی هـەمو شـتێكی گرتۆتـە دەسـتو ئـەوەی كەبـە دوی كـەوتون لـەوە بـەولاوە كـە بێـدەنگ سـەیری روداوەكـان بكـەن هیچـی تریـان لـە دەسـەڵاتا نییـە چـونكە راوێـژی ئـەو پێویسـت نییـەو ئەگـەر دەریشـی بـبڕێ بایـەخی پـێ نـادرێ. وە ئەگـەر لـەو بەردەسـتە بپرسـن: ئایـا تـۆ ئـەو هـەمو زوڵـم زۆرە نـابینی. ئایـا تـۆش لـەوە بـەر پرسـیار نیـت؟ وات وەڵام ئەداتـەوە: كـەبێ دەسـەڵاتەو (گـەورە پیـاو) هـەمو شـتێكەو ئـەو هـەر لەسـەریەتی بـێ دەنـگ سەرنجی روداوەكان بدات.

لێرەدا هەرچی نالەباری هەیە دەخرێتە پاڵ فەرمانداری کە تەواوی تواناو دەسەڵاتی گرتۆتە خۆو ئاگاداری تەواوی هەیە بەڵام دەستو پێوەند ئەوەی بلێی دەسەڵاتە نیانە وە ئەگەر خێرخواش بن ناتوانن بەرانگاری خراپەکارییەکانی فەرماندار ببنەوە چونکە بڕیار هەمو لە دەستی ئەودایەو هیچی بۆ کەسی تر بەجێ نەهێشتوە. وەك ئاشکرایە ئەم ئەفسانەییان بۆچونی ئەفسانەی پێشوی هەڵگێڕایەوە: لەوەی پێشودا فەرماندار هەمیشە هەرچاکەکارە لەکاتێکدا خراپەکاری هەموی لەدەستو پێوەندەوەیە کە فەرماندار بێ ئاگا بوە لێی بەڵام دەستو پێوەندەکە هەمو شتێکیان زانیوە چونکە لەکرداری خۆیانەو فەرماندار هەر ئاگاداری بڕیاری سەرەکیو کاروباری گشتی یە ئیتر وردەکارییەکان بۆ دەستو پێوەند بەجێ دێڵێ کە خراپ ئەنجامی دەدەن.

بەڵام لەمەی دوهەمدا فەرماندار هەر خۆی خاوەنی بڕیارو دارایی دەسەڵاتەو کام یاوەری خۆی بەدەست ڕۆیشتو ئەزانێ لەڕوی ئەودا هیچی پێ ناکرێو کەمو زۆر دەسەڵاتی گۆڕانکاری نی یە تەنانەت لەکاروباری سوکەڵەشدا. بەڵام ئەوەی مایەی سەر سوڕمانە ئەوەیە کە هەرچەندە ئەم دوئەفسانەیە دژ بەیەکترن کەچی زۆرجار ئەیکەن بەبەری یەك فەرمانداردا. ئەوانەی ئەفسانەی یەکەم بڵاوئەکەنەوە کەلە دەرونیانەوە بڕوایان پێ یەتیو پاساو بۆ هەڵەکانی ئەهێننەوە بەوەی کە ئەیکەنە ملی دەوروپشتی بەڵام دوژمنەکانی ئەفسانەی دوهەم ئەخەنە گەڕ بەوەی کە فەرماندار هەمو فەرمانەکانی گرتۆتە دەستی خۆییو قایل نابێ کە (واز لەهیچ بهێنێ) بۆ کەسی تر. باشە ئایا بەئەقڵدا ئەچێ کەهەر یەك فەرماندار هەمو

شـتێ بزانـیێو زۆرشـتیش نـەزانێ؟ ئایـا بەئەقڵـدا ئەچـیێ کـە لەیـەك کاتـدا چـاکیش بـیێو خـراپ، بـە بـەزەییو دڵ رەق، بەشـداریی هیچـی تـر نـەکاتو هـەمو شـتێکیش بگرێتـە دەسـتی خـۆی؟. بـەڵام راسـتەقینەکە هـەر لـەوەدا نییـە کـە ئـەو دو ئەفسـانەیە یـەك ناگرنـەوە بـەڵکو ئەوەیـە کـە هـەردوکیان هەڵەیـەکی گـەورەن کـە میللەتـەکانمان ئێسـتاشو ئەوسـاش تێـی ئەکـەون وە لـەوەش خـراپتر بەشـێوەیەك ئـەو دو ئەفسـانەیە ئەخرێنـە رو کـە گوایـا لـە سروشـتی شـتەکان و پێویسـتەکانی رامیـاری یـەوە ئـەوە دوپـات ئەکەنـەوە کــە گوایــا هەولێکــە بــۆ لێکدانــەوەی ئــەو دیاردانــەی کــە نــەتوانرێ بەشــێوەیەکی تــر شــی بکرێنــەوە، کــە مەبەســتم ئەوەیــە چــۆن ئەشــێ فەرمانـدارێك لەیـەك کاتـدا نیشـتمان پـەروەر بێـتو زاڵمـیش؟ چـۆن یاوەرێـك پیاوچــاكو زەق زەقــیش ســەیری زۆرداری بکــات؟ بــەڵام ئایــا ئــەم دو ئەفسانەیە بەڕاستی لە توانایاندا هەیە هیچ لێك بدەنەوە؟

**رەوێنەوەی چاوبەست:**

وەك دیتـان بـە (ئەفسـانە) نـاوی ئـەو لێکدانەوانـەمان بـرد کـە بـاوە لـە رژێمـی فـەرمانڕەوای تاکـە کەسـی خۆسـەپێندەردا چـونکە بەڕاسـتی ئـەوە چاوبەســتێکی گەورەیــە کــە بــاڵی کێشــاوە بەســەر ئەقڵــداو تێــڕوانینی شــێوەندوە لەســەرجەم پرۆســەی فەرمانڕەواییــدا پەیوەنــدی فەرمانــدار بەدەسـت و پێوەندەکەیـەوە و ئـەو کۆمەڵـەی کـە ئـەیبات بـەڕێوە. ئێمـە خۆمـان فریـو ئـەدەینو کـۆڵ بیریمـان نیشـان ئـەدەین هـەمو جارێـك کـە پاسـاوی هەڵـەکانی فەرمانـدار بدەینـەوە بـەوەی بڵـێین کـە گوایـا رویـداوە

چـــونکه پـــێ ی نـــەزانیوەو گونـــاهی ئـــەو هەڵانـــە بکەینـــە مـــل یـــاوەرو یاریـدەدەرەکانی یـان پاسـاو بـۆ ئـەمان بدەینـەوە کـە گوایـا دەسبەسـتراو بـون بــەر پرســیار هــەر فەرمانــداری تاکەکەســە چــونکە هیچــی نەداوەتــە دەســت کــەس. ســاکارترین بیرکردنــەوە پێمــان ئەســەلمێنێ کــە فەرمانــداری مــرۆڤو نیشـــتمان پـــەروەرو دڵ نـــەرمی دەورە دراو بەدەســـتەیەك پیـــاو خـــراپ خـەیاڵێکی خـاوی وایـە کـە مەگـەر هـەر لەسـەری گێـلو نەفامـدا هـەبێ چـونکە فەرمانـداری لـەم جـۆرە فـەرمانڕەوایی یـەکی تـاكو خـۆ سـەپێنانەدا هـەر ئـەوە کەیاریـدەدەرەکانی هەڵدەبـژێرێ، هــەر خۆشـیەتی کـە دەسـەڵاتی گۆڕینیـانی هەیـە وە ئەگـەر بهاتایـە لـە کـردارو هـەڵسو کـەوتیان لەگـەڵ خـۆیو خەڵکیـدا ڕازی نەبوایــە یــەك ســات چــی یــە لــەو پلــەو پایەیــەدا نــە ئەمانــەوە. ئــەو یاریدەدەرانـە یـان ئـەبێ لەبابـەتی خـۆی بـن یـان تەواوکـەری بـن لـەو دەورانـەدا کـەپێ یـان دەسـپێرێت بـۆ ئەنجامـدانی فـەرمانێك کـە بـۆ شـانو شـکۆی ئـەو ناشـێ یـان ناپیەرژێتـە سـەری تـا ئـەو ڕوخسـارەی کـە خـەڵکی لـەبیری خۆیانـدا بـۆ فەرمانـداری ئەنەخشـێنن نـەژاکێ. کـە گوایـا خێرخوایـە بـەڵام ئـاخ ئـەڵێی چـــی کـــە بـــەپیاو خراپـــان دەوری تـــەنراوە! بۆچـــونی وا وێنەیەکـــە کـــە پارچـــەکانی لەیـــەك ناچـــنو نـــەکراوە کـــە پێکهاتوەکـــانی کۆببنـــەوە چـــونکە دەســـەڵاتی بــێ ســنور بــۆ ئــەو جــۆرە فەرماندارانــە ناچــاری ئــەکات کــە هــەر لەگـەڵ ئەوانـەدا کـار بکـات کـە وەك خـۆی وانو وتەواوکـەری ئـەون وە ئەگـەر بشــێ بــۆ یــەکێك کــە وشــەی پەنــدێکی بــەناوبانگ بگــۆڕێ پــڕ بــەدەم هــاوار ئــەکات ((پــێم بڵــێ کــێ یاریدەدەرتــە پێــت ئــەڵێم تــۆ کــێ ی)) تێڕوانینێکــی واقیعانــە بــۆ کاروبــار ئەیســەلمێنێ کــە فەرمانــداری بــەزەبرو زەنــگ زۆر جــار

هەموشـــتێك دەربـــارەی یاریـــدەدەرەكانیو دەورو پشـــتی ئـــەزانێ لەوانـــە تاوانـــەكانیان كـــە ئـــەمڕۆ زۆڵانـــە سمارتـــەیان كـــردوەو بـــە وشـــەی (لادان)و (زیـــادە ڕۆیـــی) نـــاوی ئەبـــەن. بـــەڵام هـــەتا ئـــەو كاتـــەی بـــەدڵی بـــنو بـــۆ ئامانجـــەكانی ئـــەوا لـــە كـــاردا ئـــەبن و چـــاویان لێدەپۆشـــێ ئـــەگینا فایلـــە قایمكراوەكانیـــان لـــە چـــەكمەجە دەهێنرێنـــە دەرەوەو ئـــیتر ناوزڕانـــدن و لێپرسـینەوە دەسـت پـێ دەكـات. كـەوابو لێـرەدا فەرمانـدار ((ئـەزانێ)) بـەڵام زانینەكـەی بـۆ ئـەوە بـەكارناهێنێ كـە زیـان لـە میللـەت دوربخاتـەوە بـەڵكو بـۆ پتـەوكردنی دەسـەڵاتی خۆیـەتیو مـل پـێ كـەچ كردنـی یاریـدەدەرەكانی، واتـا ئـەنجام بـۆ بـەدیهێنانی حـەزو ویسـتو بەرژەوەنـدی خۆیـەتی نـەك میللـەت. باشـە گریمـان نەیئـەزانی، ئایـا ئـەو نەزانینـە فەرمانـدار لەبـەر پرسـیاری ئـازاد ئـەكات؟ ئەمەیـە ئـەو پرسـیارە گەورەیـەی كـە بۆچـونی رامیـاریی سـاكار بـە (ئا) وەڵامی ئەداتەوە.

بـەڵام بـۆ چـونی راسـت ئەوەیـە كـە فەرمانـدار بـەر پرسـیارە نـەك هـەر لـەبێ ئاگـایی یەكـەی بـەڵكو لـە هـەمو ئـەو زیانانـەش كەلـەو نائاگاییـە ئەكەوێتـەوە. ڕژێمـی فـەرمانڕەوای خۆسـەپێن چـەندەها ڕێگـەی دانـاوە بـۆ گەیانـدنی هـەمو كـەینو بـەینێك بـە فەرمانـدار بـەڵام بەشـێوەیەكی شـێواو و ناڕاسـت چـونكە ئاگـاداری فەرمانـدار لـەكاروباری وڵات بـەهۆی ئـەو راپۆرتانەوەیـە كـە لەلایـەن یاریـدەدەرو یـاوەرانیو دەزگـا نهـێنی ئاسایشـەكانەوە بـۆی بەرزئەكرێتـەوە بـەم جـۆرە ڕژێمـی تاكـە كـەسو دیكتـاتۆر وا لـە فەرمانـدار ئـەكات كـە بەنـدكراوی چـوار دیـواری زەبـرو زەنگەكـەی بـێ وە لەبـەر ئـەوەی دیـواریش كـەڕو لاڵـە بۆیـە تـەنیا پەنجەرەیـەك كـە لێـوەی بڕوانیتـە دنیـای پـانو بـەرین، ئـەو راپۆرتـە نهێنییانەیـە

کـه دەوروپشـتی ئەیخەنـە بەرچـاوی. ئەمەیـە ئـەو رژێمـەی کـە خـۆی داینـاوە و بــەخۆی رەوا دیــوەو پێخۆشــحاڵ بــوە کــە کــاری پــێ بکــاتو بەهــەمو شـێوەیەکیش پاراسـتویەتی ئەمەیـە کـە وائـەکات بـەر پرسـیاری تـەواوی هـەمو ئـەنجامێك بێـت کەلـەو رژێمـە ئەکەوێتـەوە. ئـەو ئـەیتوانی، ئەگـەر بیویسـتایە، دەرگـاو پەنجـەرە بخاتـە سـەر پشـت بـەوەی کـە بیهێشـتایە بـە ئـازادی قسـە بکرێـت، رەخنـە بگـیرێ، ئۆپۆزیسـیۆن ببوایـە ئەوسـا ئـەیتوانی کـە ((بیزانیایـە)) چـی لـەبیری خەڵکیدایـە و چـی لـە دەوروپشـتی روئـەدات بـەهۆی هێـڵو رێگـە سروشـتیەکانەوە وەك رۆژنامەگـەریی ئـازاد، کۆبونـەوەی حیزبـی، یـەکتر دیـتن. جـا کـەماوەی ئەوانـەی نـەدا بێـت ئـیتر بۆچـی ئـەبێ بـەرگری لـێ بکـەین؟ بـەوەی کـە گوایـا نـەیزانیوە! ئایـا بیسـتوتانە رۆژێـك لـە رۆژان فەرمانـداری وڵاتێکـی دیمـوکراتی پۆزشـی هێنابێتـەوە بـۆ هەڵەیـەك کـە لـەکاتی حـوکمڕانی ئـەودا رویـدا بـێ هـەر لەبـەر ئـەوەی کـە ئاگـای لـێ نـەبوە؟ وە ئایـا بیسـتوتانە کـە میللـەتی وڵاتێکـی لـەم جـۆرە بـەو پاسـاوە فریـوی خـواردبێ؟ لـە وڵاتـی دیموکراتیـدا ئـەبێ فەرمانـدار ئاگـای لـە خشـەی مـارو مێـرو هـەبێ و سەربەسـتی وای فەراهـەم کردبـێ بـۆ هـەواڵ گەیانـدن کـە توانـای ئـەوەی هـەبێ شـارەزایی‌و زانـین بـە رێکـوپێکی‌وبێ پسـان بگەیەنێتـە فەرمانـدار تـا ئاگـاداری تـەواوی هـەمو گۆڕانکارییـەك بـێ، چـاك یـان خـراپ، وە ئەگـەر بـۆی دەرکـەوت کـە کەمتەرخـەمی ئـەو لـە ئاگاداریـدا بۆتـە خسـتنەوەی ئـەنجامی خەتـەرناك ئـەوا لەسـەریەتی یەکسـەر دەسـت بکێشـێتەوە و کار بسپێرێ بە یەکێکی تر کە لەخۆی بە توانا تر بێ.

ئـەڵێن کـە گوایـا شـای ئێـران (مەبەسـتی محمـد رەزا پەهلـەوی یـە دوا شـای ئێـران کـە شۆڕشـی ئیسـلامی بەڕابـەری ئیمـام خومـەینی لـە سـاڵی ١٩٧٩دا

لای بـرد–وەگێـڕ) بـڕوای نەئـەکرد کـە بەلێشـاو خۆپیشـاندن هەیـە دژی. لـەو چـــەند مانگـــەی بـــەر لابردنـــی، کـــە بیســـتی نـــاڕەزایی یـــەکی زۆر هەیـــە خزمــەتکارە پیرەکــەی نــارد بــۆ بــازاڕ کــە بزانــێ لەســەر شــەقامەکان چــی هەیـە.چـونکە بـاوەڕی لـەق بـو بـو بـەو راپۆرتانـەی کـە سـاڤاك (دەزگایـەك بـو وەك ئـەمن و ئیسـتیخباراتی عێـراق– وەرگێـڕ). بـۆی بـەرز ئـەکردەوە وە کـە بـە فڕۆکەیـەکی هیلیـۆ کۆپتـەر هەڵسـا بەگەشـتێکی ئاسمـانی بەسـەر شـاردا وی کـــە خـــۆ پیشـــەندەران وەك لافـــاو شـــەقامەکانیان داپۆشـــیوە، بەســـەر سـوڕمانەوە بــە فڕۆکەوانەکـە ئـەڵێ، بەڕاسـت ئەوانـە دژی مـن خـۆ پیشـاندان ئەکەن؟!

بـا پێکـەوە خوێنـدەواران سـەرنج بـدەین ببیـنین چـەند پەنـدو بەڵگـە لـە دێرەکەمانـدا هەیـە: هێڵــی سروشــتی گەیانــدنی هــەواڵ لای فەرمانــداری تــاك راپۆرتـــەکانی دەزگـــای هـــەواڵگری (ســـاڤاك)ە کـــە فەرمانـــدار بـــاوەڕی بـــەو راپۆرتانــە نــەما ئەوســا خزمــەتکارە پیرەکــەی ئــەنێرێ بــۆ ئــەوەی هــەواڵی راسـتەقینەی شـەقامەکان و رادەی نـاڕەزایی میللـەتی بـۆ بهـێنێ وە کـە ئـەم و ئـەو سـودیان نـەبو ئـەوا بـە هیلیـۆ کۆپتـەر کـە نیشـانەی خـۆ بـە بـەرز زانینـە، لــە ئاسمانــەوە ئەروانێتــە ســەر ئــەو زەوییــەی کــە خــەڵکی تیــادا ئــەژی سـەیرکردنێکی بـاڵا، لـوت بەرزانـە کـە وانـەکات تێکـەڵ بـە جـەماوەر ببێـت یـان نزیــك ببێتــەوە لــە هەســتو نەســتیان، نزیــك بونەوەیــەکی یەکســەر. لــە ئاسمــانی هیلیــۆ کۆپتــەرەوە. فەرمانــداری تــاك و تــەنیا ئــەبێ بڕوانێتــە زەوی بـۆ ئـەوەی بزانـێ چـی روئـەدات. بۆیـە ئـەبێ هەمیشـە هـەر بـە ((حـەواوە بـێ)) دور لـە هەسـتو حـەزی خـەڵك. لـە کۆتاییـدا دوای چـەندەها سـاڵی دورو درێـژ

ئاگـاداری شـێواو و ناڕاسـت کـە لـە هێڵـە ناسروشـتی یەکانـەوە بـۆی چـوە. دوای ئـەوەی کـە کـار لـە کـار ئـەترازێو فەرمانـداریو تاکـە کـەس ئەکەوێتـە داوی هەڵەکانیـەوە ئەوسـا سـەرەی پرسـیارە ناسـۆرەکە دێ: ئایـا ئـەو هـەمو خەڵکـە لـە دژی مـن خۆپیشـاندان ئەکـەن؟ هـەمان پرسـیارەکەی قـەڕاڵ نیقـۆلا کـە ئـەم وتارەمـان پـێ دەسـت پـێ کـرد، ((بـۆ پێتـان نـەوتم)) ئـەوە پرسـیاری هـەمو فەرمانـدارە زۆردارەکانـە کـە هـەر خـۆی ئـەو رژێمـە دا ئـەنێ کـە ئاگـاداریی لـێ بشـارێتەوەو تیایـدا هەرچـی زەبـرو زەنـگ هەیـە ئـەینوێنێ تـا لـە ئەنجامـدا بـۆی دەرئەکـەوێ نـەك هـەر زوڵمـی لـە خـەڵکی کـردوە بـەڵکو تەنانـەت لـە خۆشـی. کـاتێکیش ئـەو راسـتییەی بـۆ دەرئەکـەوێت کـە هـەر خـۆی لـە کۆتاییـدا– هەمیشـە هـەر لـە کۆتاییـدا – ئـەو ئەفسـانەیە ئەجوێتـەوە کـە ئـەڵێ ((فەرمانـدار ئاگـای لـێ نـەبوە)). کێشـەکە دەسـەڵاتی بـێ سـنوری تاکــە کەســە بــەم جــۆرە سروشــتی دیوەکــەی تــری ئــەم ئەفســانەیەش ئەکەوێتـــە رو کەتیایـــدا فەرمانـــدار هـــەمو شـــتێك ئـــەزانێ بـــەڵام ((دەستەوەســتانە)) چــونکە فەرمانــداری تاکــە کــەس کــە رژێمێکــی وای بـەخۆی رەوا دیـوە کـە بـریتی بـێ لـە زۆرانبـازی هێزەکـانو لـە ئەنجامـدا جـۆرە گونجانێـك بێتـە کایـەوە کەبەسـەریدا پسـەپێنێ دڵنـەوایی ئـەو هێزەیـان بکـات بــە دانــی دەســەڵاتێكو ئــەمیتریان بــێ دەنــگ بکــات بــەوەی چــاو لــە تاوانـەکانیان بپۆشـێو، سـێ هـەم ئـەوەی بـەدیاری بـداتێ کـە لەناوچـەکەیدا بەهەوەســی خــۆی بــەبێ لــێ پرسینەوەچــی بوێــت بیکــات بــەم شــێوەیە (رژێـم)ە کـەی فەرمانـدار داینـاوە ئـەوە کـەوای کـردوە حـوکمڕانی ببێـت بـە دارسـتانێك کـە دڕنـدەکان تیایـدا تـەراتێن بکـەنو نـەتوانن بـە تـەبایيو ئـارامی

بـژین ئەگـەر هەریـەکێکیان تێـر بەسـکی خـۆی نـەیخواردبیٚ. ئایـا شـای دڕنـدان لـەم حاڵەتــەدا بـۆی هەیــە کــە پــۆزش بـۆ قوربـانی یــەکانی ئــەم دارســتانە بهێنێتــەوە بــەوەی کــە بڵــێ: مـن دڕندەیـەتی شـێرو پڵـنگم ئـەزانی بـەڵام ناچـار بـوم دەسـتبەرداری قوربانیـەکان بـبم تـا ئـەوان هێـور ببنـەوەو بیـەڵێن بـەهێمنی حــوکمڕانی بکــەم؟ بــەڵام ئەفســانەکەی دەســت و پێوەنــدی دەســت بەســتراو چـونکە فـەرمانڕەوا جڵـەوی هـەمو شـتێکی گرتۆتـە دەسـتی خـۆیو نایـەویٚ واز لـە هـیچ دەسـەلاتێك بـێنیٚ بـۆ کەسـی تـر ئەمـەش دیاردەیەکـە لـە سـێبەری ڕژێمێکـی زۆرە ملیـدا نـەبیٚ کـە دەسـتو پێوەنـد ئـەکات بـە کلکـی مـل کـەچو شـایەتی بـیٚ دەنـگ پەیـدا نـابیٚ. سـاکارترین تێگەیشـتنی سروشـتی بەشـداری لــە پرۆســەی حوکمڕانیــدا پێمــان ئەســەلمێنیٚ کــە یــاوەر بــەر پرســیارە بــا ســەیرکەریش بــوبیٚو بەشــداری تاوانــەکانی نــەکردبیٚ هەرلەبــەر ئــەوەی رازی بــوە بــەبونی لــە فەرمانڕەواییــدا چــونکە لــەو ڕژێمانــەدا کــە دان نــەنێت بەدەســـەلاتی میللەتـــدا ژێردەســـت — بەتایبـــەتی ئەگـــەر بەرپرســـیاربیٚ — لەســـەریەتی کـــەبیٚ وەســـتان واز لەکارەکـــەی بـــێنیٚ ئەگـــەر کـــرداری سـەرۆکەکەی بـەدڵ نـەبو. هـەمو ئەوانـەی کـە دەوری (هیتلـەر)یـان دابـو لـە دادگـای نۆرەمبۆرگـدا کـە دوای جـەنگی دوهـەمی جیهـانیو شـکانی نازیـەکان گـیرا پـەنایان ئـەبردە بـەر ئەفسانەی (فەرمانـدارێك کـە دەسـت بـەردار نابێـت) وە بـەوە بـەرگرییان لـەخۆیان ئـەکرد کـە گوایـە هـەمو بڕیارەکـان هـەر هیتلـەر ئەیـداو ئـەوەی لەسـەر ئـەمان بـو تـەنیا ئەنجامـدانیان بـو. بـەڵام دادگـا، کـە دادگــای ویــژدانی جیهــانی بــو، هــەمویانی تاوانبــار کــردو لــە ســێدارەی دان چـونکە قبـوڵ کردنـی بەشـداری لـە حـوکمڕانی یەکـدا مانـای سـەلماندنی هـەمو

کردارەکانیشــیەتی.ئــەو دو ئەفســانەیە هەچــەندە لــە ڕواڵەتــدا پێچــەوانەی یــەکترن بــەڵام لــەوەدا یــەکن کــە فەرمانــدار حــوکمڕانی بــێ ســنور تــاکو تــەنیا ئــەکات یــان بــەهۆی هەڵبــژاردنی دەســت و پێوەنــدو جــۆری گەیانــدنی زانیارییەکانــەوە وەك جــۆری یەکــەم وەیــان لــە ڕێگــەی دەســت بەســەردا گــرتنی هــەمو کــارو بارێکــەوە وەك جــۆری دوهــەم. کــەمترین فــامی رامیــاریو ســاکارترین تێگەیشــتنی سروشــتی بەشــداربونی حــوکمڕانی وامــان لــێ ئــەکات کــە هــیچ پاســاوێك بــۆ فەرمانــداری تاکــە کــەس نەدەینــەوە بــەوەی کــە گوایــە پــەی بەهەڵــەکان نــەبردوە کــە دەوروپشــتی کردویانــە یــان ئــازادکردنی گــەردنی یــاوەرە هــیچ لــە دەســتدا نــەبوەکان بــەوەی کــە گوایــە فەرمانــدار وازی لــەهیچ نــەهێناوە بــۆ ئــەوان. بــاوەڕکردنی خــەڵکێکی بــێ شــومار بــەم ئەفســانەیە ڕەنگدانــەوەی کــەمو کــوڕی فــامی رامیارییــە لــە ئــەنجامی ســاڵەهای دورو درێــژی حــوکمڕانی تاکەکەســی زۆرە ملــێ یــەو بەئاشــکرا کــوڵبیری خــەڵکی نیشــان دەدات بــۆ ســاکارترین بنچــینەکانی دیموکراتییــەتو بەرپرســیاری حــوکمڕانی کــە خــەتای خــۆی تێدا نیــە بــەڵکو ئــەنجامی ئــەو پــەروەدە ڕامیــاری یەیــە کــە دەیــان ســاڵە هەڵــەکانی کەڵەکــەبوە بەســەریەکدا وە ئــەوەی کــە ئــەم وتــارە هــەوڵی بــۆ ئــەدات ڕۆشــن کردنــەوەی هەنــدێ کلتــوری بــیری رامیارییەویەکلاکردنــەوەی هەنــدێ لایــەنی نــەزانراوی ماناکــانی دیمــوکراتی یەتــە. لێــرەدا حــەز ناکــەم کــە کۆتــایی بــەم وتــارە بهێــنم تــا ئاگاداریــەك ئاڕاســتەی خوێنــەری عــەرەبی نەکــەم لەوانــەی کــە لــە پێشــەکی هەنــدێ چــیرۆکو فلیمــدا هەیــە کــە چــاکتر راســتی تــاڵ ئــەدرکێنێ. ئــەو ئاگاداریــەش

ئەوەیـە ئەگـەر لێـك چـونێك لـەم وتـارەداو لـە وەزعـی وڵاتێكـی عـەرەبی هــەبو ئەوە تەنیا رێكەوتە! منیش بۆلای خۆمان هەمان ئەو ئاگادارییە ئەدەم!

١- ئەم وتارە لە ژێر ناونیشانی ((اسطورتان.عن الحاكم والاعوان)) دا لە ل١٤-ل١٨ی گۆڤاری ((العربی))ی ژمارە(١٤٠٣)كانونی دوەمی ساڵی ١٩٨٣دا بڵاوكراوەتەوە.

٢- وەرگێرانــــە كـــورد بییەكەشـــی بۆجـــاری یەكـــەم، لــــە گۆڤـــاری (دوا رۆژ)ی ژمارە(٦)ی ساڵی ١٩٩٨دا بوە.

وەرگێڕ

## بەشی هەشتەم

## بۆ مرۆڤایەتی ژیان

١- د. ماکنون

٢- خوشکە دۆڵشی

٣- غاندی

٤- ئەبراهام لینکن

٥- داك هامرشۆڵد

٦- کەریمی عەلەکە

## ١–دوكتور ماكنون

به درێژایی (٣٠) ساڵ دوكتۆر (جورج ماكنون)دەرمانی لادێ ی و هەژارو هندیە سورەكانی ئەكرد لە دارستانەكانی ژوروی ویلایەتی (ویسكونسن)ی ئەمەریكادا. رۆژی بەوە ئەبردە سەر كە ئێستا برینی دنركەرێكی ئەبرژاندەوە. لەمە ئەبوەوە ئەبو (٢٠)كیلۆ مەتری ببڕیایە بە ناو بەفردا بۆ ئەوەی خۆی بگەیەنێتە ئافرەتێكی هندی كە ژان ئەیگرێت دوای ئەوە ئەبو سێ میلی تری ببڕیایە بۆ ئەوەی دەرمانی منداڵێكی نەخۆش بكاتو دڵخۆشی دایكەكەی بداتەوە. لە كاتێكیشدا كە ئەم هەمو ئەركەی ئەكێشا لەوە دڵنیا بو كە هیچ جۆرە كرێ یەكی پێ نادرێ! بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز دەستی بەڕوی كەسەوە نەئەناو نەداوای كرێشی لێ ئەكردن.

بەناونوس (٢٩٠٠) منداڵ لەسەر دەستیدا بو بو ئیتر چی تریش لەوە زیاتر مەگەر هەر خوا خۆی بزانێ.

دكتۆر ماكنون ئەو بەیانیە هەر وەك جاران لە (عییادە) كەیدا دەرمانی نەخۆشی ئەكردو هەرگیز نەیئەزانی خەڵكی دێ یەكە چیان لەژێر سەردایە؟ دوای ئەوەی دوا نەخۆشی تیمار كرد لە دڵی خۆیدا وتی: تا نەخۆشێكی ترم نەبوە بە ریشەوە هەلە بچم سەرم بتاشم كە بە رێگاوە بو بۆ لای سەرتاشەكە ئەوەندەی زانی (عومدە)[1]ی دێ یەكەو جێ نشینەكەی رایان گرتو مەدالیایەكیان كرد بە بەرۆكیا. دیسان ئەی دی ئۆتومومبیلەكانی قوتابخانە یەك بەدوای یەكدا نیشتونە سەر یەكو هەرچی قوتابی كوڕو كچ هەبو هەموی تیا بون هەریەكەشی تیشوی

خۆی پیٚ بو ئەمەش بەلای دکتۆرەوە زۆر شتێکی نائاسایی بو چونکە تا ئەوساتەش نەیئەزانی کە ئەو رۆژە رۆژی دکتۆرە. بەڵیٚ دکتۆر ماکنون خۆی!

کچەکان دەستکێشی سپی یان لە دەست کردبو پاڵتۆی خوریان لەبەرکردبو و قردێلەی رەنگاو رەنگیان بەستبوە قژیان. منداڵانیش جوانترین بەرگیان پوشیبو و بەدەیان لە ئوتومبیلەکان دائەبەزینو هەریەکە کارتێکی نابو بەسنگیەوە کە ئەوەی ئەگەیان لەسەر دەستی دکتۆر ماکنوندا لە دایك بوە. ئەو رۆژە دنیا زۆر سارد بو بەڵام منداڵان لە خۆشیاندا جێگەیان بەخۆیان نەئەگرت و نیشانەیان ئەنا بە ئوتومبیلو عەرەبانەکانەوە. لەوکاتەدا وا ئەهاتە بەرچاو کە ئەو منداڵەی دکتۆر مامانی نەکردبیٚ بایەخی نی یەو ناخانەدانە!

کاتیٚ خۆپیشاندان هات، دکتۆر لەسەر شوێنێکی بەرز راوەستێنرا.خۆنیشان دەرەکان بەبەردەمیداتیٚ ئەپەڕین. زۆربەی ئەو منداڵانە کەلەپێشەوە ئەرۆیشتن لەوانە بون کەلەسەر دەستی ئەمدا بوبون ئینجا چەند عەرەبانەیەکی رازاوە هاتن کە پڕبون لە منداڵ. دوا عەرەبانە ئەسپێکی پیر رای ئەکێشا ئەو ئەسپو عارەبانەیەش ئەوە بون کەکاتی خۆی دوکتۆر بەکاری ئەهێنان لەسەردانی نەخۆشەکانیدا. لەهەمویان دلگیرتر لەو روێنەدا ئەو منداڵانە بون کە ژمارەیان (٥٠٠) ئەبونو پڕ بەپیٚ رایان ئەکرد بۆ ئەوەی دوانەکەون ئینجا سەرەی ئەو لاوە بەهێزانە ئەهات کە تازە لە جەنگی جیهانی گەرابونەوەو هەمو سەلامیان بۆ دوکتۆر ئەکرد. لە دوای هەموانەوە دایكو باوکەکانو دوای ئەوانیش منداڵی تر بون کە سواری پایسکیلی رازاوە بوبون، لەو کاتەدا دکتۆر رابوردوی خۆی هاتەوە بەرچاو. حەوت ساڵ خوێندنە سەختەکەی دانشگای (کونیز)ی وڵاتی (کەنەدا)و یادی مانگەکانی پشوی هاوین کە لە قوتابخانەیەکی لادیٚ ی دا دەرسی ئەوتەوە

بۆ ئەوەی بتوانێ خەرجی خۆیو کرێ ی خوێندنەکەی دەربهێنێت ئینجا ماوەی مەشقی خەستەخانەی (ملوکی)و ئەو (پەرستارە)ی کە حەزی لێ کردو هێنای. وتەی ژنەکەی لە گوێدا زرنگایەوە کە ئەم پێ ی وت (ئەمەوێت لەلادێ کاندا خزمەتی هەژاران بکەم (چونکە زۆربەی دوکتۆرەکان حەز بەدەرەوەی شار ناکەن) وەکە لەوەڵامدا وتی (لەهەرچ شوێنێك بێت من بەختیارم کە لەگەڵتابم).

بەم جۆرە وەك شریتی سینەما لە کاتێکدا کە رژەکە بەبەردەمیدا ئەرۆیشت ئەویش رابوردوی ئەهاتەوە بەرچاو ئەو ئەوکاتەی ئەهاتەوە یاد کە دوئەسپی عەرەبانەی هەبو یەکێکیان بۆ گەڕانی ئێوارەو ئەویتریان بەیانی، درمی ئنفلۆزاکەی ساڵی ١٩١٨ کە بەشەو رۆژ سرەوتی نەبو چون شەوێکی لە کێڵگەیەکدا لەناو عەرەبانەکەیدا نوست دیسان ئەوەی هاتەوە بیر کە چۆن منداڵێکی هندی لە نەخۆشی سوتاندنەوەی سی رزگارکرد لە دێ یەك کە (٢٠) میل دوربو چون دوای ئەوە ئیتر هیندێکان هەمیشە بانگیان ئەکردە سەر نەخۆشەکانیانو ئەمیش هیچ کاتێك دەستی نەئەنا بەڕویانەوە هەر چەندە هیچیشیان نەئەدایە بۆ ناوی خوا جارێکی نەبێت جوانویەکیان بەدیاری بۆ کوڕەکەی هێنا. بەم جۆرە دوکتۆر لە شوێنەکەی خۆیدا وەستا بو رژەش بەردەوام بو لە تێپەڕبون بەبەردەمیدا. لەسەریشەوە فرۆکە نامەی بەرئەدایەوە کە تیایانا ستایش وسوپاسی دوکتوری تیابو. یەك دو جار فرمێسکی سۆزو دلگەرمی سڕی، بەڵام خۆی ئەیوت چاوم بەسەرماکە ئاودەکات!.

دوای ئەوەی دوا تاقم بە بەردەمیدا تێ پەڕی دوکتۆر هاتە خوارەوەو تەنیا قسەیەك کە کردی ئەوەبو کە وتی:- "هەرچی ئازارو ئەشکەنجەیەك کە چەشتبوم لە ژیانمدا هەموی لە لەشم هاتە دەرەوە هەمو خەڵکەکە ئەیانزانی کە دوکتۆر شان

بەشانی کام دکتۆری بەناوبانگی شارە گەورەکانە لە پزیشکی دا ئەوەستێ تەوە تەنیا هۆی مانەوەی لە دێ یەکی پچوکدا خزمەتی هەژارانەو هیچی تر!.

ئەمڕۆش وا خەڵکەکە بەو شێوەیە پاداشتی خۆبەخت کردنی دکتور ئەداتەوە. دارکڕێك لە دێ یەکی دورەوە تەنیا پەنجا فلسی پێ هەڵسوڕابو لەگەڵ نامەیەکی سوپاسدا ناردبوی بۆ دکتۆرو تیایە ئەوەشی نوسیبو کەئێستەش لەبیریەتی چۆن دکتۆر نەخۆشەکانیشی تێر ئەکرد کە پارەیان نەبوایە. پیتاك لەهەمو شوێنێکەوە بەسەر دکتۆردا ئەباری تا بتوانێت ئوتومبیلێك بکڕێت لە بریتی عارەبانەکەی. قوتابیەکانیش بەو رۆژانەکەمانەی کە هەیان بو سەعاتێکی ئاڵتونیان بۆ کڕیبو. هەموشیان وا پێك هاتن کە دیاریەکی پێشکەش بکەن لە ئاهەنگێکدا کە لە صالونی دێ یەکدا ئەگیرێت.

ئامادەبوەکانی ئاهەنگەکە ژمارەیان (١٢٠٠) کەس بو پرۆگرامەکان وەك دانرابون ئەرۆیشت. کاتێك سەرە هاتە سەر سەرۆکی ژوری بازرگانی کە دیاریەکان پێشکەش بە دکتور بکات هێشتا دەستی پێ نەکردبو کە هانایەکی پەلە گەیشتە دوکتور کە ئەویش لە ئافرەتێکەوە بو ژان ئەیگرت دوکتور ناچار ئاهەنگەکەی بەجێ هێشت هەر وەك پیشەی بو چو بە هاواریەوە. کە منداڵەکە لە ئافرەتەکە بوەوە سەر لە نوێ گەڕایەوە بۆ ئاهەنگەکە خەڵکەکە هەمو چاوەڕوان بون دیسان ئاهەنگ دەستی پێ کردەوە دیاریەکانی پێشکەش کرا ئەو منداڵانەی کە دکتور مامانی کردبونو ئەوانەی کە لە تەنگانەدا فریایان کەوتبو پیاوەتی دکتوریان لە بیر نەچوبوەو بە رادەیەك پاداشتیان دایەوە کە ئێستا یەکێکە لە دەوڵەمەند ترینی ناوچەکە!

## ٢ خوشکە دۆڵشی

له ئێوارەیەکی ساڵی ١٩٥١دا کاتێك خوشکێکی (راهیبه)[١] بەسەر شۆستەی یەکێك له شەقەماکانی شاری (سلفادوری باهیا)دا ئەڕۆیشت هاواری بێ دەرەتانێك رایوەستان کە ئەیوت: توخوا خوشکێ گیان، مەیەڵە بمرم، ئەوەی کە ئەو هاوارەی کرد منداڵێك بو لەتەمەنی دوانزە ساڵیدا لاواز لەسەر پارچە حەسیرێك لەسەر قەراغی شوستەکە راکشابو لەرزو تا ئەیچوقان ئەو خوشکە ناوی (دولشی)بو کە راهیبەیەکی رێکخراوی خوشکانی (داوێن پاك) بو، ئافرەتێکی لاوازو خاوەنی دو چاوی رەشی پرشنگدارو زەردەخەنەیەکی ناسك بو، کەئەوەی دی چو بەلای منداڵەکەوەو لە تەنیشتیەوە هەڵتروشکاو دەستی نایە سەرناوچەوانی کە وەك تەنور ئەسوتا، ئەو خوشکە مامۆستا بو نەك پرستار وەهەروەها شوێنی حەواندنەوەی منداڵانیشی نەبو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خوشکە دولشی لەوکاتەدا بڕیارێکی دا کەلەدوایی دا بو بەهۆی یارمەتی دانو رزگار کردنی سەدان نەخۆشو ئاوارەو نەدارەکانی دانیشتوانی شاری (باهیا)و دەست گرتنی هەزاران له منداڵانی سەرجادەکان تا بتوانن ژیانێکی سەر بەرز بژین.

لەنزیکیەوە ریزێك خانوی پەڕپوتی چۆڵ ئەبێت، بەیەکێك له رێبوارەکان ئەڵێت (لەجیاتی من دەرگای یەکێك لەم خانوانەم بۆ بکەرەوە) ئەویش پەنجەرەی

---

[١] راهیبه وشەیەکی عەرەبی یە کە ناوێکی پڕ بە پێستم له کوردی دا بۆ نەدۆزرایەوە ئەو خوشکە گاورانەن کە دەست لەدنیا هەڵئەگرنو خۆیان تەرخان ئەکەن بۆ خوا پەرستیو یارمەتی دانی خەڵك.

یەکێکیان ئەشکێنیٚو ئەچێتە ژورەوە ئینجا لەودیوەوە دەرگاکەی بۆ ئەکاتەوە. کەوا ئەکات ئیتر کابرا لەترسی سزا رائەکات. خوشکە دولشی کە درێژایی بە حاڵە حاڵ ئەگەیشتە ١٥٠سم منداڵە نەخۆشەکە هەڵئەگرێتو ئەیباتە ژورەوەو لەویٚ لەسەر زەوی پاڵی ئەخات، ئەوسا ئەچێت بۆ لای بەڕێوەبەرایەتیەکەیان خواردنو دەرمانو گسکێك ئەهێنێت، دوای ئەوەی خواردنو دەرمان ئەدات بە منداڵەکە دەست ئەکات بە پاك کردنەوەی ماڵەکەو رێکخستنی. ئەم فریشتە راستو پڕ بڕواو پتەوە بەر لەپەنجا ساڵ بەناوی (ماریا ریتا لوین)ەوە لە خێزانێکی ناسراوی شاری باهیادا هاتبوە دنیاوە، باوکیو دو برای مامۆستا بون لە دانشتگای باهیاداو خوشكو برایەکی کەشی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی بون، ماریا وەك کەسو کارەکانی ئەیان وت لە منداڵیشدا هەر بە رەحمو حەزی بە یارمەتی لیٚ قەوماوان کردوە، کە گەورەبو زانی باشترین رێگا لە ژیاندا بیگرێت ئەوەیە کە ببێت بەراهیبە بۆ ئەوەی بتوانێت یارمەتی هاوڵاتی یە چارە ڕەشەکانی بدات. نەدارایو قوربەسەری لە شاری باهیادا گەیشتبوە ئەوپەڕی چونکە نزیکی سەد هەزار کەس لە (٦٥٦) هەزار دانیشتوەکەی زنج نشین بونو نەخۆشیو دەست کورتی بە درێژایی ساڵ ئەیرەتاندن ئەمانەش ئەوانە بون کەبیٚ بارانی سەروی بەرازیل کۆچی پیٚ کردبونو هێندێکیشی بریندارو پیرو بیٚ دەرەتانەکان بون کەلەسەر شەقامو بەردەرگای ماڵەکاندا شەویان رۆژئەکردەوە, خەبەری ئارامگاکەی خوشکە دولشی خێرا بەناو هەمو بیٚ دەرەتانەکاندا بڵاوبوەوە. ئەو هەفتەیە کۆتایی نەهات کە خانوەکە پڕ بو. ناچار دەرگای خانوەیەکی تریشیان شکاندو بەو جۆرە هەمو خانوەکانیان داگیر کرد کە ژمارەیان پێنج بو، دەرو دراوسێکان کە زۆر بەوسەقەتو نەخۆشو فەقیرانە نارەحەت بو بون فەرمانی دەرکردنیان لە کاربەدەستان وەرگرت، ناچار

خوشکە دولشی لە سندوقی بەتاڵو تەنەکە لەژێر چوخمەکانی کڵێسەی (بونغیم)ی باستانی بەناوبانگدا پەناگایەکی بۆ پێك هێنانو بردنیە ئەوێوە, بەڵام نوێژکەرەکانی کلیسەکەش ئەوەیان پێ قوت نەدرایەوەو ئەوانیش لەوییان هەڵکەندن، ئینجا چونە خانویەکی چۆڵی ناوشارەوە بەڵام لەوێش دەر پەڕێنران وە ئەوەی ئەمجارەیان بەوە هەڵسا کاربەدەستانی تەندروستی گشتی بون, ناچار هێنای لەم بەرو ئەوبەری کۆڵانی تەنیشت کڵێسەکەوە چادری بۆ هەڵدانو کولانەنی کڵێسەکەشی پاك کردەوەو نەخۆشەکانی لێ نواند. نزیکی سەد کەس هەمو شەوێك لەو کۆڵانو باخچەی کڵێسەیەدا خواردنو نوستنیان دەست ئەکەوت,وە خوشکە دولشی خۆشی تیماری نەخۆشەکانی ئەکردو دەرمانی ئەدانیّو هانی پزیشکەکانی ئەدا کە نەخۆشە کوشندەکانی بۆ تیمار بکەنو لێیان ئەپاڕایەوە کە سەرەی نەشتەرگەری بدەن بەوانەی کە ژیانیان لەسەر نەشتەرگەری وەستاوەو بەردەوامیش ئیشی بۆ خاوەن خێزانەکانیان ئەدۆزیەوە لای خاوەن کارگەکان.

ئارامگاکەی خوشکە دولشی ناوی دەرکرد، ئیتر هەر داوابو بەسەریدا ئەهاتە خوارەوە ئەگەر مەلۆتکەیەکی زۆڵیان لە کۆڵانێکدا بدۆزیایەتەوە یەکسەر خوشکە دولشی بانگ ئەکرا خوشکە دولشی: وا فەقیرێك لەسەر شوستەی بەندەرەکە گیان ئەدا خوشکە دولشی وەرە. وەرە.وەرە. بەم جۆرە بوبو بە دادە خەمەی هەمو لایەك، بەڵام لافاوی بێ دەرەتانەکان بەڕادەیەك زیادی کرد کە لە تواناو دەرامەتی خوشکە دولشی دا نەبو کە دەرەقەت بێت لەبەر ئەوە هەمیشە لەخوا ئەپاڕایەوە کە رێکخراو پارە دارەکان دڵیان نەرم بێو کۆمەکی لەگەڵابکەن وا دیار بو خوا دوعاکەی خوشکە دولشی قوبوڵ کردبو بۆیە پارە لە هەمولایەکەوە دەستی کرد

بەبارین بەسەریدا، نەك هەر لە باهیاو بەرازیلەوە بەڵكو لە رێكخراوە جیهانیەكانیشەوە خوشكە دولشی رایگەیاند كەساتێك لەوەو بەر قۆنتەراتێكی ئیمزا كردوە بەسەد هەزار دۆلار بۆ دروستكردنی خەستەخانەو ئارامگایەك، ئێستاش لەخوا ئەپارێتەوە كە دڵی ئەوانو خەڵكی نەرم بكات تا كۆمەكی بكەن بۆ ئەوەی قیستەكان لەكاتی خۆی دا بدات دوای حەوت مانگ لەو قسەیە خەستەخانەی (ئالبیرج سانیو ئەنتونیو) كەسێ قاتو شوێنی ١٥٠ قەرەوێڵەی هەبو تەواو بو، بەو شێوەیە نەخۆشیو بێ دەرەتانەكانی خوشكە دولشی كەوتنە كۆكردنەوەی منداڵانی سەرجادەكانو هێندێك ئیشی خەستەخانەشی پێ ئەسپاردن بەرامبەر بەكرێ بۆ ئەوەی چێژی دەست كەوتو تامی سەربەرزی كاركردن بكەن بانقی باهیاش هەمو مانگێك خەڵاتی ئەدا بەو منداڵانەی كە لەهەموان زیاتر پاشەكەوت بكات.

پزیشكەكان زۆرجار بە خۆڕایی بۆ ماوەی ساڵێك یان چەند مانگێك لەو خەستەخانەیەدا كاریانئەكرد وە هەروەها خەڵكیش لەبار بوی درێغی ناكەن، میریش لەم دواییەدا كێڵگەیەكی نزیك شاری دانێ كە هەمیشە چل منداڵ تیا كار ئەكەنو فێری چاندن ئەبنو دیسان كارگەیەكی پچوكیشیان هەیە بۆ فێربونی دارتاشیو سنعاتی تر، وە وەك ژماردویانە ساڵی نزیكەی ٤٠ هەزار كەس لەلایەن رێكخراوەكەی خوشكە دولشی یەوە یارمەتی ئەدرێت وە لە زۆربەی ئەركی ئەو یارمەتیانەدا خۆی بەشدارە. بەڵام تاكەی ئەم راهیبە لاوازە ئەتوانێت ئەركی ئەم هەمو یارمەتی یە كوشندەیە هەڵبگرێت؟ ساڵی رابوردو قورسایی هاتە سەر ٣٨ كیلۆو خەریك بو لەناوبچێ، لەبەر ئەوە پزیشكەكان داوایان لێ كرد كە ئەبێت لەجێگەدا بنوێتو بەهیچ ئەركێك هەڵ نەستێت تا ماوەیەكی دور بەڵام ئەو بۆ


رۆژی دوایی لە جێگە هاتە دەرەوەو بۆ رۆژی سێ هەم کەوتەوە ئیش کردن، کە پزیشکەکان لەوە نارەزایی یان پیشان دا وتی: (من ناتوانم پاڵ کەوم لەکاتێکدا ئەم هەمو خەڵکە پێویستیان بەیارمەتی هەبێت).

کەم نین لە مێژودا (ئەمە قسەی منە) ئەو ئافرەتە راهیبانەی کە خۆیان تەرخان ئەکەن بۆ خواپەرستیو خزمەتی مرۆڤانی نەداراو نەخۆشیو منداڵانی بێکەسوکار ئەوەی لەم دواییدا ناوبانگی لە هەمو جیهاندا دەنگی دایەوەو لە زۆربەی وڵاتەکانی دنیادا دەزگا خێرخوازیەکانی خزمەت بە مرۆڤی هەناسە ساردو نەگەویست ئەکات راهیبەیەکی کەبو بەناوی (دایکە ترێزا) وە ئەم راهیبە یە بە بنەچە (ئەلبانی)یە و لە ٢٦/ئابی/١٩١٠دا لە دێ ی (سوکچیە) لە خێزانێکی ئاین قایمو جوتیار لە دایك بوە و لە دواییدا کۆچیان کردوە بۆ (یوغوسلاڤیا).

خوێندن لە (ئیرلەندا) تەواوئەکات و لە ساڵی ١٩٣٧دا بەتەواوی خۆی بو راهیبەیی تەرخان ئەکاتو هەرچەندە ناوی (ئەگنیز) بو، ناوی خۆی نا (دایکە تریزا) بو بە دایکی هەمو لێقەوماوو هەژارێك.

لە پێشدا خۆی تەرخان کردبۆ یارمەتی منداڵانی بێدەرەتانو پرستاری و لە کەلکەتەی هندستان ئەگیرسێتەوە کە زۆرترین ژمارەی "گوڵ"ی تیادایە و کەس بێزی نایە بچێت بەلایاندا بویە دایکە ترێزا زۆرترین توانای بۆ فریاکەوتنی ئەو گوڵانە تەرخان کردو کە کارە خێرخوازیەکانی پەرەی سەند لەساڵی ١٩٦٣دا برایانی کۆمەڵەی خۆشەویستی دامەزراند لە (راهب)ە پیاوەکان تایارمەتی بدەن چونکە بە تەنیا دەرەقەت نەدەهات.

لە سەرەتادا هات بەشێك لە پەرستگای (کالی) کە خوای مردنو کاولکاری بو لای هندۆسەکان کرد بە پەناگایەك بۆ ئەو نەخۆشانەی کە هیوای چاکبونەوەیان


دایکە ترێزا


نەبو بۆ ئەوەی دوا رۆژەکانی ژیانیان بە ئاسودەیی بەرنەسەر. ئیتر دوای ئەوە دامەزراوەکانی دایکە ترێزە هەر ئەهاتو زیادی ئەکرد وەك دامەزراوی (دڵی پاك) کە ئەویش تەرخانکرابو بۆ نەخۆشیە هەتا هەتاییەکانو (شاری ئارام) لەگەڵ کۆمەڵێك خانوی بچوك بۆ حەواندنەوەی نەنگەویستەکان لەوانەیان کە دوچاری ئەو نەخۆشیانە بون کە ئەپەڕنەوە. ئینجا یەکەم پەناگای دروستکرد بۆ منداڵە بێ کەسەکان وە بە زۆربونی ئەوانەی کە ئەبون بە راهیبە توانی صەدان لەو خانوانە بکات لەسەرانسەری هندستاندا بۆ ئەوەی بەتەنگ برسیو روتوقوتو و بێ دەرەتانو ناتواناو کوێرو نەنگەویستەکانەوە بێ ئەوانەی کە هەست ئەکەن کۆمەڵگا نایان ئەوێن و بێبەشن لە خۆشەویستی و خەڵکی وا هەست ئەکەن کە بارێکی گرانن بەسەریانەوەو خۆیان دور ئەگرن لێ یان.

لەساڵی ١٩٦٥دا (پاپا پوڵصی دورهەم مافی ئەوەی پێ بەخشی کە جگە لەهندستان لە هەمو شوێنێکی جیهاندا ئەم خزمەتانە پێشکەش داماوان بکات، بۆیە ژمارەی ئەوانەی کە کاریان بۆ ئەکرد پەرەی سەرندو پەلوپۆی دامەزراوەکانی هەمو وڵاتە هەژارەکانی گرتەوە یان ئەوانەی کە شەڕو شۆڕیان تێدایە وەکو (ئەسیوبیا) یان گەرەکە داخراوەکانی خواروی ئەفەریقاو ئەلبانیا کە لێ ی لە

دایکبوه. یان که توانی له شەڕی نێوان ئیسرائیلو لوبناندا له ساڵی ١٩٨٢دا (٣٧) منداڵ رزگار بکەن که له خەستەخانەیەکدا گیریانخواردبو.
ترێزه له ژیانی خۆیدا چەندەها جار رێزی لێندراوه بۆ ئەو مرۆڤدۆستی یەی لەوانه پاداشتی (نۆبلّ) بۆ ئاسایش ساڵی ١٩٧٩و مەدالیای ئازادی ساڵی ١٩٥٧ کەلەلایەن (رۆناڵد ریگن) سەرۆکی وڵاته یەکگرتوه کانەوه له هوه پیّ ی بەخشرا بەڵام له هەمویان گرنگتر (فاتیکان) بەدڵی بەزەیی کاسۆلیکی ئەژمار کرد و پلەی (قدیسه)ی پیّ ڕەوا بینی. ئەم ئافرەته پیرۆزه خزمەتگوزاره لەکەڵکەته له رۆژی ٥/ئەیلول/١٩٩٧کۆچی دوایی کرد دوای (٨٧) ساڵ سەروەری.

*بەشی خوشکه دوڵشی له رۆژنامەی (ژین)ی ژماره (٣١و٣٢)ی ساڵی ١٩٧١دا بڵاوکراوەتەوه بەڵام ئەوەی تازەیه.

## ٣–غاندی _ رابەری هندستان[١]



غاندی

چەند ملیونێك لە دانیشتوانی هندستان هەبون پیان ئەوتن نەنگەویست[٢] (منبوذ) ئەو ئەنگەویستانە بەگڵاو ئەژمێرران لەلایەن دانیشتوەکانی ترەوە بەرادەیەك ئەگەر سێبەرەکەیان نەك لەشیان بکەوتایەتە سەر هەر چ شتێك ئیتر ئەو شتە پیس ئەبو، جا ئەگەر خواردن بوایە ئەوا کەڵکی بەکار هێنانی نەئەماو ئەبوایە فڕێ بدرایە! لەبەر ئەوە ئەو ئیشەی نزمو خراپ نەبوایە بەو نەنگە ویستانە نەئەسپێررا بەتایبەتی پاککردنەوەی زێرابو

---

[١] لە رۆژنامەی ژینی ژمارە (٦٤) ١٣–٤–١٩٧٢ لاپەرە(٢)دا بڵاوکراوەتەوە.

[٢] قوتابی سەرەتایی بوم هێندێك لە مامۆستایانمان بە مەبەستی گۆشکردنمان بە گیانی نشتمانپەروەری جاروبار کتێبی لاوەکیان بۆ ئەخوێنینەوە.. لەوانە کتێبە بەنرخەکەی پەروەردیار (شاکر فەتاح)، کە ناوی (گەورە پیاوان) بو یەکێك لەو گەورە پیاوانە (غاندی بو. ئەم روداوە و وشەی ئەنگەویست هەرچەندە نزیکەی حەفتا ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە ئێستاش هەر لە بیرم ماوە ئەمەیە ڕۆڵی پەروەردیار کە ئەیبینی لە چارەنوسی نەوەی دوای خۆیدا!.

ئاودەستخانە. بەڵێ ئەودو ئیشە نالەبارە وەك میراتیەكی نا پیرۆز كەسێكی تر نەبو بەشداری یان بەربەرەكانیان بكات لە كردنیا! (غاندی) پێشەوای مەزنی هندستان وەك هەمو پێشەوایەكی نیشتمان پەروەری هەق پەرست لەو بڕوایە دابو كە نابیت لە وڵاتدا كەسانێك هەبێت گڵاو و ناگڵاو بەڵكو هەمو ئەبێت بەیەك چاو سەیر بكرێت بێ جیاوازیو هیچ كەسێك مافی لەوی تر زیاتر یان كەمتر نابێت. غاندی بۆ ئەوەی رێچكەیەكی باش بشكێنێتا ئەو بەشە لە هاوڵاتیەكان، واتە نەنگەویستەكان، لەو قوڕبەسەرییە رزگار بكات بەكارێك هەڵسامەگەر هەر لە پێشەوایەكی وەك ئەو بوەشێتەوە بەڵێ ئەو غاندی یەی بە پیرۆزو نیمچە پێغەمبەرێك لەلایەن هیندی یەكانەوە سەیر ئەكراو هەرچی هندستان هەبو شوێن پێ ی ئەوی هەڵئەگرتو بەقسەی ئەو ئەجوڵایەوە هەڵسا بەدەستی خۆی بەبەرچاوی هەموانەوە ئاودەستخانەی ماڵی یەكێك لەو نەنگەویستانەی پاك كردەوە! با لەسەر ئەم كردارەی غاندی هیچ نەڵێین چونكە هیچ وتەیەك نیە كە پڕ بەپێستی ئەو كردارەی پێشەوا غاندی بێت.

غاندی سادەترین ژیان ئەژیا خواردنی هەر سەوزە بو چونكە گۆشتی نەئەخواردو یەك دو پارچە سیپاڵی زبریشی لەبەر ئەكرد كە شانوملیشی روت بو كە ئەویشی بە دەستی خۆی ئەیرێسانو ئەیچنین و لەبارەی سیاسیشەوە بڕوای وابو مەرج نیە سەربەستی بەخوێن ڕشتن بسەنرێ و لەبریتی ئەو رێگەیەكی تری دۆزیبوەوە كە پێ ی ئەوترێ یاخی بونی شارستانی (العصیان المدنی) كە ئیمرالیستە ئینگلیزەكان خواستێكی نیشتمانیان نە ئەهێنایە دی لە بریتی ئەوەی غاندی فەرمانی هێرشو كوشتنو بڕین بدات بە ئینگلیزەكانی رائەگەیاند كەوا بەڕۆژو ئەبێتو رۆژوەكەشی ناشكێنێت تا ئەو ویستەمان نەهێننە دی. زۆر جاری

وا هەبو تا نەگەیشتایەتە ئاستی مردن داواکانی بۆ جێ بەجێ نەئەکرا وە ئەگەر توندرەوە هندیەکانیش بەشەڕبهاتنایە لەگەڵ ئینگلیزدا یان لەبەینی خۆیاندا دیسان بۆ ئەوانیش رۆژوی ئەگرت ئەوەندە غاندی بەند کرابو لەلایەن ئیمپریالیستەکانەوە بۆ پێکەنین ئەیگێڕنەوە کە جارێکی لە بەندیخانەکە دێتە دەرەوە وتارێك ئەدات وا دەست پێ ئەکات، لە وتارەکەی پێشومدا بەر لەوەی بمگرن گەیشتمە ئەوەی کە وتم.

بەڵام زۆر جاریش کە فەرمانی بەرەڵلاکرنی ئەهات لە چونە دەرەوە مانی ئەگرتو ئەیوت تا فلان داوام نەهێننەدی بۆ هندستان نایەمە دەرەوەو هەر لە بەندیخانەدا ئەبم! هەروەکو وتمان غاندی رێگەی یاخی بونی شارستانی گرتبو بۆ رزگارکردنی هیندستان لە چنگی ئینگلیزەکان لەسەر ئەو رێڕەوە ئەی هێنا فەرمانی دەرئەکرد کە کەس نابێت شتومەکی ئینگلیزی بکڕێت. یەکەم هۆی دەست بەسەرا گرتنی هیندستانی بو چەڵ ئەکرد کە ئەویش کردنی بو بە بازاڕێك بۆ ساغ کردنەوەی شتومەکی ئینگلیزی، بەڵێ دوای دەرکردنی ئەو فەرمانە لەسێ سەد ملیون دانیشتوەکەی هیندستان کەسێك نەبو پارچەیەك شتی ئینگلیزی بکڕێت لەبەر ئەوە هەرچی بەرهەمی ئینگلیزی هەبو هەموی تۆز ئەیخوارد، ئەوسا ئینگلیزەکان ناچار ئەبون شتێکی کەماف بدەن بە هیندستان تا غاندی ئەو فەرمانە لابەرێ، لە فەرمانێکی وادا جارێکی پیاوێکی هیندی لە کۆگایەك ئەیەوێت ئاوریشمی ئینگلیزی بکڕێت کچێکی نیشنمان پەروەری لێ ئەچێتە پێشەوە پێ ی ئەڵێت: ئایا نازانی ئەم ئاوریشمە ئینگلیزیە؟ کابرای هیندی ئەڵێت: بەڵێ ئەزانم.

—باشە ئەی تۆ نازانیت غاندی فەرمانی نەکڕینی شتومەکی ئینگلیزی داوە؟

—بەڵێ ئەوەش ئەزانم.

—ئەی چۆن وا ئەیکڕیت؟

—حەزم لیّ کردوەو ئەیکڕم.

—من بەر لە فەرمانی نەکڕین پارچەیەك ئاوریشمی ئینگلیزیم کڕیوەو لەمەش چاکترە گەورەترە، ئێستە وا لەماڵەوەیە، وەرە تۆ هەر ئەمە مەکڕە ئەو پارچەیەی خۆمت بە خۆڕایی ئەدەمیّ.

کابرا لەمە تەنگە ئەی گریّو بەسەر کچەکەدا ئەشیرێنیّو ئەڵیّ:

—لەوە زیاتری لەسەر مەڕۆ هەرچی یەك بیّ من ئەم ئلوریشمە ئەکڕم، بوّتوّ نىیە دەستوەردەیتە کاری خەڵکییەوە.

— کچەکە سەیر ئەکات هیچ ڕێگەیەك نی یە کە ئەو پیاوە لەکەلی شەیتان بهێنێتە خوارەوەو وازی پیّ لە کڕینی ئەو پارچە ئاوریشمە بهێنیّ. وە بۆ ئەوەی هەرچۆنێك بێت نەیەڵێت بیکڕێت ئەهێنێت بەمەقەستی کابرای بازرگان قۆڵی خۆی بریندار ئەکاتو بە پارچە ئاوریشمەکە خوێنەکەی ئەسڕیّو بەوە ئاوریشمەکە وا عەدم ئەکات ئیتر کەڵکی کڕینی پێوە نەمێنیّو ئەوسا کابرا ناچار واز لە کڕینی لە ئاوریشمەکە ئەهێنێت[1] !

---

[1] هەر لە سەرەتاییدا مامۆستایەکمان هەبو پیّ یان ئەوت (عەبدوڵا صدیق) ئەم مامۆستایە بەشدار بو لە گۆڤاری (هیلال) ی میسریدا. کە ئەگەیشتەدەستی خۆی بۆ نەئەگیرا تا لەماڵەوە بیخوێنێتەوە ئەیوت منداڵینە ئیوە بیّ دەنگ سەعی بکەن منیش ئەم گۆڤارە ئەخوێنمەوە. یەکێکی تر لە چالاکیەکانی، چی لەو گۆڤارەدا سەرنج ڕاکێش بوایە، ببوایەتە مایەی ڕۆشنبیری ئێمە بۆی ئەگۆڕینە سەر کوردی یەکێك لەوانە بەسەرهاتی ئەو کچە و پارچە ئاوریشمەکەی هندستان بو..

بەڵێ بەم رێگەیە ئاسایشی ئامیزانەیە غاندی مەزن توانی سەربەخۆی هیندستان وەرگرێ!

کە موسڵمانەکانی پاکستانیش داوای سەربەخۆییو جیابونەوەیان کرد، بو بەشەڕ لە بەینیانا غاندی وتی: جیابونەوەی پاکستان باشترە لەوەی خوێنی یەکتری برێژینو ئەوەبو سەربەخۆیی درا بە پاکستان.

بەڵام ئەم کردارە بەلای هیندوسەکانەوە باش نەبو، وە ئەوەبو لە ئەنجامدا غاندی بەدەستی لاوێکی سەر کێشی ئەوان کوژرا.

لە قسەنەستەقەکانی ئەو پیاوە مەزنە کە هەندێك لەو بیرو باوەڕەیمان لە ژیانو سیاسەت دا بۆ دەرئەخات:–

–ئەو خەو بینینە شیرینەی ئەمەوێ بێتە دی ئەوەیە ببینم هەژار ترین ئافرەت ببێتە سەرۆکی هیندستان[1].

–ئەو کەسەی رۆژێ رۆژنامەیەك نەخوێنێتەوە بەخوێندەواری دانانێم.

جیاوازی لەبیروڕادا نابێ ببێتە هۆی ناکۆکی، چونکە ئەگەر وابێ ئەبێ منو ژنەکەم خوێنەخۆری یەکتر بین.

–یەکێ یەکێکی تر راونێ خۆشی ناحەسێتەوە

–هیچ گەلێك راناپەڕێ تا ئازارو سزا داخی نەکات

مەبەرە هاوڕێ ی هەستیار (شاعر) چونکە بەکری ستایشو بەخۆرایی سەرزەنشت ئەکات

–راستی پتەوە وەك ئەڵماسو ناسکە وەك گوڵ

---

[1] وەك ئەبینن ئەمڕۆ سەرۆکی هیندستان، وەکو غاندی خەوی پێوە ئەبینێ خانم ئەندیرا غاندی یە.

–ڕێگەی سەربەخۆیی ئەبێ خوێن پاکی بکاتەوە
–دو ساڵ یەکیەتیم بدەنێ بەدومانگ سەربەخۆیتان ئەدەمێ

**پاشکۆ**

ئێستاش (٢٠١٥/٣/٢١) ئەم پاشکۆیەی ئەخەمەسەر:
با بەم ڕوداوە کۆتایی بە سەرگوزشتەی غاندی بهێنم و بەم پرسیارە دەستپێبکەم. پرسیارەکەشم ئەمەیە کە بۆچی غاندی لەناو ئەو هەمو گەورە پیاوانەی دنیادا ناوبانگ و پلە و پایەی هەیە. ئەگەر هەر لە ناو هندیەکاندا بێ ئەوا شتێکی سروشتی یە بۆ؟ چونکە بەسەرکردایەتی ئەو هندستان سەربەخۆیی سەند. بەڵام ئەوەی جێ ی سەرسوڕمانە من، تۆ، هەمو مرۆڤایەتی ڕێزیان بۆی هەیە و خۆشیان ئەوێ. باشە بۆ ئەو خۆشویستیەمان بۆ ئەمانی کە نئ یە هەرچەندە سەربەخۆیشیان بۆ میللەتەکانیان سەندووە؟. ئێستا بەم ڕووداوەدا بۆتان دەردەکەوێت:
هندستان وڵاتێکی قەڵەباڵغە لەوانەیە ئێستا ملیارێك دانیشتوانی بێ، وڵاتی واش هەمیشە برسی یە بەتایبەتی لە زەمانی (غاندی) یشدا کە ئیستیعمار زۆربەی سەروەتوسامانەکەی بە تاڵان ئەبردن.
دوای سەربەخۆیی هندستان لەدوا ساڵەکانی پەنجادا، کۆمەڵێك هندی برسی خۆپشاندانیان کرد و بەوپەڕی و بەوپەڕی توڕە چونە سەرماڵی غاندی. ماڵی چی کوختەیەك بو و ئەویشی کە تیادابو پارچە حەسیرێك و خەڕەکێك بۆ ڕستنی جلەکانی، جلی چیش هەموی بریتی بو لە دەرپێیەکی خامی سپی و ئیتر بۆ سەرەوەی لەش ڕووت بو. بزنەکەشی کە شیرەکەی ئەخواردەوە لەولایەوە

بەسترابۆوە. لەكاتێكدا چون كە نانی ئەخوارد، هەمو خواردنەكەشی  نانە ڕەق بو بۆ ئەوەی پێی قوت بدرێ و قورگی نەڕوشێنێ ئاوی ئەكرد بەسەردا!.

كە نوێنەری خۆپشاندەرەكان ئەوەیان دی زۆر شەرمەزاربون و بەخۆپشاندەرەكانیان وت: خەڵكەكە غاندی لە ئێمە برسی ترە. ئەوسا غاندی هاتە دەرەوە و بە خۆپشاندەرەكانی وت: وەنەبێ من ئاگاداری برسێتی ئێوە نەبم، بەڵام دانبەخۆتاندا بگرن هەوڵ ئەدەین ئەم بارودۆخە نالەبارە بگۆڕین. ئێستا هیوادارم كە ئەوەتان بۆ دەركەوتبێ كە بۆ غاندی ئەو ناوبانگ و ڕێزە جیهانی یەی هەبو وهەر ئەشی مێنێ تا هەتا هەتایە. ئەزانن ئەو هۆیەش زۆر ئاسانە هەمو سەرۆكێك پێ ی ئەكرێ ئەویش ئەوەیە میللەتەكەت تێر بو، تۆش تێر بە، ئەگەر برسی بو تۆش برسی بە نەك بە پێچەوانەوە..

ئەم هەلەش بۆ سەركردەكانی خۆمان هاتە پێشەوە بۆ ئەوەی وەك غاندی هەمیشە زیندو بن لە دڵی میللەتەكەمانداو ویژدانی مرۆڤایەتیدا. بەڵام ئەمانەی خۆمان چونكە لە ئاستی ئەو شكۆیەدا نەبون كە چارەنوس بۆی هەڵبژاردبون بۆیە هەر زو پشتیان كردە میللەتە ڕەشوڕوتەكەیان و وەك لەدەمی گورگ بەربوبن كەوتنە هەڵپە بە دوی ڕابواردن و بیناكردنی قەسروقسورو فەرهودكردنی سامانی نەتەوەیی بەوە خۆشیان دۆڕان و ئێمەشیان سەرگەردان كردوە. ئەگەر وەكو غاندیان بكردایە ئەوا لەباتی قیبلە نوێژمان بەرەو مەزاری نەمران ئەكرد لە بەرزان و تەكیەی تاڵەبانیەكان لە كەركوك!.

## ٤-ئەبراهام لینکن


پارێزەرێکی لاوی تازە دەرچو، زادەی خێزانێکی لادێی دەست کورت، دەم‌و چاو تێك قوپاوی چرچ لە ئەنجامی کەمی خواردەمەنی‌و ئەو کارە گرانانەی کەلەوەو پێش کردبونی وەك داربڕین لە دارستانەکاندا، چەتە ولیکی چەماوەی هەمیشە جل ژاکاو قژ ئاڵۆزکاو، لە شارێکی گەورەدا نوسینگەیەك ئەکاتەوە بۆ پارێزەری.

کەسێك نابێت کارێك بەو پارێزەرە بسپیریت، یەکەم لە بەر نەناسراوی‌و دوهەم لەبەر ئەوەی خەلقی زۆر بەتازە کردە پشت نابەستن بەتایبەتی ئەگەر (دعوی)کە نەختێك گرنگ بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا دەوڵەمەندێکی ناوچەکەیان لەبەر ئەوەی ئەیزانی کە چەند ئەو لاوە لێ هاتوە بۆ ئەوەی شتێکیشی دەست کەوێت داوایەکی گەورەی پێ ئەسپێری.بەڵام لەبەرهەمان هۆ،واتا پشت نەبەستن بەتازە دەرچوان ئەهێنێ بەتوانەترین‌و بەناوبانگترین پارێزەری ئەو شارەشی لەگەڵ دا ئەگرێت. خاوەن داوەو پارێزەرە لاوەکە هەڵئەسن ئەچن بۆ نوسینگەی پارێزەرە بەناوبانگەکە. خاوەن داوا کە لەپێشدا ئەچێتە ژورەوە بۆلای پارێزەرەکەو پارێزەرە لاوەکەش لە ژوری چاوەڕوانی دائەنێ.دوای ئەوەی هەمو شتێك لەگەڵ ئەو پارێزەرەدا ئەبڕێتەوە پێ ی ئەڵێت وا فلان پارێزەریشم گرتوە لە وەڵامدا ئەڵێت:. ((جا مەیمونی واچی لە یاسا ئەزانێت وا گرتوتە))وە کە پێ ی ئەڵێت وا لە دەرەوە دانیشتوە ئەگەر ئەتەوێت بابێتە ژورەوە ئەڵێت:

ببورە کاتی ئەوەم نیە لەودا بە فیڕۆی بدەم.

کاتێك کە خاوەن داواکەدێتە دەرەوە بۆ ئەوەی پارێزەرە لاوەکە دلگیر نەبێت لە بری ئەو قسانە پێ ی ئەڵێت:

((ئەویش گرتنی توێ ی بەلاوە زۆر پەسەند بو)) بەڵام نەی ئەزانی کە دەرگاکەی بەینیان بە چاکی جوت نەکرابو و هەمو گفتو گۆکەی بەڕونی گوێ لێ



ئەبراهام لینکن

بو.بەڵام دیسان ئەمیش نەی دایە روی. تا ئەو رۆژەی دادگا داواکەی بینی پارێزەرە لاوەکە هەرچی یاساو نوسراوێك پەیوەندی بە داواکەوە هەبو هەموی خوێندەوەو نوسراوێکی باشی دەربارەی نوسیەوە، لە رۆژی دادگادا راپۆرتەکەی دا بەدەست پارێزەرەکەو پێ ی وت کە زۆری ئەرك بە ئامادەکردنیەوە کێشاوە، ئەگەر بیخوێنیتەوە لەوانەیە سودێکی ببێت بەڵام ئەو بەلا لوتێکەوە لێ ی وەرگرتو بێ ئەوەی بێزی بێت چاوێك بە ناوەڕۆکەکەیا بخشێنێ خستییە ئەولایەوە، کاتێك سەرەی قسە کردن هاتە سەر ئەمان پارێزەرە ناودارەکە هەڵساو لەبەر جوانترینو قوڵترین وتەی دا لە روی یاساییەوەو بەوە دەسەڵاتو تواناو

شارەزاییەکی وای پیشاندا لە یاسادا کە پارێزەرە لاوەکە وەك پارێزەرێك خوی لەبەر چاو بکەوێو لە ئەنجامیشدا داواکەیان بردەوە. وەکە خاوەن داواکە پارەی ئەرکی بەشەکەی پارێزەرە لاوەکە ئەبا لێ ی وەرناگرێت لەبەر ئەوەی هەر وەك وتبوی ((هەرچەندە من ئەرکم کێشاوە بەڵام هیچ جۆرە دەستێکم نەبوە لەبردنەوەی ئەو داوایەدا، لەبەر ئەوە شایان ئەو کرێیە نیم! تکام وایە کەبەشە پارەکەی منیش بۆ ئەو پیاوە هەڵکەوتوە بلیمەتەبەری و لە زمانی منیشەوە پیرۆزبایی سەرکەوتنە پڕ شکۆیەی لێ بکە!)).

ڕۆژ هاتو ڕۆیشتو ساڵ بە دوای ساڵ دا تێپەڕیو لە ئەنجامدا ئەو پارێزەرە لاوە بو بە پەرلەمانتار نەخێر بەوەشەوە نەوەستا بو بە سەرۆکی کۆماریش!کە بوبەسەرۆکی کۆمار هەرچەندی ئەکرد یاسا ناسێکی لێ هاتوی نەئەدۆزیەوە کەبیکات بە وەزیری داد، لە پڕ ئەو پارێزەرەی هاتەوە یاد کە رۆژێ لە رۆژان بێزەی نەهات بیبینیتو پێ ی وت ((ئەو مەیمونە)) بەڵام لەبەر بەرژەوەندی گشتیو بۆ ئەوەی کە نیشتمانو میللەت لە توانای ئەو پیاوەبێ بەش نەبن هەستە تایبەتیەکەی خۆی پێ شێلکردو ناردی بە شوێنیاو کردی بە وەزیری داد.

ئەوەی کە خوێندتەوە خوێندەواری بەرێز یەکێکە لە سەدەها سەرگوزشتە کە ئەیگێڕنەوە لەبارەی دڵو دەرون فراوانیو مرۆڤایەتی ((ئەبراهام لینکولن))ەوە شانزەهەمین سەرۆکی ویلایەتی یەکگرتوەکانی ئەمریکاو رزگار کەری کۆیلە قولەڕەشەکان کە لە ساڵی ١٨٦٠وە تا ١٨٦٥ سەرۆکی کردوەو لە ئەنجامدا لە لایەن نوێنەر (مومەسیل) یکی لاوی سەرکێشەوە کوژرا[١]. لەبیرو باوەڕە بە

[١] لەسەر ڕزگارکردنی کۆیلە ڕەشەکان بو بە شەڕی براکوژی لەبەینی ویلایەتەکانی ژورو و باشوردا. هەرچی باشوریەکان بو چونکە کشتوکاڵی بو پێیان ناخۆش بو کە قولە ڕەشەکان

نرخەکانی ئەم پیاوە مەزنە کەسەر کۆمار ئەبێت راوێژکارەکانی پیَ ی ئەڵیَ کەتۆ دوژمنە سیاسیەکانت لە ناونابەیت، لە وەڵامدا ئەڵێت ئەی ئەوە نی یە هەمیشە هەرخەریکی لەناو بردنیانم، وتیان کوا؟ کامیانت کوشت؟ و بەندت کرد، دورت خستەوە وتی:

من وا لەناویان نابەم. وتیان ئەی چۆن؟ وتی: بەوەی کە ئەیان کەم بەدۆست!.

وە لەبارەی رەخنەشەوە وتویەتی ((ئەگەر من هەر ئەو رەخنانە بخوێنمەوە کە لێم ئەگرن نەك وەڵامیشیان بدەمەوە کاتم نامێنێت کە ئیشی تیا بکەم. من چاکترین کارێك ئەکەم کە لە دەسەڵاتما بیت وە چاکترین رێگەو بەباشترین هۆ کە بیانزانم جا ئەگەر گەیشتمە ئەنجامێکی باش ئەوا هەرچی دژم بوتریَ هیچ ناهێنێت، خۆ ئەگەر لە کۆتاییدا سەرنەکەوتم ئەگەر هەزار فریشتە سوێندم بۆ بخۆن کە من پێکاومە هیچ سودی نی یە.با ئەم باسە بەو وتارەی کۆتایی بێنین کە بۆ هەڵبژاردنی بۆ سەرۆکی وتبوی مەترسن ئەوەندە درێژ نی یە تا پەستان بکات هەموی بریتی یە لەم سیَ دێڕەی خوارەوە:

هاوڵاتیەکان ئەگەر هەڵم بژێرن بەسەرۆك ماوەی سەرۆکی یەکەم وەك سەمای پیریژنێك کورتو خۆش ئەبێت راستیەکیش هەیە ئەمەوێت بیزانن ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر هەڵم بژێرن یان هەڵمنەبژێرن بەلامەوە وەك یەکە))، لە ئەنجامیشدا

---

ئازاد بکرێن بۆ ئەوەی هەتا هەتایە وەك ئاژەڵ لە کێڵگەکاندا بچەوسێنەوە... دوای چوارساڵ شەڕ شکور باکوریەکان سەرکەوتن و ئەو مومەسیلە، باشوری یەکی قین لەدڵ و سەرکێش بو کە لینکۆڵنی کوشت..

هەڵیان بژارد[1]!. له ژینی ژماره (٤٧)١٩٧١/١١/١١
بڵاوکراوەتەوە

[1] ئەم پاشکۆیەم ئێستا ٢٠١٥/٣/٢٢ خستە سەر

بەخشینی پۆستی وەزیری دا لەلایەن ئەبرهام لینکۆڵن وە بەو پارێزەرەی کە رۆژێك لە رۆژان پیێ ی وتبو مەیمون و ئامادە نەبو بۆ ساتێك کە بچێتە ژورەکەیەوە و دو قسەی لەگەڵدا بکات وانەیەکی گەورەیە بۆ هەمو کاربەدەستێك، ئەو وانەیەش ئەوەیە کە ئەگەر هاتو هەستی تایبەتیمان لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی دا تێکگیرا ئەوا ئەبێ سەرکەوتن هەر بۆ بەرژەوەندی گشتی بێ. ئەوە بە هەمو کەس ناکرێ و رۆشنبیری یەکی بەرزی ئەوێت. ئەوە لای خۆمان روی بدایە کاربەدەستەکە نەك هەر پلە و پایەی بە پارێزەرەکە رەوا نەئەدی دوریش نەبو کە بە شێوەیەك بیچەوسانایەتەوە..

باوکێك هەبو کورێکی زۆر هیچوپوچی هەبو. باوکەکە هەمیشە پێی ئەوت: رۆڵە تۆ هەرگیز نابی بە پیاو.

رۆژ هات و رۆژ رۆیی کورە بو بە گەورەی وڵات کە بو بەوە پاسەوانەکانی گاڵ دا کە بچن بە شەق باوکی بهێنن کە هێنایان پەشۆکاو کڵاوەکەی پەرپبو، جامانەکەی ئاڵابووە ملی، کافر بەزەیی پیادا ئەهاتەوە. کورە بە باوکی وت: تۆ هەر پێت ئەوتم نابی بە پیاو نابی بە پیاو ئەوەتە بوم بە گەورەی وڵات، بۆیە ئاوا بە ریسوایی هێنامیت.

باوکە وتی: من نەم وتووە نابی بە خاوەن پلەوپایە وتومە نابیت بە پیاو.


کورە وتی: ئینجا فەرقیان چی یە؟

باوکە وتی: ئەگەر پیاو بویتایە بەوپەری رێزەوە ئەتنارد بە شوێنمدا چونکە من باوکت بوم. کە بەم ریسواییە هێناتم مەعنای ئەوەی پلەوپایەکەش هەر نەیکردویت بە پیاو لەوێدا پەندێکی بۆ ئەخوێنێتەوە و ئەڵێ:

ئەگەر بەنا بناغەی دیوارێکی بە خواری دانا
هەر خوار ئەنوێنێ با سەریشی بگاتە ئەستێرەی سورەیا

## ٥- داك هامر شۆڵد

جارێك پاسكیل سوارێك لائەداتە یەكێك لەهەرە ئوتێلە چاكەكانی شاری (ستوكهۆڵم)ی پایتەختی وڵاتی (سوید)و لەبەڕێوەبەرەكەی داوائەكات كە ژورێكی بداتێ تیا بنوێت. بەڕێوەبەرەكە كەسەیری رواڵەتی كابرا ئەكات، پانتۆڵێكی كورتی خاكی لە بەرداو كراسێكی قۆڵ كورتی بەسەردا بەرداوەتەوە و هەگبەیەكی بە پاشكۆی پاسكیلەكەیدا دابەستوە، وای بۆ ئەچێ كە ئەو پیاوە دەرامەتی ئەوەنە نەبێت كە بتوانێت لە ئوتێلێكی وا گرانبەهادا بنوێت، وە وای زانی كە بە هەڵە رێی كەوتوتە ئەوێ لەبەر ئەوەی پێ ی ئەڵێت ((برام وادیارە تۆ لەگەرۆك (سائح)ە كانی‌و كرێی ئەم ئوتێلەی ئێمەش زۆر گرانەو بۆ ئێوەمانان دەست نادات، لەوبەرمانەوە ئوتێلێكی هەرزانتر هەیە چاك وایە بچیتە ئەوێ)) پاسكیل سوارەكەش دوای ئەوەی سوپاسی بەڕێوەبەرەكە ئەكات روئەكاتە ئوتێلەكەی كە بۆی دەست نیشان ئەكات، بێ ئەوەی خۆی دەربخات كەئەو بەناوبانگترین پیاوی ئەوسەردەمەی جیهانە! چونكە ئەو
پاسكیل سوارە كەس نەبو خوا لێ
خۆش بو (داك هامر شولد) ([1]) نەبێت كە ئەوكاتە سكرتێری گشتیی نەتەوەیەكگرتوەكان بو و زۆر حەزی لە گەشت كردن ئەكرد بەپاسكیل! بەڵێ هامر شولد هەتا بڵێیت مرۆڤێكی بێ فیزو زیرەك‌و هێمن بو لەكاریشدا نمونە بو بۆ فەرمانبەرێكی گشتی كە خۆپەرستی نەئەزانی چیە وە ئەوەبو هەر لەپێناوی ئەنجامدانی پێویستیەكانی سەر شانی دابو كە لە رۆژی ٨ی ئەیلول ١٩٦١ دا لە


داك هامر شۆڵد

ئەفریقادا فرۆکەکەی کەوتەخوارەوەو گیانی سپارد چونکە ئەچو بۆ گفتوگۆی وەستاندی شەڕ لەبەینی هێزەکانی نەتەوە یەکگرتوەکانداو (کاتانگا)دا.

لەنیۆبۆرك یاداشتەکانی کەبەدەستی خۆی نوسیبویەوەدوای مردنی لە خانوەکەید دۆزراوەتەوە لەگەڵ نامەیەکدا کە مێژوی پێوەنەبوە لەبارەی ئەو یاداشتانەیەوە نوسیبوی ئەم بیرەوەریانەم شێوەی راستەقینەی من دەرئەخەن وەکەنوسیومن هەرگیز لەوباوەڕەدا نەبوم کە کەس بیخوێنێتەوە. ئەمانەم بۆخۆم نوسیوە نەك بۆ خەڵکی وە ئەتوانرێ بوترێ کە گفتوگۆیەکە لەگەڵ خۆم‌و خوادا کردومە ! وا لێرەدا لەبەر کەمی ماوەهێندێك لەو یاداشتانە ئەنوسین کەناوبراو لە ساڵانی ١٩٢٥ وە بۆ ١٩٦١ نوسیونی.

- درێژترین رێگا، ئەوەیە کە ئەچیت بۆ ناو دەرون
- لەبارەی ئەو کەسەوەی کە ئەکەوێتە ژێر روناکی‌وە وەك مردوەکان ئەفسانەیەك دەست ئەکات بەنەشونما، بەڵام مردوەکە ناکەوێتە ژێر مەترسی فریوەوە تا ئاگری ئەو ئەفسانەیە خۆش بکات یان وەك (واقع)ێکی راست وەری گری، من بەزەییم بەوانەدا دێتەوە کە ئەو وێنانەیان خۆش ئەوێت کە رای گشتی لە مانگی هەنگوینی ناوبانگدا بۆیان ئەکێشی.

- کەس شایانی فەرمان ڕەوایی نیە ئەگەر هەمو ڕۆژێك نەیسەلمێنی کە بونی پێویستە.
- یەکێکم لەوانەی کە بیابانیان کردوە بە سەرینو ئەستێرە بەبرا، تەنیام، بەڵام تەنیاییش دەتوانی ببی بە هاودەنگ.
- هەرگیز سەیری خوارەوە مەکە بۆ ئەوەی زەویەکە ببینی کەتاقی بکەیتەوە بەر لەوەی هەنگاوەکانی داهاتوت بهاوێژی، چونکە ئەوکەسە ڕێگەی ڕاست ئەدۆزێتەوە کە سەیری ئاسۆی دور ئەکات.
- خۆزگە ئەمتوانی زوتر پتەو زیاتر ساکارو هێمنو گەرمو گوڕ بومایە.
- ئەگەر بۆ یەکێك تێکۆشایتو لەهەمان کاتیشدا هەوڵت دا دەستکەوتێکی بۆ خۆشت تیا بێت ئەوا هەرگیز چاوەڕوانی سەرکەوتن مەکە.
- ئەگەر لە ژورێك دەرکرایتە دەرەوە، لە کونی دەرگاکەوە سەیر مەکە، یا ئەوەتا دەرگاکە بشکێنەو خۆت بسەپێنە یا ئەوەتا برۆ بەڕێ ی خۆتەوە.
- کە قرچەی گەرمای نیوەڕۆ چوە جێ ی فێنکی بەیان، کە ئەژنۆت لە ماندوێتیا لەرزی، کەپیا سەرکەوتن وا هاتە پێش چاو کۆتایی نیە، کاتێ کەوا دەرکەوت هیچ شتێك وا ناروات وەك تۆ ئەتەوێت ئەوکاتە نابێ بوەستی.
- کە شەیتان بو یەکەم جار لەسەر ڕەوشتە فریشتەیەکەی پیرۆزبایی لەخۆی کرد بو بە داردەستی خراپەکاری.
- تۆ هەرگیز ئەوەندەت نەکردوە کەبەس ببیتو ئەوەندەش ناکەیت کە بەس بیت مادام لەوانەیە شتێکی بەنرخ هەبێت کەبشێت پێشکەشی بکەیت.
- هەرگیز واز لەبیرو برواو تاقیکردنەوەکانت مەهێنە با لەپێناوی بەدەست هێنانی ئاشتیش دا بیت.

- سەیری دواوە مەکە، خەویش بەداهاتووەوە مەبینە نە رابوردو ئەگەڕێتەوەو نەزیندە خەویش دێتە دی، کارو چارەنوسو ژیانت بەستراوە بەم ساتەی کە ئێستا تیایایت.

بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم یاداشتانە چاکترین وتە ئەوەی قەشە((هەنری فان دوسن))ە کە ئەڵێت ((من هەرگیز سێو دو لەوە ناکەم کە بەم کارە بڵێم پیرۆزترین یەکلاکردنەوەی خەباتی گیانیو سەرکەوتن، وە بە مەزنترین وەسیەتی بدەمە پێنوس کە تا ئێستا بڵاوکرابێتەوە لە چەرخی بیستدا))

## ٦-ڕەحمەتی کەریمی عەلەکە


کەریمی عەلەکە

پێش چەند ساڵێك شارەوانی سلێمانی، کە زۆر جیٚ ی ستایش بو، شەقامی گەڕەکی گاورانی[١] لە سلێمانی ناونا شەقامی (کەریمی عەلەکە). وە هەروەها ئەوکەسانەی کەناوی وەزیرەکانی حوکمەتەکەی مەلیك مەحمودی نەمریشیان خوێندبێتەوە کەلە ١٠ی تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٢٢)دا دای مەزراند هەمان ئەم ناوەیان بەرچاو ئەکەوێت کە وەزیری دارایی بوە. چی وای لە شارەوانی سلێمانی کرد کە شەقامێك بەناوی ئەوپیاوەوە ناوبنیٚو

[١] هێندێك کەس هەن لەو بروایەدان کە بەکارهێنانی وشەی (گاور) بۆ برا مەسیحیەکان بەباش نازانن چونکە بەلای ئەوانەوە هەستیان ئەروشێنیٚ!وەهەروەها برا مەسیحیەکانیشمان ئەو وشەیەیان پیٚ ناخۆشەو بەسوکایەتی ئەزانن. بەڵام بەلای منەوە بە کوردی بە مەسیحی ئەڵێین گاور و هیچ هەستیشم نەکردوە نەپیایان ناخۆش بیٚو نەسوکایەتیشی تیا بێت. لە شوێنانی کەی کوردستان دیسان پێیان ئەوتریٚ
(دیان) یان (کریستیان) وە وابزانم ئەم ناوەی دوایی لە کریستیانی ئینگلیزیەوە هاتوە. بۆیە من هیچ بەکارهێنانی وشەی گاورم لا نەنگ نەبو وەکەسیش نی یە لە دانیشتوانی سلێمانی ڕێزی نەبیٚ بۆ برا گاورەکانمان ئەگینا هەرگیز وشەی وایان بەکار نەئەهێنا وەئەمەش بەڵگەیەکی کەیە بۆ هەڵەی ئەو بۆچونە.

له مەلیك محمودیش کەبیکات بەوەزیر؟ دڵنیام لەوەی کە زۆربەی نەوەی ئەم سەردەمە ئەو پیاوە ناناسن، بەڵام باوپاپیرانمان ئەوانەی کەلەچارە رەشیاندا رێکەوتی گرانیەکەیان کردبو کەلە جەنگی جیهانی یەکەمدا (١٩١٤–١٩١٨) دا بەسەریان هاتبو کەسیان نیە لەقوڵای دەرونیانەوە ئاشنا نەبن بەو پیاوە، بۆ؟ ئێمەی بەختەوەر رێکەوتی ئەوگرانیە تۆقێنەرەمان نەکردوە ئەوانەی کە ئەو رۆژە رەشا نەیان دیبو ئەگێڕنەوە کە چۆن رۆژ نەبوە دەیان کەس لەبرسا نەمرنو زۆر جاریش سەگ دەم نەژنێتە لاشەکانیان، لەوسەردەمەدا دایك پاروی لەدەم جگەرگۆشەکەی ئەفڕاند! هیوا بوە بۆئەوەی خۆیوماڵو منداڵی رسوانەبن، له برساندا لە ژورەوە وشك ئەبونەوەو سەدان روداوی جەرگ بڕی وا. جا لەو رۆژانەدا هەلبوبۆ زۆر لە دەست رۆشتوەکان کە سەد ئەوەندەی تر لەسەر ئێسكو پروسکی ئەو لێ قەوماوانە سامانەکانیان زیاتر بکەن. بەڵێ ئەو بێ ویژدانو بەزەیی لە دڵدا مردوانە چونکە مانو ژیانی خەڵکی بەسترابو بەمستێك ئاردەوە هێنایان نرخی هۆقەیەك ئاردیان گەیاندە سێ لیرەی ئاڵتونی زەرد، وە بۆ ئەوکەسانەی کە لیرەشیان نەبو ئەگەر خانوبەرەیەك یان باخێك یان هەرچ شتێکیان بوایە کە پارەی بکردایە ئەوا بە چوار یەکە قیمەت بۆیان ئەشکانەوە بەلیرەو جا ئەگەر لەئەنجامدا ئەو کلۆڵە هۆقەیەك یان دو هۆقەی ئارد دەست کەوتایە ئەوا ئەبو گەلێك شوکری خوای بکردایە! ئەمانەش با بلێین بەهەر سورەت بەڵام ئەو خوانەناسانە بەوەشەوە نەوەستابون و ئەیان هێنا گەچو کەپەكو جۆرەها شتی تریان تێکەڵ ئەکرد دەوڵەمەندێکی کەی شارەکەمان سا بەرێکەوت ئەبێت یان لە ئەنجامی پێش بینینەوە[١] بەر لەو قاتو قڕیە دانەوێڵەیەکی زۆری عەمبار ئەکات.

---

[١] وەك بەرێز (قوسطنطین عەلەکە) کە خوشکەزای رەحمەتی کەریمی عەلەکەیە بۆی

جا كه نرخی ئارد ئاوا ئەچێتە ئاسمان ئەبێ ئەو دەوڵەمەندەشمان ئەو هەلەی چۆن قۆزیبێتەوەو لە ئەنجامیشدا بوبێت بەچ قارونێك؟ بەڵام چاوەڕوانی ئەو ئەنجامە مەكەن چونكە ئەو پیاوە بە پێچەوانەی زۆربەی دەوڵەمەندەكانی ترەوە هەر بەنرخی كڕینەكەشی بەڵكو بەهەرزانتر بۆ ئەوكەسانەی دەست نەڕۆیشتوبون ئەیفرۆشتەوە وە بۆ ئەوكەسانەی كەهەر هیچیشیان نەبو ئەوا بە خۆڕایی سەرەڕای ئەوەش هەمو ئێوارەیەك لەماڵی خۆیان بەمەنجەڵی زنجیردار شۆربای بە سەر برسیەكاندا ئەبەخشیەوە وە ئەوەی بشمردایە ئەوا لەسەر مەسرەفی ئەوكفن‌ودفن ئەكرا! جا ئەوپیاوە فریشتەیە كەس نەبو رەحمەتی (كەریمی عەلەكە) نەبێت كەوا لەم نوسینەدا هەوڵ ئەدەین بەپێی توانا وەك پیاوێكی مەردی هەڵكەوتوی شارو میللەتەكەمان پێتانی بناسێنین. ناوی (عبدالكریم كوری ئەلیاس)ە[1] ئەڵێن خەڵكی

---

گێڕامەوە كە ئەو لەو بڕوایەدایە كە ئەودانەوێڵە عەممارکردنە لە دوربینی یەوەبوە بەو بەڵگەیەی كە رۆژێكی خۆی لە خاڵی (واتا كەریمی عەلەكە)ی بیستوە كەلە ماڵەوەیان رۆژێك ئاردەبرنجو كەپەك فڕێ ئەدەنە كۆڵان بەماوەیەكی كەم لە گرانیەكە ئەڵێ: ئێستا ئێوە بەبێ قەدر سەیری ئەو كەپەكو ئاردە برنجە ئەكەن بەڵام رۆژێ دێ ئەوەمان دەست ناكەوێت كە بیخۆین.

ئەوكاتە جەنگی یەكەمی جیهانی قەومابو بەڵام هێشتان دەوڵەتی عوسمانی پێیان ئەوت (پیاوە نەخۆشەكە) تێوە نەگلابو. بەڵام بۆ پیاوێكی زیرەكی وەك (كەریمی عەلەكە) كەهەست بەوەدەكات كە ئەبێ پریشكی شەڕو نەهامەتی ئێمە بگرێتەوە وەك گرتی یەوە.

[1] (خواجا كەریم) یشیان پێ ئەوت (خواجا)ش بەمەعنای گەورەو زاناو خانەدان ئەهات و هەندێك كەس (كەریمە ئەفەندی)شیان پێ ئەوت.

لەبەر خۆشەویستی ئەلیاسەکەیان کردوە بە عەلەکە وە لە ئەنجامیشدا ئەم ناوەیان با بلّێین ئەم نازناوە بوە بە لەقەبی خێزانەکەیان.

خێزانی عەلەکە بنەماڵەیەکی گاوری کیلدانی کۆنی ناوداری شارەکەمانن و پشتاو پشت لە گەلّماندا لە خۆشیو ناخۆشیدا هاتونەتە خوارەوەو هەرگیز خۆیان جیا نەکردۆتەوە[1] بۆ نمونە کە سلێمانی لە کاتی شۆرشەکانی (شێخ مەحمودی) نەمردا بۆمب بۆردومان ئەکرێت لە گەرەکی گۆیژەدا تەنیا مالّێك کە بارناکەن مالّی کەریمی عەلەکەو حاجی برایم اغا ئەبێت کە ئینگلیزەکان دوای ئەوە سلێمانی داگیر ئەکەن لێ پرسراوی هێزەکانیان لە رەحمەتی کەریمی عەلەکە ئەپرسێ کە بۆ ئەویش وەك خەلّکەکەی تر سلێمانی بەجێ نەهێشتوە لە وەلاّمدا ئەلّێت: (پشتاو پشتی من لەم شارەدا براوەتەوەو خۆشم هەرئەبێ لێرەدا بمرم ئیتر بۆکوێ ی بەجێ بهێلّم)بەلّێ کەریمی عەلەکەی خوا لێخۆشبو وەك هەمو مرۆڤێکی نیشتمان پەروەرو چارەنوسی خۆی بەستبوەوە بە خاكو میللەتەکەیەوە وە بەرێکەوت ئەو

---

ئەم زانیاریانەو زۆری تریش کەلەم باسەدایە لەسەر داوای ئێمە مامۆستای مێژو نوس ئەحمەد خواجا بەنامەیەکی تایبەتی بۆی ناردوین مایەی سوپاسمانە.

[1] هێندێك کەس وە لەوانە مامۆستا ئەحمەد خواجا ئەلّێن کەلە دروستبونی سلێمانیەوە ئەم خێزانە هەن من وای بۆ چوم کە لەگەلّ (ئیبراهیم پاشای بابان)دا هاتون لەگەلّ دروستکردنی سلێمانی دا، بەلاّم هەرچی مامۆستا(کەریم زەند) هەیە ئەلّێت لە دێ ی (هەرموتە)ی نزیك کۆیسنجاقەوە هاتون. کەلەم دو بۆ چونەم کۆلّیەوە بۆم دەرکەوت کە مامۆستا کەریم زەند باشی بۆ چوە.

نیشتمان پەروەرەی دڵسۆزیەشی بەتاقی کردنەوەیەکی سەختدا براوە لە ئەنجامیشدا سەربەرزو مەردانە تیا دەرچو ئەو تاقی کردنەوەیەش شۆرشەکانی شێخ مەحمود بو.

باشە بابزانین هەڵوێستی بازرگانێکی قورسی وەك کەریمی عەلەکە کە ئاڵو وێڵی کوردستانی ئەم دیو ئەودیویشی گرتبوەوە چی بوە بەرامبەر بەو شۆرشانە؟ ئایا دەستی بەکڵاو سامانەکەیدا گرتبو یان هەوڵی ئەوەی دابو لە بازارە رەشەکەیدا ئەمەندەی تر دەستکەوتی زیاد کات، یان تواناو سامانەکەی خستبوە ژێر دەستی شۆرشەوە بۆ ئەوەی سەرکەوێت. کام لەم رێگایانەی گرتبو؟ ئەم روداوە بچکۆلەیە وەڵامی ئەو پرسیارانە ئەداتەوە کە ئەمەیە:

مەلیك (شێخ) مەحمود گەرایەوەو ئینگلیزەکان سلێمانیان بەجێ هێشت کەریمی عەلەکەشیان لەگەڵ خۆیاندا برد بۆ کەرکوك.

جا تکایە وا تێ نەگەن خوا نەخواستە یارمەتی ئینگلیزەکانی داوەو لە ترسی ئەوە بوە نەوەك شێخ تۆڵەی لێ بستێنێت نەخێر بەڵکو لەبەر ئەوە بو چونکە یەکێك بوە لەوانەی کە بەراوێژ بوبێت یان بەیارمەتی پارە دەستێکی باڵای بوە لە شۆرشەکانیدا وە ئینگلیزەکان بۆ ئەوەی (احتمال)ی هەڵسانەوەی شێخ مەحمود کەم بکەنەوە چاك وابوە ئەو جۆرە پیاوانەی لێ دورخەنەوە [1] وە سەیر ئەوەیە بە گەراندنەوەی شێخ مەحمود لە هندستان لە گفتو گۆیەکدا کە ناوبراو ئەیکات لەگەڵ شێخ دا ئەو پرسیارە ئەبێت کە ئایا شۆرش دەست پێ ئەکاتەوە کە شێخ ئەفەرموێ بەڵێ بە شێخ ئەڵێ کەوابو دڵنیابە کەهەم داراییەکی من لە ژێر

---

[1] نامەکەی مامۆستا ئەحمەد خواجا.

فەرمانتایە[1] کەوابو وا دیارە (ساحیب[2]) بە هەڵەدا نەچوبو کە کەریم افندی لە شێخ دور خستبوەوە!

کەریمی عەلەکە لە شۆرشەکانی شێخ مەحموددا هەرگیز نە دەستی لە شۆرش وەنە لەسەرکردەکەی بەرنەدابو هەمیشە یارمەتیو ئازوقەی بەرێوە بوەبۆ ئەشکەوتی جاسەنە (بارەگای فەرماندەی شۆرش) وە وەك مامۆستا ئەحمەد خواجە ئەفەرموێ زۆربەی سامانەکەی لەو رێ یەدا لە دەست دا. ئیتر ئەوەچی دەستگیرۆیی شێخو خێزانی کردوە لە نەهامەتیدا ئەمە جێ ی باس نیە تەنانەت جارێکی کە ئینگلیزەکان ماڵی شێخ هەراج ئەکەن وە وا دیار ئەبێت کڕیاری تەواویان نابێت کەریمی عەلەکە ئەوە بەهەل ئەزانێت وە بە ئینگلیزەکان ئەڵێت کەمن ئەیکڕمەوە بە مەرجێك کەس هیچی لێ نەبات ئەوانیش رازی ئەبن! ئیتر لام وابێت پێویست بە وتنی ئەوە ناکات کە بڵێین کاتێك شێخ ئەگەرێتەوە هەمو شتومەکەکانیان بێ کەمو زیاد بۆ ئەگێرێتەوە و هەر بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵ ئەدات کەسی تر ئەو کەلو پەلە نەکڕێتەوە تاوەکو لەدەست نەچن! وە لەبەر ئەوەی هەرچ کاتێك شێخ ناردبێتی یۆ لای کەریم ئەفەندی بۆ پارە دەستی نەناوە بەرویەوە، یەکێك لە پیاوەکانی شێخ کە ئەو راستی یە ئەزانێ یەنێت جارێکی بە درۆ بەناوی ئەوەوە پارە لە کەریم ئەفندی وەرئەگرێ وە کە ئەوە ئەگاتەوە بە شێخ یەنێت پیاوەکەی بەند ئەکات بەڵام کەکەریم ئەفەندی ئەوە ئەزانێت وە بۆ

---

[1] هەمان سەرچاوە.

[2] ساحیب واتا خاوەن و گەورە ئەم نازناوە هندی یەکان ناویانە لە ئینگلیز کە هندستان موستەعمەرەیان بووە.

ئەوەی شێخ سزای ئەو پیاوە نەدات پێ ی ئەڵێت کە هەرگیز پارەی لێ وەرنەگرتوەو خەڵکی بوختانی پێ ئەکەن! ئیتر شێخیش ناچار بەری ئەدات!

بەڵێ وادیارە هیچ شتێك نەبوە تەنانەت تاوانیش– کە سنور دابنێ بۆ پیاوچاکیو بەزەییو پیاوەتی کەریمی عەلەکە! هەروەها جیاوازی ئاینیش دیسانەوە ئەویش دەستەوستان بوە لەوەدا کە تا ئێستاش – کەجێ ی داخە لە زۆر شوێندا رێگەی هاری کاریو بەزەیی لە نێوان خەڵکیدا بچڕاندوە بەڵام ئەوەی بەبیری کەریمی عەلەکەدا نەهاتبێ ئەو جیاوازیە بوە بەڵگەشمان بۆ ئەوە گرانیەکەیە. وەکو وتمان کەریمی عەلەکە گاور بو بەڵام ئەوانەی کە ئەو هەوڵی ئەدا لە چنگی مردن رزگاریان بکات وە ئەگەر بشمردنایە ئەیناشتن ئیسلام بون نەك هەر ئەوە بەڵکو هێنابوی خواردنی چاکی لە خۆی حەرام کردبو لە کاتێکدا کە ئەیتوانی وەك شازادە راببوێرێ بۆچی؟ لەبەر ئەوەی خەڵکی ئەوەیان دەست نەئەکەوت بیخۆن، برسیی بون، ئەمردن لە نەبونیدا ئیتر چۆن ئەو خواردنی باشی بەدەمدا بچێ! بۆیە خەڵکەکە ئەیان وت: پشت بەخوا هاورێ ی کەریمی عەلەکە ئەبین بۆ بەهەشت. یان ئەیانوت خوایە لەگەڵ کەریمی عەلەکە دا حەشرمان بکەیت!

نمونەیەکی تریش، کارێزی حاجی عەباس بەموڵکایەتی هی ئەوبوە بەڵام بەخشیویەتی بەو مزگەوتانەی کە ئەکەونە سەری وەکو مزگەوتی حاجی شێخ ئەمینو تەکیە ڕوتەو هەمزە ئاغاو شێخ محمد بەرزنجی! جا ئایا ئەمە پیرۆزترین رێچکە نەبوە کە ئەو پیاوە بۆ نەوەکانی دوای خۆی کێشاوە لە ژیانی تەباییو هاریکاری نێوان خەڵکەکەدا با لە ئاینو بیروباوەڕو رەگەزیش دا جیاواز بن؟ شێخ مەحمودیش کەلەبنەماڵەیەکی ئایینی بوە لەو کاتەدا کە ئایین زۆر دەستی بوە

لەگەڵ ئەوانەشدا هێناویەتی کەریمی عەلەکەی کردوە بە وەزیری مالیە لەم سەردەمەشدا شارەوانیش شەقامی بە ناوەوە ناوبنێ و زیاتر لە یەکێکیش لە ژیانی بکۆڵێتەوە وە تا ئێستاش رابوردو بۆمان ناگێرێتەوە کە بەیەکدادانێك روی دابێت لەناو ئێمەی موسڵمانداو ئەو کەمایەتیە ئاینیانەدا. ئایا ئەمە مایەی شانازی نیە بۆ شارەکەمان لەکاتێکدا لە زۆر شوێنی تردا بۆتە هۆی ڕقو کینەو دوژمنایەتی تەنانەت لەو شوێنانەدا کە بەپێشکەوتو ئەژمێررێن، بۆ نمونە لە ئێرلەندا کاتێك کە ئەم نوسینە ئەنوسین کوشتنو برین بەردەوامە لەوێ لەبەینی پرونستانت و کاتۆلیکیەکاندا کەهەردوکیان گاوریشن نەك دوئاینی جیاواز وەك لای ئێمە.

ئەمانە ئەگەر بگەڕێتەوە بۆ شتێك بەلای منەوە ئەگەڕێتەوە بۆ رەوشت و رەفتاری ئەو پێشینانە چاکانەمان.

تا ئێستا زۆرتر دەربارەی هەڵوێستی کەریمی عەلەکە دواین کە بویەتی بەرامبەر بەو روداوە چارەنوسیانەی کەبەسەر کۆمەڵەکەماندا هاتوە لە برسێتی بوبێت یان شۆڕش جا با ئێستاش بێینە سەر هێندێکی تر لە زانین دەربارەی ژیانی تایبەتیو رەفتاری خۆی.

کەریمی عەلەکە یەکێك بوە لەهەرە بازرگان (تاجر)ە قورسەکانی سەردەمی خۆیو (محل)ەکەی لەخانە سوتاودا بوە. ئەوەی کەئەو پیاوەی لە هاوشانەکانی جیاکردۆتەوە دڵ نەرمیو پیاوەتی بوە ئەڵێن بەپێ ی توانا بەدەنگ هەمو کەسێکەوە چوە کە هانای بۆ بردبێت وەك باوکێکی میهرەبان بوە نەك هەر بۆ منداڵەکانی خۆی بەڵکو بۆ هەمو کەسو کارەکانیشی[1] هەتا بڵێیت پیاوێکی ئاغرو

---

[1] ئەوانەی لەو پیاوە موبارەکە کەوتونەتەوە بەپێ ی قەسامی ژمارە ٤٨/٤١بە بەرواری ١٩٤٨/٥/١٢ دادگای (مەوادی شەخصی–بغداد) بریتی بون لە دو کوڕ بەناوی شەکوری و

تیَ گەیشتو بوە لەگەڵ هەمو کەسێکدا روخۆش بوەو بەهەرچی بگەیشتایە با ناسیاوێکی کەمیشی لەگەڵدا ببوایە چۆنیو چاکی لەگەڵدا ئەکرد.زۆر حەزی بە دۆستایەتی کردوەو یەکێك بوە لە پیاوماقوڵانی دیوەخانی پیاوە ناودارەکانی بابانو شێخانی ئەوکاتەو خۆیشی خاوەن لاودیوەخان بوە لە کردارو قسەدا زۆر لەسەر خۆو هێمن بوە کەم دوبوە لە جلو بەرگیشدا (طربوش) ی سوری لەسەر کردوەو عەبای شاڵ سورمەی داوە بەشانیدا ریشو سمێڵی هێشتۆتەوەو بەشێوەیەکی گشتی پیاوێکی قۆزو خوێن شیرینو نورانی بوە لە زماندا کوردیو کلدانیو فارسیو عەرەبیو تورکی بەچاکی زانیوە لەساڵی (١٨٤٥)دا لە شاری سلێمانیدا هاتۆتە دنیاوە[١] وە لە بەغدا لە رۆژی:١٩٤٨/١/٢٥دا گیانی پاکی بە یەزدان سپاردو هەر لەوێش لە گۆڕستانی کاسۆلیکەکاندا نێژراوە دوای ئەوەی نمونەیەکی لە پیاوەتی و خێرخواییو نیشتمان پەروەری نەمری نیشانی ئەوانەی سەردەمی خۆیو نەوەی داهاتوی دا.

ئێمەو میللەتانی تر بۆ رێزو شکۆ ئەدەین بە پیاوە دڵسۆزو خزمەتگوزارەکانمان؟ من وابزانم تەنیا هەست کردنمان بە چاکیو هەڵکەوتنیان نیەو پاداشت دانەوەیان چونکە ئەوان مردونو پیَ نازانن ئەگەر خاسیان پیَ بێژین

---

نەصوری وە سیَ کچ کە ناویان بەهیەو زەکییەو مەلەك بوە لەگەڵ ژنەکەی کە ناوی فەریدە شەماس بوە.

[١] مێژوی لە دایکبونی، لە نوسینێکی مامۆستا (عوسمان شارباژێڕی)یەوە وەرگرتوە وە ئەگەر ئەم مێژوە راست بێت ئەبیَ رەحمەتی (١٠٣)ساڵ عومری کردبیَ.

یان خراپ لەبەر ئەوە من زورتر بۆ ئەوە ئەچم کە مەبەست لەو رێزە ئەوەیە کە لە زیندوەکانی بگەیەنین کە ئەگەر ئەوانیش شوێن پیێ ی ئەوان هەڵگرن ئەوا ئەبنە جیێ ی شانازی بۆ نەوەکانیان.

بەڵام ئایا ئێمە تا ئێستا چیمان بۆ ئەم پیاوە هەڵکەوتوەمان کردوە؟ تا جیای بکەینەوە لەو نا پیاوانەی کە لەسەردەمی ئەوداو دوای ئەو هەتا هەتاش هەر ئەبن. ئەوەی تا ئێستا بۆمان کردوە بریتی یە لە شەقامەکەی شارەوانی بەناویەوە ناونراوەو ئەم باسەو چەند باسێکی تریش کەلەسەری نوسراوەئیتر ئاوبێنەو دەست بشۆ. زۆرشتی تر هەیە کە لەتواناماندایە بۆی بکەین نەمان کردوە. لەوانە بەر لە هەمو شتێك پێویستە وەك پیاوە مەزنەکانی تر مان دیسان ئەبێت هەوڵ بدرێت کە پەیکەرێکی بۆ بکرێت بۆ ئەوەی ئەو پەیکەرە هەتا هەتایە شاهیدی هەڵوێستی ئێمە بێت بەرامبەر بە ناجیاوازی ئاینو هاری کاری لەبەینی مرۆڤدا. وە هەروەها لە ناونانی تیپو وەرزشی قوتابخانەو کۆگاو هەمو شتێکی تردا کەناوی لیێ بنرێت نابیێ ناوی ئەو پیاوەفەرامۆش بکرێت. شتێکی تریش کە زۆر گرنگە ئەوەیە کە ئەبێت تەرمی ئەو پیاوە بهێنرێتەوە شارەکەی و بە پێشوازی یەکی جەماوەری یەوە لە شوێنێکی دیاردا بنێژرێت ئەمانەو زۆرشتی تریش کە رێزو شانازیمان بەو پیاوەوە بگەیەنێت ئەبێت بکرین. ئەوا من وتم ئیتر ئۆباڵ بە ئەستۆی ئەوانە ئەبێت کە لەسەر شانیانە بیکەنو پیێ ی هەڵناسن[1].

---

[1] بۆ ئەم باسە سودێکی زۆر لە نوسینەکەی مامۆستا غەریب زێوەر وەریگێڕاوە کەلە گۆڤاری سلێمانی ژمارە ١٩ شباط ١٩٦٩دا، بڵاوی کردۆتەوە.

**ئەم پاشکۆیەم ئێستا(٢٠١٥/٣/٢٣) خستەسەر ئەم باسە:**

بە پێویستم زانی کە نەختێکتان بۆ بدوێم دەربارەی گرانیەکەی باشوری کوردستان بە تایبەت هی ناوچەی سلێمانی کە لەم باسەدا ناوی هاتووە.

ئەم گرانی یە لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا کەوتۆتەوە (١٩١٤–١٩١٨) ئەوکاتە ئێمە پارچەیەك بوین لە موستەعمەراتەکانی دەوڵەتی عوسمانی و پیێ یان وتوین (ویلایەتی موصل) چونکە والی لە موصل دائەنیشت. ئەم ویلایەتەش بریتی بو جگەلە پارێزگای موصل کە (دهۆك)یش هەر بەشێ بو لەو لەگەڵ هەولێر و سلێمانی و کەرکوك شۆڕئەبوەوە(واتا ویلایەتی موصل) تا ئەگەیشتە زنجیرەشاخەکانی (حەمرین) ئیتر لەوێوە ویلایەتی بەغداد دەستی پێئەکرد.

لەساڵی ١٩٠٨ دا خەلیفەی ئیسلامیان لە (ئەستەنبوڵ) لابرد کۆمەڵێك ئەفسەری خوێن گەرمو سەرکێش هاتنە سەرکار ولەسەرو هەموویانەوە سێ ئەفسەربون بەناوی (تەلعەت و ئەنوەر و جەمال) ئەمانە لە ئەڵمانیا لە کۆلێجی سوپایی دەرچوبون زۆر بروایان بە هێزوتوانای سوپای ئەڵمان هەبو کە لە ساڵی (١٩١٤) دا جەنگ قەوما ئەمان چونە پاڵ ئەڵمانیا بەهیوای ئەوەی کە ئەوەندەی تر دەوڵەتی عوسمانی پەلوپۆ فرێبدا. دەوڵەتی عوسمانی زۆر دواکەوتوبو لە ڕوی تەکنەلۆجیای شەڕەوەواتا لە ڕوی چەك و

تەقەمەنی یەوە، هەروەها لەباری ئابوریشەوە نەکارگەی هەبو، نە کشتوکاڵێکی ڕێکوپێکی هەبو دانیشتوانی موستەعمەراتەکان تەنانەت تورکەکەشی خۆی فەقیر و دواکەوتوبون نەخوێندەواری و نەخۆشی هەمولایەکی ئیمپراتۆرەکەی گرتبوەوە ئا بەم حاڵە شڕەوە دەوڵەتی عوسمانی چووە شەڕەوە ئیتر ئەوەندەی کە وەزعی خراپ بو ولەئەنجامیشدا دۆڕا و هەڵوەشا...

لەساڵەکانی ١٩٧٠ دا پێشانگایەکی کشتوکاڵمان کردەوە من ئەوکاتە لە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵ بەڕێوەبەربوم. لەوانەی کە سەردانیان کردین پسپۆڕێکی خواردەمەنی میسری بو. لەمنی پرسی وتی اوستاز تەها سلێمانی و کوردستان بە گشتی لەسەر نەخشەی ئەو شوێنانە نین کە برسێتیان تیا ڕوئەدات چونکە زەوی کشتوکاڵتان زۆرە، باران تیادا زۆر ئەبارێ کەچی نازانم خەڵکی باسی گرانی ئەکا و مردنی هەزاران کەس من لەمە سەردەرناکەم..

لەوەڵامدا وتم: تۆ زۆر باشی بۆ چویت برسێتیەکەی سلێمانی لەکەم بارانی و نەبونی دانەوێڵەوە نەبو بەڵکو بەهۆی جەنگی جیهانی یەکەمەوە بو.

_ چۆن؟

ئێمەی دانیشتوانی سلێمانی وە وابزانم بە گشتی میلەتی کورد لە هەمو پارچەکانیدا لەو سەردەمەدا ئازوقەمان ئەخست و کە دانەوێڵە ئەهاتە بەرهەم لە هاویندا چەندمان پێویست بوایە تا ساڵێك ئەم وەختە لەگەنم و جۆ و نیسك و نۆك و برنج و ساوەر و قەرەخەرمان و ڕۆن و گوێز و مێوژ و هەرچی خواردەمەنیەکی تری پێویست لێمان ئەخوارد تا ساڵێکی تر دانەوێڵە ئەهاتەوە بەرهەم..

کە حکومەتی عوسمانی لەبرسامردو کەوتە شەڕەوەپارەی نەبو ئەم پێویستیانە بکڕێتلەبازاڕدا ئەهاتن چیان ئەکردبۆ ئەوەی سەربازەکانیان تێر بکەن ەناوی خەرجی جەنگەوە دەستیان بەسەر ئەو ئازوقانەدا ئەگرت کە خەڵکەکە پێ ی ئەژیا کە ئەوەیان کردئیتر ئەوەی کە پارەی نەبو بیکڕێتەوەلەبرسا مرد.

_ سوپاست ئەکەم ئەوانەی لێم ئەپرسین وەکو تۆ شارەزای ئەم کەین و بەینە نەبون.

باوکم لەو سەردەمەدا لە سلێمانی ژیاوە وزۆرجار بۆی ئەگێڕاینەوە کە چۆن خۆی و دایکم براگەورەکەم کە ئەوکاتە شیرەخۆرە بووە لەمردن ڕزگاریان بووە. ئەوکاتە باوکم ئەیگێڕایەوەکە هاتوچۆ بە ئەسپ کراوەبۆ سواری بۆیە لە زۆر ماڵدا تەویلەش هەبووە باوکیشم ئەسپێکی هەبووە. ئەیوت کە جەندرمەکان ئەهاتن بۆ پشکنینی ئازوقەئێمە شتێکی ئەوتۆمان نەبو زیادە کە بیبەن. هەمو ژورەکان ئەگەڕان کە دەرگای تەویلەکەیان ئەکردەوە ئەسپەکەی تیا بو لەبەر بۆنی تەرس خێرا دایانئەخستەوە و ئەڕۆیشتن. لە کاتێکدا کە مایەی ژیانمان لەژێر پیێ ی ئەسپەکە و ئەو تەرسانەدا بو!.

هەر بەیناو بەین ئەسپەکەمان لائەدا و تەرسەکانمان گسك ئەدا و ئەوەی پێویست بوایە لەگەنم و نیسك و نۆك و ماش و برنج.. هتد.. دەرمان ئەهێنا و سەرەکەیمان بە پەین دائەپۆشیەوە ئیتر بەو حاڵە گرانیەکەمان بردە سەر..

شەوێکی بە دایکتانم وت: حرزم لە هێلکەوڕۆنێکە ئیتر هەر ئەوەندەی بۆنی ڕۆنی قرچاوەکە بڵاو بووەوە هەرچی گەڕەکەکە هەیە بەردەرگاکەمانی گرت منیش نەم ئەوێرا دەرگاکە بکەمەوە لە کونێکی دەرگاکەوە پاروی بچوکم ئەکرد ئەم دانێ تا تەواو بو سوێندی خوارد وتی خۆم دەمم لێنەدا.. باوکم هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و وتی: ڕۆژانێکی ڕەش بو خوابکات بەسەر کەس نەیەت..

ئەوانەی لەو برسێتی یە بەجێ مابون زۆر ڕێزی نانیان لابو. پارچە نانیان لەسەر ڕێگە ئەدۆزیەوەهەڵیان ئەگرت و ماچیان ئەکردو ئەیاننایە سەر چاویان و

ئەیانخوارد و ئەیانوت (زاد) ە پیس نابیٚ، ئیٚستەش _ چونکە ئەوڕۆژانەمان نەدیوە بەرماوە بە بەرمیك فڕیٚئەدەین[1] !.

[1] ئەم باسەم لە ڕۆژنامەی ژیندا بە چوار ژمارە (٨١–٨٤) ساڵی ١٩٧٢ دا بڵاوکردۆتەوە.

## بەشی نۆهەم

# دەرمانسازی لە کوردەواریدا

باوباپیرانمان —پرگۆڕیان بێت لە نور— بە دو ڕێگە چارەسەری نەخۆشییان کردوە، یەکەمیان بە دەرمان کە لە گژو گیاوە زۆربەیان بەدەست هێناوە، لەسەر دەستی کەسانێکدا کە کردبویان بە پیشە وەك دکتۆری ئەم سەردەمەو پێیان ئەوتن حەکیموەیان تەبیب وەکو (ڕەسوڵ تەبیب) یان حەکیم برایم کە ئەمەیان جولەکە بو. هێندێکی تریان لە ئەفغانستانەوە ئەهاتن! ڕێگەی دوەم لە ڕێگەی شێخ و مەلاو دوعاو نوشتەو نزرگەی ئەولیاو پیاو چاکەکانی وڵاتی خۆمانو هێندێك جاریش دەوروبەر.

بە بڕوای من ئەم چارەسەری دوهەمە تەنیا کاریگەریەکی دەرونی هەبو وەك ئەمەی کە ئێستا بۆتانی ئەگێڕمەوە.

خزمێکی پیری لادێیم بۆی گێڕامەوەو وتی: مامم مار پێوەی دابو، بە منیان وت —کە ئەوکاتە لاو بوم— هەلسم بە سواری،بەغار خۆم بگەینمە لای (فلان) شێخ کە پشتاوپشتو دمی مارەنگازییان هەبو، بۆ ئەوەی چارەسەرێکی بکات. کە چومە خزمەت شێخ و دەستیم زیارەت کرد بەم بەریەوە دانیشتم. دوای بەخێرهاتن و ماندونەبون کردنم، عەرزی شێخم کرد کە مامم شتێیەکی وای لێ قەوماوە. شێخ فەرمموی: گوێچکەم گرانە، لە قسەکانت حاڵی نابم، وەرە دەم بنێ بە گوێچکەمەوە، منیش چومە بەردەمی و ملم درێژکرد، تا بقیڕێنم بە گوێچکەیدا، بەڵام نەگەیشتمە ئەوەی دەمم بکەمەوە کە شێخ بە هەمو هێزێك کە لە بازویدا بو زللەیەکی سرەواندە پەناگوێم زللەیەکی وا کە ڕەشایی بە بەرچاومدا هێنا!؟!. لە پێشدا وامزانی خوانەخواستە بێ ئەدەبییەکم کردوە بەڵام کە شێخ فەرموی: دە برۆرەوە کوڕم ئینشائەڵڵا ئێستا مامت ئیفاقەی بوە، ئینجا بۆم دەرکەوت کە شێخ

بەو شێوەیە چارەسەری مارەنگاز ئەکات! کە بە کاسی چومەوە بۆلای مامم و کەین و بەینەکەم بۆ گێڕایەوە وتی: ڕۆڵە بڕوات بێت هەرکە لەویٚ شەقازللەکەی لێدایت من لێرە ئازارەکەم نەما! وتم بۆچی مامە تۆ ئەتزانی کە شەقازللەم لیٚ ئەدا وتی: ئەیچۆنم نە ئەزانی.

وتم مامە: شوکر بۆ خوا کە ئازارەکەی تۆ شکا بەڵام من ئێستاش پەنا گوێم ئەچوزێتەوە.

مامم وتی: قەیناکا کوڕم لەهەقی ئەوەدا بڕۆ لەرانەکە گیسکێکی قەڵەو بەرە بۆ خۆت.

بەڵیٚ سەدان ساڵ بەم شێوە نازانیاری یە چارەسەری نەخۆشییانکردوە ئەگینا ئەبیٚ شەقازللەیەك لە دوری چەندەها کیلۆمەترەوە بدریٚ لە پەناگوێی یەکێکی تر نەك ئەوەی مارەکە پێوەی داوە، چ کاریگەرییەکی هەبێت بۆ ئەو ژەهری مارە کە چۆتە لەشیەوە؟!

هەر لە نەبونی پەیوەندی لە نێوان نەخۆشیو چارەسەردا با ئەم نمونەیەش بخەینە رو: نەخۆشی یەکی پێستی هەبو پیٚ یان ئەوت (بالوکە) ئەم بالوکەیە لە تنۆکی ئاو ئەچو لەو جۆرەی کەلە ئەنجامی ئاوی گەرمەوە کە بەدەستدا ئەڕژیٚ واتا (تلۆق) بەڵام بالوکەکە هەموی یەك قەبارە بو بەقەدەر دەنکە نیسکێك یان دودەنك وە هەر وەك تلۆق بەڵام ئاوی لە ژێردا نەبو نەرم بو، سەیرەکەش لەوەدابو هەر لەسەر پشتی دەست ئەهات وە هەر دەستەش هەشتنۆ دەنکی پێوە بو و لەوەش سەیر تر ئەتوانم بڵێم کەهەر بە پشتی دەستی منداڵەوە بو من یەکێك بوم لەو منداڵانەی کە هەمبو. بەڵام کە منداڵ گەورەئەبو بالوکەکان ئەفەوتا.

چۆنیان بالوکە چارەسەر ئەکرد. دەوەنێك هەیە پیێ ی ئەڵێن (تەرو) وەکو ژاڵە لەو چەمو جۆگانەدا ئەڕویێ کە هەر بە بەهاران ئاوی تێدایەو بە هاوین وشك ئەبیێو زۆر بەرگری بیێ ئاوی ئەکەن ئەگینا وشك ئەبون. ئەم بالوکەیەیان چۆن چارەسەر ئەکرد؟ ئەیان هێنا بەناوی منداڵە بالوکاویەکەوە چڵێك لە تەروەکەیان با ئەدا هەتا وایان لێئەکرد کە خواردنی بۆ نەچیێو لە ئەنجامدا وشك ببێتو هەڵئەوەری

. کەتەروەکە هەڵئەوەریێ بالوکەکەش ئەفەوتا ! ! .

ئێستا ئەو بالوکانە بەسەر دەستی منداڵانی ئێستەوە نابینم. ئەبیێ فایرۆس یان میکرۆبێك بوبیێو ماوەیەك ماوەتەوەو ئیتر فەوتاوە. هەبو ئەشفەوتا بیێ ئەوەی تەروی بۆ بابدەن.

دوا نوکتە ئەزانن هۆی ئەم بالوکەیەیان ئەگێڕایەوە بۆچی؟ ئەیانوت ئەوە ئاوت کردوە بە پشیلەدا، باشە؟!.

نوشتەش دەرمانێکی کەبو بۆ جۆرەها نەخۆشی ئەنوسرایەوە یان لە ئایەتی قورئان بو یان دوعاو نزا بون ئەخرانە سەر کاغەزو وەك سیسوچیك ئەپێچرانەوەو ئەگێڕایە پەڕۆ بە تایبەتی پەڕۆی سەوز، بە دەرزییەکی سنجاق ئەدرا لەبەرۆك یان ئەدورایە کڵاو ئەوەبۆ سەریەشەبو ئەگەر بە شوێنی ترەوە بکرانایە ئەوا بۆ نەخۆشی تر بون هەشیان بو ئەبەسترایە قۆڵ دوای ئەوەی لە پارچەیەکی چوار گۆشەی چەرم ئەگیرا، بەوەیان ئەوت بازیبەند.

بۆ لەرزو تا پەتێکیان ئەهێنا و قورئانیان بەسەردا ئەخوێندو هەر بەیناوبەین گرێیەکیان لێئەداو ئیتر ئەیانبەستە مەچەکی نەخۆشەکە ئەمەیان بۆ فەقیێ یەکی خزمم کردبو وتم ئینجا هیچ فەرقت کرد وتی بەڵیێ وتم چۆن؟ وتی لیێ ی بە

شیددەت تر کردم!! بۆ تاعون و ڕشانەوەش دوعاکانیان بەسەر دەنکە گەنمدا ئەخوێندو دوای ئەوە وەك دەنکە تەزبیح ئەیانهۆنییەوەو ئەکرایە مەچەك بۆ ئەوەی پارێزراو بن لەو دونەخۆشی یان ئەچون بۆ مزگەوت و تەکیەو خانەقاکان نوێژو زیکرو تەهلیلەیان ئەکرد بە دەف لێدانەوە بۆ ئەوەی بە هیمەت و بەرەکەتی قورعان و ئەو عیبادەتانە خوا رەحمیان پێ بکات و بیانپارێزێت.

پێشینانمان وای بۆچوبون کە تاعون سوارێکی رەشپۆشە، قامچی لەهەرچ کەسێك دا توشی نەخۆشییەکەی ئەکات! ئەگەر یەکێك زۆر خراپ و نالەبار بوایە پێیان ئەوت: ئەڵێی سواری تاعونە.

شێخ و پیاوانی ئاین و پیرانی تەریقەت کە ئەمردن قەبرەکانیان ئەبو بە قسن و نزرگە بۆ نەخۆش و قوبوڵی موراد و نیاز ئەیانکردن بە تکاکار لە حوزوری خوادا بۆ ئەوەی منداڵیان بێت یا کچان شوبکەن، نەخۆش شیفای بۆ بێت وەکو چۆن ئێستا دکتۆری تایبەتی هەیە بۆ دڵ و روماتیزم و چاو شێتی، ئاواش ئەو نزرگانە هەریەکەیان بۆ نەخۆشییەکی تایبەت ئەچونە سەری بۆنمونە: کانی باوپیری شەوکێل تایبەت بون بە نەخۆشی باداری واتە نەخۆشی جومگەو رۆماتیزم، میلی سور تایبەت بو بۆ شێتی هی تر بۆ لەرزوتا، نەخۆشەکە ئەبولە قسنەکەدا بنوستایە ئیتر کە خەوی لێ ئەکەوت جامێك ئاویان ئەکرد بە قاچیا ئەویش رائەپەڕی گوایە بەوە لەرزوتاکەی لەکۆڵ ئەبوەوە.

لە گردی سەیوان شەخسێك (نزرگە) یەك هەبو پێیان ئەوت: شەخسی کاسەو کەوچك ئەگەر بچویتایەتە سەر قەبرەکەی پڕبو لە کاسەو کەوچكو جامو مەنجەڵ و ئەو بابەتانە ئەمیش هەر ئیختیساسی رۆماتیزم بو چۆن: نەخۆشەکە کاسەیەکی ئەبردەوەو بەو کاسەیە ئاوی ئەکرد بە خۆیدا ئیتر یا چاك ئەبوەوە یان پاك

ئەبوەوە واتە ئەمرد. ئێستاش خۆ کە نەخۆش ئەچێ بۆلای دکتۆر مەرج نییە چاك ببێتەوە ! !

لە پەنجاکاندا لە ناوچەی سەرچنار شەخسێك پەیدا بو گوایە سەحابەیە، کابرایەکی زۆرزان بو بە زێویەوانی و مۆرێکیشی دروست کرد کە گوایە شەو لە خەودا سەحابیەکە داوێتی وەکو مۆر ئەیدا لە پارچەیەك کاغەزو ئەیدا بە پەنجا فلس کە ئەوکاتە پەنجا فلس زۆر بو، باوکم کە شارەزای ناوچەکەبو ئەیوت ئەو شوێنی شەخسە هەمیشە پەچەمەڕ بوە واتە مەڕی تیادا مۆڵ دراوە.

کابرای زیویەوان ئەیوت: ئەمە سەحابی بوە بەڵام لەبەر ئەوەی بەبێ ئیزنی دایکی چوە بۆ غەزا و شەهید بوە بۆیە تا ئێستا حەپس بوەو لەم دواییەدا بەربوە! ئیتر زۆربەی خەڵکی سلێمانی و غەیری سلێمانی سەریان تێکرد، گەراجێك هەبو لە سەروماڵی ئێمەوە ئەوە خاص بو بەو شەخسەوە. دراوسێیەکی ئێمە ئافرەتێکی لەخواترس بو چو بۆ سەر ئەو شەخسە بەر لەوەی بگەنە ئەوێ بەیەکدو کیلۆ مەتر بە سایەقەکەی وتبو دامبەزێنە بۆ ئەوەی خێرم زیاتر بگات بەپێ ئەچم بۆ سەر قسەنەکەی. لە ڕێگا کەوتبوە چاڵێکەوە قاچێکی شکابو بە داربەست هێنابویانەوە. تا چەند مانگێك ئەم فیلمە دەوامی کرد، شەو بە سەدان خێزان لە دەوروپشتی قسنەکە ئەنوستن تا شەوێکی زۆڵێك دەستدرێژی سێکسی کردبوە سەر ئافرەتێك و بەوە پەردە لەسەر شانۆگەرییەکە دادرایەوە.

* * *

چارەسەرکردنی نازانیاریانەی نەخۆش هەر بەمانەوە نەوەستابو، بۆ نمونە: بۆ نەخۆشی زەردویی کە ڤایرۆسێکە توشی جگەر ئەبێ، هەمو چارەسەرێکیان ئەوە

بو كە نەخۆشەكە بچێتە مزگەوتێك كە حەوزەكەی ماسی تیابێت وە ئەیانوت ئەگەر سەیری ماسییەكان بكات ئەوا زەردوییەكە ئەچێت بۆ ماسییەكان! لە هاویناندا ڤایرۆسی سكچونی منداڵ زۆر پەرەی ئەسەند. كە توشی منداڵەكە ئەبو، ئەیانوت بە بۆن كەوتوە، ئەگەر ئەو بۆنەیان بدایە لە شەكرەوەو بیخواردایە ئەوا لەو بڕوایەدابون كە چاك ئەبێتەوە. ئەو كاتە كچان زۆر كەم بۆنیان لەخۆیان ئەدا. كە ئەیانوت بەبۆنی (فلان) كچ كەوتوە لە ترسی مردنی منداڵەكە —كە زۆر جار ئەمردن— ئینكاری ئەكرد كە ئەو بۆنی لە خۆی دابێت و بەبۆنی ئەو نەخۆش كەوتبێ.

نەوعە نەخۆشییەكی تری منداڵانە هەبو ئەیانوت ترساوە، ئەم ترسەشیان چۆن چارەسەر ئەكرد؟ ئەیانهێنا دەمەو ئێوارە منداڵەكەیان لەسەر ڕێگا دائەنیشان و یەكێك جامێ ئاوی بەدەستەوە ئەگرت یەكێكیش حاجەتێكی بەدەستەوە ئەگرت كە پڕ بو لە پشكۆ، جام ئاو بەدەستە كە جامەكەی بەسەر سەری منداڵەكەوە ڕائەگرت و ئەیوت بەوەی جامە پشكۆكەی پێ یە: ئەوە چی ئەكەیت؟ ئەویش ئەیوت ترسی (فلان) ناوی منداڵەكەی ئەوت دەرئەكەم.ئەوسا پشكۆیەكی ئەخستە جامە ئاوەكەوە ئەم مەشهەدەیان سێ جار تیكرار ئەكردەوە، وە لەو بڕوایەدابون كەبەوە نەخۆشییەكەی ئەپەڕێ.

لە خوار ماڵەكەمانەوە ژن و مێردێك هەبون حاجی صالح و عاصمە خان. عاصمە خان وەجاخكوێر بو واتە منداڵی نەدەبو هەرخۆی چو ژنێكی هێنا بۆ حاجی صالح و كچێكی لە ژنە تازەكەی بو. عاصمە خان روی سپی بێت وەك ئەوەی ئەو كچە لە دوایێنی خۆی كەوتبێتە خوارەوە ئەوەندەی خۆش ئەویست كەم ئێوارە هەبو عاصمەخانو دایكی منداڵەكە ئەم سیناریۆیە نەكەن وە ئەبو

هەردو حاجەتەکەشیان لە کۆڵانەکەدا بە سەرەو نخونی بەجێ بهێشتایە لە دواییدا بیان بېردایەتەوە.

بە ڕێکەوت ئێوارەیەکیان دو گەنج بە کۆڵانەکەدا دێنە خوارەوە. ئەو کاتە چونکە بابەتی یاری کەم بو گەنج زۆرجار شەقی لە بەردیش هەڵئەدا بۆیە کە ئەم دو حاجەتەیان دیبو ئەیدەنەبەر شەق، ئیتر تافریا کەوتن هەمویان قوپان. بێگومان ئەمە زیانێکی گەورەبو چونکە سەردەمی جەنگی دوەمی جیهانی بو قاپ و قاچاخ زۆر دەگمەن و گران بو.

ئەوەم لەبیر چو، هەندێك جار لەبری پشکۆ قورقوشمی تواوەیان بەکارئەهێنا کە قورقوشمەکە ئەچوە ناو ئاوەکەوە ئەمە بەقسەی ئەوان شێوەی ئەو گیانلەبەرەی وەرئەگرت کە منداڵەکەی ترساندوە ! !.

نەخۆشییەکی تری منداڵ پێنەگرتن بو، بەم شێوەیە چارەسەر ئەکرا: ئەهاتن هەردو قاچی منداڵەکەیان بە پەت ئەبەستەوە، لە ڕۆژی جومعەدا لەبەر دەمی مزگەوتی گەورەدا باوکی ئەیکردە باوەش‌و چاوەڕوانی هاتنەدەرەوەی نوێژکەرانی جومعەیان ئەکرد، کە (بەگزادە) یەکیان ئەبینی تکایان لێ ئەکرد کە گرێی پەتەکەیان بۆ بکاتەوە و لەوبڕوایەدابون کە ئیتر پێ ئەگرێ. وە لەبەر ئەوەی باوکم (بەگزادە) بو زۆر جار بەوکارە خێرە هەڵئەسا، هەرچەندە بڕواشی پێی نەبو بۆیە هەمو جارێکیش بەوەی ئەوت کە لەگەڵ منداڵەکەدا بو: چاك وایە پیشانی دکتۆرێکیشی بدەن.

مندالێ کە تای بەرز دەبێتەوە، چاوی گەش ئەبێتەوەو لە تروکاندن ئەکەوێت هەروەها لە گریان و ناڵەو هەمو دەنگێك ئەکەوێت و هیچ جۆرە جوڵەیەك لە دەم و چاوو لەشیدا بەدی ناکرێت هەروەکو مردبێت ئەم دیاردەیە پێیان ئەوت (گەشکە).

ئەو کاتە لە لادێ و شاریشدا کەر زۆر بو، بۆ بار گواستنەوە بەکار ئەهێنران چونکە هیچی پێچکەدار ئەو سەردەمە بۆ گواستنەوەی شت و مەك نەهاتبونە ئاراوە.

کە مندالێك گەشکە ئەیگرت ئەیانخستە کۆپانی کەرەوە! هەر لەبەر ئەوە بو کە پێشیان ئەوت (دەردەکۆپان).

کە ئافرەتی دوگیان منداڵەکەی لێنەئەبوەوە ئەچون (بەندە خوێن)ی پیاوێکی داوێنپاکیان بۆ ئەهێنا ئەیانبەستە پشتی زەیستانەکە سا بەڵکو منداڵەکەی لێبێتەوە. بەندەخوێن پارچەیەك خامی درێژ یان چنراو بو لەباتی لاستیکی ئێستا هەڵئەکێشرایەدەر پیی پیاو و قوڵفەگرێ یەکی لێئەدرا ئەوگرێ یە ئەترازێنرا تا ئەوکەسە بتوانێ دەرپێکەی داکەنێ تا ئەوەشی نەکردایە نەیئەتوانی لەگەڵ ئافرەتێکی بێگانەدا جوت ببوایە، جا ئەگەر داوێن پاك بوایە بەوپیاوەیان ئەوت (بەندە خوێنی حەرامی نەکردۆتەوە). هەر لەسەر دواکەوتنی بونی منداڵەکە ئەیانهێنا ئەوجلانەی کەبۆیان کردوە یەك یەك هەڵیان ئەتەکان و رایان ئەخست وەك نیشانی ساواکەی بدەن لەگەڵیدا ئەیانوت: ئەها چەند جلی جوانمان بۆ کردویت دەوەرە دەوەرە، باوکت شوکر دەوڵەمەندە و دایکت زۆر خزمەتت ئەکا دنیا زۆر خۆشە تۆ چی ئەکەیت لەو شوێنە تاریکونۆتەکو تەنگە بەرەدا!

زۆرجاریش تفەنگیان ئەتەقان لە نزیك زەیستانەکەوە، ئەمەیان تاڕادەیەك لەجێ ی خۆیابو چونکە ئەبو بەهۆی راچەنینی زەیستانەکەو گرژبونی و خاوبونەوەی رەحمی کە دور نەبو وای کردبێت کە منداڵەکەی لێبێتەوە. بەڵام ئەمڕۆ پێویستمان بەم کەینوبەینە نی یە چونکە هەر ئەوەندە منداڵبونەکە دواکەوتو ژیانی منداڵەکە یان دایکەکەی کەوتە مەترسییەوە ئەوا یەکسەر عەمەلیاتێکی قەیصەری بۆ ئەکەنو هەردوکیان رزگارئەکەن. دوای منداڵ بونەکەش ئەبوایە دەوری زەیستان و منداڵەکە چۆڵ نەکرایە بەتایبەتی بەشەو و ئەم نەریتەش پێیان ئەوت شەوارە. کەخەڵکی دێ یەکە، لە شاردا دانیشتوانی گەڕەك و خزمی خۆشی شەو تابەیانی بەئامادەبونی زەیستانو ساواکە تا بەیانی رۆژ ئەبوەوە بەگۆرانی و حەکایەتو کڵاو کڵاوێنەوە ئەبرایە سەر چونکە لەو بڕوایەدا بون ئەگەر هۆشیار نەبن (ئاڵ) یان (شەوە) کە دو جنۆکە بون دەست لە دایكو ساواکە ئەوەشێنن!

لە کەمخوێنییدا دایکەکە پێش مردنی رەنگی زەرد ئەبو ئەیان وت ئاڵ گرتی کە منداڵەکەش شین ئەبوەوە بەهۆی ئەولیکانەی کە لە منداڵدانی دایکیدا ئەچوە سییەکانیەوە ئەیانوت ئەوە شەوە گرتی. بۆیە قورعانێکیان لە ژور سەری ساواکەوە دائەنا و چەقۆیەکیش ئەکرا بەبەرۆکی یەوە لە پیرۆزی قورعانەکەو ترسی چەقۆکەئاڵوشەوە لەساواکە دایکی نزیك نەئەبونەوە.

چارەسەری نەخۆشی (شێتی) یش لەلایەن شێخەکانەوە لە ڕێگەیەکی سەیرەوە ئەنجام ئەدرا.وەك وتمان ڕێگەی یەکەم چونە سەر شەخس بو کەسو کاری یان شێتەکە خۆی _ئەگەر فامی هەبوایە_ لە شەخسەکە ئەپاڕانەوە سا بەڵکو چارەسەرێکی بکات بەڵام ئەمەی شێخە زیندوەکە ئەیکرد بەم شێوەیە بو: شێخ ئەیهێنا شێتەکەی

ئەبەستەوەو بە هەڕەشەو لێدان وای لێئەکرد کە ناوی ئەو جنۆکانە بلێت کە شێتیان کردوە ئیتر ئەویش –واتە شێتەکە– بە ڕاست بوایە یان درۆ، وەك لە ئەمن و ئیستیخباراتدا سیاسیەکان لەتاو ئازاری تەعزیب ناوەکانی ئەوت، ئەوسا شێخ ئەو ناوانەی لەسەر پارچە کاغەزێك ئەنوسی و دوای دوعا خوێندن بەسەر کاغەزەکەدا ئاگری تیَ بەرئەدا.

بە قسەی وتوان کە لە شێتەکانیان بیستوە جنۆکەکان زۆر لە شێتەکە ئەپاڕنەوە کە ناویان نەڵێ بەڵام شێتەکە لەتاو ڕۆحی خۆی هەرناوەکانیانی ئەوت ئیتر کە شێخ ئاگری لە کاغەزەکە بەرئەدا هەر بە قەولی وتوان کە لە شێتەکانیان بیستوە جنۆکەکان بە بەرچاوی شێتەکەوە وەکو مۆم ئەسوتان! ! !

کوڕێکی هاوڕێم وتی: پێشمەرگە بوم شەو ڕێم کەوتە یەکێك لەو تەکیانە لە دێیەك، شێخ چوبو بۆ دێیەکی کە منیش شەو داهات لە ژورێکدا نوستم، لەبەر ئەوەی قاچم ڕۆماتیزمەی هەبو زۆر ئەیەشا منیش بەشەو بەر لەنوستن ئەهاتم بە پشتێنەکەم بۆ ئەوەی ئازارەکەی کەم بێتەوە توند توند ئەمبەست.

کاتێك من خەوتبوم تمەز شێتێکیان هێناوە بۆ ئەوەی شێخ بە لێدان چاکی بکاتەوە. کە شێخ هاتە ژورەوە روانی من قاچم بەستراوە وای زانی شێتەکە منم. ئەوەندەم زانی بەدار هاتە وێزەم. دەی ناوی جنۆکەکان بلێ!. هاوارم کرد بۆ خاتری خوا یا شێخ من پێشمەرگەم من شێت نیم. ئای یەژێ پێشمەرگەم –شێخ وتی– تازوە هەمو لەشتم نەشکاندوە ناوەکان بلێ:

باش بو یەکێك لە کوڕەکانی هاتە ژورەوە و بە شێخی وت: بابە ئەمە شێتەکە نییە. شێتەکە لە ژورێکی کەیە! بەڵام دوای ئەوەی من لێدانێکی باشم خوارد!

هەبو دەستبڕ خۆی ئەکرد بە شێخ و پیاو چاك ئەسورایەوەو دوعاو نوشتەی ئەکردو گوایە شێتیش چاك ئەکاتەوە کچێك بۆی گێڕامەوەو وتی: پورێکم– خوشکی باوکم– عازەب، شێت ئەبێ لەوکاتەشدا یەکێك لەو شێخە دەستبڕانەش پەیدا ئەبێ. ئینجا وەنەبێ لەبەرچاوی کەسوکاری چارەسەری بکات ئەبو بیخەنە ژورێکەوەتاریك دەرگاوپەنجەرە دابخرێ و هەر خۆی شێتەکە لە ژورەوە بن! دوای چەند رۆژێك لێدانو هاواری پورەکەم، وەك باوکم ئەیگێڕایەوە، پێ ی وتبون تا هەفتەیەك با بەتەنیا بمێنێتەوەو نە ئاو نەخواردنی مەدەنێ و هەتا ئێوارە هاواریش بکات بەزەیتان پێدا نەیەتەوە دەرگای لێ نەکەنەوە ئیتر دوای هەفتەکە عەلەمی تیادا نامێنێ چاك ئەبێتەوە و خۆشی ئەڕوات ئەوانیش لەسەر قسەکەی ئەو دوای هەفتەکە کە دەرگای لێ ئەکەنەوە سەیر ئەکەن مردوە! شێخەش وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچو، دور نەبوە دەستدرێژی سێکسیشی کردبێتە سەر بۆیە وتوێتی دەرگای لێمەکەنەوە نەوەکە پێ ی بزانن تاخۆشی دور ئەکەوێتەوە.

کچەکە پێ ی وتم: هەرچەندی ئەو روداوە (٥٠–٦٠) ساڵ بەسەردا رۆیشتوە ئێستاش باوکم جاروبار بۆ ئەو خوشکەی ئەگری! ئەگێڕنەوە کە بە شمشاڵ ژەنینیش نەخۆشی شێتیان چارەسەر ئەکرد. بەوەی کە جۆرەها ئاوازو مەقامی بۆ لێئەدا وەتا وەکو بزانێ بە کامیان ئەهەژێ؟ لە هەموان بەناوبانگتر بۆ ئەم چارەسەرە دەروێش عەبدوڵڵا بو ئەوەی کە (گۆران) شیعرە بەناوبانگەکەی پیادا هەڵدابو.

وا ئێستاش بەم ڕوداوە مرۆڤ دۆستانەیە کۆتایی بەم باسە ئەهێنم: سەید بابە عەلی خەڵکی دێی سوسێی سەیدان بو لە ناحیەی سورداش تا بڵێیت پیاوێکی لە خواترس بو. ئەم پیاوە (ودم)ی شێت چاککردنەوەی هەبو بەو ڕێگەیەی کە

لەسەرەوە باسم کرد واتە بە لێدان. وشەی (ودم) یش بە مانای بەهرەو توانایەکە کە خوا ئەیدات بە هەندێ مرۆڤ بۆ چاککردنەوەی هەندێك نەخۆش.

سەید بابا علی نەك هەر موبارەك بو بەڵکو زیرەکیەکی زۆریشی هەبو و جۆرەها سەرگوزەشتەی لێ ئەگێڕنەوە، ئێستا لەبەر کورتی ماوە تەنیا یەکێکتان بۆ ئەگێڕمەوە: ڕۆژێکی سێ چوار لادێی کەرسوارێك ئەکەن بە حەوشی مزگەوتەکەیکدا. سەید بابا عەلی هاواریان لێ ئەکات و ئەڵێ: نەفامینە ئەمە مزگەوتە چۆن کەر ئەهێننە ناوی؟

یەکێك لەوانەی لەگەڵ کەرسوارەکەدایە دەست بۆ کەرسوارەکە رائەکێشێ و ئەڵێ: ئەم بێ عەقڵە ماومە سەید تەلاقی خواردوە، تەلاقەکەشی وا خواردوە ئەگەر لە کەرەکە بێتە خوارەوە تەلاقی کەوتبێ. لە حەوشی مزگەوتەکەدا دارتویەك ئەبێ. سەی بابە عەلی ئەفەرموێ کەرەکە بەرنە تەنیشت ئەو دار توەوە کە ئەوە ئەکەن. بە کەرسوارەکە ئەڵێ: دە بەو دارتوەدا هەڵزنێ کە وا ئەکات ئەڵێ: کەرەکە لە دارەکە دور خەنەوە، کە دوری ئەخەنەوە ئینجا بە کابرا ئەڵێ: وەرە خوارەوە. کە دێتە خوارەوە شێخ ئەڵێ: تۆ ئێستا لەچی هاتیتە خوارەوە کابرا ئەڵێ: لەدارتو. خۆ لە کەرەکە نەبو ئەڵێ نەخێر شێخ ئەفەرموێ: ئیتر جارێکی تر عاقڵ بە تەلاق مەخۆ.

با ئێستاش بێینەسەر کارە مرۆڤ دۆستانەکەی ئەم پیاوی خوایە، دوای ئەم چەند دێرە پێشەکی یە دەربارەی سەرجەم پیاوانی ئاین:

پیاوانی ئاین لە کوردەواری خۆماندا ڕۆڵێکی کاریگەریان بوە لە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتیدا بە تایبەتی لە ڕابردودا هەمیشە هانی خەڵکیان داوە بۆ کاری چاکەو دورکەوتنەوە لە خراپەکاری و هەمیشەش دوربون لە دەمارگیری و توندڕەوی

ئاینی، خەڵکەکە بەگوێیان کردبن ئەوا باشەو نەشیان کردبێ ئەوا مەڕ بەپێی خۆی و بزن بەپێی خۆی هەڵدەواسرێو هەرگیزاو هەرگیزیش کەسیان کافر نەکردوە یان بە زۆر دینداریان پسەپێنن بەسەردا یان هانی گروپێکی ئیماندار بدەن کە دەستدرێژی بکەنە سەر غەیرە دینێك یان نوێژنەکەرێك مەلا بەفەقێیەتی بە نانە ڕەق خوێندنی تەواوکردوە کە بوشە بە مەلا فەقیرترینی دێیەکە بوەو زۆربەشیان سەرەرای مەلایەتی یەکە زەرعاتیشیان کردوە بە فیزو خۆ بەزلزان نەبون هەرگیز هانی کوشتنی ئافرەتیان نەداوەو بەتەواوی دارکاری و سەنگبارانی ئافرەتی رێلێتێکچویان خستبوە پشت گوێ ئەوەش کەس و کاری بیکوشتایە وەك هەمو موسوڵمانێك نوێژیان لەسەر ئەکرد تەلقینیان ئەخوێند بۆی ئەپاڕانەوە کە خودا لە گوناهەکانی خۆش بێت، بۆیە توێژێکی خۆشەویست و ڕێزدار بون لە کۆمەڵەگادا.بەڵام دوای ئەوەی کە ئایین تێکەڵ بە سیاسەت کراو کلاشنکوف لە شانکرا ترس چوە جێ ی ئەو خۆشەویستی یە.

با بێینەوە سەر سەید بابا عەلی ئەم لەخواترسە بە تاقیکردنەوەیەکی زۆر سەختدا تێئەپەڕی، کە بڕیار تێیدا کارێکی هەروا ئاسان نەبو، چونکە وەك لەخواترسێك ئەبو سزای تاوەنکارێك بدات بەڵام ئەم نەك هەر سزای نەدا بەڵکو بەیارمەتی ئەم دەربازبو! چونکە وەکو لە دواییدا وتبوی بەلای ئەمەوە خودا ڕەحمی پێ خۆشترە وەك لە سزا باوەڕدار ئاوا لە ڕۆحی ئیسلام تێگەیشتوە، با ئێستاش ڕوداوەکەتان بۆ بگێڕمەوە وەك دەماو دەم بە من گەیشتوە بزانم ئێوە ئەڵێن چی؟.

لە چێشتەنگاوی ڕۆژێکدا کۆمەڵێك لە دێیەکەوە دێن بۆلای بۆ مزگەوت کە دائەنیشن لە خزمەتیدا پیاوێکی بەساڵاچویان ئەڵێت: مامە سەید بەقوربانی جەدت

بم ئێمە لێمان قەوماوە ئەبێ فریامان کەویت: سەید بابا عەلی ئەفەرموێ چیتان لێ قەوماوە؟

پیرەمێردەکە دەست بۆ کچێکی گەنج کە لە ناویاندا ئەبێ رائەکێشێ و ئەڵێ: ئەم ئافرەتە بوکمە ئەمەش باوك و براکانێتی خوا بە نسیبی کردوە هێناومە بۆ ئەم کوڕەم — ئیشارەتی بۆ ئەکات. لە شەوی پەردەدا شێت بو بەدارو بەردەوە ناوەستێ ئەوا بە دەست و پێ بەستراوی هێناومانەتە خزمەتت خودا بیکات بە هیمەت و بەرەکەتی تۆ بۆمان چاك بکەیتەوە.

سەید بابا عەلی بە یەکێك لە بەردەستەکانی ئەڵێت: بڕۆن بیبەنە ژوری لێدانەوە. کە بەردەستەکە دێتە دەرەوە ئەوسا بەڕێزی ئەچێتە ژورەوە بۆلای بوکەکە داوای لێئەکات بەخۆشی کەناوی ئەو جنۆکانەی پێ بڵێ کە چونەتە گیانیەوە؟

بوکەکە لەباتی ناو بڵێ دەداتە پرمەی گریان، دوای ئەوەی ماوەیەك بەکوڵ ئەگری ئینجا ئەتوانێ قسە بکات و بە هەنسکەوە ئەڵێ:

—مامە سەید من شێت نیم!

—هەمو شێتێك خۆی بە ئاقڵ ئەزانێ.

—من هەر بەڕاستی شێت نیم!

—ئەیبۆ خۆت کردوە بە شێت؟

— من کچێنیم لەدەست دابو بەر لە شوکردنم!، ئەگەر مێردەکەم بهاتایەتەلام فەرقی پێ ئەکردم، ئەگەر ئەو نەیکوشتمایە ئەوا کەس و کارەکەم هەر ئەیانکوشتم. منیش بیرم کردەوە وتم: ئەگەر خۆم بکەم بە شێت ئەوا بێگومان ئەمبەن بۆلای مامە سەید بابا

ئەویش بەرەحم و لەخواترسە هەرچۆنێك بێت چارەسەرێکم ئەکات!! و کچە دایەوە پڕمەی گریانو خۆیدا بەسەر قاچیدا.

سەید بابا علی، وەك بۆ باوکمی گێڕابۆوە وتبوی: کە ئەوەم لە کچەکە بیست تاس بردمیەوە و لە خۆمم پرسی: خوایە گیان من کەوتومەتە چ دوڕێیانێکی سەختەوە؟ ئەگەر فەرمانی تۆ بەجێ دێنم ئەبێ بەبەرچاو خەڵکیەوە صەد داری لێبدەم بڵێن ئەوا بەوە پاکبوەوە. باشە ئەی کەس و کارەکەی لێی خۆش ئەبن؟ یان جارێکی تر ئەتوانی وەك کچێکی ئاسایی لەناو خێزانەکەیدا لەناو دێیەکەیدا هەڵسوکەوت بکات یان ئەبێ ڕابکات باشە ئەوا ڕای کرد؟ ئەچێ بۆ کوێ؟ ئەچێ بۆ شار؟ ئەی لەوێ چی لێ دێ؟ دڵنیام توشی هەزار خراپەکاری تر ئەبێت.

سەید بابا عەلیوتبوی: ئەم جارەیان من دەستم کرد بە گریان و سەرم بەرزکردەوە بۆ ئاسمانو وتم: خوایە خۆت عالمی بەوسەرەوە لەوەتی فامم کردوەتەوە لە قسەت دەرنەچوم بیکە بەخاتری گەورەیی و روحمی خۆت بۆ جارێك تەنیا بۆ یەکجار و هیچی تر بیەڵە لە قسەت دەرچم بۆ خاتری ئەم زەعیفەیە کە هاواری بۆ هێناوم کە لە هەمان کاتیشە هانایە بۆ تۆش چونکە ئەگەر من لە تاعەتی تۆدا هەمو عومرم سەرف نەکردایە ئەم کچە منی بە بیردا نەدەهات.

دوای ئەو پاڕانەوەیە وتبوی فێنکییەك هات بە دڵمدا و ئارام بومەوە چارەسەرێکیشم بەدڵدا هات کەدوای نەختێك بۆتانی ئەگێڕمەوە هەستم کرد دوعاکانم قبوڵ بوە. هەر کردگاریش بو ئەو چارەسەرەی خستە دڵمەوە ئەگینا من هەرگیز پێش ئەوە ئەو چارەسەرەم بە دڵدا نە ئەهات.هەڵسام چومەوە بۆلای کەسوکاری بوکەکە. وتیان مام سەید زۆر خەمبار دێیتە بەرچاومان قسە بکە رۆحمان دەرچو. وتم: ئێستا خەفەتەکەمتان بۆ باس ئەکەم باش گوێم لێ بگرن:

ئەم جنۆکە نەعلەتیانە واچونەتە لەشی ئەم زەعیفە نەگبەتەوە بەسەلامەتی بۆم نایەتە دەرەوە. وتیان یەعنی چی بەسەلامەتی

– یەعنی لەچاویەوە دەری ئەهێنم، کوێر ئەبێ. لە گوێچکەیەوە کەڕ ئەبێ لە دەمیەوە لاڵ ئەبێ. نازانم چی بکەم.؟!

– ئەی قوربان شوێنی کەی نی یە؟

– بەڵێ هەیەتی بەپەرۆشەوەئەڵێن

– کوێ؟

– داوێنی لەشەرعە شەرمی نی یە

– ئەی بۆ دەری ناهێنی؟

– ئاخر کچێنی نامێنێ! دوای ئەوەی مقۆمقۆ یەکیان کرد پیرەکەیان وتی

– قوربان خۆ ئیستاش کچێنی نەمێنێ دوای چەند رۆژێك هەر نامێنێ ئیتر بۆ ئەم هەناسە ساردە نوقسان ببێت.

– ئێستا خۆ هەمو رازین؟ هەمو وتیان بەڵێ

سەید بابا عەلی لەسەری رۆیشتو فەرموی. ئیتر منیش گەڕامەوە بۆلای کچەو هەمو شتێکم تێ گەیاند کەبەچ فێڵێك چارەسەری کێشەکەیم کردوە و پێم وت: بڵێ هەروەك چۆن ئافرەتی دوگیان منداڵی ئەبێ ئاواش هەستم کرد جنۆکەکە لە داوێنم هاتە دەرەوە! ئەبێ پەیمانیشم بدەیتێ کە لەمەولا بەلای کاری خراپەدا نەچیت، نوێژ بکەیتو رۆژوبگریتو هەمیشە داوێن پاکو رەوشت پاك بی.

– بەڵێن بێ مامە سەید، بەڵێن بێ.

لەوانەیە یان دڵنیام کە زۆربەتان گاڵتەتان بەساویلکەیی باوباپیرانمان دێت وە لە دڵی خۆتاندا ئەڵێن: چۆن مرۆڤ ئەبێ ئەوەندە ساویلکە بێ کە باوەڕ بەم شتە

نابەجیّ یانە بکات؟! وەك دوعاو نوشتەو سەر شەخصو ئەم جۆرە چارەسەرە خەرەفیانە بۆ نەخۆشی؟

ئەمە باناوی بنێن پەندو باو ئەمە هی ئەمڕۆ یان ساڵەکانی چل نین کەمن تیایدا فامم کردۆتەوە بەڵکو ئەگەڕێتەوە بۆ سەدان ساڵ وە لەوانەیە هێندێکیان بگەڕێتەوە بۆ هەزارانیش ئێستا نمونەیەکتان بۆ ئەهێنمەوە: کچان، بەتایبەتی ئەوانەی مابونەوەو شویان نەکردبو شەوانی چوارشەمو بەشەو لەپشت دەرگاوە دائەنیشتن و گویّ یان لەقسەی ئەوانە ئەگەرت کە بەکۆڵانەکاندا تێئەپەڕین ئەگەر قسەیەکی تیادا بوایە هیوابەخش ئەوا ئەیانوت ئیشأڵڵاگریّ ی بەختمان ئەکرێتەوە یان بەپێچەوانەوە ئەوا خەفەت دای ئەگرتن ئەزانی ئەوە چییان پیّ ئەوت؟ پیّ یان ئەوت (شەماڵە) ئەزانن بە زمانی (ئاشوری) کە چەند هەزار ساڵ پێش زایینی لە عێراقدا دراوسێمان بون شەماڵە یەعنی چی؟ یەعنی (بەخت) باشە!!.

ڕۆمانەکان، ئیغریقیەکان لەگەڵ ئەو هەمو پێشکەوتنەیاندا هەروەها عەرەبەکان بتیان ئەپەرست!. ئەم جۆرە بیرو باوەڕانە کە کوردی کۆن پیّ ی ئەوت ئینقات بە میراتی دێتە خوارەوە کە زۆر زەحمەتە لێیان رزگارمان بیّ.بۆ نمونە دەرکەوتوە کە ئاسمان هەوایە شین ئەکاتەوە واتا وجودی نی یە بەڵام ئیستەش ملیارات کەس هەیە بە ئاسمانێك رازی نابن ئەڵێن حەوتە!!. لەلایەکی کەوە ئەم جۆرە بیروباوەڕانە لە رابوردودا زۆر بۆ مرۆڤ پێویست بوە، چۆن؟ ئەوا یەکێك نەخۆش کەوت لەوزەمانەیەدا، نەدەرمان هەبو، نە عەملیات ئەی باشە چی بکات؟ چاوەڕوان بکات هەتا ئەمرێت؟ نەخێر ئەبیّ شتێیەك هەبێت هاواری بۆ بەریّ لەسەرو هەمویانەوە خوا (عزوجل) نوشتە، شێخ، نزرگەکان،.هتد. ئەبو هیوایەکی بەشتێیەك هەبیّ ئەگینا ئەڕوخان.

باوباپیانمان هەر بە تەنیا بۆ چاکبونەوە لە نەخۆشی پشتیان بەم خەرافاتو کردارە بێ بنەماکان نەبەستوە بەڵکو لە هەمانکاتیشدا بۆ چاکبونەوە داودەرمانیان بەکار هێناوە یان باوەڕیان بە هیچیان نەبوە و هەمویان گێراوەتەوە بۆ خوا وتویانە دەردو دەوا هەموی لەخواوەیە ئەگەر خوا بیەوێت چاکت ئەکاتەوە با دەرمانیش نەخۆیت ئەگەر نەشیەوێت هەزار داودەرمان بخۆیت هیچ سودی نابێو ئەمری لەبەر ئەوە شتێ یەکی سەیر نەبو کە لە چلەکاندا تاکو تەرا نەخۆش ئەچون بۆ خەستەخانە وەکو ئێستا نەبو کە بەر نەکەوێ.

لەگەڵ ئەوەشدا پێشینانمان کەمو زۆر داودەرمانیان بەکارئەهێنا بەڵام نەك لە ڕێگەی حەکیمەکانەوە.وەك ئەوسا بەوکەسانەیان ئەوت کە پیشەیان چارەسەرکردنی نەخۆشی بو بەڵکو لە پیرێژنو پیرەمێردی دنیادیدەوە.

با نمونەیەکتان بۆ بێنمەوە لەسەر خۆم: ئامۆزایەکی هاوتەمەنی خۆم هەبو پێشئەوەی بچینە قوتابخانە. ئەو لە حوجرە قورئانی ئەخوێند، زستان بو، زستانانیش ئەبو هەر قوتابیەك ڕۆژانە بڕێك دار بەرێت بۆ ئەوەی سۆپای حوجرەکەی پێ گەرم کەن.

بەیانی بو هێشتان کاتی حوجرە نەهاتبو لە کۆڵان ئەو ئامۆزایەم بە دارەکە قوڕی کزری ئەکوتایەوە و منیش لەوکاتەدا بە پشتیدا ڕۆیشتم کە دارەکەی هەڵهێنایەوە دای بە ناوچاوی ڕاستمدا، ئیتر ئەو دنیام بە چاوی خۆم دی.

بردمیان بۆ خەستەخانە ئەوکاتە مستەوصەفێك هەبو لەسەر شەقامی مەولەوی بەرلەوەی بگەیتە پردەکە لەم لای دەرمانخانەی کاوەوە.

هەرچەند قەترەیان بۆ تێکردم سودی نەبو چاوم بوبو بە گۆمی خوێن، بۆم هەڵنەئەهات ئەتوت پروجیچکتەر ئەدەن لە چاوم. دوسێ ڕۆژ وامامەوە لە

هەیوانەکەماندا دوکۆڵەکەی ئاسن هەبو بەینیان ٢–٣ مەتر ئەبو دایکم جۆلانەیەکی بۆ هەڵخستم لەبەینی ئەو دو کۆڵەکەیەدا.

ماڵی حاجی مەحمود سامی دراوسێمان بون خێزانەکەی ئایشەخان هات بۆ سەردانی دایکم.

لە دایکمی پرسی وتی: ئەوە کێ یە لەو جۆلانەیەدا

– وتی: تەهایە

– وتی: تەهاو جۆلانە؟!

ئیتر دایکم کەینوبەینەکەی بۆ گێڕایەوە.

– وتی: ئادەی با سەیری چاوی بکەم، کە چاو بەستەکەی لادام من نەم توانی چاوم بکەمەوە. کە ئایشەخان بە پەنجە چاومی کردەوە ئەتوت گۆمی خوێنە. بە دایکمی وت: ئێستا من بۆت چارەسەر ئەکەم گۆشت تان هەیە؟

– بەڵێ

– کوتێکم بۆ بهێنە.

– ئەی زیرە؟

– زیرەشمان هەیە

ئەویشم بۆ بهێنە لەگەڵ دەسکەوانەکەتان. کە گۆشتو زیرەکەی بۆ هێنا بەیەکەوە دەستی کرد بە کوتانیان لە دەسکەوانەکەدا تا گۆشتەکە خوێناوی دایەوە و لەگەڵ زیرەکەدا تێکەڵ بو. ئینجا بەکەوچکێکی چا ئەو تێکەڵاوەی کردە چاومەوە و بەستی یەوە. ماوەیەکی زۆر بو تێر خەو نەبوبوم. لەبەر ئازار، ئیتر خەوم لێکەوت، کە خەبەرم بوە وە رۆژئاوا بوبو. ئایشەخان هاتەوە بۆ سەردانم

وتی چاوبەستەکەم بۆ بکەنەوە کە کردیانەوە سەیریان کرد نە ئاوساوی ماوە نە سورایی ماوە وتی چۆنی. وتم: ئەڵێ ی هەر هیچی لیێ رونەداوم.

لە کاتێك کە من چاوم چاك بوەوە هاورِیێ یەکی قوتابی سەرەتاییم کوێر بو کە ئەویش مەلا توفیقی قورئان خوێن بو، چۆن؟ لەوە ئەچو گرانەتای گرتبێ بە دایکی ئەڵێن ترش بگرە مەڵاشوی. مەڵاشو ئەو بەشەی سەرە کە کەوتۆتە سەرو ناوچەوانەوە. کەتیێ ی ئەگرن دوای چەند رۆژێك مەلا تۆفیق هەست ئەکات وردە وردە چاوی کز ئەبێ تا وای لیێ دیێ هیچ نابینیێ کە ئەیبەن بۆ لای دکتۆر پیێ ی ئەڵیێ: ئەوە وردە وردە ترشەکەی مژیوە تا گەیشتۆتە دەمارەکانی چاویو باشبو زو هێناوتانە ئەگینا ئەشگەیشتە مێشکی و ئەویشی تێکئەداو دوکتۆر وتبوی هیچ ناتوانریێ بۆ چاوی بکریێ. بەڵیێ مەلا توفیق بەداخەوە کوێر بو!

با بێینەوە سەر حەکیمەکانمان کە ئەتوانین بیانکەین بە دوبەشی سەرەکی یەوە یەکەمیان تایبەتمەند بون بە نەخۆشی لەشەوە بەگشتی کە ئێستا پیێ ی ئەڵێن (هەناو) دوهەمیان پیێ یان ئەوت جەرراح بەڵام نەك نوژدار وەك ئێستا پیێ ی ئەڵێن. نەخێر ئەوانەی کە پیێ یان ئەوتن جەراح چارەسەری شکانی ئێسقانو لەجیێ چونیان ئەکرد.

بۆ حەکیمی هەناویەکە ئەبیێ چیمان لیێ چاوەروان بکردنایە کە نەیانئەزانی نەخۆشی لە میکرۆبەوەیە. هەروەها نەتاقیگەیەکیان هەبو بۆ شیکاری نە ئەشعەیان هەبو هیچیان نەبو کە نەخۆشیەکەی پیێ دەستنیشان بکەن وە ئەوەش کە هەیانبو بۆ چارەسەر گژوگیا بو کە لە تاقیکردنەوەی خۆمانەوە یان لەوکتێبە فارسیو تورکیو عەرەبی یە کۆنانەوە بە دەستیان ئەهێنا.

خزمانی بەساڵدا چومان هێندێك لە روداوەکانی ئەو حەکیمانەی سەردەمی خۆیان بۆ گێڕاومەتەوە حەکیمەکان تەعقیمیان نەئەزانی. جاهەرچەندە دیتۆڵو ئەم جۆرە میکرۆب کوژانە نەبون کە دەستو برینو ئەوکەرەسانەی بەکاریان ئەهێنا پیێ پاك بکردایەتەوە وەك ئەمڕۆ ئەیکەن کارەساتی گەورەی لێئەکەوتەوە وەك ئەم کارەساتە: گەنجێك چوبو بۆ بەغدا لەوێوە وە لە ئەنجامی تێکەڵ بونی لەگەڵ ئافرەتی لەشفرۆشدا دوچاری نەخۆشی (سوزەنەك) بوبو. ئەم نەخۆشی یەش زۆر خەتەر ناکە بێ پسانەوە کێم لە ئەندامی پیاوەتی یەوە دێتە دەرەوەو ئەسوتێتەوە تا ئەمرێ ئەم نەخۆشی یەش بەهۆی بەکتریایەکەوە توشی ئادەمیزاد ئەبێ لە ئەنجامی جوت بونی سیکسیدا ئەگەر ئافرەتو پیاوەکە هەرچ کامێکیان نەخۆش بێ بۆ ئەویتریان ئەچێ.

حەکیم ئەهێننە سەر کوڕە. حەکیمەکە وا ئەزانێ ئەگەر بۆی دا دۆشێ و کێمەکە هاتە خوارەوە ئیتر چاك ئەبێتەوە، نەیئەزانی کەتا بەکتریاکە مابێ ئەوا کیمی تر دروست ئەکاتەوە. لەم دادۆشینەدا ئەو کێمە بەر دەستی حەکیمەکە ئەکەوێت لە دواییدا کەتارات ئەگرێ، بەکتریاکە ئەگوێزرێتەوە بۆ ئەمیش و لە باتی نەخۆشەکە چاك بکاتەوە خۆشی لەگەڵیدا ئەمرێ!

مەرج نی یە هەمو سوتاندنەوەیەك سوزەنەك بێ. لەم دواییەدا باسی حەکیمی زەمانی زوکرا. پیرەمێردێك لەمەجلیسەکەدا بو وتی: حەکیمیك پەندێکی بەمن دا ئەوسەری دیار نەبێ وتمان چۆن؟ وتی:

– گەنج بوم، هەرچی شتی خراپ بێ نەم کردبو. لەخۆیەوە ئەندامی پیاوەتیم دەستی کرد بە سوتانەوە بەتایبەتی لەکاتی میز کردندا و هەرچی کیمیش هەبێ نەم بو کە ئەوە سەرەکی ترین نیشانەی نەخۆشی سوزەنەکە. باوکم

حەکیمێکی بۆ هێنام پیاوێکی بچوك بو چاوشین چەناگە باریك لە رێوی ئەکرد. پەمپێکی پیێ بو وەك شرنیقەیەکی زۆر زل دو ئەوەندەی شرنیقەی ئاسایی لوتێکی درێژی (باغە) واتا پلاستیکی هەبو بۆ ئەوەی بکرێ بە ئەندامی پیاوەتیم دا دەرمانێکی وەك شیری تیا بو کە ئەیکردە ئەندامی پیاوەتیمەوە لە دواییدا بۆمان دەرکەوت ئەمە ناوکە کاڵەك بوە. وەك خۆی وتی: کوتاویەتی لە دەسکەواندا‌و ئاوی تیێ کردوە. کە ئەیوت بەحەولو قوەتی خوا بە دو دەست چاکی ئەکەمەوە هەر ئەهات‌و خراپتر ئەبوم. کە کیمم نەبو ئینجا کیمیشم پەیدا کرد!

باوکم وتی: هەستە بابتبەمە لای دوکتۆر ئەوکاتە زۆر بڕوایان بە دوکتۆر نەبو بۆیە کەم کەس ئەچونە لایان. کە چوین بۆ لای دکتۆر وتی: ئەوە سوزەنەکیەتی! باوکم وتی: هەبێت‌و نەبێ ئەبێ شتی خراپت کردبێ.

وتم: نەبەخوا بابە من ئەوشتانە هەر نازانم. دکتۆر بە باوکمی وت: بڕوای پێ ئەکەم باوکم وتی: ئەی لەچی یەوە توشی بوە؟

– لەپەمپەکەوە، بوە لەپێش ئەمدا بۆ سوزەنەکاوی یەکی بەکار هێناوە، نەشی هێناوە پەمپەکە تەعقیم بکات یان بیکوڵێنێ لە ئاوی کوڵاودا ئیتر کە بەکاری هێناوە بۆ ئەم بەوە میکرۆبەکە گوێزراوەتەوە بۆی.

حەکیمی کۆن هیچ شارەزاییەکی لە هەناوی مرۆڤ نەبوە و نە دەرمانەکانی کە گژوگیابون میکرۆبی کوشتوە. لەبەر ئەوە دەرمانەکانیان دەورێکی نەبوە لە چاکبونەوەی نەخۆشیەکاندا.بەتایبەتی ئەوانەی کە بەهۆی میکرۆبەوە بون ئەشێ هێندێك شەربەتی روەك بۆ سوتاندنەوەی گەدە یان کۆکە یان رەوانی‌و قەبزی باش بوبێ ئەگینا بۆ نەخۆشی کوشندە هیچ سودێکی نەبوە بەگشتیش حەکیمەکان خۆهەڵکێش‌و خودپەرست بون لە وڵاتانی رۆژئاوا هەمو حەکیمێك

چەند قوتابیەکی لە ژێر دەستدا بوە فێری دەرمانسازی کردونو بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن شتی یەکی تری بخەنە سەر و بەوجۆرە ئەو زانیاریانە گەشە بسێنیٚ  بەڵام وەك قەدیمەکان بۆیان ئەگێڕامەوە حەکیمەکان پشتیان ئەکردە دانیشتوان کە دەرمانەکانیان ئەگرتەوە بۆ ئەوەی سنعاتەکەیان لیٚ نەدزن!

لە نوژداریشدا ئەمانەی خوارەوەیان ئەکرد: دانسازی لە دانسازیدا مەبەستم تەنیا دان دەرهێنانەنوسەر لەسەرەتای ساڵەکانی چلدا داندەرهێنانێکی حەکیمانەی دیوە ئەوکاتە زۆر منداڵ بوم بەڵام بەوردی لەبیرمە وەك ئەڵێن: بیری منداڵی تیژە. ئافرەتێکی لادیٚ دەستی بە شەویلەیەوە گرتبو. دان ئێشە خۆراکی لیٚ حەرام کردبو و یاخوا دوژمنیشم دانی نەیەشیٚ. حەکیمەکە بێگومان بەبیٚ بەنج دانەکەی بۆ کێشا باش بو دانەکە نەشکا ئەگینا گازەکەی تیٚ نەئەگیرایەوە و وەك ئەڵێن: بۆ ریش هاتبو سمێڵیشی ئەنایە بانی و ئەبو بۆ هەتاهەتایە بە ئازارەوە بتلایەتەوە.

لەدواییدا حەکیمەکەلە دۆشەکێکی کوناویەوە نەختێك لۆکەی دەرهێنا کە دەیان جار منداڵ لە خەودا بەسەریا میزیبو نەختێك خویٚ ی کردە سەرو خستیە سەر برینی دانە دەرهێنراوەکە و وتی: دەمت داخە. ئیتر هەتا رۆیشت بەدەم داخراوی یەوە دوعای خێری بۆ کرد!.

ئەوەشم لەبیر نەچێت کە نەخۆشەکە دیاریەك یان هێندێك پارەی ئەدا بە حەکیمەکە بەوەیان ئەوت (ئۆلیفەت) وابزانم لە (ئولفەت)ی عەرەبی یەوە هاتوە واتا دۆستایەتی و دیاری.

بە نوژداری بچوکیش هەڵئەسان کە ئەویش خەتەنە بو. زیاتر خەتەنە سەرتاش (دەلاك)ە کان ئەیانکرد. من لەیەکشت سەرم سوڕ ئەمێنیٚ ئەویش ئەوە بو کە ئەبو

زۆربەی ئەو خەتەنانە لە کورو کچدا ئیلتیهابیان بکردایە و چەندەها نەخۆشی بگواستایەتەوە چونکە هەموی بەیەك چەقۆ ئەکراو ئەویش تەعقیم نەئەکرا کەچی ئەوە روی نەئەدا دوای خەتەنە کردنەکە کابرا تا منداڵەکە چاك ئەبوەوە سەردانی ئەکردو پەڕۆکەی بۆ ئەگۆڕی و دەرمانێکی شلی لێ ئەدا کەنازانم چیبو. بۆ کچان ئەوە نازانم چونکە لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئەوە یەکێکە لە هەرە نەهێنییەکان. ئەم خەتەنەیە لە بەهاردا ئەکرا ئەیان وت چونکە (خوێن جمانە) واتا خوێن زۆرتر هاتو چۆئەکات.

هێندێك دەرمان هەبو وەك (مایلوس) شلەیەکی سور بو ئەکرایە چاوی منداڵەوە کە ئیلتیهابی ئەکرد و (مای غەریب) بۆ سکێشەی منداڵ و باوبژ هەروەها (مومنایی) هەر بۆ سکێشە دیسان هەر بۆ سکێشەش گوڵە بەیبون واتا چاوەپشیلەشیان ئەکوڵانو وەك چا ئەیانخواردەوە هەر بۆ سکیەشەشی منداڵ (رازیانە)شیان بەکار ئەهێنا پەندێکیش هەیە ئەڵێ:ماڵیان پڕبو لە رازیانە منداڵیان بەسك ئێشە ئەمرد مەبەست ئەقڵ نەشکانە بەسود وەرگرتن لە دارایی‌و توانا. (پەڵپینە)ش بۆ گەرمابردو لە هاویندا یان ئەیانخوارد بە شۆربا یان ئەیانکوڵانو خۆیان پێ ئەشت پیاوێك هەبو پیان ئەوت حاجی عارف دوکانەکەی لای حەوزە وشکەکەوە بو پیاوێکی بەڕێزوکەم دوبو دوکانەکەی وەك صەیدەلی ئەمڕۆ وابو ئێمەی مێرد منداڵ تەنیا یەك شتمان لێئەکڕی ئەویش ژارەماسی بو لەگەڵ ئارد دا تێکەڵمان ئەکردو ئەمانکرد بە هەویرو لە گۆمەکانی قلْیاساندا نەختە نەختەمان لێفڕێ ئەدایە گۆمەکانەوە بۆ ئەوەی ماسیەکان بیخۆن دوای چارەکێك، نیوسەعات ماسی یەکان گێژ ئەبونو ئەکەوتنە سەر ئاو.حاجی عارف باوکی کاك ئەورەحمان‌و

کاك عەلی ییە، ئەمیان واتا کاك عەلی لەسەر کوردایەتی ساڵی ١٩٦٢ لە (نوگرەسەلمان) بەند بوین ئێستاش هەر زۆر دڵمان بەیەکتری رونئەبێتەوە.

هەر لەو نوژداریانەی کەئەیانکرد دومەڵ دەرکردن بو. ئێستا هەر کە دومەڵەکە سەری هەڵدا ئیتر بەحەبو گولاجی میکرۆب کوژ لەناوی ئەبەن بەڵام ئەوکاتە ئەبوایە بگەیشتایە واتا زەرد ببوایەو ببوایە بەکیم وەتا ئەشبو بەکیم لە ئازاردا ئۆقرەت نەئەگرت. بۆ ئەوەی زوبگات بڕوێشیانلێئەنا. بڕوێش جۆرێکە لە ساوەر ئەیانکوڵانو دوای ئەوەی ئاوەکەیان ئەچۆڕانەوە ئەیانخستە سەر دومەڵەکە. کە دومەڵەکە ئەگەیشت بەچەقۆ هەڵیانئەدڕی و کیمەکە ئەهاتە دەرەوە ئەوسا نەخۆشەکە ئیسراحەتی ئەکرد و ئازارەکەی ئەشکا. هێندێك هەبو چەقۆیان بەکار نەئەهێنا ئەیانوت ژەنگی هەیە بۆ برینەکە خراپە زوچاك نابێتەوە و لێ ی پیس ئەکا، بۆیە ئەیانهێنا ئێسقانیان بۆ ئەو مەبەستە تیژ ئەکرد!.

بۆ چاو ئەگەر بەسەر سپێنەکەیەوە زیادە گۆشتی سور ببوایە بەشەکری کوڵۆ بۆیان ئەڕنی.

لە هندستان و ئەفغانستان و ئێرانیشەوە حەکیم سەردانی سلێمانیان ئەکرد ئەوان لە حەکیمەکانی خۆمان زیاتر زاناو پێشکەوتو بونو باپیرە گەورەی هونەرمەندی گەورەمان بەدیع بابەجان لەو حەکیمانەیە بەڵام نازانم لە کوێوە هاتبو ئێستا سەرگوروشتەکەیت بۆ ئەگێڕمەوە: کوڕێکی میردمنداڵی سلێمان پاشای بابان کەمەرقەدەکەی بەتەنیشت شێخ مارف نۆدێوەیە لەگردی سەیوان لەساڵی ١٨٣٠دا پاشایەتی کردوە عەمری خوا ئەکات (واتا کوڕەکەی نەك خۆی). لەکاتێکدا کەلە مزگەوتی گەورە لەسەرتاتەشۆر ئەیشۆن یەکێك

لەوحەکیمانە بەکۆمەڵێك پڕوپڕیاسکەوە دێتە ژورەوە و کەلەتاتە شۆرەکە ئەچێتە پێشەوە ئەپرسیٚ کەبۆ ئەو منداڵە ئەشۆن؟ لەپێشدا وا ئەزانیٚ شێتە ئەڵێن:

— ئەینابینی عەمری خوای کردوە

— ئەو منداڵە نەمردوە، ئەوە لەهۆش خۆی چوە! خێرا بۆم وشك بکەنەوە!!

کەوشکی ئەکەنەوە ئەیخاتە باوەشییەوە ئیشارەت بۆ پریاسکەیەك ئەکات کەبۆی ئەهێنن ئەڵێت بیکەنەوە بۆم، کەئەیکەنەوە کژوگیای وشکی تیادایە نەختێکی لیٚ هەڵئەگریٚ ئەینیٚ بە بەرلوتی منداڵەکەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ هەناسەدان دا هەڵیمژیٚ. ئیتر منداڵ چاوئەکاتەوە و لەو وایە باوکێتی پیٚ ی ئەڵێت: بابەجان واتا بابە گیان، بابە حەکیمەکەش خۆشی ناوی بەدیع ئەبیٚ لەوکاتەوە پیٚ ی ئەڵێن بەدیعی بابە جان. مژدەی ئەم موعجیزەیە ئەبەن بۆ پاشا ئەویش ئەڵیٚ: بابێت بۆ لام، کە ئەچیٚ پاشا پیٚ ی ئەڵیٚ:

— تۆ چیت؟

— من حەکیمم ئەسورێمەوە بە وڵاتاندا کیٚ نەخۆش بیٚ چارەسەری ئەکەم

— تۆ نابیٚ لەمەودوا بەهیچ لایەکدا بچیت، ئەبیٚ لە سلێمانی نیشتەجیٚ ببی. خانوی چاکت بۆ تەرخان ئەکەم خزمەتکارو کارەکەرت بۆ ئەگرم. مانگانەی باشت بۆ ئەبڕمەوە و خوشکێکی خۆشمت لیٚ مارە ئەکەم لەقەبی (میرزاد)یشت پێئەبەخشم.ببە بە حەکیم باشی دەربار

بەم جۆرە میرزا بەدیعی بابەجان لە سلێمانیدا بۆ هەتا هەتایە نیشتەجیٚ ئەبیٚ و نەوە ئەخاتەوە.

ئەمارەتی بابان ئەروخێ‌و تورکە داگیرکەرەکانیش میرزا بەدیعی بابە جان لە حەکیم باشێتی ئەخەن و دوای تەمەنێکی درێژ ئەمرێ و کوڕێکی لەپاش بەجێ ئەمێنێ..

کوڕە ئەبیستێ کە کۆلێجی پزیشکی لە ئەستەمبول کراوەتەوە و ئەیەوێ لەسەر رێڕەوی باوکی بچێت لەو کۆلێجە بخوێنێت بەڵام دایکی دڵی نایەت بینێرێت بۆ ئەو غەریبایەتی یە ناچار کوڕە هانا ئەباتە بەر کاك ئەحمەدی شێخ ئەویش ئەچێ بۆلای دایکی‌و تکای لێ ئەکات کە نەبێ بەکۆسپ لەڕێ ی ئەو کارە خێرەدا و ئەشفەرموێ کە دوعای خێری بۆ ئەکەم‌و لەخوا ئەپاڕێتەوە کە مەحفوزی بکات. دایکیشی رەزامەندی ئەدات.

دوای ئەوەی لەو کۆلێجەدا خوێندن تەواو ئەکاو ئەبێ بە دوکتۆر دێتەوە بۆ سلێمانی و دەست ئەکات بە پزیشکی لەسەر رێڕەوی زانستی‌و دواتاقیکردنەوەکانی ئەوروپا کە گەیشتبویە..

ئەمیش کوڕە گەورەکەی ئەنێرێ بۆ هەمان ئەو کۆلیجی پزیشکی یەی کەلێ ی خوێندوە لە ئەستەنبول‌و لەوێ دەست ئەکات بەخوێندن. بەڵام ئەم لە قلیاسان لەئەسپ ئەگلێ‌و ئەمرێ.

کە کوڕە لە ئەستەنبول خەبەری مردنی باوکی ئەبیستێ کەبەو دەردە مردوە لە خەفەتدا شێت ئەبێ‌و بەشێتی ئەیهێننەوە بۆ سلێمانی و هەر بەشێتی ئەمێنێتەوە هەتا ئەمرێ.

سەرە یەتە سەر مامۆستا بەدیع بەڵام وەك بۆ منی گێڕایەوە وتی: من کەسەیری کتێبە پزیشکی یەکانم ئەکرد وێنەکان زیاتر سەرنجی رائەکێشام و هەوڵم ئەدا وەك ئەوان بینەخشێنم بەم جۆرە ئەم خێزانە موبارەکە لە پزیشکی

یەوە ڕێڕەوەکەی گۆردرا بۆ شێوەکاری و لە ئەنجامدا ئەو وێنەکێشە هەڵکەوتوەی لیَ پەیدا بو[1]. دوای ئەم لادانە با جارێکی کە بگەڕێینەوە سەر پزیشککاری: توێژێکی کە هەبو پیان ئەوتن (جەرراح) وشەکە لەبنەڕەتدا عەرەبی یە، جەرح بەمانای برین، جەرراح واتا برینکار ئەم ناوەیان بەهەڵە بەسەردا سەپاندبون چونکە ئەوەی برین بیَ ئەوان بەلایدا نەئەچون، بەڵکو ئیشی ئەوان ئێسقان بو، شکانی ئیسقان یان لە جێچونیان ئەمڕۆ جەرراح بەنوژدار ئەڵێن کە عەمەلیات ئەکات لەجۆرەها جێگەی لەشدا..

لە جێچونەکە ئەگەر لە جومگەکانی دەستو قاچا بوایە ئەوا لە پێشدا بە صابون دایان ئەشتو ئەیانبردەوە جیَ ی خۆی بەمەرجیَ شکان لە ئیسقانەکانی جومگەکەدا نەبوایە ئەوە زۆر خراپ بو. لە جێچونی (کولۆت) واتا (عظم الحوض) ئەو شوێنەی کە ئێسکی ران لەسەرەوە ئەبەستێتەوە بەسیَ بەندەوە زۆر بەزەحمەت ئەچوەوە جیَ ی خۆی چونکە توانایەکی زۆری ئەویست بۆ ئەو مەبەستە ئەڵێن، چونکە من بەچاوی خۆم نەمدیوە، ڕێگەیەکی زۆر زیرەکانەو دەگمەن ئەگرنە بەر ئەهێنن هێسترێك تینو ئەکەن واتا چەند ڕۆژێك ئاوی نادەنیَ لەدواییدا نەخۆشەکەشی سوارئەکەن و ئەیبەنە سەر ئاوێك، ئەوەم لەبیر چو کە هەردو قاچی نەخۆشەکە لە بنورگی هێسترەکەوە ئەبەستن. کەئەیبەنە سەر ئاوەکە ئاوی ئەدەن. ئیتر هێسترەکە هەر ئاو ئەخواتەوەو سکی ئەئاوسیَ و قاچی نەخۆشەکە ئەرەوێتەوە تا لە جێچونەکە ئەچێتەوە جیَ ی خۆی. توخوا ئەوە سەر سوڕ هێنەر نی یە؟!.

---

[1] نەنکە گەورەی من و مامۆستا بەدیع خوشك بون چونکە هەردوکیان خوشکی سلێمان پاشا بون نەنکی من ناوی (مریەم) خان بووە.

لەجیٚ چونی جومگەکان تارادەیەك ئاسان بو بەلاٌم ئەوەی دژوار بو شکانی ئیسقانەکان بون بەتایبەتی کە گۆشتەکەشی ئەدڕیٚو ئێسقانەکە سەری دەردەهێنا ئەوە هەر زۆر چارەسەری گرانبو.

وەکو ئێستا ئەشیعە نەبو کە بزانن شکانەکە چۆنە؟ عەمەلیات نەبو تا گۆشتەکە بکەنەوەو ئێسقانەکەدەرکەوێتو بەچاکی پێکیەوە بنوسێننەوەو ئینجا پلاتینی تیٚ هەلٌکێشن. تەنیا ئەبو جەرراحەکە بەدەست بیزانیایە چۆن شکاوە کە ئەویش باش بۆی دەرنەئەکەوت بۆیە  ئێسقانەکە خوار ئەگیرایەوەو قاچو دەست کورت ئەبوەوە. زۆر جار ئەگەر ئێسقانەکە لە گۆشتەکەوە سەری دەربهێنایەوا توند بۆیان ئەبەست خوێن نەئەچو بۆ دەستو قاچەکەو توشی (گەنگرین) ئەبو و ئەکەوتە خوارەوە واتا دەستو قاچەکە وشك ئەبو لە لاشەی جیا ئەبوە وە ئەپچڕا.

تا ئەم دواییە باوەڕ بەدکتۆر نەئەکرا بۆ لە جێچونو شکاندنی ئێسقان و ئەیانوت جەرراحی دەرەوە زۆرتری لێئەزانیٚ. بەلاٌم ئێستا جەرراحەکان ئەو بازاڕە گەرمەیان نەماوە، هەرچی کێشەی ئێسقانیان ئەبیٚ روئەکەنە دوکتور.

من تاقیکردنەوەیەکی ناسەرکەوتوم هەبو لەگەلٌ جەرراحێکدا تەمەنم (٨–٩) سالاٌن بو هێشتان نەچوبومە قوتابخانە، یان چوبوم نازانم، شەوێکی لەشیرین خەودا لە ئازاردا خەبەرم بوەوە ئازارێکی چۆن؟ هەروەکو چەقۆ لە گۆشتی رانی چەپمدا بگێڕدری! وردە وردەش دەستی کرد بە ئاوسان بەرادەیەك کە دەرلنگی دەرپیٚ کەمیان بۆ هەلٌقلٌیشانم بۆ ئەوەی رانمی تیادا جیٚ ببێتەوە.

باوکم جەرراحی بۆ هێنام ئەوسا ئەیان وت دوکتور لە ئێسقان نازانیٚ وایان ئەزانی ئازار بە ئێسقانم گەیشتوە جا هەرچەندە من دڵنیام ئەکردن کە نەکەوتوم وە نەزەبریش بەر قاچم کەوتوە بەڵام بڕوایان پیٚ نەئەکردم.

کابرای جەرراح ئەیوت لە جومگەی ئەژنۆیایەتی لەکاتێکدا من رانم ئاوسا بو. ئەگەر بەهێواشی قاچی بهێنامایەو ببردایە بە ئاسانی بۆی دەرئەکەوت کە جومگەکەی هیچی نی یە ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە من هەمیشە ئەوەم ئەوتەوە کە نەکەوتوم و نەزەبر بەر قاچم کەوتوە ئەوان ئەیان وت نەخێر تۆ لە ترسی ئێمە وا ئەڵێیت!

جەرراحەکە چۆن چارەسەری ئەکردم؟ بەوەی قاچمی بەوپەڕی توانایەوە دور ئەخستەوەو ئەیدایەوە بە ژێر ڕانمدا نەجاریٚ نەدو نەسیٚ لە کاتێکدا کەمن فوت لە رانم بکردایە لە ئازاردا هاوارم ئەکرد بۆیە لە ئەنجامدا بورامەوە.

کە هاتمەوە هۆش خۆم، سەیرم کرد بە خامێکی سپی جەرراحەکە ئەژنۆمی پێچاوە و دوای ئەوەی خامەکەی بە زەردێنەی هێلکە سواغ دابو. چونکە زەردێنەی هێلکە کە وشك ئەبوەوە ئەو شوێنەی ئەوشی ئێستا بۆرەکی سپی بەکار ئەهێنن بۆ بەستنی شکان.

لەبەر ئەوەی جەرراحەکە پەی بە نەخۆشیەکەو شوێنەکەشی نەکردبو بۆیە رۆژ لە دوای رۆژ رانم ئەئاوساو خراپتر ئەبوم؟ باوکم ناچار بردمی بۆلای دوکتۆر. ئەو دوکتۆرە پیٚ یان ئەوت (نوری فەتوحی) کە لەنەوەی کەریمی عەلەکە بو.

دوای ئەوەی کە فەحسی کردم وتی:

– ئەژنۆی هیچی نی یە، نەخۆشی یەکەلە ئێسقانی رانیایەتی بۆ ئەوەی چاك بێتەوە ئەبێ ئەو ئێسقانە بڕنرێ. ئەویش بەوە ئەبێ کە بەنجی عومومی بکرێتو گۆشتی رانی بقڵیشینینەوە تا ئێسقانەکەی دەرکەوێت.

– ئینجا ئەم منداڵە بەرگەی ئەم عەمەلیاتە ئەگرێ.

– بەرگە ئەگرێت بەڵام دورنی یە بشمرێ چونکە بۆ هیچ عەمەلیاتێك ناتوانی بڵێیت لە سەدا سەد نامرێ ئەوکەسە:

– ئەی ئەگەر نەیکەین؟

– ئەیکات بەدومەڵ و دەردەبێ، بەڵام تا ئێسقانەکە نەخۆش بێ ئەگەری سەرهەڵدانەوەی دەبێ. بۆ ئەوەی قسەکان بسەلمێنێ بە باوکمی وت:

– منداڵەکە بەسەر دەمدا پاڵخە،، کە باوکم ئەوەی کرد دوکتور شرینقەیەکی هێنا کە دەرزیەکی ئەستوری هەبو کردی بە ژێر رانمدا و دوسێ سانتیمی خوێنی لێ دەرهێناو نیشانی باوکمی داو وتی:

– ئەم خوێنە ئەبینی؟ خوێنی سروشتی ساغ گەشو سورە بەڵام ئەمە تەڵخە ئەزانی بۆ؟ چونکە کێمی تێدایە. ئەگەر رەزامەندیت نەدا ئەوا بەیناو بەین سەرمان بدە بۆ ئەوەی کە دومەڵەکە دروست بو بۆی دەرکەین و برینەکە پاك رابگرین. باوکم دوای ئەوەی سوپاسی کرد وتی: بۆ عەمەلیاتەکە بیری لێئەکەینەوە.

هەرچی پێشبینی یەکانی دوکتور هەبو هاتەدی. ئازارەکە کردی بەدومەڵ سەردانی خەستەخانەکەمان کرد بۆیان دەرکردم و هەر وەك دوکتور بۆی چو بەیناو بەین لێ ی هەڵئەدامەوە و تا میکرۆب کوژی پەنسلینو سترۆپتومایسین دۆزرایەوە ئەوکاتە بەتەواوی چاکبومەوە. ئەم روداوەی خۆمم بۆیە بۆ گێڕانەوە کە

ئەو فەرقە گەورەیە تان بۆ دەرخەم کەلەبەینی حەکیمی کۆنو دوکتوری سەردەمدا هەبو.

وەك دیتان من لە حەکیمی خۆمان رازی نەبوم نا هەقیشم نەبو بەو نمونانەدا کە بۆم هێنانەوە، هەروەها ئەوانیش ناهەقیان نەبو چیبکەن لەوسەردەمەدا هەر ئەوەندە زانیاری پێشکەوتبو.

لەناو جەرراحەکاندا تەنیابە یەکێکیان زۆر ئیعجابم پێ پەیداکرد ئەویش پیاوێك بو ناوی مام (توفیق) بو خەڵکی دێ ی (هاوار)ی سەر بەقەزای هەڵەبجە بو کاکەیی بو.

چۆنیش رێکەوتم کرد؟ کەلەساڵی ١٩٧٥دا بو (تەسویە)ی باخو باخات و زەویو زاری دێ کەیان واتا تۆمارکردنیان بەناوی خاوەنەکانیانەوە رێمکەوتە دێ ی (هاوار) من لەو سەردانانەم دا بۆ دیهاتەکان چی شایستەم بدیایە لای خۆم تۆمارم ئەکردو هێندێك جار بڵاویشم ئەکردەوە لە رۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکاندا وەك ئەمەی مام توفیق.

بەسەرهاتی جەرراحی مام توفیقم نوسی یەوەو لە رۆژنامەی (هاوکاری)دا بڵاوم کردەوە لەگەڵ وێنەیەکدا کە کاك صەباح هاواری بۆی هێنام چونکە خەزوری بو. وە وەك لە پێشەکی ئەم کتێبە داو وتومە لەبەر ئەوەی من نوسینە بڵاوکراوەکانم هەڵنەگرتوە لای خۆم دورنی یە هێندێکی بفەوتێ لەوانە ئەم نوسینەی کە دەربارەی (مام توفیق) نوسیومە. چونکە لەگەڵ بەرێز مامۆستا (صدیق صالح) لە بنکەی (ژین) زۆری بۆ گەراین نەماندۆزیەوە جا هەرچەندە نزیکی (٣٩) ساڵی بەسەردا تێپەریوە بەڵام زانینە سەرەکی یەکانم لەبیر ماوە مەگەر هەر دارشتنەکەی جیاوازبێو نەبونی وێنەکەی. ئەمە جگە لەوەی هێندێك

زانیاری کەی ئەخەمە سەر کەلەکاتی خۆیدا نەئەتوانرا لە زەمانی بەعسدا بخرێتە سەری.

کە گەیشتینە دێ ی (هاوار) هاتن بە پیرمانەوە. چونکە بە ئێستگە بڵاومان کربوە وە کەلەو رۆژەدا ئەچین بۆ دێیەکەیان و لە دیوەخانێکدا دایانیشانین دوای ماوەیەك پیاوێکی پیری گۆچان بەدەست چوارشانە هاتە ژورەوە لەبەری هەڵسایین دوای ئەوەی بەخێرهاتنی کردین لەسەر دۆشەکێك دانیشت جا با باسی ئەم پیرەمێردەتان بۆ بکەم چونکە ئەمە مام تۆفیق بو گەورەی دێ ی هاوار لەوسەردەمەدا. هەرچەندە تەمەنی لە (٨٠) ساڵ بەرەو ژوربو بەڵام پێستی گەش‌و سورو سپی تیەکەی هەر مابو، دوچاوی گەورەی مەیلەو زەرد پیرێتی نەیتوانیبو کوێری بکاتەوە برۆکانی شتێ یەك بەرەو سەرەوە وەك چاوییازو هەڵۆ پەنجەکانی دەستی بێعەینیبەقەدەر بەرولە ترۆزیەك ئەبو.

نازانم کێ یان بو لە ئەهلی دێ یەکە وتی: مام توفیق لە جەرراحیش ئەزانێ ئیتر ئەوە بەس بو بۆ من کە بچمە بنجوبناوانی ئەم تایبەتمەندیەی ناوبراوەوە.

عەرزی مام توفیقم کرد لەکوێ وە ئەم شارەزاییەت بە دەستهێنا؟

لە دێ یەکەماندا جەرراحێك هەبو، وەك ئێستای من پیر بوبو، توانای لە جێچون‌و شکست بەرێتەوە جێ ی خۆی چونکە دەستەکانی هێزیان تێدا نەمابون‌و ئەشلەرزین. منیش ئەوکاتە مێرد منداڵ بوم بەردەستیم ئەکرد، ئەو چی پێ ئەوتم چۆن شکستەکە چارە سەر بکەم وام ئەکرد. ئەو شاگردی یەم بۆ کردو هەتا عەمری خوای کرد. ئەوە یەکەم قوتابخانەم بو بۆ ئەم شارەزاییەم و ئیتر کە مرد من بەوکارە هەڵئەسام. بەڵام ئەوەی لە وەستامەوە فێر بوم بەس نەبو.

هەلێکی کەم بۆ روخسا بۆ ئەوەی شارەزاییەکی باشتر بەدەستبهێنم ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە بو:

له شۆرشی مەلیك مەحمود ئێمەی هاواریەکان زەبرێکی کوشندەمان لە سوپای ئینگلیز وەشان کاتێك هات (هاوار) داگیر بکات. ژمارەیەکی زۆرمان لێکوشتن و چەك و جبەخانەیەکی باشیشمان دەستکەوت لەوشەڕەدا بۆیە ئینگلیز زۆر لێمان بەقین بو.

کە شۆڕش سەرنەکەوتو ئینگلیز بالاّ دەست بو زۆربەی پیاوی گەنجی ئێمەی بەدیل گرتو کردینی بەودیو ئێرانداو یەکێکیش لەوانە من بوم.

لە ئێران تەسلیم بە(خان) یکی کردین لەویّ بەئاغای خۆمان ئەلێن خان، ئەو خانە بە سوخرە عەمەلەی پیّ ئەکردین. عەمەلەکەش چیبو؟ ئەیهێنا زەوی کشتوکاڵی پیّ چاك ئەکردین. لەبەرد پاکمان ئەکردەوە ئەمانکێلاّ. چەپەرمان بەدەوردا ئەکرد.

ئەوکارە بو بە قوتابخانەیەکی بۆ من لە جەرراحیدا و زۆر سودم لێوەرگرت بڵێ چۆن؟

یەکێك لە زەویەکان کە خۆشمان ئەکرد قەبرسان بو. لەئەنجامی هەڵکۆڵینەوە ئێسقانی مردو دەرئەکەوت. منیش کۆم ئەکردنەوەو لەکاتی ئیسراحەتدا لیّ یان وردئەبومەوە بەتایبەتی لە جومگەکان وە ئەگەر لەجیّ چون چی یان لیّ دیّ بەرادەیەك کەسەیری تۆ ئەکەم ئێسقانەکانت وەکو ئەشیعە ئەبینم!.

هەر لەو قسانەی مام تۆفیق بۆی گێڕامەوە وتی: کوڕێکی ئەم دیّ یە لە عەسکەریدا پشتی وەرگەرابو بە دارشەق ئەرۆیشت وتم چۆنی؟

– وتی شوکر چاك چاك بومەتەوە! وتم:

– ئەگەر چاك ببویتایە ئەوا دارشەقت پێویست نەبو. ئادەی بەسەر سکدا پاڵکەوە. کە دەستم بەسەر کەلوی بڕبڕە پشتیدا هێنا بۆم دەرکەوت کە چۆن لەجیّ چوە توند دەستم پیانا وبردمەوە جیّ ی خۆی لە ئازاردا هاواری چوە ئاسمان. وتم:

– ماوەی چەند رۆژێك لەسەر پشت بکەوەو مەجولیّ بزانین خوا چی ئەکات بەلاّم لەسەر جێگە ئۆقەرەی نەگرت دوای رۆژێك هەڵساو دەستی کرد بەرۆیشتن بەلاّم ئەم جارەیان بەبیّ دارشەق!!.

لەخەستەخانەی سلێمانی یەوە ناردیان بە شوێنمدا کە جەرراحیان بۆ بکەم. لەویَ دوکتۆرەکانم دی یەکێکیان پیَ ی وتم: چەند ساڵە ئەم پەنجەیەم لەجیَ چوەو ناچێتەوە جیَ ی خۆی. پەنجەکەی بۆ درێژ کردم و هاواری لێهەڵسا چونکە هەر یەکسەر پەنجەیم باداو بردمەوە جیَ ی خۆی. لە دوکتۆرە وابو فەحسی ئەکەم و ئەم دیوەو ئەودیوی ئەکەم نەیزانی کە من لەیەکەم سەیرکردنەوە زانیم چۆن لەجیَ چوە.

زۆر لەگەڵمدا خەریك بون نەمامەوە وتم لای خۆمان خەڵکی زۆر پێویستیان پێمە وتیان مانگی شەش دینارت مەعاش بۆ ئەبڕینەوە. ئەو زەمانەیە شەش دینار زۆر زۆر بو وتم مەسەلە پارەنی یە. لەوێدا وتم: بۆلای خۆتان دەستکەوتت زۆر تر بو؟.

وتی: هەتا ئێستا نەپارە نەدیاریم بۆ جەرراحی وەرنەگرتوە هەمویم لەریَ ی خوادا کردوە ! !

منیش وتم: کاری چاك لای خوا ون نابیَ و ئەجری ئەو لە هەمو سامانێکی دنیایی بەنرخ ترە.

مامان بەو ئافرەتانەیان ئەوت کە یارمەتی ئافرەتانی دوگیانیان ئەدا لە منداڵبوندا.

ئەمانیش هیچ جۆرە شارەزاییەکی زانیاریان نەبو، ئەگەر دوگیانەکە بەبیَ دەردی سەری منداڵەکەی لێبوایەتەوە ئەوا باشبو بەڵام ئەگەر خوانەخواستە تەنگوچەڵەمەیەکی تێبکەوتایە مەگەر هەر خوا بەهاواری دایکەومەلۆتکەکەیەوە بهاتایە لەبەر ئەوە زۆربەیان رەحمی تێکدەچو یان بەسەر منداڵەکەوە تیائەچو واتا ئەمرد یان بەهۆی خوێن بەربونەوە سەری ئەنایەوە ئەمە جگە لەوەی توشی جۆرەها ئیلتیهابات ئەبو.

جارێکی لە دوکتۆرەیەکی منداڵبونم پرسی: ئێستا نیوەی ئافرەت بە عەمەلیاتی قەیسەری منداڵیان ئەبیَ باشە بەم حسابەبیَ ئەبوایە کە ئەوکاتەئەو جۆرە

عەمەلیاتەنەبو نیوەی ئافرەت بەسەر منداڵەوە بمردایە لە وەڵامدا وتی: منداڵی زەمانی زو لەبەر ئەوەی دایکەکە زۆر ئەجوڵا وەك ئێستا دانیشتو نەبو وە هەروەها لەبەر ئەوەی ئەم خواردنە باشەنە نەبو وەك ئێستا ساوەکە قەڵەو نەبو بۆیە بە ئاسانی لە دایکەکەی ئەبوەوە. باوکم بۆی گێڕامەوە، ئەو بەناو ژنەکەی ئەناسی وتی: دوگیان بو بەدوای کوچو بارەوە بو شەو ئەبێ ئەو ژنە ژانی هاتبویە منداڵەکەی بوبو ئینجا کوچەکەشی گرتبوەوە!! ژنێکی ناسیاومان منداڵی بوبو لەسەر دەستی ماماندا. بەڵام یاڵداشەکە لیَ ی نەئەبوەوە ناردیان بە شوێن پیرێژنێکی شارەزادا من منداڵ بوم شەرمیان لیَ نەئەکردم پیرێژنەکە هاتە ژوری زەیستانەکەوە دوچەپلەی لێدا بۆئەوەی جنۆکەکان بترسن‌و بچنەدەرەوە ئەوسا زەیستانەکەی بە پێوە ڕاگرت‌و هەردودەستی بەهەردو کەلەکەیدا هێناو یەڵداشەکە هاتە خوارەوە!!.

ئای باوباپیرانمان دایك‌و نەنکەکانمان لەچ دەردو ئازارو مەینەتیەکدا ژیاون بەدەست ئازاری قورحەی مەعیدەوەو بەردی گورچیلە و زراو سەرەتان‌و پرۆستات‌و فیتق گرانەتاو لەرزوتاو ئاوبەنگ سەدان نەخۆشی کەوە کەتا مردن پێوەی تلاونەتەوە بەڵام ئێستا بۆ زۆربەی ئەم نەخۆشیانە چارەسەر هەیە و کەچی هەر ناشوکوریشین!.

بەشی دەهەم

# کەسایەتی محمود پاشای بابان
# وەك لە
# یاداشتەکانی میستەر (ریچ) دا هاتوە

## نەخشە ڕێگا

بۆ ئەوەی بەچاکی لە مەحمود پاشای بابان بگەین، ئەبێ لە پێشدا لە میستەر (ریچ) خۆی بگەین واتا مێژوی ژیانی، رادەی رۆشنبیری، پلەیو پایەی، ئەوسا ئەتوانین سەنگی یادەشتەکانی ئەو کەسایەتیانەی کەهەڵی سەنگاندون وەك مەحمود پاشا، تێبگەین. هەروەها ئەبێ زانیاری تەواویشمان هەبێت دەربارەی یاداشتەکانی کە رۆژانە نوسیویەتی بۆیە ئەبێ پێشەکی بڵاوکەرەوەی ئەم یاداشتانە بخوێنینەوە کە ژنەکەیەتی وە هەروەها پێشەکی لیوا (بەهادین نوری)یش کە وەریگێراوەتە سەر عەرەبی. لە کۆتاییدا بگەینە ئەو هۆیانەی کە وای کردوە ئەم پیاوە و خێزانەکەی ئەو هەمو پاساوانو دەستوپێوەندە هەڵسن بەم گەشتە، کە چەندەها مانگی خایاندوە. ئەو لە یاداشتەکانیدا ئەڵێ: بۆ رزگاربونمان لە گەرمای هاوینی بەغدا. بەڵام بەرێز بەهادین نوریو منیش هەردوکمان بۆ ئەوە ئەچین کە ئەوە روکەشەو ئەو کەشتە مەبەستی تری شاراوەی لە پشتەوە بوە بۆیە ئەگەر لە کۆتاییدا رای ئێمەش لەوبارەیەوە بزانین بێ سود نابێ، کەوابو بۆ ئەوەی لەو یاداشتانە بگەین بە چاکی ئەبێ ئاشناتان بکەم بە:

أ–مێژوی ژیانی میستەر ریچ

ب– پێشەکی بڵاوکەرەوە

ج– پێشەکی وەرگێڕی عەرەبی یەکەی

د– لە کۆتاییشدا راوبۆچونەکانی ئێمەش دەربارەی سەرجەمی گەشتەکە.

هـ– محمود پاشای بابان

## أ-"كورتەی ژیانی میستەر ریچ"

(کلودیوس جمیس ریچ)، نوسەری ئەم یاداشتانە، لە رۆژی ٢٨ی ئازاری ساڵی ١٧٨٧ز دا لە نزیکی (ریجۆن) کە سەر بە (بۆرگەندی)یە لە فەرەنسادا هاتۆتە دنیاوە. هێشتان منداڵ بوە کە براوە بۆ (بریستول) لە ئینگلتەرە وە لەوێ لەژێر چاودێری دایكو باوکیدا ساڵانی یەکەمی ژیانی بردۆتە سەر.

هەر لە منداڵیەوە نیشانەی زیرەکیەکی نائاسایی لێ دەرکەوتوە، وە لەکاتێکدا کەلە سەردەمی خوێندنی ئاساییدا بوە لەسەر دەستی یەکێك لە خزمەکانیدا بنچینەی زمانی لاتینیو یۆنانی فێر ئەبێ، خولیای فێربون وای لێ ئەکات کە بەبێ مامۆستا، هەر تەنیا لە رێگەی کتێبەوە چەند زمانێکی سەردەم فێر ببێت. لەتەمەنی هەشت یان نۆ ساڵیدا ئەبێت لە کتێبخانەی یەکێك لە پیاوماقوڵەکانی (بریستول)دا دەستنوسێکی عەرەبی ئەکەوێتە بەرچاو. بەوە ئارەزویەکی تەواوی ئەبزوێ بۆ فێربونی ئەو زمانە. وە هەر ئەوەش دەبێتە خۆشکەری گڕی ئەو حەزەی کە هەراسی پێ هەڵگرتبوو لە دەمێکەوەو لە مێشکیدا پەنگی خواردبوەوەو بڕیاری دابو کە لە هەمو شتێکی تر زیاتر بیهێنێتە دی، کە ئەویش ئارەزوی خوێندنی زانیاریە رۆژهەڵاتیەکان بووە، ئەو ئارەزوەی کە دەستێکی باڵای دەبێت لە داهاتودا بۆ ئاراستەکردنی چارەنوسی.

بەهۆی کتێبێکی رێزمانو فەرهەنگێك لەگەڵ هێندێك دەستنوس، کە لە (بریستول) لە میستەر (فۆکس)ی دەخوازێتەوە توانیبوی کە ئەو زمانە قورسە، واتە عەرەبی، رەوان بکات، نەك هەر بەنوسینو خوێندنەوە بەڵکو زۆر بەئاسانی و زمانپاراویش پێ ی بدوێت. وە کەتەمەنیشی ئەگاتە پانزەساڵ ئەو بیرەی کە

چەسپابوە مێشکییەوە وای لیٚ ئەکات بیٚ وەڕس بون بەردەوام کۆشش بکات بۆ بەدیهێنانیو پێشکەوتنێکی زۆریش لە چەندەها زمانی رۆژهەلاتدا لەوانە عیبریو کیلدانیو فارسیو تورکی.


کلۆدیوس جێمس ریچ

لەو سەردەمەدا ئێوەرەیەکی کە بۆ گەشتو گوزار چوبوە(کینکزدن) لە قەراغ شاری (بریستول) لەویٚ رێکەوتی پیاوێکی تورك ئەکات. وە بۆ ئەوەی بزانیٚ تا چەند ئەتوانیٚ بە زمانی تورکی بدوێت بە رادەیەك کە تورك زمانێك بتوانێت تیٚ ی بگات. لە پیاوەکە ئەچێتە پێشەوەو بە تورکی دەست ئەکات بەقسەکردن لەگەڵیدا. دوای ئەوەی کابرای تورکە پێخۆشحاڵی خۆی دەردەبڕێت و لە هەمان کاتیشدا سەرسوڕمانی لەوەی کە هەرگیز چاوەڕوانی نەئەکرد یەکێك ئاوا بە زمانەکەی خۆی لەگەڵیدا بدوێت، پیٚ ی دەڵێت ئیشی بازرگانیەو ئێستاش لە تەنگو چەڵەمەدایە چونکە ئەو پاپۆڕەی کە سواری بو بو لە کەناری ئیرلەندە دا تێك شکاوە.

میستەر ریچ یش لەخۆشی ئەوەدا کە تاقیکردنەوەکەی سەر دەکەوێت، وەك مژدانەیەکیش کە بیدات بەو پیاوە نامۆیە یارمەتی یەکی باشی دەدات.

ئەو بليمەتی یەی کە نیشانی دا لە فێربونی ئەو خوێندنانەدا، کە بەرلەو کەس خۆی لەقەرەی نەدابو توانی لەماوەیەکی کەمدا سەرنجی ناسیاوە نزیکەکانی راکێشێت میستەر– لەم دواییەدا دکتۆر– (مارشمان) ناسانی بە دکتۆر (رایلند) کە ئەوسا یەکێك بو لە ئایینناسە بەناوبانگەکانی ولات، لە رێگەی ئەویشەوە توانی پەیوەندی لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەدیبانی تری (بریستول)دا پەیدا بکات بەتایبەتی میستەر (فوکس) کە ریچ هەمیشە دۆستانە ناوی ئەبردو منەتباری چاکەکانی بو. بەتایبەتی بەهۆی رێنمایيو کتێبخانەکەی ئەوەوە نەبوایە نەی ئەتوانی لەوسەردەمەدا ئەو پێشکەوتنانە لە خوێندنە رۆژهەلاتیە دلگیرەکانیدا بەدەستی بهێنێت. جا هەرچەندە توانیبوی سەرنج بۆ ئەو خوێندنە نائاساییانەی رابکێشێت، لەهەمانکاتیش دا بەگشتی کەمتر لەوە خەریکی پێگەیەندنی خۆی نەبو. بۆیە لەوتەمەنە کەمەشدا دارایی رەوشتێکی جوانی بەخشندەی بەرز بوەو درێخی نەکردوەلە پیاوەتی و کرداری چاکەداو رێ ڕەوی ئەو خوێندنەی گرتبویە بەر، بۆخۆیو کەسانی تریشی دەرخستبو کە هیندستان باشترین شوێنە کەلە دوا رۆژدا ئەو هەڵکەوتوییەی تێدا دەرکەوێت. بۆیە لە سالی ١٨٠٣ز دا یەکێك لەو هاوڕێ یانەی کەبە تەنگیەوە بو توانی لای شەریکەی هیندی رۆژهەلات بۆی تێ بکەوێتو بە قوتابیەکی جەنگی لە سوپادا دابیمەزرێنێت وە دوای ئەوەی کە ئەو هاوڕێ یەی دامەزراندنەکەی پێ رادەگەیەنێت پێ ناخۆشی خۆی بۆ دەرئەبڕێت کە نەیتوانیوە لەوە باشتر دای مەزرێنێت.بەلام میستەر ریچ بەوەلامەکەیدا دەرىدەخات کە چەند پشتی بەخۆی قایم بوە چونکە زۆر بەخۆشیەوە پێ ی ئەلێتەوە هەر ئەوەندە بیەڵن بگەمە هیندستان، ئیتر ئەوی تری بۆ خۆم بەجێ بهێڵە. بەو شێوەیە مەیدانی بەرینی ئیشکردن کەتا ئەوسا هەر لەمێشکیدا خولی دەخوارد، یان با بڵێین دور بو لێوەی، هاتە بەردەستی. بەوە مێشکی پڕبو لەو خەیاڵە

ڕۆشنانەی کە ئاواتی لاوێتی دەیانهەژێنێت. خێرا چو بۆ لەندەن و لەوێ سەری لە دائیرەی هیندستان دا تا ئەوەی پێویستە لەسەری بیکات.

پێش ئەوەی فەرمانەکەی بگرێتە دەست لەوماوەیەدا (ڕۆبەرت هۆل)ی بەناوبانگ نامەیەك دەنوسێت بۆ (سێر جێمس ماکنتوش)ی هاوڕێ کەوا لێرەدا هێندێکی لێ وەر ئەگرین چونکە لە هەمو شتێکی تر باشتر ئەو هەستە دەردەخات کە میستەر ریچ بەجێ ی دەهێشت لە دڵی ئەوانەدا کە ڕێکەوتی دەکردن تەنانەت لەوتەمەنە منداڵی یەشیدا.

**"شیفورد. نزیك کەمبرج ۳۰ی کانونی یەکەمی ۱۸۰۳".**

بفەرمون بەر لەوەی کۆتایی بەنامەکەم بهێنم، سەرنجتان بۆ لاوێك رابکێشم کە ناوی میستەر (ریچ)ەو وەك قوتابیەکی جەنگی لەهەمان ئەو پاپۆڕەدایە کە ئێوە دەبات بۆ بۆمبای، خەڵکی (بربستول)ەو لەم دواییدا خۆشحاڵ بوم بەناسینی. لاوێکە دارای توانایەکی نائاساییە، بەبێ یارمەتی، یان بابڵێن بەکەمێکی توانیویەتی لە زمانەکانی ڕۆژهەڵات عیبریو کیلدانیو فارسیو عەرەبیو تورکی فێر بێت جگە لەلاتینیو فەرەنسی لەگەڵ نەختێك شارەزاییش لە زمانی چینییدا کە توانیویەتی نیشانەکانی هەڵبهێنێت ئەمانە هەموی فێر بوە لەکاتێکدا کە هێشتا تەمەنی لە چواردە ساڵ تێ نەپەڕیبو. "ئێستاش لەتەمەنی حەڤدەساڵیدایە، حەزێکی بێ شوماری بە چونی هندستانە تاوەکو خۆی نوقمی ئەوخولیا زۆرەی بکات کەهەیەتی لەگەڵ ئەدەبەکانی ڕۆژهەڵاتدا، بۆیە دوای دەردی سەرییەکی زۆر توانیویەتی لەم دواییەدا ببێت بە "قوتابیەکی جەنگی" ئەم لاوە لە خێزانێکی بەڕێزەو هەتا بڵێیت

لێهاتوه. جا ئەگەر بەچاکتان زانی شەرەفی ناسینی خۆتانی پێ ببەخشن ئەوا منیش دڵنیاتان ئەکەم کە واتان لێ نەکات لەو چاکەیەتان پەشیمان ببنەوە".

لەوکاتەدا کە میستەر (ریچ) لە دائیرەی هندستان چاوەڕوان ئەکات میستەر (والان سیر چارلی ویڵکنس) کە ناوبانگێکی زۆری هەبوە لە زمانە رۆژهەڵاتیەکاندا، هەست بە تواناى ئەم قوتابی یە سوپاییە دەکات لە زمانە رۆژهەڵاتیەکاندا وە دوای تاقیکردنەوەی بۆی دەرئەکەوێت کە توانای زۆر لەوە زیاترە کە چاوەڕوانی ئەکرد، بەبەراورد لەگەڵ چۆنیەتی فێربونی بۆ ئەو زمانانە، بۆیە ئەوەندەی پێناچێت کە پێشکەش بە ئەنجومەنی کارگێڕی ئەکات و وەك لاوێك کە دارایی توانایەکی دەگمەن‌و بێ هاوتا کە شایستەیی هەمو کاروفرمانێك بێ کە پێ ی بسپێردرێ لە ژێر چاودێرییاندا.

لەسەر ئەوپێشنیارانەی کە کرابون دەربارەی لێوەشاوەیی میستەر ریچ بەرێزلێنانێکی تەواوەوە خوالێخۆشبو (ئەدوار باری) دایئەنێت بە نوسیار لە دامەزراوەی (بۆمبای)دا. بەو شێوەیە کارکردنی لەو دەزگایەدا رێ ڕەوی لە خزمەتی سوپاییەوە ئەگۆڕێت بۆ مەدەنی. وە بۆ ئەوەی بە چاکی زمانی عەرەبی‌و تورکی رەوان بکات کەلەوەو بەر پێش کەوتنێکی چاوەڕوان نەکراوی تیایاندا بەدەست هێنابو، ئەیخەنە دەستەی سکرتێرایەتی میستەر (لوك)ەوە کە ئەوکاتە بەڕێوە ئەبێت بۆ میسر وەك قونسوڵی گشتی بەریتانیا. وە ئەو وەزیفەیەی کە درابویە بۆی هەڵئەگیرێ بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە بەوکارەوە خەریك ئەبێت، هەر وەکو لە هندستان درابێتە دەستی کە شەریکە لەوەوبەر ئەوەی بۆ کەس نەکردبو. لەسەرەتایی ساڵی ١٨٠٤ز دا بە پاپۆڕێکی بارهەڵگر کە ناوی هندستان

ئەبێت بەرەو دەریای سپی ناوەڕاست ئەکەوێتە ڕێ تا لەوێ لەگەڵ میستەر (لوك)دا یەکبگرێتەوە. بەڵام ئاگر بەرئەبێتە پاپۆڕەکەو ناچار مستەر ریچو پاپۆڕەوانەکان خۆیان ئەگەیەننە کەناری (قاتالوینا)و لەوێوە بەیارمەتی یەکێك لە هاوڕێیانی (بریستول)ی کەلەدەستەی لەرزۆکەکان [1] ئەبێت ئەچێت بۆ (ماڵتا). ماوەیەکی زۆر لە ئیتاڵیادا ئەمێنێتەوە،تێدا بەچاکی فێری زمانی شیرینی ئیتاڵی ئەبێت، هەروەها لەوماوەیەشدا خویەکی تەواویش ئەداتە فێربونی مۆسیقا، ئەو هونەرەی کە بەدرێژایی ژیانی بەوپەڕی جۆشو خۆشیەوە پەرەی پێ ئەدا.

ئیتاڵیا لە هەمو وڵاتێکی تر کەسەری لێ دابون زیاتر ئەگونجا لەگەڵ ڕێ ڕەو و بیری ئەوداو بەسۆزەوە یادی ئەوسەردەمەی ئەکردەوە کەلەوێ بوە. بەر لەوەی کارەکەی بگرێتە دەست. میستەر (لوك)کە هاوڕێ ی خۆشەویست و دڵسۆزی بو، ئەمرێت. ئەوە وائەکات کە ئەنجومەنی بەڕێوەبەران ماوە بدەن بە میستەر ریچ کە کوێ بەباش ئەزانێ بۆ هێنانەدی ئامانجەکەی رو بکاتە ئەوێ. بەپێ ی ئەو تەگبیرە بە نرخانەی کە میستەر (ویلکنس) بۆی کردبو، لە ماڵتاوە رو ئەکاتە ئەستەنبولو لە ڕێگا بە دورگەیەکی زۆری یونانیدا تێ ئەپەڕێت.

لەکاتێکدا کە پاپۆڕەکەیان بە ئەرخەبیلدا ئەرویشت رۆژێکی پاپۆڕێك کە گومان لە رواڵەتی ئەکرا روەو ئەمان دێت هەمو بۆ ئەوە ئەچن کەچەتەی دەریا بن. بۆیە ئەوەی پێویست ئەبێت بۆ بەرگری ئەیکەن. بەڵام کە بەچاکی نزیك ئەبێتەوە، بۆیان دەرئەکەوێت کە پاپۆڕێکی بازرگانی تورکیە لەبەر ئەوە میستەر ریچو تاقمێکی تریش ئەگوێزنەوە ناوی. ئەوەندەی پێ ناچێت کەلەسەر پشتی پاپۆڕە تازەکە هەست ئەکات کە پیاوێکی پۆشتەو پەرداخی تورك هەر لێ ی ورد ئەبێتەوە. لە دواییدا تورکەکە لێ ی نزیك ئەوبێتەوەو پێ ی ئەڵێت:

من وەك تۆ بناسم وایە.

میستەر (ریچ) یش وەڵامی ئەداتەوە:- منیش لەو بڕوایەدام کەلەمەو بەر تۆم دیبێت. دوای لەیەك گەیشتن بۆی دەرئەکەوێت کە ئەمە ئەو پیاوەیە کە وەختی خۆی میستەر (ریچ) لە بریستول فریای کەوتبو. دوای ئەوەی میستەر ریچ ماوەیەك لە ئەستەمبوڵ ئەمێنێتەوە ئەگوێزرێتەوە بۆ ئەزمیر. لەوێ لەگەڵ لاوە تورکە هاوتەمەنەکانیدا ئەچێتە قوتابخانەیەکەوە بۆ فێربونی وردەکاری نوسینو خوێندنەوەی زمانی تورکیو قوڵ بونەوە لە زانیاریە ئیسلامیە جۆربەجۆرەکاندا. لەو ماوەیەدا چەندەها گەڕانی گرنگ ئەکات بەئاسیای بچوکدا. لە دواییدا ئەکرێت بە یاریدەدەری کولونیل (میسیت) قونسوڵی گشتی بەریتانیا لە میسرو لە ڕێگەی (قوبروس)ەوە ئەچێت بۆ ئەسکەندەریە. سودی مانەوەی لە میسردا ئەوە ئەبێت کە ئەتوانێ زمانی عەرەبیو چی لەهجەش کە هەیەتی بەتەواوی ڕەوان بکاتو لەهەمان کاتیشدا ئەو دەستبەتاڵیانەی کە ئەیبێت لە مەشقی سواریو بەکارهێنانی شیرو ڕم دا بەسەری ئەبرد ئەو دو چەکەی کە مەمالیکەکان ناوبانگیان لە بەکارهێنانیاندا دەرکردبو. مایەی سەرسوڕمان نەبو بۆ یەکێکی وەکو ئەو کە جگە لە ڕەفتاری پیاوانەی ئەو هەمو زیرەکیو ڕەوشتە ناسکەو ڕۆحە سوکەشی هەبێت کە ڕێزو بایەخی کولونیل (میسێت) بەدەست بهێنێت زیاتر لە هەمو ناسیاوە ئەوروپاییەکانی تریو هەمو ماتەمینی دایانبگرێت بۆ جیابونەوەی کاتێك کە ئەوکارەی بۆی هاتبو بۆ میسر تەواو ئەبێت. کە وەختی گەڕاندنەوەی دێت، بڕیار ئەدات کە بە وشکاییدا بچێت بۆ کەنداوی عەرەب، بۆیە لەبەرگی مەملوکیکدا میسر بەجێ دێڵێتو بە زۆربەی ناوچەکانی فەلەستینو سوریادا ئەگەڕێت. پشت بەوشارەزاییە چاکەی کە ئەیبێت لە زمانو ڕەفتاری تورکدا زات ئەکات کە سەری

دیمەشق بدات لە کاتێکدا کە زۆربەی کاروانی حەجاجەکان، کە بەڕێوە ئەبن بۆ مەککە، لەوێ گرد بوبونەوە. وە لەوێ ئەچێتە مزگەوتی گەورەشەوە کە ئەوە لەو رۆژەدا کارێك ئەبێ، ئەگەر بیانزانیایە گاورە، ببوایەتە هۆی لەناوچونی. خانە خوێکەی کە تورکێکی سینەساف ئەبێت بەڕادەیەك ئەوی بەدڵدا ئەچێت کە سامانو کاسبیەکەی ئەخاتە بەردەستو ئامادە ئەبێت کە کچەکەشی لێ مارە بکات هەر بۆ ئەوەی وای لێ بکات کەلە دیمەشق بمێنێتەوە. لە حەڵەبەوە بە ماردینو بەغداد دا ئەچێت بۆ بەسرەو لەوێشەوە بەئاودا بەرەو بۆمبای ئەکەوێتە رێو لە سەرەتای مانگی ئەیلولی ١٨٠٧ز دا ئەگاتە ئەوێ.

ئەوەبو وتمان کە بەڕێز (روبەرت هۆل)ی قەشە میستەر ریچ ی بە (سیرجیمس ماکنتۆش) ناسی کاتێك کە چاوەڕوان ئەکرا لەهەمان پاپۆڕدا لە گەڵیدا بچێت بۆ هندستان. بەڵام کە رێ ڕەوی میستەر (ریچ) ئەگۆڕێت. بەرلەوەی پاپۆڕی هندستان بڕوات بەماوەیەکی کەم سەر لە سیر(جمیس) ئەدات لە نیشتە جێگەکەی لە (راید) کە چاوەڕوانی چونی ئەکرد بۆ هندستان. لەوەوە پەیوەندی لە نێوانیاندا پەیدا ئەبێت تەنانەت کە میستەر ریچ ئەچێتە بومبای لای ئەو میوان ئەبێت. جا ئەتوانێت ئەنجامی ئەو پەیوەندیە لەم واتا نەی (سێر جێمس)ەوە هەڵیەنجێنن کە لە نامەیەکدا نوسیویەتی بۆ یەکێك لە هاوڕێکانی:.

لەوانەیە لەبیرتان مابێت کە لە رۆژنامەکانی ساڵی ١٨٠٣ز دا نوسرابو، گوایە میستەر (باری) بەڕێوەبەری ئێستای شەریکە، میستەر ریچ ناوێکی داناوە بە نوسیار نەك بۆ مەبەستێکی تایبەتی یان لەبەر ئەوەی ناسیاوە. بەڵکو تەنیا لەسەر راپۆرتێك کە میستەر (ویلکنس)دابوی دەربارەی ئەو توانا سەیرەی کە ئەولاوە هەیبو لە زمانەکانی رۆژهەڵاتدا. جا هەر ئەولاوە ئەچێت بۆ ئەسکەندەریە

چونکە ئەیکەن بەیارمەتیدەری میستەر (لوك) کە دانرا بو بە قونسول لەویٚ. وە هەر کە ئەم ئەمریٚت ئیتر (ریچ) دەست ئەکات بە سوڕاندنەوە بەم لاولادا هەتا وای لیٚ دیٚت زۆربەی ناوچەکانی ئاسیایی تورکی ئەگەڕیٚت. لەو هەمو گەڕانەشدا ئەوەی کەپیٚ ی بوە تەنیا قەڵەمیٚكو چاوی هونەرمەندیٚك بوە لەگەڵ شەخسیەتو ئازایەتیدا، ئەو دوشتەی کە گەریدە زۆر پیٚویستی پیٚیانە لە وڵاتی (درندە)دا. رادەی شارەزایی لە نەریتو زمانەکانی رۆژهەڵاتدا گەیشتبوە پلەیەك کەلەبەرگی تورکیٚکی گورجستانیدا چەند هەفتەیەك لە دیمەشقدا ئەمیٚنیٚتەوە لەناو ئەو هەزاران حەجاجەدا کە بەرِیٚوە ئەبن بۆ مەککە بیٚ ئەوەی کام موسڵمان زۆر بەدینو وریاو درِە گومانی لیٚ بکات. ئەوەی ئەوی بەمن ناسی میستەر (هول)ی هاورِیٚم بو هەروەها چەند نامەیەکیشم لیٚوەی پیٚ گەیشتبو. منیش بانگم کرد بۆ ماڵی خۆمان وە کە لەسەرەتایی ئەیلولی/ ساڵی ١٨٠٧ز دا گەیشتە دورگەکەمان (بومبای) لە ماڵی ئیٚمە میوان بو. ئەوەی کە لیٚمان دی زۆر لەوە زیاتر بو کە چاوەرِوانمان ئەکرد، بۆمان دەرکەوت کە ئەو شارەزاییەسەیرەی کە هەیەتی لە زانیاریەکانی رۆژهەڵاتدا لایەنیٚکی کەمی بەهرەکانیەتی. جاریٚ هەتا بڵیٚیت ئەدیبیٚکی بەدەسەڵاتە لە زمانە کلاسیکیەکاندا، فەرەنسیو ئیتاڵی بە نوسینو خویٚندنەوە وەك چاکترین رۆشنبیری ئەو دو زمانە ئەزانیٚ. لە پاڵ شەخسیەتە پتەوەکەیداو ئەو رواڵەتو رەوشتە جوانەی کە هەیەتی، کامڵیو روح سوکیش لە هەمو کرداریٚکی دا بەدی ئەکریٚت ئیتر بۆ پیاوەتیو زیرەکی و هەستی ناسكو قسەی خۆشی ئەوە هەر باس ناکریٚ. دڵخۆشم کە زانینو لیٚهاتوی گەیشتۆتە رادەیەك بیخەمە ریزی فەیلەسوفەکانەوە وە بەلای منەوە ئەهیٚنیٚ کە لەلایەن (دوکلاس ستیورات)ی هاورِیٚمانەوە پیٚشنیار بکریٚت بۆ وەرگرتنی لە (پەیکەری

حیکمەت). بەجێم هێشت کە چوم بۆ (ملبار)بۆ لای (ئارسکینی)ی فەیلەسوفی هاوڕێم کە ئەو کاتە خەریکی دانانی کتێبەکەی (فەلسەفەی بیری مرۆڤ) بو. کەلەسەفەرەکەم گەڕامەوە سەیرم کرد ئەو قوتابی فەلسەفەیە ئەیەوێت ببێت بە زاوام. جا هەر چەندە نەك هەر دەوڵەمەند نەبو بەڵکو بێکاریش بو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەو بڕوایەدام کە گومانت لەوە نەبێت کە زۆر بەمەمنونیەوە رازی بوم کە کچە گەورەکەمی بدەمێ. چونکە لەو ماوەیەدا توانیبوی پەی بەرێت بەهەستی بەلێشاوی ئەم کچەو ئەو ساکاریو داوێن پاکیو سروشتە ناسکەی کە هەیەتی، وە ئومێدەواریشم کە ئەوانە بکاتە سەرچاوەی بەختیاری بۆ مێردەکەی تا لە ژیاندا بێت. دوای ئەوە بەماوەیەکی کەم بەرژەوەندی گشتی وای پێویست کرد کە نوێنەرێکمان هەبێ لە بەغداد. رای هەموان لەسەر ئەوە یەك بو کە میستەر (ریچ) تەنیا کەسێکە کە شایستەی ئەو جێگەیە بێتو بڕیاری دامەزراندنەکەشی دەردەکەن وە ئەوە دوهەمین جاری ئەبێت کە پلەی بەرزبکرێتەوە بەر لەوەی تەمەنی بگاتە بیستو چوارساڵ. تەنیا لەبەر لێهاتوی خۆیو هیچی تر. وەدوای ئەوەی کچەکەمی مارە کرد بەیەکەوە بەرەو بەغدا کەوتنە رێ، هەروەها لە نامەیەکی تردا، کە هەر لەودەورو بەرەدا بۆ میستەر (هۆڵ)ی نوسیوە تیایدا ئەڵێت ئەو (ریچ)ەی کە تۆ ستایشت بۆ کردبوم، بوبە زاوام. بەڕاستی زاوایەکە کام دایكو باوك زۆر کچەکەیان خۆش بوێتو بەتەنگیەوە بن سێو دو لەوە ناکەن کەچارەنوسی بخەنە دەستیەوە. بەڵام (ریچ) هەر بەماوەیەکی کەم دوای ئاهەنگی ژن هێنانەکەی کە لە رۆژی ٢٢/کانونی دوەمی/١٨٠٧ز دا ئەبێت ئەچێت بۆ نیشتەجێگەی کە بەغداو بەسرەی ئەگرتەوە بەڵام ئەو بەغداد هەڵئەبژێرێ بۆ دانیشتن چونکە جگە لەوەی کە نیشتەجێ ی پاشابو کەوتوبوشە ناوەڕاستەوە کە

ئەوە وای ئەکرد بتوانێت باشتر کاروبارە رامیاریەکانی لەگەڵ پاشایەتیدا ئەنجام بداتو هەروەها ئاگاداری کەینو بەینی ئەوسەردەمەیی ئەوروپاش بێت کەپڕ بو لە روداوی گرنگو ئەوە چاوەڕوان ئەکرا کە (ناپلیۆن) ئینگلتەرەو هندستان داگیر بکات. بەهۆی گیانی بەرزو دوربینی لەکاروباری رامیاریداو شارەزایی تەواوی لە نەریتی خەڵکیداو بەخشندەییەوە هەر زۆر زو توانی بچێتە دڵی خەڵکیو کار بەدەستانی ئەوێوە و جێگەی رێزگرتنێکی قوڵو متمانەیان بێت. هەر وەك باوبو لەفەرمانڕەوای تورکدا، لە سەردەمی نیشتەجێ ی ئەودا، چەند شۆڕشێکی حوکومی بەرپابو و ئاڵوگۆڕیش لەپاشاکاندا کرا.میستەر ریچ بەهۆی ئەو رەوشتە بەرزەوە کەهەیبو توانی داڵدەی زۆر کەس بدات لەماڵەکەیدا، لەوانەیکە ژیانیان لەمەترسیدا بو لە ئەنجامی ئەو کودتا رامیاریانەوە تەنانەت هیندێك جاریش، ئەو داڵدەیەی، کەکەس زاتی نەئەکرد دەستدرێژی بکاتە سەر، ئەدا بەخێزانی بەزیوەکان کە رزگاریان نەئەبو ئەگەر ئەو داڵدایە نەبوایە. مایەی ئاسودەییوبەختیاری بو کە ئەنجامی ئەو دادپەروەریە رەسمیەی خۆی ئەدیەوە، لەوانە هیندێك جار خەڵکی بڕوایان بە بەڵێنی پاشاو پیاوماقولەکانیان نەبو ئەگەر ئەو دەستەبەریان نەبوایە.

شەش ساڵی لە بەغدادا بەسەر برد بێ ئەوەی هاودەنگێکی ئەوروپی هەبێت، جگە لە ژنەکەیو میستەر (هاین) نەبێت، کە برینکاری نیشتەجێو یاریدەدەریشی بو. وە هەر کەلە کارە رەسمیەکانیشی ببوایەتەوە ئیتر ئەوە هەمیشە هەر خەریکی پەرەپێدانی ئەوباسانە بو کە پڕ بەدڵ حەزی پێ ئەکردن. بۆ مێژوی پاشایەتی بەغدادو کاروباری جوگرافیو سەر ژمێری چی سەرچاوە پێویست ئەبێت کۆی ئەکاتەوە.وە هەروەها دەست ئەداتە پێکهێنانی کۆمەڵێك دەستنوسی

رۆژهەڵاتی کە لە پێناوی بەدەستهێنانیاندا بەتەنگ ئەرکو پارەوە نەهاتوە. وە لەکاتی خۆیدا تێکستێکی ئەو کۆمەڵەیەی لەچەند ژمارەیەکی گۆڤاری (کانەکانی رۆژهەڵات)دا کە لە (ڤییەننا) دەردەچو بڵاوکردەوە. ئەو گۆڤارەی کە راستترین بەڵگەی تیدایە بۆ رادەی ئەو سەرکەوتنانەی کە بەدەستی هێنابون لە لێکۆڵینەوەکانیدا. وە هەروەها ژمارەیەکی زۆریشی لە نیشانو سکەی کۆنو خشڵو بەردی بەقیمەتو هینی نەخشاو ئەدۆزێتەوە لە بابلو نەینەواو تەیسەفون و بەغداد دا. سەردانێکی بابل ئەکات تا لەو کەلاوانە بکۆڵێتەوە کەلەو شارە کۆنە بەجیٚ ماونو ئەنجامی تێبینیەکانی ئەکا بەکتێبێك بەناوی (یاداشت لەسەر کەلاوەکانی بابل). کەبۆ یەکەم جار لە گۆڤاری (کانەکانی رۆژهەڵات)دا بڵاوی ئەکاتەوەو لە دوایدا لەئینگلتەرە لە چاپ ئەدرێت. گۆڤاری (ئەدنبەرە ریڤیو) ستایشێکی شایستەی ئەم کتێبەی کردوە کە ئەڵێت: گێڕانەوەیەکی ساکاری بیٚ پێچو پەنایە بۆ ئەوانەی کەدیویەتی لەسەردانێکی کورت دا. وە ئەوەی بەسە خاڵیە لە لێکۆڵینەوەو بۆچونی هەرەمەکی کە ناتگەیەنێتە ئەنجام. هەروەها باشترین بەڵگەشە بۆ دەستی باڵای دانەر لە زانیاریە رۆژهەڵاتیە کلاسیکیەکاندا. ئەو کەنارە گیرییەشی لە خۆهەڵکێشانو باڵ پیانانی بوچ ئەنجامێکی سروشتی بڵندی پایەیەتی لە زانیندا.

بەماوەیەکی کەم دوای ساڵی ١٨١٦ز مێجەر (رەنل) رۆژنامەیەکی بەناوی (ئەرکیئولوژیا)وە دەرکرد. تیادا دەربارەی نەخشەیی بابلی کون چەن تێبینیەکی لەسەر دۆزینەوەو دیتنەکانی کلودیوس جمیس ریچ بڵاوکردبوەوەو گومانی لە هێندێك بۆچونەکانی کردبو. بۆیە میستەر ریچ جارێکی تریش ئەچێتەوە بۆ بابل بۆ ئەوەی دوبارە لە شوێنەوارەکان وردبێتەوە و بزانی ئەو گومانانە تا چ رادەیەك

راستن. وه ئەوەبو له سالّی ١٨١٨ز دا كتێبی (یاداشتەكانی دوهەم لەسەر بابل) لە لەندەن بڵاوئەكاتەوە، كە لەسەر ((تێبینیەكانی مێجەر رەنل))ەو تێدا بەراوردی روخساری كۆنی بابلو ئەو شوێنەوارانە ئەكات كەتا ئێستاش لەشوێنەكانیاندا ئەبینرین. لەم یاداشتانەشیدا ئەگاتە هەمان ئەو ئەنجامانەی كەلەوە بەر گەیشبویەو هەروەها تێكستێكی بەنرخی بەجێ ماوە كۆنەكانی بابلیشی ئەخاتە سەر كە بەوێنەی هەڵكەندراو رازێنرابوەوە. ئەم یاداشتانەی دوهەم لە هەمو شوێنێكی ئەوروپادا بە بایەخێكی زۆرەوە پێشوازی كرا. چونكە روناكیەكی تازەی ئەخستە سەر ئەم باسە كە گرنگ بو بەلای هەمو خوێندەوارانی."مێژوی پیرۆز واتا كۆنەوە".

لە كۆتایی سالّی ١٨١٣ز دا بەهۆی نەخۆشیەوە میستەر ریچ ناچار بو كە نیشتەجێ ی بەغداد بەرەو روی میستەر (هاین) بكاتەوەو خۆیو ژنەكەی بچن بۆ ئەستەنبول وە لەوێ ماوەیەك ئەمێنێتەوەو تیادا میوانی میستەر —ئێستا—(سیر رۆبەرت لیستن)ی هاورێ ی ئەبێت كە ئەوكاتە بالیوزی بەریتانیا ئەبێت لە ئەسینا. زۆر هۆی تر وا ئەكات كە درێژە بدات بەسەفەرەكەیو بەسەر بولغاریاو وڵاتەكانی بەلقانو مەجەردا تێ بپەرێ تا فیەنناو لەوێشەوە بچیت بۆ پاریس كەهەر ئەو ساتە سوپای سوێندخوارەكان داگیریان كردبو. جگە لە سەردانێكی كورتی (بازل) بو ئەوەی چاوی بە (سیر جمیس ماكنتوش) بكەویت كە جگە لە هاورێ یەتیان خەزوریشی ئەبێت. ئەگینا هەر لە(باریس)ی پایتەخدا ئەمێنێتەوە. لەوماوەیەدا هەلی چاوپێكەوتنی ئەو گەورە پیاوانەی بۆ هەڵئەكەوێت كەلەو رۆژە پڕ مەترسیانەدا لەوێ كۆبوبونەوە. تا (بوناپارت) ئەگەڕێتەوە ئیتر پەرشوبڵاو ئەبنەوەو هەریەكەیان ئەگەڕێتەوە بۆ لای سوپاو وڵاتی خۆی. لەگەڕانەوەیدا بۆ

بەغداد میستەر ریچ بەسەر سویسرەو میلاندا ئەڕوات تا ئەگاتە ڤێنسیاو بۆ دواجار بە ناچاری خواحافیزی لە ئیتاڵیا ئەکات. ئینجا ئەپەڕێتەوە بۆ (تریەستە)و لەوێوە بەڕێگای (کورفو)و ئەرخەبیلدا ئەچێت بۆ ئەستەمبوڵ. لە رێگە بەسەر ژمارەیەك لەو دورگانەدا تێ ئەپەڕێو دائەبەزێت لێ یان تا سەیری شوێنەواری (تەروادە)ی کۆن بدات. لە ئەستەمبوڵیشەوە بەڕێگای ئاسیای بچوکدا دێتەوە بۆ بەغدادو بەپێ ی توانا هەوڵیش ئەدات کەلەو رێگانەوە نەیەتەوە کە پیادا رۆیشتوە بۆ ئەوروپا. وە لەو رێگایانەدا زۆرتر سەرنجی ئەدایە جەگرافیای وڵاتەکان، بەتایبەتی شوێنی زنجیرە شاخەکانیان وە کە لە (وادی الرافیدەین) نزیك ئەبێتەوە سەری کڵێسەکانی سریانو کلدانیەکان ئەداتو هەوڵیش ئەدات کەبزانێ چین ئەو رەگەزە نامۆیەی کەیەزیدیان پێ دەڵێن. وەهەر کە ئەگاتەوە بەغداد وەك پێشو دەست ئەکاتەوە بەکۆکردنەوە. لەماوەی ئەو پێنج ساڵەدا کەلەوێ ئەبێت ئەوەندە دەستنوس ئەخاتە سەر ئەوانەی پێشوی کەکەس لە رۆژهەلاتدا کۆمەڵەیەکی وا فراوانو بەنرخی نەبێت، کەبێ گومان بونی لە بەغدادا زۆر یارمەتی ئەدات لەگەیشتنیدا بەو ئەنجامە. وە هەروەها پەرەیەکی زۆریش ئەدات بە ژمارەی ئەو سکانەی کە هەیبون لە یۆنانیو بەرتیو ساسانیو ئیسلامی لەگەڵ بەردی بەقیمەتو بەردی هەڵکەندراو وە بەتایبەتی لولە بابلیەکان. هەر لەو ماوەیەدا ئەبێت کە بۆجاری دوهەم سەری بابل ئەدا. ئەوسەردانەی کەلەمەوپێش باسمان کرد. لەساڵی ١٨٢٠ز دا تەندروستی وا پێویست ئەکات کە ئاوهەوا بگۆڕێت. لەبەر ئەوە هەڵئەستێت بە گەشتێك بۆ کوردستان. ئەو گەشتەی کە روداوەکانی لەم رۆژانە نوسینانەدا کۆکراونەتەوە. لەگەڕانەوەدا سەرێکی تری کڵێسەی گاورەکان ئەداتەوە لە شوێنی کلدانیەکانی خۆیاندا بەتایبەتی ئەوانەی لەوەو بەر

نەپیەرژابو کە سەریان بدات. وە هەروەها توانیبوشی ژمارەیەك دەقی سریانیو کلدانی کۆنی بەنرخی کتێبی پیرۆز کۆبکاتەوەو بیانخاتە کتێبخانەکەیەوە. ئەوە جگە لەچەند دەستنوسێکی دەگمەنی تریش. لەو رۆژانەدا بڕیاری وابو کە بچێت بۆ بۆمبای چونکە فەرمانڕەوای ئەوێ بەڕێز (ماونت ستیوارت ئەلفستن) دایئەمەزرێنێ لەسەر کارێکی گرنگ. بەڵام بەرلەوەی بڕوات بەفەرمانی پاشا (واتا داود پاشا والی بەغدا –و.ك)ئەبێت یان بەهاندانی، هێرشێکی ناڕەوای توند ئەکرێتە سەر نیشتەجێ، بەڵام بە زەبری چەك میستەر (ریچ) توانی کە بەربەستی ئەو هێرشە بکات. ئینجا ئەچێت بۆ بەسرەو لەوێ ئەمێنێتەوە هەتا ئەو زیانانە ئەبژێرن کە دابویان. وە بۆ ئەوەی ئەو ماوەیەی کە چاوەڕوانی ڕێنمایی حوکومەتەکەی ئەکرد بەفیڕۆ نەچێت هەڵئەستێت بەسەردانێکی (شیراز)و سەر گۆڕی (کۆرش)و ئەو شوێنەوارە کۆنانەی تریش کە هەبون لەو دەوروپشتە. کاتێك کەلە شیراز ئەبێت تاعونێکی کوشندەی وا بڵاوئەبێتەوە کە مەترسی ئەخاتە دڵی هەمو دانیشتوانی سەر زەمینەوە. لە ماوەی چەند رۆژێکدا شەش هەزار کەس لە دانیشتوانی شارەکە, کە ژمارەیان چل هەزار کەس ئەبێت، لەناو ئەبات. ئەوە وا ئەکات کە میری شارەکە بەخۆیو خاوخێزانیەوە لەگەڵ پیاوماقوڵو دەوڵەمەندەکانو ئەو دەست کورتانەش کەلە توانایاندا بوبێت شارەکە بەجێ بهێڵن. بەڵام میستەر (ریچ) بەلایەوە نەنگ ئەبێ کەوەك ئەوان بکات، نەك هەر ئەوە، بەڵکو بە هەمو تواناشیەوە دەرمانی پێویستی ئەدا بەنەخۆشەکانو زاتی ئەنایە بەر خەڵکەکە و زۆر بەوە شادمان بو کە ئەیدی ئەوانەی ئەو فریایان ئەکەوت چەند چاولەبەرو سوپاسگوزاربون. بەڵام پەتاکە کەڵبەی گیرانە ئەمیشو نیشانەکانی تاعونەکەی لێ ی دیاری دا کاتێك کەلە حەمام هاتە دەرەوە لە رۆژی (٤)ی مانگی تشرینی

یەکەمدا. جا هەرچەندە ئەوەی لە تواناداا بو لە فریاکەوتنو داودەرمان بۆی کرا بەڵام لە بەیانی رۆژی دواتر واتا لە پێنجی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢١دا گیانی سپاردو لە (جیهان نەما) لەیەکێك لە باخەکانی شاهانەدا کەلەویٚ نیشتەجیٚ بو، بەخاك سپێردراو پەیکەرێکی خۆشیان بۆ داتاشی تا لەبیر نەچێتەوە. ئەمە کورتەی برشتی ئەم کەڵەپیاوە بوە جگە لە هەڵکەوتویی‌و ئاغریی‌و شارەزایی. وتەکورتو پڕ ماناکانی دوکەسایەتی وەك (رۆبەرت هۆڵ)و (سێر جێمس مەکنتوش) کە کورتەی ژیانی ئەم پیاوەیان نوسیوە وامان لێئەکات کە پێویستمان بەدوپاتکردنەوەی نەبیٚ بەقەڵمی کەسانێك کە ناگەنە توانای ئەو دوانە، کەم کەس هەبو کە ریچی ناسیبیٚ گیرۆدەی رەوشتی بەرزی و دڵی بەلێوەشاوییە دەگمەنەی نەکرایەتەوە. ئەو خێراییەی کە زمانو هونەرەکانی پیٚ فێر ئەبو بەهرە بو زیاتر وەك لە کۆشش. لە ئاخروئۆخری ژیانیدا دەستی کرد بە رومالٚو نەخشەکێشانی ولاتانی عەرەبی کەسەر بە دەولەتی عوسمانی بون بەو ئاسانیەی ئەیتوانی زانیاری ماتماتیکی بالا بەدەست بهێنیٚ کە بۆ ئەو کارەی پێویستی پیٚ بو.

عەرەبەکان و تورکەکان زۆر رێزیان لەفراوانی شارەزایی ئەگرت کە هەیبو. لە کۆڕوکۆمەڵیشدا هەمیشە قسەخۆش‌و روخۆش‌و وەك یەکێك لەخۆیان بەبیٚ جیاوازی هەروەك ئەڵێن گوڵی مەجلیس بو.

کلێپەی سۆز بو، لە دۆستایشدا دڵسۆزوبەئەمەك بو. زۆر ژنەکەی خۆش ئەویست باوەڕی ئایینی زۆر قایم بو. کەسایەتی زۆر بەهێز بو ئەیتوانی کە سەرکردایەتی‌و زەوتی ئەوانە بکات کە لەژێر دەستی دانو زۆر کەم رەوشتی بەریتانی ئەو ناوبانگەی بوە لەولاتانی عەرەب‌و تورکدا وەك لەو ماوەیەدا بویەتی کە ئەو لە بەغدا لەو پۆستەی دابوە. بیرەوەریەکانی دەربارەی بابل تەنیا بەرهەمێکی بوە

که له ژیانی خۆیدا بڵاو بوبێتەوە. جگە لە هێندێك وتار کە لەگۆڤاری (کانەکانی ڕۆژهەڵات)دا بڵاوکراوەتەوە. جگە لە گەلێك دەستنوس کە لەدوای خۆی بەجێ هێشتوە وەك ئەو ڕۆژانە نوسینانەی کە بەدورو درێژی باسی ئەو سەفەرەی تیا کردوە کەلە بەغداوە چوە بۆ ئەستەمبوڵ وە وابزانم ئەوە تەنیا سەفەرێك بوە کە (خانم ریچ) لەگەڵیدا کردوە بەسواری ئەسپەوە هەروەها ڕۆژانە نوسیشی دەربارەی ئەو سەفەرەی کە لە ئەستەمبوڵەوە کردویەتی بۆ (ڤێیەنا) و لەپاریسەوە کە گەڕاوەتەوە بۆ بەغداد ئەمە جگە لە ڕۆژانە نوسنەکانی لە کوردستاندا کەلەم کتێبەدا بڵاوکراوەتەوە، هەروەها جۆرەها نوسینی کەلەبارەی چەندەها باسو خواسەوە. بەڵام ئەم کۆمەڵە دەست نوسە ڕۆژهەڵاتیە بەنرخانە لەگەڵ پارەو شتومەکی بەجێماوی باستانی ئەمانەیان پەرلەمانی بەریتانی کڕیەوە بۆ مۆزەخانەی لەندەن کە ئێستا لەوێ پارێزراوە.

ئێمە پێویستمان بە دوان نی یە دەربارەی باسی پەڕەکانی ئەم کتێبە چونکە خۆیان لە خۆیان ئەدوێن. ئەوانە یاداشتی پیاوێکی لێهاتوە دەربارەی وڵاتێکی نوێ. ئەڵێین وڵاتێکی نوێ، هەرچەندە دەنگو باسی بە پەراگەندەیی ناو ئەبرێ لە ڕۆژانە نوسینەکانی گەریدەی کەدا کە بە ڕێکەوت یان بەپەلە بەهیندی بەشیدا (واتا بەشی کوردستاندا—و.ك)تێپەڕیون. بەڵام ئەم ڕۆژانە نوسانە روناکیەکی درەوشاوەی نوێ ئەخەنە سەر جوگرافیای کوردستانو هەڵسوکەوتی دانیشتوانەکەی. وە ئەو خاڵە جوگرافیانەی کە تیادا کۆکراوەتەوە نەك هەر دەستنیشانی شوێنەکان ئەکات لەجۆرەها جێگەی کوردستاندا بەڵکو یارمەتیش ئەدا بۆ ناوچەکانی دراوسێی لە ئاسیای بچوکدا. ئەوەی گومانی تیادا نەبو خواستی میستەر (ریچ) بو کە ئەم پشکنینو تێبینیانەی دەربارەی ئەم گەشتەی

بڵاوبکرێتەوە[1]. چونکە بۆ ئەم روماڵە یارمەتی لە هەمو توانایەکی هونەریەوە بەدەستهێنابو و لە رۆژانە نوسەکانیدا زۆر بە وردی ئەو خاڵانەی دەستنیشان کردبو کە رێنیشاندەری بو لەگەشتەکەیدا و ئەگەر مردن بواری بدایە بۆ خۆی ئەم نوسینانەی ئەخستە بەرچاوی خەڵکی و دوریش نەبو کە زۆر زانیاری کەی بخاتە سەر کە لە مێشکی خۆیدا هەڵیگرتبو لەکاتی خۆیدا لە رۆژانە نوسەکانیدا باسی نەکردبو.

لەهەمان کاتدا لەسایەی پلانێکی وردەوە و لێهاتوی لە نوسینداو ئەوروماڵە هونەری یە بەوە توانیبوی لە هێندێك بەشی کوردستاندا کە نەناسرابو لە چاکترین

---

[1] لەنامەیەکدا هاتوە کە (جیمس بێڵی فرێزەر) ناردویێتی بۆ (ولیەم ئارسکن) لە (بۆمبای) بە بەرواری شیراز (٦)ی تشرینی دوهەم ١٨٢١ واتا هەر دوای رۆژێك لە مردنی میستەر ریچ تیادا هاتوە: لەو نوسراوانەدا کەلە دوای بەجێماوە چەندەها دەفتەرە لە یاداشت و کۆمینت کە گومان لەوەدا نی یە کە بەهایەکی زۆری هەیە چونکە پڕیەتی لە تێبینی جوگرافی و فەلەکی کە ئێمە زۆر پێویستمان پیێ یەتی بۆ نەخشەکانی ئێران وە هەمو ئەو کۆمێنتو سەرنجانە کە دەربارەی کوردستانە یا لەناو ئەم دەفتەرانەدایە یان لەناو ئەو دەفتەرانەدایە کە لە (بوشەهر) بەجیێ ی هێشتون وەزیانێکی گەورە ئەبیێو هەرگیز قەرەبو ناکرێتەوە ئەگەر ون ببن. ئێمە لەلای خۆمانەوە هەوڵ ئەدەین کە پارچەکاغەزێك چی یە لەدەست نەچێت یان ون ببێت لە کتێبخانەکەیداچونکە دورنی یە کە یاداشتێکی بەنرخی تیادا بێت، جارێکی لە میستەر ریچم بیست کەوتی ئەو نەخشانەی کە ئێستا هەیە دەربارەی ئەم بەشەی ئاسیا پڕە لە هەڵە. هیوای خواست ئەو پرۆژەیەی کەبۆ نەخشە کێشان هەیەتی چارەسەری ئەو هەڵانەبکات. وە هەروەها شێوەیەکی زۆر بەنرخمان لە نوسینی (بزماری) لەو بەجێماوانەدا دۆزیوەتەوە کە لە (بەرسەبوڵس)دا هەبوەکە هەمویان بە دەستوخەستی خۆی گوێزراوەتەوە و نیازی بو شێوەیەکی بنێریێ بو مامۆستا (گروتیفند) لە ئەلمانیا.

نەخشەکاندا ئەو کارە ئەنجام بدات بە وردی یەك کە ئەنجام نەدرابو لە هیچ بەشێکی ئاسیادا. ئەوەش داهێنانێکی شەرەفمەندانە بو بۆخۆیو ئەو وڵاتەی کە ئەوی خستۆتەوە.

## ب– "پێشەکی بڵاوکەرەوە"

ئەو بەسەرهاتانەی کە لە (کورتەی ژیانی میستەر ریچ) دان، کە لە پێش ئەم پێشەکیەوە خوێنتانەوە، وا ئەکەن کە پێویست نەکات هیچی تر دەربارەی ژیانی بدوێن. بڵاوکەرەوەی ئەم کتێبە بۆ ئەوەی کە لەو باسەدا هاتوە دەربارەی ئەو، قەرزارباری چاکەی هاورێ یەکە کە نەیویست ناوی ببرێت بۆیە ناتوانم لەوە زیاتر بڵێم، کە ئەو شارەزاییە تایبەتیەی ئەو هەیەتی لەو باسەداو ئەو بایەخەگەورەیەی کە پێ ی داوە وای کردوە لێهاتوترین کەس بێت بۆ ئەنجامدانی ئەوکارە، کە لەسەر داوای ئێمە پێی هەڵساوە. ئەم دوبەرگەی کە ئێستا پێشکەشی خوێنەران کراوە لەم کتێبە بریتی یە لەبەرودوای بەرهەمی ئەو کارەی کە میستەر (ریچ) زۆر بەفراوانی دەستی دابویەو لە پێناویدا جۆرەها باسی زانیاری بۆ خوێندبۆوە، بەهیوای ئەوەی کە پەیدا کردنی شارەزایی لەومەودایەدا یارمەتی ئەدات لە هێنانەدی ئاواتەکەی دا چونکە ئەیزانی ئەوەی کە لەیەکێکی دەست رۆیشتوی بۆ لواویی وەکو ئەو چاوەڕوان ئەکرێت ئەبێت دانانی کتێبێك بیت لەسەر گەشتەکانی رۆژهەڵات کە زۆر جیاوازی هەبێت لەوەی کە لەدەست گەریدەکانی تر بێت. ئەوێك کە ساڵەهای ژیانی لە ئاسیادا بەسەر بردبو وە بە ڕەوانی چەندەها زمانی ئاسیایی قسەی ئەکرد، و شارەزاییەکی وردی هەبو لە رەوشتو نەریتی خەڵکەکانی دا. بۆیە خوێندەوار ئەبینێ کە دەربارەی ئەو وڵاتانە ئەدوێت کە تێیدا بوە وەکو یەکێك لەخۆیان بوبێت وابوە و تێبینیەکانی کە زادەی شارەزاییەکی دورو درێژن، وەك دۆزینەوەیەکی تازە نەبوە بەڵکو کۆمەڵێك راستی کە گومانیان لێ نەکرێت. بۆیە زۆر جار سەرنج بۆشتی وا رائەکێشێ کە بەڵگەی وردی پەی بردنیەتی

بەهەستی خەڵکی‌و شارەزایی تەواوی لەنەریتەکانیان دا. لە کاتێکدا ئەو شتانەیانا ڕۆشن هاتونەتە بەرچاوی ئەوانەی کە ئەو ئاگاداری یە فراوانەی ئەویان نەبوەلە باسەکەدا، یان هەر گویٚ یان نەداوەتیٚ. وە ئەگەر بهاتایەو نەمردایەو خۆی ئەم بەرهەمەی بڵاوبکردایەتەوە ئەوا زۆری تری ئەخستە سەر لە زانینە تایبەتیەکانی خۆی‌و ئەو پەیوەندیە ڕۆژانانەی کە ئەیکردن لەگەڵ هاوڵاتیەکاندا. بەڵام ئەمەی کە ئێستا بڵاوی ئەکەینەوە بریتیە تەنیا لەو یاداشتانەی کەلەکاتی خۆیدا نوسیونیەوە هەتا لەبیری نەچنەوە وە ئەوەی شایانی باسە هەمو نرخێکیان بەستراوە بە ڕاستیانەوە. وە لەوانەبو ئەم درێژەپێدانانەی کورت بکردایەتەوە دوای ئەوەی نەخشەکەی تەواو ئەکرد، کە وردبینیەکی تەواوی تێدا بەخەرج دابو بەو تێبینانەی کە نوسیویەتیەوە دەربارەی زەویەکان‌و کاروباری تر کە پەیوەندیان بە جوگرافیاوە هەبوە. جا هەرچەندە ئەم دو بەرگە تۆماری هەمو ڕوداوەکانی ئەم گەشتە ناکات، کە بێگومان زۆرتر ئەبو ئەگەر بهاتایەو یەکسەر دانەر خۆی دەری بکردنایە. بەڵام ئەوە واناکات کە ئەو سودەیان نەبێت کە بڵاوکەرەوە ئاواتیەتی. چونکە ئەم گەشتە دەربارەی وڵاتێك ئەدوێت کە بەدەگمەن ئەوروپاییەکان ڕیٚ یان تیٚ ی کەوتوەو لەو بڕوایەدایە کەلەومەوبەر هیچ ئینگلیزێك دەربارەی نەدواوە. تەنیا لەبەر ئەوە– ئەگەر لەبەر شتی تریش نەبێت– ئومێدەوارین کە خوێندەوار ئەوەیان تیا بەدی بکات کە مافی شایستەی خۆیان بداتیٚ. وەئەگەر پرسیاری ئەوە کرا کە بۆ پێش ئێستا ئەم کتێبە بڵاونەکراوەتەوە. بڵاوکەرەوە بە پێویستی نازانێت خوێندەواران بەوەوە خەریك بکات، هەر ئەوەندە ئەڵێت کەهۆ بۆ ئەوە زۆر بوە. وە لەبەر ئەوەی وای هەست ئەکرد کە لە توانایدا نیەبەو کارە هەڵسێت بۆیە ماوەیەکی زۆر هەوڵی

بڵاوکردنەوەی نەداوە. وە ئەوەی کە هانی داو زاتی نایەبەر پشتگیری‌و دڵسۆزی ژمارەیەکی زۆر لە دۆستان‌و ناسیاوان بو. کە ناتوانیٚ ناوی یەکێکیان فەرامۆش بکات کە ئەویش (سێر ئار. ئێچ. ئەنگلس)ە  کەلەگەڵ ئەو هەمو سەر قاڵیەیدا درێخی نەئەکرد لە هەرچ شتیٚ یەك کە کارەکەی ئاسان بکات‌و هەمیشەش ئامادە بو بۆ یارمەتی‌و رێنمایی کردنی کلاپهام Clapham ٥/ئازاری/ ١٨٣٦ز.

## ج- وتەی وەرگێڕ[1]

-١-

وەرگێڕانی ئەم گەشتە بۆ عەرەبی، بەرهەمی دوهەمی ئەو دەستبەتاڵیە فراوانە بو کە لەناوەراستی ساڵی ١٩٤٤و بەدواوە بۆ وەرگێڕ هاتە پێشەوە. بەرهەمی یەکەمی (جەنگیزخان)[2] بو، کە ئەویشی لە ئینگلیزیەوە گۆڕیوە. هەروەها بەرهەمی تریشی هەیە کە هیواداره بڵاوبکرێتەوە، لەوانە وەرگێڕاوی بەرگی دوهەمی ئەم گەشتەیە.دیسان وەگێڕاوی پەڕراوی (دەربازبون لە کۆیلایەتی) کە لەدانانی پەروەردیاری قولەڕەشی ئەمەریکایی (پۆکەر واشنتۆن)ە و لە تورکیەوە

---

[1] مەبەست لەوەرگێر خوالێخۆشبو (بهاء الدين نوری) خۆیەتی کە ئەم گەشتەی لە ئینگلیزیەوە گۆڕیوەتە سەر عەرەبی‌و ئێمەش لە عەرەبیەکەی ئەوەوە گۆڕیومانەتە سەر کوردی وە لەبەر ئەوەی هەردوکمان هەر وەرگێڕین نەئەتوانرا پەراوێزو رونکردنەوەکانی من لە وانەی ئەوجیا بکرێنەوە ئەگەر بهاتایەو لەدوایانەوە وەك ئەو وشەی روتی وەرگێڕم بەکار بهێنایە بۆیە بەپێویستمان زانی کەبۆ ئەوانەی ئەو (و.ع- واتا وەرگێڕی عەرەبی) و بۆ ئەوانەی ئێمە (و.ك- وەرگێڕی کوردی) دابنێن وە ئەوەی کەهی ئێمە یان بڵاوکەرەوە یان نوسەر نەبێت ئەوا هی ناوبراوە با نەنوسرابێتیش (و.ع) تکایە ئاگاداری ئەم لایەنە بن.

[2] (جەنگیزخان) ئیمپراتۆری هەمو خەڵکی. دانانی هارۆڵد لامپ گۆڕینی لیوا بهاءالدين نوری چاپخانەی السكك الحديديه العراقيه، بغداد ١٩٤٦ز.

وەریگێڕراوە. هەروەها گۆڕینی پەڕراوی (سەرئەنجام) کە یەکێکە لەپەڕراوە ئاینیەکانی (أهل الحق)[1].

ئەم گەشتە بێوەژنەکەی میستەر ریچ لە ساڵی ١٩٣٦ز دا واتا دوای مردنی مێردەکەی بە پانزە ساڵ بەچاپی گەیاندوە. گەشتەکەش ناونیشانێکی درێژی بۆ دانراوە کە ئەویش (گێڕانەوەی بەسەرهاتی نیشتەجێ بون لە کوردستانداو شوێنەواری نەینەوای کۆن، لەگەڵ باسی گەشتێك بە دیجلەدا بۆ بەغدادو راپۆرتێك دەربارەی سەردانێك لە شیرازو پەرسەپۆڵس)[2]. جا لەبەر ئەوەی گەشتەکە پەیوەندی بەکاروباری بەڕێوەبردنو رامیاریو خێڵەکیو ئابوری عێراقەوە هەیە لە چواچێوەی رامیاری ئێستایداو بەشێکیش لە وڵاتەکانی دراوسێ ی بۆیە وەرگێڕ وای بە پەسەند زانی کە ناوی بنێت (گەشتی ریچ بەعێراقدا ساڵی ١٨٢٠ن).

**-٢-**

پارێزەر مامۆستا (عباس العزاوی) لە ساڵی ١٩٣٨ز دا گەشتێکی لە ژێر ناونیشانی (رحله المنشئ البغدادی-گەشتی المنشئ البغدادی)[3] یدا بڵاوکردەوە کە

---

[1] سەیری لاپەڕە (٥٤)ی کتێبی (الکاکائیە فی التأریخ- کاکەیی لە مێژودا) کە پارێزەر عبدالله العزاوی دایناوە چاپی شرکە التجارە والطباعە المحدودە- بغداد ١٣٦٨ ك- ١٩٤٩ز.

[2] NARRATIVE OF A RESIDENCE IN KURDISTAN AND ON THE SITE OF ANICENT NINEVEH. WITHJOURNAL OF A VOYAGE DOWN THE TIGRIS TO BAGHDAD AND AN ACCOUNT OF A VISIT TO SHIRAUZ AND PERSEPOLIS. BY THE LATE. CLAUDIUS JAMES RICH ESQ Re EDITED BY HIS WIDOW. LONDON JANES DUNCAN PATERNUSTER ROW MDCCC XXXVI.

[3] (رحلە المنشئ البغدادی) لە فارسیەوە پارێزەر عباس العزاوی وەریگێڕراوە، چاپی شرکە التجارە والگباعە المحدودە ١٣٦٧ك - ١٩٤٨ز بغداد- الکرخ.

لەفارسیەوە گۆڕیبوی. ئەو (منشئ البغدادی) یەش سکرتێری ئێرانی نیشتەجێ ی بەریتانی بو لە بەغداد لەسەردەمی میستەر (ریچ)ی، خاوەنی ئەم گەشتەکە ناوبراویشی لەگەڵدا بوە.

ئەم گەشتە لە ژێر چاپدا بوە کە مامۆستا (العزاوی) پەڕاوەکەی بڵاوکردەوە، بەڵام هێندێك هۆی تایبەتی وای کرد کە بڵاوبونەوەی بکەوێتە ئێستا. جا هەرچەندە گەشتەکەی (المنشئ البغدادی) یان میستەر ریچ وتەنی — ئاغا سەیید ئەوەندە کورتە وەك سەرە قەڵەم وایە لەچاو ئەم گەشتەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەسەرکردنەوەی جاروبار بۆ بەراورد کاتێك کە گەشتەکەی ریچ ئەخوێننەوە، سودێکی کەمی نابێت. هەروەها لەسەریشمانە کە بڵێین بۆ دوری بەینی شوێنەکان لەیەکتریەوە(المنشئ البغدادی) هێندێك ژمارەی خستۆتە سەر گەشتەکەی کە لەو گەشتانەوە وەری نەگرتوە کە لەگەڵ میستەر (ریچ) دا کردویەتی وەکو بەینی سنەو تەورێزو مەراغاو کرماشان. چونکە میستەر ریچ لە سنە کۆتایی بەگەشتەکەی هێناوەو گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانیو بە هەولێردا چوتەوە بۆ موصل و لەوێوە بەسواری کەڵەك بە روباری دیجلەدا چۆتەوە بۆ بەغداد. لە لاپەڕەی (١٠١)ی گەشتەکەی (المنشئ البغدادی)دا عەباس عەزاوی ئەڵێ: ئەم گەشتە کەمن هەندێك کەمو کوڕیم تەواو کردوە، بەس نیە. بەڵکو ئەوە تەواوی ئەکات ئەوەیە کە میستەر (ریچ) نوسیویەتی و ئەو یاداشتانەیەتی کە لەدوای مردنی بەچاپ گەیانراونو لە ساڵی ١٨٣٦ز دا – ١٢٥٢ك بێوەژنەکەی بڵاوی کردۆتەوە. وە ئەگەر وەربگێڕرایەتە سەر عەرەبی ئەوا یەك ئەویتری تەواو دەکرد. وە لەم چەند رۆژانەدا، بیستومانە کە مامۆستا (بهادین نوری) دەستی داوەتە ئەو کارە، بەوە هیوامان بەهێزبوە، وەرگێڕیش (واتا بەهادین نوری)ئومێدەوارەکە

بەلای خوێندەوارانیشەوە بڵاوبونەوەی ئەم گەشتە توانیبێتی شتێیەك لەمەبەستی زانیاری روت بهێنێتە دی.دیسانەوەرگێڕ بە پێویستی سەر شانی خۆی دەزانێت کە رێنمایی خوێندەوارانی بەڕێز بکات، ئەگەر بیانەوێت شارەزایی دەربارەی هێندێك باس فراوان بکەن ئەوا با سەرنجی کتێبی (چوارسەدە لە مێژوی عێراقی ئێستا)[١]. بدات. وە هەروەها کتێبی (بەغداد لە رۆژانی رابوردودا)[٢] کە بریتییە لە بەسەرهاتی ژیانی میستەر ریچ و هێشتان وەرنەگێڕراوە. وە ئەگەر سەیری لاپەڕە(٢٣٢) بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە وەرگێڕ بەرگی یەکەمی گەشتەکەی، وەك میستەر ریچ، بە بەشی یانزەمینی کۆتایی پێ نەهێناوە. بەڵکو بەشی یەکەمی بەرگی دوهەمیشی خستۆتە سەر کەبەشی دوانزەمینی گەشتەکەیەو تێیدا دەگاتە موصل. ئەمەش لەبەر ئەوە بوە کە بەشی دوهەمی ئەم گەشتە، بە بڕوای وەرگێڕ، بە رۆژانەنوسەکانی ریچ دەست پێ ئەکات کە دەربارەی بینینەکانی لە موصلو دەوروپشتی و ئەوانەی کە نوسیویەتی لەسەریان لەگەڵ رۆیشتنی لەوێوە بە روباری دیجلەدا بەسواری کەڵەك بۆ بەغداد وە بەوێ ئیتر کۆتایی ئەهێنێ بەگەشتەکەی هەروەها بەناونیشانی لاپەڕەی (٢٧٦)دا بۆت دەردەکەوێت کە

---

[١] اربعه قرون من تأريخ العراق الحديث – چوارسەدە لە مێژوی عێراقی ئێستا– لە دانانی میستەر ستیفن هەمسلی لونگریگ. جعفر خیاط وەری گێڕراوەتە سەر عەرەبی چاپخانەی التفیض الاهلیة– بغداد).

[٢] FOUR CENTURIES OF MODERN IRQ BY STEPHEN HEMSLEY LONGRIGG. OXFORD AT THE CLARENDON PRESS ١٩٢٥ BAGHDAD IN BYGON DAYS.BY C.M.CV) ALEX ANDER. PUBLISHED BY JOHN MURRY-LONDON.

وەرگێڕ پاشکۆیەکیشی لە پاشکۆکانی بەرگی دوهەمی خستۆتە سەر ئەم بەرگە، کە دەربارەی گەشتێکی کورت ئەدوێت کە میستەر ریچ لە مانگی ئازارو نیسانی/١٨٢٠ز دا کردویێتی بۆ کەلاوەکانی (زیندان)و (قەسری شیرین)و (حەوش کوڕو). هتد لای سنوری کوردستانی خوارو، بەر لەوەی دەست بکات بەم گەشتە گەورەیەیی، ماوەی بەینی هەردو گەشتەکەش سیانزە رۆژ بوە. خۆزگە خوێندەوار گەشتە کورتەکەی پێش گەورەکە دەخوێندەوە، چونکە وەرگێڕ لەو بڕوایەدایە کە گەشتی یەکەم رێ خۆشکەری دوهەمە لە نوسینەوەو رودانداا.

-٣-

ئەوەی ئەو دو گەشتەی (ریچ) دەخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێت کەناوبراو لە رۆژانەنوسینەکانیدا یەکسەر بێت یان بەلاوەکی جاروبار باسی کاروباری بەڕێوەبردنو رامیاریو ئابوریو ئەنتۆگرافی کردوە وە هەروەها چۆنیەتی فەرمنڕەوایی لە ناوچەکانی پاشایەتی (بەغداد)و (سلێمانی)و (موصل)و شوێنانی تردا. و پەیوەندی دیبلۆماسی نێوان هەردو دەسەڵاتی تورکی عوسمانی– ئێرانی کەلە کاتی خۆیدا نەختێك گرژ بوە، بەهۆی ویستی خستنە ژێر دەسەڵات یان داگیرکردنی ئەو فەرمانڕەواییە نا یەکسەر یانەی کە هەبون لە هێندێك بەشی ناوچە سنوریەکانی نێوان هەردو مەملەکەتەکەدا، وە سەرەڕای باسی چۆنیەتی دامرکاندنی خێڵەکانو دێ نشینەکانی سەر سنورو هی تر. ئەگەر لەوانە وردبینەوە کە میستەر (ریچ) نوسیوێتیو لێ یانی کۆڵیوەتەوە. ئەتوانرێ زۆر راستی بەدەست بهێنرێت دەربارەی بەڕێوەبردن وەك بوەو بارودۆخی رامیاری کەلەو سەردەمەدا جێ گیر بوە ئەوانە تا رادەیەك پێمان دەسەلمێنێ کە چەند پێویستە قوڵ بونەوە

لەو باسانەدا لەرێگەی سەرچاوەی ترەوە، چەند پێویستە هەرچ کاتێك بەشوێنیدا بگەڕێن یان بەر دەستمان بکەون.

لەسەردانی پێش دواجاری میستەر لونگریگ[1] دا بۆ بەغداد، کەلە ساڵی ١٩٤٨دا بو وەك لەبیری بێت. لە ئاهەنگێکدا وەرگێڕ چاوی پێ ی دەکەوێتو دەیەوێت بزانێت رای چیە بەرامبەر بەوانەی کە ریچ لە گەشتەکەیدا نوسیویەتی. کەچی سەیری کرد یەکێکی وەکو ئەو، کە مێژونوسێکی وردە، لەگەڵ ئەوەدا نەبو کەپشت بەهەمو شتێك ببەسترێت کە (ریچ) لەسەر کورد نوسیویەتی لەکاتێکدا وەرگێڕ دەبینێ کە زانایەکی وەك میستەر (ڤ.مینورسکی) کە یەکێکە لە رۆژهەڵات ناسە ناودارەکان لەباسێکیدا دەربارەی (گۆران) پشت بەوە ئەبەستێت کەلەم گەشتەدا هاتوە دەربارەیان، هەرچۆنێك بێت لە روی زانیاریەوە بێ وردبونەوە نابێ پشت ببەسترێت بە هەمو شتێك کەلەم گەشتەدا هاتوە چونکە خاوەنی ئەم گەشتە لەگەڵ هەمونەو وریایی‌و زیرەکی‌و تواناو کێشەکە هەیبوە نەهاتۆتە ئەم وڵاتە بەمەبەستی قوڵ بونەوەی تەواو لەکاروباریدا. وە ئەگەر هەر بۆ ئەوەش هاتبێت ئەوا ئەو ماوەیەی کە تێ یدا بوە ئەوەندە نەبوە کە بتوانێت مەبەستەکانی بهێنێتەدی. لەلایەکی تریشەوە دەبینێت کەلەدەستپێکردنی گەشتەکەیەوەو لە زۆر شوێنی تریشدا ئەوە دوبارە دەکاتەوە کە ئەوگەشتەی بۆ مەبەستی حەسەناوەو گۆڕینی ئاوهەوا کردوە. جا هەرچەندە حەسانەوەو ئاوهەوا

---

[1] اربعە قرون من تأریخ العراق الحدیث — چوارسەدە لە مێژوی عێراقی ئێستا— لە دانانی میستەر ستیفن هەمسلی لونگریگ. جعفر خیاط وەری گێڕراوەتە سەر عەرەبی چایخانەی التفیض الاهلیة— بغداد).

گۆڕین نابێتە هۆی ئەوەی کەنەیەڵێت مرۆڤ شت بزانێت.بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لەو بڕوایەداین کە ئەو گەشتە خاڵی نەبوە لە هیندێك مەبەستی تر کە ئێمە نایزانین. چونکە لەکاتێکدا کە ئەیبینین کنەوە لەکاروباری بەڕێوەبردنو رامیاریدا دەکات لەگەڵ ئەوانەدا کە رێکەوتیان دەکات. لەهەمان کاتیشدا ئەبینین زۆر کارامەو وەستایانە خۆی لەباسەکە ئەدزێتەوە، کە پێشڕەوە بەریتانیایەکانی تر بەدەگمەن ئەوەیان لێ وەشاوەتەوە، لەوانەی کە هاتونەتە ئەم ناوە بەتایبەتی لەوسەردەمەدا کە سەردانیان بۆ ئەم ناوچەیە زۆر بوە. هەرچۆنێك بێت ئەو زانینانەی کە لەم گەشتەدا هاتون لەوانەیە هێندێك تەم ومژبڕەوێنێتەوە بۆ ئەوانەی کە لەمێژوی ئەو سەردەمەی وڵات ئەکۆڵنەوە، کە سەردەمێکە تیشکی زانیاری کەمەکێکی نەبێت روناکی نەکردۆتەوە. جا وەرگێڕ خۆی بە بەختیار ئەزانێت ئەگەر بەم کارەی توانی بێتی هێندێك خزمەت بکات لەم مەودایەدا باهەرچەندە کەمیش بێت.

(٤)

وەرگێڕ لەسەرەوە باسی ئەوەی کرد کە چۆن بەشی دوانزەهەمینی بەرگی دوهەمی خستۆتە سەر ئەم بەرگە بەو بڕوایەی کە وچانی یەکەمی ئەم گەشتە بە موصل کۆتایی دێت. بەو بڕوایەی کە کەئەم وچانە بە موصل کۆتایی بێت، وە هەروەها وەك رێ خۆشکەرێك بۆ ئەو گەشتە پاشکۆیەکیشی لەهەمان بەرگ خواستۆتەوە ئەوانە وایان کرد کە قەبارەی ئەم بەرگە گەورە بێت. لەلایەکی ترەوە، وەرگێڕ داوای لێبوردن ئەکات کە ئەو تێبینیو پەراوێزانەی هەیبونو حەزی ئەکرد بیانخاتە کۆتایی ئەم بەرگەوە دوای بخات چونکە ئەیزانی ئەوە ئەوەندەی تر قەبارەکەی زیاد ئەکاتو دواکەوتنی لەچاپدانی درێژتر ئەکاتەوە.

شوێنی ئەو تێبینیو پەراوێزانەش بە ژمارەی بچوك کە خراونەتە ناو کەوانەوە لە دەقەکەدا دەست نیشان کراون. بۆ نمون وەك لە لاپەڕەکانی ٢٢٨،٢٠١،١٠،٣.هتد. هاتون. بەڵام وەرگێڕ ئەوەی پشت گوێ نەخستوە کە بەکورتی ئەو هەڵانە راست بکاتەوەکە کراون لە ناوی شوێنو خێڵەکاندا. وەهەروەها بەرپەرچی ئەو هێرشە ناڕەوایانەش بداتەوە کە کراونەتە سەر بیرو باوەڕو لایەنی باش. بەڵام هەرگیز نەی ویستوە درێژەیان بداتێ یان زۆریان بکات. وە دیسان ئومێدەوارە کەتێبینی لە خوێندەوارانەوە بگاتێ بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەوانەی خۆیدا لەبەرگی دوهەمدا بڵاویان بکاتەوە لەگەڵ ئەو دو نەخشەیەشدا کە گیرەوبەندی دوبەرگەکە کراونو ئەو رونکردنەوەیەش کە دەربارەیان نوسراوە لە دەست پێ کردنی بەرگی بەکەمی ئەسڵەکەیدا. ئەو هۆیەی وای کرد کە وەرگێڕ بڵاوکردنەوەی ئەو دونەخشەیە دوابخات لەو بڕوایەوە بو کە نەخشەی وا ئەمڕۆ تەنیا بایەخێکی مێژویی هەیەو ئەو ئەرکە گرانە دەرئەخات کە میستەر ریچ کێشاویەتی لە پێناوی نەخشەکێشانی هێندێك شوێنی جوگرافیدا. لە کۆتاییدا وەرگێڕ سوپاسی ئەو برا بەڕێزانە ئەکات کەیارمەتیان داوە تا ئەم کتێبە بکەوێتە رو بەم شێوەیەی کەلەبەردەم خوێندەواراندایە، بەتایبەتی – لەگەڵ نەوتنی لە قەیەکانیاندا– برادەر کاك سەعید قەزاز(متصرف)ی ئێستای لیوای موصل کە نوسخە ئینگلیزیەکەی ئەو ماوە دورو درێژە داوەتی کە زۆر کەم دەست ئەکەوێت – وە برادەر کاك رەشید نەجیب یاریدەدەری بەڕێوەبەری ناوخۆیی گشتی کەیارمەتی بەنرخی هەیە بۆ چۆنیەتی دەربڕینی ناوە کوردیەکان. لە کۆتاییدا لەخوا ئەپاڕێنەوە کە هەموان سەربخات بۆ خزمەتی وڵاتو زانیاری ڕاستو دروست

له ژێر سێبەری خاوەن شکۆ شافەیسەڵی دوهەم و جێنشینەکەی خاوەن بەرزێتی میر عەبدولئیلاه

بەغداد ١٥/ئایاری/١٩٥١ بهاء الدين نوری

**د– ڕاو بۆچونەکانی من**

من کە ئێستا دەربارەی ریچ و گەشتەکەی ئەدوێم جونەوەی ئەو زانیارانە نی یە کە وەرگێڕ لیوا (بەهادین نوری)یان خانم ڕیچ یان ئەوکەسەی کە بایوگرافی ریچی نوسیوە، بەڵکو ئەڕوانمە گەشتەکەی ریچ لە گۆشەیکی ترەوە کە جیاوازە لەوان بەم شێوەیەی خوارەوە: ئیستیعماری بەریتانی لە هەمو شوێنێکی دنیادا ئەوەندەی موستەعمەرات واتا وڵاتی داگیر کردبو و ئەیڕوتاندنەوەو سەروەتو سامانی ئەبردن بە تاڵان ئەوترا کە رۆژیان لێ ئاوا نابێ واتا ئەگەر ڕۆژ لە وڵاتێکیان ئاوابو ئەوا لەیەکێکی تریان هەڵدێت!!.

ئەو موستەعمەراتە پانو بەرینانەی بەریتانیا پێویستی بە سوپایەکی لە جۆرێکی تر هەبو کە ئەویش شەریکاتی بازرگانی بو، بۆ تاڵانکردنی کەرەسەی خاوی موستەعمەراتەکان کە لە بەریتانیا ئەکرا بە شتومەك ئەوسا هەر ئەوشەریکاتانە ئەیانهێنانەوە بۆ موستەعمەراتەکان و بە نرخێکی گران بە دانیشتوانەکانیان ئەفرۆشتەوە. یەکێك لەو شەریکە زەبەلاحانەکە تایبەتمەند بو بە رۆژهەڵاتەوە، شەریکەی هندی رۆژهەڵات بو کە بارەگاکەی لە هندستان بو کە هندستانیش خۆی ئەو سەردەمە موستەعمەرەی بەریتانیا بو. ئەم شەریکەیە ئیمپراتۆری یەتێکی نەك هەر بازرگانی بو تەنانەت سوپاییش بو.

ئەم شەریکەیە پەلوپۆی بۆ زۆربەی ناوچەکانی رۆژهەڵات هاویشتبو لەوانە بەسرەو بەغداد. ئەوکاتە عێراق وەك عێراقی ئەمڕۆ نەبو لە ساڵی(١٨٢٠)دا بریتی بو لە ویلایەتی بەسەرە و بەغداد کە لەلایەن والی تورکەوە ئیدارە ئەکران کەلە بابولعالی لە

ئەستەمبولەوە دائەنران و هەروەها ئەمارەتی سۆران و بابان کە دو میرایەتی کورد بون. واتا عێراقی ئێستای ئەو زەمانەیە موستەعمەرەی دەوڵەتی عوسمانی بو. نەك بەریتانیا. بەڵام هەمیشە بەریتانیا چاوی بڕیبوە ئەو موستەعمەرانەی دەوڵەتی عوسمانی بەتایبەتی کوردستانی خوارو کە ئەوکاتە میرایەتی بابان فەرمانڕەوای بەشێکی ئەکرد. لەبەر ئەوەی ئەیزانی کەلەژێر خاکەکەیدا گەورەترین عەماری نەوتی تێدایە.

بۆ لاوێکی لێهاتو شەیدای کلتورو زمان و شوێنەوارەکانی رۆژهەڵات وەکو (ریچ) شیاوترین شوێن بویَ وەکو خوێنتانەوە شەریکەی هندی رۆژهەڵات بو کە خولیاو ئاواتەکانی تیادا بهێنێتە دی وە وەك خوێنتانەوە بە دورودرێژی چۆن لە بەغداد بو بە نیشتەجیَ ی بەریتانی و نوێنەری شەریکەی هندی رۆژهەڵات لە ٢٢/کانونی دوهەمی/١٨٠٧دا.

راستی یەك هەیە ئەبیَ بیزانین، ئەو راستی یەش ئەوەیە کە هەرچی دامەزراوێکی وڵاتە ئیستیعماریەکانە لە وڵاتانی تردا ئەگەر موستەعمەرە بیَ یان موستەعمەرە نەبێت ئەبیَ لە خزمەت ئیستیعمار کردندا بیَ سا ئیتر رۆشنبیری بیَ وەك قوتابخانەو دانشگاو خێرخوازیو ئاینی وەك مژدەبەرەکان (تەبشیری)و هەروەها تەندروستی وەك خەستەخانەو بازرگانی و دامەزراوی دیبلوماسیو هەمو شتیَ یەکی تر بۆیە نیشتەجیَ ی بەریتانیا و شەریکەی هندی رۆژهەڵاتیش لەم راستیە بەدەر نەبون. ئەم راستی یە رامانئەکێشیَ بۆ ئەو هۆیەی کە وای کردوە لە (میستەر ریچ) سەردانی میرنشینی بابان بکات! ئەوەی کە توانیویەتی ئاشکرای بکات ئەوە بوە کە خۆیو خێزانەکەی کەلەگەڵیدا بوە لەو سەردانەدا ئەوە بوە کەلەتاو گەرمای هاوینی بەغداد- وەك لەیاداشتی رۆژی ١٦/نیسان/١٨٢٠دا نوسیویەتی - بڕیارم دا ئەمساڵ بچم بۆ سەردانی شاخەکانی کوردستان.بێگومان ئێمە نابیَ چاوەڕوانی ئەو نهێنیانە بکەین کە ریچ لە یاداشتەکانیدا بۆمان بدرکێنی کە لە پشت ئەو سەردانەیەوە بوە بۆ کوردستان ئەو نهێنیانە جێگەیان نامەی نهێنیو شفرەی دبلۆماسی یە ئەو ئەبیَ بە ئاو هەوا گۆڕین

داپپۆشیٚ. بەڵام چەندەها مەزندە (قەرینە) هەیە کە ئەو سەردانەی مەبەستی زۆر قوڵی بەدواوە بوە. وەرگێڕی گەشتەکەش بۆ عەرەبی لیوا (بەهادین نوری)یش هەر لەوبڕوایە دایە کە (گەشتەکە خاڵی نەبوە لە هەندێك مەبەستی تر کە ئێمە نایزانین فەرمون با گویٚ لیٚبگرین):

لەلایەکی تریشەوە دەبینین کە لەدەستپیٚکردنی گەشتەکەیەوەو لە زۆر شویٚنی تریشدا ئەوە دوبارە ئەکاتەوە کە ئەو گەشتەی بۆ مەبەستی حەسانەوەو گۆڕینی ئاوهەوا کردوە جا هەرچەندە حەسانەوەو ئاو هەوا گۆڕین نابیٚتە هۆی ئەوەی کە نەیەڵیٚت مرۆڤ شت بزانیٚت بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئیٚمە لەوبڕوایەداین کە ئەوگەشتە خاڵی نەبوە لە هیٚندیٚك مەبەستی تر کە ئیٚمە نایزانین، چونکە لەکاتیٚکدا کە ئەبینین کنە لەکاروباری بەریٚوەبردن و رامیاری دا دەکات لەگەڵ ئەوانەدا کە ریٚکەوتیان دەکات. لەهەمان کاتیشدا ئەبینین زۆر کارامانەو وەستایانە خۆی لە باسەکە ئەدزیٚتەوە، کە پیٚشڕەوە بەریتانیایەکانی تر بەدەگمەن ئەوە یان لیٚوەشاوەتەوە لەوانەی کە هاتونەتە ئەم ناوە بەتایبەتی لەوسەردەمەی ئەودا کەسەردانیان بۆ ئەم ناوچەیە زۆر بوە.)) من لەبەرێزیشیان زیاتر پیٚ دائەگرم و ئەڵیٚم: میستەر ریچ پرۆژەیەکی گەورەی بە دەستەوە بوەو رەزامەندی کاربەدەستانی لەندەنی لەسەر وەرگرتوەو ئینجا بەو گەشتە هەڵساوە، باشە بەڵگەمان بۆ ئەمە چی یە؟ چون بۆ هاوینە هەوار خواستیٚکی تایبەتی یە بۆیە ئەبیٚ لەسەر گیرفانی خۆی بیٚ وەهەروەها ئەبیٚ کەمترین ژمارەی دەستوپیٚوەندی لەگەڵدا بیٚ. کە ئەمە بۆ پیاویٚکی وا لەو پۆستەدا نەئەگونجا وەك کەسیٚکی ئاسایی سەفەر بکا، وە ئەگەر دەستوپیٚوەندیٚکی زۆریشی لەگەڵدابیٚ ئەوا ئەو گەشتەی نەئەکرد چونکە کاربەدەستانی ژوروی خۆیی بۆ گەشتی تایبەت ئەو هەمو خەرجەیان لیٚ قوبوڵ نەئەکرد. ئەزانن چەند کەسی لەگەشتەکەدا لەگەڵدا بوە؟

له دورۆژانه نوسدا (ریچ) باسی قه‌باره‌ی  ئه‌و سه‌ربازو ده‌ستوپێوه‌ندانه ئه‌کات که له گه‌شته‌که‌یدا له‌گه‌ڵیدا بون. له رۆژانه نوسی هه‌ر ئه‌و (١٦نیسان)ی که‌له‌سه‌ره‌وه هێندێکمان لێوه‌رگرت وا ئێستاش ده‌رباره‌ی ئه‌وانه که‌له‌گه‌ڵیدابون له‌گه‌شته‌که‌یدا هێندێکی تری لێ وه‌رده‌گرین: وا هه‌ست ئه‌که‌م که ئه‌بێ ئه‌م جاره له‌سه‌ره‌وه که به‌فه‌رمی ئه‌م گه‌شته بکه‌م". ئه‌وه‌ی به‌فه‌رمیش گه‌شتبکات گومانی تیادا نی یه که‌ئه‌بێ کارێکی فه‌رمیش ئه‌نجام بدات، له دواییدا، به‌پێ ی بۆچوونی من باسی ئه‌وکارانه‌تان بۆ ئه‌که‌م که ئه‌بو ریچ له‌وگه‌شته‌دا ئه‌نجامی بدا. به‌لام با ئێستا بگه‌رێینه‌وه سه‌ر ئه‌وانه‌ی له‌گه‌ڵیدا بون وه‌ك له هه‌مان رۆژانه نوسدا هاتووه: ئه‌وه وای کرد که ژنه‌که‌م خانم ریچ شه‌که‌تی ئه‌و گه‌شته زه‌حمه‌ته بچێژێ له که‌ژاوه‌یه‌کی سه‌ردپاپۆشراودا. کاره‌که‌ره‌کانو ده‌ستوپێوه‌ندی ناوماڵ خزمه‌تیان ئه‌کرد بۆ ئه‌وه‌ی که‌باری ئه‌و ناره‌حه‌تیانه له‌سه‌ر شانی سوك بکه‌ن  به‌پێ ی توانایان. وام به‌چاکزانی که ئه‌سپی له‌گه‌ڵدا دابێ بۆ ئه‌وه‌ی سواری ببیت هه‌رچ کاتێك که خه‌ڵکی غه‌ریبه نه‌یبینن هه‌روه‌ها منیش ناچاربووم به‌پێ ی پۆستو پایه‌مه‌وه زۆر له کارمه‌ندانی خانه‌ی نیشته‌جێ و خزمه‌تکاران بخه‌مه ته‌کخۆم هه‌روه‌ها ئه‌وانه‌ی که داوایان کرد له‌گه‌ڵ خۆمانیدا به‌رین بۆ ئه‌وه‌ی ژماره‌مان زۆربێ. وه بۆ ئه‌وه‌ی له‌و خه‌رجه‌ش رزگارمان بێت که ئه‌بوبیکه‌ین بۆ سه‌ربازه خۆجێیه‌کان که‌ئه‌بو له‌گه‌شته‌که‌دا بۆ رێگا له‌گه‌ڵماندا بن ته‌نیا (٢٥) (سباهی)م هه‌ڵبژارد بۆ پاسه‌وانیمان له‌گه‌ڵ ئه‌فسه‌ره‌که‌یاندا (سوپیدار) ئه‌وانه‌ش ئه‌و پاسه‌وانانه‌بون که حکومه‌تی (بۆمبای) ته‌رخانی کردبون بۆ خانه‌ی نیشته‌جێ. ئه‌و پاسه‌وانانه‌ش رێزداربون چونکه تاقمێك پیاوانی ئازابونو وه‌ك بۆم ده‌رکه‌وت خۆشحاڵ بون به‌م گه‌شته....)).

وه که ئه‌چنه ناوشاری سلێمانی یه‌وه . له رۆژانه نوسی ١٠/ئایار دا به‌م شێوه‌یه ده‌رباره‌ی تاقمه‌که‌ی خۆیان ئه‌دوێت: رێنیشانده‌ر، ئینجا بۆریه زه‌ن له‌دوایه‌وه هه‌ڵگری ئالآ.

لەدوایەوە سێ ئەسپ بەدوای سەرۆکی ئەسپەوانەکەمەوە بو ئینجا پیاوەکان بەچەکەوە لەدواشیانەوە سەربازەکانم بەخۆیانو تەپڵو زوڕنایانەوە منیش لەدوای ئەوانەوە و لەهەردو لای ئەسپەکەوە ئاوزەنگی گرێك بەتەورو زرێوە، ئینجا میستەر (بەل لی نو) ئەهات لەگەڵ دکتور (موران دو)و لێپرسراوی گەنجینەکەم....)).

ئەمە جگە لەدەستو پێوەندو کارەکەرو کەنیزەکو پاسەوان کەلای ژنەکەی ماونەتەوە

بەڵگەیەکی کە: میستەر ریچ بۆ کاروباری دیبلوماسی بەریتانی و کاروباری بازرگانی شەریکەی هندی رۆژهەلاتیان لە بەغداد داناوە یان بڕوات بۆ گەشتوگوزار. باشە بابڵێین گەشتەکەی بۆ سلێمانی لە تاو گەرمای بەغداد بووە ئەی ئەوەی کە لەپێش سلێمانیدا کردویەتی بۆ زیندانو قەسری شیرینو زەهاو حوش کەرەك لە سنوری خۆرئاوای کوردستان خۆ ئەو گەشتەی لە مانگی ئازارو نیسان/١٨٢٠دا کردووە کە بەغداد زۆر فێنك بووە ! .

من دڵنیام کە لەبەر ئەو هۆیانەی باسم کردن و هی تریش ئەو گەشتانەی فەرمی بووەو بە پلانێك کە ریچ و کاربەدەستانی سەروی خۆی دایانڕشتبو. بە بۆچونی من دومەبەستی سەرەکی هەبوە: یەکەمیان کێشانی نەخشەیەك بۆ ناوچەکە. دوهەم تاقیکردنەوەی دەمودوی بابانەکان و ئەردەڵانەکان، بەبێ ئەوەی بە خۆیان بزانن، و ئامادەگیان بۆ هاریکاری کردنی هێزێکی غەیری تورك بۆ نمونە وەك ئینگلیز– ئەگەر ویستیان دەست بەسەر ئەم بەشەی دەوڵەتی عوسمانیدا بگرن وە ئەوەبو کە بە سەرکەوتویی نەخشەکەی ئە نجام دا و بۆشی دەرکەوت کە بابانەکان زۆر ڕقیان لە ئیدارەی تورکەکانە. لە ڕۆژانە نوسی ١٠/ئایار/ی ساڵی ١٨٢٠ دا کەلە کانێسکان بارگە ئەخەن بەر لەوەی بچنە شاری سێمی یەوە عوسمان بەگ برا بچکۆلەی مەحمود پاشا دێت بۆ پێشوازی وا دەربارەی ئەدوێت. عوسمان بەگ حەزی ئەکرد

که دەربارەی کاروباری وڵاتی کورد بەسەربەستی بدوێت لەو سنورەی تێپەڕاند که ویستم هانی بدەم وه بەئاسانی هەستت پێ ئەکرد که چارەی تورکی ناوێت...)). هەر بۆ پاڵپشتی ئەو بۆچونەم (ریچ) بەو ڕێگەیەدا نەگەڕاوەتەوەکە لە بەغداوە هاتووە بۆ سلێمانی، بەڵکو کە ئەگەڕێتەوە ڕێگەی هەولێر موصل هەڵدەبژێرێ، وه دڵنیام بۆ ئەوەی لەسەرانی (میرایەتی جەلیلیە) کانیش بگات کە فەرمانڕەوای موصل بون بۆ هەمان مەبەست. دوای ئەوە بە کەڵەك لە موصلەوە بە ڕوباری (دیجلەدا) دێتەوە بۆ بەغداد.

بۆ نەخشەکەش من دڵنیام کە سوپای بەریتانی لەجەنگی جیهانی یەکەمدا (١٩١٤– ١٩١٨) کە کوردستانی باشوری داگیر کرد، لە گیرفانی سەرکردەی سوپاکەدا ئەو نەخشە (خەریتەیە) هەبو کەکاتی خۆی ریچ لە زەمانی بابانی یەکاندا کێشابویو لەڕێ ی ئەو نەخشەیەوە شارەزای شاخو داخو رێگاو روبارو دیهاتو هەمو پێویستی یەکانی بەرچاو رونی تیا بو، بۆ سوپایەك کە لە شکرێکیشی بکات لە ناوچەیەکدا... تەنانەت لە رۆژانە نوسەکانیشدا بەوردی (تۆپۆگرافی) ئەوناوچانە ئەدات کەپیایاندا تێ پەڕیوە: لە شاخ لە رێگا، شاروچکە هەریەکە بەسەعات چەندیان بەینە بە قۆناغ چەند قۆناغە، روبار قوڵی یان چەندە چەند بواری هەیە بۆ پەڕینەوە کامەیان کەمتر قوڵە بێ کەموزیاد وەك پێشڕەو (قەڵەوز) کە لە پێش سوپاوە رێگا تاقی ئەکاتەوە !.

دەبا ئێستاش کورتەیەکی گەشتەکە باسبکەین بەر لەوەی (ریچ) بەخزمەت مەحمود پاشای بابان بگات و بۆمان باس بکات کەچ پیاوێك بووە.

لە ١٧/نیسان/١٨٢٠دا بەغداد بەجێ ئەهێڵن و خۆی نادا لە بیابانی (عزێم) چونکە وشكو بێ ئاو بووە بەڵکو بەتەنیشتیدا ئەڕوات بە لای دێلتاوا (خالص)دا، بۆ دەلی عەباسو بە شاخەکانی حەمرین دا دێنە طوزخورماتو لەوێ سەردانی چاڵە نەوتەکانی ئەکا. لەدواییدا لەقەرە حەسەنو

لەيلانەوە دێت بۆ چەمچەماڵو ئینجا دەربەندی بازیانو گردی (گۆپاڵە)و لەوێوە لە چەمی تەینالْ ئەپەڕێتەوە تا ئەگاتە بەرزاییەکانی طاسلوجە و لەوێوە بە بناری شاخی پیرەمەگرونو شێرکوژدا و لە بەیانی رۆژی ٧/ ئایاردا واتا دوایی (٢١) رۆژ دوای جولاندیان لە بەغدا ئەگەنە سەرچنار... بۆ رۆژی دوایی واتا ٨/ئایار زیاتر لە سلێمانی نزیك ئەبنەوەو بەپێ ی ئەو وصفەی ئەیکات وا دیارە نزیك لەسەرچاوەی کانیسکان بارگەو بارخانەیان خستبو وەهەر لەوێ بەرلەوەی بچنە ناوشاری سلێمانی یەوە ئەگات بە خزمەتی مەحمود پاشا.

## هـ-"مەحمود پاشای بابان"

ئەم گەشتە لە نشینگەی شەریکەی هندی ڕۆژهەڵاتەوە لە بەغدادەوە دەست پێ ئەکات لە ڕۆژی ١٧/نیسان/١٨٢٠ ئەوێ بەجێ دێڵن (ڕیچ) و ژنەکەی و دکتۆرێك وژمارەیەك دەست و پەیوەند و نزیکی چل چەکداری هندی ڕوئەکەنە شاری سلێمانی..

بۆ ئەوەی لە چۆڵایی (عزێم) و بێ ئاو و ئاوەدانی خۆیان بپارێزن لائەدەن بۆ ڕێگای دێڵتاوا واتا (خالص) ی ئێستا و(دەلی عەباس) چونکە ئاوەدان ئەبێ تا ئەگەنە شاخەکاانی (حەمرین) وله عاستی شارۆچکەی طوزخورماتو ئەدەن لەو زنجیرە شاخەو دێنە ئەوێ هەر لەوێوە واتا طوزەوە سەردانی چاڵە نەوتەکان ئەکا. بەڵێ نەوت سەریەشە هەمیشەییەکەی بەریتانیا. ئینجا لە قەرەحەسەن و لەیلانەوە دێنە چەمچەماڵ و دەربەندی بازیان کە ئەوکاتە دەرگای هەبوە وباجیان سەندووە بەڵام وەك ڕیچ ئەڵێ لە ئێمەیان نەسەند چونکە میوانی پاشا بوین.

له دوایدا ئەگەنە گردی گۆپاڵە و چەمی تەینالْ و بەسەر (تاصلوجە)دا دێنە دەشتی بازیان و لەوێوە بە بناری شاخی پیرەمەگرون و شێرکوژدا ئەگەنە تەق تەق و سەرچنار دوای (٢١) ڕۆژ لە دەرچونیان لە بەغدا.

بۆ ڕۆژی دوایی (٨/ئایار) زیاتر لە سلێمانی نزیك ئەبنەوە و بە پیێ ی ئەو وەصفەی ریچ ئەیکات وا دیارە لە تەختاییەکەی پشت سەرچاوەی کانێسکانەوە بارگە ئەخەن.

ئەو رۆژەی کە میستەر ریچ ئەگاتە کانیسکان زۆر لە پیاو ماقوڵانی سلێمانی دێن بۆلای بۆ بەخێرهاتن، لەوانە مەحمود مەسرەف، سەرۆك وەزیرانی پاشا کە کەسایەتیەکی ناسراو بو لە کوردستاندا. ریچ ئەڵێ:زۆر جار ناوبانگیم بیستبو لە بەغداد، بۆ ئەوەی پێم رابگەیەنێ کە سەروەرەکەی ئەم عەسرە دێت بۆ سەردانی، بۆ ئەوەی خۆی بێ بۆ بەخێرهاتنی بۆ وڵاتەکەی وە ئەوە رێزلێنانێکی چاوەڕوان نەکراو بو لەوەوەو بەڵگەیەکی گەورە بو بۆ رێزو دۆستایەتی ئەو، لە کاتێکدا من چاوەڕوانی ئەوەم نەئەکرد کە ئەگەر من سەریشم دا سەردانم بکاتەوە بۆیە هاتنی بەر لەچونی من شتێ یەکی چاوەڕوان نەکراوبو.بۆیە هەڵسام بەچاکترین ئامادەگی کە لەتوانامدا بو، بۆ پێشوازی کردنی پاشا. دوای کەمێك لە عەسر ئاگاداری هاتنیان کرد. دەستەودایەرەکەی ساکارو دڵگیر بو. تەنیا خۆی سواری ئەسپ بوبو وەلەبەر ئەوەی زۆر بچوك بو، بۆیە لە ناو ئەو کۆمەڵە پیاوە باڵابەرزانەدا دەرنەئەکەوت. جلەکانیان هەمو رەنگەکانی پەلکە زێڕینەی تیادا بو: سور، زەرد،ئەرخەوانی، و هەمان ئەم رەنگانە لە ریشوی مشکیەکانیشیاندا هەبو[1]، بێدەنگ بەرەو ئێمە ئەهاتن و خرمەی رۆیشتنەکەیان لە دورەوە ئەهاتە بیستن. کە پاسەوانەکانم سەلامیان بۆ کرد بە دەست بەسنگەوە گرتنێکی زۆر سەنگینانە

بۆی سەندنەوە. چومە دەرەوە بۆ پێشوازی کردنی دور لە دەرگای چادرەکە. کە دیمی لە وڵاخەکەی دابەزی و لەگەڵ هاواری دەستەودایەرەکەیدا بەهەردو دەست تەوقەی لەگەڵدا کردم و بەیەکەوە چوینە ناو خێوەتەکەوەو لەسەر رایەخێك دانیشتین کە بەتایبەتی بۆ ئەم بۆنەیەم ڕاخستبو. بە زەحمەت توانیم قەناعەتی پێ بکەم کە بێ ئەرك دانیشێ بە چوارمشقی چونکە سوربو کەلە دانیشتنەکەیدا زەحمەت بکێشێ چونکە ئەوە رێزی زیاتری ئەگەیاند بۆ میوانەکەی، بەوەی کە بەچوکدا دانیشێ لەسەر پاژنەی پێی و خۆشحاڵی خۆی زیاد لە جارێك نیشاندا بەسەردانم بۆ کوردستان.و دڵنیایی کردم کە وڵاتەکەی وڵاتی منە و قسەی تری لەو جۆرەی کەلە رۆژهەڵاتدا باوە. وە زۆر گفتوگۆیی ناسکی تر وەکو: پۆزش هێنانەوە بۆ ئەو حاڵەتەی کە وڵاتەکەی ئەوی تێدایەو ستایشی من بۆی کەلە دڵەوە ئەمکرد چونکە شەیدای ئەوگردە سەوزانە بوم و دڵخۆشیم بەدورکەوتنەوەم لە بەغداد. دوای ئەوە نامەکەی پاشای بەغدادم دایە (واتا نامەی والی بەغداد داود پاشا – و.ك)و لەبەر ئەوەی نامەیەکی زۆر ناسك بو، بۆیە بەبەرچاوی ئەوانەی کە بەدەوری یەوە بون دامێو هەستم کرد کە پەی بەوە برد.

باسی کاروباری وڵاتەکەی بۆ کردم کە چەند دژوارە بەهۆی ئەوەوەی کەکەوتۆتە بەینی سنوری دو دەسەڵاتی ناتەباوە، یەکەمیان هەراسانی کردوە بەباجو خەراج و دوهەمیشیان ئەو دەسەڵاتەیە کە بەناچاری بەدوایەوەیەتی واتا دەسەڵاتی تورکەکان کە نایانەوێ خزمەتی ئیرانیەکان بکاتو پارەیان بداتێ. کەچی تورکەکان هیچ بەرگریان لێنەکرد کە بەزۆر شارەزادەی کرماشان ئەوەی کە ویستی بردیە سەر، ئاماژەشی بۆ ئەو ئەنجامە خراپانەش کرد کە ئەم جوت ئیدارەییە ئەیکاتە سەر خێرو بێری وڵاتو گەشە سەندنی. ئاماژەی بۆ هەمو

ئەمانە ئەکرد بەساکارییو شارەزایانەو هەروەها نەیشاردەوە کە بەدڵ لەگەڵ پاشای بەغدادایە. منیش هەر لەوبڕوایەدام کە مەیلی بەلای تورکەکانەوە هەیە بەهۆی ئاینەوە (مەبەستی ریچ ئەوەیە کە هەردولایان سوننەن–و.ك) بەڵام بە رونی دانیشتوانی ئەم وڵاتە رێزیان نی یە بۆ عوسمانیەکان و نە باوەڕیشیان پێ ئەکەن و شایستەی ئەوەش نین، چونکە ئیدارەی سیاسیان ئیدارەیەکی کوێرانەو لوت بەرزو خەڵەتێنەرە.. تا ئەڵێ: پاشا وتی: باوکم بەڕەحمەت بێ، زۆری تۆ خۆشئەویست، ئەگەر ئەم رۆژەی بدیایە، کە زۆر چاوەروانی ئەکرد. زۆر بەختیار ئەبو چەندم پێ خۆش ئەبو، کە ئەو لەباتی من پێشوازی لێبکردیتایە.)) منیش وتم: عەبدولرەحمان پاشا هاوڕێ یەکم بو کە زۆر رێزی هەبو لام و یادی لەدڵمدا هەمیشە زیندوە وە باشترین نەوەی لە دوای خۆی بەجێهێشتوە و دوای ئەوەی شەربەت خورایەوەو بوخورد سوتێنراو گوڵاوبرژێنکرا پاشاو پیاوماقوڵان و دەستو پەیوەندەکانی گەڕانەوە. بەر لەوەی خێوەتەکە بەجێ بهێڵێ پێ ی وتم: حەز ئەکەم ئەگەر بۆ تۆش باش بێ دوسبەی سەعات نۆی بەیانی بێیتە سلێمانی یەوە. یەکسەر هەستم پێکرد کە ئەبێ هۆی ئەوە خەرافەیەکی نجومگەری بیو منیش بەقسەم کرد. لەیەکەم چاوپێکەوتندا – ئەمە قسەی منە– ئەمە بوە هەڵسەنگاندنی ریچ بۆ مەحمود پاشا کە ئەڵێ: مەحمود پاشا هیچ شتێ یەکی نەبو لەقسەوکەسایەتیدا کە جیای بکاتەوە، چونکە پیاوێکی بێ گرێگۆڵ بو، ئاقڵ بو و زۆر ناسك بو لە سروشتیدا و ئەشلێن لە رەوشتی تایبەتیشدا پاكو بێ گەردە ئەوەش ئاسایی نی یە لەناو کوردەکاندا.))

وەك بڕیار بو لە رۆژی ١٠/ئایار/دا چوە بۆ سلێمانی.لە پێشدا چون بۆ ماڵی پاشاو لەوێ نانی بەیانی یان خواردوە بەر لەوەی بچن بۆ ئەو ماڵەی بۆیان تەرخان

کردوه وەکو ریچ وەصفی شوێنی ماڵی پاشا ئەکات وادیارە بەسەر گردی دەبۆکەوە بوە بەرامبەر مزگەوتی گەورەی ئێستا، وە لەبەر ئەوەی لە رۆژانە نوسی ئەو رۆژەیدا ریچ شتیٚ یەکی ئەوتو گرنگ دەربارەی مەحمود پاشا باس ناکات بۆیە بەسەریدا تێپەریم. بەڵام لە رۆژانە نوسی (١٤)ی هەمان مانگدا پاشا سەردانی میستەر ریچ ئەکاتەوە و بۆجاری دوهەم و ئەم چەند دێرە لەبارەیەوە ئەنوسیٚ: ئەم بەیانی یە پاشا سەردانی کردم و نزیکەی سەعاتێك لەگەڵمدا دانیشت و بۆم دەرکەوت پیاوێکە تا زیاتری بناسی ئەمەندە قەدروقیمەتی لەلات بڵندو باڵا تر ئەبیٚ. لە کرداریشدا بە ئاشکرا پتەوی‌و نەرمو نیانی تیادا بەدی ئەکریٚ، ئەمانە هەموی وا ئەکات کە بەدیداری شاد ببێت. زۆر پرسیاری لێکردم دەربارەی دەوڵەتە ئەوروپاییەکان هەر وەك چۆن براکەی (مەبەستی عوسمان بەگی برا بچوکیەتی– و.ك) دوێنیٚ لێیکردمو گفتوگۆکەی بە (چین) دەست پێکرد کەلە بەینیانا باسکرابو وادیار بو بایەخێکی زۆریان پێدا بو. بەساکاری‌و زمانپاراوی قسەی ئەکرد دەربارەی هەمو ئەوباسانەی کەلیٚ ی دواوە ئینجا قسەکانی رایکێشاین بۆ کوتان دژی ئاوڵەکە زۆر ئەمەوێت بیهێنمە کوردستانەوە چونکە ئەم نەخۆشیە زۆر بڵاوبۆتەوە تیادا و خواستێکی پەروشی هەبو کە ئەم چارەسەرە بڵاو بکرێتەوە لەناو خەڵکیداو بەڵێنم پیٚ دا کە بنوسم بۆ بەغداد بیٚ دواکەوتن کە هەوڵبدەن هێندێك ڤاکسین پەیدا بکەن.))هەر لەو رۆژانە نوسەدا ئەڵیٚ: کە پاشا ئەمرۆ سەردانی کردم. هەلێکم بە دەستهێنا کە کارێك ئەنجام بدەم کە هاوریٚ یەکم پێسپاردبوم کەنەم ئەتوانی دەست بەرویەوە بنێم ئەویش ئەوە بو کە کوردەکان لەم رۆژانەی دواییدا دەستیان بەسەر ژمارەیەکی زۆرداری تەختەدا گرتبو کەهی کابرایەکی بەغدادی بو کەلە مێژەوە ئیشی برینی دار بو لە شاخەکانی کوردا.

لەسەر ئەو تکایەی من پاشا فەرمانی دا کە دارەکانی بۆ بگێڕنەوە وە ئەگەر نەدۆزرایەوە هەمان ئەو ژمارەیەی بۆ ببردرێت و بیدرێتەوە پیێ ی.))

لە رۆژی ١٨/ئایار دا، وای نوسیوە: سەعاتو نیوێکم لەگەڵ پاشادا بردە سەر، لام خۆشترین کات بو. رەوشتێکی قایمی هەیە. ساکارە چونە وایە بۆیە دوان لەگەڵیدا زۆر خۆشە. بەتایبەتی کەبۆت دەرئەکەوێت لە رەفتاری زۆربەی کەسایەتی یە دەرکەوتوەکانی رۆژهەلاتدا چەند دەستکردو درۆو دەلەسە هەیە، وتم ((بۆ زریێ ناپۆشی، کە ئەوە بەرگی خوازراوی کوردەکانە؟)) وای وەلام دامەوە کەئەو توانایەی نی یە کەبەرگەی قورساییەکەی بگریێ.)) ئەگەر ئەم پرسیارەم لە زۆربەی رۆژ هەلاتی یەکان بکردایە، وایان وەلام ئەدایتەوە کە حەزی پیێ ناکەن یان بێزیان نایەت خۆیان بپارێزن لەشەڕدا ئەگەر یەکێك بیەویێ نهێنی سەرسوڕمانم بزانی بۆ ئەو لایەنە جوانەی پاشا لەسەریەتی کە ماوەیەکی درێژ لەگەڵ تورکدا بەریتە سەرو تەواو شارەزای هەڵسوکەوتیان بییێ لەبیرکردنەوەو قسەکردنیاندا. شتیێ یەکی ئەوتۆم نی یە: کە دەربارەی قسەکانمان بینوسمەوە چونکە زۆربەی دەربارەی من بو. بەلام بۆ پاشا، پرسیاری زۆری لێکردم دەربارەی سوپاکانی ئەوروپاوەو تێبینی ئەدات کە نیشانەی شارەزاییو حیکمەت بون.)) ئەوەی شایانی باسە — ئەمە قسەی خۆمە— میستەر ریچ چەند جارێك لەگەڵ پاشادا نانی خواردوەو بەیەکەوە چون بۆ دیدەنی سوارچاکی و شیربازیو وەرزش هی تریش بەلام من ئەو بەیەك گەیشتنانەیانم باسکردوە کە دەربارەی کەسایەتی پاشا دواوە وەك ئەم بینینەی کە لەمانگی رەمەزانداو لە رۆژی ٢٤/حوزەیراندا ئەبیێ: زۆربەی قسەکانی پاشا، دوای هاتنی مانگی رەمەزان، شێوازێکی ئاینی هەبو دەری ئەخست کە چەند ئیماندارو لەخواترسە زیاتر لە ئاسایی بیێ لوتبەرزبو دەمارگیری

که تورکێك دەری ئەخست کەلەو کەمتر خوا پەرست بو. پاشا پیێ ی وتم: ئازاترین پیاو که رێکەوتی کردبێ سەربازێکی روسی بەسەزمان بو. ئەوکاتە دیم کە لەگەڵ میر (محمد عەلی میرزا) چوین بۆ داگیر کردنی وڵاتی (گورج) ئەو پیاوە نامە بەربو و ئێرانیەکان بەدیل گرتبویانو هێنایان بۆ لای میر، ئەمیش لێی پرسی کە ئیشەکەی چی یە لە سوپادا؟ سەربازەکە وتی: نامەبەرمو نامەکانیش بە زمانی روسیە، ئەگەر ئەتوانیت بیخوێنەرەوە. وە کە میر بۆی دەرکەوت ناتوانی هیچ زانیاریەکی لێوە بەدەست بهێنێت. داوای لێکرد کە ببێ بە ئیسلام. بەڵام سەربازەکە بەقسەی نەکرد بۆیە میر هەڕەشەی لێکرد کە قورسترین سزای ئەدات ئەگەر ئەوەی نەکرد. بەڵام ئەو هەڕەشانە لە ورەی ئەو پیاوەی کەم نەکردەوە. ئەوسا میر فەرمانی دا کە گۆڕێك هەڵکەننو لەکاتی هەڵکەندنی گۆڕەکەدا سەربازەکە پیێ ئەکەنیو قسەی ئەکرد لەگەڵ ئەوانەدا کەلەدەوروپشتی بونو هەروەکو ئەو گۆڕە بۆ ئەو هەڵنەکەندرێ. دوای ئەوەی گۆڕەکە تەواو بو میر سەرلەنوێ داوای لێکردەوە کە ببێ بە ئیسلام وەکە جارێکی تریش بەقسەی میری نەکرد فەرمانی دا کە زیندە بەچاڵ بکرێ لەگەڵ ئەو هەمو هەوڵانەی مندا کەنەیەڵم ئەو کارە درندانەیە بکات. چەند جێ ی داخە کە بیبینیت مرۆڤێکی پیاوچاك و ئازا خۆی بەخت ئەکات لە پێناوی ئاینەکەیدا، باشە میر چ پەیوەندی یەکی هەبو بە ئاینی ئەو پیاوەوە."؟!

ریچ ئەڵێ: دوای ئەوەی ئەو بەسەرهاتە ناخۆشەم بیست. وا بیرم کردەوە کە ئەگەر فەرماندەیەکی سوپای روسی بومایە و میرم بە دیل بگرتایە هیچ سیێو دوم لەوە نەئەکرد کە میرم بخنکانایە لەیەکەم درەختتدا کە رێکەوتم ئەکرد لە رێگا.

له ١/ته‌مموز دا میسته‌ر ریچ ئه‌نوسیٚ و ئه‌لیٚ: ئه‌م ئیٚواره‌یه پاشا سه‌ردانی کردم و ئه‌و بیٚ گومان دورترینی ئه‌و موسڵمانانه‌یه که ناسیومن له ریا کارییه‌وه‌و پاکتریانه. ئه‌م شه‌و به‌سه‌رهاتیٚکی بۆ گیٚرامه‌وه که‌لیٚ ی رودابو بۆ خۆ هه‌ڵکیٚشان نه‌بو، به‌ڵکو هه‌ر بۆ ئه‌وه بو که نیشانی بدا که باوه‌ڕ به‌خوا چه‌ند سودی بۆ مرۆڤ هه‌یه وکه‌سایه‌تی راسته‌قینه‌ی ئه‌ویشی ده‌رده‌خست. وه من ئیٚستا به‌پیٚ ی توانا ئه‌یگیٚڕمه‌وه وه‌ك ئه‌و بۆی گیٚڕاومه‌ته‌وه وه ئه‌گه‌ر به‌و وشه ساکارو ئاینیانه‌ی ئه‌و نه‌یگیٚڕامه‌وه زۆر له‌نرخی روداوه که که‌م ئه‌بیٚته‌وه، پیٚ ی وتم: که بارمته بوم له کرماشان بۆ ئه‌وه‌ی باوکی خوالیٚخۆشبوم سه‌ر به‌ئیٚرانیه‌کان بیٚت. باوکم ناچار بو که لابداته پاڵ تورکه‌کان. به‌م شیٚوه‌یه ژیانم که‌وته مه‌ترسی یه‌وه. شازاده ناردی به‌شویٚنمدا که بمکوژیٚ. کات شه‌و بو. به‌په‌ل به‌ستراوی بردیانم بۆ لای میر که له دیوه‌خان دانیشتبو له ناوه‌ڕاستدا به‌مۆم روناککرابۆوه و ئه‌وه‌ی که سه‌ریش ئه‌په‌ڕیٚنیٚ به‌خۆیو شیره‌که‌یه‌وه ئاماده بو، بۆ ئه‌نجامدانی کاره‌که‌ی وه ئه‌ڵیٚم زۆر له‌و پیاوه ئازایانه‌ی که روبه‌ڕوی مردن ئه‌بنه‌وه له‌به‌ره‌ی جه‌نگدا ترسیان لیٚئه‌نیشیٚ ئه‌ی ئه‌گه‌ر به‌په‌ل به‌ستراوی بران بۆ به‌رده‌م جه‌للاد ئه‌وه ساتیٚکی تۆقیٚنه‌ره (خوا به‌دوری کالیٚت)، من به‌ئاشکرا ئه‌یلیٚم قه‌ڵه‌می ده‌ستو ئه‌ژنۆم شکاو ره‌نگم په‌ڕی. به‌ڵام له‌ونه‌هامه‌تی یه‌دا به‌بیرمدا هات که په‌نابه‌رم بۆ خوای گه‌وره (جل شأنه) یه‌کسه‌ر هه‌ستم کرد به ئارامی و ئه‌م وشانه زرنگایه‌وه له میٚشکمدا: ئایا من نه‌بوم که له‌سکی دایکت ده‌رم هیٚنای‌و پاراستومی له مه‌ترسی تا ئه‌م کاته ئایا له توانامدا نی یه که‌له هه‌مو ساتیٚکدا له‌ناوت به‌رم. که وابو ئه‌م ترسه بۆ؟ بۆ ئه‌و پیاوه ئه‌توانی هیچت لیٚبکات بیٚ ئه‌وه‌ی من ره‌زام له‌سه‌ر نه‌بیٚ. له‌وکاته‌دا هه‌ستم کرد به ئارامی‌و هه‌مو ترسیٚکم له دڵم ده‌رکرد و بیٚ ترس و له‌رز

بەرامبەر میر وەستام. وە من سوپاسی خوا ئەکەم کە وای کرد لە میر، کە سور بو لەسەر کوشتنم، بیر بگۆڕێ و بێ زیان بمنێرێتەوە بۆ بەندیخانە.

لە ١٠/ی تەمموزدا ئەمە ئەنوسێ: ئەم شەو پاشا چەند ساتێك لام مایەوە زۆر دڵتەنگ بو. بەخەفەتێکی زۆرەوە باسی کردەوەکانی مامی کردو ئەو ساتەی کە بۆی دەرکەوت خیانەتی لێکردوە و ئەو هەستەی کە دەری بڕی (بێ گومان هەستی کانگای دڵی بو) بەڕادەیەك سۆزدارو دڵسۆزو نی یەت پاك بو بیرم نایە لەوجۆرەم رێکەوت کردبێ لە رۆژهەڵاتدا وە ئەشترسم کە رێکەوتی زۆر نەکەم لە وڵاتی پێشکەوتوشدا. ئەو مەسەلەیەش – ئەمە قسەی خۆمە–کە پاشای دڵتەنگ کردبو وەك لە رۆژانە نوسی (٦)ی تەمموزدا باسی ئەکات بەم شێوەیە ئەبێت: مەحمود پاشا بڕیار ئەدا کە بچێتە پاڵ تورکەکان لەگەڵ عەبدوڵڵا پاشای مامیدا و براکانی عوسمانو سلێمان ئەچنە لای شێخ خالد (واتا مەولانا خالیدی نەقشبەندی – و.ك) پیاوی خوای سلێمانی لە خوا ترسی گەورەی ئەو سەردەمەو هەرسێکیان سوێند ئەخۆن کە پشتی مەحمود پاشا بگرن. چونکە چاوەڕوانیان ئەکرد میری کرماشان هەوڵ بدات یەکێکیان بەلای خۆیدا رابکێشێ و هانی بدات لە دژی پاشاو دوژمنایەتی تورکەکان، سوێندیان لەسەر شیر بەقورعان و بە تەڵاق خوارد کە ئەگەر هەریەکێکیان نامەی بۆ هات لە تورکیاوە یان لە ئێرانەوە ئەوا لە ماڵی شێخ خالیدو بە ئامادەبونی ئەوانی تر ئەیخوێننەوە. عوسمان بەگ یەکەم کەس بو کە تاقیکرایەوە چونکە دوای ماوەیەکی کەم نامەیەکی لە شازادەوە پێ گەیشت کە بانگی ئەکات بۆ کرماشان و بەڵێنیشی ئەداتێ کە پۆستی پاشایەتی سلێمانی بداتێ عوسمان بەگ دوبراکەی لەم نامەیە ئاگادار ئەکاتەوە بێ دواکەوتن. عەبدوڵڵا پاشاش بەهەمان ناوەڕۆك نامەیەکی پێ ئەگات بەڵام ئەیشارێتەوە لێ یان بە

پێچەوانەی رێککەوتنەکەیانەوە. لەوەو پێشیش جارێکی کە وەك ریچ ئەڵێ والی بەغداد فریوی دا بەڵام لە دواییدا رادەستی مەحمود پاشای کردبوە وە هەموجاریکیش لێ ی ئەبورد لەکاتێکدا ئەیتوانی لەناوی بەرێ‌و بێ ئەوەی کەس هەبێ لێ ی بپرسێتەوە بەڵام مەحمود پاشا هەمیشە لێ ی خۆش ئەبو.

لە ١٧/تەمموزدا میستەر ریچ سلێمانی بەجێ دێڵێ لە تاوگەرمیو بەرەو هاوینە هەوارەکانی بیستانو قزڵجەو پێنجوێن ئەڕواتو لەوێوە ئەچێت بۆ (سنە) پایتەختی ئامارەتی ئەردەڵان بۆ لای ئەمانوڵلاخان کە والی ئەو سەردەمەی ئەردەڵانیەکان ئەبێ. لە ١٥/ئەیلول دا ئەگاتەوە سلێمانی واتا بەرێگەو مانەوەی لای والی ئەمانوڵلاخان ماوەی دومانگی پێدەچێ.

لە رۆژانە نوسی ٢٣/ئەیلول دا ئەمە ئەنوسێ: کە گەیشتمەوە سلێمانی توشی نا ئومێدییەکی تاڵ بوم کە زانیم پلانی ژنەکەم بۆ کوتانی ئاوڵە شکستی هێناوە ئەویش بەهۆی ناشێتیو هەڵەشەیی ئەوەوە بوە کە پێ ی هەڵساوە وە لەوە ئەچو کە دەرمانەکە گەنیبێ و تلوقەکان ناتەواو بو و هەرچی منداڵێکی پێ کوترابێ توشی بوبو جگە یەکدوانێك نەبێ و کوڕی دوهەمی عوسمان بەگ کە منداڵێکی جوان بو تەمەنی ساڵونیوێك ئەبو لەوانەبو کە توشی بو بو دوێنێ مرد. ئەم بەیانی یە چوم بۆ لای پاشا بۆ سەرخۆشیکردن لێ ی سەیرم کرد پاشا زۆر خەمبارە و زۆر لەخۆی ئەکات کە نەگری و وەڵامی سەرخۆشیەکەمی بە دەنگێکی نزم و لەرزۆکەوە دایەوەو یەکدوجار باسی برازاکەی کرد بەداخو پەژارەوە.)) دوای ئەوەی پاشام بەجێ هێشت چوم بۆلای عوسمان بەگ و وەڵامی سەرخۆشی یەکەی بەچەند رستەیەکی کورت کەلەوبۆنانەدا ئەوترێ دامەوە وەکو: ئەمە ئیرادەی خوایە و لەگەڵ ئیرادەی خواشدا هیچ ناکرێ‌و خوا تەمەنی پاشاو تەمەنی

تۆ درێژ بكات. دوای نەختێك دەستی كرد بە قسەو پێكەنین  هەروەك هیچ روینەدابیٚ.

٧/تشرینی یەكەم ئەم بەیانی یە سەردانی پاشام كرد، هەتا بلێیت خەمبار بو. منیش دلّم گیرا بەو خەمو خەفەتەی ئەو. ناخۆشە كە پیاو چاك ببینی خەمبار بیٚ. كوڕە گەورەكەی كە عەبدولرەحمانی ناو بو و حەوت سالّ تەمەنی بو بەر لەسیٚ رۆژ وەك بارمتە ناردبوی بۆ كرماشان، كوڕە بچكۆلەكەشی توشی ئاولّە بو بو و هەروەها ئاشوبێكی گەورەش كەوتبوە بنەمالّەكەیانەوە. عوسمان بەگ زۆری لێئەكرد كە قسەم لەگەلّدا بكات. بەلاّم لەبەر خەمباریەكەی، قسەكانی كەمو ساردو سڕبون.

لە شوێنێكی كەی هەر ئەم رۆژانەیەدا هاتوە: ئەمڕۆ كە لەگەلّ پاشادا باسی مێژوی كوردستانمان كرد. زاتم نایە بەرخۆمو باسی سەرسوڕمانی خۆم كرد لەكەمی شارەزایی لە مێژوی خێزانەكەی، بەئەدەبو رێزەوە وەلاّمی دامەوە كە ئەو مێژوە ئەوە ناهێنێت كە بنوسرێتەوە. چونكە مێژوی خێزانێكی شاهانە نی یە بەلّكو مێژوی خێلّێكی بچكۆلەیە. وام وەلاّم دایەوە كە خێزانەكەی خانەدانو بەرِێزە. وەلاّمی دامەوە: كە زۆر كۆن نی یە و لێیان نەبوە بە پاشا تەنیا لەم سەردەمە دا نەبیٚ پێم وت: من لەو كاتەوە بنوبنەچەی خێزانەكەیان ئەزانم. ئەم قسەیەم كارێكی باشی تێكرد و یەكسەر هەستم كرد كە شانازی بە خێلّو بەرزی خێزانەكەیەوە جولاّنیو روی گەشبوەوە و بوژاندنەوەیەكی نائاسایی پێوە دیار بو بەوەدا بۆم دەركەوت كە ئەو پیاوەی — واتا مەحمود پاشا — كە خۆی گەیاندۆتە ئەو پلە نزمەوە بەدەرنی یە لە شانازیو گەورەیی ئەگەر لەم باسانە بدوێین لە دواییدا پیٚ ی وتم: كە حەز بە مێژو ناكات جگە لە مێژوی ئەولیاو پێغەمبەران نەبیٚ

ئەو سەردەمەی کە تیادا ژیاون. بەڵام بۆ مێژوی تر لەشانامە بەولاوە هیچی کە ناخوێنێتەوە.

١٢/تشرینی یەکەم

زۆر خەفەتم خوارد کە زانیم کوڕی دوهەمی پاشا کە ناوی ئەحمەد بەگ بو، ئەم بەیانی یە مردوە بە نەخۆشی ئاوڵە. منداڵێکی روخۆشو زۆر هۆگری ئێمە بو بو و میستەر (بەلّ) هەوڵی لەگەلّ دابو و سەردانی منداڵەکەی دوجار کردبو، بەڵام نەیتوانیبو قەناعەت بەدایكو باوکی بکات کە دەرمانی بداتێ یان لە شوێنێکی فێنکدابێ جا هەرچەندە لە دوایدا نەختێك بەقسەیان کردبو و خۆشیان وتبویان منداڵەکە باشتر بوبو.

پاشا خەفەتەکەی لە رادە بەدەر بو. کوردەکان بە گشتی هۆگری ژنو منداڵەکانیانن کە زۆر جوانو روح سوکن بەڵام تورك گوێ نادەنە هیچیان.

١٩/تشرینی یەکەم: ئەمڕۆ چوم بۆ سەردانی پاشا بۆ خوا حافیزی سەیرم کرد وەزعی زیاتر جێگیرە بەڵام ئێستاش هەر خەمبارەو هەمیشە هەناسەی سارد هەڵئەکێشێ. قسەکانی هەروەك پیشەیەتی دەربارەی ئاین بو. پرسیاری ژمارەی ئینجیلەکانی لێکردم. ئەوەی کە ئاسمانی یەو ئەوەشی کە بەشەر دایناون بەوەحی خوا، وە ئایا مەسیح دەرئەکەوێتەوەو دەست بەسەر زەوی دا ئەگرێت یان هەر لە رۆژی حەشردا دەرئەکەوێت؟ ئینجا دەربارەی دەجال دواو هەروەها یەئجوجو مەئجوجو شتی تریش بەهەمان ئەو ناسکییەی جارانیەوە، وە پێشی وتم کەبەر لە گەڕانەوەم سەردانم ئەکات لەچادرگاکەمدا.

٢٥/تشرینی یەکەم: پاشا ئەم ئێوارەیە دوا سەردانی کردم. کەهاتە ناو چادرەکەوە پێ ی وتم: واهەست ئەکا هەر وەکو دوێنێ بێ کە بۆ جاری یەکەم

سەردانی کردم لەروی شوێنو کاتو جۆرەکەیەوە و لەکاتی قسەکاندا وا وەڵامم دایەوە: هەرچەند هەست بکات بەکورتی ئەو ماوەیەی کەبەسەرم بردوە لەگەڵیاندا ئەو ماوەیە وای کردوە کە کرداری وام بەرامبەر بکا کەتاماوم لەبیرم نەچێتەوە ئەمڕۆ دیم زیاتر دڵتەنگە وەك لەمەوبەر وەئەشێ ئەمە لە ئەنجامی ئەو کارانەوە بێ کە کردبێتی لەو دوژمنایەتی یەدا بەرامبەر ئەو برایەی کە دەسەڵاتی تەواوی بەسەریدا هەبو (واتا عوسمان بەگی برابچوکی— و.ك) ئەو کارەی بەڕادەیەك توڕەی کردبو کە خەفەتەکەی لەبیر بردبوەوە قسەکانمان وردە وردە رایکێشاین بۆ کاروباری وڵاتەکەی و ئەو ئاشوبە کەوتۆتە ناو خێزانەکەیانەوە و هەوڵم دا کە هەستی نەتەوەیی و خێزانی تیا بجوڵێنم بەڵام بێ سود بو هەرچەندە هەستم ئەکرد کە نەختێك دڵگەرمی تیادا بەدی ئەکەم کاتێك کە باسی مێژوی کۆنم بۆ ئەکردو ئەو پلەوپایەیەی کە میللەتەکەی بەدەستی ئەهێنێ لەناو نەتەوە سەربەخۆکاندا، بەڵام ئەو دڵگەرمی یە هەر سەرابی بو. رەوشتی نەرمو نیانو بێفیزی تێکەڵ بەخەو خەیاڵو نائومێدی وای لێکردوە کە دوای ئەو شتە پڕوپوچانە بکەوێ کە لە قوڵایی دەرونی دا کەڵەکە بوە و توانای پێ نەهێشتوەو دودڵیشم لەوەی کە بڵێم ئەوە بەهۆی دینەوەیە.بۆم دەرکەوت کەنەبەتەنگ خۆیەوەیەتی وەنە بەتەنگ وڵاتەکەشیەوەیە کەللە رەقیشە بەقسەی کەس ناکات و هەر سورە لەسەر بۆچونی خۆی لە هەمو چەندوچونێکمدا لەگەڵیدا. لە دواییدا بەسوعبەتەوە پێم وت: ئەگەر بەنیازە چی لێهاتویی هەیە بەکاری بهێنێ بۆ دانانی کۆسب لە رێ ی چارەسەرکردنی وڵاتەکەیدا ئیتر شتێ یەك نامێنێ کە بکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا لەخوا پاڕامەوە کە خێروخۆشیو توانا بڕێژی بەسەر خێزانو وڵاتەکەیدا. لە وەڵامدا وتی: ناتوانرێ کە وڵاتو خێزانەکەی رۆژێك لە رۆژان بەهێزبن ئەگەر لە خێزانەکەیدا ئەم هەمو ئەندامە بەهێزانە هەبن. بەڵام من هەرسوربوم لە

سەرئەوەی کەلەگەڵ ئەوەشدا ئەوە بەدی دێت وتی: لە کاتێکدا ئەوە ئەبێ کەخوا توشی تاعونێکمان بکات تەنیا یەکێکمان بیەڵێتەوە پێم وت: ئەوە بەدی دێت بێ ئەوەی پێویست بە تاعون بکات و خواش دەستی بەسەر هەموشتێ یەکدا ئەڕوات وتی: گومانی تیادا نی یە خوا ئەتوانێ ئاگری دۆزەخ بکوژێنێتەوە بەڵام نایکوژێنێتەوە. لە دەاییدا باسی ئەوەی کرد کە ئەیەوێت واز لە پۆستەکەی بێنێ. پێم وت: ئەبێت هەڵسێ بەو ئەرکەی کە خوا پێ ی ڕەوا دیوە. لەوەڵامدا وتی: گومانی تیادا نی یە بۆ ئەوە، بەڵام من سەرم لەوە سوڕئەمێنێ کە خوا بۆ ویستویەتی من بکات بەفەرمانڕەوا وتم: ئەوە بۆ بەرژەوەندی ئەم هەزاران خەڵکە بوە. وەڵامی دامەوە ئای چەند ئەو حسابە گرانە کە ئەبێ لە قیامەتدا بیدەم. من لەگەڵ ئەو بۆچونەیدا نەبوم و پێم وت: لە راستیدا رەفتاری لەگەڵ خەڵکیدا هەمیشە باش بوە و لەگەڵ هەمو کەسێکدا بەڕەحم بوە، بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێ بەر لەخراپەکار بگرێ کەئەبنە هۆی ئەو ئاژاوانە لە وڵاتەکەیدا وئەو ئاگای لێ نیە، یان لە توانایدا نی یە دایانمرکێنێتەوە. وەڵامی دامەوەو راستی بەدەموچاویەوە دیار بو: گوێم لێبگرە بەگ حوکم بەسەر کرداردا ئەدرێ نەك بەوەی لەدڵدایە. هەر تەنیا منیشم کە لە ڕۆژی قیامەتدا لێی ئەپرسرێتەوە لەسەر ئەو ئاژاوانەی کەلە حوکومەتەکەمدا روئەدات.

دوای سەعاتو نیوێك قسەی خۆش پاشا هەڵسا بگەڕێتەوە و کاتێك خواحافیزی لێکردم، دەنگی نزم بوەوە دەستی لەرزی کە تەوقەی لەگەڵدا کردم منیش خەمبار بوم بۆ بەجێهێشتنی. تکای لێکردم کە جارێکی تر بیبینمەوە بەڵام ئەترسم جارێکی تر یەکتری نەبینینەوە، زەحمەتە لە یەکێك جیا ببێتەوە کە گوێ ی نەدەیتێ، ئینجا وەرە لەیەکێك جیا بەرەوە کە خۆشت بوێتو رێزی لات هەبێ،

مەحمود پاشا پیاوێکی زۆر خۆشەویست بو و من هەمیشە بەتاسەوە یادی ئەکەمەوە، چونکە روخسارە گەشەکەی پاکیو دڵسۆزیو ساکاری ئەگەیاندو هەرگیز چاوەڕوانم نەئەکرد لە رۆژهەلاتدا پیاوێکی لەو جۆرە رێکەوت بکەم و ئەشترسم کە زۆر پیاوی وەك ئەم لە وڵاتانی پێشکەوتو تریش دا بدۆزێتەوە.

مرۆڤ خەمو ناسکی لە رەوشتیدا بەدی ئەکات ئەمە وای لێئەکات کە پیاوێك بیَ زوبچێتە دڵەوەهەر هەستێکی روت بو بۆ خۆی. ئێستەش رزگاری نەبوە لەو پەژارەیەی کە دایگرتوە بەهۆی مردنی کوڕەکەیەوە و من کە رای خۆم ئەنوسم ودڵنیاشم لەوەی کە ئەیلێم کە پیاوێك نی یە لە رۆژهەلاتدا ژنو منداڵەکانی خۆش بویَ وەك ئەو خۆشی ئەوێن. بۆ یەکەم جار دوێنیَ ئێوارە چوە حەرەمسەراوە دوای کۆستەکەی، منداڵێك لە برازاکانی بانگی کرد(بابا)ناوە کەودەنگی منداڵەکە کە هاواری لێکرد: لەوە زیاتر بو کەبەرگەی بگریَ بۆیە هاواری کردو و بورایەوەو کەوت.. تا ئەڵیَ: لەوانە بو پیاوێکی رەوشت خراپ باشتر بیَ بو حوکمی کوردستانو مەحمود پاشا ئەو سەرکردەیە نەبێت کە وڵات پێویستی پیَ ی هەیە چونکە رەوشتە بەرزەکەی شایستەی کەسێکە ژیانی تایبەتی بژی. زۆر نەرمو نیان بو، خۆشباوەڕ بو بەخەڵکی، قەدری راستەقینەی خۆی لانەبو مەگەر زۆر بەکەمی هەرچەندە لە مەیدانی شەڕدا ئازاو بەجەرگ بو بەلام زاتی شارستانی کەم بو. ئاینو بیرکردنەوە وای لێکردوە کە کەم گوێبداتە مەترسیو هەروەها سوربونو بتەوی لەدەست داوە و لە توانای هەر پیاوێکدا هەیە کە بەکێشی بکات و پشت بە هەرچ کەسێك ببەستێت بێت بەهانایەوە تەنانەت لەوکارانەشدا کە بەپێچەوانە بۆچونە بەجیکانیەوەیە. هەرچەندە خۆی نمونەی راستگۆیی و شەرەفە بەلام پەی بە پلانی زۆرزانە دەست بڕەکان نەئەبرد کە خراپترین پیلانی دۆزەخی یان بۆ ئەڕازانەوە کە بەدڵی ئەوبیَ. جا لەگەڵ ئەوەشدا کەجار لە دوای

جار ئەو تەڵەکە بازی یانەیانی بۆ دەرئەکەوت کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەر بڕوای پێئەکردنەوە: چونکە لە منداڵێکی سینەسافی بیٚ گوناه زیاتر نەبو.

داود پاشا توانی براکەی لەخشتە بەریٚ وە هەوڵی دا لەڕیٚ ی ئەو برایەیەوە تێکی بشکێنیٚ بەڵام ئێستا لەبەرژەوەندی یەتی کە ئاشتی بکاتەوە و زۆر رێزی لیٚ ئەگریٚو خۆی لێئەباتە پێشەوە. مەحمود پاشاش هەرزو ئەوەی کەلە رابوردودا کردبوی بەرامبەری فەرامۆش کرد.

* * *

ئەمە ئەو بیرەوەریانەی میستەر ریچ بو کە دەربارەی مەحمود پاشای بابان نوسیبوی: ئەبیٚ ئەوەش بزانریٚ کە یاداشتەکانی ریچ زۆر لەوە فراوان ترە کە دەربارەی پاشا نوسیویەتی. ئەو دەربارەی هەرچ کەسێك کە رێکەوتی کردبیٚ نوسیویەتی نەك هەر ئەوە دەربارەی هەموشتیٚ یەکی ناوچەی سلێمانی ئاوهەوای، بەرهەمی کشتوکاڵی رەوشتو نەریت یاریو وەرزش. ئایین مێژو بنەچە،،،هتد. ئەم گەشتە هێژا محمد حمە باقی وەرگێڕراوەتە سەر کوردیو خەسارەیەکی گەورەیە ئەگەر نەیخوێننەوە. لە کۆتایی گەشتەکەیدا ئەم چەند رستەیە ئەنوسیٚ: ئەم بەشەی گەشتەکەم بە گەیشتنە سلێمانیم دەست پێدەکاتو بەرۆیشتنیشم لێی کۆتایی دیٚ. بەیانی ئەچم بۆ (موصل) بەڕێگەی (ئاڵتون کوپری)و (ئەربیل)دا: من کوردستان بەجێدێڵم بە پەژارەیەکی لە سنور بەدەر. چونکە هەرگیز چاوەڕوانم نەئەکرد کە چاکترین خەڵکی تیادابیٚ کەلە هەمو رۆژهەڵاتدا رێکەوتم کردبیٚ، دۆستایەتیم تیاگرتو بەوپەڕی دڵسۆزی یەوە رەفتاریان لەگەڵدا کردم لە هەرچ شوێنێك لام دابیٚ بەو پەڕی خۆشەویستی یەوە پێشوازیو میوانداری کراوم و

**ئەترسم کە چاوەڕوانی ئەم جۆرە رەفتارە نەکەمەوە لەم گەشتە شەکەتەمداو ئەم بیرەوەریانەش لە قوڵایی دەرونمدا هەتا دوا هەناسەم ئەمێنێتەوە)).**

**چۆن ئێمە گومانمان لەم گەشتەی میستەر ریچ هەبو لەو بڕوایەدا بوین کە مەبەستێکی لە ژێرەوە هەبوە نەك هەربۆ ئاو هەوا گۆڕین بێ. هەروەها (داود پاشا)ی والی بەغداد هەمان ئەم گومانەی هەبوە لەو گەشتە، کە میستەر ریچ ئەگەڕێتەوە بۆ بەغداد بەینیان لەگەڵ داود پاشادا تێکئەچێ و ئەوەبو بەهۆی ئەوەی بەغداد بەجێبهێڵێو بڕوات بۆ (بەصرە) و لەوێوە بەهەلی زانی کە سەردانێکی تەختی جەمشید بکاو، ئەوەبو لەوێ نەخۆشی تاعون ئەکەوێتەوەو ئەوپیاوە بلیمەتەی پێ ئەمرێ..**

**ریچ هاتوە وێنەیەکی ئەم عومەر ئاغایەی کێشاوە [1]، چونکە ریچ وێنە کێشیش بوە ئەو وێنەیە تارادەیەك جلوبەرگی پیاوانی بۆ دەرخستوین: دو کەوای لەبەردایە. ئەوەی**

---

**[1] ئەم وێنەیە کێشەیەکی لەسەرە، هەرچی بەڕێز جەمال بابانە ئەڵێ ئەمە وێنەی مەحمود پاشایە کە ڕیچ کێشاویەتی، لە کاتێکدا بیۆەژنەکەی کە کتێبەکەی بڵاوکردۆتەوە ئەڵێ: (ئەفسەرێکی پاشای سایمانی)، منیش ئەڵێم: هەبێت و نەبێت ئەمە وێنەی (عومەر ئاغا)یە ئەو ئەفسەرەی کە لەگەڵ ڕیچا ئەبێ هەموو ئەو ماوەیەی کەلە سلێمانی و سنە بووە. بە چیا ئەڵێم؟! چونکە هەر ئەو ئەوماوە درێژەی بووە کە بۆ ڕیچ ڕابوەستێ تا وێنەی بکێشێ، و ئەم قسەیەی من لەگەڵ خاتو ڕیچا یەك ئەگرێتەوە ئەگینا خاتو ڕیچ پاشای دیوە ئەیتوانی بڵێ ئەمە وێنەی پاشایە. ئینجا سەرنجی ئەو گۆڕانکاریانە بدەن لە بەینی جلی ئێستای پیاوان و هی ئەو سەردەمە. بەو وەصفانەی رەحمەتی (ریچ) ئەیکات بۆ جلوبەرگی پیاو ماقوڵانی ئەو سەردەمەی سلێمانی، زۆر گۆرانکاری بەسەر دا هاتوە تا گەیشتوتە ئێمە. ئەوکاتە جلوبەرگی پیاوان لەگەڵ هی ئافرەتاندا– مەبەستم لە روی رەنگەوەیە– جیاوازی نەبوە بەوەدا کە ئەڵێ: هەمو رەنگەکانی پەلکە زێڕینەی تیادابو: سور،زەرد، ئەرخەوانی."**

ژێرەوەی قۆڵدرێژە ئەوەی سەرەوەی نیوقۆڵە، قۆڵەکەی تا ئانیشکی دێت. هەردوکیشی نەخشاوە. دەرەلنگی دەرپێکەشی وەکو ئاوەڵکراسی جلی کوردی ژنان لە قولەپێیدا بەکشتەك هاتونەتەوە یەك. وەلەوەش سەیرتر کەمەرەو هەیاسەی بەستۆتە پشتی. کەمەرەو هەیاسەش لە زیو دروست ئەکراو بریتی بو یا لە قوببەیەکی گەورە یان سێ


AN OFFICER OF THE PASHA OF SULIMANIA
Published by Duncan Paternoster Row.

ئەوەی ناوەڕاستیان گەورەتر بو لەوەی ئەمبەرو ئەوبەری وە ئەم کەمەرەو هەیاسەیەش تەنیا ژنانی لادێ ئەیانبەستە پشتیان وەك خشل بەڵام ئێستا لای ژنانی لادێش باوی نەماوە مەگەر لەمۆزەخانەکان ببینرێ. من بۆ ئەوە ئەچم کەمەروهەیاسە لە بنەرەتدا پیاوان بەکاریان هێنابێ وەك زرێ بۆ ئەوەی سکیان بپارێزێ لە شیرو رم و چەکی تیژ. سەروبەستەکەشی چیتی نەخشاوەو ریشوی درێژی هەیە بە لاجانگیدا هاتۆتە خوارەوە.

باوکم بۆی گێڕامەوە بەر لەجەنگی جیهانی یەکەم خانەدانێکی خەڵکی سلێمانی کەوایەکی سوری خامەك یان گورونی لەبەر ئەکرد. بەلای

---

کە (ریچ) ئەگاتە شاری سلێمانی ئەفسەرێك ئەکەن بە یاوەری تا ئەگەڕێتەوە ئەو ئەفسەرە ناوی "عومەر ئاغا" ئەبێ. لەوە ئەچێ لەوشتانەی کە ریچ باسی ئەکات دەربارەی ئەو پیاوە هەتا بڵێت نەفس بەرز ئاقڵ ئازا بەماریفەت بوبێ بۆیە ریچ ئەڵێ: ئەگەر لەقەبی (جەنتڵمان) بدەم بەیەکێك هەر ئەیدەم بەم عومەر ئاغایە. بەهەمو مەعنایەك کە وشەی جەنتڵمان ئەیگەیەنێت.

خەڵکیەوە زۆر سەیر بو ئەیان وت: ژنانی یە واتا جلی ژنان لەبەر ئەکات پیێ ی پیێ ئەکەنین، نەیانئەزانی ئەوە پاشماوەی دێرینە. ئەو خانەدانە بەس نەبو وەکو عومەر ئاغا کەمەرەو هەیاسەشی نەبەستۆتە پشت ئەگینا بەهوها شوێنی ئەکەوتن!.

خەڵکەکە نەیزانیوە کە ئەوپیاوە بەجێماوی سەردەمی بابانەکان بوەو ئەگەر باسی جلەکانی ئەو سەردەمەیان بخوێنایەتەوە کە ریچ باسی کردوە کە چۆن جلوبەرگیان رەنگاو رەنگ بوە ئەوا زۆر بە ئیعجابەوە سەیریان ئەکرد. وەك چۆن ئێمە ئێستا بە ئیعجابەوە سەیری ئەو ئافرەتانە ئەکەین کە بەجلی کوردی نەنکەکانیانەوە خۆیان ئەرازێننەوە و سەروپێچ ئەبەستن خشلێ لە خۆیان ئەدەن کەمەرەو هەیاسە ئەبەستنە پشت.

ئەمە پچرانی نەوەی ئێستایە لە رابوردویان هۆکەی ئەگەرێتەوە بۆ ئاینی ئیسلام کە بەترسەوە سەیری پەیکەرو رەسمیان کردوە نەوەك بچنەوە سەر بتپەرستی بۆیە نەمان زانیوە کە جلوبەرگی رابوردومان چۆن بوە بەڵام وڵاتانی غەیری ئیسلام ئەوەندە وێنەو پەیکەریان بەجیێ هێشتوە بەرادەیەك کە ئەم کێشەیەیان نەبیێ. جاکاری (ریچ) راست بیێ کە چەند وێنەیەکی پیاو وئافرەتی بۆ کێشاوین.

ریچ دیسان هەر ئەڵێت: ئەم رەنگانە لە ریشوی مشکیەکانیشیاندا هەبو."

بەم جۆرە سەربەستەیان ئەوت "عەلی خانی" کە بریتی بو لە مشکییەك.

ئێستا خەتی رەش‌و سپی تێدایە بەڵام ئەوسا خەتی سورو سپی‌و زەورد بو و گولونکەی بەلای گوێچکەدا هاتبوە خوارەوە هەر لاجانگەی دوسیێ گولونکە بو. گولونکەکەش بریتی بو لە دەسکێك ریشوی رەش کە بە سیمی زەرد بەسترابو. بۆ یەکەم جار کە عەلی خانم دی تەمەنم ٤-٥ ساڵ بو ئەوکاتە ماڵمان لەسەرو دەستهارەکەی خوار سەرکارێزەوە بو لە نزیك ماڵەکەمانەوە پانتاییەکی چۆڵ هەبو لەویێ شایی بو منیش چوم بۆ سەیر کردن. پیاوان هەڵئەپەرین سەرچۆپی کێشە کەیان ئەم عەلیخانییەی بەستبو.

من زۆر سەرچۆپیكێشم دیوە تا ئێستا شتی وام نەدیوە كە بەو گەرموگوڕی یە هەڵپەڕێ و بەیناوبەینیش ئەژنۆی راستی ئەدا بە زەوی داو هەڵئەسایەوە كە ئەوەم لەهیچ یەكێكی تر نەدیوە كە هەڵپەڕێ.

ئەو سەرچۆپی كێشە ناوی (مچەی حەبێ كشمیش)بو. لەم دواییەدا لەڕێ ی قەدیمەكانەوە كە ئەیان ناسی چومە بنج وبناوانی ئەم كەسایەتی یەوە وەكو: (مچە) كورتكراوەی (مستەفا)یە. ناوبراو هەتا مردوە ژنی نەهێناوە چونكە نەپیاوەتی تەواو بوە وەنەژنیش بوە. ئەم جۆرە كەسانە لەئەنجامی تێكچونی (هۆرمون) یەوە شتێ یەكن لەبەینی پیاو ژندا هەیانە جلی ژنانە لەبەر ئەكەن بەڵام سمێڵ ئەتاشنو دەنگیان گڕە هەیانە بەپێچەوانەوە جلی پیاوانە لەبەر ئەكەن بەڵام دەنگیان خاو وناسكەوەو هەڵسوكەوتیان ژنانەیە وە خوالێخۆشبو لەم جۆرەی دواییان بو.

لەبەر ئەوەی مەترسی نەبو بۆیە تێكەڵ بە ژنان ئەبوو هاتو چۆیماڵەكانی ئەكردن بەتایبەتی خانەدانو دەوڵەمەندەكان وە وەك لییان ئەگێڕایەوە قسەخۆش وحەكایەتخوان بو. هەروەها لەبەر ئەوەی كە ئەو سەردەمە تێكەڵ بون لەناو خێزانەكاندا كەم بو دایكەكان پێ یان ئەوت ئەگەر (مچە) كوڕێكی باشت لێ هەڵكەوت مەدحی كچەكەیانی بۆ بكە بەڵكو گرێ ی بەختی بكرێتەوە یان كورەكان ئەیانوت تۆ تێكەڵیت هەیە بەڵكو كچێكی جوانو ئاقڵم بو بدۆزێتەوەو بەوكارە خێرانەش هەڵدەسا.

بێینەوە سەر جلوبەرگی پیاوان بپرسین بۆ ئەو جلوبەرگانە لە هەمو رەنگەكانی بەلكە زیرینەوە گۆڕا بۆ قوماشی رەشو بۆرو قاوەی؟! ئایا ماتەمینی روخانی ئەمارەتی بابان بو، تێكەڵ بونمان بەتورك بو وبچڕانمان لە ئێران یان زاڵبوی قوماشی كارگەی بیگانە؟ ئەمانە پێویستیان بە لێكۆڵینەوە هەیە كە هیچ سەرجاوەیەكمان لەبەر دەستدا نی یە كە یەكێك لەم ئەگەرانەمان بۆ بخات بەلایەكدا.

بەشی یانزەهەم

## لەیلا قاسم

## سەر لە نوێ لە دایک ئەبێتەوە



لەیلا قاسم

لە کۆتایی ئەم پێشەکی یەدا پارچە شیعرێك ئەخوێننەوە. ئەم پارچە شیعرە مێژویەکی پڕ لە ژانی هەیە. مێژویەکە زۆر گرنگترە لە پارچە شیعرەکە چونکە ئەگەر ئەم مێژوەی نەبوایە لەوانە بو ئەو پارچە شیعرە بەکەڵکی بڵاوکردنەوە نەهاتایە یان ئەگەر بشهاتایە بڵاونەکرایەتەوە ئەوا بڵێن پارچە شیعرەکە دڵداری بو یان فەلسەفی یان عیرفانی یان. یان چی ئەگەیەنێ ئەمەندەمان لەو شیعرانە هەیە ئینتەلامان پێ کردوە. ئەی گرنگی ئەم پارچە شیعرە چی یە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستمان بەم پێشەکی یە هەیە.

ئەوەی کە خولیای نوسین بکەوێتە سەریەوە یەکەم هەنگاوی بەشیعر دەست پێ ئەکات، جا ئەگەر بەهرەی شیعری هەبو ئەوا ئەبێت بەیەکێك لە کەڵە شاعیرەکانمان. وە ئەگەر بەهرەی نەبو ئەوا ئەبێ واز بێنێ، وانی یە؟ نەخێر وانی یە ئەزانن بۆ؟ چونکە هەست ناکات کەبێ بەهرەیەو هەر لەسەر شیعر نوسین ئەڕوات تا ئەبێ بەگاڵتەچی!. ئێستا زۆربەتان ئەڵێن ئەی باشە بۆ وا بەخۆیان ئەکەن؟ منیش لەوەڵامدا ئەڵێم چونکە راستی توانای خۆیان نازانن! وە ئەوە

گەورەترین تەنگوچەڵەمەی مرۆڤە، خەڵکی ئەناسێ بەڵام خۆی ناناسێ. کە ئەبو بەپێچەوانەوە بوایە. سەیرە وانی یە؟! دەباشە گوێبگرە: نەخۆشی یەکی دەرونی هەیە پێ ی ئەڵێن (گرێ خۆ بەکەمزانین) بە عەرەبی پێی ئەڵێن (مورەکەب ئەلنەقص) ئەم جۆرە نەخۆشانە تەواون کەچی خۆیان بەکەم ئەزانن لەبەر ئەوە هەمیشە شەرمنو تەریقو گۆشە گیرن. بەرامبەر بەم نەخۆشی یە یەکێکی تر هەیە پێچەوانەی ئەوە، واتا هەمو لەشی کەموکوڕی یە کەچی خۆی بەکەس ناگۆڕێتەوە. ئەم نەخۆشی یەیان پێی ئەڵێن (گرێ خۆ بەتەواو زانین) ناشرینە خۆی بەجوان ئەزانێ، دەنگ ناخۆشە خۆی بە سەید عەلی ئەسغەر ناگۆڕێتەوە. کەرە بەچوارپێ ئەڕوات ئەڵێ: کەس لەمن دانا تر نی یە، شیعرێکی بێ سەروبەر ئەنوسێ ئەڵێ: شێرکۆ بێکەسم ناگاتێ کەچی کەسیش باسی ئەم نەخۆشی یەیان ناکات لەکاتێکدا کەممان هەیە دوچاری نەبوبێ بەڵام وابزانم من یەکێکم لەو کەمایەتی یە چۆن؟ منیش وەکو تازە دەست پێکردو بەنوسین بەشیعر دەستم پێ کرد، بەڵام هەر زو بۆم دەرکەوت کە ئەم سنعاتە وردو ئاڵۆزە بەهرەی ئەوێ و بە کۆشش بەدەست نایەت وە ئەگەر هەر بەکۆشیش بە دەست هات ئەوا شاعیرێکی لێهاتو دەرناچێت.

ئێستا پارچە شیعرێکی (بێکەس)تان بۆ ئەنوسم، وا بیرنەکەنەوە کە شاعیرەکانی ترمان لە بێکەس کەمترن بۆیە ئەمم هەڵبژاردوە لەبەر ئەوەیە کە لە قوتابخانەی سەرەتاییەوە لە ساڵی (١٩٤٢) ئەم پارچە شیعرەم لەبەرە!
بێکەس لەشەڕی بەردەرکی سەرادا لە رۆژی شەشی رەشی ئەیلولی ساڵی ١٩٣٠ خۆپێشاندان ئەکەن بۆ وەرگرتنی ماف نەتەوەیی، لەسەربانی سەراوە سەربازی سوپای عێراق لولەی رەشاشیان تێ ئەکەن و (٤٨) کەسیان لێ ئەکوژنو

بێکەسیش بەبرینداری ئەگرن و ئەیانخەنە تەوقیفەوە ئالەو بارەنالەبارەدا ئەم شیعرە لەدایك ئەبێ بەناونیشانی

"ئەی وەتەن" کەوا چەند دێڕێکتان بۆ ئەنوسمەوە:

**ئەی وەتەن مەفتونی تۆمو شێوەتم بیرکەوتەوە**

**وەختی بەندیو ئەسارەت بێ بەتەوقو کۆتەوە**

**من لەزیکرو فیکری تۆ غافڵ نەبوم، واتێ نەگەیت**

**حەپسو تێهەڵدانو زیللەت تۆی لەبیر بردۆتەوە**

**بەو خودایەی بێ شەریكو لامەکانو واحیدە**

**عەشقی تۆ جۆرێ لەدڵما ئاگری کردۆتەوە**

**ئاگرێکی وا هەزار ساڵ ئاویی بڕژێنیتە سەر**

**قەت گڕو کڵپەو بڵێسەی تا ئەبەد ناکوژێتەوە**

**شەرتە شەرتی پیاوەتی بێ گەر خودا دەستم بدات**

**دوژمنت پەت ئەکەم وەکو سەگ بیخەمە ژێر پێتەوە.**

باشە بابێین سەروا (قافیە)کانی وەرگرین: بیرکەوتەوە، کۆتەوە بردۆتەوە، کردۆتەوە، ناکوژێتەوە، ژێرپێتەوە،ئینجا وەرە (وەزن)کەی؟ هەر دێڕێکی لەگەڵ ئەوەی تردا یەك پیتی کەم بێ یان زۆر وەزنەکەی تێکئەچێ. باشە چۆن ئەم بیرە جوانە شاعیر ئەتوانێ بیخاتە ئەم قاڵبەوە بێ ئەوەی دەستکرد یان وەك شاعیر مامۆستا عەلی باپیر ئەیفەرمو نقەنقی پێوە دیاربێ!! ئەمە هەر کاری بەهرەی سروشتکردە. منی بێ بەهرە تا وەزنەکەیم راستئەکردەوە قافیەکەی تێك ئەچو قافیەم چاك ئەکرد مەعناکەی ئەشێوا. بۆیە دوای چەند هەوڵێك بۆ هەتا هەتایە دەستبەرداری شیعر نوسین بوم. ئینجا من ئێستا ئەڵێم ئەگەر هەمو شاعیرێك وەك

من شیعری بنوسیایە ئەوا دوای سێ چوار پارچە شیعر مێشکی ئەتەقی! من لەو بڕوایەدام (پیرەمێرد)ی بلیمەت چەند بەقسەکردنەوە ئەرکی کێشاوە ئەوەندەش بەوەزن‌و قافیەی شیعرەوە ئەرکی کێشاوە و ئەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم کە پەخشانەکانی ئەوەندەی شیعرەکانی رەوان نین هەرچەند پەخشان وەزن‌و قافیەشی ناوێ.

رۆژێکی لە هاوڕێ ی کۆچکردوم شاعیری ناودار (کامەران موکری)م پرسی: کە ئایا هیچ ئەرکێك ئەکێشیت بەوەزن‌و قافیەی شیعرەکانیەوە وتی: هەر ئەوەندە بیری شیعرەکەم لا دروست بو. ئیتر داڕشتنەکەی هەر زۆر ئاسانە! لە وەڵامی هەمان پرسیارمدا شاعیر کامل ژیر وتی: شیعری رەسەن واتا ئەوەی لە قولایی دەرونەوە هەڵبقوڵێ وەزن‌و قافیەی خۆشی لەگەڵدایە، وەئەگەر وانەبێ، واتا بەئاسانی نەیەت بەدەستەوەو ئەوا شیعرێکی کاڵوکرچەو هەر زو دەستبەرداری ئەبم. وەك وتم بەتەواوی من دەست بەرداری شیعر نوسین بوم بەڵام لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٧٤دا کێردێك درا لە سکم لە پشتمەوە هاتە دەرەوە و کە هاوارم کرد هاوارەکەم پارچەیەك شیعر بو! دوای ئەوە ئەوا چل ساڵ بەسەر ئەو پارچە شیعرەدا تێ پەڕیوە هیچ هەوڵێکی تری شیعر نوسینم نەداوە بەڵام وابێ ئەوە یەکەم شیعر ئەبێ و دوا شیعریش. جا ئێستا لەوانەیە بپرسن باشە ئەو کێردە چی بو کە کوناودەری کردم؟ لە وەڵامدا ئەڵێم ئیعدام کردنی (لەیلا قاسم)و چوار هاوەلەکەی بو.باشە کێ یە ئەم لەیلا قاسمەی کەبو بەهەوێنی ئەم پارچە شیعرە؟ من هیچ شارەزاییەکم نەبو لەبارەی ناوبراوەوە بۆیە هەوڵم دا زۆرترین زانین دەربارەی کۆبکەمەوە: سەرەتا پەنام بردە بەر شانۆ نامەکەی مامۆستا فوئاد محمد ئەمین سەراج کە لەساڵی ١٩٩٣دا بڵاوی کردۆتەوە لە ژێر ناونیشانی (ژانی

چەند پەڵە خوێنێك). ئەوەی لەم شانۆ نامەیەوە تێ ی گەیشتم تەنیا ناوی قوربانیەکان بو: لەیلا،جەواد،ئازاد، حەسەن،نەریمان. هەروەها دوشتی تریش کە لەیلاو جەواد دڵداری یەکتری بون و هەروەها جەنتایەك کە هەر بەنهێنی ئەمێنێتەوە. بێ ئەوەی هیچم پێ بڵێ کە لەسەر چی گیراون و ئەو جانتایە چی تیا بوە یان ئاماژە بکات بۆ هیچ بەڵگەنامەیەك بەوەدا دەردەکەوێت کە هەمو روداوگفتوگۆکان زادەی بیری نوسەرن.

لە ئینتەرنێتدا کە ئەمرۆ هەمو شتێ یەکی تیادا دەست دەکەوێ چەند کەسێك لەسەر ئەم روداوەیان نوسیوە وەك مامۆستایان فازیل جاف، زهیر معروف، منیر حەداد بەزمانی عەرەبی ئەوانیش هەموی ئەکادیمیانە لەسەریان نوسیوە ئەوەی کە توانیم لەونوسراوانەدا بەدەستی بهێنم زۆر کەم بون وەکو: رۆژی گرتنیان کە رێکەوتی ٢٩/نیسان/١٩٧٤ی کردوە وەهەروەها ناوی تەواوی هەرپێنجیان: لیلى قاسم حسن، جواد مراد هەمەوەندی، ئازاد میران،نریمان فوئاد مەستی، حسن حمه خورشیدو هەروەها کە لەیلا فەیلی بوەو خەڵکی خانەقین بوەو لە دایکبوی ٢١/کانونی یەکەمی/١٩٥٢ بوە ئەمانە هەمو قوتابی زانکۆی بەغدا بون و لەشەوی ١٢/١٣ مانگی ئایار لە سێدارەدراون واتا هەردوای (١٤) رۆژ لە گرتنیان. بەڵام هیچ یەکێکیان باسی ئەو کارە ناکات کە ئەو گروپە پێ ی هەڵساون و بوە بەهۆی ئیعدام کردنیان. ئەم روداوانە ئەبێ بەڵگەنامە بکرێن واتا بچیتە بنجوبناوانی سا ئەگەر بەڵگەنامە هەبێ، یان هەرکەسێك کە زانیاری هەبێت دەربارەی ئەو کێسە بەڵام لەوە ناچێ هیچ لێکۆڵینەوەیەك لەوبارەیەوە کرابێ. یان کرابێتو بەرچاوی من نەکەوتوە.من زۆر لەم روداوانەم بەڵگە نامە کردوە بۆ نمونە

شەهید بونی (١٧) پێشمەرگەکەی  قرگە کە کەوتنە کەمینێکەوە لە شەوی ٢٩/٢٨ مانگی حوزەیرانی ١٩٨٣دا.بە وێنەوە شەڕەکەی دێ ی (بۆلْقامیش) لەبەینی پێشمەرگە شیوعیەکانو سوپادا لە رۆژی ١٩٨٢/٣/٢دا بە وێنەوە. مەنعی تەجولی سلێمانی ساڵی ١٩٦٣ مەنعی تەجولی سلێمانی ساڵی١٩٨٥کە (٤٤) کەسەکەی تیادا رەمی کرا. دومەنعی تەجولی کۆیە ساڵی ١٩٦٣و١٩٨٨.ئیعدام کردنی نوسەری گەورە مامۆستا(شاکر فەتاح) ئیعدام کردنی مەلا کورون و باوکو دایکەکانی تر لەسەر کەمینەکەی ئۆرزدی باك. لەساڵی ١٩٨٧دا خۆپیشاندانەکەی هەڵەبجە ساڵی ١٩٨٧ کیمیابارانی هەڵەبجە لە رۆژی ١٩٨٨/٣/١٦. بۆمبابارانەکەی قەڵادزێ لە ١٩٧٤/٤/٢٤ ئەوە کتێبێکم لەسەر دانا بەناوی کۆستی شارێك کە (٢٥٠) لاپەڕە بو چەندەها لێکۆڵینەوەی تر. من هیچ بەدواداچونێکی تایبەتیم نی یە لە کێسی شەهید لەیلاو گروپەکەیدا ئەوە نەبێ کە لەملاولاوە بیستومە ئەوەش ئەمانەی خوارەوەیە: ئەو جانتایەی کە لە شانۆگەریەکەی مامۆستا فوئاددا هاتوەو لەسەرەوە ئاماژەم بۆکرد قونبولەیەکی تیادابوە. ئەم قوتابیانە ویستویانە لە فرۆکەخانەی بەغداد بیتەقێننەوە. وەئەیان وت قونبولەکە پلاستیکی بوە واتا پارچەی تیا نەبوە تا خەڵکی بکوژی تەنیا گرمەی دێ. ئەمەشیان بۆیەکردوە کە سەرنجی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی رابکێشن بۆ ئەوەی کە شەڕ لە کوردستاندا سەر لەنوێ دەستی پێکردۆتەوە بۆیە فرۆکەخانەیان هەڵبژاردوە. دیسانەوە دەنگۆی ئەوە هەبو کە گوایە شەش کەس بون ئەو شەشهەمەیان خیانەتی لێکردون و خەبەری لێداون بۆیە بەر لەوەی تەقینەوەکە ئەنجام بدەن گرتویانن. ئیتر ئەوە چەندی راستە وەك وتم من هیچ لێکۆڵینەوەیەکم لەم روەوە ئەنجام نەداوە نەشمدیوە یەکێکی کە بەوکارە

هەڵسابێ. لە رابوردودا خوێندەوارەکانمان کە مەلابون هەر خەریکی زانیاریە شەرعییەکان بون وە ئەگەر نوسەریشییان تیادا هەڵکەوتبێ ئەوا شیعریان نوسیوە و هیچ بایەخێکیان نەداوە بە روداوە نەتەوەییە گرنگەکان کە لە دەوروپشتیان روی ئەدا بۆیە مێژوی دورمان هەتا بڵێیت تاریکو تەمومژاوی یە. ئەمڕۆش کاربەدەستەکانمان هیچ لایەکیان لە بەڵگەنامە کردنی ئەم تاوانانە نەکردۆتەوە کە دەرهەق بە میللەتەکەمان کراوە، وە هەمو هەوڵێکیش لەگەڵیاندا بێ سود بوە، نوسەرەکانیشمان ژمارەیەکی کەمیانی لێدەرکە کە لە پەنجەی هەردو دەست تێناپەڕن زۆر کەم گرنگیان داوە بەم لایەنە لەیەکێك لەونوسینانەدا کە دەربارەی ئەم روداوەدا نوسراوە هاتوە ئەڵێ: کە گوایە لە شوێنی ئەنجامدانی (عەمەلییە) کە ئیعدام کراون لە کاتێکدا ئەو عەمەلییەیە ئەنجام نەدراوە وەك من بیستومە، ئەمە جگە لەوەی من زانیاری تەواوم هەیە کەلە حەپسخانەی (ئەبو غرێب) لە سێدارە دراون. کاربەدەستێکی کورد لە حەپسخانەی (ئەبو غرێب) بۆی گێڕامەوە: کە شەهید لەیلا قاسمو هاوەڵاکانیان هێنا بۆلای ئەوان بۆ ئیعدام کردنیان وتی: من ئەمتوانی بچم بۆ سەیرکردنی ئیعدام کردنیان. بەڵام هەرچەندم کرد دڵم بڕوای نەدا کە ئەوە بکەم ئەچونکە ئەبو بەهۆی خەمێکی گەورەبۆم. یەکێك لەوانەی کە ئیعدام کردنەکەیانی دیبو — هەر قسەی ئەو کاربەدەستەیە— بۆی گێڕامەوە واتا بۆ ئەو کە لەیلا ئافرەتێکی سوکەڵە بو واتا گۆشتی پێوە نەبو بۆیە لەکاتی کەوتنە خوارەوەیدا ئەوەندە قورس نەبو تاپەتەکە باش بجەڕێتە ملی و زو بخنکێ بۆیە هەر گیانی دەرنەئەچو ناچار بەرپرسی ئیعدامەکە خۆی بەلاشەکەیدا هەڵئەواسی بۆ ئەوەی قورستربێ و رۆحی دەربچێ! ئەگەر بۆ ئەم کێسە یاسا سەروەر بوایە. کە قەت لەزەمانی بەعسدا هەرگیز سەروەری بەخۆیەوە نەدیوە— نەئەبو لەیلاو

هاوەڵەکانی ئیعدام بکرانایە چونکە قونبولەکە پلاستیکی بوەو کەسی نەئەکوشت ئەوە لەیاسادا پێ ی ئەڵێن (استحالە الجریمە) واتا ناتوانرێ تاوانەکە بکرێ ئەگەر بشتەقێنرایە هەروەها هەوڵدان بوە واتا (شروع) کە کەسی لەسەر ئیعدام ناکرێ بەڵام چی تر چاوەڕوان ئەکرا لەبەعس کە ئەوەندەی لە منداڵی بێ گوناه کوشتوە لە گەورەی نەکوشتوە!! لە کاتێکدا من لەژێر کاریگەری ئیعدام کردنی لەیلاو هەڤاڵەکانیدا بوم برازایەکم سەردانی کردم و پێ ی وتم: مامە کچێکمان بوە بەڵکو ناوێکی خۆشمان بۆ بدۆزیتەوە. یەکسەر وتم:

– ناوی بنێن لەیلا!

– لەیلا ناوێکی کۆنەو ئەمە جگە لەوەش عەرەبی یە.

– بەناوی لەیلا قاسمەوە ناوی ئەنێین. ئەویش بێ چەندو چۆن رازی بو ئێستەش ئێوەو پارچە شیعرەکە:

**لەیلا قاسم لەدایک ئەبێتەوە**

**ناوی لەیلا،**
**لەناو کوردەواریدا،**
**زۆر کەم ئەنرا،**
**تاجارێکی لەسەر کوردایەتی،**
**لەیلا ناوێک ئیعدام کرا.**
**دڕندەکان، کەلەگەڵ شارستانی یەتدا**
**بەینیان ئەرزەو ئاسمان.**
**وای بۆ چوبون ئەگەر لەیلا،**
**لەناوبرا**

ئیتر ئافرەتێک نابێتەوە پیٚ ی بڵێن لەیلا

کەچی لەیلا وەکو لائیلاها ئیلەڵڵاٚ،

بو بەوێردی سەر زمانی گەورەو بچوکو گەریلا

هەر دایک بو، کە ساوای کچیان ئەبو،

ناویان ئەنا لەیلا.

تا لە ئەرزا، لە ئاسماندا ناوی لەیلا

بوە هێمایەکی بەرزو باڵاٚ

تا بۆی بچن بەچۆکدا.

نەوەکانی داهاتومان و ئێستا.

## بەشی دوانزەهەم

## کۆمەڵایەتی

١-هەرەوەزی
٢-بەڵێن
٣-باوکایەتی
٤-وەفاداری
٥-خێزان بۆ منداڵانی بێ دەرەتان أ + ب + ج + د
٦-بەتەنگ یەکترەوە هاتن أ+ ب + ج
٧-خۆبەختکردن لە پێناو نەناسیاواندا أ + ب + ج + د
٨-کورانی تەنگانە أ + ب
٩-قەرزکۆن ئەبێ نافەوتێ
١٠-دڵانی پڕ لە بەزەیی

### ١–هەرەوەزی[١]

---

[١] لە کتێبی (الحرية الحضرة– ئازادی خەتەرناک)ەوە وەرمان گێڕاوە.

ئەگـــەر شارۆچـــکەیەکی ولاتـــی خۆمـــان، کـــە ژمـــارەی دانیشـــتوانی (٨٠٠)کـــەس بونایـــەو بـــەیانی یەکـــەی هەڵســـانایە لەخـــەو بیانڕوانیایـــە مەکتەبەکـەیان کـە لـە تەختـە دروسـت کرابـو، ئـاگری تـێ بـەربوەو بـوە بـە خۆڵـەمێش چـیمان ئـەکرد؟ ئـەوەی ئـەمان کـرد هـەر چـاوەڕوانی بـو کـە حوکومـــەت بۆمـــان دروســـت کاتـــەوە. ئـــیتر کـــەی حوکومـــەتیش دەســـتی ئەپـەرژاو (تەخصیصـات) ئـەبو ئـەوە چـەند سـاڵێکی ئەویسـت، بـۆ؟ چـونکە ئێمــە ئەوکارانــە بــەهی حوکومــەت دائــەنێین و هــەرگیز ئــەوەمان بــە بــیردا نایـــەت ئـــەی بـــۆ خۆمـــان هـــەر بـــەتوانای خۆمـــانو خێرخـــوازان بینـــای قوتابخانەکـەمان یـان هـەرچ پێویسـتیەکی گشـتی تـر بینـا نەکـەین؟ وەك ئـەم بەسەرهاتەی کە ئێستا ئەیخوێننەوە.

ئـەزانن ئـەم جـۆرە هەرەوەزیانـەش لەکۆمـەڵگای ئێمەشـدا هەیـە؟ بـەڵام هـەر بـۆ پـرۆژەی ئـایین وەك مزگـەوتو تەکیـەو خانـەقا کـاری خێـری تـر بـیرم دێ تەمـەنم ٤-٥ سـاڵ ئـەبو مزگـەوتێك کـرا لـە کۆتـایی سـاڵەکانی سـیدا لـەخوار مـاڵی ئێمـەوە. نزیـك شەخصـەکەی (هۆمەرمەنـدان) خـوار بـاخی شـێخ لـــەتیفی دانســـاز وەســـتاکان بـــەخۆڕایی ئیشـــیان تیـــادا ئـــەکرد ئێمـــەی منـدالانیش خشـتی قوڕمـان بـۆ ئـەبردن ئـەمان وت خێرمـان ئـەگات بـەڵام لـە ولاتـانی کـە بـۆ هـەمو پرۆژەیـەك کـە خێـری گشـتی تیـادا بێـت ئـەم هەرەوەزیـە ئەکـەنو بـە ئومێـدی ئـەوەی لای خۆشمـان وای لـێ بێـت ئـیتر فـەرمون ئێـوەو هەرەوەزی.

دانیشـتوانی (نیوشـارون) کەیەکێکـە لەشاروچـکەکانی ویلایـەتی (مـاین)ی ئـــەمریکاو ژمارەیـــان (٨٠٠) کـــەس بـــو، بەیانیـــەکی ســـاڵی ١٩٤٩ کەخەبـەریان بـوەوە روانیـان قوتابخانەکـەیان، کـە لـە دار دروسـت کرابـو، دامردوتـــەوە. کلۆڵیەکەشـــیان لـــەوەدابو کەلەدەســـتیاندا نـــەبو دروســـتی بکەنەوە.

بـــەر لەهـــەمو شـــتێك کۆبونەوەیـــەکی گشـــتییان پێـــك هێنـــاو لـــە کۆبونەوەکـەدا بڕیـاری ئـەوەیان دا کـە هەڵسـن بـەوکارەی کـە سـەدان کۆمـەڵ لەسەرانســەری ئــەمریکادا پــێ ی هەڵئەســن کــە ئــەویش کــاری هــەرەوەزی یــە.لەبەڕێوەبەرایــەتی زانیــاری ویلایەتەکەیانــەوە پێیــان وتــرا کەدروســت کردنــەوەی قوتابخانەکــەیان (٨٠) هــەزار دولاری تــێ ئەچــێت، هاوبەشــی بژاردنـەوە (شـرکەالتأمین) دژی ئـاگر (١٥) هـەزار دولاری بـۆ بـژاردن، یاسـای ویلایەتەکـەش توانـای قـەرز کردنـی ١٠ هـەزار دۆلاری دانـێ لەگـەڵ ئەمانەشـدا (٨٠٠) کەسـەکەی شـارەکە ئـەبو (٥٥) هـەزار دۆلار بـدەن کـە هەریەکـەیان ٧٠٠ دۆلاری بـەر ئەکـەوت وە ئـەو پارەیـەش لـە وزەی زۆربەیانـدا نـەبو کـە بیـدەن، بـەڵام بڕیـارەو دراوە و قوتابخانـە هـەر ئـەبێت هـەبێتو شـتێك نیـە پـێ ی بوترێـت پاشـگەزبونەوە. بەهـەمو لایـەکیان (٦/٥٠٠) هـەزار دۆلاریـان بـار بـۆ پێشـکەش کـرد، هێنـدێکی بـە پـارەو هێنـدێك بـەئیشو هێنـدێکی تـر بەکەرەســە بــەڵام هێشــتان هــەر (٤٨/٥٠٠) هــەزار دۆلاریــان کــەم بــو، هەرچـەندە قوتابخانەکـە سـوتابو بـەلام دەرس خوێنـدن لـەو شـوێنانەدا کـە کـەڵکی خوێنـدنی تێـدا هـەبو بـەردەوام بـو وەك ژوری نـانخواردنی نیقابـەی کشـتوکاڵ کـە کرابـو بـە پـۆلی زانیـاری سروشـتیو نیقابـەش لەهـەمان کاتـدا

هەڵسـا بـە پاکردنـەوەی شـوێنی قوتابخانەکـە لـەدارو پـەردەو وە سوتاوەکانو ئامادەیی کردوە بۆ بیناکردنەوەی.

خـاوەن کەرەسـەی بیناکـان بـەنرخی کـەمتر کەرەسـەیان پـێ ئەفرۆشـتن هـی تـر بـۆ گوێزاندنـەوەی ئـەو کەرەسـانە ئوتومبیلیـان بـە خـۆڕایی ئـەدانێ یـان کرێکاریـان تیـا ئـەکرد. بـەڵام لەگـەڵ ئەمانەشـدا هێشـتا ٢٠ هـەزار دۆلاریان پێویست بو.

ئافرەتـان کۆکردنـەوەی پـارەی چێشـتخانەی قوتابخانـەکانیان گرتـە ئەسـتۆی خۆیـان بـۆ ئـەو مەبەسـتە بـازاڕێکی خواردەمـەنیان کـردەوەو ئاهـەنگێکی گاوانیـان پێـك هێنـاو یـاری کردنێکـی کاغـەزو بـازاڕێکی شیرینیشـیان هێنایـە کایـەوە دیسـان هـەر ژنـان هەڵسـان بەفرۆشـتنی پـێ نـوسو دەرزیو کاغـەزی یـاریو لـە پێشـەنگایەکی نزیکیشـدا ئـەو خواردەمەنیانـەیان ئەفرۆشـت کەلەماڵـەوە لـێ یـان ئـەنا، هەرخۆشـیان خزمـەتیان ئـەکردو حاجەتـەکانیان ئەشـت بەمانـەش توانیـان (٣) هـەزار دۆلاری تـر بخەنـە سـەرپارەکە، پیـاوانیش دیسـان یـاری یـەکی گاراکێشـانیان پێـك هێنـا کـە ئـەویش هـەزار دۆلارێکـی فـڕێ دا. مـیری ویلایەتەکـەش ١٠ هـەزار دولاری بـاربوکردن لەگـەڵ ئەمانەشـدا هێشـتان هـەر پێویسـتیان بـە شـەش هـەزار دۆلار مابو،بـەڵام هـیچ ڕێگەیـەکی تریـان بەدەسـتەوە نـەمابو کـە ئـەو پارەیـەی لێـوە پەیـدا بکـەن، لەبـەر ئـەوە ناچـار بـون هەریەکـە لـە لای خۆیـەوە دەسـت بکـات بـە پشـکنینی ماڵەکـەیو ئـەو شـتەی زۆر پێویسـتی ی پـێ ی نـەبێ بیباتـە بـازاڕو بیفرۆشـێ بـەم جـۆرە توانیـان ئـەو پارەیـەش کۆبکەنـەوە ! دوای حـەوت مـانگ لـەو سـوتاندنە بـە هاریکـاری هـەمو لایـەك

قوتابخانــه نــوێی یەکــە تــەواو کــرا، بــەڵام ئــەم جارەیــان هــەرگیز نەئەســوتا چونکە وەك ئەوەی پێشو لەدار دروست نەکرابو! ؟.

## ٢– بەڵێن[1]

لاوێك زۆر نەخۆش ئەبیٚ. کە دکتۆرەکە تیٚ ی روانی پیٚ ی وت:

● تۆ پێویستت بە عملیاتێکی دەستو برد هەیەوعەمەلیاتەکەشی چل دیناری تیٚ ئەچێت.

لاوەکە بەشەرمەوە بە دکتۆرەکەی وت:–

بەڵام دکتۆر کریٚ ی عملیاتەکەم نی یە.دکتۆرەکە پیٚ ی وت: ئایا ئەتوانی دوای چاك بونەوە پارەپەیدا کەیتو بۆم بنێریت؟!

● بێگومان گەورەم.

● دەباشە کە ئیشت دەست کەوت هەمو مانگێگ چوار دینارم بۆ بنێرە تا چل دینارەکە تەواو ئەبێت.

● بەسەر چاو.

لاوەکە لەخەستەخانە چوە دەرەوە، لەسەر بەڵێنەکەی خۆی هەمو مانگێگ پارەکەی ئەنارد تا هەموی تەواو کرد. دوای ماوەیەك کوڕەکە لە دوکتۆرەکەوە نامەیەکی بۆ هات کەتیا نوسبو: ((بۆخۆتو منیشت دەرخست کەتۆ لاوێکی راستو بەڵێن تەواوی. لەگەڵ ئەم نامەیەدا نەختێك پارەی لەگەڵدایە تکایە بیخەرەبانقەوەو هەوڵبدە هەمیشە زیادی بکەی)).

---

[1] لە ژینی ژمارە ٣٥ ساڵی ١٩٧١/٨/١٢ لاپەڕە٣ بڵاوکراوەتەوە.

کوڕەکە روانی بەچەکێك هەر چل دینارەکەی بۆ ناردۆتەوە !.

## ٣–باوکایەتی[1]

لە دایەرەی یەکێك لەکارگەکاندا لە ئیتاڵیا چەند ساڵێك لەمەوبەر کابرایەك کە بۆ دامەزراندن هاتبو، کەوتو مرد، دوای لێکۆڵینەوە لەهۆی مردنەکەی دەرکەوت کە ئەوپیاوە ماوەی شەش مانگ بوە بێ ئیش بوەو ئەو ماوەیە بەوە ماڵو منداڵەکەی بەخێوکردوە کە خوێنی خۆی فرۆشتوە بەخەستەخانەکانو ئەوە بوە بەهۆی کەم بونی خوێن لە لەشیداو مردنی.

## ٤–وەفاداری[2]

کەپاپۆڕی (تاتانیك) خۆی دا بەشاخە سەهۆڵەکەدا، بەرلەوەی نقوم بێت، لەبەر کەمیی بەلەمی رزگارکردن بریاردرا ئەو ژمارەیەی کە هەیە تەنیا ژنو منداڵی تێ بخرێو پیاوان بمێننەوەو ساتا خوا دەرویەك ئەکاتەوە.
لەسواربوەکانی ئەو پاپۆڕە چارە ڕەشە پیرێژنێكو پیرەمێردێك بو،کە بەپیرێژنەکەیان وت: دەی سواری بەلەمەکان بە. بەکاربەدەستانی پاپۆڕەکەی وت: ئەی مێردەکەم؟ وتیان: ئەو ئەمێنێتەوە سواربونی بەلەم هەر بۆ ژنانە. وتی: منو مێردەکەم پەنجا ساڵی رەبەقە پێکەوەین. لەخۆشیو ناخۆشیدا، لەتاڵیو

---

[1] لە رۆژنامەی (ژین)ی ژمارە (٧٤)ی ساڵی ١٩٧٢دا بلاوکراوەتەوە.

[2] لە ژینی ژمارە ٣٦ ساڵی ١٩٧١/٨/١٩ بلاوکراوەتەوە.

شیرینیدا، بەشداری یەك بوین، ئێستاش من هەرگیز لە مێردەکەم جیا نابمەوەو چارەنوسم لەگەڵ چارەنوسیایەتی، ئەگەر ڕزگاربین باپێکەوەرزگار بین، ئەگەر بشمرین باهەر پێکەوە بمرین، لەبەر ئەوە من لەسەر پاپۆڕەکە ئەمێنمەوەو سواری بەلەم نابم. لە ئەنجامدا هەردوکیان پێکەوە خنکان.

### ٥-خێزان بۆ منداڵانی بێ دەرەتان

( أ )

ئەمەی خوارەوە بیرەوەری کیژۆڵەیەکی بێ دایكو باوکە، کە سەرەڕای چەتیوی ئیفلیجیش بوە، چەند ساڵێك ئەباتە سەر لەگەڵ ئەو خێزانانەی کە ئەم جۆرە بێ کەسو لێ قەوماوانە ئەحەوێننەوە، جا وا لەخوارەوە هەندێك لەو بیرەوەریانەتان بۆ ئەگۆڕین.

کاتێك کە گەیشتمە ماڵەکە، واتە ئەوماڵەی بۆی نێردراوە، شتێ یەکی سەیرم دی کەهەرگیز لەمەوپێش نەم دی بو، ئەویش ئاهەنگێك بو، لەوەش سەیرتر ئەوەبو کە ئەو ئاهەنگە بە بۆنەی چونی منەوە گێڕرابو! !

ئاهەنگێکی راستەقینە، نەك ئەوانەی لە خەومدا یان بە خەیاڵ ئەم دین، دیسان هەر لەبەرمن نۆ منداڵی بێدەرەتانی تری وەك منیان بۆ ئاهەنگەکە بانگ کردبو، کە ئەوانیش درابون بەخێزانو هەریەکەشیان دیاریەکی لەگەڵ خۆی بۆ هێنابوم.

تا بڵێ ی ئاهەنگەکەم بەلاوە خۆش بو، چونکە ئەوە یەکەم جارم بو کەلە ناو خێزانو منداڵاندا هەڵسمو دانیشم. کێکێکی گەورەشیان کردبو، ئیتر هەر کەچومە ژورەوە، هەمو منداڵەکان بە ئاوازەوە پێ یان وتم (باربرا) کە ناوی منە(خۆش

هاتیت) لەوکاتەدا هەستم کرد بەشتێك کە وەك پێکەنین‌و گریان وابو.لە ئانێك دا!!

خاتو برینان و کاك برینان کە ناوی ژن‌و مێردە خانەخوێ یەکەمە. پیێ یان وتم باربرا کەس لەمماڵەدا بێگانە نی یە، وە هەمو یەکێکمان بەیەك چاو سەیری ئەکرێت، وە ئەبێ هەموشمان رابوێرین‌و بەختیار بین.

ئەم قسەیەشیان بۆیە کرد چونکە ئەیان دی هەمیشە من لە کونجێکدا شەرمن‌و بێ دەنگ دائەنیشم، لەبەر ئەوە هەمو جارێك خاتو برینان پێ ی ئەوتم: تێ ناگەم کچەکە تۆ بۆ هەربەتەنیا دائەنیشی‌و ناجولێیتەوە هەڵسە تۆش وەکو منداڵانی تر بجوڵێ‌و یاری بکە، ڕۆژێك خاتو برینان ئوتومبێلێکی منداڵانی بۆ کڕیبوم پڕپیشی کردبو لە بوکەشوشە، کە دایمێ وتی باربرا ئەمانە هی تۆن بۆ ئەوەی یاریان پێ بکەیت‌و لەهەمان کاتدا بۆ ئەوەشە کە هەڵسوکەوتیان پێ بکەیت، وە کە ئەمانەشت بون پێویستت بە دارشەق نابێت، دەستم گرت بە ئوتومبێلەکەوە، بوکە شوشەکانیش ئەوەندە پتەو بون بەرگەی قورسایی یەکەیان ئەگرتم.

کاتێك خاتو برینان ئاوڕی دایەوە، من نەمابوم، چونکە ئەو کاتە من خۆم گەیاندبوە باخەکەو هەوڵی ئەوەم ئەدا کە وەك ساغێك منیش بڕۆم‌و ئەوەندەی نەخایاند کەهەر وەك هیچم نەبوبێت، هاتو چۆم ئەکرد!.ڕۆژێك کاك برینان پێ ی وتم: کچم لەمەولا هەر شتێکت ویست شەرم مەکە، داوای بکە، چونکە ئەگەر وانەکەیت مانای ئەوەیە ئێرەو ئێمە بەماڵ‌و خێزانی راستەقینەتی نازانی!، ئەمە شتێکی تازە بو بەلای منەوە، چونکە ئەترسام لەوەو پێش داوای هیچ شتێك بکەم لەهەر کەسێك بوایە، بەڵام وا دیارە لێرە فەرق هەیە چونکە ئەمە ماڵە، خێزانە،

لەبەر ئەوە کە هاورێم ئەهێنایەوە بۆ ماڵەوە هەرگیز نەم ئەوت ئەمە خانمو کاک برینانن، نەخێر بەڵکو هەمیشە ئەم وت:–

پێشکەشتی ئەکەم ئەمە دایکمە ئەویش باوکمە. بەڵێ لە ئەنجامدا هەستم کرد کەلە خێزاندام وە بوم بەخاوەنی دایكو باوکی راستەقینە. با لێرەدا کۆتایی بەگۆڕینی ئەو بیرەوەرییە بهێنین، چونکە لام وابێت ئەوەندە بەس بێت کە بیری ئەوە بەهەریەکێکمان بکاتەوە، کە لای ئێمەش لەم جۆرە مندالآنە هەیە.

---

لە ژینی ژمارە ٤٨ ساڵی ١٩٧١/١١/٢٥ بلاوکراوەتەوە

**( ب )**

ئەو منداڵە ئاوارانەی کە خێزانەکان گرتبونیانە خۆیان، لەو بەسەرهاتانەی کە خوێندبومنەوە دەربارەیان، هەمیشە بە رەوشت جوانو قسە قوتو خۆ لە پێشکەر، باسیان کردبون، بەلآم – جۆنی– ئێمە وانەبو. منداڵێکی ناوکۆلآن بو ئەوەندە دەم پیسو بەدرەفتار بو لەیەکەم جاردا زۆرمان پێ ناخۆش بو تێکەڵ بەسێ منداڵەکەی خۆمان ببێت.

بەر لەوەی بیبڕن بۆلای ئێمە لەگەڵ تاقمێك منداڵی گەورەتر لەخۆی رایان کردبو رۆژێکی هاوین چوبون بەردیان لەسەر سکەی شەمەندەفەر کەڵەکە کردبو بەوە شەمەندەفەرێکی باربەریان وەرگەڕاندبو جا دوای ئەوەی درابون بەدادگا گەورەکانیان ئەنێرن بۆ بەندیخانەی مندالآن، بەلآم ئەی چی لە منداڵێکی وەك جۆنی بکەن کەلە تەمەنی دە ساڵیدا بو؟

دایکی مردبو، باوکیشی بێ کار ئەبێت. کە ئەوەمان زانی ئامادەیی خۆمانمان پیشان دا کە ماوەی دو هەفتە بیگرینە خۆمان تاوەکو خێزانێکی باشی بۆ ئەدۆزنەوە.

ئێوارە نانمان ئەخوارد کە جۆنی گەیشتە ماڵەوە کەلوپەلەکەی خستبوە ناو کیسەیەکی کاغەزەوە کیسەکەی داناو چاوێکی بەسەر مێزی نان خواردنەکەدا گێڕاو بەسەرسامیەوە هاواری کرد — گۆشتو هێشتان رۆژی چوار شەممەشە، بۆ ئێوە لە هەفتەیەکدا چەند جار گۆشت ئەخۆن بۆخاتری خوا!.

منیش خێرا قاپێك گۆشتو سەوزەم خستە بەردەمی، بێ ئەوەی چاوەڕوانی کەوچكو چنگاڵ بکات بەپەلە دەستی کرد بەخواردنیان بەدەست. بەڵام ئەوەندەی نەخایاند رشایەوەو هەرچی خواردبوی هەڵیهێنایەوە.

ئەوەندە نەخۆش بو ناچار پزیشکێکم بانگ کردە سەری پزیشکەکە پیێ ی وتم ئەم منداڵە وەخت بوە لە برسا بمرێت، هەر سەری سەعاتێك پڕ کەوچکێك تریتی نانی گەرمو ماستی بدەنێ تا سکی بتوانێت ئەو خواردنە گل بداتەوە کە ئەیخوات.

جۆنم لە جێگادا نواند لەشە لاوازەکەی کەهی منداڵێکی دە ساڵ بو لە بیجامەی کوڕە شەش ساڵە کەمدا نوقوم بوبو. پەراسوەکانی لە قەفەسی کەوی ئەکردو تەتکە شانەکانیشی وەك ئەو باڵە موقەبابیانە وابون کە منداڵان لە جەژنی لە دایك بوندا ئەیپۆشن، سەعات دوی بەرە بەیان کاتێك کە کەوچکە تریتەکەم ئەکرد بە دەمە برسیەکەی جۆنیەوە بەخەفەتەوە لە خۆمم پرسی بو ئێمە ئەمەمان کرد بەتوش خۆمانەوە. دوای ماوەیەك توانی کەسێ ژەم بخوات لە رۆژێکدا بەڵام هێشتان منداڵێکی زۆر ناقولابو لە رواڵەتدا، پیستی سپی بو بەڵام بە ڕادەیەك رەش داگیرسابو کە مرۆڤ بیزی لێ ئەکردەوە، دەمیشی بەشێوەیەکی ناشیرین هەمیشە داپچڕابو، ناوچەوانی گرژو چاو خەپو خیل بو کۆکەیەکی لەگەڵ بو کەلێ ی ئەپژا ئەترساین کە سیلی هەبێت پزیشکیش پیێ ی وتین کە زیادە گۆشتی ناو لوتی لە ناوەوە بۆریەکانی گوێچکەی گرتوە بەڕادەیەك کە بەحاڵ

ئەبیستیۆ سنگی ساغەو هەروەها چاویشی بەلاّم خێلیەکەیو کۆکەکەی لەوەوەیە کە دەماری ناتەواوە. خۆی زانی کە بۆ دوهەفتەمان گلداوەتەوە کە ماوەکەی نزیك بوەو لە تەواو بون دەستی کرد بە ڕشانەوە کە لە جێگەدا نواندم شێتانە پیێ ی وتم:

—ئایا خێرت بگاتیێ ناتوانی نەیەلّیت بم گێڕنەوە، هەرچیەکم پیێ بلّێن ئەیکەم ئەگەر لەگەلّتاندا بژیم.

—پێم وت: بەلاّم چۆنت گلبەمەوە لەکاتێکدا تۆ هەمیشە لەگەلّ مندالاّنی تردا شەڕ ئەکەیتو فروفیلّ لەهەمو یاریەکدا ئەکەیت بەڕادەیەك  وایان لیێ هاتوە کە بەشدارت نەکەن لە یاریەکانیاندا. هەمیشە درۆ ئەکەیت تا وایان لیێ هاتوە راستو درۆت لێك جیاناکەینەوە. لێم پاڕایەوەو وتی: شەرت بیێ ئیتر ئەوانە نەکەم ئەگەر بم هێلّنەوە تکا ئەکەم دەرم مەکەن ناچار پێم وت: باشە ئەگەر ئەو بەلّێنانەت بەریتە سەر نات نیرمەوە ئەو ئێوارەیە خێرا ڕای کردە سەرجادەکەو ئەم هەوالّەی بە باوکی واتا مێردەکەم راگەیاند. نەختێك دودلّ بوم لە رازیبونی مێردەکەم یەکەم قسەی ئەوەبو کە وتی: بیستم کە کوڕێکی تریشمان بوە کە دی من هیچ قسەم نەکردو نەختێکیش قسەکەی سەرو دلّی گرتم وتی: چاکە ژورەکەی سەرەوەمان ئێستا چی تیایە وتم: باولّە کۆن وتی: وابزانم ئەتوانین وەك باولّێکی کۆن مندالّێکیشی تیێ بخەین.

دوای چەند رۆژێك جۆنی پیێ ی وتم: کە ئایا ئەتوانێت ئەویش وەك مندالّەکانی تر بانگم بکات دایە، بۆ بەیانی رۆژی دوایی ئەو داوایە هێشتان کەلّەشێر لە هیچ لایەك نەی قوقاندبو کە هاواری دایەی جۆنی لە مالەکەدا دەنگی دایەوە بەدەم خەوەوە مێردەکەم نەختێك مرەمری نارەزایی کردو وتی: گوێت لیێ یە هاوار ئەکات، وەلاّمی

بدەرەوە ئەوە ئەیەوێت بزانیت دایکە تازەکەی شەوی عاسمان هەلی نەکێشاوە منیش هاوارم لیٚ کرد. چیتە ئەوە؟ هیچی نەبو تەنیا حەزی ئەکرد هەر بلێت دایە لەبەرئەوە نەختێکی پیٚ چو تا بیانویەکی دۆزیەوە. ئینجا هاواری کرد کراسەکەم لەبەرکردوە دایە. بەر لەوەی هاوین کۆتایی بیت لەشەو لاری جۆنی بە تەواوی گۆڕا وەبو بە منداڵێکی تر. دوای ئەوەی زیادە گۆشتەکانی لوتی بڕا ئینجا لەلوت بچکولە رێكو پێکە کەوە هەناسەی ئەداو بەوە دەمیشی داخراو دەمو چاویشی گرژیەکانی ئەمانو رومەتەکانی سورهەڵگەڕان. سەرێکی جوانی پێوەبو چاوەکانیشی رەشو پرشنگداربونو قژیشی رەشو پڕبو بەڵام تەنگو چەڵەمەکانی رەوشتی بە ئاسانی لەناو نەئەبراو دوای ماوەیەکی کەم هۆی دروکانیم بو دەرکەوت. لەپێشدا کە دروی ئەکرد بو ئەوەبو کە ئافەرینی بکەن لە دوایدا بۆ خۆقوتارکردن بو لە سزادان وەك هەمو منداڵێك کە بەدڵ رەقی لەگەڵیدا بجوڵێنەوە، وە زۆر جاریش بۆ خۆ هەڵکێشان و بایەخ لەبەر چاوی منداڵەکانی هاوریٚ ی درۆی ئەکرد کە گوایە چۆن خۆی هەڵواسیوە بە فروکەداو جۆرەها فیشاڵی تر.

رۆژێکی راوەماسیمان ئەکرد بەرێکەوت ماسیەکی فودارمان گرت ئەو جۆرە ماسیە بچکۆلەیە ئەگەر هاتو نەختێك ختوکەت دا خۆی فو ئەدا بەڕادەیەك سیٚ ئەوەندەی خۆی لیٚ دێت بەڵام ئەگەر شتێەکت تیٚ هەڵچەقاندایە خێرا فش ئەبۆوە. منیش ئەوەم پیشانی مندالەکان دا. دوای ئەوە ئیتر هەر کە جۆنی داستانە دورودرێژەکانی دەست پیٚ ئەکرد منداڵەکان بەیەك دەنگ ئەیان وت: ماسیە فودارەکەیە ماسیە فودارەکەیە– ئەوە لە صەد ئامۆژگاریو بەسەرداهاتنی کاریگەرتربوبو ریشکەندکردنی درودەلەسەکانی جۆنی.

پیانۆ بە گرنگترین کار هەڵسا لە چاك کردنی رەوشتی جۆنیدا تا لە کەناری دەریا نەگەڕاینەوە هیچ جۆرە ئاگاداریەکمان لە بەهرەی جۆنی نەبو بە تایبەتی لە مۆسیقادا کە گەیشتینە ماڵەوە لەبەر دەرگای ژوری میواندا رەوەستاو هاواری کرد: خوایە گیان پیانوشمان هەیە شوکر، ئایا ئەتوانم نەختێکی لێ بدەم؟ کاتێك ئێمە خەریکی بەتاڵ کردنی باوڵەکانمان بوین، ئەو دەستی کرد بە پیانۆ لێدان لەیەکەم جاردا بەگران لە ئاوازێکەوە ئەچو بۆ ئاوازێکی تر، کە هەڵەی ئەکرد ئەگەڕایەوە سەری بۆ چاك کردنی هیچ مەیلی شیوی نەبو لەبەر ئەوە لەسەر سینیەك خواردنەکەیم بۆ خستە سەر کورسیەك لە تەنیشتیەوە کە ئەوەی دی لە خۆشیاندا چاوە گەورەکانی گەشایەوە ئینجا پێم وت: هەرچ کاتێك مەیلی خواردنت کرد بیخۆ ئەو ئێوارەیە تا سەعات دەوچارەکێك خەریکی مەشقی پیانۆ لێدان بو، لەبەر ئەوە ناچار بە زۆر ناردم بۆ نوستن بەیانی بەر لە سەعات شەش دەنگی پیانۆ سەر لە نوێ بەرزبوەوە مێردەکەم کاتێك کەخەریك بو لیفەکەی لەسەریەوە ئەپێچا بۆ ئەوەی گوێ ی لێ نەبێت بە توڕەییەوە وتی: گوێت لە موزارەتی کوڕتە؟ سەعات پێنجی ئێوارە هاواری لێ بڵند بو دایە گوێ بگرە ئاوازەکەم رەوان کرد وە کە گوێم لێ گرت راستی کرد بەتەواوی فێری بو بو بە هەردو دەستیش لێ ی ئەدا. لەبەر ئەوە دەستم کرد بە فێرکردنی، ئەو تەنیا منداڵێك بو کە لە ژیانمدا پێ ی بڵێم –بیکە بەخاتری خوا بەسە پیانۆلێدانو مەشق – توانای جۆنی لە مۆسقادا بو بەهۆی ئەوەی کە بڕوا بەخۆی پەیدا بکات وە هەر کە زانی ئەتوانیت کارێك بەباشی ئەنجام بدات بێ فیزی لێ دیاریداو نالەباریەکانی کەم بونەوە. بەڵام ئەوەی مۆسیقاکە لە توانایدا نەبو چاکی بکا ترسنۆکیەکەی بو، جۆنی هیچ  جۆرە وەرزشێکی نەئەزانی. تۆپێکی پێمان بۆ کڕی زۆر بەخۆشیەوە

بەیانی بردی بۆ قوتابخانە. بەڵام کە گەڕایەوە ئەگریا، کەلێمان پرسی بۆ ئەگریت لە وەڵامدا وتی: قوتابیەکان بەشدارم ناکەن لە یاریەکانیاندا چونکە من لە تۆپ ئەترسم بردمە باخەکەمانەوەو تۆپەکەم بۆ هەڵدا کە گەیشتە لای سەری لە ترسانا خۆی دانەواند ئەمەندەی لێ درابو بەڕادەیەك وای لێ هاتبو هەمو جوڵانەوەیەك ئەیترسان. مێردەکەم هەمو پاش نیوەڕۆیەك بە تۆپێکی لاسیق یاری لەگەڵ جۆنیدا ئەکرد لە دواییدا وردە وردە وای لێ کرد کە تۆپی ڕەق بگرێت لە پێشدا نزم بۆی فڕێ ئەدا. ڕۆژێکی کچەکەمان لەسەر سەربان دانیشتبو باوکی تۆپەکەی بۆ فڕێ دا ئەویش گرتیەوەو لە دواییدا گرتیە جۆنی. جۆنی زۆر سەری لەوە سوڕما کە کچێك لەسەر گوێسەبانەیەکی بەرزەوە نەترسێ‌و یاری بە تۆپ بکات جۆنی تۆپەکەی گرتەوە بێ ئەوەی هەست بکات مێردەکەم وتی: بژی جۆنی، دیت چیت کرد. تۆ تۆپ ئەگریتەوە بێ ئەوەی لێ ی بترسی. دەست خۆش دەست خۆش.

جۆنی هەمیشە لە تاریکی ئەترسا وەتا ئەوکاتەش ئەبو شەو چرای ژورەکەی نەکوژایەتەوە بەڵام ئەو شەوە کە کاتی نوستن هاتە پێشەوە لەسەرەوە هاواری کرد. ئەم شەو چرای ژورەکەم ئەکوژێنمەوە. دوای ئەوەی سامی تۆپەکە لە دڵما نەما ئیتر هەست بەهیچ ترسێك ناکەم. بەڵێ ترسی بەتەواوی لە کۆڵ بوەوە وە لە دواییدا ئەو بو کە تیپی دروست کرد لە قوتابخانەی ناوەندیدابو بە سەرۆکی تیپەکەشدیسان توانی یارمەتی یەکی خوێندنی چوار ساڵەش لە زانستگادا وەرگرێ بە یارمەتی یەو کارکردنی جۆنی لە کارگەکانداو بە لێدانی مۆسیقا لە سەماخانەکاندا توانی زانستگا تەواو بکات وە بەر لەوەی بچیتە هێزی دەریاییەوە.

عملیات. ێکی قورس کرام جونی بو کە خوێنی پێویستی دامیٚ چاك بومەوە بە خۆشیەوە پیٚ ی وتم: ئاخری بەخوێنیش بویت بەدایکی تەواوەتیم.

( ج )

ئێستاش لەبیرمە کە بۆ یەکەم جار (فریدی)م دی. لە شوێنە بچوکەکەیدا وەستابو لەو پەروەرگایەدا کە ئیشم تیا ئەکرد. کە چاوی بەمن کەوت زەردەخەنەیەك گرتی بەوە ئەو چەند دانە بچکۆلە برنجیانەی کە هەیبون کەوتنە رو. لە دڵی خۆمدا وتم ((چەند منداڵێکی جوانە)) دایەنەکەی گرتیە باوەشو تکای لیٚ کردم هەولٚ بدەم کە خێزانێکی بۆ بدۆزمەوە. لە وێدا هەستم کرد کە ئەبێت فریدی تەواو نەبێت چونکە منداڵی وا روح سوك پێویستی بە پاڕانەوە نەبو. بەڵیٚ وەك بۆی چوم فریدی بیٚ دەست لە دایك بو بو. دایەنەکەی لیٚ ی دوبارە کردمەوە خۆ فریدت لەبیر ناچیٚ وتم: نەخێر بەڵێن بێت کە چومە قاتی سەرەوە فایلەکەی فریدیم دەرهێنا. تەمەنی دە مانگ بو سپی پیست دوچاری رەنگ هەنگوینیو قژێکی خورمایی لولی هەبو. جگە لەبیٚ دەستی یەکەی نەبێت تەندروستی زۆر چاك بو. وە وەك دایەنەکەی لەبارەیەوە نوسیبوی دەرئەکەوت کە منداڵێکی وریاو زیرەکە چونکە لەو تەمەنەدا کەوتبوە سەرپیٚ و چەند وشەیەکیش فێر بوبو سەرەڕای ئەوەش زۆر روخۆشو هۆگر بو.بەڵیٚ فریدی بە هەمو شێوەیەك ئامادەبو بو ئەوەی ببێت بە کوڕی خێزانێك بەڵام ئایا کیٚ بێت کە بەم رازی ببێت هەمو ئەوانەی کە ئەهاتن بۆ منداڵ بەپیٚ ی توانا منداڵێکیان ئەویست کەبیٚ تەنگو چەڵەمە بێتو ئەیان وت ئەگەر دوچاری تەنگو چەڵەمە بو ئەوا وەك هەمو (دیكو باوكێك) شانی ئەدەینە بەر بەڵام هەر لە نوکەوە ئەو منداڵە خاوەن تەنگو چەڵەمە بێت ئەمەیان زۆر ستەمە کەسیش لەوەدا ناهەقیان ناگرێت.

هەرمن نەبوم کەبۆ خێزان ئەگەڕام بۆ فریدی، بەڵکو هەمو چاودێرەکانی تریش هەر خەریك بون، هەرچی ژنو مێردێك ئەهاتن لە دڵی خۆماندا ئەمان وت: "دەی خوایە ئەمان بە فەریدی قایل بن" بەڵام هاوینیش تێ پەڕیو جەژنی لە دایك بونی یەکەمیش بۆ فریدی کراو هەرکەس نەبو بیگرێتە خۆی. لە ماڵێکی شارەکەدا ژنو مێردێك هەبون مێردەکە لێ خوری ئوتومبیل بوتەمەنی ٤٥ ساڵ بو ژنەکەشی چلو یەك ساڵو تا ئەو تەمەنەش منداڵیان نەبو لە دڵی خۆمدا وتم: تۆ بڵێت ئەمانە بە فریدی رازی بن چونکە زۆر بە پەرۆشەوە لە رێکخراوەکەمان داوای منداڵیان کردبو. کە چوم بۆ بینینیان ژنەکە زۆر بەشەرمەوە وتی: "ئێمە ئەوە ئەزانین کە ناتوانین شتی زۆر بدەین بەو منداڵەی کە ئەمان دەنێ چونکە ئێمە دەوڵەمەندین بەڵام مێردەکەم وەرزشکارەو لام وابێت دایكو باوکێکی خراپ نەبین جا هەرچەندە پارەمان زۆر نی یە بەڵام خۆشەویستیمان زۆر بۆ پاشەکەوت کردوە". منیش دڵم ئەلەرزی کە وتم "منداڵێکمان هەیە تەمەنی سیانزە مانگە" هەردوکیان بە یەك دەنگ وتیان (زۆر تەمەنێکی باشە.) کە وێنەکەم دانێ وتم (منداڵێکی زرنگو جوانە بەڵام.) وتیان بەڵام چی؟,. وتم (بەڵام بەداخەوە دەستی نیە)!.

بەبێ دەنگی لە وێنەکە وردبونەوە، لە دواییدا مێردەکە بە ژنەکەی وت: تۆ ئەڵێیت چی؟

– خۆ تۆ ئەتوانیت یاری تۆپی پێ ی فێرکەیت!

– بێ گومان چونکە بۆ یاری تۆپ دەست زۆر گرنگ نی یە، ئەتوانم فێری بەکارهێنانی سەری بکەم. هەروەها ئەتوانین پارەی بۆ کۆبکەینەوەو بینێرین بۆ زانستگا.

– پیاوەکە مندالْ هەر مندالّەو ئەبێت دایكو باوکی ببێت قابیلە کە دەستی نەبو لە مندالّیش بکەویت.

– هیچ خەفەت مەخۆ کەللەم لە جاو نەدورابێت ئەبێت بە هەمو لایەکی بسەلمێنم کە دەست ئەوەندە گرنگ نی یە، من کە لە خۆشیاندا وەختەبو لەو گفتو گۆیە بالْ بگرم بە پەرۆشەوە وتم:

– وا دیارە پێی قایلن؟هەردوکیان بەسەرسوڕمانەوە وتیان:

– ئەیبۆ نا، تۆ ئەوەمان پیْ بڵیْ کەکەی ئەتوانین وەری گرین.؟ ئەو رۆژەی کە ئەبو ژنو مێردەکە فریدی وەرگرن جەژنی لە دایك بون بو. هەمو شەقامەکان چراخان بو گولْ بەهەمو لایەکدا هەڵواسرابو، لە ژوری چاوەڕوانی پەروەردگاکەدا ژنو مێردەکە چاوەڕوانیان ئەکردم کە دیمن پێم وتن کوڕەکەتان لێرەیە فەرمو بابچینە قاتی سەرەوە بۆ لای. ژنەکە وتی: (دڵم لیْ ئەدا، ئەترسم خۆشی نەوێن) دەستیم گرتو پێم وت: (مەترسە) دایەنەکەی (فریدی)ی جلێکی سپی لەبەر فریدی کردبو کە یەخەکەی چڵێك لە داری جەژنی لە دایك بونی لەسەر چنرابو لەگەلْ دەنکێك شاتودا، قژی فریدی ئەتوت قەترانە لەبەر شەوقی چراکە ئەبریسکایەوە نەختێکیش بەناو چەوانیا هاتبوە خوارەوە. کە دایەنەکە خستیە باوەشمەوە زەردەخەنەیەك گرتیو پیْ ی وتم: کە ئەچم بۆ مالّەوە دایەنەکە وتی: (ئەوە من پێم وتوە کە ئەچیْ بۆ مالّێکی تر) ئینجا دایەنەکە ماچی کردو بەدەم گریانەوە پیْ ی وت: (خوات لەگەلْ گیانەکەم ئەبیْ مندالّێکی عاقلْ بیت) ئەوسا بردم بۆ ئەو ژورەی کە بابڵێین دایکو باوکەکەی لیْ بو لەبەر دەرگاکە فریدیم بە پێوە راگرت ئەوسا دەرگاکەم کردەوەو پێم وتن: (جەژنی لە دایك بونێکی شاد)فریدی بە سەرسوڕمانەوە سەیرێکی ئەوانی کرد ئەوانیش بە پەرۆشەوە لە

میان ئەڕوانی لەوێدا باوکەکە چوکی دادایە سەر عەرزەکەو بە فریدی وت: "بەبە گیان وەرە بۆ لای بابە " فریدی ئاوڕێکی لەمن دایەوەو نەختێك سەیری کردم ئینجا وەرچەرخایەوەو بە هێواشی روەو ئەوان رۆیشت دوای ساتێك دو باوەشی گەرمو گوڕی پڕ خۆشەویستیو بەزەیی گرتیانە خۆیان.

( د )

بۆ یەکەم جارکە پێ یان وتم من کوڕی راستەقینەی دایكو باوکم نیم، هەرگیز بڕوام نەئەکرد ناهەقیشم نەبو چونکە من خۆم بە نۆبەرەی دایكو باوکم و کوڕی نازداریان ئەزانی. جا هەرچەندە چوار کوڕوکچی تریش لە دوای منەوە هاتبون بەڵام چی خواردن خۆش بوایەو جلی جوان بوایە هەمیشە هەر بۆ من بو کەسیش لە منداڵەکان نەیان ئەتوانی لە رومدا هەڵگەڕینەوەو لە هەمو تێك چونێکیشدا لەگەڵیاندا بەلای دایکم و باوکمەوە هەر من لەسەر هەق بوم باواش نەبوایە ئیتر یەکێك ئاوا رەفتاری لەگەڵدا بکرێت چۆن منداڵی راستەقینەیان نابیت لەکاتێکدا ئەو منداڵانەی ئەم دین کە خێزانەکانی تر گرتبویاننە خۆیان وەك خاساو کارەکەر ئیشی ناوماڵیان پێ ئەکردنو هەمیشە زەمیلەیان لە قۆڵدا بو بۆ بازاڕو شت کڕینو بەرگیان جلە کۆنەی منداڵەکانی خۆیان بو لەسەر تەنگوڕیش ئەیاننواندن بۆیە من ئەو قسەیەم بە سوعبەتێکی بێ جێ زانی لە هاوڕێ قوتابیەکەمەوە چونکە ئەوکاتە قوتابی پۆلی سێهەمی ناوەندی بوم بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو قسەیە بوبو بەگرێ لەدڵمدا تا رۆژێکی بەسوعبەتەوە بەدایکم وت: "تۆ ئەزانی پێم ئەڵێن کە ئێوە دایكو باوکی راستەقینەی من نین" دایکم لەباتی گاڵتە بەوقسەیە بکاتو پێی پێ بکەنێ شڵەژاو لەدەمی دەرپەڕیو کە وتی: کەوایە چ خوانەناسێ ئەوەی پێ ىڕاگەیاندیت؟ کە ئەمەم زانیم کە ئەو قسەیە ئەبێت راست بێت؟! بۆ ئێوارەی

ئەو قسەیە باوکم زۆر بێدەنگو مات دانیشتبو، بەوە دا زانیم دایکم گفتوگۆکەی منی بۆ گێڕابێتەوە ئەو ئێوارەیە زوتر لە جاران منداڵەکانی نارد بۆ نوستن زانیم ئەوە بۆ ئەوەیە کەلەو بارەیەوە قسەبکات کە دەورمان چۆڵ بو هەروەك بۆی چوم باوکم روی تێکردمو وتی: "من ئەم قسانەم هەرگیز نەئەکرد، بەڵام وادیارە خەڵکی خۆش نەبن. ئەبێ ئەمڕۆش نەیکەم سبەی هەر بیکەم، من نامەوێت درۆت لەگەڵدا بکەم بەڵێ تۆ کوڕی راستەقینەی من نیت! وە بڕواش بکە نازانم هی کێ بویت ئەگینا پێم ئەوتیت. ئەوەی کە ئەیزانم ئەوەیە کە بەیانیەکی هاوین ئەچوم بۆ نوێژ هێشتان تاریكو لێڵەی بەیان بو لەبەردەمی مزگەوتەکەدا دیم لەناو هێندێك پەڕوپاڵدا ساوەیەك ئەگریا ئیتر نازانم هۆی فڕێدانەکە دایکەکەی نەیوێرابو خۆی بکات بەخاوەنی یا لە بەر دەست کورتی بو تا ئەمڕۆش لەوە زیاترم بۆ دەرنەکەوتوە ئەوکاتەش تازە ژنم هێنابو هێشتا منداڵمان نەبو بو منیش زۆر دڵم بەساوەکە سوتاو لەدڵی خۆشمدا وتم با ئەم خێرە گەورەیەم لەدەست نەچێت خۆ زۆری کەوتیان بیدە بە ئێمە وتم خوا ئەگەر بیکردایە بە نسیبی ئێوە ئەوا لەپێش مندا ئەهاتن بۆ مزگەوت! لەبەر ئەوە ساوەکەم هێنایەوە بۆماڵەوەو کردمان بەم کوڕەی ئەمڕۆ کە تۆی: ئیتر ئەمە بەکورتی بەسەرهاتی ئێمەو تۆیە کوڕم".

لەوێدا دایکم هەڵیدایەو بەپەرۆشەوە وتی: باشە کوڕم ئێمە تا ئێستا هیچ بێ دڵیەك یا رەفتارێکی وامان لەگەڵدا کردویت کە هەست بکەیت تۆ کوڕی راستەقینەی ئێمە نیت؟ لەوێدا باوکم پشتگیری قسەکەی دایکمی کردو وتی: "گرنگ ئەوەیە، ئایا تۆ هەستت کردوە کەتۆ کوڕی راستەقینەی ئێمە نیت پێویستیمان بە پاکانە نیە چونکە خوا ئەزانێو رەفتاریشمان لەگەڵتا ئەم ماوەیە دەری خستوە کە ساتێك هەستمان نەکردوە کە تۆ لە ئێمە نەبویت" منیش لە

وەڵامیاندا وتم: ((سەرتان سوڕنەمێنێ کە ئەڵێم زۆر مەمنونی ئەو کەسەم کە تێ ی گەیاندم ئێوە دایكو باوکی راستەقینەی من نین. چونکە تا ئێستا هەرچیەکتان بۆ من کردبێت هیچ منەتم لێ نەزانیون چونکە دایكو باوك هەرچی یۆ منداڵی خۆی بکات پێویستی سەر شانیەتیو منەتی نیە. بەڵام دوای زانینی ئەم راستیە من نازانم چۆن چاکەی ئێوە بدەمەوە، ئێوەیەکی ئەمەندە پیاوچاكو بەڕەحم کە منداڵێکی بێگانە چاکتر لەوەکانی خۆتان بەخێوبکەن. ئێوە دو مرۆڤی پیرۆزن سەیرە چۆن تا ئێستا پێتان نەوتوم من بەڕاستی زۆر خەجاڵەتم لە کردارەکانی پێشوم کە وەك منداڵێکی نازدار کردومە بەرامبەر ئێوە لەمەودوا پێڵاوەکانتان ئەخەمە سەر سەر. و بیر لەوە ئەکەمەوە کە چۆن پاداشتان بدەمەوە)) دایکم بەگریانەوە وتی: نەء بەقوربانت بم وا مەڵێ هەرچۆنت رەفتار کردوە وابە چونکە ئێمە بەکوڕی راستەقینەی خۆمانت  ئەزانین‌و هەرگیز تۆمان بۆ ئەوە بەخێو نەکردوە کە منەتمان لێ بزانیت یان پاداشتمان بدەیتەوە ئەگەر ئەتەوێت ئێمە دڵخۆش کەیت وابزانە ئەم قسەیەت نەبیستوە کە باوکم دی تەنگو چەڵەمەکە وا کۆتایی هات هاواری لە منداڵەکان کرد کە هەڵسن، لەکاتێکا کە خۆی ناردبونی بۆ نوستن‌و پێ ی وتن (چی یە ئەڵێ ی مریشکن وا زو هەڵئەنیشن، ئەمشەوەکەی شەوی نوستنە) ئینجا روی کردە دایكو وتی: "ئا هەڵسە ئافرەت ئەو باسوقەمان بۆ بێنە کە ئەمڕۆ لەبەر خاتری کاکە (واتە من) کڕیبوم چونکە ئەمزانی حەزی لێ ئەکات" بەڵێ دایکمو باوکم ئەو شەوە لە خۆشیەکی وا دادی کە هەرگیز رێکەوتم نەکردبو.

( هـ )

من كەبیَ دەرەتان بوم تەمەنم پانزە سالَ ئەبو. خیَزانیَك لە راهی خوادا گرتمیانە خۆیان خانمی خانە خۆیەكەم كە ئەیدیم منیش وەك (باربرا) هەمیشە كزۆلَەو بیَ دەنگ لە كونجیَكەوە دائەنیشتمو شەرم ئەكەم بە هەمو جولاَندنەوەیەك هەلَسم، رۆژیَكی پیَی وتم "..'' تۆ ئەزانی ئەم شەرم كردنەت زۆر بیَ جیَگەیە، كوڕم من وای ئەدەمە قەلَەم كە چوارسالَ پیَشتر شوم كردوەو تۆ نۆبەرەكەمی. لەبەر ئەوە تۆش وەك مندالَەكانی ترم هەلَسەو دانیشە ئەو قسەیەشی بۆیە واكرد چونكە من سیَ چوار سالَیَك گەورەتر بوم لە مندالَە هەرە گەورەكەی وەتا لەو مالَەشدا بوم بەهەمان چاو سەیری ئەكردم.

لە ئەنجامدا كە گەورە بوم و بوم بەخاوەنی سامانو ریَو شویَنیَكی باش تەنیا گریَ یەك كەلە دلَمدا بو ئەوەبو كە منیش بەكاریَك هەلَسم كە سودیَكی ئەوانی تیَدا بیَتو هیَندیَك لەو چاكەیەیان بدەمەوە. بەڕیَكەوت خوا كردی كە كوڕەكەیان پیَویستی بەیارمەتیەكی گەورەی من بو. كەپیَ ی هەلَسام دایكی وتی: "نازانم بە چ زمانیَك سوپاست بكەم " منیش وتم "پیَویست بەسوپاس ناكات" وا ئەزانم باوكم دو ژنی هیَناوەو ئەم لە ژنەكەی تریەتی. وادیار بو لە قسەكەم گەیشت كە من ئیشارەت بۆچی ئەكەم لەبەر ئەوە زەردە خەنەیەك گرتیو وتی: وادیارە بەهەلَەدا نەچوم كە كردمیت بەنۆبەرەی خۆم.

### ٦-بەتەنگ یەکترەوە هاتن

( أ )

لەپاش نیوەرۆی رۆژی ١٤ی مانگی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٥دا، کاتێك دایکێکی گەنجی جوان لە کۆگایەکی بەناوبانگی شاری (کوپنهاگن)ی پایتەختی (دانیمارك) هاتەدەرەوە روانی ئەو عەرەبانەیەی کە کچە ساوا دو مانگو نیوەی بە نوستویی تیا بەجیٚ هێشتبو لەبەر دەمی کۆگاکەدا نەماوە، وەهەر ئەوە بو شێت نەبێت کە بەدوری بیست مەتر لەولاوەعەرەبانەکەی بەبەتاڵی دۆزیەوە چونکە ئەوە ئەوەی ئەگەیاند کە ساواکەیان دزیوە.

شەو داهات بیٚ ئەوەی ساواکە بدۆزرێتەوە، هەرچەندە (١٥٠) پۆلیس بە سەگەوە کونو قوژبنی شارەکەیان پشکنی، جا هەرچەندە سەرۆکی پۆلیسی نهێنی دایكو باوکی ساواکەی دڵنیا کرد، بەوەی کەتا ئەو کاتە منداڵ نەبوە لە دانیمارکدا ون بوبێتو نەدۆزرایتەوە، بەڵام ئێوارەی سبەینێش داهات بیٚ ئەوەی سۆراخی ساواکە بکرێت.

پۆلیس ئەوسا ناچار بو کە هانا بەریتە بەر میللەت، بە رۆژنامەو ئیستگەی رادیۆ ناونیشانی ساواکەیان بڵاوکردەوەو داوایان لە هەموان کرد کە چاو بگێڕنو گویٚ هەڵخەن بۆ گریانی منداڵ لەو شوێنانەدا کەلەوەو پێش ساوای تیا نە بوە، بە دەنگەوە هاتنی خەڵك بەو هاتایەوە ئەوەندە گەرمو بەجۆش بو کە هەرگیز بەبیردا نەئەهات.

سەدان دانیمارکی وازیان لەکارو کاسپی هێناو دەستیان کرد بەگەڕان بەشوێن ساواکەدا، زۆر کەس خانوەکانیان ئوتومبێلەکانیان پێشکەش کرد تا ساوا بەرەکە بتوانێت ساواکەی تیٚ بخاتەوە بیٚ ئەوەی هەستی پیٚ بکرێتو بناسرێت.

له حەڤدەی هەمان مانگدا هەرچی لێخوڕی تاکسی هەبو له کوپنهاگندا که ژمارەیان بیست هەزار بو پێك هاتن که به وردی بۆ ساواکه بگەڕێن، هەروەها شیرفرۆشەکانیش دەسە بەربون که چاودێری ئەوکەسانە بکەن کەشیر زۆرتر ئەکڕن لەجاران، پۆستەچی یەکان که بەیانیان ئەچنەبەردەمی هەمو ماڵێك ئەوانیش ئامادەیی خۆیان پیشاندا، خاوەن کۆگای شتو مەکی منداڵانیش بون به پایامنێری نهێنی پۆلیس هەروەها ئەجزا چیەکانو دکتۆرەکان.

لەهەفتەی یەکەمی دوای ئەو هانایە هەزارو پێنج سەد نامە گەیشتە کاربەدەستان، یانزە نامەیان ئەیوت:

که گوایە ئافرەتێکیان لەم حاڵەو لەم رەنگە دیوە به ساوایەکەوە که جێ ی گومان بوە، له شوێنی روداوەکە، یان دوای ماوەیەکی کەم له دزینەکە بینرابو،له ئیستگەی شەمەندەفەری (نوپورت) که نزیکی شوێنی روداوەکە بو، بەڵام ئایا ئەو ئافرەتە لەوێوە بۆ کوێ چوە؟!یەکێك له خاوەن نامەکان ئەیوت: که گوایە له ئێستگەی شەمەندەفەری شاری (پایرات)بە هەژدەکیلۆمەتر له رۆژئاوای کوپنهاگنەوەیە دابەزیوە، یەکێکی تر نوسیبوی: کەلەشاری (الزنیوی) هاتۆتە خوارەوە، سەدانی تر ئەیان وت له شارانی تری وەك (ئۆدنس) (ئارهوی) یان (البرج) دیویانە.

پۆلیس هەمو شوێن پێ یەکی هەڵئەگرت، ئوتومبیلی رائەگرتو لەگەڵ ئەو ئافرەتانەدا ئەیکۆڵیەوە که گومانیان لێ ئەکرا، له هەمو کەنیسەکاندا دەنگی پاڕاندنەوە بەرز ئەبوەوە بۆ ئەوەی ساواکە بەسەلامەتی بگەڕێتەوە باوەشی دایكو باوکی، له راستیدا چوارملیۆن دانیشتوانەکەی دانیمارك لەوکاتەدا هەموی لەرێی

ئامانجێکدا یەکی گرتبو کە ئەویش دۆزینەوەی ساواکە بو بەر لە جەژنی لە دایك بون.

سەدوسی پەیامنێری نهێنی پۆلیس کەلەو کارەساتەدا ئیشیان ئەکرد وازیان لە پشوی هەفتەیی‌و جەژن هێنا تا زوتر ساواکە بدۆزنەوە.بەڵام جەژنیش تێ پەڕی‌و ساوا هەر سۆراخی نەبو، ئەمە بو بەهۆی ئەوەی کە پەژارە هەمو دانیمارك لە جەژندا دابگرێ لە دوا رۆژی ئەو ساڵەدا لەگەڵ دەهەزار کەسدا کۆڵرایەوە کە ئەمە لەوەوپێش روی نەدابو. خەڵکیش دیسان نزیکەی شەش هەزار دیناری خۆمانیان کۆکردەوەکە بیدەن بە فەینەرەکە سا بەڵکو ئەمە خوا ساواکە بگێڕێتەوەبەڵام بێ سود بو. لەشارۆچکەی (الزنیور)دو ئەفسەری ماندو مردو کەتا سەعات ١٢ی شەو لەو روداوەدا ئیشیان کرد بو بەچاوی خەواڵوەوە راپۆرتی ژمارە (٣٥٥٢) یان کردەوەکە لە پایتەختەوە هاتبو. راپۆرتەکە ئەیوت: کەلەشارەکەی ئەواندا کابرایەك هەیە ناوی (ئەندرسون)ە ئەو ئەندرسۆنەو ژنەکەی منداڵێکیان هەیە ئەڵێن: گوایە لە رۆژی (١٢)ی کانونی یەکەمدا بویانە واتە رۆژی فڕاندنەکە بەڵام برادەرێکی ئەو پیاوە ئەڵێت ئەو منداڵە زۆر لەوە گەورەتر دێتە بەرچاو وەك لەو مێژویەدا بوبێت. لەبەر ئەوە دورنی یە ئەوە ساواکە بێت، دو ئەفسەرەکە وایان بەباش زانی کەلەوەش بکۆڵنەوە بەرلەوەی بەخەفەتەوە ئەو شەوەش سەربنێنەوە. نەیسا لە ئەنجامدا ئەو ساوایە دزراوەکە دەرچو. هۆی فڕاندنەکەش ئەوەبوە کە ژنی ئەو کابرایە منداڵی لەبار ئەچێ وەلەبەر ئەوەی لەبەر بێ منداڵی مێردەکەی تەڵاقی نەدات ئەو کەتنە ئەکاتو تەنانەت مێردەکەشی نازانێ کە ئەوە منداڵی خۆیان نەبوە.ئەوەی کە شایەنی باسە ئافرەتە فڕێنەرەکە لەو ماوەیەدا کە ساواکەی لائەبێت زۆر بەباشی خزمەتی ئەکاتو هیچ کاتێکیش ئەوەی بەبیردا

نەهاتبو کە بەتەماعی پارەکان ساوەکە بگێڕێتەوە. جا بابزانین خەڵکی هەستیان چی بو کە زانیان ساواکە دۆزراوەتەوە؟ دو ئەفسەرەکە وەك لەدواییدا وتبویان هەرگیز هەستیان بەخۆشی وانەکرد بو لە ژایانیاندا، ئەوانەی کە ئامادەش بون کاتی دانەوەی منداڵەکە بەدایكو باوکەکەی زۆربەیان دابویانە پرمەی گریان!. ئەو خۆشی یەی کەوتە دانیمارکەوە مەگەر لە رۆژی ئازادی دوای جەنگی جیهانی دوهەمدا بەخۆیەوە دیبێت. تەنیا رۆژنامەیەك (٢٨) لاپەڕەی بۆ ئەو بەسەرهاتە تەرخان کردبو. لە هەمو شوێنێکدا کاری ئاسایی وەستا، نەناسیاوان یەکتریان ماچ ئەکردو چاورونیان لە یەکتری ئەکرد، لە هەندێك شوێنی پایتەختا تەلەفۆن بەر نەئەکەوت چونکە هەریەکە ئەیویست مژدە بدات بەوی تر سەرۆکی وڵاتەکەش بروسکەیەکی چاوڕونی بۆ خێزانەکە لێ داو ئەوانیش بۆ پێشکەشکردنی سوپاس دوایی چەند رۆژێك چون بۆ کۆشك.

لە ژینی ژمارە (٣٧) ساڵی ١٩٧١/٨/٢٦ بڵاوکراوەتەوە

( ب )

بەر لەچەند مانگێك ئافرەتێك لەپرنەخۆش ئەکەوێت، خێرا (اسعاف) بانگ ئەکەن هەر کە ئوتومبیلەکەئەگاتە لای ئافرەتە نەخۆشەکان پیرەمێردێکی قەڵەو کە جلی فەڕاشی خەستەخانەی لەبەردا ئەبێت باز ئەداتە خوارەوە بەیارمەتی لێ خوڕەکە نەخۆشەکە ئەخاتە دەستە بەرەوە بەهەردوکیان ئەیخەنە ناو ئوتومبیلەکەوە، کە ئەڕۆن یەکێك لەوانەی کەلەوێ ئەبن روئەکاتە ئەوەی تەنیشتی و پێ ی ئەڵێ: ئەرێ ئەو فەراشی خەستەخانەیە جێگری بەڕێوەبەری بانقی میللی نەبو؟ بۆ خاتری خوا پێم ناڵێت

ئەو ئەم ئیشە (کوجا مەرحەبا)[1]، لەراستیدا ئەو تەنیا کەسێك نەبو لە پیاو ماقولان کە لە خەستەخانەکەدا خزمەت بکات. بەڵکو ژمارەیەکی زۆری وەك ئەو بەو کارانە هەڵئەسان، چونکە ئەگەر ئەوان هەڵنەسانایە بەو کارانە خەستەخانەکە ناچار ئەبو لایەکی داخات چونکە بەهۆی جەنگی جیهانیەوە کەس نەمابو کە تیا هەڵسوڕێ لە بەر ئەوە خەستەخانەکە هانای بردە بەر خەڵك کە فریای کەونو بێن تیایا خزمەت بکەن تا هاوڵاتیەکان لە روی تەندروستی یەوە بێ خزمەت نەبن.

ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیەکان چون بەدەنگ ئەو هانایەوە لەبەر ئەوە ئەگەر ئەمڕۆ راڕەو قاوشی خەستەخانەکە بگەڕێیت لەوانەیە رێکەوتی سەرافێك[2]. بکەیت کەکاشی ئەسڕێت یان پارێزەرێك بەرمیلێکی پڕ لە سارغیو بەرماوە خاڵی ئەکاتەوە یان مامۆستای دانشگایەك ریشی نەخۆشێك ئەتاشێ. بەڵێ بەلای ئەوانەوە هیچ کارێك گران یان نزم نی یە. هەر ئەوانن کە یارمەتی نەخۆشەکان ئەدەن لە خۆشتندا وە پلەی گەرمایان ئەگرن و نەزمی دەستو هەناسەیان ئەپێون. هەروەها خواردن ئەدەن بە نەخۆشەکان یان ئەیکەن بەدەمیانەوە. نمونەیان لێ وەرئەگرن بۆ فەحص ئامادەیان ئەکەن بۆ عەملیات زەوی ئەشۆرن بە کورتی بە چلو هەشت جۆر کار هەڵئەستن هەر لە جێگە رێك خستنەوە تا سەرشتن و دۆزینی نەخۆشەکان لە موریانە بەڵێ ئەوانە هەر یەکەیان بەر لە هەمو شتێك بەڵێن

---

[1] کوجا مەرحەبا: کوجا وشەیەکی فارسی یە بەمانای لە کوێ. مەرحەباش وشەیەکی عەرەبی یە واتا سەلام کردن. بەیەکەوە (کوجا مەرحەبا) مانای لەکوێ یەکتریمان ناسیوەو چۆنیو چاکیمان کردوە. واتا یەکتریمان نەناسیوە.

[2] سەرراف: ئەوانەی پارە بە پارە ئەگۆڕنەوە. وشەکە عەرەبی یە.

نامەیەکیان ئیمزا کردبو کەلەوانەی تیا نوسرابو، ئەوەبو کە (کردنی هیچ کارێك لە پێناوی نەخۆشدا سوكو نزم نی یە!).

یەکێك لەو لیستانە ئەوانەی کە خۆیان پێش کەش کردبو بۆ خزمەت لەو خەستەخانەیەدا بریتی بون لە ٩ سەرافو ١١ مامۆستای قوتابخانەو پارێزەرو ٢٤ خاوەن کارگەو ٣ قەشەو ٢٥ کارمەندی دائیرەکانو ئێستا نزیکەی ١٤٧ کەس هەیە لەوانە کە هەر ماوەی تاقمێکیان لێ ئەخەنە کارەوە لەسەر هەر یەکێ لەوانەشە کە جلی کارەکەی بکرێو ئەرکی شتنو ئوتوشی لە ئەستۆی خۆیەتیئەو پیاو ماقولانە تەنیا سودیان ئەوە نەبو کە خزمەتیان ئەکرد بەڵکو هێندێکیان توانیان خزمەتی زۆر لەوەگرنگتر بکەن بۆ نمونە یەکێکیان توانی کارگەیەکی زۆر ئاسانتر بدۆزێتەوە بۆ گوێزانەوەی (أسطوانە) ی ئوکسجینەکان. یەکێکی تریان فەرهەنگی انگلیزی و مەکسیکی دانا بۆ ئەوەی مەکسیکیەکان کە ئینگلیزی نازانن بتوانن لەگەڵ کارگوزارەکانی خەستەخانەکەدا لەیەك بگەن، ئەمە جگە لەوەی جۆرەها کاریان بۆ ئەو نەخۆشانە ئەدۆزیەوە کە چاك ئەبونەوە خەستەخانەیان بەجێ ئەهێشت. زۆر جار نەخۆشەکان هەوڵی ئەوەیان ئەدا کە پاداشتی ئەو خزمەتانەیان بدەنەوە بۆ نمونە جارێکی قولەڕەشێك کە خزمەتی یەکێك لەوانەی زۆر لەبەر چاو بو، دەست ئەبات سەدفلسی بەخشیش ئەداتێ جا هەر چەندە لێ ی وەناگرێ بەڵام لەدواییدا وتی کە ئەوە جوانترین پارە بوە کە لە ژیانمدا درابێتمێ بەڵام تا ئێستاش ئەو قولە رەشە نازانێ کە ئەوکابرایە یەکێك بوە لە دەوڵەمەندە قورسەکانی شارەکە.

## ٧–خۆبەخت کردن لە پێناوی نەناسیاواندا

( أ )

قوتابیەکی شانزە ساڵەی کچ، بەیانیەکی کە بەڕێوە بو بۆ قوتابخانە روانی خانویەك ئاگری تیٚ بەربوەو ئافرەتی خاوەن ماڵەکەش لەبەردەمیدا خۆی ئەڕنێتەوە بۆ منداڵێکی کە لەماڵەکەدا گیرماوە.

کچە قوتابیەکە لە دواییدا وەك گێڕابویەوە وتبوی کە ئەوەم بیست تەنیا ئەوەندەم هەست کرد کە ئەبێت هەر چۆنێك بێت ئەو منداڵە رزگار کەم لە سوتاندن. هەرکە لە دایکەکەوە زانیم منداڵەکە لە قاتی دوەمی خانوەکەدایە، بیٚ سیٚو دو کردن خۆم کرد بەماڵەکەدا بەڵام لەناوەراستی پلیکانەکاندا دوکەڵ وای تەنگەنەفەس کردم کە ناچاربوم بگەڕێمەوە دواوە بۆ ئەوەی نەختێك هەوای پاك وەرگرم. کە هاتمە دەرەوە چاوم بە منداڵەکە کەوت لەدوای پەنجەرەیەکەوە ئەگریاو هەرئەوەنەبو لەترسا نەتۆقیٚ. کە منداڵەکەم بەو شێوەیە دی ئەوەندەی تر گڕم تیٚ بەربو بۆی، هەمدیسان وەك شێت خۆم کردەوە بەماڵەکەدا، ئەمجارەشیان دوکەڵ ناچاری کردم کە بکشێمەوە هەرچەندە ئەمجارەیان ئەوەندەم نەمابو بگەمە قاتی دوەم. لە دڵی خۆما وتم:(ئەگەر من هەروا سەرکەومو بیمە خوارەوە ئاگر ئەگاتە منداڵەکەو ئەسوتێت لەبەر ئەوە ئەمجارەیان لە چێشتحانەی ماڵەکە پەڕۆیەکم تەڕکردو گرتم بەدەمو چاومەوەو ئینجا سەرکەوتم بەمەیان توانیم خۆم بگەیەنمە منداڵەکەو دوای ئەوەی پەنجەرەیەکم شکاند لەگەڵ لەگەڵ منداڵەکەدا بەپەیژەیەکی ئاگر کوژێنەوە کانا– کەئەو کاتە گەیشتبونە ئەویٚ بێنە خوارەوە. دوای ئەوەی منداڵەکەم رزگار کردو هاتمەوە سەرخۆم زانیم من بەچ کارێکی سامناك هەڵساوم ئەوسا خەرك بو لەهۆش خۆم بچم).

---

لە ژینی ژمارە (٣٩)١٦/٩/١٩٧١ بڵاوکراوەتەوە

( ب )

بەلاَم بەزەییو یارمەتی قوتابیەکی حەڤدە ساڵەی کوڕ بو بەهۆی نەمانی، ئەویش لە پێناوی منداڵێکدا کە وەك ئەو کیژۆڵەیە نەی ئەناسی، بەسەرهاتەکەش وابو کە ئەو قوتابی یە کوڕە لەگەڵ هەواڵێکیدا لەسەر پردێك کە شەمەندەفەری پیا ئەڕۆیشت بەدەمانچە تەقەیان لە نیشانەیەك ئەکردکە بەوبەری پردەکەوە نابویانەوە منداڵێکی نۆساڵانیش بەدەم تەقەکەوە بۆ سەیرکردن دێت بۆلایان لەوکاتەدا شەمەندەفەرێك پەیدا ئەبێت ئەمان خۆیان ئەخەنە قەراغ پردەکە، بەلاَم منداڵەکە لەباتی ئەویش وەك ئەوان بکات،لەترسا سەری لێ ئەشێوێتو لەبەردەمی شەمەندەفەرەکەوە دەست ئەکات بەڕاکردن بۆ ئەوەی پردەکە بەجێ بهێڵێ. قوتابی یەکیان زانی کە منداڵەکە فریای ئەوە ناکەوێت لە پردەکە بپەڕێتەوە کە شەمەندەفەرەکە ئەگاتە سەری لەبەر ئەوە ئەگەر شتێك نەکات بێ گومان ئەو منداڵە لەناو ئەچێ لەبەر ئەوە تا هێزی تیا بو بەدوای منالەکەدا رای کرد. بەر لەوەی شەمەندەفەرەکە بگاتە سەریان بەحەوت مەتر، بەڵێ تەنیا بەحەوت مەترو هیچی تر توانی خۆی و منداڵەکە بگەنە قەراخ رێڕەوی شەمەندەفەرەکە بەلاَم لەبەر ئەوەی منداڵەکەی نابو بەبەرسنگییەوە و بەلەشی پاراستبوی قوتابیەکە زۆرتر لە شەمەندەفەرەکەوە نزیك بو ئەمە بو بەهۆی ئەوەی کە ئاسنێکی درێژ بوەوە لەشەمەندەفەرەکە بدا لە مێشکی و بیپیژێنێ بەڵێ منداڵەکەی رزگارکردو بەلاَم خۆی مرد!

---

لە ژینی ژمارە ٤٠ ساڵی ١٩٧١/٩/٢٣ بلاَوکراوەتەوە

( ج )

نمونەی سێ یەمی خۆبەخت کردن لە پێناوی نەناسیاواندا‌و یارمەتیان تا مردن، بەسەرهاتی ئەو کیژۆڵەیەیە کەلە فرۆکەیەکدا میوانداری سواربوەکانی ئەکرد، کە بەم جۆرە بو: فڕۆکەیەك لەنیشتنەوەدا بەهۆی زوقم‌و سەهۆڵەوە کە فرۆکەخانەکەی گرتبو لەو ماوەیەدا کە تەرخان کرابو بۆ نیشتنەوە خۆی بۆ نەگیرایەوەو لیّ ی تێپەڕی. لەبەردەمی یەوە شورەیەکی تەختە هەبو دوای ئەوەی تێکی شکاند ئینجا لەسەر چاڵێك کە قوڵی نۆ مەتر بو گیرسایەوە تا ئەوکاتەش کەسێك ئازارێکی ئەوتۆی نەدیبو بەڵام لەبێ بەختیانا تانکیەکانی بەنزینی فڕۆکەکە لەکەوتنیدا بەشورەکەدا شکابون، ئەمە بوبەهۆی بڵاوبونەوەی بەنزینەکانیان‌و گڕگرتنیان. (ماری) کەناوی کیژۆڵەکەمانە بەزۆر دەرگای فڕۆکەکەی کردەوە کە عاسی بوبو. ئەگەر بیویستایە زۆر بەئاسانی ئەوکاتە ئەیتوانی خۆی فڕیّ بداتە خوارەوە بێ ئەوەی کەسێك کەمترین سەرزەنشتی بکات بەڵام ئایا میوانەکانی لەوتەنگانەیەدا بەجیّ بێڵیّ؟ لەوکاتەدا گویّ ی لەگریانی منداڵان‌و هاواری ژنان بو لەبەر ئەوە هەرچەندی کرد نەیتوانی بەجیّ یان بێڵیّ‌و ناچار گەڕایەوە بۆ ناو فرۆکەکە. خەڵکی هەمو جموجۆڵیان بو، هەوڵی ئەوەیان ئەدا پشتێنی خۆبەستنەوە بکەنەوە کە عاسی بوبون‌و پلورەی ئاگریش هەر سنگی ئەنا بۆ پێشەوە کیژۆڵەکە سواربویەکی حەپەساوی راکێشا‌و لەدەرگاکەوە پاڵی پێوە نا بۆ دەرەوە، دوا بەدوای ئەو یەکێکی تریشی بەهەمان شێوە فڕیّ دایە دەرەوە. ئینجا دەستی دایە پەلی ئافرەتێك کەنیوەی پاڵتۆکەی ئاگری گرتبو ئەویشی لەگەڵ ئەواندا پاڵ پێوەنا ئەوسا ئەوانەی کەمابونەوە لەفڕۆکەکەدا گویان لەدەنگی کیژۆڵەکە بو، هەروەك هیچ نەقەومابێت وتی: لەسەرخۆبن مەشڵەژێن‌و روداوەکە زۆر بەئاسایی وەربگرن، هەموتان ئەچنە دەرەوە شتێك نی یە مەترسی لیّ بکریّ

بۆجاری پانزەمین کیژۆڵەکە خۆی کردەوە بەناو فڕۆکەکەداو دە سواربوی لەپشتێنەکانیان رزگار کرد، رایکێشان بۆ دەم دەرگاکە هەرچی بۆیەی نینۆکە جوانە کانی هەبون هەموی هەل بون. ئافرەتێکی ناو فڕۆکەکە لەدواییدا گێڕایەوە وتی: هەستم کرد زۆر بەتوندی بەناوفڕۆکەکەدا رائەکێشرامو کاتێکیشم زانی لەبەردەمی دەرگاکەیدام کەسەیری رزگارکەرەکەم کرد دیم کیژۆڵە میواندارەکەمانە پێم وت: ئەبێ تۆش خۆت فرێ بدەی لە وەڵامدا وتی: هێندێك سواربوی تر لە ژورەوە ماون با ئەوانیش دەرباز بکەم. ئیتر منی بەزۆر فرێ دایە خوارەوە. تا ئێستا نەوەت چرکە بەسەر وەستانی فڕۆکە تێك شکاوەکەدا تێ پەڕیوەو پلورەی ئاگر بواری کەس ناداو هێشتاش چوار ئافرەت لەبەشی پێشەوەی فڕۆکەکەدا مابون. کیژۆڵەکە بۆجای دوانزەمین حۆی کردەوە بەناو ئەودۆزەخو دوکەڵەدا، ئەم جارەیان دومنداڵی هاتا بەردەست کە یەکێکیان تەمەن چوار مانگ بو بەڵێ ئەم منداڵەی بەباوەشەوە بو کەبە خەڵوزی دوای ساردبونەوەی فڕۆکەکە دەریان هێنا.

لە ژینی ژمارە (٤١)ساڵی ١٩٧١/٩/٣٠ بڵاوکراوەتەوە

(د)

هەمو ساڵێك لە زستاندا بۆ ماوەیەك دامێنی تاڤگەکانی (نیاگارا) لە ئەمریکا ئەیبەستێت. جاری وا هەیە ئەستوراییی ئەو بەستنە ئەگاتە هەشتاپێ لەبەر ئەوە خەڵکی بەپێ لە ئەمریکاوە ئەپەڕنەوەبۆ کەنەدا وەیان پێ خلیسکی لەسەر ئەکەن، ساڵێکی بەرێکەوت ئەو پردە سەهۆڵینە بەر لەکاتی خۆی هەرەس ئەهێنێ. وە بۆ ئەوەئەچون کەهۆی روخاندنەکەی گەرداوی شەوی پێشو بوبێت کە بەردی گەورەی دابو بەسەرداو درزی تێکردبو. کاتێك کە ئەروخێت ژنو مێردێکی گەنجی لەسەر ئەبێت لەگەڵ پیاوێکدا

کەناوی هێل ئەبێتو دولاویش کە تەمەنیان لەدەوروبەری حەڤدەو هەژدە ساڵدا ئەبو ناویان روث و هیکوك ئەبێ لەگەڵ دو زەلامی تردا.

لەپڕ هیل هەست ئەکات بەلەرینەوەی سەهۆڵەکەی ژێرپێیو گرمو هوڕی ئاوەکە. بەوانەدا بو دەرئەکەوێت کە سەهۆڵەکە خەریکی روخانە.

لەبەر ئەوە خێرا بەرەولای کەنەدا کەنزیك بو لێوەی دەست ئەکات بەراکردنو هاوار لەوانی تریش ئەکات کە شوێنی کەون. لەرزینو ناڵە هەربەردەوام ئەبێتو سەهۆڵەکەش دەست ئەکات بەدرزدان لەژێر پێ یاندا. ژنو مێردەکەش یەکسەر بەشوێن زەلامەکاندا دەست ئەکەن بە راکردن. دوانیان بەسەلامەتی ئەگەنە رۆخی روبارەکە. بەڵام ژنەکە لەبەر ئەوەی ترس قەڵەمی دەستو ئەژنۆی شکاندبو بەرلەوەی بگاتە وشکایی بەپەنجا مەتر ئەکەوێت. مێردەکەی ویستی هەڵیسێنێتەوە بەڵام ئەوەندە شل بوبو بۆی راست نەئەکرایەوە. لەوکاتەدا مێردەکەی لەحەیبەتدا لەجێ ی خۆی واقی وردائەمێنێت چونکە ئەبینێ وردە وردە ئەو سەهۆڵەی کەوا لەسەرین لە قەراغی روبارەکە جیا ئەبێتەوەو بەدەم ئاوەکەوە ئەروات. ئەم جارەیان پەلی ژنەکەی ئەگرێتو بەسەر سەهۆڵەکەدا دەست ئەکات بەراکێشانیو هاواری یارمەتی ئەکات. لەوکاتەدا هیل خۆی خستبوە ناوسەهۆڵاوەکەوەو خەریکی رزگارکردنی روث بو کە ئەوی راکێشایە قەراغ روبارەکە هاواری لە هیکۆك کرد کە ئەویش باز بدات بەر لەوەی کار لەکار بترازێت بەڵام بازی نەدا چونکە گوێی لەهاواری مێردەکە بو. لەبەر ئەوە گەرایەوە بۆلایانو لەگەڵ مێردەکەی دا هەوڵی ئەوەی ئەدا کە ژنەکە بگەیەننە ئەو کەلێنەی کەکەوتبوە بەینی سەهۆڵەکەو روخی روبارەکەوە. دەنگو باسی روداوەکە بڵاوبوەوەو خەڵکی لەم بەرو لەوبەری روبارەکەوە بەپەرۆشو ترسەوە سەیری مێردێکی دڵسوزیان ئەکرد کە بەیارمەتی لاوێکی ئازای مەرد ئەیەوێت ژنەکەی رزگار بکات لەسەر پارچەیەك سەهۆڵی گەمارۆدراو بەشەپۆلی تۆقێنەری تورە. یەکەم جار پارچە سەهۆڵەکە روی کردەکەناری ئەمریکا بەڵام لەدوایدا گەرایەوە بەرەو کەنەداو کەبەژێر یەکەم پردی ئاسنەکەدا تێ پەڕینو

دیسان سەهۆڵەکە رویکردەوە بەری ئەمریکا خەڵکەکە هەمویان دڵیان خۆش بو بەڵام ئاوێك کە لە ئێستگەیەکی کارەباوە فیچقەی ئەکرد پاڵی پێوە نانەوە بۆ نیرینەی ئاوەکەو بەری کەنەدا لەوێدا سەهۆڵەکە بو بەدوکەرتەوەو لەکەرت بونەکەیدا گرمەیەکی بێ رەزای لێوەهات، لەو دو کەرتەدا یەکێکیان روی کردەوە بەری ئەمریکا وە ئەگەر لەسەر ئەم کەرتەیان بونایە ئەوە بەئاسانی ئەیان توانی بازبدەنە سەر وشکایی بەڵام لەچارە رەشیاندا لەسەر کەرتەکەی تری بون کەراست کەوتبوە نیرینەی ئاوەکەوە.

هەمو شتێك ئامادە کرابو بۆ فریاکەوتنی ئەوبەستەزمانانەو رزگار کردنیان لەمردن. پۆلیس‌و ئاگر کوژێنەوەکان‌و کرێکارانی شەمەندەفەر بەدرێژایی سێ سەد مەتری بەینی دو پردە ئاسنینەکان راوەستابون‌و ئامادەبون کە گوریسیان بۆ شۆڕبکەنەوە بۆ ئەوەی ژن‌و مێردەکە ئەوکوڕەئازایەی کەبەهاواریانەوە چوبو خۆیانی تێ بەستن‌و هەڵیان کێشن، زۆر کەس لەقەراغ روبارەکەوەئامادەبو کە خۆیان فڕێ بەنە ناو ئاوەکەوە هەر کە سەهۆڵەکە لە وشکایی نزیك بوەوە لەوانە (هیل)بو کە (روث)ی رزگار کرد جلەکانی هەمو تەڕ بو لە سەرمانا هەڵئەلەرزی یەکێك لە پۆلیسەکان پێ ی وت کە بچێت جلەکانی بگۆڕێت‌و ئیسراحەت بکات بەڵام نەڕۆیشت لەبەر ئەوەی هەر وەك وتبوی نەوەك پێویستیان بەیارمەتی ئەو ببێت. مێردەکە، ژنەکەی بەسنگیەوە نوساندبو هیکۆکی ئازاش زاتی ئەنایە بەر بەڵام گوڕی ئاوەکە پارچەسە هۆڵەکەی هەر لە نیرینەکەدا هێشابوەوە دور لەدەستی رزگار کەرەکان‌و وردە وردە پاڵی پێوە ئەنا بەرەو پردی دوهەم، لەوێدا دیسان سەهۆڵەکە بو بەدو کەرتی ترەوە بەوە کوڕە لە ژن‌و مێردەکە جیا بوەوە لە کاتێکا کە ئاوەکە پارچە سەهۆڵەکەی ئەوی داپەڕاند دەستی هەڵبڕی. بۆ ژن‌و مێردەکەو بەدەنگێکی بەرز خوا حافیزی لێ کردن! مێردەکە وەڵامی دایەوە بەڵام ژنەکە ئەوەندە شەکەت بوبو نەیتوانی دەستی بەرز کاتەوە یان بەبێ یارمەتی مێردەکەی خۆی بەسەر پێوە بگرێت لەپڕ ڕێ رەوی ئاوەکە گۆڕراو پاڵی نا بەو پارچە سەهۆڵەوە کەژن‌و مێردەکەی لە سەربو روەو بەری کەنەدا هەتاکو بەتەواوی لەوشکایی نزیك بوەوە وەوا ئەهاتە بەرچاو کە مێردەکە ماوەی بەینی خۆیی‌و وشکاییەکە بەچاوبپێوێت

هەندێك لە خەڵكەكە هاواریان لێ كرد كە بازبداتو ئەگەر بازی بدایە بێ گومان رزگاری ئەبو بەڵام لەبریتی بازدان گەرایەوە بۆلای ژنەكەیو سەرلەنوێ هەڵی سانەوە سەرپێو بەسنگیەوە نوسانو چارەنوسی بەستەوە بەچارەنوسیەوە. لەوێدا رێڕەوی روبارەكە تەسك بوە وە لەبەرئەوە تەوژمەكەی زۆرتر بو بۆیە (هیكۆك) بەهەمو توانایەكی یەوە ئەجەنگا كەخۆی بەسەر پارچە سەهۆڵەكەوە بگرێت، كە جارێكی تریش ئاوڕی لەژنو مێردەكە دایەوەو خواحافیزی لێكردن، بەوە ئەوەندەی تر دڵی خەڵكی گوێ روبارەكەی كرد بە ئاو، كەگەیشتە ژێر پردەكە هەوڵی دا كە خۆی بەوگوریسە دا هەڵواسی كە پۆلیسەكان بۆیان شۆڕ كردبوەوە، لە ئەنجامدا توانی بە دەستە تەزیوەكانی بیگریت، كە ئەوەی كرد ئەفسەری پۆلیسەكان دەنگی لە پۆلیسەكان كرد كە بە هەمو توانایەكیانەوە هەڵكێشن، هەمو لەخۆشیاندا هاواریان لێ بڵند بو كە دیان كوڕە چەند مەترێك لە ئاوەكە بەرزبوەوە، كوڕەكە هەوڵی ئەوەی ئەدا كە لە قاچیەوە ببەستێت بەڵام دەستی گوێ نەئەكرد لەبەر ئەوە هەمو قورساییەكەی كەوتبوە سەر دەستی كەبەتەواوی شل بوبون جاهەرچەندە پۆلیسەكان بەوپەڕی خێراییەوە هەڵیان كێشا بەڵام بەداخەوە بەرلەوەی بگاتە ئاستی پردەكە، دەستی بەربو سەهۆڵاوی بێ ئامان هەڵی لوشی، لە دواییدا ئەفسەری پۆلیسەكان خەفەتو پەژارە لە وتەكانی ئەتكاكەو وتی: ((من هەرگیز لە ژیانمدا رێكەوتی لاوی وا ئازاو مەردم نەكردوە)).

تەوژمی ئاوەكە پارچە سەهۆڵی ژنو مێردەكەشی گەیاندە ژێر هەمان پرد كە ئەبو ئەمانیش وەك ئەو خۆیان بەگوریسەكەدا هەڵواسن، دوای چەند تەقەلایەك كە مێردەكە گوریسەكەی گرت. لەباتی خۆی هێنای پێچایە ناو قەدی ژنەكەیو بە هەمو توانایەكیەوە هەوڵی ئەوەی ئەدا كە گرێ یەكی توندی لێ بدات تا رزگاركەرەكان بتوانن ژنە خۆشەویستەكەی، كە شەپۆلی ئاوەكە خەریك بو قوتی بدات، هەڵیكێشن بەڵام تەوژمی ئاوەكە ئەو قرتاندنەی كەلە هێندێك بەنی گوریسەكەدا روی دابو كاتێك كە كوڕەكەیان پێ هەڵكێشابو  بو بەهۆی پچڕاندنی، لەبەر ئەوە تەنیا دەروییەك كە مابو ئەوە بو كە

خۆیان بەگوریسەکەی کەوە هەڵواسن کەلە پردی دوهەمەوە بۆیان شۆڕکرابوە، دوای چەند هەوڵێکی تریش مێردە ئەو گوریسەی گرت، ئەم جارەشیان لە بریتی خۆی ئاڵانیە ژنەکەیەوە بەڵام لەبەر ئەوەی دەستی بە تەواوی تەزی بو نەیتوانی گرێ ی لێ بدات ناچار بۆ ماوەیەك هەر گوریسەکەی گرتبو دەستەوستان وەستابو، لەوێدا دیسان ئەگەر بیویستایە ئەیتوانی خۆی رزگار بکات ئەگەر لەباتی ژنەکەی خۆی بە گوریسەکەدا هەڵواسیایە، بەڵام خۆشەویستی ژنەکەی زۆر لەهی ژیانی زیاتر بو بۆیە گوریسەکەی بەردا، کە ئەوەی کرد هاواری ترسو پەرۆشی لە خەڵکەوە بەرز بوەوە، مێردەکە گوریسەکەی بەرەڵاکردو گەڕایەوە بۆلای ژنەکەیو نوسانیەوە بەسنگیەوەو ماچی ماڵئاوایی لێ کردو ئەوەندەی نەخایەند کە هەردوکیان وەك یەك لاشە چونە قورگی شەپۆلە تۆقێنەرەکانەوە، ئاوا پەردە لەسەر ئەو روداوە جەرگ بڕانە دادرایەوەو تا ماوەیەکی درێژ دانیشتوانی ئەو ناوچەیە بەداخو رێزەوە باسی پیرۆزی خۆشەویستی ئەو مێردە دڵسۆزەیان ئەکرد بۆ ژنەکەیو ئازایەتی بێ هەمتای گەنجێك کەلە هەرەتی لاویدا ژیانی خۆی بەخت کرد لە پێناوی رزگارکردنیاندا لە کاتێکدا کە ئەوە یەکەم جاری بو بیان بینێ.

لە ژینی ژمارە(٤٣) ١٩٧١/١٠/١٤ و ژمارە ٤٤ی ١٩٧١/١٠/٢١

## ٨– کوڕانی تەنگانە

**( أ )**

کوڕەپچکۆلەکەم بەهەڵە نەوتی خواردبوەوە. تەلەفونم کرد بۆ خەستەخانە کەبەپەلە ئوتومبیلێکمان بۆ بنێرن. بەڵام ئوتومبیلەکە نەختێك دواکەوت، لە حەیبەتی کوڕەکەم لەو دوا کەوتنە زۆر تورە بوەو بەتوندی سەر زەنشتی لێ خورەکەم کردو پێم وت ((میری بەم دەستو بەو دەست ساڵ دوانزەی مانگ باجمان لێ ئەسینیت، کەچی کە ئەشکەوینە تەنگانەیەکەوە یان ئیشێکمان تێ ی ئەکەوێت ئاوا دێن بە هاوارمانەوە، خەستەخانەکە هەموی بەرد هاویژێك لێمانەوە دور نیە کەچی ئەبێت سەعاتێك چاوەڕوان بکەین تا بەناخێریان ئوتومبیلێکمان بۆ ئەنێرن،)) بەڵام چەند شەرمەزار بوم کە لە وەڵامدا وتی ((دایکم لێم توڕە مەبە))، من هیچ پەیوەندیەکم بەخەستەخانەوە نیە، تۆ لە شپرزەییدا لە بریتی ژمارەی تەلەفونی خەستەخانە، ئەوەی ماڵی ئێمەت لێ دابو، ئیتر منیش بێ دواکەوتن هاتوم بە بە دەنگتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ماڵەکەمان نەختێك دورە لێتانەوەچی بکەم هەروا فریا کەوتم!)).

**( ب )**

دێی ((سافتنیك)) لە (یوگسلافیا) لەبەر ئەوەی کەوتۆتە ناوچەیەکی شاخاویەوە زۆربەی ساڵ بەهۆی بەفرو سەرماوسۆڵەوە ئەپچڕێ لە شارەکانەوە، لە شەوێکی زستانی ساردی سەختدا کەکەس لەبەر باو بەفرو کرێوە ئەم ماڵو ئەو ماڵی بۆ نەئەکرا، کچێکی ئەو دێیە توشی ریخۆڵە کوێرە ئەبێت، بەبێ تەل داوای فرۆکەیەکی هیلیکۆپتەری سوپایی ئەکەن بەڵام فرۆکەکەش لەبەر گەرداو لەنیوەی رێگا ئەگەڕێتەوە، ریخۆڵە کوێرەش وەك هەمو ئەیزانین دوای شەو رۆژێك نەخۆشەکە ئەکوژێت ئەگەر (عملیات) نەکرێتو نزیکترین خەستەخانەش پەنجا کیلۆمەتر لێیانەوە نزیك بو شەویش وەك وتمان ئەو شەوە توشەیە، ئیتر ئەبێت چار چی بێت؟. بەڵام وادیارە بەلای چل قوتابی یە

لاوەکانی ئەو دێ یەوە چارێك هەبو، ئەوەیش ئەوە بو کەبەدەستەبەرەو بەسەر شان هەر بەو شەوە کچەکەیان گەیاندە خەستەخانەکەو ژیانیان لەمردن رزگار کرد! ئەم بەسەرهاتە چەند هەفتەیەك لەمەوپێش روی داوە.

لە ژینی ژمارە ٣٣ سالّی ١٩٧١/٧/٢٩

**٩- قەرز کۆن ئەبێت بەلاّم نافەوتێت**

پیاوێکی کورتە بالاّی رێکو پێك لەشارێکی گەورەدا لە سالّی (١٩٢٠)دا کاسپیەکی تەواو سەرکەوتوی ئەبێت کاسپیەکەشی کرینو فرۆشتنی زەوی ئەبێ، سەرمایەکەشی بەو پارانە ئەبێ کە خەلّکی پاشەکەوتیان کردبوو دابویانی کەبۆیان بخاتە کارەوە هەمو خەلّك رێزیان لەو پیاوە ئەگرت لەبەر راستیو دروستی وە هەرچی خاوەن دەستکەوتە کەمەکان بو ئەوەی هەیان بو لایان دانابو ئەویش هەمو سالّێك قازانجێکی باشی ئەدانێ، لەرەوشتی تایبەتیشدا هەتا بلّێیت خواناسو لەگەلّ خەلّکی دا باش رەفتاری ئەکرد وەزۆر جار لە نامەدا پارەی ئەنارد بۆ خەلّکی بێ ئەوەی بیەلّێت ئەو کەسە بزانێ کەکێ بۆی ناردوە. لەپڕ لەسالّی (١٩٢٧)دا بەهۆی هەرزان بونی زەویو زارەوە کاسپی کابراکە هەرەس ئەهێنێو لەماوەی کەمتر لەهەفتەیەکدا نەك هەر ئیشەکەی لەکیس ئەچێ بەلّکو نزیکی حەوت صەد هەزار دۆلاریشی قەرزی لەسەرکەلّەکە ئەبێت ئەو قەرزانەش هی ئەو کەسانە بون کەوەك وتمان پارەیان لادانابو ژمارەیان نزیکی سی هەزار کەس ئەبون. پیاوەکە بەو کارەساتە بەتەواوی تێك ئەشکێو پیرێتی پیوەی دیاری ئەداو ئەوەی پێ ی بلّێن وزەو توانایەتیا نامێنێ هەر وەك ئەلّێن ئەبێ بەموقەبا، خاوەن پارەکان چونکە ئەیانزانی کەخەتای نەبوە لەو کارەساتادا هیچ سەرزەنشتێکیان نەکرد، بەلّکو هێندێکیشیان چون بۆلای و دلّخۆشیان دایەوە بەلاّم ئەوانە هیچی سەبوری نەدایە، چونکە هەرچەند سەیری ئەو خەلّکەی ئەکرد کەچون بروایان پێ کردبو

پارەکانیان دابویەوە ئەویش چون ئاوا لەناوی برد، هەرئەوە بو نەئەبو بەتنۆکی ئاو ئەگەر قایل بوایە بەوەی جاری نابوتی بدەن ئەوا لە هەموقەرزەکان رزگاری ئەبو، بەڵام ئەو زۆر بەتوندی بەربەرەکانی ئەوەی کردو داوای لەیەکێك لەبانقەکان کرد کەهەرچی سامانی هەیە هەموی پاڵاوتە بکاتو بیداتەوە بەخاوەن قەرزەکان بەوە نزیکی سەدهەزار دۆلاری دایەوە بیٚ ئەوەی فلسیٚ گل بداتەوە بۆ خۆی جا هەر چەندە ئەو پیاوە هیچی بەدەستەوە نەما بو بەڵام هێشتان هەر جێگای باوەڕ بو بۆیە یەکێك لەبانقەکان دەستمایەیەکی دایە بەقەرز تا کاسپی پێوە بکاتو خۆیوماڵیو منداڵی پیٚ بژێنیٚ، تەنیا کوڕێکی ئەبیٚ کە ئەوکاتە تەمەنی هەڤدەساڵی ئەبێت وە قوتابی ئەبیٚ بەڵام کەباوکی نابوت ئەبیٚ لەبەر دەست کورتیش واز لەخوێندن دێنێت، دوای کارەساتەکە کە بۆیەکەم جار باوکی ئەبینیٚ وەچۆن لەخەفەت و شەرمەزاریدا چوارپەلی شکاوە پیٚ ی ئەڵیٚ (بابە گیان خەفەت مەخۆ خوا یاربێت ئەگەر خۆشت نەتوانی من قەرزەکانت بۆ ئەدەمەوەلە ساڵی ١٩٤٠ دا باوکە مرد بەڵام هێشتان ١٢٥ هەزار دیناری لەسەر مابو) رۆژنامەی شارەکە بەو بۆنەیەوە لەسەری نوسیبو (پیاوێکی زۆر ئاین قایم بو وە توانیویشێتی ئەو ئاینەیی بگۆڕیٚ بەکرداری چاك، کۆمەڵەکەمان پیاوێکی لەکیس چوە کەهاوبەشیەکی تەواوی کرد لە چاك کردنی شارەکەمانداو یارمەتی خەڵکانی دەوروپشتی) جا لەگەڵ ئەو لاوانەوە جوانەشدا کوڕەکەی دڵنیابو کە باوکی بەتەنگ ئەو قەرزانەوە بوە کاتێك کە مردوە لەبەر ئەوە هەمیشە لەدڵی خۆیدا ئەیوت (خۆزگە ئەبوم بەخاوەنی ئەو پارەیە تا قەرزەکانی باوکم بدایەتەوە، لەبەهاری ساڵی ١٩٥٥دا رۆژێکی بەڕێوەبەری ئەو بانقە کەسامانی کابرای پاڵاوت نامەیەکی لە کوڕی کابراوە بۆ هات کەتیادا نوسیبو: لەوکاتەوە کە باوکم لەکاسپی یەکەیدا نوشوستی هێنا من ئاواتی هەرە گەورەم دانەوەی قەرزەکانیەتی وەڵام وابێت بەدانەوەی گیانی باوکم لەگۆڕەکەیدا بسرەوێتو ئەگەر گەردێکیش کەوتبێتە سەر ناوی بسرێتەوە وەلەبەر

ئەوەی من ئێستا پارەی ئەو قەرزانەم هەیە وا بۆتانی ئەنێرم هیوادارم کەبیدەنەوە بەخاوەنەکانی) لەگەڵ نامەکەشدا چەکێکی ناردبو بە (١٢٥) هەزار دینارە قەرزەکە، دوای ئەوەی بەرێوەبەری بانقەکە بەسەرسورمانەوە نەختێك ئەروانێتە چەکەکە تەلەفۆنەکەی هەڵئەگرێ‌و قسە لەگەڵ دایکەکەیدا ئەکات ئەو هەواڵەی پێ ڕادەگەیەنێت دایکە ئەیەوێت قسە بکات بەڵام گریان قورگی ئەگرێت،بەرێوەبەرەکەش لەولاوە بە دەستەسرەکەی فرمێسکەکانی چاوی ئەسرێ! لەدوایدا بەرێوەبەری بانقەکە پەیوەندی بە کورەکەوە ئەکاتو لەبارەی چۆنیەتی دابەشکردنی قەرزەکانەوە پرسیاری لێ ئەکات لە وەڵامدا ئەڵێ: تەنیا شتێك کە زۆر بەلامەوە گرنگە ئەوەیە کەناوی نەبرێ‌و زۆر بەبێ دەنگی پارەکان ببرێتەوەو بڵاوبکرێتەوە کە خێزانەکەی ئێمە قەرزەکانی ئەداتەوە. بەرێوەبەری بانقەکە بەبێ دەنگ دەستی کرد بە دانەوەی قەرزەکان هەرکە پێ ی زانرا رۆژنامەکان سوربون لەسەر ئەوەی کە بزانن کێ یە ئەوەی ئەو قەرزانە ئەداتەوە. لەبەر ئەوە ناچار ناوی کورەکەیان ئاشکرا کرد.کە خەڵکی ئەوەیان زانی زۆر ستایشیان کردو چون بۆلای دایکیو چاورونی و پیرۆزباییان لێ کرد یان لە رێگا ئەیان گرتو پیان رائەگەیاند کە ئەوکارەی کورەکەی کردویەتی چەند کارێکی مەردانەیە، ئەو کارە بەلای خەڵکی یەوە تەنیا بریتی نەبوە لە قەرزدانەوەیەکی ئاسایی بەڵکو هەتا بڵێیت بەلایانەوە کارێکی بەرزبو چونکە مەزنی ئەو خێزانەی دەرئەخست وە ئەوەی کە بەسەرهاتەکەی ئەبیست فرمێسك بەچاویدا ئەهاتە خوارەوە با کورەکەشی نەناسیایە یان خاوەن قەرزیش نەبوایە. خاوەن کارگەیەك نامەیەك بۆ کورەکە ئەنوسێت تیا ئەڵێت (سەرنەکەوتنە کەی باوکت سەرنەکەوتنێکی پاك بو، من باش لەبیرمە کە چون بۆ ئەوەی قەرزەکان بداتەوە تەنانەت ئوتومبیلەکەی ژێریشی فرۆشت. تۆ شایستەی ئەوەی کە کوری ئەو پیاوە چاکەبێ) یەکێکیش لەخاوەن قەرزەکان بۆی نوسی: لام وابێت حەز ئەکەیت بزانیت کە چۆن ئەوپارەیە خەرج ئەکەم کە بەهۆی پیاوەتی تۆوە

دەستم کەوتەوە؟ کچە گەورەکەم لەدانشگا ئەخوێنێت ئەو پارەیەی تۆ بێگومان وا ئەکات تا تەواوی ئەکا بەردەوام بیٚ لە خوێندندا. لەوانەیە ئەو کوڕە هەرگیزنەگەڕێتەوە بۆ شارەکەی بەڵام ئەوکارەی وای لە خەڵکی کرد کەوا هەست بکەن کە گەڕاوەتەوەو بە سەربەرزی لەناویاندا ئەژی.

لەژینی ژمارە ٩٨ ساڵی ١٩٧٣/٣/١١ بڵاوکراوەتەوە

## ١٠–دڵانی پڕ لە بەزەیی

مشکێك چەند ڕۆژێك بو هەراسی پێی هەڵگرتبوین. لە راونانێکدا کەوتە تەندورەکەمانەوە، کە گەرم نەبو.

بە ژنەکەمم وت ((دەنگ مەکە ڕزگارمان بو، با هەر لەوێدا بێت تا لە برسانا ئەمرێت)).


بۆ شەویٚ لە ناو جێگەکەمدا بیرم لەو مشکە بەدبەختە ئەکردەوەو کە چەند برسیەتی و چۆن بە ئەشکەنجەوە ئەمرێت، گینگلم ئەدا.

ئاخری خۆم بۆ نەگیراو لە نیوە شەودا هەڵسام.

ژنەکەم پێی وتم ((ئەوە بۆ کویٚ ئەچی؟)) لە وەڵامدا وتم: ئەچم نەختێك خواردن ئەدەم بەو مشکە بەسزمانە ((وتی: خۆت ماندو مەکە)) دڵم لەو قسەیە داخورپا چونکە وامزانی لە ناو چوە. کە بە پەرۆشەوە وتم: بۆ؟)) لە وەڵامدا وتی: ((چونکە من ساتێك پێش تۆ خواردنم داوەتیٚ!)).

# پارانەوە

نوسینی فەیلەسوفو شاعیری گەورەو نەمری هندستان تاگور.
گۆرینی لە گۆڤاری "خواندنیها"ی فارسی یەوە تەها بابان.


تاگور

خوای گەورە:.

نەمکەیت بە قەساب، بۆ ئەوەی مەڕ سەرنەبڕم، نەشمکەیت بە مەڕ قەساب سەرم ببڕێت.

یارمەتیم بدە کە بوێرم رو بە روی زۆردارو دەسەڵات دارەکان هەق بڵێم.

ناهەقیش نەڵێم بۆ ئەوەی بێ دەسەڵاتو بەسزمانەکان چەپڵەم بۆ لێ بدەنو هەمیشەش بتوانم ئەو دیوی وێنە ببینم.

نەهێڵیت هەرگیز وشەی ناپاکی "خیانەت" بخەمە پاڵ ئەوانەی کەبیرو رایان لەگەڵ مندانی یە ئەگەر دەوڵەمەندت کردم بەختیاریشم بدەرێ، ئەگەر هێزو توانات پێ دام فامم لێ مەسێنەرەوە. ئەگەر بێ فیزیشت پێ بەخشیم شانازیم بە کەرامەتەوە لێ وەرمەگرەرەوە.

فێرم که کەچۆن خۆم خۆش ئەویچت خەڵکیشم وا خۆش بوێ، رەخنە لەخۆم بگرم وەك چۆن لەوانی ئەگرم، تێم بگەیەنە کەلێ خۆش بون ئەوپەڕی تواناو پتەوی یەو حەزکردن بەتۆڵەسەندن یەکەم نیشانەی لاوازیو هیچ لەبارا نەبونە.

نەکەیت بایم بکەیت لەسەر کەوتندا، یان ورەم پێ بەربەیت لە ژێرکەوتندا. هەمیشە ئەوەم بخەرەوە یاد کە ژێرکەوتن پێ پلیکەی سەرکەوتنە. ئەگەر نەبوت کردم قەناعەتیشم لەگەڵیدا بەرێ.

ئەگەر لەسەرکەوتنت بێ بەش کردم هێزی کۆڵ نەدانو سور بونم تیا بەجێ بهێڵە تاسەر کەوم بەسەر ئەو ژێر کەوتنو تێك شکانەدا. ئەگەر تەندروستیشت نەدامێ لە سودی بڕواو ورەم بێ بەش مەکە.

ئەگەر دەربارەی خەڵکی خراپەم کرد ئازایەتی پاشگەز بونەوەو داوای لێ بوردنم پێ ببەخشە وە ئەگەر خەڵکیش خراپەیان بەرامبەر کردم دڵو دەرونی لێ بوردنم پێ رەوا ببینە.

دوا پاڕاندنەوەم، یەزدانی پاك، ئەوەیە کەلە بەزەییو لێ بوردنو دان بەخۆدا گرتنت بێ بەریمان نەکەیت، ئەی بزورگی بەسەر هەمو شتێکدا دەسەڵات دارو بە توانا.

---

رۆژنامەی ژین ژمارە (٢٧)ی ساڵی ١٩٧١ بڵاوکراوەتەوە.

**تا بەیەك گەیشتنەوەیەکی کە لە بەرگی دوهەم دا،**

**هەموولایەکتان بە خوا ئەسپێرم.**

## پێزانین

**ئەگەر ئەم خوشك و برایانە نەبوایە ئەم هەموو باس و خواسەم بۆ کۆنەئەکرایەوە: کاك صدیق صاڵح، قادر میرخان، ئاشتی عوسمان دانش، جوان لەتیف عارف، عەمید ئاری زاوام، کەیغانی کچم وە ئەوانەشی کە لە بیرم چون ڕێزم بۆیان هەیە و داوای لێ بوردن ئەکەم لێ یان.**

**تەها بابان**

پێڕست


| | |
|---|---|
| پێشکەشی | ٣ |
| ڕونکردنەوەیەك | ٥ |
| **بەشی یەکەم: جەنگاوەرانی گومناوی کورد** | ٧ |
| ١– کەریم بەگی خانزادە جوانیێ | ٨ |
| ٢– ئەحمەد ئاغا | ٣٣ |
| ٣– ئیبن عەبدەکە | ٤١ |
| **بەشی دوهەم: بیرەوەری** | ٥٥ |
| ١–بیرەوەریەکانتان مەبەنە گڵەوە | ٥٦ |
| ٢–منو وەرزش | ٦٦ |
| ٣–کۆمەڵی هونەرە جوانەکان | ٩٧ |
| ٤–منداڵینە، لە تاقیکردنەوەکانم سود وەرگرن | ١٢١ |

٥–خەبات ١٣٩

٦–**"تەکساسی" بێ ڕەوشت!** ١٤٢

٧–چۆن دارلئۆپەراکەی سلێمانی سەری تیا چو؟! ١٤٦

٨–کورد بە بە عسیکردن ١٤٨

**بەشی سێهەم: رەخنەی ئەدەبی** ١٦٩

"شێخ رەزای تاڵەبانی" شیعری کرد بە جنێو یان جنێوی کرد بەشیعر، کامیان؟ ١٧٩

**بەشی چوارهەم: چیرۆك** ١٧٩

١–چیرۆك نوس لە کوێ وە باسەکانی ئەهێنێ ١٨٠

٢– بەختیاری تاڵ! ١٨٧

٣– ناوبژی کردنەکەی دایکم ٢٠٣

٤– قارەمانی رزگارکەر ٢١١

٥– فریشتەیەکی قژ ئالۆزاو ٢٢٢

٦– لە ئەنجامدا شەیتان سەرکەوت ٢٣٣

| | |
|---|---|
| ٧- کوتێك گۆشت | ٢٣٩ |
| **بەشی پێنجەم: زمانزانی** | ٢٦٥ |
| وشەی داگیرکەر! | |
| **بەشی شەشەم: دو تابلۆی پڕ شکۆی ژنانە** | ٢٩٣ |
| **بەشی حەوتەم: رامیاری** | ٢٩٩ |
| دو ئەفسانە. دەربارەی فەرماندارو دەستو پێوەند | ٣٠٠ |
| رەوێنەوەی چاوبەست | ٣٠٦ |
| **بەشی هەشتەم: بۆ مرۆڤایەتی ژیان** | ٣١٥ |
| ١- د. ماکنون | ٣١٦ |
| ٢- خوشکە دۆڵشی | ٣٢٠ |
| ٣- غاندی | ٣٢٧ |
| ٤- ئەبراهام لینکن | ٣٣٤ |
| ٥- داك هامرشۆڵد | ٣٣٩ |

٦– کەریمی عەلەکە ٣٤٣

**بەشی نۆهەم: دەرمانسازی لە کوردەواریدا** ٣٥٧

**بەشی دەهەم: کەسایەتی محمود پاشای بابان وەك لە یاداشتەکانی میستەر (ریچ) دا هاتوە** ٣٩٥

أ– کورتەی ژیانی میستەر ریچ ٣٩٧

ب– "پێشەکی بلاوکەرەوە" ٤١٦

ج– وتەی وەرگێر ٤١٩

د–"مەحمود پاشای بابان" ٤٢٧

ه– ڕاو بۆچونەکانی من ٤٤٦

**بەشی یانزەهەم: لەیلا قاسم سەر لە نوێ لە دایك ئەبێتەوە** ٤٥٣

**بەشی دوانزەهەم کۆمەلایەتی** ٤٦٣

١–هەرەوەزی ٤٦٤

٢–بەلێن ٤٦٧

٣–باوکایەتی ٤٦٨

٤–وەفاداری ٤٦٨

٥–خێزان بۆ منداڵانی بێ دەرەتان ٤٦٩

٦–بەتەنگ یەکترەوە هاتن ٤٨٤

٧–خۆبەخت کردن لە پێناوی نەناسیاواندا ٤٩٠

٨– کوڕانی تەنگانە ٤٩٨

٩– قەرز کۆن ئەبێت بەڵام نافەوتێت ٤٩٩

١٠– دڵانی پڕ لە بەزەیی ٥٠٢

پارانەوە ٥٠٣